# ئازادیی ڕادەربڕین
# لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا
(١٩٩٣ – ٢٠٠٧)

# ئازادیی رادەربڕین

# لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا

## ( ١٩٩٣ — ٢٠٠٧ )

**(توێژینەوەیەکە، لەبارەی رۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا)**

**هێرش رەسوڵ**

**٢٠٠٩**

**لە کتێبە چاپکراوەکانی رۆژنامەی ( چاودێر ) ە. ژمارە ( ٧ )..**

✍ **ناوی کتێب:** ئازادیی رادەربڕین لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٩٩٣ – ٢٠٠٧)

✍ بابەت: توێژینەوەی میدیایی

✍ **نوسەر:** هێرش رەسوڵ

✍ **پیتچنین:** تاژان + نووسەر

✍ **دیزاین:** تەها حەمەنوری

✍ **دیزاینی بەرگ:** سۆران عەبدوڵڵا نەقشبەندی

✍ **تیراژ:** (١٠٠٠) دانە

✍ **سەرپەرشتی چاپ:** سەردەشت حەمەصالح

✍ **ژمارەی سپاردن: (١٧٥٨) ی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی رۆشنبیریی دراوەتێ.**

**"ئەگەر هەموو مرۆڤەکان یەك رایان هەبێت، تەنها کەسێك رایەکی جیاوازی هەبێت، بێدەنگکردنی ئەو کەسە جیاوازیی نیە لەوەی ئەو کەسە هەموو مرۆڤایەتی بێدەنگ بکات، ئەگەر هاتوو هێزی بۆ رەخسا"**

**جۆن ستیوارت میلؒ: دەربارەی ئازادی**

## ئەم توێژینەوەیە:

- بــەو رۆژنامەنووســانەی، وەکــو قوربانیــانی ئــازادیی رادەربــڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، ناویان لەم توێژینەوەیەدا هاتوە.
- بــەو دوو بوونــەوەرە میهرەبــانو دڵــسۆزەی بە پێگەیاندنمــەوە زۆر ماندووبوونو بەسەرکەوتنیشم هەمیشە دڵخۆشن.. دایكو باوکم.
- بەنیوەکەی ترمو هاوکارو هاندەری بەردەوامم.. هاوسەری خۆشەویستم (تاژان).

**پێشکەشە**

**هێرش**

- پێشەکی ........ ١٥

**بەشی یەکەم**: چوارچێوەی میتۆدی ( مەنهەجی )ی توێژینەوەکە

١. ١: ناونیشانی توێژینەوەکە ........ ٢١
١. ٢: هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە ........ ٢١
١. ٣: کێشەو گریمانەکانی توێژینەوەکە ........ ٢٢
١. ٤: بایەخی توێژینەوەکە ........ ٢٦
١. ٥: ئامانجی توێژینەوەکە ........ ٢٧
١. ٦: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە ........ ٢٨
١. ٧: رێگەو کەرەستەکانی توێژینەوەکە ........ ٣٠
١. ٨: بوارو سنورەکانی توێژینەوەکە ........ ٣٣
١. ٩: کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە ........ ٣٥
١. ١٠: توێژینەوەکانی پێشوو ........ ٣٦
١. ١١: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو ........ ٥٢
١. ١٢: کۆسپەکانی توێژینەوەکە ........ ٥٣
١. ١٣: دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان ........ ٥٣

**بەشی دووەم**: ئازادیی رادەربڕین

باسی یەکەم : چەمکی ئازادیی رادەربڕین ........ ٥٩
٢. ١. ١: دەسپێك ........ ٥٩
٢. ١. ٢: پێناسەی ئازادیی رادەربڕین ........ ٦٨
٢. ١. ٣: رەگەزەکانی ئازادیی رادەربڕین ........ ٧٥
٢. ١. ٤: ئەرکەکانی ئازادیی رادەربڕین ........ ٧٧
٢. ١. ٥: کۆتایی ........ ٧٨
باسی دوەم: ریشەی مێژوویی ئازادیی رادەربڕین ........ ٧٩
٢. ٢. ١: دەسپێك ........ ٧٩
٢. ٢. ٢: لەچاخە دێرینەکاندا ........ ٨٠
٢. ٢. ٣: لەچاخە ناوەندییەکاندا ........ ٨٢
٢. ٢. ٤: لەچاخی نوێدا ........ ٨٨
٢. ٢. ٥: کۆتایی ........ ٩٥

باسی سێیەم: ئازادیی رادەربڕین لەسیستمە سیاسییە جیاوازەکاندا ..................... ٩٦
٢. ٣. ١: دەسپێك ..................... ٩٦
٢. ٣. ٢: سیستم و سیستمی سیاسی ..................... ٩٧
٢. ٣. ٣: سیستمی یاسایی ..................... ٩٨
٢. ٣. ٤: سیستمی دیموکراسی ..................... ٩٨
٢. ٣. ٥: ئازادیی رادەربڕین لەسیستمی یاسایی و دیموکراسییدا ..................... ٩٩
٢. ٣. ٦: سیستمی دیکتاتۆری ..................... ١٠٤
٢. ٣. ٧: سیستمی تۆتالیتاری ..................... ١٠٥
٢. ٣. ٨: ئازادیی رادەربڕین لەسیستمی دیکتاتۆری و تۆتالیتارییدا ..................... ١٠٦
٢. ٣. ٩: کۆتایی ..................... ١٠٧

## بەشی سێیەم:

### فاکتەرە کاریگەرەکانی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٩٩٣ - ٢٠٠٧)

باسی یەکەم: فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان ..................... ١١١
٣. ١. ١: دەسپێك ..................... ١١١
٣. ١. ٢: فاکتەرە سیاسییەکان ..................... ١١١
٣. ١. ٣: فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان ..................... ١٢٦
٣. ١. ٤: فاکتەرە ئابورییەکان ..................... ١٢٧
٣. ١. ٥: کۆتایی ..................... ١٢٩
باسی دووەم: فاکتەرە یاساییەکان ..................... ١٣١
٣. ٢. ١: دەسپێك ..................... ١٣١
٣. ٢. ٢: شیکردنەوەی ئەو بەندو بڕگە یاساییانەی کاریگەرییان لەسەر ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە ..................... ١٣٣
٣. ٢. ٢. ١: یاساکانی چاپەمەنیی عوسمانی ..................... ١٣٣
٣. ٢. ٢. ٢: یاسای چاپەمەنیی عیراقی ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ ..................... ١٣٤
٣. ٢. ٢. ٣: یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ ..................... ١٣٥
٣. ٢. ٢. ٤: رێکخستنی یاسایی دەرچواندن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە ..................... ١٣٩
٣. ٢. ٢. ٥: یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ..................... ١٤٠
٣. ٢. ٢. ٦: پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان ..................... ١٤٢
٣. ٢. ٢. ٧: پرۆژە یاسای راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان ..................... ١٤٤
٣. ٢. ٢. ٨: یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لەهەرێمی کوردستان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ ... ١٤٦
٣. ٢. ٣: سەروەریی یاسا لەهەرێمی کوردستاندا ..................... ١٥١
٣. ٢. ٤: ئازادیی رادەربڕین لەدەستورەکاندا ..................... ١٥٢

٣. ٢. ٤. ١: ئازادیی رادەربڕین لەدەستوری عیراق بۆ ساڵی ١٩٧٠دا ........ ١٥٣
٣. ٢. ٤. ٢: ئازادیی رادەربڕین لەدەستوری هەمیشەیی عیراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥و رەشنووسی
دەستوری هەرێمی کوردستاندا ........ ١٥٤
٣. ٢. ٥: کۆتایی ........ ١٥٥
باسی سێیەم: فاکتەرەکانی ئێتیکی پیشە ........ ١٥٧
٣. ٣. ١: دەسپێك ........ ١٥٧
٣. ٣. ٢: ئێتیك و رێسای ئێتیکی ........ ١٥٨
٣. ٣. ٣: جیاوازیی نێوان رێسای ئێتیکی و رێسای یاسایی ........ ١٥٩
٣. ٣. ٤: ئێتیکی پیشە ........ ١٦١
٣. ٣. ٥: ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسی ........ ١٦٣
٣. ٣. ٥. ١: مێژووی ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسی ........ ١٦٥
٣. ٣. ٥. ٢: پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسی ........ ١٦٦
٣. ٣. ٥. ٣: ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسی و ئازادیی رادەربڕین ........ ١٦٦
٣. ٣. ٦: پرۆفێشناڵی لەکاری رۆژنامەنووسییدا ........ ١٦٩
٣. ٣. ٧: پەیماننامەی شەرەفی پیشەی رۆژنامەنووسی ........ ١٧٤
٣. ٣. ٧. ١: پرەنسیپە سەرەکییەکانی پەیماننامەکانی شەرەفی رۆژنامەنووسی ........ ١٧٦
٣. ٣. ٧. ٢: ئازادیی رادەربڕین لە پەیماننامەکانی شەرەفی رۆژنامەنووسییدا ........ ١٧٧
٣. ٣. ٨: ئەنجومەنی رۆژنامەنووسی ........ ١٧٨
٣. ٣. ٩: رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان و پەیماننامەی شەرەف ........ ١٧٩
٣. ٣. ٩. ١: (بڕوانامەی (شەرەفی کاری رۆژنامەوانیی "گۆڤاری لڤین") ........ ١٨٢
٣. ٣. ٩. ٢: پرۆژەی (ئازادیی رادەربڕین و بەرپرسیارێتیی لەنووسینی کوردیدا) ........ ١٨٣
٣. ٣. ٩. ٣: (بەیاننامەی کاری رۆژنامەنووسی) ........ ١٨٣
٣. ٣. ٩. ٤: پرۆژەی (پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسانی کوردستان) ........ ١٨٤
٣. ٣. ٩. ٥: بوونی پەیماننامەی شەرەف و رۆڵی لەچەسپاندنی ئێتیك لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا ........ ١٨٤
٣. ٣. ١٠: هۆکارەکانی رەچاونەکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیك لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا ........ ١٨٥
٣. ٣. ١١: کۆتایی ........ ١٨٧


## بەشی چوارەم (مەیدانی):

ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا


باسی یەکەم: هەنگاوەکانی ئامادەکردنی فۆرمی راپرسیی توێژینەوەکە ........ ١٩١
باسی دووەم: خستنەڕووی ئەنجامی زانیاریی بەشداربوان ........ ٢١٣
- ئەنجام و راسپاردە ........ ٢٢٩
- لیستی سەرچاوەکان ........ ٢٣٣

- پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی ........ ٣٧٩
- پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی ........ ٣٨٣
- پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی فارسی ........ ٣٨٧

## پێڕستی خشتەکان

١- ناوو ماوەی دەرچوون و خاوەن و شوێنی دەرچوونی رۆژنامەکان و ژمارەی ئەو فۆرمانەی پێیاندراوە ... ٣٢
٢- ناوی پسپۆڕو پلەی زانستی و شوێنی کاریان ........ ١٩٢
٣- نمرەی تاقیکردنەوەی یەکەم و دوەم و زنجیرەی ریزبەندی بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی یەکەم و دوەم و جیاوازی س١ و جیاوازی س٢ ........ ١٩٤
٤- ناوەڕاستی ژمێرەیی شیاو و ئاستی برگەکان ........ ١٩٦
٥- رێژەی سەدیی هەڵبژاردنەکانی برگەکان ........ ٢٠٩
٦- دابەشبوونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی رەگەز ........ ٢١٤
٧- دابەشبوونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی تەمەن ........ ٢١٥
٨- دابەشبوونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی ئاستی خوێندەواری ........ ٢١٧
٩- دابەشبوونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی ناونیشانی رۆژنامەنووسی ........ ٢١٩
١٠- دابەشبوونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی پسپۆڕی ........ ٢٢٠
١١- دابەشبونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی ماوەی کارکردن لەرۆژنامەدا ........ ٢٢٢
١٢- دابەشبونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی خۆتەرخانکردنی رۆژنامەنووس بۆ کاری رۆژنامەنووسی ........ ٢٢٣
١٣- دابەشبونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی ئەندامبوون و ئەندامنەبوونی لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ........ ٢٢٥
١٤- دابەشبونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی پلەی ئەندامێتی لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ........ ٢٢٦
١٥- دابەشبونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی ئینتمای حزبی ........ ٢٢٧

## پێڕستی پاشکۆکان

١- فۆرمێکی سەرەتایی زانیاریی کۆکردنەوە (إستطلاعي) ........ ٢٦٣
٢- فۆرمی را پرسیی توێژینەوەکە ........ ٢٦٥
٣- چەند نمونەیەك لە پێشێلکاریی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا، بەکاریگەریی فاکتەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری ........ ٢٧٣

٤- چەند نمونەیەك لە پێشێلكاریی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی كوردی لەهەرێمی
كوردستاندا، بەكاریگەریی فاكتەری یاسایی ........................................................ ٢٨٨
٥- چەند نمونەیەك لەرەچاونەكردنی پرەنسیپەكانی ئێتیكی پیشە، لەرۆژنامەنووسیی كوردیدا ... ٢٩٦
٦- یاسای چاپەمەنیی عیراق، ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ ................................................ ٣٠١
٧- یاسای چاپەمەنیی هەرێمی كوردستانی عیراق، ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ ........................... ٣١٦
٨- پرۆژە یاسای كاری رۆژنامەنووسی لەكوردستان- رەشنووسی هەمواركراو ........................ ٣٢١
٩- یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لەهەرێمی كوردستان- عیراقدا، ژمارە ٣ی
ساڵی ٢٠٠٦ ................................................................................... ٣٣٢
١٠- یاسای رۆژنامەگەری لەكوردستان، یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ .............................. ٣٤١
١١- پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان ........................... ٣٥٠
١٢- بەیاننامەی كاری رۆژنامەنووسی ....................................................... ٣٥٢
١٣- پرۆژەی پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسانی كوردستان .................................... ٣٥٣
١٤- لاپەڕەی یەكەمی رۆژنامە رۆژانە و هەفتانەكانی هەرێمی كوردستان ............................ ٣٥٥

## پێڕستی شێوەكان

١- دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاكان بۆ رەگەزی بەشداربوانی راپرسیەكە ..................... ٢١٤
٢- دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاكان بۆ تەمەنی بەشداربوانی راپرسیەكە .................. ٢١٦
٣- دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاكان بۆ ئاستی خوێندەواریی بەشداربوانی راپرسیەكە...... ٢١٧
٤- دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاكان بۆ ناونیشانی رۆژنامەنووسیی بەشداربوانی راپرسیەكە . ٢١٩
٥- دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاكان بۆ پسپۆریی بەشداربوانی راپرسیەكە ................. ٢٢١
٦- دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاكان بۆ ماوەی كاركردنی بەشداربوانی راپرسیەكە ......... ٢٢٢
٧- دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاكان بۆ خۆتەرخانكردن بۆ كاری رۆژنامەنووسیی
بەشداربوانی راپرسیەكە ........................................................................ ٢٢٤
٨- دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاكان بۆ ئەندامبونی بەشداربوانی راپرسیەكە
لەسەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان ...................................................... ٢٢٥
٩- دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاكان بۆ پلەی ئەندامێتیی بەشداربوانی راپرسیەكە
لەسەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان ...................................................... ٢٢٦
١٠- دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاكان بۆ ئینتیمای حزبیی بەشداربوانی راپرسیەكە ........ ٢٢٧

# پێشەکی

دابەشـکردنی جیـاواز بـۆ ئازادییـەکان هەیـە، بـەڵام سـادەترینیان ئەوەیـە ئازادییەکان دابەشدەکاتە سەر: ئازادییە کەسی (شەخسی)و ئازادییە گشتییەکان. ئازادییە کەسیەکان بریتین لە: ئازادیی نیشتەجێبوون، باوەڕ، ئاسایش‌و سەلامەتی جەستەیی‌و زەینی، مانەوە، گواستنەوە، گەیاندن. ئازادییە گشتییەکانیش وەکو: ئازادیی رادەربڕین، توێژینەوەی زانستی، رۆژنامەنووسـی، کۆبوونـەوە، پێکهێنـانی حزب‌و سەندیکاو کۆمەڵەکان.

لەسـەرەتادا، گفتوگۆیـەکی زۆر لـەنێوان رۆژنامـەنووس‌و رۆشـنبیراندا لەسەرتاسـەری دنیـادا لەسـەر دەستنیـشانکردنی جـۆری ئـازادیی رادەربـڕین‌و رۆژنامەنووسی کـراوە، بـەڵام بەدەرچـوونی جاڕنامـەی جیهـانیی مافـەکانی مـرۆڤ‌و تایبـەتکردنی مـادەی ١٩ی جاڕنامەکـە بـۆ مـافی ئـازادیی رادەربـڕین، پاشـان جەختکردنەوەی پەیماننامـەی نێودەڵـەتیی مافـە مـەدەنی‌و سیاسـییەکان لەسـەر دیاریکردنی ئەم مافە بەمافێکی مەدەنی‌و سیاسی، گفتوگۆکە یەکلاکراوەتەوە.

لەوەتەی لەدۆکیۆمێنتـە یاساییەکانیـشدا بـاس لەئازادییـە گـشتیەکان‌و مافـە سروشـتیەکان دەکرێـت، بەهەمانـشێوە بـاس لـەئازادیی رادەربـڕینیش دەکرێـت، سـەرەتا لـەهزری لایـەنگرانی یاسـاو مافـە سروشـتیەکاندا قـسە لەسـەر ئـازادیی رادەربـڕین کـراوە، بـەڵام پـاش بـەدۆکیۆمێنتکردنی مافـە سروشـتیەکان لـەدوای شۆڕشەکانی فەرەنساو ئەمەریکا بەشێوەیەکی رون هاتە ناو یاساکانەوە.

ئـازادیی رادەربـڕین، بەیـەکێك لەپرەنـسیپە گرنگـەکانی دیموکراسـی دەژمێردرێت‌و لەروە هەرە دیارەکانێتی، بۆیە لەپەیماننامە نێودەوڵەتی‌و دەستورو دەقە یاساییەکاندا بەروونی دانی پێدانراوەو جەختی لەسەرکراوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی سنوری ئـازادیی رادەربـڕین لەرۆژنامەنووسییدا، چونکە رۆژنامەنووسی بوارێکی گرنگو هەستیاری کۆمەڵگەیەو پەیوەنـــدیی راســـتەوخۆی بـــەهاووڵاتیان لەلایـــەكو سیـــستمی بـــەڕێوەبردن لەلایەکیترەوە هەیە، وەکچۆن لەوڵاتێك، کە خاوەنی سیستمێك بێت دەسەڵاتەکانی لێکجیـاکراوەو ســـەربەخۆبنو یاســـاکانی شـــیاوبنو لەگـــەڵ گیـــانی ســـەردەمو گۆڕانکارییەکانو بەرژەوەندییە گشتییەکاندا بگـونجێن، رۆژنامەنووسـی دەتوانێـت ببێتــە (دەســەڵاتی چـوارەم)، ئەوکاتــەیش شــتێك بــەناوی ئـازادیی رادەربـڕینی رۆژنامەنووس لەئارادا دەبێت.

هەڵبـژاردنی بابــەتی (ئـازادیی رادەربـڕین لەرۆژنامەنووسـیی کوردیـدا) لــەو سۆنگەیەوە دێت، بوارەکە لەناو کورددا وەکو مێژوو سەدەیەك زیاتری تێپەڕاندوە، بەڵام وەکو خەمڵینی تەواوەتیو بینینی ئەرکەکان وەکو خـۆی، هێـشتا ماویـەتی، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی کاریگەریی داگیرکراویی کوردستانو ژێردەستەیی کـوردو راپــەڕینی خــەڵکی باشـوری کوردسـتانو دروسـتبوونی ئـەو پـەراوێزەی ئـازادیو هاتنەکایـــەی ژمارەیـــەکی زۆری کـــەناڵی راگەیانـــدن بەئاراســـتەی جیـــاوازیی کارکردنەوە، سیستمی میدیایی لەهەرێمی کوردستاندا بەگشتی بوەتـە تێکەڵەیـەك لـەنێوان تیـۆری دەسـەڵات، ئـازاد (لیـبراڵ)، بەرپرسـیارێتیی کۆمەڵایـەتی، واتـە دۆخێکی جێگیری نیەو لـەقۆناغێکی گواسـتنەوەدایە، ئەمـەیش وایکـردوە توێـژەر لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا لەو بابەتە بکۆڵێتەوە.

توێژینەوەکـە لەچـوار بـەش پێکهـاتوە، بەپـشتبەستن بـەمیتۆدی وەسـفیو مێژوویی بۆ گەیشتن بەئامانجی بنچینەیی کە لەدەستنیشانکردنی سنوری ئـازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا کورتدەبێتەوە، ئەمەیش پاش شـیکردنەوەی رەوشـی ئـازادیی رادەربـڕین لـەقۆناغی دوای راپـەڕینی رۆژنامەنووسـیی کـوردیی هـــەرێمی کوردســـتان، لـــەژێر کاریگـــەریی فاکتـــەرە سیاســـیو کۆمەڵایـــەتیو ئابورییەکانو لەسایەی دەسـتورو یاسـا بـەرکارەکان (القـوانـین النافـذة)و ئێتیکـی کاری رۆژنامەنووسی لەلایەكو، خوێندنەوەی برگەکانی فۆرمی راپرسییەکە لەلایەن

پسپۆڕانو هەڵسەنگاندنیانو پڕکردنەوەی لەلایەن ستافی نووسینی ناو رۆژنامە رۆژانەو هەفتانەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەکی دیکەوە، دێت.

توێژەر، لەهەر دوو رووی تیۆریو پراکتیکیشەوە، دوای خستنەڕووی مانای چەمکی ئازادیی رادەربڕینو قۆناغەکانی گەشەکردنیو شوێنو پێگەی لەسیستمە سیاسییە جیاوازەکانداو شیکردنەوەی هۆکارە کاریگەرەکانو لێکدانەوەی ئەنجامی بڕگەکان، بەئەنجامی گرنگ گەیشتوەو کۆمەڵێك راسپاردەیشی بەئامانجی فراوانکردنی پانتایی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیو رەچاوکردنی لایەنو چەمکە پێویستەکان لەو ئازادییەدا، پێشکەشکردوە.

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە(چوارچێوەی میتۆدی (مەنهەجی)ی توێژینەوەکە)، لەسیانزە تەوەر پێکدێتو بەوردی لە: ناونیشانی توێژینەوەکە، هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە، کێشەو گریمانەکانی توێژینەوەکە، بایەخی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە، رێگەو کەرەستەکانی توێژینەوەکە، بوارو سنورەکانی توێژینەوەکە، کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە، توێژینەوەکانی پێشوو، تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو، کۆسپەکانی توێژینەوەکە، دیاریکردنی چەمكو زاراوەکان، دواوە.

بەشی دوەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە(گەشەکردنی چەمکی ئازادیی رادەربڕین)، لەسیٚ باسدا روناکی خراوەتەسەر (چەمکی ئازادیی رادەربڕین) وەکو: پێناسە، رەگەزەکانی ئازادیی رادەربڕین، ئەرکەکانی ئەو ئازادییە. پاشان توێژەر گەڕاوەتەوە بۆ (ریشەی مێژوویی ئازادیی رادەربڕین) لەچاخەکانی (دێرین، ناوەند، نویٚ). دوای ئەمەیش باسی لە(ئازادیی رادەربڕین لەسیستمە سیاسییە جیاوازەکاندا) کردوەو، وەکو دوو رێبازو فەلسەفەو ستراتیژی جیاوازو پێچەوانەی یەکتر لە(سیستمی یاساییو دیموکراسیو، سیستمی دیکتاتۆریو تۆتالیتاری) دواوە.

بەشی سێیەم تایبەتە بە "فاکتەرە کاریگەرەکانی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٩٩٣–٢٠٠٧)"، لەسیٚ باس پێکدێت:

**باسی یەکەم:** فاکتەرە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابورییەکان.

**باسی دووەم:** فاکتەرە یاساییەکان.

**باسی سێیەم:** فاکتەرەکانی ئێتیکی پیشە.

لەهەریەکێك لەباسەکانیشدا تیشکخراوەتە سەر رەوشی ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس لەو ماوە زەمەنییە دیاریکراوەدا لەهەرێمی کوردستانو هەوڵیشدراوە سەبارەت بەهەریەك لەکاریگەرییەکان دۆکیۆمێنتو نمونەی پێویست بهێنرێنەوە.

بەشی چوارەمیش لایەنی (مەیدانی) لەخۆدەگرێتو تایبەتە بە(سنوری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا لەگۆشەنیگای رۆژنامەنووسانەوە)، تیایدا وێڕای خستنەرووی ئەنجامی هەریەك لەبڕگەکانو شیکردنەوەیان، زانیاریی گشتیی لەبارەی رۆژنامەنووسە بەشداربوەکانەوە پێشاندراوەو لێکدانەوەشیان بۆ کراوە.

**هێرش رەسوڵ**

***herish82@yahoo.com***

## بەشی یەکەم:

## چوارچێوەی میتۆدی ( مەنهەجی )ی توێژینەوەکە

## ١. ١: ناونيشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٩٩٣ – ٢٠٠٧) – توێژینەوەیەکە لەبارەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا)، مەبەستی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە قسەکردنە لەسەر چەمك و گەشەکردنی مێژوویی ئازادیی ڕادەربڕین لەلایەك و لەڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەپێی نمونەو بابەتو ماوەی دیاریکراو، لەلایەکی دیکەوە.

## ١. ٢: هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

توێژەر، ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی چەمکی ئازادیی ڕادەربڕینو گرنگی بۆ کایەی ڕۆژنامەنوسی بەگشتیو بۆ ژیانی کۆمەڵگەی کوردیی هەرێمی کوردستانو ڕۆژنامەنووسانی ئەو هەرێمەو بوارە ڕۆژنامەنووسییەکەیان، بەپێویستییەکی گرنگی قۆناغەکە زانیو هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بوو، بەتایبەت بۆ قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ئەو کایەیە، کە وەك زۆربەی کایەکانی دیکەی واقیعی کوردی لەو بەشە ئازادکراوەوەو لەنێو دەسەڵاتی کوردی، توێژەر پێیوایە، خوێندنەوەی زانستیانە ئەرکێکی هەنوکەیی ئەکادیمیو پسپۆڕانە، ئەمەیش دواجار کەڵکی فرە بەکایەکە خۆی دەگەیەنێتو لەپێناو بەئەکادیمیکردندا، هەوڵێکی دیکە دەبێت لەتەك هەوڵەکانی تردا.

لەو نێوانەیشدا گرنگی بەندو بڕگە یاساییەکانو لایەنی ئێتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسیو گۆشەنیگاو تێڕوانینی ڕۆژنامەنووسان لەبارەیانەوە، هۆکاربوون تاکو هەوڵ بدرێت لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە، سنوری ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسی کوردیدا، دەستنیشان بکرێت.

## ١. ٣: کێشەو گریمانەکانی توێژینەوەکە:

یەکـــەمین هـــەنگاوی ئەنجامـــدانی هـــەر توێژینەوەیـــەکی زانـــستی بریتیـــە لەدیاریکردنی گریمانەو کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە، بۆیە پێویستدەکات لەسەر توێژەر بەر لەهـەر شـتێك خوێندنەوەیـەکی وردی بـۆ ئـەم لایەنـە هـەبێت، چـونکە هەستکردنی توێژەر بەبوونی بابەتی شیاو بـۆ توێژینـەوە، یـان پـەیبردن بـەبوونی کێـشەیەك کـە پێویـستی بەچارەسـەرکردن هـەبێت، سـەرەتایەکی لۆژیکییـە بـۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی وردی زانستی[(١)].

هەڵبژاردنو دیاریکردنی کێشەو پرسیارو گریمانەکانی توێژینەوە، پرۆسەیەکی هەروا سانانیە، بەڵکو بەچەند هەنگاوێکی دیکەوە پەیوەسـتە کـە لـەدوای ئـەوەوە دێنو دواجار بەهەموویان کارەکە تەواودەکەن.

ئەمـــەیش وادەکـــات، توێـــژەر لەدەستنیـــشانکردنی کێـــشەی توێژینەوەکەیـــدا رەچـاوی بنـــەما زانـستیەکان بکـات، کێـشەیەکی دیـاریکراو و گـرنگو پێویـست هەڵبژێرێت، شایانی ئەوە بێت لایەنە جۆراوجۆرەکانی شیبکرێنەوە.

لـەو سـۆنگەیەوە، توێـژەری ئـەم توێژینەوەیـە پرسـی ئـازادیی رادەربـڕینی لەرۆژنامەنووسیی کوردیـدا کـردە کێـشەی توێژینەوەکـەی، تـاکو لـەمیانی بـەشو باسو رێوشوێنی مەیدانیی پێویست، بگاتە وەڵامی زانستیو چارەسەری شیاو.

کێشەی توێژینەوەی زانستی پەیوەنـدداره بەکۆمـەڵێك پرسـیار، رونکردنـەوەو دۆزینـەوەی وەڵامـی رۆشـنو بینـاکراو لەسـەر بەڵگـە یـان هەڵوێـستی شـاراوەیان دەوێت، کە پێویستیی بەلێکدانەوەی سودمەندو تەواو بێت[(٢)].

---

(١) د. عبدالوهاب ابراهيم أبـو سـليمان: كتابـة البحـث العلمـي صـياغة جديـدة، ط٦(جـدة: دار الشروق للنشر والتوزيع، ١٩٩٦)، ص٤٧.

(٢) عامر إبراهيم قنديلجي: البحـث العلمـي وإسـتخدام مـصادر المعلومـات، (بغـداد: دار الـشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٢)، ص٤٩.

سەرچاوەکانی کێشەی توێژینەوەیش "بریتین لە:
١- تەمومــژو ئــاڵۆزی دەربــارەی بابــەتێك کــە پرســیار دەوروژێــنیٚو پێویــستی بەرونکردنەوەیە.
٢- نوقسانیو کەموکورتی لەبابەتێکدا کەپێویستی بەتەواوکردنو پڕکردنەوەیە.
٣- هەڵەیەك کە پێشتر ڕۆیشتوەو پێویستیی بەرەخنەکردنو راستکردنەوەیە"[(١)].

کلتــوری شــۆڕشو ڕۆژنامەنووســیی شــاخو بڵاوکــراوەی نهــێنی لەکوردســتاندا کارێکی وایکردوە بەدحاڵیبوونی زۆر سەبارەت بەئازادیی رادەربڕینی ڕۆژنامەنووس هەبیٚ، هەم لەلایەن دەسەڵاتەوە کە دەنگی نەیار وەك دوژمن تەماشادەکات، هــەم لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە کە بەنەغمەی "بڕوخیٚ" گوتار پێشکەشدەکەن.

باڵادەســتبوونی ئایــدۆلۆژیا گــشتگیرەکانی وەك (مارکــسیزم، ناســیۆنالیزم، فەندەمێنتالیزم)و کزیی دەنگــی لیــبراڵ لــەکلتوری سیاســیو ڕۆشــنبیریی کوردیــدا بەدرێژایی نیوەی دوەمی سەدەی رابردوو، وایکردوە هەمیــشە بەچــاوی نــزمو وەك جۆرێك لەبەرەڵایی بڕوانرێتە ئازادییەکان.

بەو پێیــەی قــسەکردنیش ســەبارەت بــەئازادیی رادەربــڕین لەڕۆژنامەنووســیی کوردیدا لەهەرێمی کوردستان تائێستا تازەیــەو توێژینــەوەی ئــەکادیمی لــەبارەوە ئەنجامنەدراوە، بۆیە هەڵگری ئاڵۆزییەکی زۆرەو توێژەر روبەڕوی چەندین پرســیار دەکاتەوە:
١- ئــازادیی رادەربــڕین لەکایــەی ڕۆژنامەنووســیی کــوردی لەهــەرێمی کوردســتاندا ئامادەیی هەیە؟ ئامادەییەکەی رەهایە، یان رێژەیی؟
٢- ئــازادیی رادەربــڕین، قــسەکردن لەســەر هــەموو بابــەتێك، یــان دەمکــوتکردن بەپاســاوی یاســاییو سیاســیو نیــشتمانیو نەتــەوەیی، یــاخود قــسەکردن بەبەرپرسیارێتیەوە، دەگرێتەوە؟

(١) د. فوزي غرايبه واخرون: أساليب البحث العلمي في العلوم الانسانية والإجتماعية، ط٢ (عمان: الجامعة الأردنية، ١٩٨١)، ص ص١٩- ٢٠.

٣- بەندو برگە یاساییە بەرکارەکانو رەشنووسەکان (پرۆژە پێشنیازکراوەکان بۆ پەسەندکردن) لەهەرێمی کوردستاندا رووبەڕی ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووسی لەم هەرێمەدا فراواندەکەن، یان بەپێچەوانەوە؟

٤- دەقنووسکردنی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسی لەیاسای کاری رۆژنامەنووسیو دەستورو یاساکانی تری عیراقو هەرێمی کوردستاندا، گرەنتی فەراهەمکردنی ئەو ئازادییانەیە لەواقیعی رۆژنامەنووسیی کوردیدا؟

٥- پرسە جیاوازەکانی سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابوری، دابونەریت، ئاینو ئایینزاکان (مەزهەبە ئاینیەکان)، رەوتە ئیسلامیەکان، دەوڵەتانی دراوسێو ناپرۆفیشنالی(*) لەکاری رۆژنامەنووسییدا کاریگەرییان لەسەر ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووسی لەهەرێمەکەدا هەیە؟

٦- دەزگاکانی حزبو حکومەت، بەتایبەت ئاسایش، دەستدەخەنە ناو کاروباری رۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا؟

٧- دەسەڵاتەکان لەهەرێمی کوردستاندا لێکجیاکراونەتەوە؟ رێگە لەبەردەم بوونی رۆژنامەنووسی بە"دەسەڵاتی چوارەم"و چاودێر بەسەر سێ دەسەڵاتەکەوە، خۆشکراوە؟

٨- دەرگای سەرچاوەکانی هەواڵو زانیاری لەبەردەم رۆژنامەنووساندا لەهەرێمی کوردستاندا کراوەتەوەو ماف زانینیان بۆ دەستەبەرکراوە؟

٩- دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر لەرۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە لەهەرێمی کوردستاندا، مانای رەخسانی کەشی دیموکراسیو زامنبوونی ئازادیی رادەربڕین دەگەیەنێت؟

١٠- کاردانەوەی دەزگا پەیوەندیدارەکان بەرامبەر ئەو بابەتە رۆژنامەنووسییانەی لەسەریان بڵاودەکرێنەوە پۆزەتیڤە، یان بەپێچەوانەوە؟

---

* پرۆفێشناڵ: مێژووی ئەم وشەیە بۆ سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوەو بەکەسێك دەگوترێ کە بەهۆی لێهاتوویی خۆیەوە لەبوارێکی تایبەتیدا سەرمایەی مادیی دابین بکات. کەسێك کە مەهارەتێکی تایبەتی لەبوارێکی تایبەتدا هەیە. بڕوانە: (رێبوار سیوەیلی: نووسینو بەرپرسیاری، چ٢(سلێمانی: چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٦)، ل١٧٩).

١١- پێشێلكاری بۆ سەر ئازادیی ڕادەربڕین لەهەرێمی كورستاندا، ڕۆژنامەنووسانو كایەی ڕۆژنامەنووسی لەهەرێمەكەدا لەئەركی زانیاریگەیاندنو ئاشكراكردنو چاودێریكردن، بەرەو سڵەمینەوەو پاشەكشە دەبات؟

گریمانەیش بەشێوەیەكی گشتی گوزارشتە لەخەملاندنی ژیرانەو لێكدانەوەی ئەگەریی، لەرێگەی بەیەكەوەبەستنی هۆو هۆكار وەكو لێكدانەوەی كاتی بۆ كێشە، یان دیاردەی لێكۆڵراوە[1]. لەژێر ڕۆشنایی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، توێژەر گریمانەی توێژینەوەكەی لەچەند خاڵێكدا دەخاتەڕوو:

١- ئازادیی ڕادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی كوردی لەهەرێمی كوردستاندا، ڕێژەییە.

٢- زۆرجار، ئازادیی ڕادەربڕین چ لەلایەن دەسەڵاتو، چ لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بەخراپی بەكاردەهێنرێت.

٣- زۆرجار، بەكاریگەریی سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئابوری، یاسایی، ئێتیكی پیشەو ناپرۆفێشناڵی، دابونەریت، ئاینو ئاینزاكان، ڕەوتە ئیسلامییەكانو دەوڵەتانی دراوسێ، ڕوبەڕی ئازادیی ڕادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی كوردیدا بەرتەسكدەكرێتەوە.

٤- تەمومژیو ئاڵۆزیی لەبەندو برگە یاساییە بەركارەكان لەهەرێمی كوردستاندا هەیەو ڕوبەڕی ئازادیی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووس لەم هەرێمەدا بەرتەسكدەكەنەوە.

٥- لێجیانەكردنەوەی دەسەڵاتەكان ئاستەنگێكی گەورەیە لەبەردەم بوونی ڕۆژنامەنووسی بە"دەسەڵاتی چوارەم".

---

(١) د. ربحي مصطفى عليان: البحث العلمي أسسه مناهجه وأساليبه إجراته، (عمان: بيت الافار الدولية، ٢٠٠٢)، ص٧٥.

### ١. ٤: بایەخی توێژینەوەکە:

بایەخی توێژینەوەی زانستی لەو ئامانجە گشتیو تایبەتییانەوەیە کە هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان دەدرێت، بەو پێیەی توێژینەوەی زانستی بەشێوەیەکی گشتی وەکو بوارێکی تایبەتمەند ئامانجی گشتیو هاوبەشی بۆ تەواوی جۆرەکانی توێژینەوەو بوارەکانی هەیە.[1]

بایەخی توێژینەوە لەبایەخی ئەو بابەتەوە دێت کە توێژینەوەکەی لەبارەوە ئەنجامدەدرێت، بۆیە ئازادیی رادەربڕین لەبواری رۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی گشتی گرنگیی خۆی بەنسبەت نێرەر (رۆژنامەنووس)و بەنسبەت وەرگر (خوێنەر)ەوە هەیە، لەرووی زانستیشەوە دەرکەوتوە، لەپێناو دیاریکردنی سنوری ئازادیی رادەربڕین لەکایەی رۆژنامەنووسیدا، بابەتەکە خاوەن کاریگەریی بەرچاوەو مەتریاڵی بنچینەیی توێژینەوەیە.

لەو روانگەیەوەو لەچوارچێوەیەکی زانستیدا، توێژەر هەوڵی دەستنیشانکردنی ئەو سنورە لەرۆژنامەنووسیی کوردی دەدات، سنورێك.. پەیوەندیی راستەوخۆی بەژیانی هەموو تاکێك لەکۆمەڵگەی کوردیی هەرێمی کوردستانو دەسەڵاتەکانو رۆڵ بینینی راستەقینەیانەوە هەیە، سەرباری کاریگەرییە دیارەکەی بۆ سەر ناوەرۆکی پیشەی رۆژنامەنووسیو پەیامەکەیەوە.

توێژەر، ئەم توێژینەوەیە بەگرنگ دەزانێت بۆ رۆژنامەنووسیی کوردیو بەوەرگرتنی سەرجەم رۆژنامە رۆژانەو هەفتانەکانی ئێستای گۆڕەپانەکە، کە گوزارشت لەئاراستە جیاوازەکانی بوارەکە دەکەن.

ئەم توێژینەوەیە بەهەوڵە یەکەمینەکان دادەنرێت دەربارەی بابەتی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی، بەزمانی کوردیو هەر زمانێکی تریش.

---

(١) د. نائل عبدالحافظ العواملة: أساليب البحث العلمي، ط١ (الأردن: الشارقة العالمية للإستشارات الأكاديمية، ١٩٩٧)، ص١٧.

لەلایەکیتریشەوە، بایەخی تایبەتی بۆ کتێبخانەی میدیایی کوردی هەیە، بەتایبەت بۆ توێژینەوەی زانستی لەبارەی رۆژنامەنووسیی کوردی، بۆیە توێژەر هیوا دەخوازێت، لەو رووەوە سودی بۆ خوێندکاران‌و توێژەران هەبێت.

## ١. ٥: ئامانجی توێژینەوەکە:

توێژینەوەی زانستی لەمرۆدا، بەرەو تایبەتمەندبوون‌و چارەسەرکردنی وردەکاری بەدرێژی، هەنگاودەنێت، هەروا تیشکدەخاتە سەر هۆکارو چۆنێتی کارو ئەنجامەکانی، ئامانجی دەرخستنی راستیەك، یان دانانی چارەسەرە بۆ کێشەیەك[1]. بۆیە توێژەر دەیەوێت لەرێگەی ئەو پرسیارو گریمانانەی خراونەتەروو ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بهێنێتەدی.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١- دەستنیشانکردنی سنوری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوری لەهەرێمی کوردستاندا لەماوەی نێوان (١٩٩٣ - ٢٠٠٧).

٢- لێکدانەوەی پرسەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، یاسایی‌و ئێتیکی پیشە، وەکو فاکتەرە کاریگەرەکانی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەماوەی نێوان (١٩٩٣ - ٢٠٠٧).

٣- خستنەرووی دیارترین پێشێلکارییەکانی ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس لەهەرێمی کوردستاندا.

٤- زانینی گۆشەنیگاو تێڕوانینی رۆژنامەنووسانی ناو رۆژنامە رۆژانەو هەفتانەکانی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بەپرسی ئازادیی رادەربڕین لەکایەی رۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمەکەو بابەتەکانی پەیوەست بەم پرسە.

---

(١) د. يوسف المرعشلي (إعداد): أصول كتابة البحث العلمي وتحقيق المخطوطات، ط٢ (لبنان: دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٦)، ص١٦.

## ١. ٦ : میتۆدی توێژینەوەكە :

ئەم توێژینەوەیە لـەرووی میتـۆدەوە بەوەسـفیو مێـژوویی دەژمێردرێت، کـە میتۆدی (وەسفی) ئامانجی وێناکردنو شـیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی دیاردەیەکـە، یان هەڵوێستێکی دیـاریکراو دەستنیـشاندەکات لەسـەر تایبەتمەنـدیی دیـاریکراو و لەفاکتە چەسپاوە پەیوەندداڕەکان بەسروشتیی ئەو دیاردەیـەوە، دەکۆڵێتـەوە[1]، وەکو جەختکردنە سەر وەسفی تەواو و وردی دیاردەکە لەماوەی زەمەنیی زانراودا لەپێناو گەیشتن بەئەنجامە زانستییەکان، هەروا لێکدانـەوەیان بەرێگـەی بابـەتیی، کـە لەگـەڵ پێـدراوە کرداریـەکانی دیاردەکـەدا بگونجێـت[2]، بۆیـە توێـژەر لـەم توێژینەوەیـەدا پـشتی بـەم میتـۆدەی توێژینــەوە بەسـتوە، تـاکو بەزانیارییـە پەیوەندداڕەکان بەئازادیی رادەربڕینو چارەسەری کێشەی سەرەکی توێژینەوەکـە بگات. بەهۆی ئەوەیشەوە وەسفی بابەتی توێژینەوەکەی لەناو بواری شوێنو کاتی توێژینەوەکە کردوە.

لـەمیتۆدی وەسفیـشدا، ڕوپێـویکردن (مـسح) ی بـەکارهێناوە، بـەو پێیـەی ڕوپێـویکردن هـەوڵێکی زانـستیی ڕێکخـراوە، بـۆ گەیـشتن بـەداتاو زانیارییـەکانو وەسـفی دیاردەیـەك، یـان کۆمـەڵێك دیـاردەی بابـەتی توێژینــەوە دەکـات، لەژمارەیـەکی دیـاریکراو لەپێکهێنـەرەکانی کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـەو مـاوەی زەمەنیی پێویست بۆی[3].

هەروەك ڕوپێـویکردن بـەدیارترین میتـۆدە بـەکارهاتوەکانی بـواری ڕاگەیانـدن دەژمێردێت[4]، چونکە لـەم ڕێگەیـەوە توێـژەر دەتوانێـت زانیـاریو داتـا لـەبارەی

---

(١) د. سمير محمد حسين: بحوث الإعلام الاسس والمبادیء، (القاهرة: عالم الكتب، ١٩٧٦)، ص١٢٣.

(٢) د. رجاء وحيد دويدي: البحث العلمي أساسياته النظرية وممارسته العلمية، (دمشق: دار الفكر، ٢٠٠٠)، ص١٨٣.

(٣) د. سمير محمد حسين: سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٧.

(٤) روجر ويمر وجوزيف دومينك: مقدمة في أسس البحث العلمي (مناهج البحث الإعلامي)، ت. د. صالح خليل أبو أصبع، ط٢، (عمان: دار ارام للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٨)، ص١٦٥.

دیاردەی دیاریكراوی میدیایی كۆبكاتەوە، بۆ ناسینی، دیاریكردنی دۆخەكەی، زانینی لایەنە لاوازو بەهێزەكانیو زانینی ماوەی پێویست بۆ ئەنجامدانی گۆڕاوەكان تێیدا[1].

ئەم توێژینەوەیە لەرێگەی روپێویكردنەوە هەوڵیداوە لەپرسی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی كوردیدا بكۆڵێتەوە، لەبەرئەوە زانیاریو داتای پێویستی لەبارەی گۆشەنیگای رۆژنامەنووسانەوە لەسەر بابەتەكە كۆكردۆتەوە. هەر لەو رێگەیەوە، لایەنە بەهێزو لاوازەكانی پرسو رەهەندەكانی بابەتەكەی دیاریكردوەو كردویەتە هۆیەك بۆ گەیشتنە ئەنجامێكی دروست.

میتۆدی (مێژوویی)یش ئەو رێگەیەیە، توێژەر بۆ كۆكردنەوەی زانیاریو داتای زانستی لەتوێژینەوەی بابەتەكەیدا هەڵیدەبژێرێت، لەشیكردنەوەو لێكدانەوەو باسكردنی راستیەكاندا رەفتاری لەگەڵدا دەكات، لەبەرئەوەیشی بابەتی ئەم میتۆدە بریتیە لەمێژوو، بۆیە بابەتێكی فراوانە، هەروا میتۆدەكە رێگەیەكە ئێستاو رابردوو و ئایندە بەیەكەوە دەبەستێتەوە[2]. بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا، بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ ریشەی مێژوویی چەمكی ئازادیی رادەربڕین لەچاخەكانی دێرین، ناوەند، نوێدا، هەروا تیشكخستنەسەر سەرەتاكانی دەركەوتنی ئازادیی رادەربڕین لەمێژووی گەلی كوردو رۆژنامەنووسیی كوردیدا میتۆدی مێژوویی بەكارهێناوە.

ئەم میتۆدە، لەرێگەی بەدوادارۆیشتنی رەگوریشەكان، لەدیاردەو روداو و كێشەو هەڵوێستە رابردوو و هاوچەرخەكان دەكۆڵێتەوە، كە كێشەو ئەو فاكتەرانەی كاریگەرییان لەسەری هەیە گەشەیانكردوە، بەئامانجی پوختەكردنی ئەنجامە گونجاوەكان، بەتایبەت كێشەو لێكدانەوەو تێگەیشتنی لەماوەی زەمەنیو بابەتیی گونجاودا[3]، لەبەرئەمە توێژەر هەوڵیداوە لەكاریگەریی فاكتەرە سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابورییەكان، فاكتەرە یاساییەكان، فاكتەرەكانی ئێتیكی

(١) د. رجاء وحيد دوريدي: سەرچاوەی پێشوو، ص ص١٩٥–١٩٦.
(٢) د. عقيل حسين عقيل: فلسفة مناهج البحث العلمي، (ب.م: مكتبة مدبولي، ١٩٩٩)، ص٥٨.
(٣) د. نائل عبدالحافظ العواملة: سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٣.

پیـشە لەسـەر ئـازادیی رادەربـڕین لەرۆژنامەنووسـیی کـوردی لـەماوەی (١٩٩٣ – ٢٠٠٧) بکۆڵێتەوەو لەو رێگەیەوە بەدواداچوونێکی مێژوویی لەو ماوە دیـاریکراوەدا بکـاتو نیـشانەکانی دەرکـەوتنی ئـازادیی رادەربـڕین بدۆزێتـەوەو پیـشێلکارییە دیارەکانی سەر ئەو ئازادییەش بخاتەڕوو.

## ١. ٧: رێگەو کەرەستەکانی توێژینەوەکە:

بـەهۆی نـەبوونی توێژینـەوە، یـان راپـۆرتێکی زانـستیی تایبـەت بـەئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسی کوردیداو نەبوونی داتـاو زانیـاریی پێویـست سـەبارەت بەتێڕوانینی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بۆ بابەتی توێژینەوەکـە، توێـژەر ئەم رێگەو کەرەستانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێناوە:

١– تێبینیکــردن: رێگەیەکــە بــۆ کۆکردنــەوەی زانیــاری. ســودی زۆری لێوەردەگیرێــت، کــە لەکۆکردنــەوەی زانیارییــدا، لــەهۆکارەکانی دیکــە وەرناگیرێـــت، دەرفـــەت بەتوێـــژەریش دەدات ســـەرنجی رەفتـــارو پەیوەندییـەکانو کـارلێکی لێکـۆڵراوان (المبحـوثین)و کەشـی سروشـتی بـێ جیاکردنەوە لەکۆمەڵگەی توێژینەوە بدات، بەو پێیەی لێکۆڵراوان بەوە نازانن کە رەفتارو پەیوەندیو بارودۆخی رۆژانەیان لـەژێر چاودێریو پـشکنیندایە، لێـرەدا تێبینـەر دەتوانێـت بـەبێ دەسـتوەردانی هـەر هێزێکـی دەرەکـی، بارودۆخی لێکۆڵراوان ببینێتو لەسەر کێشەکانیان بزانێت[1].

توێـژەر لـەمیانی سـەردانی بـۆ بارەگـای رۆژنامـەکان تێبینیـی کـارکردنو سیاسەتی میدیایی* کەناڵەکەو تێڕوانینی رۆژنامەنووسـانی بـۆ پرسـە جیاوازەکـان

---

(١) د. إحسان محمد الحسن، د. عبدالمنعم الحسني: طرق البحث الاجتماعي، (بغداد: وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، ١٩٨٢)، ص ص٢٣٤–٢٣٥.

* مەبەسـت لەسیاسـەتی میـدیایی، واتـە ئـەو ئاراسـتانەی لەئامانجـە دیاریکراوەکانـەوە سەرچـاوەدەگرن، بـەگوێرەی پلانێکـی دیـاریکراو و بـۆ کـاتێکی دیـاریکراو دەگیرێتەبـەر. بڕوانـە: (د. عبـدالوهاب كحيـل: الـرأي العـام والـسياسات الإعلاميـة، ط٢ (القـاهرة: مكتبـة المدينة، ١٩٨٧)، ص١٠٩).

کردوه، بەهۆی ئەوەی خۆیشی لەناو واقیعەکەدایەو کاری ڕۆژنامەنووسی دەکات، سەرنجیشی لەرەوشی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستان داوە. شایەتی زۆر پێشێلکارییشە لەو رووەوە، ئەمەیش دەرفەتێکی باشی پێداوە تاکو وردتر بچێتە ناو توێژینەوەکەوەو هەموو رەهەندەکانی بابەتەکە ببینێتو بابەتیانەتر خوێندنەوەی بۆ بکات.

٢- فۆرمی راپرسی (الإستبانة- Questionnaire): دەتوانرێت پێناسە بکرێت بەوەی کۆمەڵێك پرسیارو بەدواداچوونی هەمەجۆرە کە پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە، بەشێوەیەك ئەو ئامانجانە بێنێتەدی کە توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا بەپێی ئەو کێشەیەی بۆ توێژینەوەکەی هەڵیبژاردوە، بەدەستیبێنێت، هەروەها ناردنی ئەو بەدواداچوونو نووسراوانە بۆ کۆمەڵێك لەو تاکانەی توێژەر، وەك نمونەیەك بۆ توێژینەوەکەی هەڵیبژاردوون، ژمارەی پرسیارەکان بەپێی سروشتی بابەتەکە، دەکرێت زۆر، یان کەم بن، بەمەرجێك ئامانجی توێژینەوەکەو ئەو لایەنە پێویستانە بەدیبهێنێت کە توێژەر لەچارەسەرکردنی کێشەکەدا جێبەجێیدەکات[1].

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ٣٨ برگەی پەیوەندداری بەبابەتی توێژینەوەکە (ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا) خستۆتەڕوو، بڕگەکان تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، مەبەستیش لێیان بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکەیە کە لەکێشەو گریمانەکانیەوە هاتوونەتە ئارا، بەسەر ١٧٢ رۆژنامەنووسی لە٢٢ رۆژنامەی رۆژانەو هەفتانەی (سیاسیی گشتیو ئاراستەی حزبیو رەسمیو ئەهلیو هاوبەش*) دابەشکردوە، ١٣٤ فۆرم گەڕێنراونەتەوە، لەفۆرمە گەڕێنراوەکان ١٨ فۆرم برگەیەك، یان زیاتریان تێدا وەڵامنەدراوەتەوە، بۆیە خرانەلاوەو تەنها ١١٦ فۆرم مانەوە، فۆرمەکان تەنها بەسەر رۆژنامەنووسی

(١) د. عامر ابراهیم قندیلجي: سەرچاوەی پێشوو، ص ص ١٢٩- ١٣٠.
* ئاراستەی هاوبەش: ئەو ئاراستە کارکردنەی رۆژنامەنووسییە، کە نە تەواو حزبی، نە تەواو رەسمیو نە تەواو ئەهلییشە، واتە لەنێوان (پابەند، رەسمی، سەربەخۆ)دایەو تێکەڵەیەکە لەهەرسێکیان، یان دەکرێ زاراوەی (هێڵی ناوەڕاست)ی بۆ بەکاربهێنرێت.

کارکەری ناو رۆژنامەکان دابەشکراون، کە کاری نووسین‌و سازاندنی رۆژنامەنووسی (تحرير الصحفي) دەکەن، **بڕوانە خشتەی (١)**.

## خشتەی ( ١ )

**ناوو ژمارەی دەرچوون‌و خاوەن‌و شوێنی دەرچوونی رۆژنامەکان‌و ژمارەی ئەو فۆرمانەی پێیاندراوە**

| ز | ناوی رۆژنامە | ماوەی دەرچوون | خاوەن | شوێنی دەرچوون | ژ.فۆرم |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کوردستانی نوێ | رۆژانە | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | سلێمانی | ١٠ |
| ٢ | خەبات | = | پارتی دیموکراتی کوردستان | هەولێر | ٨ |
| ٣ | ئاسۆ | = | دەزگای خەندان بۆ پەخش‌و وەشاندن | سلێمانی | ١١ |
| ٤ | کوردستان راپۆرت | = | خاوەن ئیمتیاز: جەوهەر حەمەد عەبدوڵڵا | هەولێر | ٥ |
| ٥ | رۆژنامە | = | کۆمپانیای وشە | سلێمانی | ٦ |
| ٦ | هاوڵاتی | هەفتانە | چاپخانەی رەنج | سلێمانی | ٦ |
| ٧ | رێگای کوردستان | = | حزبی شیوعی کوردستان | هەولێر | ٨ |
| ٨ | رێبازی ئازادی | = | حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان | سلێمانی | ٣ |
| ٩ | ئاڵای ئازادی | = | حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | سلێمانی | ٦ |
| ١٠ | هەواڵ | = | دەزگای هەواڵ | کەرکوك | ٦ |
| ١١ | جەماوەر | = | کۆمپانیای هانای ئیعلامی | هەولێر | ٥ |
| ١٢ | میدیا | = | یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان | هەولێر | ٤ |
| ١٣ | یەکگرتوو | = | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | هەولێر | ٤ |
| ١٤ | چاودێر | = | خـاوەنی ئیمتیــازو بەڕێوەبــەری بــەرپرس: مەلابەختیار | سلێمانی | ٩ |
| ١٥ | ئاوێنە | = | کۆمپانیای ئاوێنە | سلێمانی | ٦ |
| ١٦ | کۆمەڵ | = | کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان/ عیراق | سلێمانی | ٦ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٧ | بزووتنــــــــــەوەی ئیسلامی | = | بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان/ عیراق | سلێمانی | ٧ |
| ١٨ | هەولێر | = | خــاوەنی ئیمتیــاز: ڕێبــوار کــەریم وەلــی (بەپشتیوانی پارێزگای هەولێر) | هەولێر | ٦ |
| ١٩ | ژیانەوە | = | یەکێتیی ژنانی کوردستان | سلێمانی | ٥ |
| ٢٠ | ئەڤرۆ | = | دەزگــــایێ خــــانی یــــێ ڕەوشـــــەنبیریو ڕاگەیاندنێ | دهۆك | ٥ |
| ٢١ | ڕەسەن | = | مەڵبەنـــدی ٣ی یـــەکگرتووی ئیـــسلامی کوردستان | دهۆك | ٤ |
| ٢٢ | نوێ | = | بەڕێوەبـــەرێتیی هــــەرێمی کوردســـتانی ڕاگەیاندنی حکومەتی عیراق | هەولێر | ٤ |
| کۆ | | | | | ١٣٤ |

## ١. ٨: بوارو سنورەکانی توێژینەوەکە:

١- **بــواری شــوێن:** بــواری شــوێن لەتوێژینــەوە لــەبارەی ئــازادیی ڕادەربــڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا رۆژنامەکان دەنوێنێت، کـە پارێزگاکـانی: هــەولێر، کــەرکوك*، ســلێمانی، دهــۆك دەگرێتــەوەو بــواری جــوگرافی توێژینەوەکەیــە. رۆژنامــەکانیش بــریتین لــە: ٥ رۆژنامــەی رۆژانــە: (کوردســتانی نــوێ، خــەبات، ئاسۆ، رۆژنامەو کوردستان راپۆرت)و ١٧ رۆژنامەی هەفتانە: (هاوڵاتـی، هەواڵ، چاودێر، ئاوێنە، رێگای کوردستان، ئاڵای ئازادی، رێبــازی ئــازادی، یــەکگرتوو، کۆمەڵ، هــەولێر، بزووتنــەوەی ئیـسلامی، جــەماوەر، ژیانــەوە، میـدیا، ئــەڤرۆ، رەسەن، نوێ).

* لەم توێژینەوەیەدا تەنها رۆژنامەی (هەواڵ) وەرگیراوە کە بارەگای ســەرەکی لــەو پارێزگایــە بێت، بەڵام بەتەواوی لەشارەکانی هەرێمیشدا بڵاودەبێتەوەو پێش روخـانی رژێمـی بــەعس ٢٠٠٣ –یش بارەگای سەرەکی لەسلێمانی بوە.

**٢- بـواری کــات:** لایـەنی تیـۆریی توێژینەوەکـە لـەرووی فاکتــەرە کاریگـەرەکانی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا جەختیکردۆتە سەر مـاوەی نێـوان (١٩٩٣ – ٢٠٠٧)، ئەمـەیش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی بـەهۆی راپـەڕینی خـەڵکی باشـوری کوردسـتان (بندەسـتی رژێمـی عـێراق) لەسـاڵی ١٩٩١داو ئـازادکردنی بەشێکی زۆری ناوچەکە، کەشـێکی نـوێ هاتـە گـۆڕێو هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی نیـــشتمانی ئەنجامـــدراو حکومـــەتی هـــەرێمی کوردســـتان پێکهـــات، بـــواری رۆژنامەنووسـیو رۆژنامـە دەرکـردنو پرسـی ئـازادیی رۆژنامەنووسـییش کەوتـە قۆنـاغێکی نوێـوە، دوای ئەمـەیش لەسـاڵی ١٩٩٣و لەپارلـەمانی کوردسـتانەوە کۆمەڵێك یاسا دەرکران کە دورو نزیك پەیوەندییان بەرەوشی ئازادیی رادەربڕین لەکوردستاندا هەبوو، یان بـەجۆرێك لـەجۆرەکان ئـەو رەوشـەیان رێکدەخست، لـەپێش هەمووشـیانەوە (یاسـای چاپەمەنیی ژمـارە ١٠ی سـاڵی ١٩٩٣)، پـاش ئەمانەیش هەرێمی کوردستان بەچەند قۆناغێکی تـردا تێپـەڕی، لەوانـە: شـەڕی نـاوخۆی حزبـەکان، دواتـر رەوشـی نـە شـەڕ نـە ئاشـتی، ئینجـا قۆنـاغی ئاشتبوونەوە، پاشان هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بـۆ عـێراقو روخـانی رژێمـی سـەدام حسێن، دوای ئەمـەیش یەکخستنەوەی پارلـەمانو حکومـەتی هـەرێمی کوردستان، ئینجا کاری میدیاو رۆژنامەنووسی کەوتە قۆناغێکی دیکەوە.

لەهەریەك لەو قۆناغانەیشدا چەند پێشێلکارییەك بەرامبەر ئازادیی رادەربـڕینی رۆژنامەنووس لەهەرێمی کوردستان بینران، رۆژنامەنووسان هەمیشە داوای ئازادیی زیاترو رەخساندنی زەمینەی کاری رۆژنامەنووسیو رادەربڕینی ئازادانەیان دەکرد، ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردســتان بــەهاوکاری رۆژنامــەنووسو رۆشــنبیرو یاساناســان (پــرۆژە یاســای کــاری رۆژنامەنووســی لەکوردســتان)ی گەڵاڵــەکردو رەوانـەی پارلـەمانی کوردسـتانی کـرد، لەکۆتاییـەکانی ٢٠٠٧یـشدا پـرۆژە یاسـاکە بەکۆمەڵێك دەستکاری زۆرەوەو بەناوی (یاسای کاری رۆژنامەگـەریی لەکوردسـتان ژمــارە ٣٥ی ســاڵی ٢٠٠٧) پەســەندکرا، بــەڵام ئەمــە نــاڕەزایی زۆری لــەناو رۆژنامەنووسـاندا دروسـتکرد، بـەوەی یاسـاکە سـنورەکانی ئـازادیی رادەربـڕینی

تەسککردوەتەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئیمزای لەسەر یاساکە نەکردو بۆ پارلەمانی گەڕاندەوە، تاکو گۆڕانکاریی تێدا ئەنجام بدرێت، بۆیە توێژەر ئەو ماوەیە (١٩٩٣ – ٢٠٠٧)ی وەرگرتوەو هەوڵیداوە لەرووی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، بیخاتەبەر تیشکی توێژینەوە.

لایەنە مەیدانیەکەو کاتی دابەشکردنی فۆرمەکان بەسەر رۆژنامەنووسانیش ناو رۆژنامەکانو وەرگرتنەوەیان: مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ە، لەبەرئەوە داڕشتنی بڕگەکانیش پەیوەندییان بەو کاتەوەو روداوەکانیەوە هەیە.

٣- **بواری مرۆیی:** لەم بوارەی توێژینەوەکەدا ١١٦ رۆژنامەنووس لەستاف نووسینی ناو رۆژنامەکان، کە دیارترین هەڵسوڕێنەری کارەکانن وەرگیراون، ئەوانیش بریتین لە: (بەڕێوەبەری بەرپرس، سەرنووسەر، جێگری سەرنووسەر، بەڕێوەبەری نووسین، سکرتێری نووسین، دەستەی نووسەران، ستاف کارا، لێپرسراوی بەش، پەیامساز(موحەرير))و بەشدارییان لەفۆرمی راپرسیەکەدا کردوە، ئەمەیش دەکاتە جومگەی سەرەکیی ستاف نووسینو سازاندنو بەڕێوەبردنی رۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستان، بۆیە توێژەر هەوڵیداوە لەرێگەی زانینی گۆشەنیگای ئەوانەوە سەبارەت بەبابەتە پەیوەندداره‌کان، بگاتە ئەنجامو وەلامی ئەو پرسیارو گریمانانەی لەکێشەی توێژینەوەکەوە خستوونیەتەڕوو.

## ١. ٩: کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە:

رۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا کۆمەڵگەی فراوانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، رۆژنامە رۆژانەو هەفتانەکانیش بۆ زانینی گۆشەنیگای رۆژنامەنووسەکانی، وەکو نمونە هەڵبژێردراون، بەتایبەت لەبارەی سنوری ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس لەهەرێمی کوردستاندا، بەرەچاوکردنی دەستورو یاسا بەرکارەکان، لایەنەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتیو ئێتیکی کاری رۆژنامەنووسی.

### ١. ١٠: توێژینەوەکانی پێشوو (الدراسات السابقة):

بەو پێیەی چەند توێژینەوەیەك هەن، پێشتر، دورو نزیك جەختیانکردۆتەسەر ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی رۆژنامەنووسی، یاساو ئێتیکی کاری رۆژنامەنووسی، چ بەزمانی عەرەبی، یاخود کوردی، بۆیە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو.

خستنەڕووی ئەو ماستەرنامەو تێزی دکتۆرایانەیش بۆ پێشاندانی میتۆدی بەکارهاتوو و ئامانجو ئەنجامەکانە، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو ئەنجامانەی توێژەری هەریەك لەو توێژینەوانە پێی گەیشتوون، سەرباری هەندێ جیاوازیی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ هەریەك لەم توێژینەوانەی لەم باسەدا دەخرێنەڕوو، بەڵام ئەمانەتی زانستی ئەوە دەخوازێت ئاماژەیان پێبدرێت، سەرباری ئەوەی رەنگە توێژینەوەی دیکەیش هەبن، کە توێژەر دەستی پێڕانەگەیشتوون.

#### ١- توێژینەوەی حەسەن عیماد مەکاوی، ساڵی ١٩٩٣[1]:

**تێزێکی دکتۆرایە بەناونیشانی (أخلاقيات العمل الاعلامي– دراسة مقارنة).**

توێژەر لەو توێژینەوەیەدا میتۆدی مێژوویی لەمیانی خستنەڕووی بەرەوپێشچوونی ئازادیی رادەربڕینو راگەیاندن لەسەردەمە جیاوازەکاندا، بەکارهێناوە، هەروا میتۆدی بەراوردکاریشی لەتوێژینەوەی ئەو یاسایانەدا بەکارهێناوە، کە حوکم بەسەر کاری میدیا لەکۆمەڵگەی ئەمەریکیدا دەکەن، کە بواری فراوان بۆ ئازادیی رادەربڕین دەڕەخسێنن‌و بەراوردکردنیان بەیاساکانی میدیا لەکۆمەڵگەی میسری، وەك نمونەیەکی کۆمەڵگە تازە پێگەیشتوەکان، لەگەڵ هێنانەوەی هەندێ یاسای وەك ئەوانە لەکۆمەڵگە رۆژئاواییەکان، وەکو کۆمەڵگەی بریتانی‌و فرەنسی‌و یاسای وەك ئەوانە لەهەندێ دەوڵەتی عەرەبیدا.

---

(١) د. حسن عماد مكاوي: أخلاقيات العمل الإعلامي– دراسة مقارنة، ط٣ (القاهرة: الدار المصرية البنانية، ٢٠٠٣)، أطروحة دكتوراه منشورة.

هـەروەك توێـژەر شـێوازی توێژینـەوەی دۆخ Case Study ی بـەکارهێناوە، ئەوەی کە پەیوەندداره بەشێوازەکانی پەیڕەوکردنی پیشەییەوە بۆ هەنـدێك لـەو کێشانەی ململانێ لەنێوان دڵسۆزیی پیشەیی‌و پێوەره ئێتیکییەکان دەوروژێنێت.

ئامانجی توێژینەوەکەیش بریتیە لە:

**یەکـــەم:** قـــسەکردن لـــەبارەی چـــەمکی ئـــازادیی رادەربـــڕین‌و رەگـــەزەکانی لەشارستانێتیە دێرین‌و هاوچەرخەکاندا.

**دووەم:** قـسەکردن دەربـارەی گەشـەکردنی ئـازادیی رۆژنامەنووسـی لەچوارچـێوەی تیۆرەکانی دەسەڵات، ئازادی، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایـەتی‌و بـەراوردکردن لـــەنێوان ئـــەو ئازادییانـــە لەکۆمەڵگـــە خۆرئاواییـــەکان‌و کۆمەڵگـــە تـــازە پێگەیشتوەکان، هەروا توێژینەوەی باری هـەردوو کۆمەڵگـەی ئەمـەریکی‌و میسری.

**ســـێیەم:** توێژینـــەوەی مـــافی ناوەنـــدەکانی میـــدیا لـــەزانینی ئەوانـــەی لـــەدەوری حکومەتەوەن، هەروەها ئاشکراکردنی نهێنیی زانیاری‌و بەڵگەنامەکان.

**چـوارەم:** توێژینـەوەی پەیڕەوکردنـە نابەرپرسـیارێتییەکان لەلایـەن ناوەنـدەکانی میـــدیاوە بـــۆ کێـــشەکانی پێـــشوو، بـــەئامانجی دورخـــستنەوەی ئـــەو پەیڕەوکردنە نائێتیکییانە.

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەیشی توێژەری ئەو توێژینەوەیە پێی گەیشتوە، خۆیان دەبیننەوە لە:**

**یەکـەم:** سـەدەی بیـستەم بـەدیاردەی تەقینـەوەی زانیارییـەکان جیادەکرێتـەوە، ئەمـەیش پێویـستیی پابەنـدبوون بەبەرپرسـیارێتیە کۆمەڵایەتییـەکانیان بەرامبـــەر بەکۆمەڵگـــە بەســـەر رۆژنامەنووســـاندا دەســـەپێنێت، لەگـــەڵ زاڵنـــەکردنی رەچـــاوکردنە پیـــشەییە تەســـکەکان بەســـەر رەچـــاوکردنە گشتیەکانی ئێتیك.

**دووەم:** رۆژنامـــەنووس، کاتێـــك بەرپرســـیارانە رەفتاردەکـــات کـــە لەکۆتوبەنـــدی پێـــشوەخت‌و سانـسۆری ســـەپێنراو ئـــازاد بێـــت، ئـــیتر ئـــەو کۆتوبەنـــدو سانسۆرە لەلایەن حکومەتەوە بێت، یان دەزگا رۆژنامەنووسییەکە، یاخود

گروپێك كە فشارەكانی بەسەر كارو ویژدانی رۆژنامەنووسەكەوە پەیرەوبكات، لەگەڵ ئەوەیشدا بەرپرسیارێتی ئەوە دەخوازێت رۆژنامەنووس بۆ بەرژەوەندیی گشتی كاربكات، نەك بۆ سودی تایبەتی.

**سێیەم:** میدیای ئازاد هەقیقەتێكە نابێت دوژمنكارانە بێت، بەڵكو دەبێت بەرگریكاری حكومەت بێت، ئارەزومەند بێت لەتاقیكردنەوەی بڕیارەكانیو رەخنەگرتن لەسیاسەتەكانی بۆ بەرژەوەندیی گشتی، كەسە واقیعیەكانیش هەست بەوەدەكەن حكومەتێك نیە بەدەر بێت لەهەڵەكردن.

**چوارەم:** میدیایەك نیە بەدەر بێت لەهەڵەكردن، بەڵام داننان بەهەڵە گوزارشت لەچاكەیەكی بەرز دەكات، نەوەك هەمیشە پەندوەرگرتن بەسەپاندنی یاساكان، بەڵكو پەندوەرگرتن بەرەچاوكردنی ئێتیك لەپەیڕەوكردنی كاری میدیاییدا.

## ٢- توێژینەوەی رەعد جاسم حەمزە ئەلكەعبی ١٩٩٦[١]:

**نامەیەكی ماستەرە بەناونیشانی (حرية الصحافة في العراق "١٤ تموز ١٩٥٨ – ٨ شباط ١٩٦٣")، پێشكەشی بەشی راگەیاندنی كۆلێژی ئادابی زانكۆی بەغداد كراوە.**

توێژەر لەتوێژینەوەكەیدا میتۆدی مێژوویی بەكارهێناوە، بۆ تیشكخستنەسەر هەندێ خاڵی دیار كە نیشانەی جیاوازییان تێدا بەدیدەكرێت، وەكو بڕیاری سەندیكای رۆژنامەنووسانو دانانی سانسۆری پێشوەختو پشتبەستن بەیاساكانی سیستمی پێشوو، وەك دادگاییكردنی چەند رۆژنامەنووسێك بەشێوەیەكی عورفیو گرتنی رۆژنامەنووسانو لێسەندنەوەی ئیمتیازی رۆژنامەكانیان، دوای ئەوەی دەرچوونیان لێ قەدەغەكراوە، لەگەڵ پاساوی دەسەڵات بۆ ئەم كارانەو هەڵوێستی رۆژنامەكان لەو بارەیەوە.

---

(١) رعد جاسم حمزة الكعبي: حرية الصحافة في العراق "١٤ تموز ١٩٥٨– ٨ شباط ١٩٦٣"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الاداب، ١٩٩٦.

**ئامانجی توێژینەوەکەیش بریتیە لە:**

**یەکـەم:** توێژینـەوەی ئـازادیی ڕۆژنامەنووسـی لەعێراقـدا لـەنێوان ١٤ی تـەمموزی ١٩٥٨و بـۆ ٨ی شـوباتی ١٩٦٣، لەڕێگـەی زانـینو هەڵسەنگاندنی یاسـاو تەشریعاتەکان، کە لەو ماوەیەدا حوکمیان کردوە.

**دووەم:** توێژینـەوەی پەیوەنـدیی دەوڵـەت بەڕۆژنامەنووسـیو ئازادییەکانـەوە، کـە بـەبڕیاردان بـەپێکهێنانی سـەندیکای تایبـەت بـەخۆیانو دەرچـواندنی ڕۆژنامـەو گفتوگـۆکردنی بـارودۆخی گـشتی، بەڕۆژنامەنووسـیو ڕۆژنامەنووسانی دەبەخشێت.

**سـێیەم:** زانـینو هەڵـسەنگاندنی شـێوازەکانی دەسـەڵات لەڕێکخـستنی کـاری ڕۆژنامەنووسـیو تەنگپێهەڵـچنینی ڕۆژنامەنووسـانو لەکارخـستنو زۆرلێکردنیان لەبەکارهێنانی هەموو یاساکاندا.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەیشی توێژەری ئەو توێژینەوەیە پێی گەیشتوە خۆیـان دەبیننەوە لە:

**یەکەم:** دەسەڵات لەبەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی خۆیدا پەنای بۆ زۆرلێکردن بردوە، ڕۆژنامەکان داخرانو هەندێکیشیان ڕاگیران، نووسـەرو پەیامسازەکانیـشیان لەشوێنی جیاجیادا دەسـتگیرکراون، هەنـدێکیان لەشـوێنی نیـشتەجێبوونی خۆیـان دورخراونەتـەوە، دەزگـا ئەمنیـەکانیش سەرنووسـەرێتیی هەنـدێك ڕۆژنامەنووسییان ڕەتکردۆتەوەو...تاد.

**دووەم:** مـافی ڕۆژنامەنووسـان لەسـەندیکاکەی خۆیانـدا دانـی پێـدانراوە، هەنـدێ پشتگیریو هاوکاریی بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی پێشکەشکراوە، بـەڵام لەبـەر چەند هۆیەك نەتوانراوە ئەمانە جێبەجێبکرێن:

أ. ڕەنگدانەوەی ململانێی سیاسی لەسەر لیژنەکانو ئەندامو چالاکییەکانیان.

ب. بڕوانەبوونی دەسەڵات بەکاری سەندیکایی، کە سـەندیکا بـێ هـیچ چـالاکییەکی ڕاستەقینە زیـاتر لەسـاڵێك مایـەوەو دوای سـاڵێك لەدامەزرانـدنی، ئـەو ڕۆڵـەی خۆی لەدەستدا.

ج. دەسـەڵات سـەندیکایەکی بـۆ لێـدانی ئامـانجی رۆژنامەنووسـانو رۆژنامـەی ئۆپۆزسـیۆن دامەزرانـد، هەنـدێ رۆژنامـەنووس دەرکـرانو هەنـدێ رۆژنامـە دەسـتبەرداری دەرچـوون کـران، لـە دەرچـواندنەوەی ئـەو رۆژنامانەیـشی وەستێنرابوون، سەرکەوتوونەبوون.

**سێیەم:** لەو ماوەیەدا هیچ ئازادییـەکی رۆژنامەنووسـیی راسـتەقینە نیـە، دەسـەڵات بەشـێوەیەکی توندوتیـژ لـەئامانجی رۆژنامـەی داوە، چەوسـاندوویەتەوە، لەتەشریعێکی نـوێ کـە مافـەکانییان دەسـتەبەربکات بێبەشـیکردوە، یـاری بەسـەندیکای رۆژنامەنووسـان کـردوە، شـێواندویەتی، بەشـێوەیەك هێـشتویەتەوە بێتوانـا بێـت لەسـەلماندنی بـوونی خـۆی لـەکاری رۆژنامەنووسـیدا. هەنـدێکات دەستخـستنەناو کـاری رۆژنامەنووسـی وەکـو سـەرکەوتنێك بـۆ ئـازادیی رۆژنامەنووسـی پێـشاندەدرێت، لەپشتیـشیەوە، سەبارەت بەبڕوابوونی بەو ئازادییە تایبەتیە، زیـاتر لەنیـشانەیەکی پرسـیار خـۆی شـاردۆتەوە، هـەروەها دەسـەڵات قەدەغـەکردن لەسـەر رۆژنامـە لادەباتو سەیری لاپەڕەکانیـشی دەکـات، لەکاتێکدا هەنـدێ رۆژنامـەی تـر دادەخات، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ:

أ. چوونە ناوەوەی رۆژنامە بـۆ ململانـێ سیاسـییەکانو بـەکارهێنانی بـۆ مـەرامی کەسی.

ب. بڕوانـەبوونی دەسـەڵات بـەئازادیی رۆژنامەنووسـیو شـێواندنی ئەرکـەکانی، هەروەها ئاڵۆزیی سیاسیو مانەوەی دەسەڵاتی عەسکەریو حوکمی عورفی.

**٣- توێژینەوەی محەمەد سەعد ئیبراهیم ١٩٩٦[١]:**

**تێزێکی دکتۆرایە بەناونیشانی (حرية الصحافة– دراسة في السياسة التشريعية وعلاقتها بالتطور الديموقراطي).**

**ئەو توێژینەوەیە پشتی بەسێ میتۆد بەستوە:**

**یەکەم:** میتۆدی مێژوویی: بۆ توێژینەوەی قۆناغەکانی گەشەکردنی تەشریع.

**دووەم:** میتۆدی روپێویکردن: بەئامانجی وەسفکردنو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی سیاسەتە تەشریعیە رێکخراوەکان، بۆ کاروباری رۆژنامەنووسیو ئەو تەشریعاتانەی لەئەنجامی ئەوەوە دەرکەوتوون.

**سێیەم:** میتۆدی بەراوردکاری بەئامانجی بەراوردکردن لەنێوان سیاسەتە تەشریعیەکان لەقۆناغە جیاوازەکانداو بەراوردکردن لەنێوان ناوەرۆکی تەشریعاتە رۆژنامەنووسییەکان لەهەموو قۆناغەکاندا.

**ئامانجی توێژینەوەکەیش بریتیە لە:**

تیشکخستنەسەرو شیکردنەوەی قۆناغەکانی گەشەکردنی تەشریعاتی رۆژنامەنووسیی میسری، هەر لەسەرەتای دەرچوونی فەرمانی ناپلیۆن بەرێکخستنی کاروباری چاپەمەنی لە١٤ی یەنایەری ١٧٩٩، تاکو دەرچوونی یاسای رێکخستنی رۆژنامەنووسی ژمارە ٩٦ی ساڵی ١٩٩٦، لەگەڵ جەختکردنەسەر سیماکانی سیاسەتی تەشریعی لەهەر قۆناغێکدا، هەروەها ماوەی گونجاندنی تەشریعاتە رۆژنامەنووسییەکان لەگەڵ گۆڕانە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییە باوەکانی ئەوکاتە.

بەشێوەیەکی تایبەت ئەو توێژینەوەیە جەختدەکاتە سەر سیاسەتی تەشریعی لەسایەی فرە حزبیو رۆژنامەنووسی کە میسر لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بەخۆیەوە بینیوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانو روبەڕوبوونەوە سیاسیو ئابوریو

---

(١) د. محمد سعد إبراهيم: حرية الصحافة– دراسة في السياسة التشريعية وعلاقتها بالتطور الديموقراطي، ط٣ (القاهرة: دار الكتب العلمية للنشر والتوزيع: ٢٠٠٤)، أطروحة دكتوراه منشورة.

کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییانەی هاتونەتە ئاراوە، لەهەوڵی دیاریکردنی کاریگەرییە ئاڵوگۆڕکراوەکان لەنێوان ئازادیی رۆژنامەنووسی‌و ئەو گۆڕانکارییانەدا، هەروا دیاریکردنی ئاستی گونجاندنی رێکخستنی یاسایی ئەوکاتە بۆ رۆژنامەنووسیی میسری، لەئەنجامی گەشەکردنی دیموکراسیدا.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەیشی توێژەری ئەو توێژینەوەیە پێی گەیشتوە خۆیان دەبیننەوە لە:

**یەکەم:** ئەم توێژینەوەیە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئازادیی رۆژنامەنووسی ئیمتیازێکی فیئەوی نیە بەپێی ئەو بارودۆخەی تیایەتی، بەڵکو بریتیە لەمافێکی رەوا وەکو سەرجەم مافە بڕیاردراوەکان لەبەرژەوەندیی گەلدا، بۆ ئەوەی ئەو راستیانە بزانن کە لەئەنجامی ئەو روداو و گۆڕانکارییانە رودەدەن، چاودێریی چالاکیی ئەو کەسانەیش بکەن کە کاروباری وڵات بەڕێوەدەبەن.

**دووەم:** میتۆدی تەشریعی میسری بەتەشریعاتی فرەنسی‌و تورکی‌و بریتانی کاریگەرە، کە لەماوەی حوکمێکی ستەمکاری داڕێژراوە، پرۆژەی میسری ئاماژەی بەو گەشەکردنە نەداوە کە لەکۆتوبەندو سزا نێگەتیڤەکانی ئازادی دابڕیوە.

**سێیەم:** دەرکەوتوە تەشریعاتی رۆژنامەنووسی لەمیسردا بەئاراستەیەکی پێچەوانە گەشەیکردوە، لەئاسانیەوە بۆ گرانی، لەدسپلینەوە بۆ دەستبەسەرداگرتن، لەرێکخستنەوە بۆ تاوانبارکردن رۆیشتوە.

### ٤- توێژینەوەی عەبدولحەلیم موسا یەعقوب ٢٠٠٣[(١)]:

تێزێکی دکتۆرایە، بەناونیشانی (حرية التعبير الصحفي في ظل الأنظمة السياسية العربية– دراسة تحليلية مقارنة للصحف و القوانين السودانية و الاردنية في الفترة من ١٩٨٩م – ١٩٩٩م).

تێزەکە توێژینەوەیەکی وەسفیە، توێژەر تیایدا چەند میتۆدێکی بەکارهێناوە، لەوانە: میتۆدی روپێویکردن بۆ شیکردنەوەی ناوەرۆکو زانینی رایگشتیو روپێویکردنی شێوازەکانی پەیڕەوکردنی میدیایی، میتۆدی مێژوویی بۆ توێژینەوەی روداو و پێشهاتەکانی ئەو ماوەیەی خراوەتەڕوو و شیکراوەتەوە.

ئامانجی توێژینەوەکەیش بریتیە لە:

**یەکەم:** پێوانەکردنی سنوری ئازادیی رۆژنامەنووسی، کە سیستمە سیاسییەکان لەمیانی یاساکانی رۆژنامەنووسیو چاپەمەنییدا رێگەیان پێداون، هەروا رادەی کاریگەریی ئەو ئازادییانە لەسەر سەقامگیریی سیستمە سیاسییەکان.

**دووەم:** بەراوردکردنی ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووسی لەژێر سایەی سیستمە سیاسیە جۆراوجۆرەکاندا، لەماوەی زەمەنیی توێژینەوەکە (١٩٨٩ – ١٩٩٩) لەهەموو سودانو ئوردندا.

**سێیەم:** پەیڕەوکردنی کاری رۆژنامەنووسی لەسودانو ئوردن جیاوازییان هەیە، ئەم جیاوازییەیش لەو دوو وڵاتەدا، لەسەر پرسەکانی سیاسەتو ئابوریو ئاسایشو کۆمەڵایەتی رەنگیداوەتەوە.

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەیشی توێژەری ئەو توێژینەوەیە پێی گەیشتوە، خۆیان دەبیننەوە لە:**

---

(١) د. عبدالحليم موسى يعقوب: حرية التعبير الصحفي في ظل الانظمة السياسية العربية– دراسة تحليلية مقارنة للصحف والقوانين السودانية والاردنية في الفترة من ١٩٨٩م – ١٩٩٩م، ط١ (عمان: دار مجدلاوي، ٢٠٠٣)، أطروحة دكتوراه منشورة.

**یەکـەم:** داگیرکـار لەسـودانو ئوردنـدا شـوێنکارێکی لەتەشـریعاتی رۆژنامەنووسـی جێهێشتوە، کە یاساکانی رۆژنامەنووسـی لـەو دوو وڵاتـەدا لێیـوەرگیراون، ئەمـــەیش وایکـــردوە بـــارێکی نـــاجێگیر بـــسەپێنێت، بـــەهۆی هـــەژمونی حکومەتـــەکانیش لەســـەر رۆژنامەنووســـی، رۆژنامەنووســـی بەشـــێوەیەك رایگشتی ئاراستەدەکات کە حکومەتەکان لێی رازیـبن. هـەروا بـەهۆی ئـەو کۆتوبەندانـەی بـۆ ئـازادیی رادەربـڕین دەریکـردون، حکومـەت دەسـتی خـستۆتە بینـەقاقای رۆژنامەکانـەوە، بـەجۆرێك، ئـازادیی رۆژنامەنووسـی وایلێهاتوە بەرازیبوونی حکومەتەوە بەند بێت. هەندێجار حکومەت دەست بۆ هەندێك یاسا دەبات، کـە زیـاتر رۆژنامـە دەبەسـتێتەوە، وەك یاسـای سزادانو حاڵەتە کتوپڕەکان، ئەمەیش بەبیانووی ئەوەی حکومەت بەباری نائاسایی دەگوزەرێتو توانای رای جیاوازی نیە.

**دووەم:** پەیڕەوکردنی کاری رۆژنامەنووسی لەکاتی فرەییە سیٚ لایەنەکەدا لەسـودان رویەکی بێسەروبەری وەرگرتبـوو، بەشـێوەیەك ئـەو بێسەروبەرییە ببـوە بیانوویـەك بـۆ دەسـتوەردانی سـوپاو گرتنەدەسـتی دەسـەڵات لـە٣٠ی یۆنیوی ١٩٨٩.

**سـێیەم:** لـەئوردنیش، رۆژنامـەو رۆژنامەنووسـەکان لـەکاتی حوکمـە عورفیەکانـدا تاڵییان چەشـت، رێژەیـەکی زۆر لەرۆژنامەنووسـان دوچـاری لێپێـچینەوەو زیندانیکردن بوونەوە، هەندیٚ لەرۆژنامەنووسان گەشتیان بۆ هەندەران لیٚ قەدەغەکراو ژمارەیەك لەرۆژنامەکانیش داخران.

**٥- توێژینەوەی کەمال سەعدی مستەفا ٢٠٠٣[(١)]:**

**تێزێکی دکتۆرایە، بەناونیشانی (چوارچێوەی یاسایی ئازادیی رۆژنامەگەری لەکوردستانی عیراقدا –توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە–) پێشکەشی کۆلێژی یاساو رامیاریی زانکۆی سەلاحەددین لەهەرێمی کوردستانی عیراق کراوە.**

توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە، بۆ بەراوردکردن لەنێوان یاسای فرەنسیو میسریو لوبنانیو عیراقیو هەرێمی کوردستاندا.

**ئامانجی توێژینەوەکەیش بریتیە لە:**

دەستنیشانکردنی کەموکوڕیو لایەنە بەهێزو لاوازەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانو رێگاخۆشکردن بۆ یاسادانەری کوردستانی بۆ دەوڵەمەندکردنو پتەوکردنی سیستمی یاسایی ئازادیی رۆژنامەنووسی لەهەرێم، ئەمەیش لەرێگای بەراوردکردنی یاسای عیراقیو هەرێمی کوردستانی عیراق بەیاسای فرەنسیو میسریو لوبنانی، کە لەکاروانی ئازادیو دیموکراسیدا پێشەنگ بوون.

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەیشی توێژەری ئەو توێژینەوەیە پێیان گەیشتوە، خۆیان دەبیننەوە لە:**

**یەکەم:** ئازادیی رۆژنامەنووسی، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی هەمیشە لای گەلانی دیموکراتیخوازو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە جێگای بایەخ بوە، بۆیە بەڵگەنامە نیشتمانیو جیهانییەکانی مافی مرۆڤو دەستوری زۆربەی وڵاتانی دنیا مافی رادەربڕینیان بەمافێکی بنەڕەتی لەمافەکانی مرۆڤ داناوە.

**دووەم:** سیستمی ئاگاکاری لەسیستمی مۆڵەتوەرگرتنی پێشوەخت باشترەو لەگەڵ گیانی سەردەمو ئەو پێشکەوتنە یەك لەدوایەکانەی جیهان کە لەهەزارەی سێهەمدا لەگشت بوارە جیاجیاکان بەخۆیانەوە بینیوە، بەتایبەتی لەبوارەکانی

---

(١) د. کەمال سەعدی مستەفا: چوارچێوەی یاسایی ئازادیی رۆژنامەگەری لەکوردستانی عیراقدا–توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە–، چ١ (هەولێر: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٦)، تێزێکی دکتۆرایە، چاپکراوە.

گواستنەوەو گەیاندنی زانیارییەکانو بەجیهانیکردنی راگەیاندن، لەرێگەی تۆڕی ئینتەرنێتو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤو دیموکراسییەت، دەگونجێ.

**سێیەم:** ئەو مافانەی رۆژنامەنووس کە لەدەقی مادەی ١٩ی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨ هاتوە مافی ناسەرەکینو یاسادانەری کوردستان بەلای مافە سەرەکییەکانی رۆژنامەنووساندا نەچوە کە لەهەموویان گرنگتر مافی سەربەخۆبوون لەکاری پیشەکانیانداو مافی دەستەبەرکردنی زانیاریو ئامارو هەواڵ لەدەزگا حکومیو ناحکومیەکانەوە، هەروەها مافی وەرگرتنەوەی وەڵامی گشت ئەو پرسیارانەی هەبێ کە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانیان دەکات، بەمەبەستی راپەڕاندنی کارەکەی، مافی ئامادەبوونی گشت کۆنگرەو کۆبوونەوە گشتیەکانی هەبێت، هەروا نابێ فشار بخرێتە سەر رۆژنامەنووس سەرچاوەی زانیارییەکانی خۆی ئاشکرا بکات.

**چوارەم:** زۆربەی دەقەکانی یاسای سزادانی عیراق ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩و هەندێك لەیاسای تری رێکخەری کاری رۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا تەمومژاوینو زیاتر لەمانایەك دەبەخشن، بۆیە ماناکانیان بەپێی ئارەزووی دەسەلات دەگۆڕێن.

**پێنجەم:** یاسادانەری هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی هەندێك ئەرکی خستۆتە ئەستۆی رۆژنامەنووس لەمادەی ٢٠ی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨و مادەی ٩ی یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراودا، کەچی سزا تاوانکارییەکانی دەستنیشاننەکردوە، بۆیە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بنەما گشتییەکانی یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو و یاسای مافی دانەر ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٧١و چەندین یاسای تر، کە یاسای بەرکارن لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت هەردوو یاسادانەری عیراقیو کوردستانی، لەدەقنووسکردنی تاوانەکانی رۆژنامەنووسی، کاریان بەسیستمی یەکبوونی یاسا (وحدة التشريع) نەکردوە، ئەمەیش وایکردوە، لەگەڕان بەدوای دەقە یاساییە سزاییەکاندا، دادگا ئەرکەکەی قورس بێت.

### ٦- توێژینەوەی سامان فەوزی عومەر ٢٠٠٣[١]:

**نامەیەکی ماستەرە بەناونیشانی (مسؤولية الصحفي المدنية الناتجة عن اخطائه المهنية – دراسة المقارنة) پێشکەشی کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی لەهەرێمی کوردستانی عیراق کراوە.**

توێژەر، لەو توێژینەوەیەدا رێگەی شیکاریی بەکارهێناوە، بۆ دەرخستنی مەودای گونجاوی حوکمە گشتیەکانی بەرپرسیارێتیی مەدەنی لەیاسای مەدەنی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بەرپرسیارێتیانەی رۆژنامەنووسان، کە دەرهاویشتەی پابەندنەبوونی یاساییانە، بۆ دیاریکردنی لایەنی لاوازیو کەموکوڕی لەیاساو رێگەی چارەسەرکردنیان. میتۆدی بەراوردکاریشی بۆ بەراوردکردن لەنێوان بەرپرسیارێتیی مەدەنیی رۆژنامەنووسان لەیاسای عیراقیو یاساکانی هەندێك لەوڵاتەکانی دیکە، وەکو فرەنساو میسر، بەکارهێناوە. هەروا بەمەبەستی رونکردنەوەی بەرپرسیارێتیی بەئەنجامگەیشتووی مەدەنی لەناوزڕاندن لەرێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، توێژەر میتۆدی توێژینەوەی دۆخی لەهەندێ پرسی وروژێنەر بۆ مشتومڕی خاوەن پەیوەندی بەرۆژنامەنووسیو بەرهەمهاتوو لەخراپبەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەمەبەستی ناوزڕاندنو دەستدرێژیکردنەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەویتر، بەکارهێناوە.

**ئامانجی توێژینەوەکەیش بریتیە لە:**

**یەکەم**: پێشاندانی شیکارییە بۆ گرنگترین ئەرکو مافەکانی رۆژنامەنووس لەکاتی جێبەجێکردنی پیشەی رۆژنامەنووسیاندا، بەو پێیەی پیشەیەکی سەربەخۆیە، ئەوەیش لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان لەعیراقو هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

---

(١) سامان فوزي عمر: مسؤولية الصحفي المدنية الناتجة عن أخطائه المهنية– دراسة المقارنة، رسالة ماجستير، جامعة سليمانية، كلية القانون، ٢٠٠٣.

**دووەم**: دیــاریکردنی بنــەماکانی بەرپرســیارێتیی مــەدەنی بــۆ ڕۆژنامــەنووس و دەرخستنی ڕوە جیاوازەکانی، لەگەڵ بنەما گشتیەکان بۆ بەرپرسیارێتیی مــەدەنی، بەتایبــەت ئەوانــەی لەئــەنجامی کــارێکی زەرەرمەنــدەوە دەرکەوتوون.

**سـێیەم**: دەرخستنی گـرنگترین ئـەو پێوەرانـەی دادگـا مەدەنییـەکان لـەعیراق و کوردســتانی عیراقــدا لــەکاتی دیــاریکردنی قەرەبووکردنــەوەی ســکاڵای بەرپرسیارێتیە مەدەنییەکاندا، ڕەچاویدەکەن.

**چوارەم**: دەرخستنی ئاستی لێهاتوویی یاساکانی ئێستا بۆ جێبەجێکردنیان لەسـەر ئامرازە نوێکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی تۆڕەکـانی ئینتـەرنێت. هـەروا زانـینی سروشــتی چارەســەرکردن بەشــێوەیەکی زانــستیانە لەدەوڵەتــە پێـشکەوتوەکاندا لـەکاتی کـارکردن لەگـەڵ ناوەڕۆکـە نایاسـاییەکانی سـەر تۆڕەکـانی ئینتـەرنێت، وەك ناوزڕانـدن و ئاشـکراکردنی تایبەتمەندیـەکان، هەروەها شێوازی دیاریکردنی کەسی بەرپرس.

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەیـشی توێـژەری ئـەو توێژینەوەیـە پێیـان گەیـشتوە، خۆیان دەبیننەوە لە:**

**یەکــەم**: دادگاکــانی عــیراق، لەوانــەیش دادگاکــانی هــەرێمی کوردســتان حــوکمی قەرەبووکردنــەوەی بــەبڕە پارەیــەکی کــەم لەســەر زیانــە ئەدەبیــەکان خەملاندوە، ئەمەیش هیچ پاساوێکی بۆ نادۆزرێتــەوە، لەبەرئــەوەی زیـانی ئەدەبی ئەگەر لەزیانی مادی زیـاتر نـەبێت، کـەمتر نیـە، بەتایبـەت ئەگـەر لەئەنجامی دەستدرێژیکردنە سەر شەرەف و کەرامەتەوە سەریهەڵدەدابێت.

**دووەم**: لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردسـتانی عیراقـدا شـتێك بـەڕوونی نـابینین ئامــاژەی دابێــت بەرێپێــدانی کەســە مەعنەوییــەکان ببنــە خــاوەنی ڕۆژنامەیەك، بەپێچەوانەی یاسای چـاپەمەنیی عـیراق و زۆرێـك لەیاسـاکانی تر، بەڵکو تەنانـەت بەپێـچەوانەی ئـەو واقیعـەی لەکوردسـتانی عیراقیـشدا هەیە.

**سێیەم:** دەستوری عیراق* و یاساکانی تری پەیوەنددار بەبەرۆژنامەنووسی لەعیراق – وەکو یاسای چاپەمەنی– هیچ دەقێکی رونیان سەبارەت بەمافەکانی رۆژنامەنووس کە پەیوەندیی بەئازادیی رۆژنامەنووسییەوە هەبێت، لەخۆنەگرتوە، وەك مافی رەخنەگرتن لەئەویترو مافی بەدەستهێنانی زانیاریو مافی ئاشکرانەکردنی سەرچاوەکانی زانیاری، تەنها لەسنوری یاسادا نەبێت.

**چوارەم:** سەرپێچیکردن لەو یاساو بنەمایانەی کارکەرانی بواری راگەیاندن بۆ خۆیانی دادەنێنو بەئێتیکی رۆژنامەنووسی، یان پەیماننامەی شەرەف ناودەبرێن، رۆژنامەنووس لەرێگەی سەندیکای پیشەییو ئەنجومەنە تەئدیبییەکانەوە تووشی لێپێچینەوە دەکات، هەروەها لەلایەن دادیشەوە، بەو پێیەی دەرچوون لەسنوری دیاریکراو لەپەیماننامەی شەرەفی پیشەییو ئێتیکی رۆژنامەنووسی بەهەڵەدادەنرێت، واتە ئەگەر بنەماکانی دیکەی بەرپرسیارێتی دەستەبەر نەکرابوون، بەرپرسیارێتیی یاسایی پێویستدەکات.

### ٧- توێژینەوەی سامان فەوزی عومەر ٢٠٠٧[١]:

**تێزێکی دکتۆرایە بەناونیشانی (إساءة إستعمال حق النقد– دراسة تحليلية مقارنة في القانون المدني) پێشکەشی کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی لەهەرێمی کوردستانی عیراق کراوە.**

توێژەر لەو توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاریی بۆ پێشاندانو شیکردنەوەی بەندە یاساییەکان لەتەشریعاتە عیراقیەکاندا، بەکارهێناوە. میتۆدی بەراوردکاریشی بۆ بەراوردکرنی یاسا عیراقیەکان بەیاسای وڵاتانی دیکە، بەتایبەت

---

* ئەم توێژینەوەیە بەر لەداڕشتنی (دەستوری عیراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥) نووسراوە، بۆیە مەبەست لەدەستوری عیراق لەم توێژینەوەیەدا دەستوری عیراق بۆ ساڵی ١٩٧٠ یە.

(١) سامان فوزي عمر: إساءة إستعمال حق النقد– دراسة التحليلية مقارنة في القانون المدني، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة سليمانية، كلية القانون، ٢٠٠٧.

میسرو ئوردن‌و هەندێکجار فرەنساو دەوڵەتانی ئەنگلۆسەکسۆنی –بەپێی پێویست–، بەکارهێناوە. هەروا میتۆدی هەڵێنجان (الإستنباطي) یشی بۆ دەرهێنانی مەرجە یاساییەکان بۆ رەخنەگرتن لەهەندێباردا کە رادەربڕین دەبێتە تاوان، بەکارهێناوە.

**ئامانجی توێژینەوەکەیش بریتیە لە:**

**یەکەم**: خستنەرووی مەرجە پێویستەکان بۆ پەیڕەوکردنی مافی رەخنەگرتن لەسنوری مەبەستە کۆمەلایەتیەکانی‌و بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتی پێش هەمو شتێك، ئەمەیش لەرێگەی توێژینەوەو شیکردنەوەی ئەو بەندە یاساییانەی پەیوەستە بەئازادیی راو تاوانەکانی بلاوکردنەوەوە.

**دووەم**: خستنەرووی لایەنە جیاوازو پەیوەندیدارەکانی نێوان مافو ئازادی، ئەمەیش بۆ خستنەڕوی سروشتی مافی رەخنەگرتن لەدواتردا، کەوا لەریزی ماف، یان ئازادییەکان دەژمێردرێت؟.

**سێیەم**: خستنەڕوی سنوری بەکارهێنانی مافی رەخنەگرتن، بۆ ئەوەی رەخنەگر بتوانێت پەی بەوە ببات سنوری مافەکانی تاچەندەو ئەرکەکانی چین؟، تاوەکو هەڵەو کەموکوڕیی ناو رەخنەکەی بدۆزێتەوەو بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی چارەسەری بکات.

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەیشی توێژەری ئەو توێژینەوەیە پێیان گەیشتوە، خۆیان دەبیننەوە لە:**

**یەکەم**: هیچ یاسایەك لەتەشریعاتە کۆنەکاندا ئاماژەی بەمافی رەخنەگرتن وەك لایەنێکی گرنگی ئازادیی را نەداوەو دانی پێدانەناوە، تەنها بەرادەیەکی کەم‌و لەسنورێکی بەرتەسك‌و بەتایبەتیش لەبواری ئاینییدا نەبێت، تاوەکو هەڵگیرسانی شۆڕشی فرەنسی کە لەژێر کاریگەریی رێبازی باوی تاکگەرایی لەوکاتەدا، جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤو هاوولاتیانی فرەنسی بەشێوەیەکی رون ئاماژەی پێداوە. دواتر ئەو مافە لەسایەی سیستمە تۆتالیتارو دیکتاتۆریەکاندا پوکایەوە، بەشێوەیەك کەمکرایەوە، تەنها

ناوەکەی مایەوە، تاوەکو ئەوکاتەی جارێکی تر بەشێوەیەکی راستەقینە لەسایەی سیستمە دیموکراسییە نوێکاندا دەرکەوتەوە.

**دووەم:** یاسای زۆربەی وڵاتان، لەوانەیش عیراق، کاتێك پارێزگاری لەدینو سیمبوڵەکانی دەکات لەسوکایەتی پێکردنو جنێودان (السب)و (الشتم)، نەك لەرەخنەگرتنو قسەلەسەرکردنی دروست، پارێزگاری لەخودی ئاینو سیمبوڵەکانی ناکات، بەڵکو بەمە پارێزگاری لەهەستو سۆزی شوێنکەوتوانو باوەڕدارانو ئەو کەسانەی ئەو ئایینەو بیروباوەڕەکەیان هەڵگرتوە، دەکات، ئەمەیش بەئامانجی پاراستنی ئاسایشی گشتیو سیستمی گشتی، بەم پێیە لەسەر داواکاریی گشتیە سکاڵا سزاییەکان بەنوێنەرایەتیی گەل دژی دەستدرێژیکەر بجولێنێت، هەروەها رێگە بەکەس نادرێت بۆ پارێزگاریکردن لەئایینو بیروباوەڕەکان ببێتە بریکار (وکیل).

**سێیەم:** مەرجە دەستەواژەی رەخنەکان لەگەڵ رەخنەلێگیراو (المنتقد) دا گونجاوبن، بەشێوەیەك مەبەستی رەخنەگرتنەکە بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتی بێت، نەك تۆڵەسەندنەوە لەکەسانی تر لەرێگەی سوکایەتیکردن بەناوبانگییانو پەنابردنە بەر دەستەواژەو وشەی بریندارکەرو توندوتیژ بەرامبەریان، لەکاتێکدا پێویستە بزانین سنور لەنێوان مافی رەخنەگرتنو ناوزڕاندن (التشهیر) لەهەموو کاتێکدا جێگیرو چەسپاو نیە، مافی رەخنەگرتنەکە بەتاڵنابێتەوە ئەگەر هەندێکات دەستەواژەی تاڵو توندوتیژی تێدا بەکارهات، لەبەرئەوەی بارودۆخو رۆشنبیریی رەخنەگرەکە ئەوە بەشیاو دەزانێت، سەرەڕای ئەوەیش ئەو بۆنەیەی کە ئەو رایەو سیفەتی کەسەکەو گرنگیی ئەو کاروبارە گشتیانەی رەخنەی ئاراستە دەکرێت، سنوری مافی رەخنەگرتنەکە فراواندەکات لەبەکارهێنانی وشەی نابەجێو توندوتیژ لەدژی رەخنەلێگیراو، لەبەرئەوەی رەخنەگر نیەتپاکی هەیەو ئامانجی لەرێگەی رەخنەکەیەوە، بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتییە، لەگەڵ بوونی مەرجەکانی تری رەخنەگرتن.

### ١. ١١: تاووتوێکردنی توێژەکانی پێشوو:

دوای خستنەڕوی حەوت توێژینەوە، شەشیان بەزمانی عەرەبیو یەکێکیان بەزمانی کوردی، چواریان عیراقیو عەرەبیو سیانیان کوردستانی، لێرەدا تاووتوێیان دەکەین، هەروەها ئەم توێژینەوەیە لەروەکانی ئامانجو میتۆدەوە لەگەڵ ئەو توێژینەوانەدا بەراورد دەکەین.

لەرووی ئامانجەوە، ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکەی (عەبدولحەلیم موسا یەعقوب ٢٠٠٣) هاوشێوەیە. ئەم توێژینەوەیەو توێژینەوەکانی: (حەسەن عیماد مەکاوی ١٩٩٣)، (رەعد جاسم حەمزە ١٩٩٦)، (محەمەد سەعد ئیبراهیم ١٩٩٦)، (کەمال سەعدی مستەفا ٢٠٠٣)و (سامان فەوزی عومەر ٢٠٠٧) لەیەکدەچن. لەگەڵ توێژینەوەکەی (سامان فەوزی عومەر ٢٠٠٣) خاڵی لێکچووی هەیە.

لەرووی میتۆدەوە، ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکەی (حەسەن عیماد مەکاوی ١٩٩٣)، (رەعد جاسم حەمزە ١٩٩٦)، (محەمەد سەعد ئیبراهیم ١٩٩٦)و (عەبدولحەلیم موسا یەعقوب ٢٠٠٣) هاوشێوەیە. لەگەڵ توێژینەوەکانی (کەمال سەعدی مستەفا ٢٠٠٣)، (سامان فەوزی عومەر ٢٠٠٣)و (سامان فەوزی عومەر ٢٠٠٧) جیاوازە.

زۆربەی توێژینەوەکانیش سەبارەت بە بواری یاسای چاپەمەنیو رۆژنامەنووسینو ئەو لایەنەیان کردۆتە ئامانجی سەرەکییان، بۆیە ئەو بابەتانەی لێشی دواون زیاتر بەو لایەدا شکاوەتەوە، کەمتر لەبواری پسپۆریی رۆژنامەنووسییدا بەلای ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووسدا چوون.

### ١. ١٢: کۆسپەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەی زانستیو ئەکادیمی بەزمانی کوردی، وەك زۆربەی بوارەکانی تر، لەو گرفتە هەمیشەییە بێبەش نیە، کە نەبونی، یاخود کەمی سەرچاوەی تایبەتمەندە، بەتایبەت لەبواری میدیاو ڕۆژنامەنووسیداو هۆکاری سەرەکیشی بۆ هەژاریی کتێبخانەی کوردی دەگەڕێتەوە، سەرباری ئەوەی بەزمانانی دیکەیش کەمتر دەستمان بەسەرچاوەی پێویستیی ئەکادیمی ڕاگەیشت، لەبەرئەمە ئەم توێژینەوەیەیش لەو واقیعە بەدەر نەبوە، بەڵام تاڕادەیەك بەگەڕانو پشکنینی زۆری کتێبخانە گشتیو کەسییەکانو پێگە ئەلیکترۆنیەکان هەوڵدراوە ئەو گرفتە کەمبکرێتەوە.

ئەمە جگە لەوەی، بەهۆی ئەوەی بوارەکە بەنسبەت کوردەوە بوارێکی تاڕادەیەك نوێیەو هەوڵەکانی بەئەکادیمیکردنی ڕاگەیاندن لەکوردستاندا کەمن، سەرچاوەی زانستییش لەبارەی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوەو بەزمانی کوردی خۆی، گەلێك کەمە، بەتایبەت لەباسەکانی بەشی سێیەمدا توێژەر ڕووبەڕووی ئەو کۆسپە بوەوە، چونکە توێژینەوەی باری ڕۆژنامەنووسیی کوردیی دوای ڕاپەڕینو هۆکارە کاریگەرەکان بۆ ئەو ماوەیە، دەگمەنە، بەتایبەتییش لەبارەی فاکتەرە کاریگەرەکانی ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا.

### ١. ١٣: دیاریکردنی چەمكو زاراوەکان:

توێژەر بەپێویستی دەزانێت پێناسەی ئەو زاراوە سەرەکییانە بکات کە لەتوێژینەوەکەدا هاتون:

**١. ئازادی (الحرية- Freedom):** مانای دۆخێکی بوونەوەری زیندوو دەگەیەنێت، کە بۆ ستەم ملکەچ نابێتو تەواو بەویستو سروشتی خۆی کاردەکات[1].

---

(١) المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم: المعجم العربي الأساسي، أحمد مختار عمر (محرر)، (اليكسو: ب. د، ١٩٨٨)، ص٣٠٥.

٢. **ئازادیی ڕادەربڕین (حرية التعبير- Freedom of Expression)**: بریتیە لەئازادیی قسەکردن چ بەزارو چ بەنووسین، بەبێ ئەوەی هیچ سەرکوتکارییەکی حکومەتی لەسەر بێت، جگە لەو گوزارشتکردنانەی سوکایەتێپێکردنو بوختان هەڵبەستنو ئابڕووبردنو ئاژاوەگێڕییان تێدایە، یاخود کردەوەی تاوانکارانەی لەوێنەی درۆو دەلەسەو هاندانی پشێوی[1].

٣. **ئازادیی ڕۆژنامەنووسی (حرية الصحافة- Freedom of Journalism)**: بریتیە لەئازادیی تاك لەگوزارشتکردن لەبیرو بۆچوونەکانی لەڕێگەی چاپەمەنییەوە، لەهەموو بابەتێك، بەبێ مۆڵەتوەرگرتن، یان سانسۆری پێشوەخت[2].

٤. **ڕۆژنامەنووسی (الصحافة- Journalism)**: بۆ مانای پیشەی کەسێك بەکاردێت کە هەواڵو را کۆدەکاتەوەو لەڕۆژنامە، یان گۆڤار بڵاویاندەکاتەوە[3].

٥. **ڕۆژنامەنووس (الصحفي- Journalist)**: ئاماژەیە بۆ کەسێك، کە (ڕۆژنامەنووسی)ی وەکو پیشەی خۆی، وەرگرتوە[4].

٦. **ڕۆژنامە (الصحيفة- Newspaper)**: کاغەزی چاپکراوە، کە هەواڵو ڕاو زانستو بەرهەمەکان بەجیاوازیی جۆرەکانییانەوە لەکاتی دیاریکراو، بڵاودەکاتەوە[5].

٧. **هەرێمی کوردستانی عیراق (إقليم كوردستان العراق- Iraqi Kurdiatan Regional Government)**: ناوچەیەکی جوگرافیە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵیە

---

(١) Encarta Encyclopedia: پاراستنی ئازادیی ئاخاوتن، و. لەئینگلیزیەوە: ئاوات ئەحمەد، مەدەنیەت (گۆڤار)، ژمارە ١٥، ساڵی چوارەم، ئاب– ئەیلولی ٢٠٠٣، ل١٦٥.

(٢) د. عبدالله إسماعيل البستاني: حرية الصحافة– دراسة مقارنة، ط١ (القاهرة: ب. د، ١٩٥٠)، ص٦.

(٣) الجوهري: الصحاح في اللغة والعلوم، ط١ (بيروت: دار الحضارة العربية، ١٩٧٥)، مادة الصحف، ص٥٩١.

(٤) لويس معلوف: المنجد في اللغة، ط٣٥ (بيروت: ب. د، ١٩٩٨)، مادة الصحف، ص٤١٧.

(٥) سامي رفائيل بطي: صحافة العراق: نتائج رفائيل بطي، ج ١، (بغداد: ب. د،١٩٨٥)، ص٢٦.

لەچوارچـێوەی کۆمـاری عـێراقو لەلایـەن حکومـەتی عێراقـەوە، بەپـشتبەستن بەدەقی دەستوری هەمیشەیی عێراق، دانی پێدانراوە[1].

**٨. یاسـای ڕۆژنامەنووسـی (قـانون الـصحافة- Media Law):** کۆمـەڵێك ڕێسای یاسـاییە، کـە حـوکم بەسـەر ستراکـچەری ڕاگەیانـدنو ئامرازەکـانی لـەناوەوەو دەرەوەدا دەکاتو لقێکە لەلقەکانی یاسای گشتی[2].

**٩. ئێتیکــی کــاری ڕۆژنامەنووسـی (أخلاقیـات العمـل الـصحفي- Journalism Ethics):** کۆمەڵێك چوارچێوەو ڕێسایە، کە دەبێت ڕۆژنامـەنووسو کارکـەرانی بواری میدیا خۆویستانەو لەسەر بنەمای ویژدانیی خۆیـان، لـەکاتی ئەنجامـدانی کارە پیشەییەکانیاندا لەبەرچاوی بگرن، بەبێ ئەوەی ناچارکرابن، یان فشارێکی دەرەکیان لەسەر بێت، یاخود لەکاتی ڕەچاونەکردنی، یان سەرپێچیکردن لێـی، تووشی سزای یاسایی بن[3].

---

(١) مادەی ١١٣ی دەستوری عیراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

(٢) د. إبراهيم الداقوقي: قانون الإعلام– نظرية جديدة في الدراسـات الإعلاميـة الحديثـة، ( ب. م، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي– جامعة بغداد، مطبعـة وزارة الأوقـاف والـشؤن الدينيـة، ب. س)، ص٦.

(٣) د. محـسن اسمـاعیلی: تعامـل حقـوق واخـلاق در رسـانەها، مطـالعـاتی وتحقیقـاتی وسـایل إرتبـاط جمعی (فصلنامە)، سال هفدهم، شمارە ٣، ١٣٨٥، ص١٠.

# بەشی دووەم
## ئازادیی رادەربڕین

### باسی یەكەم
### چەمكی ئازادیی رادەربڕین

### باسی دووەم
### ریشەی مێژوویی ئازادیی رادەربڕین

### باسی سێیەم
### ئازادیی رادەربڕین لەسیستمە سیاسییە جیاوازەكاندا

## باسی یەكەم
# چەمكی ئازادیی رادەربڕین

### ٢. ١. ١: دەسپێك

كۆمەڵگــەی مرۆیــی لەهــەموو قۆناغــەكانی گەشــەكردنیدا بەســەردەمە جیاجیاكانیەوە، هـەوڵی بـۆ دورخستنەوەی مـرۆڤ لەهـەر گوشـارێكو ئـازادكردنی لەهەر كۆتوبەنـدێك داوە، چـونكە پێیوابـوە كاتێـك مـرۆڤ لەبرسـێتیو تـرسو ئـەو شتانەی كار لەویستو ئیرادەی دەكەن لێی داماڵراو ئازادكرا، دەتوانێت گوزارشـت لەخۆیو راكانی خۆی بكات.

بەشـێوەیەكی گـشتی دوو تێگەیـشتن بـۆ چـەمكی ئـازادی هەیـە، یەكـەمیان (ئـازادی) وەك توانـا، یـان دەسـەڵاتی مـرۆڤ كـە لەرەفتاركردنیـدا رەنگدەداتـەوە، دەبینیو دوەم بڕوایوایە بڕیاری ئەقڵە، بەو پێیەی كە (ئازادی) ویستێك بێت، ئـەوا ملكەچـی ئەقڵـە. كەواتـە ئەگـەر ئـازادی ئـەو رۆڵـە گرنگـە ببـینێو ئـەو بایەخـە گەورەیــەی هــەبێت، شــتێكی سروشــتیە تێكۆشــانی مــرۆڤ لەســەرزەمیندا تــەنها خەباتكردن بێت لەپێناو ئازادیدا، بۆیە مێژووی ئـازادی، مێـژووی مرۆڤـەو مێـژووی مرۆڤیش، مێژووی ئازادییە[1].

بـەگوێرەی تێڕوانینـە جیاوازەكـان دابەشـكردنی جیاجیـایش بـۆ ئازادییـەكان كـراوە، بـەڵام بـڵاو و سـادەترینیان ئازادییـەكان دەكاتـە دوو بەشـەوە: ئازادییـە كەســیو ئازادییــە گــشتییەكان. ئازادییــە كەســیەكان بــریتین لــە: ئــازادیی نیــشتەجێبوون، بــاوەڕ، ئاســایشو ســەلامەتی جەســتەییو زەیــنی، مانــەوە، گواستنەوە، گەیاندن. ئازادییە گشتییەكانیش، ئـازادیی رادەربـڕین، توێژینـەوەی زانستی، رۆژنامەنووسـی، كۆبوونـەوە، پێكهێنـانی حـزبو سـەندیكاو كۆمەڵـەكان، دەگرنەوە[2].

---

(١) د. عماد عبدالمجيد النجار: الوسيط في التشريعات الـصحافة– حريـة الـصحافة/ تنظـيم مهنـة الصحافة/ الجرائم الصحفية، (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٨٥)، ص٤٣.

(٢) أحمد البريدي (اعداد): حرية الصحافة– بحث علمي قانوني، (دمشق: ب. د، ٢٠٠٠)، ص١٨.

ناتوانین باس لەئازادیی میدیا بکەین بەبێ باسکردنی خودی چەمکی ئازادی وەکو سامانێکی گەردونی. ئازادیی رادەربڕینو ئازادیی گەیشتن بەزانیاریو ماف بڵاوکردنەوە، چەندە مافگەلێکی رەوای رۆژنامەنووسو نووسەرانن لەکۆمەڵگایەکی دیموکراسی، ئەوەندەیش ماف تاك بەتاکی هاونیشتیمانیانە بۆ وەچنگخستنی ئەو زانیارییە جیاوازانە[1].

خەڵکی بەدرێژایی پتر لەدوو هەزارو پێنج سەد ساڵ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی رادەربڕینو رەخنەگرتن لەپرسە کۆمەڵایەتی، ئاینی، سیاسیو ئابورییەکان بەردەوامبون لەخەباتکردن، هەروەك لەزۆربەی سەردەمو کۆمەڵگەکاندا، بەهۆی مەیلیان بۆ گوزارشتکردن لەبیروڕاکانیان بەشێوەیەکی رونو ئازادانە، روبەڕوی مەترسیو سزای گەورەی تاکو سنوری کوشتن بوونەتەوە[2]، بەڵام گەشەکردنی مەدەنیەتو پێشکەوتنی زانستە فیقهیو یاساییەکان جەختی لەسەر مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ لەقۆناغە دەستورییەکاندا کردەوە، کە لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا لەرێگای نووسینەوەو تۆمارکردنی ئەو مافانە لەبەڵگەنامە دەستورییەکاندا دەستیپێکرد، لەکۆنترین ئەو بەڵگانامانەیش: بەڵگەنامەی مەزن (الوثيقة الكبرى)ی ئینگلیزی – ١٢١٥ ز، گەڵاڵەی جاڕنامەی مافە ئەمەریکاییەکان لەویلایەتی فێرجینیا – ١٢ی حوزەیرانی ١٧٧٦ ز، جاڕنامەی ئەمەریکا بۆ ماف مرۆڤ ١٧٨٩ ز،و جاڕنامەی ماف مرۆڤو هاووڵاتی لەفرەنساو لەهەمانساڵدا[3].

مانای ئازادیی رادەربڕین دەستکەوتی بیری رۆشنگەریی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بوو، دوای قەدەغەکردن، دانانی سانسۆر لەسەر چاپەمەنیو چەسپاندنیان لەدەستوردا بوە سیمبولێکی راپەڕینی هاووڵاتی دژی چەوسانەوەو دانانی سنور بۆ مافەکانی، بۆیە لەیەکەمین چاکسازی لەدەستوری ئەمەریکادا ١٧٩١ "Bill Rights" ئازادیی رادەربڕین لە(مادەی ١٢)دا بانگەشەی بۆ کرا[4].

---

(١) هێرش رەسوڵ: میدیاو دەسەڵات (کۆدیدار)، چ١ (سلێمانی: لەکتێبە چاپکراوەکانی رۆژنامەی "چاودێر"، ٢٠٠٨)، ل١٢.

(٢) د. حسن عماد مكاوي: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٩.

(٣) د. إبراهيم الداقوقي: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٥.

(4) Hartung Fritz. Die Entwicklung der Menschen- und Burgerrechte von 1776 bis zur Gegenwart, Gottingen/ Berlin/ Frankfurt 1972, S. 43.

دوای ئەمانـــەیش هەنـــدێ بەڵگەنامـــەی تـــر لەهەنـــدێ وڵاتـــدا گەڵاڵـــەکران، گرنگترینیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی (جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ)ە، کە پێڕەوێکی نێودەوڵەتییە بۆ مافەکانی مرۆڤو بـەپێی بڕیـاری ٢١٧ ئـەلیف (د-٣)ی ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٤٨ی کۆمەڵەی گشتیی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـەپاریس متمانەی پێدراوە، جگە لە(دێباجە) کەی، لە(٣٠) بەند پێکهاتوە، تیایدا مافـەکانی مرۆڤو ئەو ئازادییە بنچینەییانە دیاریـدەکات کـە مـاف بەهـەموو ژنو پیاوێـك لـەم جیهانەدا، بەبێ جیاوازی دەدات[1]، لەگرنگترین بەندەکانیشیدا کە بەنـدی (١٩) یـە جـەخت لەسـەر ئـازادیی رادەربـڕین کراوەتـەوە: "هـەموو کەسـێك مـاڤ ئـازادیی بۆچوونو دەربڕینی هەیە، ئەم مافـەیش ئـازادیی پیـادەکردنی بـێ دەسـتوەردانی بۆچوونو هەواڵو بیروەرگرتنو بڵاوکردنەوەیان بەهەر ئامرازێك دەگرێتـەوە، بـەبێ پابەندبوون بەسنوری جوگرافیاییەوە."[2]*

---

(١) الشرعة الدولية لحقوق الإنسان، ط٢ (اربيل: ASK، 2001) ص ص٢،٥.
(٢) الاعلان العالمي لحقوق الانسان.
/(www.un.orgArabic/aboutun/humanr.htm)<(11/11/06)>

* هەر بـەناوی ئـەم مادەیـەوە، دامەزراوەیـەك پێکهـاتوە کـە دامەزراوەیـەکی ناحکومییـە، بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی سانـسۆر لەسـەر ئاسـتی جیهانـدا، بـەمیتۆدیو بەشـێوەیەکی یەکـسان کاردەکات. لەساڵی ١٩٨٧ دامـەزراوەو لەلایـەن کەسـانی سـەربەخۆو گـروپو ئـەو وڵاتانـەی داکۆکی لەئازادیی رادەربـڕین دەکـەن، هاوکـاریی دەکـرێن. لـە٣٠ وڵاتـی جیهانـدا ئامـادەیی هەیەو بنکەی سەرەکی لەبریتانیایەو نوێنەرایـەتیی لەئەمـەریکاو کەنـەداو ئـەفریقادا هەیـە. بەنوێنەرایەتیی ئەو کەسانە کە قوربانی سانـسۆرنو لـەرووی جەسـتەییەوە روبـەڕوی ئـازار، یان کوشتن، یان گرتنی زۆردارانە بوونەتەوە، یـاخود هەڵـسوکەوتییان کۆتوبەنـدکراوە، یـان دورخراونەتەوە لەکارەکانیانو ئەو دەزگا راگەیاندنانـەیش (نووسـراو، بینـراو، بیـستراو) کـە قەدەغـەکراونو ئاگادارکراونەتـەوەو هەڕەشـەیان لێکـراوە، دامـەزراوەو کۆمەڵەسیاسـیو کرێکارییەکان کە مافـەکانییان پێشێلکراوە یـان لـەناوبراوە یـان بێدەنگکراوە، کاردەکات. دامـەزراوەی **Article 19** (مـادەی ١٩) بەبەرنامـەو توێژینـەوەو بڵاوکـراوەو هەڵمـەتو دەستوەردانە یاساییەکانی روبەڕوی سانسۆر بەهەموو شێوەکانییەوە دەبێتـەوە. چـاودێری وەڵامی تاکەکان دەکات بۆ ئەو دەوڵەتانەی لەگەڵ بنەما نێودەوڵەتییەکانـدان بـۆ پاراسـتنی ماڤ ئازادیی رادەربڕین. لەسـەر ئاسـتی حکـومییش لـەپێناوی رەواجپێـدانی رێزلێگرتنێکـی فراوانتر بۆ ئەم مافە، کار لەگەڵ حکومەتەکاندا دەکات. بڕوانە:
http://www.article19.org/work/regions/middle-)
<(east/arabic.html)<(1/2/07)>

جگە لەمانەیش چەند گەڵاڵەنامەیەکی تر تایبەت بەمافی ئازادیی رادەربڕین لەیاسا نێودەوڵەتیەکاندا هەن(١) لەوانە: پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەکان(٢)(*). لەمادەی ١٩ یدا هاتوە:

"١. هەموو مرۆڤێك، مافی پەیڕەوکردنی هەر بیروڕایەکی هەیە، بەبێ تەنگ پێهەڵچنین.

٢. هەموو مرۆڤێك، مافی ئازادیی رادەربڕینی هەیە، ئەم مافەیش ئازادیی توێژینەوە لەزانیاریو بیروڕاو بەدەستهێنانو گواستنەوەیان بۆ کەسانی تر دەگرێتەوە، بێ رەچاوکردنی سنور، چ بەشێوەی نووسراو، یان چاپکراو، یان لەچوارچێوەیەکی هونەریدا بێت، یان بەهەر شێوەیەکی تر هەڵیبژێرێت.

٣. پەیڕەوکردنی ئەو مافانەی لەبڕگە ٢ی ئەم مادەیەدا هەیە پابەندە بەئەرکو بەرپرسیارێتیی تایبەتەوە، لەبەرئەوە دەکرێ ملکەچی هەندێ کۆتوبەندی دیاریکراو بێت، بەڵام تەنها بەدەقی یاسایی کە پێویست بێت بۆ:

أ. رێزگرتنی مافو ناوبانگی کەسانی دیکە.

ب. پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، سیستمی گشتی، تەندروستیی گشتی، ئادابی گشتی"(٣).

بەهەمان شێوە، مادەی ١٠ لەرێککەوتننامەی ئەوروپیی مافەکانی مرۆڤ ١٩٥٠(+)، مادەی ١٣ لەرێککەوتننامەی ئەمەریکیی مافەکانی مرۆڤ ١٩٦٩(×)،

---

(١) حرية التعبير في العراق: التطورات الآخيرة، اب ٢٠٠٧.
www.article19.org/pdfs/publications/iraq-free-speech-arabic.pdf <(07/9/27)>

(٢) الشرعة الدولية لحقوق الانسان، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٢.

* بەبڕیاری ٢٢٠٠ ئەلیف (د- ٢١) لە١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٦٦ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان متمانەی پێدراوەو لە٢٣ی ئازاری ١٩٧٦ جێبەجێکراوە.

(٣) بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەکان، و. محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، رێبازی نوێ (گۆڤار)، ژمارە ٦، ١٩٩٥، ل٩٤.

+ لەچوارچێوەی ئەنجومەنی ئەوروپا لەرۆماو لە٤ی تشرینی دوەمی ١٩٥٠ پەسەندکراوە.

× لەکۆنگرەی مافەکانی مرۆڤ لەسان خۆسێ (کۆستەریکا)و لە ٢٢ی تشرینی دوەمی ١٩٦٩ پەسەندکراوە.

مادەی ٩ لەبەڵگەنامەی ئەفریقیی مافەکانی مرۆڤو گەلان ١٩٨١[(١)][*]، مادەی ٣٢ لەبەڵگەنامەی عەرەبیی مافەکانی مرۆڤ ٢٠٠٤[□]، مادەی ٢٣ لەپرۆژەی جاڕنامەی عیراقیی مافەکانی مرۆڤ [+]٢٠٠٣[(٢)] و... تاد جەخت لەسەر مافی ئازادیی رادەربڕین دەکەنەوە، بەمەرجێك پاراستنو رێزگرتنی مافو ناوبانگی ئەوانیتر، ئاسایشی نەتەوەیی، سیستمی گشتی، تەندروستیی گشتی، ئادابی گشتی رەچاوبکرێت[(٣)]، لەبەر ئەمەیە دەوترێت، ئازادیی رادەربڕین گرنگترین توخمە لەمافی مرۆڤی نێودەوڵەتیدا، بەڵام خاوەنی زنجیرە سنورداریەکی یاساییانەیشە، سەرجەم یاسا نێودەوڵەتییەکان کە ئازادیی رادەربڕینیان وەك پرەنسیپێك پەسەندکردوە، سنورو ئاستێکی دیاریکراویشیان هەبوە، کە لەراستیدا ئەم ئازادیانە نابێ ببنە مایەی پێشێلکردنی مافی ئەوانیتر. هەروا دەستورو یاسا لۆکاڵیەکانیش لەدەوڵەتە جیاوازەکاندا، بەپێشکەوتوەکانیشەوە، جەخت لەسەر هەندێ سنور، یان رەچاوکردن لەپرسی رادەربڕینی ئازاددا دەکەنەوە، بۆ نمونە رۆبێرت مینارد (سەرۆکی رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنور)[(×)] دەڵێت: "لەفرەنسا تەنها سێ

---

(1) http://www1.umn.edu/humanrts/arab/a005.html>(15/2/08)<

* لەکۆنگرەی لوتکەی ئەفریقیدا لەنیرۆبی (کینیا) لەحوزەیرانی ١٩٨١ پەسەندکراوە.

□ لەدانیشتنی ٢٨ی کۆمکاری وڵاتە عەرەبیەکان لە٢٣ی ئایاری ٢٠٠٤ پەسەندکراوە.

+ لەژمارە ١٣٠ی رۆژی ٣ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٣ی رۆژنامەی (الصباح) –کە رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیی رۆژانەیە تۆڕی راگەیاندنی عیراق دەریدەکات–، وەکو پرۆژەیەك بۆئەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەحکومەتی عیراق پەسەندیبکات، بڵاوکراوەتەوە.

(٢) صباح صادق جعفر (إعداد): حقوق الإنسان (وثائق)، ط١ (بغداد: دار الكتب والوثائق، ٢٠٠٣)، ص ص٦، ١٥، ١٦.

(٣) الحق في حرية الرأي والتعبير، حقوق الانسان في مجال إقامة العدل، دليل بشأن حقوق الإنسان خاص بالقضاة والمدعين العامين والمحامين، ص٤٩٤.

× رێکخراوێکی نێودەوڵەتییە، بۆ داکۆکیکردن لەئازادیی رۆژنامەنووسیو خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی کاردەکات، لە٣ی ئایار رۆژی جیهانیی ئازادیی رۆژنامەنووسیدا، هەموو ساڵێك راپۆرتێك لەبارەی رەوشی رۆژنامەنووسان لە٥٠ وڵاتدا بڵاودەکاتەوەو پێشنیار بۆ گروپەکانی رۆژنامەنووسان لەدنیادا دەکات هاوکاریی رۆژنامەنووسە زیندانیکراوەکان بکەن کە لەژێر چاودێرییدان. مانگی کانونی یەکەمی هەموو ساڵێکیش خەڵاتی پەیامنێرانی بێسنور–بەرۆژنامەنووسێك دەبەخشێت کە لەبواری داکۆکیکردن لەئازادیی رۆژنامەنووسی لەوڵاتەکەیدا، دەرکەوتوە (ساڵی ٢٠٠٧ بۆ یەکەمجار ئەو خەڵاتە بەرۆژنامەنووسێکی کورد بەخشرا (عەدنانی حەسەنپور) کە لە٢٠٠٧/١/٢٥ەوە لەئێران لەزیندانداییەو بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوە). بڕوانە:

مەسەلە هێڵی سوورن کە ڕۆژنامەنووس ناتوانێت بیانبەزێنێت، ئەوانیش: (تانەوتەشەرو ناوزڕاندنی بەرامبەر، بڵاوکردنەوەی بیری رەگەزپەرستیو رقوکینەو هاندانی توندوتیژی) ین، جگە لەوانە ڕۆژنامەنووس دەتوانێ ئازادانە رەخنە لەهەر کەسو دامەزراوەیەك بگرێت، بەڵام پێویستە لەزانیارییەکان وردبێت، ئەگەرنا دوچاری لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتو، تەنها دادگایش بۆی هەیە ئەو مەسەلانە یەکلابکاتەوە"[1].

ئازادیی ڕادەربڕین وەك زۆربەی ئازادییەکانی دیکەی تاك رەها نیە، بەڵکو بەچەند مەرجێکی پێویست بۆ ڕێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆتوبەندکراوە. ژیانی مرۆڤ لەگەڵ کەسانی تر لەکۆمەڵگەیەکی ڕێکخراودا پێویستیدەکات ئازادییەکانی بەهەندێك کۆتوبەندی ڕێکخراو سنورداربنو چێژوەرگرتن لەئازادییەکان هەموان بگرێتەوە، بەو پێیەی ئازادیی کەسێك بەدەستپێکردنی ئازادیی کەسانی تر کۆتایی پێدێت[2].

ئازادیی رەها بوونی نیە، مومکین نیە مرۆڤ ئازاد بێت بەئازادییەکی رەها لەهەموو کاتو هەڵوێستێکدا، ئەوەیش کە دەوترێت مرۆڤ بەئازادی لەدایکبوە خاڵی نیە لەهەڵەیەکی باو، مرۆڤ بەتەواوی بەدەستەوەستانی لەدایکدەبێت، بێتوانا لەژیان بەسەربەخۆیی، بەردەوامیش پشت بەوانی دیکە دەبەستێت[3].

دەستنیشانکردنی سنوری هاوسەنگی لەنێوان ئازادیی ڕۆژنامەنووسیو ئازادیی تاك لەسەر واتای سیستمی گشتیو ئێتیكو چەمکی ژیانی تایبەتی دەوەستێت، ئەم هاوسەنگیە لەهەموو دەوڵەتێکیش دادەنرێت[4].

---

http://www.rsf.org/imprimer_ar.php3?id_article=19127>(16/2/08)>" چاودێر (ڕۆژنامە)، ژمارە ١٦٠، دووشەممە، ٢٠٠٨/١/٢١، ل١٠).

(١) ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەرگرتن لەزمانی زبرو تانەو تەشەر تاووتوێدەکەن (هەواڵ)، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە ٤٢٣٥، هەینی ٢٠٠٧/٤/٦، ل ل١-٢.

(٢) د. ماجد راغب الحلو: حرية الإعلام والقانون، (الأسكندرية: منشأة المعارف، ٢٠٠٦) ص١٧.

(٣) د. محمد الأمين أبوهجار: الصحافة بين الحدود والحرية، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٧)، ص٢٤.

(٤) فتحي حسين احمد عامر: أخلاقيات الصحافة في نشر الجرائم- دراسة تحليلية مقارنة، ط١ (القاهرة: ايتراك للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦)، ص ص٤٧- ٤٨.

فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن ستیوارت میلٚ* لەکتێبی (بنەماکانی لیبرالّیزمی سیاسی) دا، وایدادەنێت، "ئازادیی رادەربڕین پێویستیەکە پشت بەچوار بنەمای سەرەکی دەبەستێت[1]:

**یەکەم:** ئەگەر رایەك ناچارکرا بێدەنگ بێت، دەشێت رایەکە راست بێت، هەرکەسێکیش نکوڵی ئەمە بکات، خۆی دەخاتە نێو ئەو خانەیەی کە هەرگیز هەڵەناکات (بەدەرە لەهەڵە).

**دووەم:** ئەگەر ئەو رایەی بێدەنگمانکرد هەڵەبێت، دەشێت بەشێك لەهەقیقەت لەخۆبگرێت، ئەمەیش زۆرجار رودەدات، هەروا لەبەرئەوەی رایەکی گشتیو بڵاو دەربارەی بابەتێك زۆر بەکەمی هەموو هەقیقەت لەخۆدەگرێت، بۆیە تاکە رێگە بۆ دەرخستنی ئەوەی کە لەهەقیقەت ماوە بریتی یە لە رێگەخۆشکردن بۆ رادژەکان، تاوەکو ململانیٚ بکەن.

**سێیەم:** تەنانەت واشدابنێین کە رایە بڵاوەکە، نەك هەر راست نەبێت، بەڵکو هەموو هەقیقەت لەخۆبگرێت، کە روبەڕوی گفتوگۆیەکی بەهێزو یەکلاکەرەوە نەبووەوە، ئەوا لای زۆرینەی ئەوانەی بڕوایان پێیەتی دەبێتە بیروباوەڕێکی چەسپاو بەشێوەیەکی کرچوکاڵ، بەبیٚ ئەوەی کەس لەو بنەما عەقڵیانەی بگات کە لەسەریان دەوەستێت، یان هەستیان پێدەکات.

**چوارەم:** هەر ئەمەیش نا، بەڵکو واتای ئەم رایە خۆی لەمەترسیی ونبون، یان لاوازبوون دەبینێتەوە، لەکارتێکردنی چالاکانە لەسەر ئێتیكو رەفتار بێبەشدەبێت، بیروباوەڕەکەیش بۆ بیروباوەڕێکی روکەشی دەگۆڕێت کە

---

* جۆن ستیوارت میلٚ (John Stewart Mill) ١٨٧٣-١٨٠٦ز: یەکێکە لەفەیلەسوفو ئابوریناسە بەناوبانگەکانی سەدەی نۆزدەیەمی ئینگلتەرا، کوڕی فەیلەسوفی رێبازی سودگەرایی (جیمس میلٚ ١٧٧٣ – ١٨٢٣)ە، بەپێشەنگی لیبرالیزمی نویٚ دادەنرێت، جگە لەکاری تیۆری، کاری رۆژنامەنووسیو سیاسیشی کردوە، گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە: سیستمی لۆژیك ١٨٤٣، پرەنسیپەکانی ئابوریی سیاسی ١٨٤٨، دەربارەی ئازادی ١٨٥٩. بڕوانە: (الان بالمر: موسوعة التأريخ الحديث ١٧٨٩ – ١٩٤٥، ت: سوسن فيصل السامر و يوسف محمدأمين، ج١، (بغداد: دار المأون، ب. س.)، ص ص١٠٢- ١٠٣).

(١) جون ستيوارت مل: أسس اللبرالية السياسية، ت: م. د. إمام عبدالفتاح إمام، م. د. ميشيل متياس، (القاهرة: مكتبة مدبولي، ١٩٩٦)، ص ص١٨٠-١٨١.

هـيچ سـودێکی نابێـت، ئەمـەيش بريتيـە لەکەوتنـە چـاڵێکەوە کـە لێـی دەرنايەتەوە، ئـيتر رێگـە لەگەشـەکردنی هـەر بڕواپێبـونێکی راسـتەقينەو دڵسۆزانە دەگرێـت کـە لەئـەنجامی عـەقڵو ئـەزمونی کەسـيەوە بەرهـەم بێت".

ئەگـەر بيرکردنـەوە لـەو شـتانەی پەيوەنـديی پێـوە هەيـەو ئـەو دياردانـەی رودەدەنو دەکەونـە ژێـر پـەی پێبردنيـەوە مـافی هـەرتاکێك بێـت، ئـەوا ئـازاديی رادەربـڕين بەيـەکێك لـەبڕبڕەکانی ئازادييـە هزريـەکان دادەنرێـت. بيروبـاوەڕە ناوەکييەکانی تاك بەشێوەيەکی سەربەخۆو هەڵبژێردراو بيروبۆچـوونێکی هـزريين، بۆيە ئەم مافەيش بەشێوەيەکی کەموکورت دەمێنێتەوە ئەگەر نەتوانێت گوزارشت لەبيروبۆچوونو باوەڕەکانی بکات، ئەمەيش بەگواستنەوەی لەناو خـودی خۆيـەوە بـۆ پانتاييـەکی دەرەکـیو گەيانـدنی بەکەسـانی ديکـە، ئەمـەيش لەرێگـەی گفتوگۆکـانی لەدانيـشتنە گـشتیو تايبەتييـەکانی خۆيـەوە، يـان لـەوتاردانو وانەکانيدا، يان لەنووسينو وتارەکانيدا[1].

ثورگـود مارشـاڵ* دەڵێـت: "هەموارکردنـە دەستورييە يەکـەمیkەکـان تـەنها خزمـەتی پێويـستييەکانی کۆمەڵگـە ناکـەن، بـەڵکو لەبەرامبەريـشدا خزمـەتی پێويستيەکانی رۆحـی مـرۆڤ دەکـەن –ئـەو رۆحـەی کـە داوای ئـازاديی رادەربـڕين دەکـات–، بەمـشێوەيە ئـازاديی رادەربـڕين وادادەنرێـت کـە بەهايـەکی تايبـەتی هەبێت، ئەمەيش بەهۆی کۆمەڵێ هۆکارەوە کە پەيوەنـديی نيـە بەگـەڕانی گروپـی بـەدوای راسـتيدا، هـەروا پەيوەنـدی نيـە بەپرۆسـەی بڕيـاری خـودی، وەکـچۆن پەيوەنديشی نيە بەهيچ چەمکێکی تـرەوە کـە مانايـەکی گشتی بگەيـەنێ، بـەڵکو ئـازاديی رادەربـڕين مانـای مـافی قـسەکردنە کـە لـەنێو زەينـی کەسـێکدايە، تـەنها

(١) د. هاني سليمان الطعيات: حقوق الانسان و حرياته الأساسية، ط١ (عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع، ٢٠٠٦)، ص١٨١.
* ثـورگـود مارشـاڵ(Thurgood Marshel) ١٩٩٣–١٩٠٨)ز: دادوەرێکـی ئەمـەريکی بەرەگەز ئەفريقيە، يەکێکە لەبەناوبانگترين بەرگريکارانی مافە مەدەنييەکان. بڕوانە: (http://library.thinkquest.org/3337/tmarshal.html)<(4/2/08) >

لەبەرئــەوەی ئــەو زەینــە خــودی کەســەکە خۆیــەتی، ئەمــەیش مــافی قــسەکردنە بەدیاریکراوی‌و بەهێزو چـالاکییەوە، ئەگـەرهاتوو لای قـسەکەر هیوایـەکی واقیعـی نەبوو کە گوێگران تێڕوانینەکانی وەردەگرن، ئەگەر بەڵگـەی بـەهێز نـەبوو لەسـەر ئەوەی کە گەڕان بەدوای راستیدا سود لەم قسانە وەردەگرێت، ئازادیی قـسەکردن بــەبێ هــیچ کۆتێــك لای قــسەکەر هەســتێکی نــاوەکی بەســرەوتن (راحــة)ی لادروستدەکات، هەروا هەستکردن بـەخۆی لا دروسـتدەکات، ئـەم دوو رەگـەزەیش دوو رەگەزی بنەڕەتین بۆ سەلماندنی کەسێتی."[1]

ئازادیی رادەربڕین بەیـەکێك لەکۆڵەکـە بنەڕەتیـەکانی دیموکراسـی دادەنرێـت‌و یەکێکە لەروە هەرە دەرکـەوتوەکانی[2]، هـەروا بەڵگـەی یەکـەمین‌و گرنگترینـە بـۆ بـوونی دیموکراسـی‌و گرەنتیـە بـۆ بـەردەوامبوونی[3]، بۆیـە پرەنـسیپی ئـازادیی رادەربڕین لەپرەنسیپە دیارەکانە کە هەموو دەستورەکان لەکۆمەڵگە جیاوازەکاندا جەختیان لەسەرکردۆتەوە.[4]

لەسایەی ئازادیی رادەربڕیندا کەشوهەوایەکی ئـەوتۆ بـۆ دەزگاکـانی راگەیانـدن دەڕەخـسێت بیروبۆچـوونەکان تیایانـدا گەشـەبکەن، ئـەم کەشـوهەوایەیش رێگـە بەبیروبۆچوونەکان دەدات بەیەکابچن‌و راکانیش کارلێك بکەن[5].

---

(١) رودنـی أ. سمـوللا: حريـة التعـبير في مجتمـع مفتـوح، ت. كمـال عبـدالرؤوف، ط١ (القـاهرة: الجمعيــة المــصرية للنــشر المعرفــة والثقافــة العالميــة، ١٩٩٥) ص٢٠. وەریگرتــوە لــە: Procunier v. Martinez, 416 U.S. 396, 427 (1974), R.Smolla Suing The press: libel, The media, and power 257 (1986), See .Nimmer. Supra

(٢) د. عبدالحليم موسى يعقوب: سەرچاوەی پێشوو، ص٦٢.

(٣) أصوات مخنوقة– دراسة في التشريعات الإعلامية العربية– المغرب. الجزائر. تـونس. لبنـان. البحرين، (عمان: مركز حماية و حرية الصحفيين، ٢٠٠٥)، ص٧.
http://www.cdfj.org/look/PDFs/ASWAT.pdf<(10/11/06)>

(٤) د. محمـد حـسام الـدين: المـسئولية الإجتماعيـة للـصحافة، ط١ (القـاهرة: الـدار المـصرية اللبنانية، ٢٠٠٣)، ص١٣.

(٥) أ. د. هادي نعمان الهيتي: تعددية وسائل الإعلام وحريـة الـرأي والتعـبير، تواصـل (المجلـة)، عدد ١٥، سنة ٢، تموز ٢٠٠٧، ص١٧.

### ٢. ١. ٢: پێناسەی ئازادیی ڕادەربڕین

ئـازادیی ڕادەربـڕین کـە بەرامبـەر زاراوەی (حريـة التعـبير)ی زمـانی عـەرەبی‌و (Freedom of expression) ی زمـانی ئینگلیـزی دێـت، لەهەنـدێ ئەنسیکلۆپیدیایش بە(ئازادیی قـسەکردن/ حريـة الكـلام/ Freedom of speech) هـاتوە. لـە (القـاموس الموسـوعي للمـصطلحات الإعلاميـة)دا، ئـازادیی ڕادەربـڕین بە"مافی تاکە لەوەرگرتنی بۆچوونەکان بەبێ دەستوەردان‌و، گوزارشتکردنە لـەڕای خۆی، ئەم مافە گەڕان بەدوای زانیـاری‌و بیرەکـان بەهـەر جۆرێـك‌و گواسـتنەوەیان بەچاوپۆشیکردن لەسنور دەگرێتەوە، ئیتر بەزارەکی، یان نووسراو، یـان چـاپکراو بێـت، لەبۆتەیـەکی هونـەری، یـان هـەر ئـامرازێکی تـر کـە هەڵبـژێرێت، ئەمـەیش لەسنوری یاساو لەپێناو پاراستنی سیستمی گشتیدا"[1] پێناسـەکراوەو لـە(معجم المـصطلحات الاعلاميـة)یـشدا بـە"مـافی خـەڵك لەخـستنەڕووی ڕاو، گوزارشـتکردن لەبۆچوون‌و بیرەکانیان"[2] هاتوە.

لێرەوە هەوڵدەدەین ئازادیی ڕادەربڕین پێناسە بکەین، سـەرباری ڕەچـاوکردنی ئەو ڕاستیەی کە وایدەبینێ: لەقاڵبدانی چەمکەکان کارێکی زەحمەتە، چونکە نابێ ئـەوەمان بیربـچێت لەپـشت هـەموو پێناسـکردنێکەوە ترسـی سـادەکردنەوەی چەمکەکەو لەچوارچێوەنانی ئامادەگی هەیـە، بـەڵام نـابێ ئـەم ترسـەیش بـەرەو قسەنەکردن لەسەر چـەمکەکەو پێناسـەنەکردنیمان بـەرێت، بـەڵکو بەپێـچەوانەوە دەبێت ڕووەو دۆزینەوەی ئاسۆی ترمان ببات.

---

(١) د. محمد فريد عزت: القاموس الموسوعي للمـصطلحات الإعلاميـة (إنجليـزي – عربـي)، ط ١ (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢)، ص٢٤٨.

(٢) د. كرم شلبي: معجـم المـصطلحات الإعلاميـة (إنجليـزي/ عربـي)، ط ٢ (بـيروت: دار الجيـل، ١٤١٥هـ – ١٩٩٤م)، ص٤١٢.

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین ئازادیی ڕادەربڕین سیمایەکە لەسیماکانی ئازادیو لەتەك هەریەك لە(ئازادیی پەرستن، ئازادبوون لەپێویستی، ئازادبوون لەترس) بەیەکێك لە(چوار ئازادییەکە)* دەژمێردرێت.

ناتوانرێت ئازادیی ڕادەربڕینو وتنو باوەڕهێنانو کۆبوونەوەو ڕێکخستنو پەیڕەوکردن لەیەکتری جیابکرێنەوە، وەکچۆن لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتیو ئابوریو ڕۆشنبیریو سیاسی...یش دانامالرێن.[1]

بۆ یەکەمینجار پێناسەی ئەم چەمکە لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمداو لەمادەی ١١ی جاڕنامەی مافی مرۆڤو هاووڵاتیی فرەنسی ساڵی ١٧٨٩دا خرایەڕوو، کەدواتر ئەو جاڕنامەیە بوە سەرچاوەی ڕێککەوتننامەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ ١٩٥٠و لەوبارەوە پێیوایە: "گواستنەوەو چاپو بڵاوکردنەوەی ئازادیی بیروڕا یەکێکە لەگرنگترینو بایەخدارترین مافەکانی مرۆڤ، کەواتە هەموو هاووڵاتییەك دەتوانێت بەئازادی قسە بکات، بنووسێتو چاپو بڵاوبکاتەوە، بەدەر لەو حاڵەتانەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خراپبەکارهێنانی ئەم ئازادییە لەیاسادا دیاریکراوەو شایانی چاودێریکردنو بەدواداچوونە"[2].

---

* چوار ئازادیەکە (Four Freedoms): زاراوەیەکە کە فرانکلین ڕۆزفێڵت (سەرۆکی ئەوکاتەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا) لەوتارێکیدا بۆ کۆنگرێس کە لە٦ی کانونی دوەمی ١٩٤١ دا پێشکەشیکرد، بەکاریهێناوە. ئەوەیش لەئاماژەکردنیدا بۆ گرفتەکانی ئەو ئازادییەی کە دەبێت بۆ هەموو هاووڵاتیەك دابینبکرێ، ئەویش ئازادیی ڕادەربڕینەو هەریەکە لەئازادیی قسەکردنو نووسینو ڕۆژنامەنوسیو بڵاوکردنەوە دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوانەیشی کە لەهۆیەکانی گوزارشتکردن، ئازادیی پەرستن، یان باوەڕهێنان، یان ئایین، هەروەها مافی تاکەکان لەپەیڕەوکردنی بیروباوەڕ یان ئایین کە بڕوایان پێیەتیو پەیوەندیدارن بەکەشەکانی پەرستنەوە، سەرباری ئازادیی ئازادبوون لەپێویستیو دواتریش ئازادبوون لەترس، بەڵگەنامەی هاوپەیمانی ئەتڵەسیش کە لە١٤ی ئابی ئەو ساڵەدا ڕاگەیەندراوە، زامنی ئەم پرەنسیپانەی کردووە. بڕوانە: (موسوعة السياسية، ط٣ (عمان: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، دار الفارس للنشر والتوزيع، ١٩٩٧)، ص٢٤١).

(١) صلاح الدين حافظ: أحزان حرية الصحافة، ط٢ (القاهرة: مركز أهرام للترجمة والنشر، ١٩٩٧)، ص٢٤.

(٢) د. يونس شكر خواه: روزنامەنگاری سایبر– جامعه اطلاعاتي وازادي بيان، ط١ (تهران: چاپخانەو ليتوگرافی کانون، ١٣٣٦)، ص ص ١٩٥–١٩٦.

ئازادی، گشتێکە پارچە پارچە ناکرێت، بەڵام ئازادیی رادەربڕینو ئازادیی کەمیونیکەیشن دەکەونە چەقی هەموو ئازادییەکانەوە.(١)

ئازادیی نووسینو رادەربڕین دەکەوێتە سەرەتای هەنگاوەکانی دیموکراسییەوە، بۆیە وەك هەر هەنگاوێکی تر، چەندە چاك بێ، ئەوەندە کاریگەریی زیاتری لەسەر گەل دەبێ، بەتایبەت گەل-ێك رانەهاتبێت لەبەردەمیدا گفتوگۆ لەسەر کاروبارەکانی دەوڵەت بکرێت(٢).

(الموسوعة الإعلامية) وێڕای ئەو پێناسەیەی سەرەوە، نووسیویە: "بنچینەی وشەی ئازادیی رادەربڕین بریتیە لەهێمایەکی بیستراو، یان نووسراو کە مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێت بۆچوونو هەستەکانی بگوازێتەوە، وێنەی سۆزو گوزارشت لەبۆچوونو هەستەکانی بکات".(٣)

لە(الموسوعة السياسية)یشدا بەوە پێناسە کراوە کە "مافێکی دیموکراسیە، تیایدا زامنی ئازادیی هاووڵاتیان لەگوزارشتکردن لەبیروڕاکان لەسەرجەمی کاروبارە گشتیەکان دەکات، بێ ئەوەی روبەڕوی هیچ سزایەك بێتەوە. ئەمە بەروکەش لەزۆربەی دەوڵەتە دیموکراسیە بۆرژوازییەکاندا زامنکراوە، لەکاتێکدا ئەم ئازادییە زۆرجار لەرێی دامەزراوە هەمەجۆرەکانەوە کۆتوبەندکراوە."(٤)

لەئەنسیکلۆپیدیایەکی دیکەیشدا بەناوی (موسوعة السياسية)، چەند دێڕێکی تر خراوەتەسەر ئەو پێناسەیەی سەرەوە، تێیدا هاتوە: "ئازادیی رادەربڕین چەندین قاڵبو چوارچێوەی هەمەجۆر لەخۆدەگرێت، لەئازادیی وتن-ەوە بۆ ئازادیی نووسین تاوەکو ئازادیی ئەدەبیو هونەریو بەوەیش ئازادیی رۆژنامەنووسیو ناوەندەکانی راگەیاندن لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئازادیی گوزارشتکردنی هونەریو

(١) الدكتورة مي العبدالله: الإتصال والديمقراطية الفضائيات والحرب الإعلامية، ط١ (بيروت: دار النهضة العربية، ٢٠٠٥)، ص٧١.

(٢) محمد محمود دهيبة: الإعلام المعاصر، ط١ (عمان: مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع- دار أجنادين للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧)، ص١٧٧.

(٣) أ. د. محمد منير حجاب: الموسوعة الإعلامية، المجلد الثالث (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٣)، ص١٠٣٢.

(٤) د. عبدالوهاب الكيالي، كامل زهيري (تحرير وإشراف): الموسوعة السياسية، (بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٧٤)، ص٢٢٦.

ئـازادیی ڕێکخـستنی پیـشەیی‌و سیاسیـشدا ئاوێتــە دەبێـت. هەنـدێ وا تەماشـای دەکەن کە ئازادییــەکی ڕەهایــە، بــەڵام لەواقیعـدا ئازادییــەکی ڕێژەییــەو لەسـنورو کۆتوبەندەکانی هەڕەشەی ڕژێمەکان‌و نەریتە باوەکان دەوەستێت."[1]

لە(فەرهــەنگی زاراوەگــەلی ڕاگەیانـدن)دا ئـازادیی ڕادەربـڕین بـەوە ناسـێنراوە، بریتیە لە"ماف تاك لەگرتنەبەری بیروبۆچوونی تایبەت‌و سەربەخۆو، دەربڕینی ئەو هزرو ڕایانەی کە لەبیرو خەیاڵیدا سەرهەڵدەدەن. ئەم مافە، ئازادیی گەڕان بەدوای زانیاری‌و بیروبۆچوونی هەمەجۆر دەگرێتەوە، هەروەها گواستنەوەی ئەم زانیاری‌و بیروبۆچوونانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی سـنور. دەشـێ ئـەم بیروبۆچـوونانە لەڕێگـەی زارگوتن، یان نووسین، یان چاپکردن بڵاوبکرێنەوەو ئاڵوگۆڕیـان پـێ بکرێـت. ئـەم کارەش لەچوارچێوەی یاساگەلێکدا ئەنجام دەدرێـت، کـە پـارێزەری داوو نـەریت‌و پێڕەوی گشتین."[2]

لــە(فەرهــەنگی ڕاگەیانــدن)یــشدا، ئــازادیی ڕادەربــڕین بــەئازادیی ئاخــاوتن (قسەکردن) هاتوەو پێیوایە "ئازادیی دەربڕین بەوشەی وتراو، یان نووسراو و ماف خەڵك بۆ دەرخستنی بیروڕاو گوزارشت لەراو بیرکردنەوەیان"[3] دەگرێتەوە.

ئازادیی ڕادەربڕین، ماف تاکە وەکو دەسەڵاتێکی ڕێژەیی، کە هـیچ ئاسـتەنگێك نەیەتە سەر ڕێگای، هـیچ جێگرتنەوەیـەك لـەنێوان تـاك‌و بیروباوەڕەکـەی نـەبێت، هەروەها لـەنێوان گوزارشـت لـەبیرو ئـارەزووی لەپەیوەنـدیکردن بەئەوانیدیکـەوە، وەك هــەر مافێـك کــە هــەموو خــەڵکان لەســەر پێـشکەشکردنی ئــەو یەکسانیەی لەچوارچێوەی داواو پێداویستیەکانی کۆمەڵگەو ئەو بەرپرسیارێتیەی کە داواکـارە خود کۆنترۆڵی خۆی بکات‌و بەسیستمەوە پەیوەستبێت.

دەســـتەواژەی مـــاف ڕەخنـــەگرتن زیـــاتر بـــەکاردەهێنرێت وەك لـــەئازادیی ڕەخنەگرتن، بەو پێیەی ماف ڕەخنەگرتن بریتیـە لـەو بەشـەی ئـازادیی ڕادەربـڕین

---

(١) موسوعة السياسية، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٤٧.

(٢) بــەدران ئەحمــەد حــەبیب: فەرهــەنگی زاراوەگــەلی ڕاگەیانــدن (ئینگلیـزی – کـوردی – عەرەبی)، چ١ (هەولێر: کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٥)، ل ل٧٩–٨٠.

(٣) جەمال عەبدول: فەرهەنگی ڕاگەیاندن (ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی)، چ١ (کوردسـتان– سلێمانی: دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦)، ل٢٧٩.

کــەرێکخراوترو رونــترە، لــەوەیش زیــاتر تەنانــەت زۆرینــەی یاساناســانیش دەسـتەواژەی مـافی رەخنـەگرتن بـەکاردەهێنن. لەبەرامبـەر ئـەم مافـەدا ئـەرکێك لەئەستۆی حکومەتدایـە کـە پێویستە رێـزی بگرێتو هـیچ مرۆڤێکـی لـێ بێبـەش نەکات، ئەگەرنا بەحکومەتێك دادەنرێت کە سەرپێچی لەگرنگترین ئەرکەکانی خۆی دەکـاتو یـەکێك لەمافـە بنەڕەتییـەکانی مـرۆڤ پێـشێلدەکات، بۆیـە پێویـستە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت[1].

ئازادیی رادەربڕین، شتێك نیـە جگـە لەرمانـدنی ئاسـتەنگەکان لـەپێناو ئـەوەی تـاك بەویـستی سروشـتیی خـۆی گوزارشـت لـەخۆیو کۆمەڵگەکـەیو بـەدیهێنانی چاکەو خۆشگوزەرانی لەسەر بنـەمای ئـەقڵو لێبـوردەییو ئـارەزوو لەچـاکەکاری، بکات.[2]

سەرەڕای ئەوە، پاڵنەرەکانی ئـازادیی قـسەکردن مـشتومڕی ئـەوەی لەسـەرە، کاتێـك چـەپاندنی قـسەکردن لـەمرۆڤدا بـۆ مـرۆڤ بێزارکـەرە، دەکرێـت ببێتـە هـۆی مەترسـی لەسـەر ئـازادیی قـسەکردنی، لەسـبەینێدا. لـەو وتـە زانـراوو دیارانـەیش لەسـەر راوبۆچـوون قـسەیەکی جـۆن سـتیوارت میـلّ – ە لـەکتێبی On Liberty (دەربـارەی ئـازادی)دا هـاتوە: "هــەموو مرۆڤــەکان لەکاتێکـدا کـە قـسەکانیان دەچــەپێنرێن ئازاریــان پێــدەگات، ئەگــەر راکەیــشیان راســت بێــت، لەهــەلی ئاڵوگۆڕکردنی هەڵەکان بەراستی بێبەشدەکرێن، بـەڵام ئەگـەر لەسـەر هـەق نـەبن، دەدۆڕێن، تێگەیشتنی رونترو گوزارشتکردنێکی زینـدووتر بـۆ راسـتی ئەوەیـە، کـە لەئەنجامی پێکدادان بەهەڵەکاندا دەکەوێتەوە."[3]

---

(١) سامان فوزي عمر: إساءة إستعمال حق النقد، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٧.
(٢) د. ليلى عبدالمجيد: التشريعات الإعلامية، (ب. م: ب. د،٢٠٠٠)، ص١٨.
(٣) الديمقراطية.. حرية وتسامح (مأخوذ من كتب بعنوان "ماهي الديمقراطية" الصادر عن وكالة الإعلام الأمريكية– ونشر بتصرف).
www.kwtanweer.com/articles/readarticle<(7/6/07)>

بێرتراند راسێڵ[*] لەبارەی ئازادیی رادەربڕین-ەوە دەڵێت: "لەدیموکراسیدا پێویستە خەڵك فێری ئەوە بن کە چۆن بەرگەی پێشێلکردنی بۆچوونەکانیان بگرن"[(١)].

بەرای (دگی)[(+)] ئازادیی رادەربڕین ئەوە دەگەیەنێت، دەوڵەت بەشێوەیەکی راستگۆیانە جەختدەکاتەوە، کە شتێك ناسەپێنێت پێچەوانەی ویستو ئارەزوەکانی هاوولاتیان بێت.[(٢)]

پێچەوانەی ئەمەیش دەوترێت، ئازادیی رادەربڕین مافێك نیە دەوڵەت بیدات، بەڵکو مافێکە تاك وەکو هەموو مافە سروشتیەکانی تر چێژی لێوەردەگرێت.[(٣)]

لەبارەی دەستەواژەی ئازادیی رادەربڕینەوە هەندێك نووسەر پێیانوایە "توانای هەر تاکێکە خۆی ئەوە دیارییبکات کە بڕوای پێیەتی راستە، یان هەقیقیە، لەهەر بوارێکدا بێت"[(١)].

---

* بێرتراند راسێڵ (Bertrand Russell) ١٨٧٢-١٩٧٠ز، فەیلەسوفێکی بریتانیە، لەزانکۆی کامبریج خوێندوویەتی، بەهۆی کتێبێکییەوە بەناوی تیۆریاو پاتریك لەبەرشەفیزم ١٩٢٠، خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاداب وەرگرتوە، گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە: پرەنسیپەکانی بیرکاری ١٩١٠، بناغەکانی بیرکاری ١٩١٠ – ١٩١٣، وتارە فەلسەفیەکان ١٩١٠، رۆشنبیریمان بەجیهانی دەرەوە ١٩١٤، سۆفیگەریو لۆژیك ١٩١٨، دەروازەیەك بۆ فەلسەفەی بیرکاری ١٩١٩. بڕوانە: (د. عبدالمنعم الحفني: موسوعة الفلسفة والفلاسفة، ج١ (ب. م: مکتبةمدبولي، ١٩٩٩)، ص٦٤٧).

(1) RUSSELL, B: The Autobiography of Bertrand Russell (New York: 1969, Bantam), p. 319.

+ لیۆن دگی: ساڵی ١٨٥٩ لەشاری لیبۆرن لەباشوری خۆرئاوای فەرەنسا لەدایکبوە، لە١٨٨٦ لەکۆلێژی یاسا لەزانکۆی بۆردۆ دەستی بەوانەوتنەوە کردوە، پاشان بوەتە راگری هەمان کۆلێژ تاساڵی مردنی (١٩٢٨)، بەیەکێك لەگەورەترین یاساناسەکانی فەرەنسا دادەنرێت، بەو پێیەی بانگەشەی تیۆری هاوکاریی کۆمەڵایەتی (تضامن الاجتماعي) دەکرد لەیاسادا، کە لەسەر بنچینەی ئەو تیۆریە یاسا دەبێت بەشێوازێکی زانستیو واقیعی راڤە بکرێت، دور لەگریمانەو لێکۆڵینەوەی میتافیزیکی، هەروەها دژی سەروەرێتیو کەسێتیی دەوڵەت بوە، بەو پێیەی ویستویەتی بەیاسا سنورداری بکات. بڕوانە: العمید لیون دجي: دروس في القانون العام، ت: د. رشدي خالد (بغداد: مرکز البحوث القانونیة، ١٩٨١)، ص١.

(٢) د. عماد عبدالمجید النجار: سەرچاوەی پێشوو، ص٤٧؛ وەریگرتوە لە: Duguit Leon: Traite de droit constitional Tom, 5. p.328.

(٣) مرکز حمایة وحریة الصحفیین: حالة الحریات الاعلامیة في الاردن ٢٠٠٥ (لکي تکون السماء حدودا الحریة الصحافة).
http://www.cdfj.org/look/PDFs/Media%20Freedom%20Status%20in%20Jordan%202005.pdf <(3/5/07)>

ئازادیی رادەربڕین جەوهەرو واتای سروشتیی ئازادییە، چونکە مرۆڤ بەگوێرەی سروشتی پێکهاتەکەی بیردەکاتەوەو مافی دەربڕینیش سیمای حەتمیی بیرکردنەوەیە.[2] و لەمافە سەرەکیو مرۆییەکانی تاکە.[3]

(تۆرلێ برێکێ، پێتەر نۆرمان ۆگێو بێرنت هاگتفێت)* لەوەڵامی پرسیاری: (ئازادیی رادەربڕین بۆچی؟) توانیویانە بەکورتی سێ خاڵی سەرەکی لەبەرژەوەندیی ئازادیی رادەربڕیندا باس بکەن[4]:

**یەکەم:** ئازادیی رادەربڕین، پێویستیەکە بۆ گەیشتن بەراستی.

**دووەم**: ئازادیی رادەربڕین، مەرجێکە لەمەرجەکانی گەل، کە حوکمی خۆی بکاتو چاودێریی دەسەڵات بکات.

**سێیەم**: ئازادیی رادەربڕین، بەشێکی دانەبڕاوە لەمافی تاك، لەگەشەکردنی کەسێتیو چەسپاندنی شوناسیدا.

ئەم سێ پێویستیە بەشێوەیەکی لۆژیکیو واقیعی بەیەکەوە پەیوەندداررن، بەڵام لەهەمانکاتیشدا، دەتوانرێت لەیەکتری جیابکرێنەوەو هەڵوەستە لەسەر هەر یەکێکیشیان بکرێت.

(سەلمان روشدی)(+) پێیوایە: بەبێ ئازادی لەبەرەنگاربوونەوەی هەموو بیروباوەڕێکی باو و کۆن، ئازادیی رادەربڕین هەر بوونیشی نامێنێت[1].

---

(١) د. عبدالفتاح بيومي حجازي: المبادىء العامة في جرائم الصحافة والنشر– دراسة متعمقة عن جرائم الرأي في قانون العقوبات وقانون الصحافة، (الأسكندرية: دار الفكر الجامعي، ٢٠٠٦)، ص١٤.

(٢) عزيز السيد جاسم: مبادىء الصحافة في العالم المتغيرات، ط١ (بغداد: دار افاق عربية، ١٩٨٥)، ص٥٩.

(٣) د. محمد عبدالقادر حاتم: ديمقراطية الإعلام والإتصال، (الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٦)، ص١٥٦.

* سێ لەپرۆفیسۆرو رۆژنامەنووسو نووسەری وڵاتی نەرویجن لەسەر داوای وەزیری رۆشنبیریی ئەو وڵاتە (ئوسی کلیفلاند) لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٩٣ راپۆرتێکی هاوبەشیان لەبارەی ئازادیی رادەربڕین لەوڵاتانی ئەسکەندەناڤ بەتایبەت نەرویج ئامادەکردوە. بڕوانە: (توريل بريكه، بيتر نورمان ووغه، برنت هاغتفيت: حرية التعبير الخطيرة، الترجمة عن النروجية: نزار اغري، ط١ (اربيل: دار ئاراس للطباعة والنشر، ٢٠٠٧)، ص٥).

(٤) هەمان سەرچاوە، ص٣٣.

لەڕووی فەلسەفیشەوە ئازادیی ڕادەربڕینو ئازادیی ڕۆژنامەنووسی هەردووکیان ئـەنجامی سروشـتین بـۆ ئـازادیی بـاوەڕ، ئـازادیی بـاوەڕیش، بریتیـە لـەئازادیی بیرکردنەوەو باوەڕهێنان بەوەی کە بەراستی دەبینین، یان دەزانین، هـەروەك ئـەم ئازادییە وامانلێدەکات، ناچارنەبین بۆ باوەڕهێنان بەو رایانەی پێمان هەڵەن[٢].

## ٢. ١. ٣: ڕەگەزەکانی ئازادیی ڕادەربڕین

توێژەران بڕوایانوایە ئازادیی ڕادەربڕینو بیروڕا بۆئەوەی باشترین نمونـە بێـت، پێویستە لەسێ ڕەگەز پێکهاتبێت[٣]:

**یەکـــەم:** بــاوەڕی ریــشەیی بەئــەقڵ، چــونکە ئــەقڵی ئــازاد وتوویــژو مــشتومڕ دروستدەکات، هەر ئـەو ئەقڵەیـشە رەسـەنایەتی بـۆ ئـازادیی رادەربـڕین هەیە.

**دووەم**: مادام باوەڕهێنان بەئازادیی ڕادەربڕین، فەزڵەکەی بۆ باوەڕهێنان بـەئازادیی ئەقڵ دەگەڕێتەوە، کەواتە ئەنجامێکی لۆژیکیـە کـە دەکـرێ ئـەقڵ هەڵـە بکاتو دەشکرێت راستبکات، بەو مانایەی هیچ کەسێك نیە لەکۆمەڵگەدا، حاکم، یان حوکمدراو، زانا، یان نەزان... بەدەر بێت لەهەڵە.

**سێیەم**: لێبوردەیی: لەبنچینە گرنگەکان کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئازادیی ڕادەربڕینو گەشەکردنی، بوونی ژینگەیـەکی لـەبارە کـە سـەرتاپای لێبـوردەیی بێـت، ئەمەیش وادەکات ئازادی بەشێوەیەکی بەرچاو تێیدا دەربکەوێت.

---

[+] ئەحمەد سەلمان روشدی، نووسەرێکی بریتانی بەرەچەڵەك هندییە، ساڵی ١٩٤٧دا لـەبومبای هندستان لەدایکبوە، ئیسلامیە توندڕەوەکانو ئەرسەدۆکسە مەزهەبیەکان بەلادان لەپـەیڕەوە ئاسمانیەکان تاوانباری دەکەن، لەدوای چوارەمین ڕۆمانی بەناوی ئایەتە شەیتانیەکان (الآيـات الـشيطانية–The Satanic Verses) کەوتـە بـەر هێـرشو فـەتواو هەڕەشـەی کوشـتنی لێکراو تا ئێستا ژیانی لەمەترسیدایە. بڕوانە:
(http://www.moheet.com/show_news.aspx?nid=15966&pg=12<(17/2/06)>)

(١) خەتاب سابیر: کەیۆسی ئازادیی لەکوردستاندا، www.dengekan.com <(22/5/07)>
(٢) د. خليل صابات: الصحافة رسالة وإستعداد وفن وعلـم، ط٢ (القـاهرة: دار المعـارف بمـصر، ١٩٦٧)، ص٢٧٠.
(٣) د. عماد عبدالمجيد النجار: سەرچاوەی پێشوو، ص ص٤٩–٥١.

هەندێ توێژەری دیکەیش، بەسودوەرگرتن لەو رەگەزانەی سەرەوە، چەند رەگەزێکیان دیاریکردوە[1]:

**یەکەم:** تەنها وازهێنانی دەسەلآت لەو بەربەستانەی کە دەیخاتە بەردەم ئازادیی رادەربڕین، بەس نیە بۆ هاتنەدیی ئەو ئازادییە، بەڵکو زۆرجار بارودۆخی کۆمەلآیەتی، وەك هەژاریو دواکەوتوویی دەبنە ئاستەنگ.

**دووەم:** باوەڕهێنانی پتەو بەئەقڵی ئازادبوون، کە بڕوای بەگفتوگۆو دیالۆگە.

**سێیەم:** مافی تاك لەسودوەرگرتن لەئەزمونەکان تاکو دەگاتە راستیەکان، بەمەرجێك دەرفەتی بۆ بڕەخسێ بۆ گەیشتن پێی، ئەوا ئەقڵ بەسروشتی خۆی، توانای دۆزینەوەی هەڵەکانو هەوڵدان بۆ چاککردنیانی هەیە.

**چوارەم:** هەڵەکردن مافە، هیچ تاکێك لەوە بەدەر نیەو هیچ کەسێکیش نیە تەنراو بێت بەهەڵە، بۆیە هەڵەکردن، یان بەرکەوتن، شتێك نیە لەسەر کەسێك، یان کۆمەڵێك، چەسپاو بێت.

**پێنجەم:** مافی جیاوازی لەهەر لێبوردنێکو باوەڕبوون بەتوانای سەرکەوتن لەنێوان لایەنگرانی رایەکو دژەکانی، جەختکردنەوە لەسەر مافی تاك بەئاشکرایی، کە بڕوابوونی تێدابێت، هەرچەند دژیش بێت، کە ئەمە رای کۆمەڵگەیە بەئاشکرایی، هەروا کۆمەڵگە کاتێك رێگا بەمافی رادەربڕین دەدات بەبێ جیاوازی، دەردەکەوێت ئەو کۆمەڵگەیە لێبوردەیەکی ئازادە، بەشێوەیەکە، مافی ئازادیی رادەبڕینی هەیە.

---

(١) د. لیلی عبدالمجید: سەرچاوەی پێشوو، ص ص١٩–٢٠.

## ٢.١.٤: ئەرکەکانی ئازادیی رادەربڕین

پاش رەخسانی هەلومەرجی پێگەیشتنو گەشەکردنی، ئازادیی رادەربڕین بەشێوەیەکی گشتی دوو ئەرکی گرنگی بۆ دێتە پێشەوە(1):

**یەکەم:** دەبێتە ئامرازێك بۆ گوزارشتکردن لەخود:

ئازادیی رادەربڕین، ئامرازێکی کەسییە بۆ دەربڕینی بەختەوەریو خۆشگوزەرانی، ئەوەی کە دەیبینێت، لەبەدبەختیو مەینەتی، ئەوەیشی چێژی لێدەبینێت لەبەختەوەریو ئاسودەیی، هەروەها ئەوەی نکوڵی لێدەکاو رەتیدەکاتەوە، ئەوەیشی بڕوای پێیەتیو بڕیاری لێدەدات، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ئازادیی رادەربڕین بریتیە لەئامرازێکی کەسی بۆ گوزارشتکردن لەخود.

لەمبارەیەوە، هۆرد لاسکی* پێیوایە ئەو کەسانەی ئەزمون فێریکردوون رێگرییان لێبکرێت لەگوزارشتکردن، بەشێوەیەکی خێرا بیرکردنەوەیان لەکاردەکەوێت، لەکارکەوتنێکی تەواو، ئەمەیش وایانلێدەکات لەمرۆڤێکی ئاسایی دەربچن، بەهەر مانایەکی ئازاد، لەبەرئەوەی ئەو ئامرازەی وایانلێدەکات لەرێگەی ئەزمونەکانەوە ببنە تاکێکی کاریگەر، بریتیە لەئازادیی رادەربڕین، بۆ ئەوەی ئەو ژەنگەی لەسەر لابەرێت کە بەهۆی بەکارنەهێنان، یان پەیڕەونەکردنەوە لەسەری نیشتوە.

کەواتە ئازادیی رادەربڕین، ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لەخودو دیاریکردنی روخسارەکانی، هەر لەبەرئەوەیشە قسەکەی (سوکرات)(+) کاری لەو کەسە کرد کە لەکاتی داداگاییەکەیدا لەتەنیشتیەوە بەبێدەنگ دانیشتبو و پێیوت: "قسەم لەگەڵ بکە، بۆ ئەوەی بەراستی بتبینم".

---

(١) د. عماد عبدالمجيد النجار: سەرچاوەی پێشوو، ص ص٥٢–٦١.

* هۆرد لاسکی Hord Laski (١٨٩٣ – ١٩٥٠ز): تیۆریستێکی سیاسیی بریتانیە، رەخنەی لەهەردوو سیستمی دیموکراسیو سۆشیالیستی گرتوەو زۆر کەموکوڕی ئاشکراکردوون، یەکەمین کەسە وابەستەیی میدیا بەدەسەڵاتی سیاسی روندەکاتەوە. بڕوانە:

http://www.ebaa.net/wjhat-nadar/14/914.htm)<(2/1/08)>

+ سوکرات Socrates (٤٦٩ – ٣٩٩ پ. ز.): بەگەورەترین فەیلەسوفی یۆنان لەقەڵەمدەدرێت، کەسێتیی سوکرات بەگشتی بەهۆی نووسینەکانی پلاتۆنو بەمشتومڕی لەگەڵ سۆفیستەکاندا دەناسرێتەوە، لەسیمای مامۆستایەکی ئێتیکدا رۆڵی خۆی لەدەوڵەتشاری ئەسیناو لەمێژووی هزردا بەجێگەیاندوەو گیانی خۆیشی لەم پێناوەدا بەختکردوە. بڕوانە: (د. کەمال پۆلادی: مێژووی هزری سیاسی لەرۆژئاوا (لەسوکراتەوە تاماکیاڤیللی)، و: ئازاد وەڵەدبەگیو سیروان زەندی، ب١، چ١ (هەولێر: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ل٣٥).

**دووەم**: دەبێتە ئامرازێك بۆ بەهێزكردنی كۆمەڵگەو ڕێنماییكردنی:

ئازادیی بیروڕاو مافی ڕادەربڕین، بەو مانایە دێت كە هاووڵاتی پێشنیار بۆ نەتەوەكەی خۆی بكات لەو سنورەی كە لەتوانایدایەو دەبینێت خێرو سودی هەیە، هەروەها ئامۆژگاریو ڕێنمایی پێشكەشی ئەو هاووڵاتیانە بكات كە كەموكورتی، یان هەڵە، یان كەمتەرخەمییان هەیە، بەدەر لەگەندەڵیو كەموكوڕیو پشتگوێخستن كە ئاماژە دەدات لەمەترسیەكانیو ئاگاداربوونەوە لێی، هەروەك لەكۆتاییدا دەتوانێت سكاڵای لەسەر هەبێتو ڕەخنەی لێبگرێت، ئەمەیش پێویستدەكات، لەچوارچێوەی كاروباری گشتی، بەئارامگرتنو بەبێ هەستكردن بەبێزاریو ڕاڕایی، گفتوگۆی لەسەر بكرێت.

سەربارى ڕەگەزو ئەركەكانیشی، بەڕوانین لەلایەنە فەلسەفیو تیۆریەكەی، چەند سودو بایەخێكی ئازادیی ڕادەربڕین دەستنیشانكراوە، بەكورتی بریتین لە: هۆكارێكە بۆ پێشكەوتن، لەبواری سیاسەتدا ئامرازێكە بۆ چاككردنی حوكم، ئامرازی چاودێریی گەلە لەسەر دەسەڵاتەكانی، ئامرازێكە بۆ بەرچەدانەوەی زیادەڕەویو زوڵموزۆری[1].

## ٢. ١. ٥: كۆتایی

لەكۆتایی ئەم باسەداو، پاش خستنەڕوی چەند پێناسەیەكی ئازادیی ڕادەربڕین لەچەند ڕوانگەیەكی جیاوازەوە، توێژەر، دەقی مادەی ١٩ لەپەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەكان بەپەسەند دەزانێت بەرامبەر ئەو چەمكە، ئەمەیش لەسۆنگەی ئەوەی، ئەو دەقە دەقێكی تەواو و گشتگیرەو زۆرتر لەواقیعو بەرجەستەبوونی لەژیانی مرۆڤو كۆمەڵگەی مرۆییەوە نزیكەو دەكەوێتە نێوان هەردوو ئاراستەی جیاوازی (ئازادیی ڕەها) لەلایەكو (بەرگرتن بەئازادی) لەلایەكیترەوە، ئەمەیش بابەتیبوونی پتری پێناسەكە پێشاندەدات.

---

(١) چەند توێژەرێك: ئازادییە گشتیەكانو دیموكراسی، چ١ (ب. ش.: پەیمانگای نێودەوڵەتیی یاسای مافەكانی مرۆڤ سەر بەكۆلێژی یاسای زانكۆی دیپۆل، ٢٠٠٥)، ل ل١٢٥–١٢٧.

## باسی دووەم
# ڕیشەی مێژوویی ئازادیی ڕادەربڕین

### ٢. ٢. ١: دەسپێك

خەباتکردن لەپێناوی ئازادیی ڕادەربڕیندا بۆ چاخە دێرینەکان دەگەڕێتەوە، بەواتای خەباتکردنی تاكو گروپەکان، دژی ژینگە سیاسییەکەیان.[1]

مێژووی ئازادیی ڕادەربڕین شتێك نیە جگە لەمێژووی مرۆڤایەتی خۆی، کەواتە ئازادیی ویست (ئیرادە) بێگومان ئامانجێکی گەورەیە کە مرۆڤ لەمێژووی خۆیدا بەدەستیهێناوە، ئەو تێکۆشانە درێژو هەوڵدانە قورسەی مرۆڤ بۆ گەیشتن بەئازادبوونی ئەقڵی، بۆ ئەوەی بەهۆی توانستیشەوە دەستبگرێت بەسەر بونەوەردا، هەموو جەنگەکانیشی هیچ نەبوە جگە لەئامرازێك بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

زۆربەی مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن، گەشەکردنی چەمکی ئازادیی ڕادەربڕین بکەنە سێ قۆناغی سەرەکی: (دێرین، ناوەڕاست، نوێ) کە چاخەکانی مێژووی مرۆڤایەتی پێیدا دەڕۆن[2]:

---

(١) د. حسن عماد مکاوي: سەرچاوەی پێشوو، ص٣٢. وەریگرتوە لە: Fink, Conral C. Media Ethics in the Newsroom and Beyond (N.Y.: McGraw – Hill, Inc., 1988) p. 5

(٢) د. عماد عبدالمجيد النجار: سەرچاوەی پێشوو، ص٦٣.

### ٢. ٢. ٢: لەچاخە دێرینەکاندا

سەرەڕای زوڵمو ستەمی زۆربەی پاشای فیرعەونەکان، لەکاتێکیشدا تەنها فیرعەون سەرچاوەی دەسەڵاتەکانو بنچینەی تەشریعاتو خانەی دادو دادوەری بوە، میسرییە کۆنەکان، ئازادیی رادەربڕینیان ناسیوەو پیادەکردوە.

ئەو لاپەڕە قامیشیانەی کە لەمۆزەخانەی بریتانیا پارێزراون، چیرۆکی بوارپێدان بەجوتیارێکمان بۆ دەگێڕنەوە، کە بەیەکێك لەبەڵگەنامە مێژووییەکان دادەنرێت، گەواهی ئەوە دەدات مافی رەخنەگرتنو ئازادیی رادەربڕین لەسەردەمی میسری فیرعەونیەکانی پێش ٣٥ سەدە هەبوە.[١]

گریکەکان (یۆنانیەکۆنەکان) تیۆرێکی تەواویان بۆ ئازادی دانا، کەوا بەباشترین شێوە فەلسەفەی ئازادیی مرۆڤی دارشتوە بەنسبەت ئەو چاخەی کە تێیدا سەریهەڵداوە، ئەمەیش بەفەزڵی فەیلەسوفەکانیان، لەوانە: سوکرات، پلاتۆن (ئەفلاتون)[*] و ئەرەستۆ[+] و ئەوانیتر، ماوەتەوە.

سۆفیستەکان[×]یش هاوبەشییان لەدەوڵەمەندکردنی ئازادیی رادەربڕینو گفتوگۆکردنو، پشتگیریکردنیدا، کرد.

---

(١) د. لیلی عبدالمجید: سەرچاوەی پێشوو، ص٢١.

* پلاتۆن Platon (٢٧/٤٢٨–٤٧/٣٤٨ پ.ز): فەیلەسوفێکی گەورەی یۆنانیە، لەشاری ئەسینا لەدایکبوە، بنچینەی فەلسەفەکەی لەخۆشەویستیو دیالێکتو خوێندنەوەو سەقامگیربوونو لۆژیك پێکهاتوە. بڕوانە: (عبدالرحمن بدوي: أفلاطون، (بيروت: دار القلم، ١٩٧٩)، ص٦٧).

+ ئەرەستۆ Aristo (٣٢٢–٣٨٤ پ.ز): لەباکوری یۆنان لەدایکبوە، لە١٧ ساڵیدا چوەتە ئەکادیمیای پلاتۆنو بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ خوێندوویەتی، دواتر خۆیشی لەئەسینا قوتابخانەیەکی بەناوی (لسیۆم) دامەزراندوەو وانەی تێدا وتۆتەوە، دوو کتێبەکەی (سیاسەتو ئێتیکی نیکۆماخوسی) بەگرنگترین بەرهەمەکانی لەبواری سیاسەتدا لەقەڵەمدەدرێن. بڕوانە: (د. کەمال پۆلادی: مێژووی هزری سیاسی لەرۆژئاوا (لەسوکراتەوە تاماکیاڤیللی)، و: ئازاد وەڵەدبەگیو سیروان زەندی، ب١، چ١ (سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩).

× سۆفیستەکان Sophists (٤٠٠–٥٠٠ پ.ز): ئەو گروپە بوون لەرۆشنبیران توانیان بزووتنەوەیەکی وتاربێژی، ئێتیکی، پراکتیکی، پەروەردەییو فەلسەفی لەدنیای یۆنانی کۆندا (سەدەی چوارەمو پێنجەمی پێش زایین) دابمەزرێنن. بڕوانە: (رێبوار سیوەیلی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦).

پرێكلیس(*)یش دوای خۆی گوتارێكی ناوازەی بەجێهێشتوە، تێیدا بنەمای بەرزی لەجیهانی سیاسەتدا دارشتوە، نەفەوتانی ئەم گوتارە سیاسیەیش فەزڵەكەی بۆ توسیدیدس(١) (+) دەگەڕێتەوە.

ئەوەی سەرنجی مرۆڤ رادەكێشێت لەم گوتارەدا، ئەو بەشەیەتی كە باسی ئازادیی رادەربڕین‌و گفتوگۆ لەخۆدەگرێت، كە دوو بنەمای بنەڕەتی تێدایە(٢):

**یەكەم:** لەسەر هەموو مرۆڤێك پێویستە، كە هەرچی توانا‌و بایەخدانێكی بەژیانی گشتی هەیە بۆ نیشتمانەكەی بخاتەگەڕ، تەنها لەسەر ژیانی تایبەتی خۆی نەوەستێت، پێویستی هاوبەشیكردن لەسیاسەتدا، مرۆڤەكان یەكسانن، هیچ ئیمتیازێك لەنێوانیاندا نیە.

**دووەم:** گفتوگۆكردن ئامرازێكی كاریگەرە بۆ تێگەیشتن لەكێشە گشتییەكان‌و هاوبەشیكردن بۆ رۆڵبینین لەژیانی گشتی‌و سیستمی سیاسیدا.

سوكرات، فەلسەفەو سیستمێكی بۆ ئازادیی رادەربڕین دانا، وایكرد بكەوێتە سەروو مافی ژیان–ەوە، پلاتۆنیش بۆچوونی مامۆستاكەی لەشێوەی دەستورێك دارشتۆتەوە، كۆمارەكەی لەسەر بنەمای هزری بیرمەندێكی دانا بونیادناوە.

ئەوەی گرنگە بوترێت ئەوەیە، ناكرێت (بەشداریكردن) دەستەبەربكرێت تاكو (ئازادیی رادەربڕین) نەبێت، بۆئەوەی هاونیشتمانان بتوانن بیرۆكەی بەشداریكردن دابڕێژن لەحوكمكردنی شاردا، ئەمەیش ئەرەستۆ لەكتێبەكەیدا بەناوی

---

* پرێكلیس Perikles (540 – 416 پ. ز) سەركردەیەكی سیاسی‌و سەربازی ئەسینابیە، لەسەردەمی شەڕی پیلۆپۆلیز (كە لەنێوان سپارتاییەكان‌و ئەسیناییەكان لە٤١١ پ. ز. روویدا) ژیاوە، لەسەر گۆڕی بەكۆمەڵی شەهیدان وتارێكی خوێندۆتەوە، تیایدا بۆ یەكەمجار وشەی دیموكراسی بەكارهێناو وتی: "دیموكراسییەكەی ئێمە لەهی خەڵكی تر ناچێت". بڕوانە:
(http://www.alwarsha.com/modules.php?name=News&file=print&sid=3112) <(1/5/07)>.

(١) د. عماد عبدالمجيد النجار: سەرچاوەی پێشوو، ص ص٦٣–٦٤. وەریگرتوە لە: د. إبراهيم درويش: النظرية السياسية في العصر الذهبي، ص٦٤.

+ توسیدیدس Thucydides (460 – 395 پ. ز) مێژوونووسێكی كۆنی یۆنانییە، نووسەری تۆماركەری شەڕی پیلۆپۆلیزە. بڕوانە:
(http://en.wikipedia.org/wiki/Thucydides).<(1/5/07)>

(٢) د. ليلى عبدالمجيد: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢.

(سیاسـەت)ەوە رونیکردۆتـەوە، ریـشەی ئـەمجۆرە بیرکردنەوەیـەیش لـەولاتێکیتر دەرکەوت، هەروەکچۆن ئەم دیدە هیچ نـەبوو، جگـە لەکاریگەرییـەك لەکاریگەرییـە هزرییەکان لەدنیایەکی نزیك ئەسیناوە لەوکاتـەدا، ئەمـەیش لەهیـچەوە نـەهاتبوو، لەرۆما، لەناودارەکانی ئازادی (شیشرۆن)* و چەندانیتر دەرکەوتن.(١)

گریکیەکانیش تیۆری مافی سروشتیان پاراستوە، کەوایـدەبینن مافـەکانی مـرۆڤ جێگیرو هەمیشەییو رەهایەو ناسڕدرێتەوە، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە مرۆڤ خـۆی نەمێنێت، رۆمانەکانیش بەم تیۆرییەدا چوونەتەوەو کردویانەتە یاسا.(٢)

### ٢.٢.٣: لەچاخە ناوەندییەکاندا

چاخی ناوەندی بەتوندیو یەکێتیی ناکۆکیەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتو کەنیسە جیادەکرێتـەوە، لـەبارەی تایبەتمەندییـەکانی هەریـەکێکیان، ئیمپراتـۆر سـەرجەم ئیمتیازاتەکانی لەدەستی خۆیدا کـۆدەکردەوە بەبـەکارهێنانی ئـەو رێگایانـەی کـە بەهۆیەوە دەسـتی بەسـەر موڵـكو زەویوزارەکانـدا دەگـرتو بـەپێی ئارەزوەکـانی خۆی، باجی دەسەپاند، کەنیسەیش چاودێریکردنی بەسەر رەفتاری مرۆڤی ئاینیو دنیاییـــدا قـــۆرخکرد،و ئـــەمیش دەســـەلاتی خـــۆی لەرێگـــەی دەســـەلاتدارە تایبەتیەکانەوە، کە بلاوە پێکرابوون، وەکو ئەو قەشانەی لەسـەرجەم ناوچـەکاندا بلاوببونەوە، ئـەم ناکۆکییـەیش لـەکۆتایی دەیـەی ژیـانی ئیمپراتۆریـەتی رۆمانیـدا دەرکـەوت، ئـەم دوو دەسـەلاتە لەراسـپاردەکانیاندا لەسـەر کاروبـاری تاکەکانـدا، پـشتیان بـەمافی خـودایی دەبەسـت، بـەحوکمی ئـەوەی بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ نوێنەرایـەتیی خـودا دەکـەنو سـەرۆکی هـەردوو دەسـەلاتەکە بـەدەرن لەهەڵـەو

---

* شیشرۆن (مارکۆس تۆلیۆس) (١٠٦ – ٤٣ پ. ز.): بیرمەندو وتاربێـژێکی رۆمانییـە، زۆربـەی ژیانی بەفەلسەفەوە بەسەربردوە، پیشەی پـارێزەری کـردوە، دوو لەبەرهەمـەکانی (کۆمـار، یاساکان) پەیوەندییان بەهزری سیاسییەوە هەیە. بڕوانە: (هەمان سەرچاوە، ل٩٢).

(١) د. عماد عبدالمجید النجار: سەرچـاوەی پێـشوو، ص٦٥. وەریگرتـوە لـە: د. ثـروت بـدوي: النظم السیاسیة، ص٦٥.

(٢) د. لیلی عبدالمجید: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٣.

تاوانەکان، لەبەر ئـەوەی ئـەمان مافـەکانی خۆیـان لەئاسمانـەوە وەردەگـرن، ئـەم توانایەی خۆشیان بەسەر ویستی خەڵکدا ناودەبەن.[1]

ئـەم تیۆرییـە (مـافی خـودایی) Divine Right بەدەرکـەوتنی مەسـیحیەت گەشەیکرد، ئەوە نەما کە فەرمانڕەوا، یان دەسەڵاتدار خودا بێت، یان سروشتێکی خـودایی هـەبێت، بـەڵکو دەسـەڵاتەکەی لـەخوداوە وەردەگـرت، لەبـەر ئـەوەی سەرچـاوەی دەسـەڵات خودایـە، بـەڵام هەڵبـژاردنی دەسـەڵاتدار کـارێکی تـەواو مرۆڤانەیە، بۆیە خودا چاودێریی ئـەو دەسـەڵاتە دەکـات، بەشـێوازێك لەگـەڵ ئـەو ئازادییەی کە مرۆڤەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، بگونجێت.

لەسەردەمی کەنیسەدا، ئازادیی رادەربڕین روبەڕوی سەرکوتکردن بۆوە، وایکرد ئەو ئازادیە توشی پوکانەوە بێت، چـونکە هـەر بەگرتنەدەسـتی دەسـەڵات نکـوڵی لەئازادیی رادەربڕین کردو شمشێرو زۆرەملێی کردە ئامرازێك بـۆ روبەڕوبوونـەوەی نەیارەکانی –وەك ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە–، بەمشێوەیە چاخە ناوەندەکانی ئەوروپا بوونە چاخگەلێکی تاریكو پڕ زەبروزەنگو، ئەقڵەکان تێیدا بەستیان.[2]

خاڵێکیتر کە ئەم چاخەی پێ جیادەکرێتەوە ئەوەیە، سیستمی دەرەبەگایـەتی سـەریهەڵدا، کـە بـوە هـۆی دەرکـەوتنی شـێوەیەك لەشـێوەکانی بـەرزونزمیی چینایەتی، مرۆڤیش بەزنجیرەیەك کۆتوبەند کـۆتکرا، ئەمـەیش لەلایـەن ئیمپراتـۆر لەلایـەکو کەنیسە لەلایـەکیترەوە بەسـەریدا دەسـەپێنرا، هـەروەها فەرمانڕەوایـە ناوچەییو ناوخۆییـەکان لەدەرەبـەگو خـاوەن زەوییـەکان، کـە پـشتیان بـەتواناو زەبـرو زەنـگ دەبەسـت بەسـەر سیـستمی کۆیلایـەتیو مـافی خاوەنداریێتیـدا، بەشێوازێك کە هیچ مافـو ئازادییـەکی تـاکی نەهێـشتبۆوە، ئـازادیی رادەربـڕینیش ببوە شتێکی نەویستراو لەلایەن ئەو کەسانەوە.[3]

---

(١) هەمان سەرچاوە، ص٢٣.
(٢) د. حسن عمـاد مکـاوي: سەرچـاوەی پێـشوو، ص٣٩. وەریگرتـوە لـە: Fink, Conral C. (1988) op. cit, P.6.
(٣) د. لیلی عبدالمجید: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٣.

کەنیسە بەسەرۆکایەتیی قەشە ئۆگستین* گوزارشتێکی هەڵگرتبوو کە لەئینجیلەوە وەرگیرابوو، لەزمانی مەسیحەوە دەڵێت: "ناچاریان بکەن بێنە ژێر رکێفتانەوە"، کەنیسە ئەم گوزارشتەی کردبوە بەڵگەنامەیەك بۆ بەرگرتن لەئیلحادو بەزۆر سەپاندنی مەسیحیەت بەسەر هاونیشتمانیاندا، ئەمەیش وایکرد مەودای رادەربڕین کەم بکرێتەوە، لەوەیش زیاتر، کەنیسە پرەنسیپێکی نوێی خستە نێو یاسای گشتیی ئەوروپاییەوە، ئەویش ئەوە بوو: حاکم ناتوانێت عەرشەکەی بپارێزێت، تاوەکو ریشەی ئیلحاد لەنێو خەڵکە رەشوڕوتەکەیدا هەڵنەکەنێت، ئەگەر شازادە لەمکارە دوودڵ بوو، دژایەتی دەکرێتو موڵكوماڵی دەبرێتو بەکەنیسە دەدرێت.

لە(١٢٢٠ز) یدا فریدریکی دوەم لەئەڵمانیا یاسایەکی دەرکرد، بەدەق باسی ئەوە دەکات، نەقیزە بەکاربهێنرێت، بەو پێیەی ئامرازێکی گونجاوە بۆ سزادانی مولحیدەکانو ئەوانەی لەبیروبۆچووندا دژی مەسیحیەت دەوەستنەوە. لە(١٢٥٢ز) یشدا، پاپا گریگۆری نۆیەم دەزگایەکی دامەزراند کە بە(سیستمی پشکنین) ناسرا، ئەم یاسایە رێگای بەپشکنەرەکان دەدا دەسەڵاتێکی فراوانیان هەبێتو دەستی کەنیسەی دەکردەوە، بۆ ئەوەی ماڵی هاووڵاتیانو شوێنە تایبەتیەکانی خەڵکی بگەڕێن، هەر لەو پشکنەرانەیش ئەوەندە دەسەڵاتی فراوان بوو کە بۆ هیچ کەس نەبوو کارەکانی لەژێردەستی کەسدا بێتو هیچ بەرپرسیارێتیەکی بەرامبەر کەسەکان لەئەستۆدا نەبوو. بێگومان ژینگەیەکی وا، کە پڕە لەراوەدونانو ئەشکەنجەدانو، تەنها گومانێك بەسە بۆ مردنی مرۆڤ، ژینگەیەکی پڕ سەرکوتکردنەو مرۆڤ تێیدا سودمەند نابێتو تواناکانی ناتەقنەوە، هەروەها ئەم ژینگەیە بوارێکی تێدانیە بۆ قسەکردن لەسەر ئازادیی رادەربڕین.[1]

---

* قەشە ئۆگستین Saint Augustine (٣٥٤-٤٤٠پ.ز): بەگەورەترین فەیلەسوفی مەسیحیەت لەسەدەکانی ناوەڕاست لەقەڵەمدەدرێت، لەئەنجامی تێکەڵکردنی بیری مەسیحیەتو پلاتۆنیو رواقیتی، فەلسەفەیەکی نوێی داڕشت. گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە: دانپێدانان، شاری خودا. بڕوانە: (حسن شحاتة سعفان: أساطين الفكر السياسي والمدارس السياسية، (القاهرة: مكتبة النهظة المصرية، ١٩٥٩)، ص١١٤ ومابعدها).

(١) د. عماد عبدالمجيد النجار: سەرچاوەی پێشوو، ص٦٦.

کاتێك دێینه سەر باسی ئازادیی رادەربڕین لەئاینی ئیسلامدا، بەپێی سەرچاوە زانستیەکان رای جیاواز لەمڕوەوە دەبینین، بۆچوونێك هەیە پێیوایە ئازادیی رادەربڕین لەئەزمونی ئیسلامییدا خاوەنی بواری خۆی بوو لەرووی سیاسیو کۆمەلایەتیو زانستیەوە، ئەم ئەزمونە ئەزمونێکی دەولەمەندە لەم بوارەدا، ئەمەیش تەنها دەقو دەنگوباس نیە وەك لەهزری یۆنانیدا دەبینرێت، بەلکو روداوی دیاریکراوو بەسەرهاتی بەرجەستەیە لەسەر پیادەکردنی راو قسەکردن لەسیاسەتو زانستو هەموو کاروبارەکانی ژیاندا.

ئەوانەی پشتگیری ئەو رایەی سەرەوە دەکەن، چەند ئایەتێك لەسورەتەکانی قورئانەوە دەهێننەوە کە هانی ئازادیی گوزارشتکردنو بیروڕا دەدەن لەوانە: (وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ)/ سورة النحل: ١٦/١٢٥، (لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا)/ سورة البقرة: ٢/٢٨٦، (وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ)/ سوره الكهف: ١٨/٢٩، بەوجۆرە کۆڕای موسلمان لەوەدا دەبیننەوە کە دەبێت باوەڕ لەتێڕوانینێکی ئەقلیەوە بێتو کاتێك پێکدادان لەنێوانیاندا رودەدات دەشێ ئەقل بکەوێتە پێش زاهری شەرعەوە، هەروەها گێڕانەوەی ئیعتبار بۆ سوننەتی خودایی لەبونەوەرداو نەگرتنی دەسەلاتی ئاینی لەم شتانەدا، ئەمانەیش ئەو بنەمایانەن نەك رێگە لەرای ئازاد ناگرن، بەلکو رێگەیان بۆ پاکدەکەنەوەو دەستگیرۆییان دەکەن.[1]

رای دوەمیش بەپێچەوانەوە وایدەبینێت، بۆ سەلماندنی ئەمە، دەبێت ئایەتەکانی قورئان بکرێنە بەلگەو کێشەکانیان پێ یەکلابکرێنەوە، وەکچۆن هەموو ئەوانەی باس لەوە دەکەن ئاینی ئیسلام لێبوردەیەو ئازادیی رادەربڕین فەراهەمدەکات ئایەتی (لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ)/ سورة البقرة: ٢/٢٥٦ دێننەوەو دەیکەنە بەلگە، ئەم رایەیش چەندین ئایەتی تر دەهێنێتەوە کە لەحوکمو ماناادا پێچەوانەی ئەم ئایەتەیە، وەکو ئایەتی (أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ. الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقّ إِلَّا أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا

(١) القرآن الكريم؛ هەمان سەرچاوە، ص٦٧.

اسْمُ اللَّـهِ كَـثِيرًا وَلَيَنـصُرَنَّ اللَّـهُ مَـن يَنـصُرُهُ إِنَّ اللَّـهَ لَقَـوِيٌّ عَزِيـزٌ)/ (سـورة الحـج: ٢٢/٣٩–٤٠) لەوێـدا دەڵـێ ئـەم ئایەتـە بەئایـەتی (قتـال) ناسـراوەو بـەو ئایەتـە ئەژماردەکرێت کە نەسخی هەموو ئەو ئایەتانە دەکاتـەوە کـە بـاس لـەلێبوردەیی‌و ئازادیی رادەربڕین‌و ئاینەکانی دیکە دەکات، چونکە ئەو ئایەتە دوای ئـەو ئایەتانـە هاتوەو پاشان کار بەو ئایەتانەی دوایی کراوە کە جەخت لەسەر تـاك ئـاینی‌و تـاك بیروبـاوەڕی دەکـەن، ئـەویش ئـاین‌و بیروبـاوەڕی ئیـسلامە، ئـەو ئایەتانـەیش کـە کاریان پێکراوە ئەمانەن: (إِنَّ الـدِّينَ عنـدَ اللّـه الإِسْـلاَمُ)/ سـورة أل عمـران: ١٩/٣، (وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلّه فَإِنِ انتَهَوْاْ فَإِنَّ اللّـهَ بِمَـا يَعْمَلُـونَ بَصِيرٌ)/ سورة الانفال: ٣٩/٨، (هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُـدَى وَدِيـنِ الْحَـقِّ لِيُظْهِـرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ)/ سورة التوبة: ٣٣/٩.

لایەنگرانی رای دوەم لێرەوە بـاس لـەوە دەکـەن کـە ئیـسلام لـەم روانگەیـەوە دەیەوێت هەموو مرۆڤایەتی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، لێرەیشەوە یاسـای ئیـسلام غەیرە موسڵمانەکان دەکاتە سێ گروپەوە:

**یەکەم:** یاسای ئەهلی کتێبەکان: ئەوانەی کتێبی ئاینیـان هەیـە (وەکـو مەسـیحی‌و یەهودی‌و.. تاد) بەپێی ئایەتی (قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّه وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّـى يُعْطُـواْ الْجِزْيَـةَ عَـن يَـدٍ وَهُـمْ صَـاغِرُونَ)/ سـورة التوبـة: ٢٩/٩ دەبێـت بەملکەچی جزیە بەدەسەڵاتی ئیسلامی بدەن.

**دوەم:** یاسای کافرەکان بەگشتی: ئەم تاقمـە کـە سـێ لەسـەر چـواری مرۆڤایـەتی دەگرێتەوە، بەپێی ئەم یاسا قورئانیـە (فَـإِذَا انسَلَخَ الأَشْـهُرُ الْحُـرُمُ فَـاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُـلَّ مَرْصَـدٍ فَـإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللّهَ غَفُـورٌ رَّحِـيمٌ)/ سـورة التوبة: ٥/٩ دەبێت یان بکوژرێن، یان بەزۆر ببن بەموسڵمان.

**سێیەم:** یاسای هەڵگەڕاوەکان: بەگوێرەی ئایەتـەکانی قورئـان زۆر هەڕەشـە لەوانـە دەکرێت کە لەئایینەکەیان هەڵدەگەڕێنەوەو ئاینەکەیان دەگۆڕن، محەمـەد (پەیامبەری ئیسلام) یش یاسایەکی بۆ داناون کە کوشتنیانە، دەڵێت: (من بدل دينه فاقتلوه)، هەروەك کۆدەنگی زانا موسڵمانەکانیشی لەسەرە.

ئەوانەی لەپرسی ئازادیی رادەربڕین لەئاینی ئیسلامدا پشتگیری رای دووەم دەکەن پێیانوایە کە مێژووی ئیسلامو چۆنێتیی موسڵمانبوونی دورگەی عەرەبی بەپێی یاساکانی (ئەهلی کتاب، کافرەکان، هەڵگەڕاوەکان)، ئەوە دەسەلمێنن کە ئیسلام ئازادیی رادەربڕینی قبوڵ نیەو دوو تاقم لەو تاقمانەی سەرەوە دەکوژێتو تەنها تاقمی (ئەهلی کیتاب) بەزیندوویی دەهێڵێتەوە، هێشتنەوەی ئەو تاقمەیش بەزەلیلیو لەدۆخێکی دژواردا دەبێت، کە بەیاساگەلێکی نامرۆڤانەو بەهۆی ئایندارییانەوە پارەیان لێدەستێنرێتو لەیەکسانیو مافی هاوولاتیبوون بێبەشدەکرێن[1].

سەدەی شازدەهەم سەرەتای لێکترازانی پرۆتستانییەتی بەخۆوە دەبینی، نکوڵی مەعصومیی پاپای دەکرد، هەنگاوێکی بنەڕەتی بەرەو ئازادیی رادەربڕین نا، کە ناکرێت بوون هەبێت هەتاکو کۆمەڵ بەبوونی مرۆڤێکی مەعصوم سەلامەت بێت.

پاشان بەچەشنێکی تر ئەو هەنگاوەی نا، بریتیە لەدیاریکردنی مافی تاک لەپەیوەندیکردنی راستەوخۆ بەخواوەندەوە، لەگەڵ راستگۆیی بۆ دینەکەی، دواتر ئینجیل لەدەستی کەسانی تایبەتو کاهینەکان سەنرایەوەو لەچاپخانەکاندا بڵاوکرایەوە، ئەم ماوەیەیش بوە سەردەمی چاکسازیی ئاینیو سیاسی پێکەوە، لەبەرئەوەی پێش دۆزینەوەی چاپخانە * چاپکردنی کتێب بەدەستەوە دەکراو پیاوانی ئایینی مەسیحی کۆنترۆڵی پرۆسەی بڵاوکردنەوەیان کردبوو.

(١) القرآن الكريم؛ مالك مسلماني: الإسلام والتسامح الديني.
http://www.muhammadainism.org/Arabic/islam/Islam_and_Religious_Tolerance.pdf <(12/2/06)>

* جۆهانس گۆتنبێرگ Johannes Gutenberg ی ئەڵمانی (١٤٠٠ – ١٤٦٨): یەکەم کەس بوو لەرێگەی هەڵکەندنی پیت لەسەر تەختە ئامێری چاپی داهێنا. بڕوانە:
http://en.wikipedia.org/wiki/Johannes_Hutenberg)<(2/3/07>

ئـەم ریفۆرمـەش لـەوەوە سەرچـاوەیگرت کاتێـك مـارتن لۆسـەر،* دەرکـەوت، بانگەشـەی ئـەوەیکرد مـاڤی هـەموو کەسـێکە بـەبێ رولێنـان لەپاشـاو قەشـەکان، ئینجیل بخوێنێتەوە.[1]

## ٢. ٢. ٤: لەچاخی نوێدا

چاکسازیی ئـاینی لەئـەوروپادا بـەئامانجی رزگـاربوون لەدەسـەڵاتی کەنیـسە بەردەوام بوو و نووسینەکانی گەورە بیریـاران و نووسـەرانی رۆژئـاوا وەك (تۆمـاس هۆبزو جۆن ملتۆن و دێڤید هیـوم و جـۆن سـتیوارت میـلو جـۆن لـۆك و جـان جـاك رۆسۆو ڤۆلتێر)[+]ی وەك بنەمایـەکی فیکـری بـۆ مافـەکان و ئـازادی پێشکەشکرد،

---

* مارتن لۆسەر Martin Luther (١٥٤٦-١٤٨٣پ.ز): رابەری بزوتنەوەی ریفۆرمی ئـاینی مەسیحی بوو دژی کلێسەی کاسـۆلیکی لەئـەوروپای سـەدەی شـازدەهەمدا، لـە٩٦ بەنـددا داوای ریفۆرمی لەو کلێسەیە دەکرد، ئەمـەیش بـوە هـۆی دابەشـبوونی ئـاینی مەسـیحیەت بەسەر هەردوو ئاینزای کاسۆلیك و پرۆتستانت. بڕوانە:

http://www.habtoor.com/thinnkingclearly_arabic/html/28TH_1999.htm<(20/12/07)>

(١) د. عبدالمجيد نعنعی: أوروبا في بعـض الازمـة الحديثـة والمعاصـرة، (بـيروت: ب. د، ١٩٨٣)، ص٥٦.

+ تۆماس هۆبز Thomas Hobbes (1588 - 1679): یەکێکە لەفەیلەسوفـو بیرمەنـدە سیاسـیەکانی ئینگلیـز، لەرابـەرانی قوتابخانـەی پـەیمانی کۆمەڵایەتیـە، خـاوەنی چـەندین بەرهـەمی گرنگـە، لەوانـە: کۆمەڵگـەی مـەدەنی، پـەیمانی کۆمەڵایـەتی، رۆحیانـەت و مەدەنیەت...بڕوانە: (أ. د. احسان محمد الحسن: موسوعة العلم الاجتماع، ط١، (بـيروت: دار العربية للموسوعات، ١٩٩٩)، ص٢٠٧).

جۆن ملتـۆن John Milton(١٦٧٤-١٦٠٨پ.ز): یەکێکـە لەشـاعیرو زاناکـانی سـەدەی حەڤدە، لەدرێژەی ژیانیدا لەبارەی پرسی سیاسی و دینی چالاکی هەبوەو لەشـەڕی نـاوخۆی ئینگلیزیشدا، چوەتە ریزی ئۆلیڤەر کرۆمویل و بەرهەڵستی حوکمی پاشایی کـردوە. خـاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمە، لەوانە: Aeropagitica (لاپەڕە هەوایيەکان) لە١٦٤٤ دا. بڕوانە: (http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AC%D9%88%D9%86) <(3/2/08)>

دێڤید هیوم David Hume(١٧٧٦-١٧١١پ.ز): فەیلەسوفـو مێژوونووسێکی ئینگلیزییە، (هەست) بەسەرچاوەی پەیبردنی ژیریی مرۆڤایەتی دادەنێت. گرنگترین بەرهەمیشی بریتیە لە: توێژینەوەیەك لەسروشتی مرۆڤایەتی. بڕوانە: (د. عبدالرحمن بدوي: الموسوعة الفلسفية، ج٢، ط١ (بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٤)، ص١١٦ومابعدها).

بونـه هـۆی پێشخـستنی ئـەو شۆڕشـانەی کـە لـەبریتانیاو ئەمـەریکاو فرەنـسادا بەرپابوون.

سـەرەتاکانی تێگەیـشتنی هاوچـەرخ بـۆ ئـازادیی رادەربـڕین بـۆ سـەدەکانی ناوەڕاسـت دەگەڕێتـەوە، لەشانـشینی یـەکگرتووی پـاش شـۆڕش، کـە بـوە هـۆی لاچوونی شا جێمسی دوەم لەئینگلتەرا لە١٦٨٨، دواتر شا ولیەمی سێیەمو شاژنە ماری دوەم لەبریتانیا چوونە سەر تـەخت، دوای هەریـەك لـەم روداوانـە پارلـەمانی بریتانی یاسایەکی دەرکرد بەناوی (ئازادیی قسەکردن) دەرکرد.

لەفرەنسادا، پاش چەندین ململانێ لە١٧٨٩ جاڕی (مافەکانی مرۆڤو هـاوولاتی) لەئەنجامی شۆڕشەوە درا، کە تیایدا ماف ئازادیی بیروڕاو رادەربڕین وەك بەشـێکی سەرەکی لەمافەکانی هاوولاتی هاتوە، هەر لەوکاتانـەدا چـەندین هـەوڵ لەویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکادا، دراوە بـۆ ئـەوەی ئـازادیی بـیروڕاو رادەربـڕین ببنـە مافێکی سەرەکی، بەلام ویلایەتە یەکگرتوەکان لەپیادەکردنی ئەوەی لەدەستوردا هاتوە لەسـاڵەکانی ١٧٧٧و ١٧٧٨ سـەبارەت بـەماف ئـازادیی بـیروڕاو رادەربـڕین سەرکەوتوو نەبوو، ئەم بەندەشیش لە١٧٩٨دا لابرا، نەیارانی حکومەتی فیـدراڵیش وایانـدانا کـە یاسـا سـزا لەسـەر تـاوان دەردەکـات، لەهەمانکاتیـشدا یەکـسانییەك لەنێوان رەشپێستو سپیپێستەکاندا لەرووی مافەکانی ئازادیی رادەربڕین نەبوو.(١)

---

جۆن لۆك John Lock(١٧٠٤–١٦٣٢پ.ن): یەکێکە لەفەیلەسوفە گەورەکانی بونگەرایی لەسەدەی حەڤدەیەم لەئینگلتەرا، پتر لەبواری ئەپستمۆلۆژیادا کاریکردوەو گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە: دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ ١٦٩٠، دەربارەی حکومەت، چەند هزرێك دەربارەی پەروەردە ١٦٩٠. بڕوانە: (أ. د. إحسان محمد الحسن: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٤٧).

جان جاك رۆسۆ Jean Jacque Rousseau(١٧٧٨–١٧١٢پ.ن): فەیلەسوفێکی بەناوبانگی سەدەی هەژدەیە، گرنگترین بەرهەمەکانی بریتیین لە: نامەیەك بۆ دالام بێر ١٧٥٨، ئیمیل ١٧٦٢، پەیمانی کۆمەڵایەتی ١٧٦٢، وتار دەربارەی زانستو هونەر ١٧٥٠، وتار دەربارەی سەرچاوەی نایەکسانی ١٧٥٥. بڕوانە: (د. عبدالمنعم الحفني: سەرچاوەی پێشوو، ص٦٦٨).

ڤۆڵتێر Voltair (١٦٩٤ – ١٧٧٨ز): لەشاری پاریسی پایتەختی فرەنسا لەدایکبوە، لەبەناوبانگترین بەرهەمەکانی برتین لە: نامە فەلسەفیەکان ١٧٣٤، فەرهەنگی فەلسەفی ١٧٦٤، فەلسەفەی مێژوو ١٧٦٤. بڕوانە: (د. عبدالمنعم الحفني: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ص ص١٠٤٢– ١٠٤٣).

(١) حرية الرأي و التعبير، من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة.
http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AD%D8%<(3/12/06)>

ئەم سەردەمە نوێیانە، نابێت جۆن ملتۆن لەبیر بکات، ئەو فەیلەسوفەی رایگەیاند: "ئازادی ئەوەیە کە بیزانیو بەبێکۆتوبەند ئەوە بڵێیت کە هەستی پێبکەیت، بەو پێیەی کە هەستی پێدەکەیتو بڕوات پێیەتی، ئەمەیش لەسەروو ئازادییەکانەوەیەو هەر ئەمەیش نازدارترینو گرانبەهاترین ئازادییە". لێرەوە دەسەڵاتە دینیو دنیاییەکان توانا و دەسەڵاتی مادیو مەعنەویی خۆیان لەئەوروپای رۆژئاوا لەدەستدا، لەئەنجامی ئەوەی شانبەشانی ئەو پێشکەوتنە نەدەرۆیشتنو وەڵامی داواکانی جەماوەریان نەدەدایەوە، ئەمەیش سەرەڕای ئەو جەنگانەی لەنێوان سەدەکانی شانزەو حەڤدەدا سەریانهەڵدا، هاوشێوەی جەنگی ئاینی لەنێوان ئاینزاکانی ئاینی مەسیحیدا، یان جەنگە سیاسیەکان بۆ بەرگریکردن لەبەرژەوەندییەکانی خێزانی دەسەڵاتدار.[1]

جۆن ملتۆن لە(لاپەڕە هەواییەکان)دا دەگاتە ئەوەی، مرۆڤ ناتوانێت بگاتە راستی لەیەکێ لەپرسەکاندا، هەتا گوێ بۆ بۆچونی ئەوانە نەگرێت کە لەم پرسەدا لەو جیاوازن، بۆیە هەقیقەت ناتوانێت زامنی مانەوەی خۆی بکات، تاکو لەگەڵ هەقیقەتەکانی تردا روبەڕونەبێتەوەو لەروبەڕوبوونەوەیەکی بێچەندوچونو ئازادییەکی تەواودا نەبێت.[2]

دواتریش، فەیلەسوفانی سەدەی هەژدە، وەك ڤۆڵتێر، مۆنتسکیۆ*، جان جاك رۆسۆ بەرگرییان لەئازادی کرد لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا، لەوانە: ئازادیی رادەربڕین، هەوڵیاندەدا ئەم ئازادییانە بەبیرۆکەکانی (یاسای سروشتی)و (پەیمانی کۆمەڵایەتی)یەوە بلکێنن، بۆئەوەی بیکەنە بەڵگەو بەمرۆڤەوەی بنوسێنن، بەوەی مرۆڤ لەگەڵ بونیدا ئەم ئازادییەی هەبوەو پێش بیرۆکەی دەوڵەت کەوتوە.[3]

---

(١) د. ليلى عبدالمجيد: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧.

(٢) ادوين امري، فيليب هـ. أولت، وارين ك. اجي: الاتصال الجماهيري، ترجمة: إبراهيم سلامة إبراهيم، (ب. م: المجلس الاعلى للثقافة، ٢٠٠٠) ص٦٠.

* بارۆن دۆسکودانت مۆنتسکیۆ Montisquieu (١٧٥٥-١٦٨٩): بیرمەندێکی فەرەنسیە، خاوەنی بیرۆکەی (پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان)ە، لە١٧٢١ یەکەمین بابەتی بەناوی نامە فارسیەکان نووسیوە، لەگرنگترین بەرهەمەکانی کتێبی رۆحی یاساکانە. بڕوانە: (http://www.albayan.ae/servlet/satellite?c=Article&cid=1143341365497&pagename=...)<(8/10/07)>

(٣) د. ليلى عبدالمجيد: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧.

هـەر لـەو بارەیـەوە، جـۆن لـۆك بـەرگریی لـەماف رادەربـڕین کـردوە، دواتـر بۆچوونەکانی خۆی داڕشتۆتەوە. ئەم بۆچوونانە ئامادەباشیان بۆ هەردوو شۆڕشی ئەمـەریکاو فرەنـسا لەسـەدەی هـەژدەدا کـرد، سـەرەڕای ئـەوەی خـاوەنی ئـەم بۆچـوونانە (وەك: مۆنتـسکیۆو جـان جـاك رۆسـۆ) لەبانگەشـەکارانی شـۆڕش نەبوون.[1]

لەنێو ئەو هاوارانەی کە لەو سێ سەدەیەی دواییدا فەیلەسوفان بانگەشەیان بۆ دەکـرد بـۆ رزگـاربون لەسـەرکوتکردنو سـتەم کـە کەنیـسەو دەسـەلات لەسـەر تاکەکانیان سـەپاندبوو، شۆڕشـی فرەنـسی سـەریهەڵدا، بۆئـەوەی بـەڕووی دنیـادا رایبگەیەنێت کە مرۆڤ ئازادە، ئەمەیش لەو دیدوبۆچونانەی فەیلەسوفە پێشوەکانی رۆشنگەرییەوە سەرچاوەی گرتبوو.

لەجاڕنامـەی مافـەکانی مرۆڤـی فرەنـسی ١٧٨٩دا، هـاتوە: مـرۆڤ ئامـانجی بـەدیهێنانی گرەنتیـەکانی سروشـتی تاکـە لـەرووی هـزریو ئەدەبییـەوەو بـۆ بەدەستهێنانی ئابڕوو و بەختەوەری هانیدەدات.

مرۆڤی ئازاد، لەهەڵبژاردنی ئامرازەکاندا کـە پـشتی پێدەبەسـتێت بـۆ گەشـەی کەسێتیی خۆی، ئازادە، هەروەك ئازادیی شار، یان سەربەخۆیی تاك دیاریناکرێت، تەنها بەدانانی سنورێك بـۆ پەکخـستنی گەشـەی کەسـێتیی کەسـێکی تـرو لەگـەڵ مافەکانی دەوڵەتدا ناکۆك نەبێ.

ئـەم بۆچـونانە بەچـەمکە سیاسـیو ئابورییـەکانی تایبـەت بەچـینی بـۆرژوازی لکێنرا، کە دەستی بەسەر کۆمەڵگەی ئەوروپاییدا لەسەدەی ١٨دا گرتبوو و هەوڵی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەلاتی رەها دەدا.

ئەو چینە، ئەو بۆچونەی قۆستەوە،  بـۆ ئـەوەی ئازادییـەکان نـەهێڵێت، دوای ئـەوەی لەشۆڕشـی فرەنـسادا خـۆی بەگـەل دانـاو بەهانـەی سـەرکوتکردنیدا بەپشتبەستن بەپیرۆزیی رای زۆرینە، کە جان جاك رۆسـۆ لەکتێبەکەیدا (پـەیمانی کۆمەلایەتی) باسیکردبوو.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ص٢٨.

بیرۆکەی مافە سروشتیەکانی مرۆڤ، لەوانە ئازادیی راو رادەربڕین پشتی بەبیرۆکەی مافە سروشتیەکان، کە بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵاتیە، بەستوە، بۆ ماوەی سێ سەدە تاوەکو سەدەی هەژدە، کاتێك جۆن ستیوارتو بیرمەندانی تر بانگەشەیان بۆ کرد لەسەدەی ١٩ دا، کە مافەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی وەستاوەو بەئامرازێکی پێشکەوتنو هۆکارێك بۆ چاکسازیی دەسەڵاتو بەدیهێنانی چاودێریو بەرەنگاربوونەوەی زوڵمو زۆرو بەدیهێنانی خودێتیی مرۆڤ دادەنرێت.[(١)]

لەوڵاتانی ئەنگلۆسەکسۆنیدا، تۆماس جیفرسۆن* رایگەیاند: ئەو حکومەتەی نەتوانێت لەبەردەم رەخنەدا خۆی رابگرێت، پێویستە بروخێو شوێن بۆ خەڵکی تر چۆڵ بکات، چونکە هێزی راستەقینەی هەموو حکومەتێك لەئامادەگیو توانای روبەڕوبونەوەیدایە بەوەرگرتنی رەخنە، ئەمەیش بەسنگێکی فراوانەوە.[(٢)]

جۆن ئەرسکین[(+)] رایگەیاند: هەموو مرۆڤێك بۆ روناککردنەوەی رێگەی ئەوانیتر تێدەکۆشێت، نەك بۆ رێ لێ ونکردنیان، کەواتە مافی خۆیەتی ئەوەی ویژدانی مەیلی دەکات بڵاویبکاتەوە، ئیتر ئەمە لەسەر ئەو بابەتانە بێت کەپەیوەندییان بەحکومەت، یان پەیوەندییان بەهەموو گەلەوە هەیە.[(٣)]

---

(١) د. لیلی عبدالمجید: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٨.

* تۆماس جیفرسۆن T. Jifferson (١٧٤٣-١٨٢٦): سیاسەتمەدارو نووسەرێکی سیاسی بوە، سێیەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بوە، لەبواری یاسادا خوێندوویەتی، سیاسەتی ریفۆرمی سیاسی پەیڕەوکردو داوای ئازادیی هۆشیاریو ویژدانی کرد، ئەوەی تایبەتە بەبیروباوەڕەکان. بڕوانە:
(http://books.naseej.com/detail.asp?InNewsItemID=188685&InTemplateKey=print)<(9/12/07)>

(٢) د. عماد عبدالمجید النجار: سەرچاوەی پێشوو، ص٦٩.

+ جۆن ئەرسکین John Erskine (١٨٧١-١٩٥١): ئەکادیمیەکی ئەمەریکیە، پتر لەبواری مرۆیی کاریکردوە، گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە: ئایدیلەکانو دیموکراسی ١٩٢٠، ئادەمو حەوا ١٩٢٧، کارەکتەری ئەمەریکی ١٩٢٧. بڕوانە:
(http://en.wikipedia.org/wiki/John_Erskine_(educator))<(20/12/07)>

(٣) د. عبداللطیف حمزة: الإعلام له تأریخه ومذاهبه، ط١ (القاهرة: دار الفكري العربي، ١٩٦٥)، ص١١٨.

لەم روانگەیەیشەوە، لەسەدەی نۆزدەدا جۆن ستیوارت میلّ بۆ هەر رایەك هەرچەندە ئەو رایەیش لەروانگەی کەسانی ترەوە نائێتیکی بێت، دەلّێت: "ئەگەر هەموو مرۆڤەکان یەك رایان هەبێت، تەنها کەسێك رایەکی جیاوازی هەبێت، بێدەنگکردنی ئەو کەسە جیاوازیی نیە لەوەی ئەو کەسە هەموو مرۆڤایەتی بێدەنگ بکات، ئەگەر هاتوو هێزی بۆ رەخسا."[1]، تەنها ئاستێك کە میلّ بۆ سنوربەندکردنی ئازادیی رادەربڕین، بریتیە لەوەی کە ناوی لێناوە: (زیانگەیاندن بەکەسێکیتر)، تاکو ئەمڕۆیش مشتومڕێکی زۆر لەسەر سنوری زیانگەیاندن هەیە، ئەمەیش لەروانگەی مرۆڤەکانەوە واتاکەی لەکۆمەلّگەیەکەوە بۆ کۆمەلّگەیەکی تر دەگۆڕێت.[2]

لەڕووی سیاسیشەوە، بیرۆکەی ئازادیی تاك، رەخنەی ئازادی بەدوای خۆیدا هێنا، بۆ سیستمی بەڕێوەبردنو ئەو یاسایانەی کۆمەلّگەیان بەڕێوەدەبرد. وایش ئیعتبارکراوە سەرخستنی ئەم جۆرە سیستمە کە رێگە بەپەیڕەوکردنی رەخنەی ئازاد دەدات بۆ سیستمی بەڕێوەبردنو ئەو یاسایانەی کۆمەلّگە بەڕێوەدەبەن، ئەم سیستمەیش گرەنتیەکی تەواوی بۆ تاك پێبوو، بۆ جێبەجێکردنی ئازادییە سیاسیەکانی لەرادەربڕینو قسەکردنو رەخنەگرتن بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها گرەنتی تەواوی بدرێتێ لەرێگەی دەولّەتەوە، بۆ هەلّسەنگاندنی چۆنێتیی بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژانەی دەولّەت پێشکەشیاندەکات.[3]

دواتر بیری مارکسی، بۆ ئەوەی وەسفی ئازادییەکان بکات کە لەسایەی مەزهەبی ئازاد، بەو پێیەی کە ئازادییەکی شکلّییەو بەدەرە لەناوەرۆکی راستەقینەی ئازادییەکان، کە بۆ ژمارەیەکی کەم لەتاکەکان دیاریکراوەو ئیستغلالکردنی ئەو کەمینەیەیش لەبەرژەوەندیی زۆرینەوە لەپشت خۆیەوە

---

(١) جون ستیوارت مل: سەرچاوەی پێشوو، ص ص١٣٦– ١٣٧.

(٢) عبدالله العروي: مفهوم الحرية، ط٣ (بيروت– لبنان: دار التنوير للطباعة والنشر، ١٩٨٤)، ص٤٥. وەریگرتوە لە: Mill, John Stuart: On Liberty. Harmondsworth, Penguin Books 1974, P.76.

(٣) د. عماد عبدالمجيد النجار: سەرچاوەی پێشوو، ص٧٢.

دەشارێتەوە. ئەو ئازادییە راستەقینەیەی کە لای کارل مارکس* هەیە، ئەوەیە کە تاك دەتوانێت چێژی لێ ببینێت، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگە لەدۆخێکی ئابوریی گونجاودا، بۆی دەرەخسێنێت.[1]

لینین،[+] وایدەبینێ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا (چینی کرێکار) رێگەیەکە بۆ بەستنەوەی ئازادییەکانی سەرمایەدارانی ئیسغلالکردنی کار. پێویستە ئەوانە بچەوسێنینەوە، تاکو مرۆڤایەتی لەکۆیلەتی رزگار بکەینو بە هێز بەرەنگارییان بینەوە.[2]

سەرەڕای ئەو رایانەی دەربارەی ئازادی، رووبەڕوبونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتو ویلایەتەکانیو لەنێوان مافەکانی تاکو ئازادییەکانیان، بوە هۆی سەرهەڵدانی سیستمی دیکتاتۆری بەتایبەت لەماوەی نێوانی هەردوو جەنگی جیهانی ١٩١٨ — ١٩٣٩، کە بەئازادیی تاك، ئازادییەکانی گەلان لەجیهاندا سەریهەڵدا، لەماوەی جەنگی دوەمی جیهانیدا خۆی لەنازیەتو فاشیەتدا بینیەوە، ئەوەیش بوە هۆی ئەوەی وا لەدەوڵەتانی جیهان بکات، بۆ بەرەنگاربوونەوەیان رێکبکەون، دوای ئەوەی زانییان ئاشتی لەسەر بنەمای ئازادیو رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بەدیدێت، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە.

---

* کارل مارکس Karl Marx (١٨٨٣–١٨١٨ز): یەکێکە لەگەورەترین بیرمەندانی بوارە جیاوازەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەفەلسەفەی ئەڵمانیو ئابوریی سیاسیی ئینگلیزی کاریگەربوە، گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە: دەستنووسە ئابوریو سیاسییەکان ١٨٤٤، چەند تێزێك دەربارەی فۆیەرباخ ١٨٤٥، ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی ١٨٤٦، مانیڤێستی کۆمۆنیستی –بەهاوکاری ئەنگڵس– ١٨٤٧، رەخنەی ئابوریی سیاسی ١٨٥٤، شەڕی چینایەتی لەفرەنسا ١٨٤٨، سەرمایە، خێزانی پیرۆز ١٩٤٥، بێئومێدیی فەلسەفی ١٩٤٧... بڕوانە: (أ. د. إحسان محمد الحسن: سەرچاوەی پێشوو، ص ص٥١٩– ٥٢٠).

(١) د. خليل صابات: الصحافة رسالة وإستعداد وفن وعلم، ط٣ (مصر: دار المعارف بمصر، ١٩٦٧)، ص٢٧٥.

+ ڤلادیمیر ئیلیچ لینین Lenin V. I. (١٩٢٤–١٨٧٠ز): رابەری تیۆریو پراکتیکیی شۆڕشی سۆڤێتو دامەزرێنەری یەکێتیی سۆڤێتە، لەچەند روویەکەوە زیادەی خستەسەر تیۆری مارکسی، تاکو لەدواییدا تیۆری مارکسی بوو بەتیۆری مارکسی– لینینی. بڕوانە: (د. عبدالوهاب الكيالي (أسسها): موسوعة السياسة، ج٥، ط١، (بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٧)، ص٦٠٣).

(٢) هەمان سەرچاوە، ص٢٧٧.

## ٢. ٢. ٥: كۆتايی

لـەم خـستنەڕووەی پێـشوودا بۆمـان دەردەکـەوێت، ئـازادیی رادەربـڕین بریتیـە لەمیراتی مرۆڤایـەتیو خۆرسـکی ئـادەمیزاد خـۆی، بـەئامانجی رێزگرتنـی ئـابڕوی مرۆڤەکانو پارێزگـاریکردنی کۆمەڵگـە، ئـەم مافـەی مرۆڤایـەتی بەدرێـژایی مێـژوو لـەلای دەسـەڵاتدارەکانەوە نـەهاتوە، بـەڵکو لەئـەنجامی تێکۆشـانێکی سـەختو بـەردەوامو پەیامـە ئاسمانیـەکانو شۆڕشـە کۆمەڵایـەتیو سیاسـیو بزوتنـەوە چاکسازییە فیکریو ئاینیەکانـەوە سەرچـاوەی گرتـوە، سـودوەرگرتن لـەو مافانـە بەسـتراوەتەوە بـەو ماوانـەی پێـشکەوتنو بوژانـەوەی شارسـتانیەتەکانی تیـادا دەرکەوتوون، لەکاتێکدا سـەرکوتکردنو رقو زۆرداری بەچـاخەکانی دواکـەوتوییو دارمانی شارستانیەتدا تێدەپەڕی.

# باسی سێیەم
# ئازادیی رادەربڕین لەسیستمە سیاسییە جیاوازەکاندا

### ٢. ٣. ١: دەسپێك

لەسۆنگەی ئەو راستیەی سەلماندویەتی، "ئەو سیستمە سیاسیەی هەر دەوڵەتێك لەدەوڵەتەکان پەیڕەویدەکات، بەپێویستیو راستەوخۆ لەو سیستمی میدیاو کەمیونیکەیشن[*]ەی لەو دەوڵەتەدا کاری پێدەکرێت، رەنگدەداتەوە"[١]، هەروەها "بۆ ئەوەی ناوەندەکانی راگەیاندن کاریگەرییان هەبێ، پێویستە ئەم کاریگەرییە لەگەڵ سیاسەتی سیستمەکەدا هەڵبکات"[٢]، هەوڵدەدەین لەم باسەدا، لەدوو بابەتی جیادا، لەئازادیی رادەربڕین بدوێین، هەم لەسیستمی یاساییو دیموکراسییدا، هەمیش لەسیستمی دیکتاتۆریو تۆتالیتارییدا.

---

* کەمیونیکەیشن: پرۆسەیەکی دەرونیی کۆمەڵایەتییە، لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی هێمای مانابەخش لەنێوان لایەنەکان لەدۆخی کۆمەڵایەتیدا، بەئامانجی بەدەستهێنانی کاریگەرییە دیاریکراوەکان وەستاوە. بڕوانە: (أ. د. عصام سليمان الموسى: المدخل في الإتصال الجماهيري، ط٥ (المملكة الاردنية الهاشمية: مكتبة الكتاني للنشر والتوزيع، ٢٠٠٣)، ص٢٠). لەتەواوی ئەم توێژینەوەیەداو بەرامبەر وشەو زاراوەی (الإتصال)ی زمانی عەرەبیو (Communication)ی لاتینیو ئینگلیزیو...تاد هەر کەمیونیکەیشن بەگونجاوتر زانراوەو بەکارهاتوە، وەك لەوەرگێڕانی بە(پەیوەندیکردن، گەیاندن، پێکگەیشتن، ...تاد)، چونکە چەمکی کەمیونیکەیشن ماناکەی فراوانترەو بەکارهێنانیشی وەکو خۆی، مەفهومترەو لەزۆربەی زمانە زیندوەکانی دنیایش هەمان وشەو زاراوە لەبنچینە لاتینیەکە بەکاردەهێنرێتو هیتری بۆ دانەتاشراوە. (توێژەر).

(١) د. محمد عبدالقادر حاتم: سەرچاوەی پێشوو، ص٤١.

(٢) جون ميرل، رالف لوينشتاين: الإعلام وسيلة ورسالة، ت. د. ساعد خضر العرابي الحارثي، (الرياض: دار المريخ للنشر، ١٩٨٩)، ص٢٢٩.

## ٢. ٣. ٢: سیستەم‌و سیستەمی سیاسی

سەرەتا پێویستە لـەمانای (سیـستم) لەلایـەك‌و (سیـستمی سیاسـی) لەلایـەكی دیكەوە بەشێوەیەكی گشتی بدوێین‌و زاراوەكان بەكورتی شرۆڤە بكەین.

سیستم (system) لەزمانی ئینگلیزیدا بەمانای: كۆمەڵێك راستی‌و بیروباوەڕی رێكخراو، رێسا بۆ رێكخستنی شتێك، یان چـەند بیروبـاوەڕو مەزهـەبێك لـەبوارێكی تایبەتیدا، دێت.[1]

لـە(موسـوعة الـسياسية) دا سیـستم (نظـام – Regime) بـەوە هـاتوە: "زاراوەیەكە بەسەر ئەو دیاردەو پەیوەندی‌و بونیادە كۆمەڵایەتیانە دادەبڕێت، كـە لەدەركەوتن‌و رێكخستنیاندا، لەبنەماو بەرژەوەندی‌و بەهاو ئاراستە هاوشـێوەكاندا سودمەندن".

سیـستمی سیاسـی– یـش پرەنـسیپ‌و رێوشـوێن‌و دەزگـاو ئـامرازی رێكخـستن دەگرێتەخۆو كار بۆ بەدیهێنانی ئامانج‌و بەرژەوەندییەكی دیاریكراو دەكات."[2]

هەر لـەو ئەنـسیكلۆپیدیایەدا ئامـاژە بـەوە دراوە، ئـەم زاراوەیـە زۆربـەی كـات لەفەرهەنگی سیاسیدا بەمانای "رێبـەریكردن‌و پێكهاتـەو ئەقڵیـەتی فـەرمانڕەوایی لەهەر وڵاتێك" بەكاردێت.[3]

هەندێ لەپسپۆڕان، سیستمی سیاسی بەوە پێناسە دەكەن: "كۆمەڵە كارلێـك‌و رۆڵبینینـە، پەیوەسـتە بەدابەشـكردنی دەسـەڵاتگەرانەی بـەهاكان‌و لەپێـشی هەموویانـەوە پرۆسـەی تایبـەتكردنی بـەهاكان، واتـە: كـێ، چـی دەسـتدەكەوێ؟ (Who gets what؟))و سیـستمی سیاسـی لێـرەداو لەرێگـەی دەرچـواندنی ئـەو بڕیارانەی هەموان پێوەی پابەندن، ئـەركی بەجێگەیانـدنی پرۆسـەی دابەشـكردن‌و رێكخستن لەئەستۆ دەگرێت."[4]

---

(1) Oxford. Wopapower. Ox Ford University Press. 1999. p 651.

(٢) موسوعة السياسية، سەرچاوەی پێشوو، ص ص٥٨٢–٥٨٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، ص ٥٨٣.

(٤) دكتورة حنـان يوسـف: الإعـلام والـسياسة– مقاربـة إرتباطيـة، ط٢ (القـاهرة: أطلـس للنـشر والإنتاج الإعلامي ش. م. م، ٢٠٠٦) ص١٤. وەریگرتوە لە: David Easton, a framework for political analysis, prentice hall, 1972, new jersey, p: 57.

## ٢. ٣. ٣: سیستمی یاسایی

سیستمی یاسایی، بەو سیستمە سیاسیە دەوترێت کە یاسا تێیدا بەرقەرارەو دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەنجومەنی نوێنەران (پارلەمان) دەگرێتەوە، دەزگایەکی کارایە.

سەرباری ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاری خۆیدەکات، دەسەڵاتی داد سەربەخۆیی پارێزراو و هەرسێ دەسەڵاتەکەیش لەیەکتر جیاکراونەتەوە.*

سیستمی یاسایی ئەو سیستمەیە، ملکەچی یاساکان دەبێت، وەکچۆن حوکمدراوەکان ملکەچی یاسان، ملکەچبوون بۆ یاسا نابێتە هۆی کەمبونەوەو لەدەستدانی سەروەری، لەبەرئەوەی یاسا کە سیستمی یاسایی ملکەچی دەبێت دەسەڵاتێکی خاوەن سەروەریی داناوەو وابەستەی ویستەکانی خۆیەتی.(١)

## ٢. ٣. ٤: سیستمی دیموکراسی

سیستمی فەرمانڕەوایی دیموکراسی- یش "یەکسانی لەمافو ئەرك لەنێوان هەموو تاکەکانی گەل دەسەپێنێت".(٢)

سیستمێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی یە، پەیوەندیی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەت رێکدەخات، بەپێی بنەمای یەکسانی لەنێوان هاووڵاتیانو بەشداریی ئازادانە لەدروستکردنی تەشریعات، کە ژیانی گشتی رێکدەخات.(٣)

---

* (پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان) لەلایەن مۆنتیسکیۆوە هاتەئارا، کە ئەو بیرمەندە یەکێك لەرێگاکانی بۆ چاکسازیی حکومەتەکان بەمەبەستی گرەنتیکردنی ئازادییەکان بەئامادەکاری ئەو حکومەتانە دەزانێت بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، لەسەر ئەم بنەمایە لەو بڕوایەدایە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردنو دادوەری دەبێ لەیەکتر جیابن، یان یەکتر هاوسەنگ بکەنو بەر بەدروستبوونی دەسەڵاتی تاکڕەوی بگرن. بڕوانە: (د. کەمال پۆلادی: مێژووی هزری سیاسی لەرۆژئاوا لەماکیاڤیلی تا مارکس- چەرخی نوێ، و: ئازاد وەڵەدبەگیو سیروان زەندی، ب٢، چ١ (هەولێر: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٥)، ل٨٣).

(١) د. حسن الحسن: الدولة الحديثة إعلام وإستعلام، ط١ (بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٨٦)، ص٢٩.

(٢) د. عبدالوهاب الكيالي، كامل زهيري: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧٥.

(٣) موسوعة السياسية، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٥١.

کەواتـە دیموکراسـی مانـای سیـستمی ئـەو حکومەتانەیـە، رەچـاوی یەکسانی لـەنێوان سـەرجەم هاوولاتیانـدا دەکـەن، تێیـدا لـەدوای ئاگـاداربوونی زۆرینـەی حکـومڕان بڕیـاری سیاسـی دەدرێـت، لەگـەڵ هەمیـشە بەهەنـدوەرگرتنی مـافی کەمینەکان.

دیموکراسی لەوردترین مانایشیدا رەخساندنی دەرفەتـە بـۆ هاوولاتییـان، تـاکو راستەوخۆ لەپرۆسەی بڕیارداندا بەشداربن.[1]

سیـستمی دیموکراسـی، جیادەکرێتـەوە بەهـەبوونی دیـسپلین لەسـەر ئـەو کەسانەی لەپۆستە سیاسیەکاندان، لەسەر فرەیی هێـزە سیاسـیەکان وەك حـزبو گروپەکانی بەرژەوەندیو هەبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی رێکخـراو و، هەڵبـژاردنی ئازادو بێلایەنی سیاسیی سوپاو سەروەریی یاسا[2].

بنـەماکانی دیموکراسـی، پیـادەکردنی مافـەکانی هاوولاتیـان دەگرێتـەوە، لەچاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە، بەشێوازێك کە مافە گشتیو ئازادییە مەدەنیەکانیان دەستەبەردەکات.[3]

## ٢. ٣. ٥: ئازادیی رادەربڕین لەسیستمی یاساییو دیموکراسیدا

مانای ئازادیی رادەربڕین لـەولاتی دیموکراسـیدا ئاشـکرایە، بـەمانا قوڵەکەیـشی دەتوانرێـت ئـازادی لەدەربڕینـدا وەکـو بونیادێـك بـۆ هـەموو ئازادییـەکانی دیکـە لێکدانـەوەی بـۆ بکـرێ، بـێ گرەنتیـی ئـازادیی رادەربـڕین هـەموو بنەمایـەکی هەمەلایـەنی بێـسودە، ئـەرکی دیموکراسییـشە کـە لەهـەر هەلومەرجێکـدا نـابێ دەستبەرداری ئازادیی رادەربڕین بێت.

هـەرگیز نـاتوانین دۆخێـك نـاوبنێین دیمـوکراس تـاکو شـتێك بـەناوی ئـازادیی رادەربڕینـەوە نـەبێت، کەواتـە دەتـوانین بڵـێین پەیوەندییـەکی پتـەو لـەنێوان (دیموکراسـی)و (ئـازادیی رادەربـڕین)دا هەیـە. بـەو پێیـەی دیموکراسـی بـەمانای

---

(١) د. محمد عبدالقادر حاتم: سەرچاوەی پێشوو، ص١١٦.
(٢) د. حنان یوسف: سەرچاوەی پێشوو، ص١٨.
(٣) موسوعة السیاسیة، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٥١.

(دەسەڵاتی خەڵك) دێتو (ئازادیی رادەربڕین)یش مافێکی ئاشکرای تاکەکانی خەڵکە، بۆیە هەر لەشیکردنەوەی ئەم دوو وشەیەوە، دەتوانین لەبەیەکگەیشتنی هاوکێشەکانی نێوان (دیموکراسی)و (ئازادیی رادەربڕین) تێبگەین(1).

جیاوازیی ململانێی رێچکەی سیستمە سیاسیەکان، ئەوانەی لەگەڵ ئازادیی رادەربڕینو ئەوانەی لەگەڵ کۆنترۆڵکردنیدان، درێژکراوەی مێژووی دوو سەدەی رابردوە، لەو سەردەمەیش لەگەیشتنە بەلوتکە، بەوەی هێزی هەموو ئەو داواکارییە بنەڕەتیانەی ماف مرۆڤ بۆ وەرگرتنی زانیاریو ئازادیی رادەربڕین بەرجەستە ببێت.

پرسیاری ئازادیی رادەربڕین، لێرەدا وەکو تاقیکردنەوەیەك دەردەکەوێت بۆ تێگەیشتنی دیموکراسیو کۆی کارەکتەری ئازادییەکانی هەموو وڵاتە دەستورییەکانو بونیادی دەسەڵاتە سیاسیەکان(2)، لەبەرئەوە رێزگرتن لەئازادیی رادەربڕین، یەکەمین هەنگاوە بەگشتی بەرەو دیموکراسی بنرێت.

سیستمی یاساییو دیموکراسی لەرێگەی ئەو هێڵەی بۆ کاری میدیایی ئیشی لەسەر دەکاتو ئەو کۆڵەکەیەی لەسەری وەستاوە بەتایبەت (کۆمەڵگەی بازاڕ) * و (پرەنسیپی بەشداریکردن)(+) هەوڵی فەراهەمکردنی فەزای ئازادیی رادەربڕین دەدات، لەسەر هەموو ئەو پرسانەی بەژیانی تایبەتیەوە پەیوەنددارن، لەگەڵ

---

(1) Eric Barendt: Freedom of speech, (Oxfordshire, 1987), P63.

(2) Johannes Schwartlander / Eibe Riedel (Hrsg.) Neue Medien und Meinungsfreiheit im nationalen und internationalen Kontext. Engel Verlag, Kehl am Rhein, Straβburg, Arlington, 1990. S. 5-11.

* کۆمەڵگەی بازاڕ (Market Society): مانای ئەوە دەگەیەنێ، کۆمەڵگە نوێنەرایەتیی بازاڕێکی ئازادی بیروڕاکان Marketplace of ideas دەکات، ئەو فەیلەسوفە لیبراڵانەیشی کە ئەم زاراوەیان لەکۆمەڵگەکەیان چەسپاندوە پێیانوایە دەبێ کۆمەڵگە هاوتای بازاڕی ئازادی بیروڕاکان بێت، ئەوانەی خراپن بازاڕیان نامێنێو دەپوکێنەوە. ئەم تێگەیشتنە لەو گریمانەیەوە سەرچاوەی گرتوە کە دەڵێت: هاووڵاتیان ئەو ئەندامانەن کە توانای جیاکردنەوەی ئەو دوو جۆرەیان هەیە. بڕوانە: (د. محمد بن السعود البشر: مقدمة في الإتصال السياسي، ط١ (الرياض: مكتبة العبيكان، ١٤١٨ هـ ١٩٩٧ م)، ص٦٦).

+ پرەنسیپی بەشداریکردن (Participation): مانای ئەوە دەگەیەنێت، هاووڵاتیان ئەندامە بەشداربوەکانی پرۆسەی دیموکراسیین، لەرێگاکانی بەشداریکردنی کارایانەشیان، دەستەبەرکردنی ئازادییەکانیانە لەرادەربڕیندا. بڕوانە:(هەمان سەرچاوە، ص ص٦٦–٦٧).

هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بەکاروبارەکانی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە کە تێیدا دەژین، ئەمەیش بەو ڕێگایانەی کە دەیانەوێت،[1] بۆیە ئەم تێگەیشتنە گریمانەی ئەوە دەکات، میدیاکان گوزارشت لەراو بۆچونە هەمەچەشنەکان بکەن، دەربارەی ئەو بابەتانەی جەماوەر لەرێی بازاڕە ئازادەکانی بیروڕاکانیانەوە بەلایەوە جێی بایەخەو لەرێگەی ململانێی بیروڕاکان خەڵکی دەتوانن بگەنە راستی، هەروەك ماف خۆیشیانە لەو چالاکیو سیاسەتانە ئاگاداربن کە حکومەتەکەیان پەیڕەویان دەکات، وەکچۆن گریمانەی ئەوە دەکرێت ناوەندەکانی راگەیاندن رۆڵی چاودێر بەسەر کارەکانی حکومەتەوە ببینن.[2]

لەمەوە دەتوانین بڵێین، پەیوەندییەکی راستەوانە لەنێوان میدیاو دیموکراسیدا هەیە، ئەمەیش بەوەی چەندە پانتایی دیموکراسی پتر بێ، ئەوەندەیش شەرعیەتی دەزگاکانی راگەیاندن بۆ یارمەتیدانی زیاد دەبێت، تاوەکو بەرۆڵی خۆی هەستێت.[3]

لەزۆربەی دەوڵەتانی دیموکراسیدا سیستمێك هەیە هەوڵ بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتی حکومەت بەسەر راگەیاندندا دەدات، هەرچەند دەستخستنەناوەوەی حکومەتیش زیاد بکات، لایەنی پروپاگەندەو داپڵۆسینیش زیاددەکات.

ئەگەر ئیمتیاز بەحزبێك لەسەر حزبێکی تر درا، کە پێچەوانەی جەوهەری راگەیاندنی دیموکراسیە، پێویستە ئەو راگەیاندنە بنەمایەك دابنێت کە وەکو ئەرکێك دەسەڵاتی پروپاگەندەی حکومەت بسڕێتەوە، ئەگەر ئەمە بەشێوەیەکی بنەڕەتی نەکرا، بەلانیکەمەوە، ئەو کاریگەرییەی حکومەت کەمبکاتەوە کە پیادەیدەکات، یان ئەوەتا لەسەر حسابی لایەنی بابەتیبونی راگەیاندن خۆی، یاخود لەسەر حسابی سیفەتی زانستی بۆ لێدوانو محازەرە پەروەردەییەکان، یان

---

(١) هەمان سەرچاوە، ص ص٦٦–٦٧.

(٢) د. حسن عماد مکاوي: سەرچاوەی پێشوو، ص٦٤. وەریگرتوە لە: Nasser, Munir K. "News Values Versus Ideology: A third World Perspective" In Martin, L. J. and chaudhary, A. G. Comparative Mass Media Systems (N. Y.: Longman Inc., 1983) P. 6.

(٣) د. محمد عبدالقادر حاتم: سەرچاوەی پێشوو، ص٤٢.

لەسەر حسابی سیفەتی ئازادیی گفتوگۆکردن. واتا دەسەڵاتەکان نوێنەرایەتی یەکێ لەحزبەکان زیاتر ناکەن، لەئایندەیشدا دەبنە ئۆپۆزسیۆن.

لەمڕووەوە هەنگاوێکی جیددیو هەوڵێکی جوانە بۆ هەر حکومەتێك بڕوا بەدیموکراسی بهێنێت، کە ڕێگا بەبوونی بیروڕای ئازادی ڕاستو دروستو، یارمەتی دەرکەوتنی بدات، بۆیە ئەمە گرەنتیە بۆ دروستبوونی هەستی متمانەکردن لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمانبەسەرکراو، هەروا ڕۆژنامە تەنها خۆی دەتوانێت ئەو ڕایە دروست بکات.[1]

ئازادیی رادەربڕین لەتەك ئازادییەکانی دیکەی وەك: ڕۆژنامەنووسی، قسەکردن، کۆبوونەوە، سکاڵاکردن، بیروباوەڕ، بیرو کاری سیاسی، گەشەی هزریو زانیاریو بیرۆکە گەیاندن، لەلایەن کۆمەڵگەوە بۆ پێشخستنو گۆڕان لەگەڵ پیادەکردنی پرۆسە دیموکراسییەکان، بەکاردێت.[2]

هەروا، ئازادیی رادەربڕین لەپێداویستیەکانی سیستمی دیموکراسیو مافو ئازادییەکانەو هەریەك لەئازادیی: خستنەڕوی بۆچونەکان، بڵاوکردنەوەی بۆچونەکان، پەیوەندیی بیروبۆچون، پێشکەشکردنی بیروبۆچون، گواستنەوەی بیروبۆچون، هەڵبژاردنی ئامرازی گوزارشتکردن، راگۆڕینەوە، مافی رەخنەگرتنی بنیاتنەر، لێشاوی بێقەیدومەرجی زانیاریو دیالۆگی گشتی، دەگرێتەخۆ.[3]

دەوڵەتی پابەند بەرۆشنبیرییەکی کراوە، بەرگری لەرادەربڕینو ویژدانی مرۆڤانە بەهەموو جۆراوجۆرییە ناوازەکانیەوە، ئازادیی قسەکردنو ڕۆژنامەنووسیو بیروباوەڕو کەمیونیکەیشنو گردبوونەوە، بەرگری لەناڕەزایەتیە هێمنانەکان دەکات.

---

(١) د. عبداللطيف حمزة: أزمة الضمير الصحفي، (ب. م: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٢)، ص٤٨.

(٢) ادوين امري، فيليب هـ. أولت، وارين ك. اجي: سەرچاوەی پێشوو، ص ص٥٧–٥٨.

(٣) د. امال سعد المتولي: مدخل الى الصحافة، ( ب. م: ب. د.، ب. س.)، ص ص٢٠٥–٢٠٦. وەریگرتوە لە: أحمد سيف الاسلام، كريم خالد: تاصيل الحق في المعرفة، دراسات إعلامية (عدد ٩٦) يونيو ١٩٩٩، ص٤٦.

ئەم ئازادییانە، تەنها بۆ مشتومڕێکی سیاسی درێژنابنەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا لێکۆڵینەوە هونەریو زانستییەکان دادەپۆشنو لەگەڵ خۆشیاندا لێکدانەوە ئایینیو فەلسەفیەکان دەهێنن، ئەو لێکدانەوانەی خەیاڵو کرۆکی مرۆڤ بەرجەستەدەکەن[1].

لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا، گرەنتی گەیشتن بەسەرچاوەکانی زانیاری پێویستە، جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ-یش ئازادیی رادەربڕین بەمافی گەڕان بەدوای زانیارییەکان بۆ بەدەستهێنانیان، دەبەستێتەوە.

بەدەستهێنانی چەند زانیارییەك، ئەوەی کە پەیوەندی پێوەی هەیە، تەنها سودی بۆ خۆی نیە، بەڵکو سودی بۆ کۆمەڵگەیەکی گەورەتریش هەیە کە کەمینەکانی تری تێدا دەژین. زانینی لابردنو نەهێشتنی حوکمە پێشینەییەکان, دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندیبەستنو بنەمایەك بۆ رێزگرتنی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی دوولایەنە دادەڕێژێت.[2]

ئەو ئازادییەش، بونێکی کرداری لەکۆمەڵگەی دیموکراسییدا هەیە، زیادەڕەوی نیە گەر بڵێین: گرەنتی ئاسایش لەوجۆرە کۆمەڵگەیانەدا بەتەنها بریتیە لەئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسی.[3]

لەبەرئەوەیشی، ئازادیی رادەربڕین لەدەستورەکاندا دانی پێدانراوەو لەدەقە تەشریعیە دەوڵەتیەکانیشدا هاتوە، لەو سیستمە سیاسیانەی کە رێزی رێکخراوبوون دەگرنو هاووڵاتی چێژ لەگرەنتیە دەستورییە راستەقینەکان وەردەگرێت، ئەو دەقانە دەنگدانەوەیەکی راستەقینەیان لەژیانی ئاساییدا دەبێت.[4]

---

(١) رودنی أ. سموللا: سەرچاوەی پێشوو، ص١٢.

(٢) توريل بريكە، بيتر نورمان ووغە، برنت هاغتفيت: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٣.

(٣) د. عبداللطيف حمزة: سەرچاوەی پێشوو، ص٤٦.

(٤) د. عبدالحليم موسى يعقوب: سەرچاوەی پێشوو، ص٦٢.

## ٢. ٣. ٦: سیستمی دیکتاتۆری

دیکتاتۆریەت، ئاماژەیە بۆ سیستمی دەسەڵاتێك كە رێگە بەتاكێك، یان حزبێك دەدات ببێتە خاوەنی هێزو دەسەڵاتێك، وایلێدەكات كۆنترۆڵی تەواوی دەوڵەت بكات، بەتەنها خۆی بڕیاری هەموو جوڵەو بڕیارە سیاسیەكان بدات، هەژمونی بەسەر هەموو هاووڵاتیاندا هەبێت، بۆ ئەوەی ملكەچی هەموو ئەو بڕیارانە بن كە لەو لایەنەوە دەردەچێت.[١]

لەو سیستمە سیاسیەدا, تاك دەبێتە قوربانیی بەرژەوەندیی دەوڵەت، یان بەرژەوەندیی تاكە كەسێكو ئەوجۆرەی حكومەتیش بەحكومەتی دیكتاتۆری ناوزەدكراوە. كەوا لەو حكومەتانەدا ئازادییەكان لەمرۆڤ دەسەنرێنەوە، لەوانەیش: ئازادیی رادەبڕین.[٢]

دیكتاتۆریەت روی دووەمی حوكمی تاكڕەوییە، لەم سیستمەدا دەسەڵات لەدەستی كەسێكدا چڕدەكرێتەوە، ئەویش دیكتاتۆرە، دەبێتە هۆی پێشێلكردنی مافو ئازادییەكانی تاك، بۆ ئەمەیش پەنا دەباتەبەر ئامرازی دیاریكراو، بۆ ئەوەی گەل ئازارەكانی خۆی لەبیر بكات.[٣]

تایبەتمەندییەكانی سیستمی دیكتاتۆری بریتین لە: نائامادەیی ئۆپۆزسیۆنی رێكخراو و رۆژنامەنووسیی ئازادو دیارنەبوون، یان لاوازیی دەسەڵاتی یاسادانانو دامەزراوەكانو، دەسەڵات لەدەستی كەسێك، یان كۆمەڵەیەكی كەمدا كورتدەبێتەوەو لەنائامادەیی دەسەڵاتی یاسادا سوپا دەست لەكاروباری سیاسی وەردەدات[٤].

(١) محمد محمود ربيع، إسماعيل صبري مقلد: موسوعة العلوم السياسية، (دولة الكويت: ١٩٩٣/١٩٩٤) ص٢٨٥.

(٢) د. محمد عبدالقادر حاتم: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢.

(٣) د. حسن الحسن: سەرچاوەی پێشوو، ص ص٢٩– ٣٠.

(٤) د. حنان یوسف: سەرچاوەی پێشوو، ص١٨.

### ٢. ٣. ٧: سيستمی تۆتاليتاری

تۆتاليتاريەت، بەمانای ئەو سيستمە سياسيە دێت كە تێيدا تاك دەبێتە قوربانيی بەرژەوەنديی دەوڵەت، يان بەرژەوەنديی تاكە كەس.[١]

تۆتاليتاريزم، چەمكێكە تايبەتە بەو دەوڵەتانەی كۆنتڕۆڵی چالاكييەكانی ئابوری، كۆمەڵايەتی، سياسی لەلايەن تاكە پارتی دەسەڵاتدارەوە دەكرێتو هەموو جۆرەكانی ديموكراسی بونيان نامێنێ.[٢]

راڤەكردنی مانای ئازاديی رادەربڕين لەدەوڵەتێكەوە بۆ دەوڵەتێكی تر دەگۆڕێت، بەگۆڕانێكی گەورە، وەكچۆن هەندێ لەسيستمە سياسيەكان ئەم ئازادييە بەگۆشەبەردی ديموكراسی دادەنێن، لەهەمانكاتيشدا لەهەندێ سيستمی سياسيی ديكەدا، هەمان ئازادی كۆتوبەند دەكرێت، بەو شێوەيەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەيەوێتو بەتێڕوانينی خۆی پێويستيە نيشتمانييەكان دابيندەكات، وەكئەوەی وايدادەنێت ئازادی بۆ ئەو كەسانە نيە كە دوژمنی دەوڵەتن.[٣]

دادگای باڵای ئەوروپا بۆ مافی مرۆڤ، ئازاديی رادەربڕين بەيەكێك لەگرنگترين بابەتەكانی ديموكراسی لەناو كۆمەڵگەدا لەقەڵەمدەدات، كەواتە كۆمەڵگەی ديموكراسی بێ ئازادانە لەدەربڕينی ئازاد، نايەتە بوون، هەر لەرێگەی ئازاديی رادەربڕينەوە جارێكی تر جياوازی لەنێوان سيستمی ديموكراسیو تۆتاليتاريدا دەكرێت[٤].

---

(١) د. محمد عبدالقادر حاتم: سەرچاوەی پێشوو، ص٢١.
(٢) داريوش اشوری: فرهنگ سياسی، (تهران: ب. م، ١٣٦٨) ص٦٥.
(٣) د. ليلى عبدالمجيد: سەرچاوەی پێشوو، ص٥٣.
4. Huttinger Alexader Meinungsfreiheit, Salzburg, 1989. S. 11.

## ٢. ٣. ٨: ئازادیی رادەربڕین لەسیستمی دیکتاتۆریو تۆتالیتارییدا

لـــەوجۆرە سیـــستمانەدا (دیکتـــاتۆریو تۆتالیتـــاری) ناوەنـــدەکانی میـــدیا کۆنترۆڵکراون، چ بەموڵکایەتی بێت یان بەسانسۆرخستنەسەر، نـاوەرۆکی هـەواڵو زانیارییەکان، یان بەهۆی رێگرتن، یاخود بەخشینی مافی دەرکردنو بڵاوکردنـەوەی زانیـــاری، یـــان لەرێگـــەی دامەزرانـــدنی سەرپەرشـــتیارانی سانـــسۆر لەســـەر مەتریاڵەمیدیاییـــەکان، هـــەروەها رێگریکـــردن لـــەفرەیی کەناڵـــەکانی راگەیانـــدنو کەمیونیکەیـشن کـە لەئـەنجامی ئەوەیـشەوە گـەل متمانـە بـەو دەزگایـە ناکـات، وەکچۆن لەناوەرۆکیشدا بێزارکەر دەبێتو گوزارشت لەحکومەتەکانیان دەکات.

لەحکومـــەتی دیکتـــاتۆریو تۆتالیتاریـــدا رۆژنامـــەی نهـــێنی بڵاودەکرێنـــەوەو هاووڵاتیـانیش گـویٚ لەناوەنـدەکانی کەمیونیکەیـشنی وڵاتەکـەیان نـاگرن، بـەڵکو گرنگـــی بـــەو مەتریاڵـــە میدیاییانـــە دەدەن کـــە لـــەدەرەوەی وڵاتەکەیانـــەوە بڵاودەبنەوە.[١]

لەوجۆرە سیستمانەدا، پتر ئەگەری سەپاندنی چەمکی گشتگیری هەیـە، بۆیـە کاتێك ژمارەی هۆکارەکانی راگەیاندن کەم بن، یـان زیـاتر لـەژێر کـۆنترۆڵی حـزبو دەسەڵاتدا بن، ئازادیی رادەربڕینو راگەیاندن—یش زەرەمەند دەبێت.[٢]

میدیا، لەو جۆرە سیتمانەدا تـەواو ئـازادیو سـەربەخۆیی خـۆی لەدەسـتدەداو دەبێتە ئامرازێکی گرنگی سیستمەکە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامو ئایـدۆلۆژیای پـارتی دەسەڵاتدارو هێرشکردنە سەر نەیارەکانی، بەڵام نابیٚ ئەوەیـشمان بیربـچێت، ئـەو جـۆرە سیـستمانە نـەك هـەر وڵاتەکـەیان بـۆ چەسـپاندنو تاقیکردنـەوەی بـیرو ئایدۆلۆژیاکـەیان بـەکارهێناوە، بـەڵکو لەئاسـتێکی عـەقڵانیی بـەرز لـەبوارەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتوریدا هەوڵیانداوە هەموو ئەو بوارانە بخەنـە ژێـر دەسەڵاتی دەوڵەتو، دەرفەتو ئازادی بۆ هیچ کەسو شـتێك نەهێڵنـەوە، لەوانـە: ئازادیی رادەربڕینو عەقڵو بیرکردنەوەی خود.[٣]

---

(١) د. محمد عبدالقادر حاتم: سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٠.

(٢) جون میرل، رالف لوینشتاین: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٤٨.

(٣) د. دلێـر ئەحمـەد: پێناسـەو چـەمکی تۆتالیتـاریزم، نـۆڤین (گۆڤـار)، ژمـارە ٩، تـشرینی یەکەمی ٢٠٠٦، ل ل٢٤، ١٩.

سیستمی تۆتالیتاری پێیوایه "ڕۆڵی ناوەندەکانی میدیا لەوەدایه، پشتگیریی تەواوی هەموو پێشنیارەکانی دەوڵەت بکات، بەشێوەیەکیش لەمیدیا دەڕوانن کە درێژکراوەی حکومەتی ناوەندییە".(١)

### ٢. ٣. ٩: کۆتایی

لەباسی پێشوودا، ئاماژەمان بەوەدا ئازادیی ڕادەربڕین لەدەستورو دەقە تەشریعیەکاندا دانی پێدانراوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین ئەم یاسایانە گرنگییەکی ڕێژەییان هەیە، چونکە کاتێك لەسیستمی دیموکراسیدا تاك لەگەرەنتیە دەستورییەکان دڵنیاو سودمەند دەبێت، ئەوا لەسیستمی دیکتاتۆریو تۆتالیتاریدا ئەم دەقانە تەنها سروشتێکی سیاسیو ڕەمزی وەردەگرن.

ڕژێمە دیکتاتۆریو تۆتالیتاریەکان بۆ داپۆشینی ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆیان، دەستور بۆ دەوڵەتو سیستمەکەیان دادەنێنو بەشێکیش لەو دەستورە بۆ مافو ئازادییەکان تەرخاندەکەن، بڕگەی بریقەدار کە پڕە لەپاراستنی مافو ئازادیی تاكو هاووڵاتی، دادەڕێژنو دەستورەکەی پێدەڕازێننەوە، بەڵام لەواقیعدا پەیڕەوناکرێت، لەجیاتی ئەمە دەزگای تۆقێنەرو پۆلیسی نهێنی بەردەبنە گیانی هەر هاووڵاتییەك، گەر هاتوو سنوری ئەو ئازادییەی بەزاند کە دەسەڵاتی حوکمڕان بۆی دەستنیشانکردوە.

بەبێ ئازادیی ڕادەربڕینو ئازادیی ڕۆژنامەنوسی، سەروەریی گەل زەحمەت دەبێتو، نابێت هیچ دەستورێك لەهەر دەوڵەتێك لەدەوڵەتەکانی جیهاندا هەوڵی پەسەندنەکردنی ئازادیی ڕادەربڕین بدات، بەڵام ئەو نمونەیەی دەستور بانگەشەی بۆ دەکات شتێکەو پیادەکردنی واقیعیش شتێکی تر، بۆیە گومانی تێدانیە بۆشایی لەنێوان دەقو پیادەکردن لەکۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا بەبەراورد بەوڵاتانی جیهانی سێیەم زۆر کەمترە.

کاتێکیش لەو جۆرە سیستمانەی بانگەشە بۆ ئازادییەکان دەکرێت، بەڵام پەیڕەوناکرێت، جگە لەهۆکارێك بۆ ڕەواییپێدانی سیاسیو یاسایی، چیتر نیە.

---

(١) د. محمد بن السعود البشر: سەرچاوەی پێشوو، ص٦٣. وەریگرتوە لە: حسن إبراهيم مكي، و: بركات عبدالعزيز محمد: المدخل الى علم الإتصال، ذات السلاسل، ط١ (الكويت: ب. د، ١٩٩٥)، ص٢٦٥.

# بەشی سێیەم
## فاکتەرە کاریگەرەکانی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا
## ( ١٩٩٣ - ٢٠٠٧ )

### باسی یەکەم
### فاکتەرە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابورییەکان

### باسی دووەم
### فاکتەرە یاساییەکان

### باسی سێیەم
### فاکتەرەکانی ئێتیکی پیشە

## باسی یەکەم
## فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان

### ٣. ١. ١: دەسپێك

ئـازادیی قـسەکردن و رۆژنامەنووسـی، تـەنها لەسـەر تاکـە بوارێـك کـە مـرۆڤ بایـەخیان پێـدەدات کورتناکرێنـەوە، بـەڵکو ئـەم گرەنتیانـە بـەردەوامن و ئـەو بیروباوەڕانـەی رەواجـی پێـدەدات پەیوەنـدییان بەلایـەنی سیاسـی، کۆمەڵایـەتی، ئابوری، ئاینی و رۆشنبیرییەوە هەیە. ئازادیی هزرو ویژدان و رادەربڕین وادادەنـرێن بەهایەکی باڵان، پەیوەندییان بەو سیفەتانەوە هەیـە کـە تایبەتمەندییـەکانی مـرۆڤ دیاریدەکـەن[1]، بۆیـە بـەر لەهـەموو شـتێك نابێـت ئـەو راسـتیە نادیـدە بکـەین و بـەدابڕاوی لەمەسـەلەی ئـازادیی رادەربـڕین بـڕوانین، چـونکە ئـازادیی رادەربـڕین شتێکی دابڕاو نیە لەکۆی پرس و کایەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مرۆیی.

ئەزمونەکانیش دەریانخستوەو لـەوڵاتانی پێـشکەوتوودا دەبینرێت، سیـستمی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری دەبنە فاکتەری کاریگەر بـۆ ئازادییـەکان بەگـشتی و ئازادیی رادەربڕین بەتایبەتی.

### ٣. ١. ٢: فاکتەرە سیاسییەکان

فاکتەرە سیاسییەکان، کاریگەرییان بەسەر رەوشی ئازادیی رادەربڕین دەبێـت، بەتایبەت ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیدا، چونکە رۆژنامەنووسـی و سیاسـەت دوو چەمکی لێکجیانەکراوەن و لەهەموو وڵاتێکدا رۆژنامە بەبەشێك لەژیانی سیاسی ئەو وڵاتە دادەنرێت و لێی جیاناکرێتەوە[2]، لەبەرئـەوە پێویستدەکات میکانیزمێك هـەبێت کارلێـك لـەنێوان رۆژنامەنووسـی و سیاسـەتدا دروسـتبکات و، دەسـەڵات

(١) رودنی أ. سموللا: سەرچاوەی پێشوو، ص٣٢.
(٢) محمد حسنين هيكل: بين الصحافة والسياسة، ط٥ (بيروت– لبنان: شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، ١٩٨٤)، ص٢٣٥.

بەچاوی لەخۆبایيبوونەوە نەڕوانێتە کایەی ڕۆژنامەنووسیو، ڕۆژنامەنووسی-یش بەچاوی دوژمنکارانە لەکایەی سیاسیو دەسەڵات نەڕوانێت[1].

سیستمی سیاسی لەکۆمەڵگەو وڵاتانی دیموکراسیدا، بەجۆرێك لەجۆرەکان ڕۆژنامەیان کردۆتە پێویستییەکی ڕۆژانەی کۆمەڵگەو وڵاتەکەیان، ئەمەیش لەوەوەدێت، ئەم سیستمانە پێویستییەکی زۆریان بەبوونی ئەو کەناڵە گرنگەی بواری کەمیونیکەیشن هەیە، نەك تەنها بۆ ئەوەی بیکەنە زمانحاڵو لەڕێگایەوە هەڵوێستی حکومەتو سیاسەت لەوڵاتەکەدا ڕونبکەنەوەو پەیامەکانیان بگەیەنن، بەڵکو بۆ ئەوەی تێبگەن هاووڵاتیانی وڵاتەکەیان، سیاسەتەکانیان چۆن دەبینن‌و چیان دەوێتو ڕەخنە لەچی دەگرن‌و چیان بەدڵەو دەیانەوێت چی لەو سیاسەتانەدا بگۆڕێت؟. واتە: سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتانە، کە سیستمێکی دیموکراسییە، بۆ گەیاندنی دەنگو پەیامی دەسەڵاتی سیاسیو لەهەمانکاتیشدا بۆ گوێگرتنی دەسەڵاتو کۆمەڵگەو دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنییش لەراوبۆچوونی تاکەکەس‌و گروپو هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە، پێویستی بەکەناڵی تایبەت هەیە، لەبەرئەوەیشە وادەڕوانرێت، نەبوونی ڕۆژنامەو ئامرازەکانی تری کەمیونیکەیشن لەکۆمەڵگەدا تائەندازەیەکی بەرچاو تێکچوونی شیرازەی سیستمو ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی لێبکەوێتەوە[2].

کەواتە پرسی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابوری، کاریگەرییان لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دەبێت، وەکچۆن ئاستی پێشکەوتنی ڕۆژنامەنووسی-یش لەهەرێمی کوردستاندا بەئاستی پێشکەوتنی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابوریی هەرێمەکەوە بەستراوەتەوە[3].

لێرەدا پێویستە دان بەو ڕاستیە مێژووییەدا بنێین، کوردستان وەك وڵاتێکی داگیرو دابەشکراو لەدیرۆکی هاوچەرخی خۆیدا، بەدەگمەن بۆی هەڵکەوتوە

---

(١) حەمە کەریم عارف (بەسەرپەرشتی): ڕاگەیاندن لەپەراوێزی دەسەڵاتدا، چ١ (هەولێر: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠١)، ل١٥.

(٢) هێرش ڕەسوڵ: میدیاو دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.

(٣) سەنتەری برایەتی: ڕۆژنامەگەریی کوردیو ڕۆڵی لەدروستکردنی ڕای گشتی دا (مێزگردی ژمارە)، سەنتەری برایەتی (گۆڤار)، ژمارە ٥، ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨، ل١٣١.

دەسەڵاتو خۆبەڕێوەبردن ئەزمون بکات، ئەوەیشی هەبوە هێندە بڕی نەکردوەو پاشخانێکی کلتوریو کارگێڕیو مێژوویی ئەوتۆی بۆ جێنەهێشتووین، هەروەك خودی کۆمەڵگەی کوردیش لەرووی پەرەسەندنی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەوە، زۆر لەسەردەمەکان دواکەوتوە، سەرباری ئەمانەیش لەباشوری کوردستاندا (بەشە کوردستانی بندەستی دەوڵەتی عیراق) ڕۆژگاری رەشی ژێر دەسەڵاتی بەعسیزم، وڵاتێکی خاپورو کەسێتیەکی تێکشکاوی بۆ تاکی کوردی جێهێشتوە[1].

بەچاوخشاندنێکی خێرا بەمێژووی گەلانی دنیاو قۆناغە جیاجیاکانی پێشکەوتنو گەیشتن بەسەقامگیرییەکی سیاسیو دواتریش لایەنەکانی تر، رونبۆتەوە، لەهیچ وڵاتو هیچ دۆخێکدا، ناتوانرێت ئازادیی رادەربڕین بەرەهایی بەدەستبێت، لەبەرئەوەی ئازادیی رادەربڕین-یش وەك ئازادییە مەدەنییەکانی تر، شتێکی رێژەییەو لەگەڵ قۆناغە مێژووییەکاندا لەهەڵکشانو داکشانی بەردەوامدایە، بۆیە دەکرێ ئەم هاوکێشەیە بۆ ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی-یشدا بەراست بزانین، لەبەرئەوەی رێژەی ئەو ئازادییە لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی ترو لەهەلومەرجێکی سیاسی بۆ هەلومەرجێکی دیکەی سیاسی، گۆڕانی بەسەرداهاتوە. وەکچۆن لەدنیایشدا راگەیاندن بەپێی تیۆرەکانی میدیا کە پێکهاتوون لە: (دەسەڵات، ئازادی -لیبراڵ-، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، سۆسیالیستی)* لەوڵاتو کۆمەڵگەیەك بۆ وڵاتو کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت، چونکە هەریەك لەو تیۆرانە گوزارشت لەگیانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەن کە تێیدا گەشەیانکردوە[2]. ئەمەیش بەو مانایەی لەهەر سەردەمو شوێنێکدا

(١) هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی ئەهلی لەباشوری کوردستان ١٩٩٤- ٢٠٠٢، چ١ (سلێمانی: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی بەدرخان، ٢٠٠٦)، ل٤٩.

* کاتێك لەئێستادا قسە لەسەر تیۆرەکانی راگەیاندن دەکرێت، هەندێك لەپسپۆڕان بەدەر لەو چوار تیۆرە، ئاماژە بۆ چەند تیۆرێکی تریش دەکەن، لەوانە: تیۆری (جیهانگیری) یان (بەرپرسیارێتیی جیهانی). بڕوانە: (د. موەفەق دەرگەلەیی: تیۆری راگەیاندن، محازەرەکانی قۆناغی یەکەمی بەشی راگەیاندن لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠١، چاپنەکراوە، ل٨).

(٢) د. عبدالوهاب کحیل: سەرچاوەی پێشوو، ص١١٤.

جۆرێك لەراگەیاندن هەیە کە شایستەی ئەو هەلومەرجەیەو لەگەڵیدا دەگونجێتو مەبەستەکانی بەدیدەهێنێتو لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونانەیشدا دێتەوە، کە لەگەڵیدا دەژین(1).

قۆناغەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی(*) پچڕپچڕو جیاوازنو زیاتر وابەستەی بارە سیاسییەکەنو ناکرێت ئەو مێژوە لەمێژووی سیاسیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد جیابکرێتەوە، سەرباری ئەوەی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەبەراورد بەمێژووی ڕۆژنامەنووسیی وڵاتانی دیکە، بەتایبەت دەوروبەر مێژوویەکی ئەوەندە کورت نیە.(+)

ناشتوانین دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامە بەزمانی کوردی لەدەرەوەی سنوری کوردستان، لەبازنەی ئەو کارتێکردنە سیاسیە بهێنینە دەرەوە، چونکە ئەمە ڕێکەوت نەبوە، بەڵکو هۆکاری خۆی هەبوە، وێڕای ڕێگەنەدانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دەرچواندنی ڕۆژنامەیەك بەزمانی کوردی لەژێر دەسەڵاتەکەی، کە کوردستان-یش بەشێك بوە لێی، دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان) لەمیسر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو وڵاتە لەسەردەمی ناپلیۆن پۆناپارتی سەرکردەی بەناوبانگی فەرەنسیەکانەوە پێیناوەتە قۆناغێکی نوێوەو ئاشنایەتی لەگەڵ دیاردە نوێکانی

(1) د. عبداللطيف حمزة: الإعلام له تأريخه ومذاهبه، ط1 (القاهرة: دار الفكر العربي، 1965)، ص85.

* یەکەمین ڕۆژنامە بەزمانی کوردی (کوردستان) لە1898/4/22 لەقاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسرو لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە دەرچوە، ژمارەکانی (1-5) لەمیسر، (6-19) لەژنێف، (20-23) دووبارە لەمیسر، (24) لەلەندەن، (25-29) لەفۆلکستۆنو (30و31) دووبارە لەژنێڤ دەرچوون. بڕوانە: (د. کەمال فوئاد (کۆکردنەوەو پێشەکی): کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی 1898- 1902، چ2 (قاهیرە: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی بەدرخان، 2005)، ل6).

+ یەکەمین ڕۆژنامە بەزمانی فارسی (مرات الاحوال) لە1820 لەهندستان، بەزمانی عەرەبی (الوقائع المصرية) لە1828 لەمیسرو بەزمانی تورکی (تەقویمی وەقایع) لە1831 لەتورکیا دەرچوە. بڕوانە: (نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەك لەمێژوی ڕۆژنامەوانی ی کوردی 1898-1918، چ1، ب1 (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، 2001)، ل ل10-11).

شارستانێتیی ئەوروپا پەیداکردوە[1]، ئەو سەرکردەیە بەیەکەمین فەرمانڕەوای سەربازی دادەنرێت لەمێژوودا کە هەوڵیداوە لەرێگەی چاپەمەنییەوە، لەپێناو کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتو خەڵك لەخۆکۆکردنەوە، ئامانجەکانی بهێنێتەدی[2]، بۆیە میسر بوەتە پێگەیەکی رۆشنبیریو میدیایی دیار, کوردیش سودمەند بوە لێی.

لەو سەرەتایەشەوە، کە بۆ یەکەمینجار رۆژنامە بەزمانی کوردی دەرچوە، رون دیاربوو، پەرەسەندنو گەشەکردنی رۆژنامەنووسیی کوردی، وابەستەیە بەرادەی رەسەنیی سروشتی دیموکراسی ئەو رژێمانەی وا هات کورد لەژێر سایەیاندا بژی[3].

لەو ماوە کەمانەی جۆرێك لەسەرکەوتنو کرانەوەی سیاسی لەوڵاتدا روویداوە، یان بزاڤی سیاسیی کورد گەیشتۆتە چەند ئامانجێك، دەرفەت بۆ گەشەکردنی رۆژنامەنووسیی کوردیو، بەو پێیەیش بۆ ئازادیی رادەربڕین هاتۆتە ئاراوە، لەگەڵ نەمانی ئەو کرانەوە سیاسییەیش، نەك ئازادیی رادەربڕین، بەڵکو رۆژنامەنووسیی کوردی دوچاری جۆرێك لەپاشەکشێ بوە*، لەبەرئەوە ناتوانرێت هێڵێکی گشتی سەبارەت بەرادەی بوونی ئازادیی رادەربڕین لەو رۆژنامەنووسییەدا بکێشینو دیاریبکەین[4].

ئازادیی رادەربڕین لەنێو کورددا دەستەواژەیەکی نوێیەو رەگێکی مێژوویی قوڵی نیەو لەماوەی نێوان دوو سەردەمی جیاوازدا، واتە لەنێوان کۆتایی سەدەی

---

(١) عوسمان یاسین: بەرەو خوێندنەوەیەکی سۆسیۆ– رۆشنبیری لەیەکەمین رۆژنامەی کوردی دا، سەنتەری برایەتی (گۆڤار)، ژمارە ٥، ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨، ل٥.

(٢) د. كاظم المقدادي: البحث عن حرية التعبير، ط١ (باريس: العالم العربي، ١٩٨٤)، ص١٥.

(٣) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: "تێگەیشتنی راستی"و شوێنی لەرۆژنامەنوسی کوردیدا، (بغداد: کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨)، ل٧٣.

* نمونەیش بۆ ئەمە، هەردوو سەردەمی حوکمدارێتیی مەلیك مەحمودی حەفید لەباشوری کوردستانو کۆماری کوردستان لەرۆژهەڵاتی کوردستانە، بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی رۆژنامەنووسیی کوردیی لەو سەردەمانە، بڕوانە: (د. محەمەد دلێر ئەمین میسری: رۆژنامەنووسیی کوردیو بزوتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسیی کورددا لەمێژووی هاوچەرخدا (١٩٢٢–١٩٢٤)، (سلێمانی: شارەوانی سلێمانی، ٢٠٠٤)، تێزێکی دکتۆرایە، چاپکراوە؛ د. هیمدادی حوسێن: رۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتیی کوردستان ١٩٤٢– ١٩٤٧، (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢)، تێزێکی دکتۆرایە، چاپکراوە).

(٤) هێرش رەسوڵ: میدیاو دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

دوانزەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینیدا، هیچ ئاماژەیەك بۆ ئـەم چـەمکە لەو مێژوە بەدیناکرێت[١].

ساڵی ١١٩١ سەلاحەددینی ئەیوبی (کە سەرکردەیەکی ئیسلامیی کـورد بـوە)، شەهابەددین سـوهرەوەردیی داهێنـەری فەلسەفەی ئیشراقی (کـە فەیلەسـوفێکی کـورد بـوە)، لەشـاری حەلـەب کوشـت، چـونکە پێیوابـوو هـیچ کەسـێك بـۆی نیـە لەدەرەوەی سنورە کێشراوەکان بێتە قسەو رای خۆی دەربڕێت[٢].

لە١٢\١٣/١٢/ ١٩٢٢ یش رۆشـنبیرێکی وەك جـەمال عیرفـان لەماڵەکـەی خۆیـدا لەسلێمانی تیرۆر کرا[٣]* ، چونکە ئەو بیروباوەڕەی ئەو گوزارشتی لێدەکرد، لەگـەڵ بیروباوەڕی دەسەلاتدارانی ئەو سەردەمەدا نەدەگونجا. هەروەك لەنێوان کوشـتنی سوهرەوەردیو تێرۆرکردنی جەمال عیرفاندا هـیچ پاشـخانێکی ئـازادیی رادەربـڕین نابینرێت، بۆیە دەتوانرێت بوترێت، مێژووی ئازادیی رادەربڕین لای کورد، یەکسانە بەمێژووی خەباتو ژیانی کۆمەڵێك لەنووسـەرو رۆشـنبیری ئـازا، ئەوانـەی چـاویان لەدەستکەوتی مادیو پلەوپایە نەبوە، بەرگرییان کردوەو قوربانیانداوە، هەمیـشە ئەوانـە ئـەو بناغەیـە دادەنـێن کـە خۆیـان خـاوەنی بـیری ئـازادنو ملکەچـی هـیچ کۆتوبەندێك نین، چونکە زۆرجار مرۆڤی کۆیلەو وابەستە ناتوانێـت کـۆتو زنجـیری دەستو پێو گـەردنی خـۆی داماڵێـتو ئـازادی بـۆ خـۆی فەراهـەم بکـات، چـجای ئەوەی بۆ جەماوەرو میدیا[٤].

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل١١٩.

//:(2) httpwww.maaber.com/M%10topic.aspx?id<(3/7/07)>

(٣) رۆژی کوردستان (رۆژنامە)، ژمارە (٥) ١٩٢٢/١٢/٢٠، ل١.

* لەسەر تێرۆرکردنەکەی رای جیاواز هەیە، هەنـدێك پێیانوایـە بەدەسـتی پیـاوانی عەشـیرەتی پشدەر کوژراوە، ئەم رایە زۆر لاوازو بێ بناغەیە، هەندێکی تـر دەیدەنـە پـاڵ ئینگلیزەکـان، بەلام رایەکی هەرە باو و جێباوەڕ ئەوەیە کە دەڵێت: بەدەستی تورکەکان کـوژراوە. بڕوانـە: (ئـاکۆ عەبدولکـەریم شـوانی: شـاری سـلێمانی ١٩١٨ – ١٩٣٢ لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژوویی/ سیاسی یە، چ١(سلێمانی: ب. خ، ٢٠٠٢)، نامەی ماسـتەرە، چـاپکراوە، ل١٩٦. وەریگرتـوە: لەچەند سەرچاوەیەك). دوای ئەویش ساڵی ١٩٢٣ عارف سائیب–ی رۆژنامەنووس تێرۆرکرا. بڕوانە: (م. ر. هاوار: شـێخ مـەحمودی قارەمـانو دەوڵەتەکـەی خـوارووی کوردسـتان، ب١، (لەندەن: بلاك رۆز، ١٩٩٠)، ل٢٤٠).

(٤) محەمەد فەریق حەسەن: دەسەلاتی چـوارەمو زمـانی تەلـەڤزیۆن، چ١ (سـلێمانی: دەزگـای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧)، ل ل٦٩– ٧٠.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو پەیدابوونی کەناڵە نوێیەکان وەك (رادیۆو تەلەفزیۆن‌و ئامێری چاپی نوێ‌و ئینتەرنێت... هتد) لەلاوازی‌و بەهێزی پەیوەندیی دەسەڵات‌و میدیادا رۆڵی خۆیان هەیەو هەبوە، بۆ نمونە هەردوو ئەزمونی (حوکمداریێتیی باشوری کوردستان‌و کۆماری کوردستان) بەبەراورد لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، جیاوازیی زۆریان هەیە لەرووی زۆربوونی کەناڵ‌و سەرچاوەی هەواڵ‌و پەیوەندییەوە، * گەرچی لەم سێ ئەزمونەدا بەپێی ماوەی دەسەڵات‌و جۆری راگەیاندنەکە، تاڕادەیەك رێگە بۆ ئازادیی رادەربڕین خۆشکراوە، بەڵام ناکرێ بڵێین لەئاستی چاوەڕوانییەکاندا بون[1].

لەم دەسپێکەوە، بۆ قسەکردنێکی جیدی‌و ئەکادیمیانە لەبارەی ئازادیی رادەربڕین لەنێو کایەی رۆژنامەنووسیی کوردی لەدوای راپەڕیندا روبەڕوی گۆشەنیگاو بۆچوونی جیاواز دەبینەوە، لێرەدا هەوڵدەدەین لەهەریەکێکیاندا نمونەیەك پێشان بدەین‌و لەوێشەوە بگەینە ئەنجامگیرییەك، کە دواجار راستەڕێی کاریگەری‌و کارتێکردنی مەسەلە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابورییەکانمان، وەکو کۆمەڵێك فاکتەری گرنگ بۆ ئازادیی رادەربڕین لەناو بوارەکە، بخاتە بەرچاو.

ئەو پەراوێزی ئازادیی رادەربڕینەی ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستاندا، لەروانگەی ئەوەی پشت ئەستور نیە بەپاشخانێکی پتەو و یاسایەکی رۆژنامەنووسی، کە لەگەڵ گیانی سەردەم‌و ژیانی دیموکراسیدا بگونجێت، هێشتا ماویەتی باشتر بخەملێ‌و بچەسپێت، بۆیە سەبارەت بەم باسە دوو تێڕوانینی جیاواز دەبینرێت: یەکێکیان وایدەبینێت، ئازادیی رادەربڕین بەو مانایە دێ کە مافی ئەوەت هەبێ

---

* بەپێی راپۆرتێکی نووسینگەی مافی مرۆڤی سەر بەنێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ یارمەتیدانی عیراق UNAMI (کە بەپێی بڕیاری ژمارە ١٧٧٠ی نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی ٢٠٠٧دا ئەرکی چاودێریکردن‌و پاراستنی مافی مرۆڤی لەعیراقدا پێسپێردراوە)، وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی کارکردنی بە٦٤٦ رۆژنامەو کەناڵی راگەیاندن داوە، لەناویاندا هەندێکیان لەلایەن کەمە نەتەوەکانەوە بەڕێوەدەبرێن. بڕوانە:
(http://www.uniraq.org/FileLib/misc/HR%20Report%20Apr%20Jun%202007%20AR.pdf, p 15<(20/6/07)>)

(١) هێرش رەسوڵ: میدیاو دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

هەموو شـتێك بڵێیـتو بڵاوبکەیتـەوە، ئەمـەیش زیـاتر تێگەیـشتنی میـدیا ئـەهلیو سـەربەخۆکانە.[*] ئـەویتر، ئەوەنـدە کـۆتو ڕێـسا لەبـەردەم ئـازادیی ڕادەربڕینـدا دادەنێت، پانتاییەکی کەمی بۆ دەهێڵێتەوە، ئەمەیش بۆچونی بەشێکی دەسەڵاتو سیاسیی کوردو میدیا حزبیەکانە[١]، بەڵام گەوهەری مانای چەمکەکە هیـچکام لـەم دوو تێڕوانینـەی سـەرەوە ناگرێتـەوە،[+] چـونکە ئـازادیی ڕادەربـڕین بـەر لەهـەر شتێك بەرپرسیارێتیەو بەپرسیارێتیش چەند مەرجێکی هەیە، ڕێگە بەپێشێلکردنی ئازادییەکانی ئەویتر نادات، ئەمەیش بەشێوەیەك یاسایەکی هاوچـەرخ ڕێکیبخـاتو هێڵەکان لێکجیا بکاتەوەو چـەمکەکان ڕۆشـنو پێناسـە بکـات، تـاکو ئـەو سـنورە پۆزەتیڤانـە لەلایـەن سیـستمی سیاسـییەوە بـەجۆرێکی دیکـە وەرنـەگێڕدرێنو بەکارنـەهێنرێنو لـەرێڕەوی ڕاسـتەقینەی خۆیـان لانـەدرێن، ئەمـەیش دەتخاتـە بەردەم بەرپرسیارێتیو، لێپرسینەوەی یاسایی بۆ دادەنرێت.

لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستان دژی ڕژێمی بەعس لەئازاری١٩٩١، دۆخێك هاتە کایەوە، بەتەواوی لەگەڵ سەردەمی پێش خۆی جیاوازبوو، سـەرەڕای دورخستنەوەی حوکمی بـەعس لەبەشـی هـەرەزۆری باشـوری کوردسـتان، کایـەی سیاسـیی کوردسـتان ڕەنگاوڕەنگییـەکی بەخۆیـەوە بـینیو دواتـر لـە١٩٩٢/٥/١٩ هەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمی کوردستانی عیراق بەڕێوەچوو، کە سەرباری هەندێ دیاردەی شێواندن، بەدەستکەوتێکی گرنگو مێژوویی دادەنرێـت بـۆ گـەلی کـوردو بەپێی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتیی بۆ مافەکانی مرۆڤ (یەکێك بوو لەو دەزگایانەی چاودێریی هەڵبژاردنەکەیان دەکرد، یەکەمجار بوو کورد بەو جـۆرە گوزارشت لەویستی خۆی بکات[٢].

---

[*] بۆ زیانیاریی زیاتر لەبارەی ئەزمونی ڕۆژنامەی ئەهلی لەهەرێمی کوردستانو تێڕوانینی بۆ کایەی ڕۆژنامەنووسیو پرسی ئازادی، بڕوانە: (هێرش ڕەسوڵ: ڕۆژنامەی ئەهلی، سەرچاوەی پێشوو).

(١) هێرش ڕەسوڵ: میدیاو دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

[+] هەروەك لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا ڕونکراوەتەوە.

(٢) بەرزان فەرەج (ئامادەکردن): چەند لاپەڕەیەکی ڕەش لـەوەهمی دیموکراسـیەتدا، ڕەهەنـد (گۆڤار)، ژمارە ٢، ١٩٩٧، ل٢٣٧.

ئەم ڕەوشە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ سەردەمەکانی تردا هەبوو، چونکە، ئەگەرچی لەسەردەمانی پێشتردا دەرفەتێکی تاڕادەیەك ئازادیش هاتبێتە کایەوە، بەڵام تاکە ڕەنگو تاکە دەنگێك بەسەر کایە سیاسییەکەدا زاڵ بوە، هەرچی سەردەمی ڕاپەڕینە، هەر لەبەراییەوە بەسەردەمی فرەڕەنگیو فرەدەنگی جیاکرایەوە، ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی زۆر دەرچوونو حزبەکانیش بەئایدیا جیاوازەکانیانەوە، خاوەنی ڕۆژنامەو میدیای تایبەتی خۆیان بوون، ئەمەیش کەشێکی نوێی لەکوردستاندا دروستکردبوو[(١)*] . بۆ نمونە لەساڵانی ١٩٧٥–١٩٩٠ هەر ساڵەی لەنێوان ٤–١٩ گۆڤارو ڕۆژنامە دەرچوون، واتە ساڵانە بەتێکڕایی ١١ بڵاوکراوە دەرچوون، بەڵام پاش ڕاپەڕین، تەنها لەساڵی ١٩٩١ دا ٧١ بڵاوکراوە دەرچوون[(٢)]. ماگی زانگەر[(+)]لەبارەی زۆربوونی ژمارەی ڕۆژنامەو ناوەندی میدیا لەکوردستان دەنووسێت: "هەرچەندە هەندێك لەکارمەندانی حزبی، فراوانیی بواری میدیا وەکو بەڵگەیەك بۆ ئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەهێننەوە، بەڵام ڕۆژنامەنووسانی کوردستانو سیاسەتمەدارانیش باش دەزانن کە فرە ڕۆژنامەنووسیی حزبیو پەخشی ڕادیۆییو تەلەفزیۆنی یەکسان نیە بەمیدیای ئازادو سەربەخۆ"[(٣)]. "ئازادی ئەوکات بەرقەرار نابێت کە سەد ڕۆژنامەمان بۆ سەد

---

(١) هێرش ڕەسوڵ: میدیاو دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

* بۆ زانینی ناوی ئەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانەو ئاگاداربوون لەو دۆخە نوێیە، بڕوانە: (عبدالله زەنگەنە: ڕۆژنامەنووسی کوردی لەکوردستانی دوای ڕاپەڕین (بەدواداچوونێکی مەیدانی یە)، (هەولێر: ب. خ، ١٩٩٨)).

(٢) ئیسماعیل تەنیا: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٩٧٥–١٩٩٣، چ١ (هەولێر: ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی میللی کوردستان، ١٩٩٨)، ل٧.

+ ماگی زانگەر: مامۆستای زانکۆو ڕۆژنامەنووسێکی ئەمەریکیە، وانەی ڕۆژنامەنووسی لەزانکۆی ئەمەریکی لەقاهیرە دەڵێتەوەو ڕێکخەری میدیا لەسەنتەری توێژینەوەی عەرەبیی هاوچەرخ لەزانکۆی جۆرج تاون لەواشنتۆن DCو جێگری پێشووی سەرنووسەری (MERIP) بوە، هاوینی ساڵی ٢٠٠١ بۆ ماوەی دوو مانگ لەهەرێمی کوردستان بوەو لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی پەرەسەندنی میدیا لەو هەرێمەدا، ئامادەکردوە.

(٣) ماگی زانگەر: لەکلاشینکۆفەوە بۆ کیبۆرد: ڕۆژنامەگەریی کوردی لەعیراق، لەچیاوە دادەبەزێ، بەڵام بەرەو کوێ دەچێت؟، وەرگێڕانی: حسێن عەلی وەلی، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە ٦–٧، ساڵی دوەم، پایز– زستانی ٢٠٠١– ٢٠٠٢، ل٢٤.

بیروبۆچوونی جیاواز هەبێت، بەڵكو ئەوكات بەرقەرار دەبێت كە چوار رۆژنامەمان بۆ بێشومار بیروبۆچوون هەبێت"[1].

پاش هەڵبژاردنی پارلەمانو دامەزراندنی حكومەتی هەرێمی كوردستانو دەركردنی یاساكانی: (چاپەمەنیی هەرێمی كوردستان ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣، حزبەكانی هەرێمی كوردستان– عیراق ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣، كۆمەڵەكانی هەرێمی كوردستان– عیراق ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٣، سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان– عیراق ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨، سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی هەرێمی كوردستان– عیراق ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠١)، كۆمەڵێك حزبی سیاسیو كۆمەڵەو رێكخراوی كۆمەڵایەتیو پیشەییو مرۆیی لەهەرێمی كوردستاندا دامەزرانو هەریەكێك لەوانە، بەلانیكەمەوە رۆژنامەیەكی زمانحاڵو گۆڤارێكو بڵاوكراوەیەكی خولەكی دەركرد، سەرباری دەرچواندنی چەند رۆژنامەو گۆڤارێكی نیمچە سەربەخۆ بەهەوڵو دارایی شەخسی[2].

كارۆل ئۆلێری * لەوتارێكیدا سەبارەت بەرەوشی دیموكراسی لەهەرێمی كوردستاندا، دەڵێت: "ئەو ئەزمونە دیموكراسییەی كە لەكوردستاندا ریشەی داكوتاوە، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دامودەزگاكانەوە لەناوچەی ئارام كە ساڵی ١٩٩١ هاتە ئاراوە، هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێ، نابێ هیچی دیكە لەلایەن ئەمەریكاو دراوسێكانەوە پشتگوێ بخرێت"[3].

---

(١) بەختیار عەلی: وەڵام لەرۆژگاری ونبوونی پرسیاردا– سیازدە چاوپێكەوتن لەگەڵ بەختیار عەلی–، چ٢، (سلێمانی: خانەی چاپو بڵاوكردنەوەی قانع، ٢٠٠٤)، ل٥٤.

(٢) د. كەمال سەعدی: ئازادیی رۆژنامەگەریو دیموكراسییەت، چ١ (هەولێر: بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخواز، ٢٠٠٤)، ل ل١٢–١٣.

* كارۆل ئۆلێری: پرۆفیسۆرێكە، لەمەڵبەندی زانكۆی ئەمەریكی بۆ ئاشتیی جیهانی وانەبێژە.

(٣) كارۆل ئۆلێری: دیموكراتییەت لەهەرێمی كوردستاندا ریشە دادەكوتێت، برایەتی (رۆژنامە)، ژمارە ٣٥٠٤، پێنجشەممە ٢٠٠١/١٠/٤، ل٦.

ڕێکخــراوی (ASK)[*] لەتـــەوەری (ئـــازادیی ڕۆژنامەنووســـیو ڕاگەیانـــدن) لەڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٠یدا سەبارەت بـە(مافـەکانی مـرۆڤ لەکوردسـتان) دەنووسـێت "هەروەکچۆن بەرەسمی ڕێگا بەحزبەکان دەدرێت بەئاشکرا کاری سیاسیی خۆیـان ئەنجام بدەن، بەهەمانشێوەیش ئـازادن لـەوەدا کـە خـاوەنی دەزگـای ڕاگەیانـدنی تایبەت بـەخۆیان بـنو هـەر لـە(T.V)و ڕادیـۆ، تادەگاتـە گۆڤـارو ڕۆژنامـە بـەپێی یاسای چاپەمەنیی ژمارە /١٠/ی سـاڵی ١٩٩٣، لێرەیـشەوە دەتـوانین بگەینـە ئـەو ڕایەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەژێر کۆنترۆڵی حزبەکاندانو دەزگای ڕاگەیاندنی ئازاد زۆر دەگمەنە"[1].

هاتنـە پێـشەوەی کۆمـەڵێك ڕۆژنامـەی حزبـی[+] کـە ئۆرگـانی ناوەنـدی، یـان زمانحاڵی حزبە سیاسیەکانی گۆڕەپـانی کوردسـتان بـوون، بـەجۆرێك لـەجۆرەکان دۆخێکی تازەی خوڵقانـد، چـونکە وێـڕای ئـەوەی هەریەکـە لەهـەوڵی ئـەوەدا بـوو گوزارشـت لەڕاوبۆچـونی حزبەکـەی خـۆی بکـات، بـەڵام زۆریـی ئـەو ڕۆژنامانـەو ململانـێو جیـاوازیی بیروبۆچـونو بەرژەوەنـدیی ئـەو حزبانـە لەگـەڵ یـەکتردا، تاڕادەیـەكو بەشـێوەیەکی سـنوردار دەرگایـەکی لەبـەردەم ڕای ئـازادو جیـاوازدا

---

* ASK کورتکراوەی (American Society For Kurds) (کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ کوردەکان)ە، کۆمەڵەیەکی خێرخوازی ناسودمەندە، ئامانجی: دروستکردنو کۆکردنەوەو دابەشکردنی زانیاری، دروستکردنی پردی پەیوەندیی نێوان گەلی کوردو ئەمەریکی لەڕێگەی هۆکارە ڕۆشنبیرییەکانەوە، دابینکردنی یارمەتی مرۆییە بۆ کوردەکان. ساڵی ١٩٩٧ لەویلایەتی فلۆریدای ئەمەریکا لەلایەن د. سەلاّح محەمەد عەزیزو بەبەشداریی د. مایکڵ بەیسلۆو یاساناس جان ڕۆجەرز دامەزراوە.

(١) ڕاپۆرتی ASK بۆ مافەکانی مرۆڤ لەکوردستان ساڵی ٢٠٠٠، چ١ (سلێمانی: ڕێکخراوی ASK، 2001)، ل٢٢.

+ (ڕۆژنامەی حزبی): دەستەواژەیەکە بۆ ئەو ڕۆژنامانە بەکاردێت کە حزبێکی دیاریکراو دەریدەکات، ئەو جۆرە ڕۆژنامەیە گەیەنەری پەیامی ئەو حزبەیە کە لەپشتیەوەیەتی، واتا ڕۆڵی ئامرازێکی حزبی دەبینێت بۆ گەڕان بەدوای خوێنەرو خەڵكو جەماوەردا بۆ هەواڵەکانی حزب، ئینتمای ڕۆژنامەنووسی تیایدا بۆ ویستو داواکاریو سیاسەتەکانی حزبە. بڕوانە: (مەریوان وریا قانیع: شوناسو ئالۆزی– چەند وتارێك دژ بەدۆگماتیزم، (سلێمانی: نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ٢٠٠٤)، ل٢٤٤).

کردەوە. هەروەك ئەم دەرفەتە بەهاتنەكايەی رۆژنامەی ئەهلی[*] و سەربەخۆ لەهەرێمی كوردستانو بەكاريگەريی ئیشكردنيان، زياتر بوو[1]، تەنانەت بەو كاريگەرييەوە لاپەڕە بەناوی (ئازاد) يان (كراوە) لەرۆژنامەی حزبيدا زيادكران.

هەندێجار رۆژنامەی حزبی رێی بەبيروڕای ئازاد داوەو هەندێكجاريش دەرگای لەسەر زۆر بابەت داخستوە. نابێ لەبيريشمان بچێت رۆژنامەی حزبی كێشەی تەنها لەگەڵ ئەو نووسينو وتارانەدا نيە كە رەخنە لەخۆی دەگرن، بەڵكو كێشەی لەگەڵ ئەو وتارانەيشدا هەيە كە لەسەر هێزە هاوپەيمانەكانی، يان نەيارەكانيشی دەنووسرێن، چونكە حزبەكە هەلومەرجی سياسيی كاری تێدەكاتو نايەوێت لەخۆی بئاڵۆزێنێ[2] و پەيوەنديی بەناجێگيریو نا ئارامیو گۆڕانكارييە سياسیو ئابوریو ئەمنیو كۆمەڵايەتيەكانەوە هەيە[3].

لێرەدا، نابێ خۆمان لەو راستيە ببوێرين، وێڕای ئەوەی لێرەو لەوێ دەنگ هەبوون هەوڵياندەدا رەوتی روداوەكان بەئاقارێكی تردا بەرن، بەڵام ئاراستەی باڵادەستو زاڵ بەسەر زۆربەی هەرەزۆری كەناڵە حزبيەكاندا كۆمەڵگەی بەرەو شەڕی ناوخۆ برد، ساردنەوەبوونەوەی ئەو شەڕەيش بەهۆی ئەو حزبيبوونە رەهايەی راگەياندنەوە بوو[4]، لەكاتی گەرمبوونی شەڕيشدا، هيچ دەرفەتێك بۆ

---

[*] (رۆژنامەی ئەهلی): دەستەواژەيەكە بۆ ئەو رۆژنامانە بەكاردێت كە گروپێك، يان كەرتی تايبەت، يان خاوەن سەرمايە دەريدەكاتو بەهيچ هێزێكی ئايدۆلۆژييەوە پەيوەست نيە، بەڵام دەكرێ ئينتمای فيكرييان هەبێت، لەگەڵ ئەوەی لەسەر لاپەڕەكانی رۆژنامەكە هەموو رەوتێكی فيكریو ئايدۆلۆژی شوێنێك بۆ خۆيان داگيربكەن. بڕوانە: (هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی ئەهلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧).

(١) هێرش رەسوڵ: ميدياو دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٧٤.

(٣) كاروان عەلی: ئازادی لەرۆژنامەگەريی حزبيدا، (سلێمانی: بەڕێوەبەرێتيی گشتيی چاپو بڵاوكردنەوە، ٢٠٠٢)، ل٧٢.

(٤) بەختيار عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

ئازادیی رادەربڕین نەمایەوەو بەجۆرێك لەجۆرەكان كار بەسیستمی سانسۆر* كراو رێگە لەبەكارهێنانی ئەو دەربڕینو ئامرازانە گیرا كە رۆژنامەنووس ئازادانە گوزارشتی پێ لەناڕەزایەتیو نەهامەتییەكانی هاوولاتیان دەكرد.

سیستمی سانسۆری پێشوەخت لەگەڵ سیستمی دیموكراسیدا ناكۆكە، لەبەرئەوەی گرنگترین ئامراز بۆ گوزارشتكردن لەبۆچوونەكان پەكدەخاتو كاریگەریی كارا لەسەر هەنگاوەكانی حكومەت دادەنێت، بەو پێیەی دەتوانێت بڵاوكردنەوەی ئەو بیروڕاو هەواڵانە یاساغ بكات كە قبوڵی نین[١].

ئەمە لەكاتێكدا كۆمەڵگە پێویستی زۆری بەرۆژنامەیە، لەلایەك بۆ چاودێریكردنی ئەو دەسەڵاتانەی كە كۆمەڵگەكە بەڕێوەدەبەنو بەدەسەڵاتبوونی میدیا (وەكچۆن بەدەسەڵاتی چوارەم[+] ناوزەدكراوە)، لەلایەكیتریشەوە بۆ ئاشنابوون بەجوڵانەوەو ئازارو خەونەكانی خەڵك[٢].

---

* سانسۆر (censere): لەبنچینەدا وشەیەكی لاتینیە، بەمانای (حوكمدانو نرخدانان) هاتوە، بریتیە لەسیاسەتی سنوردانان بۆ دەربڕینی گشتیی بیروڕاكانو هۆكارە پاڵنەرو وروژێنەرەكانی جەماوەر كە رەنگە كاریگەرییان لەسەر رەخنەگرتن لەدەسەڵاتو سیستمی كۆمەڵایەتیو ئێتیكیی هەبێت، كە دەسەڵات خۆی بەپارێزەریان دەزانێت، بۆیە رۆژنامەو چاپكراوە خولەكییەكان لەزۆربەی دەوڵەتان سانسۆری توندییان لەسەر دادەنرێت، چەند جۆرێكیشی هەیە: نائاسایی، بەرەنگاری، خۆپارێزی، بەردەوام، خودی، جەماوەر. بڕوانە: (د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد: سانسۆری رۆژنامەنووسی شێوازو جۆرو ئاراستەكانی، زانكۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە ١٠، ساڵی ٢٠٠٣، ل٢٠٦؛ سامان فوزي عمر: قانون الإعلام، مجموعة من المحاضرات التي القيت على الطلبة المرحلة الثانية لقسم الإعلام في كلية العلوم الإنسانية بجامعة السليمانية عام ٢٠٠١– ٢٠٠٢، الكورس الثاني، غير منشور، ص٢٩).

(١) د. عبدالحميد الشواربي: جرائم الصحافة والنشر في ضوء القضاء والفقه، ط١ (الأسكندرية: منشأة المعارف بالاسكندرية، ١٩٨٦)، ص١١٣.

+ (دەسەڵاتی چوارەم): زاراوەیەكە، فۆرمێكی مەجازیو مەعنەوی هەیە، نەك یاساییو نووسراو (تەنها لەدەستوری میسر بۆ ساڵی ١٩٧١– هەمواركراودا نەبێت كە لەمادەی ٢٠٦یدا هاتوە: "رۆژنامەنووسی، دەسەڵاتێكی جەماوەرییەو كار بۆ پەیامی خۆی دەكات بەو شێوەیەی لەدەستورو یاسادا دیاریكراوە")، وەكو تەواوكەری سێ دەسەڵاتەكەی تر كە خۆیان لە(پارلەمان، حكومەت، دادگا) دا دەبیننەوە، بەرامبەر كایەی میدیاو رۆژنامەنووسی بەكاردێت، بۆ یەكەمجار لە١٧٧١ بەكارهات. بڕوانە: (الدستور المصري لسنة ١٩٧١ المعدل؛ ژان پۆل مارتۆز: هەقتە بزانی، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن، چ٢ (هەولێر: دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧) ل١١١).

(٢) هێرش رەسوڵ: میدیاو دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

چەندە ئازادیی رادەبڕین وەکو ئەرکێکی رۆژنامەنووسی بۆ خەڵك پێویست بێت، زیاتر لەوەیش بۆ دەسەڵاتو سیستمی بەڕێوەبردن پێویستە، لەبەرئەوەی، رەنگە دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاسان، لەرێگەی دەزگا هەواڵگرییەکانییەوە بتوانێت رۆژانە ئاگاداری روداوەکانی وڵات بێتو هەواڵو زانیارییەکان لەهاووڵاتیانی خۆی بشارێتەوە، بەڵام ناتوانێت ئەو روداو و هەواڵو زانیاریانە، بەپێی گرنگیو بایەخبەندی (ئەولەویات) پۆلێن بکات، بەجۆرێك بۆ ستراتیژو میکانیزمی کارکردنی سودیان لێوەربگرێت، لەکاتێکدا رۆژنامە لەرێگەی رادەربڕینی ئازادەوە، بەگواستنەوەیەکی واقیعیانەو دور لەرتوشو جوانکردنو شاردنەوەی فاکتەکان، رونیدەکاتەوە کامە پرسو دیاردە جێگەی ناڕەزایەتیی خەڵکە، چی گرنگەو پێویستە دەسەڵات بایەخ بەکامیان بدات[1]، بەڵام گرفتی گەورەی میدیاو رۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان، تێکەڵبوونی دەسەڵاتەکانە، بەجۆرێك دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردنو داد لەو وڵاتەدا لەسەر پێی خۆیان نەوەستاونو رۆڵی راستەقینەی خۆیان نابینن. لەکاتێکدا لێکجیاکرنەوی دەسەڵاتەکان پرەنسیپێکی گرنگی دیموکراسیە، بۆ بەرگرتن لەستەمکاری[2].

سێ دەسەڵاتەکە لەهەرێمی کوردستاندا، نەیانتوانیوە بەکاری سەرەکیو تەواوی خۆیان هەستنو تێکەڵییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەست پێدەکرێتو، زۆرجاریش دەبینین دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەستدەخاتە نێو کاری دوو دەسەڵاتەکەی تریشەوە، کەوا حکومەت خۆیشی رەخنەیەکی بێشوماری لەسەرە کە بەهۆی سیستمە زاڵە حزبیەکەوە لەهەرێمی کوردستان لەلایەن حزبەکانەوە بەتایبەت دوو حزبە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە ئاراستە دەکرێت، بۆیە هەمیشە ئەو دەسەڵاتانە سێبەرێکی حزبیان لەسەرەو بڕیارو راسپاردەکانی حزب لەو بەرگەدا

(١) هەمان سەرچاوە، ل٥٥.
(٢) د. چيهان المكاوي: حرية الفرد.. حرية الصحافة (دراسة مقارنة)، ط١ (الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨١)، ص٣٣.

جێبەجێدەکەن، ئەمەیش لەسەرەتاییترین ئامـاژەدا، دواخستنی هەنگاوەکانی دیموکراسیو ئازادیی رادەربڕین پێشاندەدات.

دۆخەکەیش، پێویستیی سازکردنی زەمینەیەکی سیاسی دێنێتە گۆڕێ، کە دەسەڵاتەکانی دیکە لەسەر پایەکانی خۆیان جێگیرببنو بەشێوەیەکی سیستماتیك سنورەکانیان دیاریبکرێتو لەیەکتر جیابکرێنەوە، لەبەرئەمە هەموو شرۆڤەکردنێك لەسەر ئازادیی رادەربڕینو، رۆژنامەنووسیی ئازادو سەربەخۆ، قسەکردنێکی بێمانا دەبێت گەر دەستورێك نەبێت لەرێی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو ئامادەگییەوە بۆ رەخنە، دۆخێکی دروستکردبێت رۆژنامەنووسانو داوەرانو هێزەکانی تر بتوانن بەسەربەخۆییو لەدەرەوەی فشاری حزبو هێزە دەسەڵاتدارەکاندا کاربکەن، وەکچۆن رۆژنامە کاتێك ئازاد دەبێت کە کۆمەڵگە ئازاد بێت، کۆمەڵگەیش کاتێك ئازاد دەبێت کە دەسەڵاتەکان لەدەستی نوخبە (دەستەبژێر)ێکی بچوکو داخراودا کۆنەکرابێتنەوە، لەکوێدا نوخبەی دەسەڵاتدار نوخبەیەکی داخراو بوو، لەوێدا شتێك بەناوی ئازادیو رەخنەو کرانەوە نامێنێتەوە[1].

ئازادیی رۆژنامەنوسی لەدوای راپەڕین، بەهۆی فەزای ململانێی سیاسیو حزبیەوە کەمێك لەسەردەمی بەعس باشترە، بەڵام ئەوەی خەڵك بتوانن تەواوی بیروڕای سیاسیی خۆیان بەئازادانە بدرکێننو کۆتە سیاسیو ئێتیکیەکان دەستوپێی نەبەستن، شتی وا هێشتا زۆر لەدنیای ئێمەوە دورە[2].

زۆرجاریش کارەکتەرەکانی ناو دەسەڵات، یان کایەی حزبیو سیاسی، هۆکاری ئازادنەبوونیان لەرادەربڕینو قسەکردن بۆ پۆستو پێگەکەیان دەگێڕنەوە، ئەوەتا نەوشیروان مستەفا (جێگری پێشووی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) دەڵێت: "وەختێك لەقەفەزی دەسەڵات دێیتە دەرەوە، رەنگە ئازادیی قسەکردنت زۆرتر بێت"[3].

---

(١) مەریوان وریا قانیع: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٠.
(٢) هێرش رەسوڵ: میدیاو دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.
(٣) نەژاد جەلال (سازدان): "وەختێك لەقەفەزی دەسەڵات دێیتە دەرەوە رەنگە ئازادیی قسەکردنت زۆرتر بێت".
http://sbeiy.com/ku/print/report_interview.aspx?id=29<(20/11/07)>

### ٣. ١. ٣: فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان

هەر لەدێرزەمانەوەو بەهۆی کاریگەریی ئاینو کلتوری نەتەوەکانی دراوسێ، بەتایبەت ئەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەمیشە لایەنی کۆمەڵایەتی فاکتەرێکی کاریگەر بوە لەسەر ئازادییەکانی تاکی کورد، بەتایبەتیش ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیدا، بۆیە هەژمونەکانی ئاینو ئایینزاکانو دابونەریتو هەژمونە کۆمەڵایەتییەکان، ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووسیان قبوڵنەکردوەو بوونەتە ئاستەنگێکی دیار لەبەردەمیدا[1]، لەکاتێکدا ئازادیی رادەربڕین پێویستیەکە لەپێویستیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی بۆ گرەنتیی پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەلایەكو نەهێشتنی مەترسی، کە کاریگەریی لەسەر فشاری خەڵك هەیە بەناچارکردنیان لەچەپاندنی هەستەکانیانو بەندکردنی بیروباوەڕیانەوە بۆ نائومێدیو زیادەوەڕەوی، لەلایەکیترەوە پێویستە [2].

هاوشێوەی سەردەمی دەسەڵاتی داگیرکارەکانی تری کوردستان، لەسەردەمی رژێمی بەعسیشدا لەباشوری کوردستان، مەسەلەی سیاسی تەنها ئاستەنگ نەبوو کە بواری ئازادیی رادەربڕینی بەرتەسکدەکردەوە، بەڵکو ئەو ترسە دەرونییەیش بوو لەرادەربڕینو قسەکردن، کە لەناخی هەمواندا دروستکرابوو، ئەمەیش، زادەی کلتوری داخراوی کۆمەڵگە بوو، چونکە تاکی کورد لەسایەی کلتورێکدا پەروەردە بوە، کە هەر لەمنداڵییەوە ترس لەقسەکردنو رادەربڕین لەدەرونیدا دەچێنێت[3]، ئەمە لەگەڵ ئەو بڕوابوونە نامۆیەی، کە ئەو رژێمانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو لەهەستو نەستی ئەو تاکەدا چاندبوویان، وایکردبوو نەتوانێت بەئاسانی پراکتیزەی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسی بکات[4].

---

(١) هێرش رەسوڵ: میدیاو دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

(٢) أ. عبدالفتاح ابراهيم: حرية الرأي والفكر، شهاب أحمد الحميد (جمع وإعداد)، ط١، (بغداد: مركز الرابطة للدراسات والبحوث والتوثيق، ٢٠٠٤)، ص١٢٣.

(٣) هێرش رەسوڵ: میدیاو دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٤) فەرەیدون سامان: رۆژنامەڤان، (سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە، ٢٠٠٥)، ل١٤.

هەر ئەو بارە کۆمەڵایەتیەو ئەو سیستمەی کۆمەڵگەی کوردی فاکتـەرێکی تـری کاریگەر دەبێت لەسەر ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، چونکە نـابێ خۆمـان لـەو راسـتیە ببـوێرین کـە، پەیوەنـدی لـەنێوان ئـازادیی رۆژنامەنووسـیو ئـازادیی کۆمەڵگــەدا لەلایــەکو، پەیوەنــدیی بەئاســتی ئــابوریی کۆمەڵگــەیش لەلایەکیترەوە، هەیە[1].

لەبەرئــەوەی هێــشتا رۆژنامەنووســیی کــوردی لەســەرەتادایە، هــەنگاوەکانی لەپێناوی فراوانکردنی پانتـایی ئـازادیی رادەربڕینـدا سـستن، ئەمـەیش مـەرج نیـە هـەمووی لەئەسـتۆی رۆژنامەنووسـیدا بێـت، بەشـێکی دەگەڕێتـەوە بـۆ سیـستمی کۆمەڵایەتیو هۆشیاریی تاك، کە هەندێکجار لەبری ئەوەی ئازادیی رادەربـڕین وەك چـاودێرو هۆکـاری بەخۆداچـوونەوەو چاکسازی سـەیربکەن، دەیخەیەنـە خانـەی گومانو نەیارو دژەوە.

### ٣. ١. ٤: فاکتەرە ئابورییەکان

بۆچـوونێك هەیـە وادەڕوانێـت، قـسەکردن لەسـەر ئـەو لایەنـە دەبێـت پـێش لایەنەکانی تریش بێت، ئـەوەیش بەبەڵگـەی ئـەوەی، لـەدایکبوونی رۆژنامەنووسـی لەدنیادا بەرلەوەی پێویستیەکی سیاسی، یـان نەتـەوەیی، یـان کۆمەڵایـەتی بێـت، پێویستیەکی ئابورییـە، ئـەم رایـەیش پـشتئەستورە بـەو بەڵگەیـەی، هاتنەکایـەی زۆربەی رۆژنامەکان، لەدنیای ئێستادا بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە لەبواری ئابوریو بازرگانیدا، بەر لەوەی پارتە سیاسیەکان بیریان لەدەرکردنی رۆژنامـە کردبێتـەوە، دامەزراوە ئابوریيـەکان ئـەم کارەیـان لەئەسـتۆ گرتـوە. لەبەرئـەوە نزمـی ئاسـتی ئابوریو کۆمەڵایەتی لەنێو هەر گەل– ێکدا راسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەر توانـای رۆژنامەنووسیو ئامرازەکانی دیکەی کەمیونیکەیشن دەبێت[2].

گومـانی تێدانیـە، خـاڵێکی دیکـە کـە وایکـردوە بـواری رۆژنامەنووسـی لەوڵاتـە پێشکەوتوەکاندا ببێتە پێداویستییەکی گرنگ، پێـشکەوتوویی شـێوازی کـارکردنو

(١) صلاح الدين حافظ: سەرچاوەی پێشوو، ص٦٣.
(٢) هەمان سەرچاوە، ص٦٣.

ڕێکخستن‌و بەڕێوەبردنی سیستمی ئابوریی ئەو وڵاتانەیە، ئەو سیستمەیش پێویستییەکی گەورەی بەبوونی ئەو بوارە هەیە، چونکە یەکێکە لەکەناڵە هەرە گرنگەکانی ساغکردنەوەی کاڵاو بەرهەمە پیشەسازییەکان، ئەمەیش لەڕێگەی ڕێکلام* ەوە. لەبەرئەوە دواکەتویی سیستمی ئابوری لەهەرێمی کوردستاندا، یان نەبوونی پێشکەوتنێکی ئەوتۆ لەو بوارەدا، وایکردوە تا ئێستا ڕێکلامکردن نەبێتە ئەمری واقیع لەپێناو بردنەوەی گرەوی پێشبڕکێی ئابوری‌و بازرگانی‌و ڕاکێشانی سەرنجی زۆرترین کڕیار بۆ لای کاڵاو بەرهەمە پێشاندراوەکان، یاخود نەبوونی هۆشیاریی ڕێکلامکردن، هۆکاری دیکەن بۆ ئەوەی ڕۆژنامەی کوردی تاکو ئێستا نەتوانێت داهاتی ریکلام‌و فرۆشیی خۆی بکاتە تاکە سەرچاوەی خۆبەڕێوەبردنی.

ئەمەی سەرەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵ‌و بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەر لەسەر ئاستی تاکیش بڕوانینە مەسەلەکە، دەبینین، دۆخی ئابوری‌و ئاستی دارایی‌و بژێویی ژیانی ڕۆژنامەنووس زۆرجار دەبێتە فاکتەرێکی کاریگەر لەبەرامبەر ئازادانە دەربڕینی بیروڕاکانی لەڕێگەی ڕۆژنامەوە، وەکچۆن هەمیشە ترسی بڕینی موچەو دورخستنەوەی لەسەر کارەکەی هەیە، ئەمەیش لەپێش هەموو شتێکەوە لەنەبوونی دڵنیایی‌و گرەنتیەکی پیشەییەوە سەرهەڵدەدات، بۆ ژیان‌و چارەنووسی ڕۆژنامەنووس لەهەرێمی کوردستاندا، چونکە ئەمە وەك مافێك بەیاسا نەچەسپێنراوەو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان–یش لەمڕووەوە تا کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیە گرەنتیەکی لەوجۆرەی بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسانی هەرێم دەستەبەرنەکردوە.

ناوەڕۆکی ئەو تەنگوچەڵەمەیەی ڕوبەڕوی ڕۆژنامەنووسیی ئەهلی‌و سەربەخۆ دەبێتەوە لێرەدا خۆی دەنوێنێت، باری سیاسیی نالەبارو نەچەسپاو و دڵنیانەبوون لەداهاتوو هۆکاری لاوازی‌و گەشەنەسەندنی ئابوریی کوردیین،

* کۆمەڵەی بەبازاڕکردنی ئەمەریکی، پێناسەی ڕێکلام دەکات بەوەی: بریتیە لەئامرازێکی نا شەخسی بۆ پێشکەشکردنی بۆچوون‌و خزمەتگوزارییەکان، بەیارمەتیی لایەنێکی ناسراو، لەبەرامبەر پێدانی کرێیەکدا. بڕوانە: (د. محمد جودت ناصر: الدعاية والإعلان والعلاقات العامة، ط١ (عمان: دار مجدلاوي، ١٩٩٨)، ص١٠٣).

ئابورییەکی بەمجۆرە یارمەتیدەر نابێت بۆ خستنەگەڕی پارە لەبازاڕی میدیای سەربەخۆدا لەلایەن کەرتی تایبەتەوە[1]، ئەمەیش بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە کاردەکاتە سەر پرسی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، چونکە نابێ خۆمان لەو راستیە لابدەین، ئازادیی رادەربڕین بەرەوشی جێگیری ئابورییەوە بەستراوەتەوە[2].

لەگەڵ ئەوەی رەوشی ئابوریی کوردستان لەئاستێکی لاوازدایە، رەوشی سیاسیو کۆمەڵایەتییش جێگیر نیە، ئەوانەیش لەبەردەم هەر هەوڵێکی سەرمایەداران ئاستەنگن، تاکو سەرمایە لەپرۆژەیەکی رۆشنبیریو سیاسیو ئابوری وەك دەرچواندنی رۆژنامە خەرج بکەن[3]، ئەمەیش دواجار بە زیانی فەراهەمبوونی کەشی دیموکراسیو ئازادیی رادەربڕین تەواودەبێت.

### ٣. ١. ٥: کۆتایی

ئەم سێ فاکتەرە (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری) لەکۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا پەیوەندیی راستەوخۆیان بەکایەی رۆژنامەنووسیەوە هەیە، بەڵام وەکو لەپێشتردا رونمانکردەوە، تا ئێستایش رۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستاندا لەسەر هیچکام لەو ئاستانەدا نەبۆتە فاکتەری کاریگەری ئەوتۆ کە گۆڕانکاریی بێنێتەکایەوە، تەنانەت هەریەك لەو پرسانە بەڕادەیەکی بەرچاو کاریان تێکردوە، بەڵام هەندێجار کارتێکردنی هەریەك لەو سێ لایەنە لەسەر رەوشی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا کارتێکردنی پۆزەتیڤانە نەبوە، وەکچۆن لەسەرەوە لێی دواین، زۆرجار لەبری هاوکاریو یارمەتیدانی دۆخەکە، ئەو پرسانە هۆکارێك بوون بۆ پاشەکشەی هەنگاوەکانی پێشکەوتنو بەرەوپێشەوەچوونی بواری رۆژنامەنووسی، لەپێناو بەرینکردنی پانتایی ئازادیی رادەربڕین تیایدا.

---

(١) ماگی زانگەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.
(٢) أ. عبدالفتاح إبراهیم: سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٣.
(٣) کاروان عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

لەدوای ڕاپەڕینو لەسایەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، چەند پێشێلکارییەك بۆسەر ئازادیی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەنووسیو ژیانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کراو ئاماژەی ترسناکی لەسەر ئەزموونەکەو پانتایی ئازادییەکان تیایدا، پێشاندا.

لەو ئاستانەیشدا، دوو جۆر لێپرسینەوە بەرامبەر ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراون، یەکێکیان یاساییو ئەویتریان نایاسایی. ئەگەر لێپرسینەوەکە یاسایی بێت، بەحاڵەتێکی دروست وەسفدەکرێت، لەکاتێکدا داوا لەسەر ڕۆژنامەنووس بەرزکرابێتەوەو لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بدرێتە دادگا، دادگا لەئەنجامدا یەکلایدەکاتەوە ئەو بابەتە ئازادیی ڕادەربڕینە، یان چوەتە نێو قاڵبی تاوانێك لەتاوانەکانی ڕۆژنامەنووسی، هەروا لەرێگەی پۆلیسو دادگا مەدەنییەکانەوە مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا دەکرێت، بەڵام زۆرجار گرفتی ڕۆژنامەنووسان لەرادەربڕینی ئازادانەیاندا لێپرسینەوەی یاسایی نیە، بەقەد ئەوەی ناوەرۆکی دەقە یاساییەکانەو پێیانوایە لەگەڵ گیانی سەردەمدا ناگونجێت*.

ئەگەر لێپرسینەوەکەیش لەرێگەی یاساوە نەبێتو بەکاریگەریی فاکتەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوریەوە بێت، ئاسایشو دەزگا نامەدەنییەکانی تر مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان دەکەن، ئەمەیش بەحاڵەتیکی نادروست وەسفدەکرێت. بڕوانە پاشکۆی (٣) تایبەت بە**(چەند نمونەیەك لەپێشێلکاریی ئازادیی ڕادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا، بەکاریگەریی فاکتەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری).**

---

* ئەم بابەتە، لەباسی دوەمی ئەم بەشەدا شیکراوەتەوە.

## باسی دووەم
## فاکتەرە یاساییەکان

### ٣. ٢. ١: دەسپێك

کاتێك باس لەفاکتەرە یاساییەکان دەکەین وەك فاکتەرێکی کاریگەر لەسەر ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، مەبەستمان هەموو یاساکانە بەگشتیو یاساکانی راگەیاندنو رۆژنامەنووسیو چاپەمەنییش بەتایبەتی.

بەهۆی ئەوەی یاسا چوەتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانەوە، هەموو پیشە جیاوازەکانیش یاسای تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆیە پیشەی رۆژنامەنووسییش یاسای تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەیش بەئامانجی ئەوەی کاری رۆژنامەنووسی رێکبخاتو رۆژنامەنووسانیش سنوری کارەکەی خۆیان بزانن.

یاسای رۆژنامەنووسیو چاپەمەنییەکان، یاسەیەکی مەدەنیی نووسراوە، کە لە هەموو وڵاتێکدا، لەلایەن ئەنجومەن، یان دەسەڵاتی یاسادانانەوە دادەڕێژرێتو جەختدەکاتە سەر مافە تایبەتو پەیوەستەکانی چاپەمەنییەکانو وەرگرەکانیان.[1]

بۆ ئەوەی بارودۆخەکە نەبێتە هۆی ئاژاوەو سنوربەزاندنێکی زەرەرمەندی ئازادیی رادەربڕینو بۆ رێکخستنەوەی پیادەکردنی ئەم مافە، یاسا بەرێسا فەرمانییەکان دێتە ناوەوە، کە دانانی مەرجو دسپلین دەگرێتەخۆیو بریتیە لەدانانی هەندێك کۆتوبەند کە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتی بەپێویستی دەزانێت، ئەمەیش ئەو رۆڵەیە کە یاساکانی چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەو رۆژنامەنووسیو میدیا دەیگێڕن[2].

---

[1] محمد رضا محمدی فر: فرهنگ روزنامه نگاری– مجموعهء اطلاع رسانی، چ١ (تهران: وزارت فرهنگو ارشاد اسلامی– سازمان چاپو انتشارات، ١٣٧٨) ص٣٢٧.

(٢) د. ماجد راغب الحلو: سەرچاوەی پێشوو، ص١٨.

یاساکانی رۆژنامەنووسی دەقنووسکراون لەسەر ئەوەی، یەکەمین بایەخپێدانو ئەرکی راگەیاندن دەوڵەمەندکردنی هاووڵاتییانە بەهەواڵی دروستو خستنەڕووی بۆچوونی پاك لەهەموو بابەتەکاندا کە بەلای رایگشتییەوە گرنگن، هەروەها پابەندبوون بەو پرەنسیپو بەهایانەی دەستورو حوکمەکانی یاسا دەیگرێتەوە، کارەکانییان وابەستەیە بەرەچاوکردنی شەرەفو سەرڕاستیو راستگۆییو ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسی[1].

فاکتەری یاسایی، وەکو کۆتێك لەپاڵ کۆتە سیاسیو ئیدارییەکان لەزۆربەی دەوڵەتانی جیهاندا بەردەوامنو دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان بەسەر رۆژنامەدا پیادەی دەکەن، ئەمەیش بۆ زەوتکردنی راستەوخۆی ئازادی، یان لەچوارچێوەگرتنی توانستەکانی رۆژنامە بۆ پیادەکردنی ئەو ئازادییە[2].

لەدوای راپەڕینیشەوە لەهەرێمی کوردستاندا، کێشەی میدیا بەشێکی دانەبڕاوی کێشەی نەبونی تیوریزەی ئازادییەو لەوێشەوەو غائیبی پێناسێکی یاساییە بۆ خودی چەمکی ئازادییەکان، کە ئازادیی بڵاوکردنەوەو نووسینو دەنگو رەنگو بیستن، تادەگاتە مافی خۆپێشاندانو دروستکردنی گروپو سەندیکای سەربەخۆو... تاد، کە هەندێك لەرەگەزە سەرەکییەکانین. کێشەی نەبوونی عەقڵییەتێکی مۆدێرنو پێناسێکی نوێی یاسایی دەبێت بەکێشەی بەپەراوێزکردنو سنوردارکردنو کۆتکردنی ئازادی لەبواری کاری میدیا بەگشتیو رۆژنامەنووسی بەتایبەت[3].

هەموو ئازادییەکی رەهاو بێ کۆتوبەندیش، جۆرێك لەنائارامیو کێشەی لێدەکەوێتەوە، چونکە هەردەم مرۆڤ جۆرێك لەخودپەرستی تێدایەو پاڵنەری هەڵسوکەوتەکانو پیادەکردنی ئازادییەکی رەها حەزو ئارەزوەکانی دەیجوڵێنێ بۆ خۆتێرکردن، ئەوەیش دەبێتە هۆی بەریەککەوتن لەگەڵ ئازادییەکانی کەسانی دیکە، کە ئەویش حەزو ئارەزوەکانی، هەڵسوکەوتەکانی دەجوڵێنێ، بۆیە پێویستە

(١) فتحي حسين أحمد عامر: سەرچاوەی پێشوو، ص٤٣.
(٢) صلاح الدين حافظ: سەرچاوەی پێشوو، ص٦١.
(٣) هێرش رەسوڵ: میدیاو دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

ئازادییەکانی ڕێکبخرێو باشترین ئامرازیش بۆ ئەو ڕێکخستنە بریتیە لەیاسا، بێ بوونی یاسا بۆ ڕێکخستنی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ، جۆرێك لەپاشاگەردانی دروستدەبێ، کە بەهۆیەوە دەسەڵاتی هێز، بەسەر پەیوەندییەکاندا زاڵدەبێ.

پێویستە لەسەرەتایشەوە، ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت، مەرج نیە هەموو کاتێكو لەهەموو دۆخێکدا، یاسا تەنها چاكو شیاو بێت، دەکرێ یاسای خراپو نەشیاویش هەبێت، لەبەرئەوەی یاسا دەستی دەسەڵاتە بۆ فەرمانڕەوایی، یان ئەو ئامرازەیە، دەسەڵات بەهۆیەوە حوکمڕانی خۆی دەکات، بۆیە ئەگەر دەسەڵاتەکە، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری، یان تۆتالیتاری بێت، یاساکەیش، یاسایەك دەبێ تەنها بۆ ڕاگرتنو دەستەبەرکردنی زیاتری بەرژەوەندییەکانو ویستی دەسەڵاتدار، خۆ ئەگەر دەسەڵاتداریش دەسەڵاتێکی دیموکراسو هەڵبژاردەی ناو خەڵك بێتو بەگرنگیدان بەویستو حەزی خەڵکی حوکم بکات، بێگومان یاساکەیش بەویستی زۆرینەی خەڵکی دەبێت.

## ٣. ٢. ٢: شیکردنەوەی ئەو بەندو بڕگە یاساییانەی کاریگەرییان لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە

لەم باسەدا پێویستمان بەوەستان لەسەر ئەو بەندو بڕگە یاسایانە دەبێت، کەوا کاریگەرییان بەسەر ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەیە، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین، هەریەك لەوانە بخەینە بەر تیشکی شیکردنەوەو ماناو کاریگەرییەکانیان لێکبدەینەوە.

### ٣. ٢. ٢. ١: یاساکانی چاپەمەنیی عوسمانی

سەرەتا، پێویستە ئیستێکی کورت لەسەر یاساکانی چاپەمەنیی دەوڵەتی عوسمانی بکەین، بەو پێیەی تا ساڵی ١٩٣١ لەعیراقدا، واتە تا دەرچوونی یاسای چاپەمەنیی ژمارە ٨٢ی ساڵی ١٩٣١ی عیراق، کار بەیاسای عوسمانی کراوەو بوەتە دایکانەی یاسای چاپەمەنی لەعیراقو لەوێشەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عیراق.

یەکەمین یاسای چاپەمەنیی عوسمانی لەساڵی ١٨٥٧ دەرچوە، کە پڕبوە لەمەرجو بڕیاری قورس، کەچی بەوجۆرەیش سوڵتان پێی قایل نەبوە، لەبەر ئەوە لەساڵی ١٨٥٧ ەوە تاکو ساڵی ١٩٠٠ پێنججار هەمووارکراوە، تا وایلێهاتوە ڕۆژنامەنووسان مافی ئەوەیان نەماوە بەهیچ شێوەیەك ناوی مەدحەت پاشا، دەستور، دینامێت، بۆمبا، شۆڕش، سۆشیالیزم، ماف، مانگرتن، ئازادی، سەربەستی، یەکسانیو خەبات بنووسن، تەنانەت بۆیان نەما باسی کوشتنو لابردنی هیچ فەرمانڕەوایەك بکەن[1].

### ٣. ٢. ٢. ٢: یاسای چاپەمەنیی عیراق ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨

ئەگەر کەمێك بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، دەبینین ئەو یاسایەی لەپاڵ ڕۆژنامەنوسیی عیراق، بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردییش لەعیراقدا بەکارهاتوە، (یاسای چاپەمەنیی عیراق ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨)* ە.

لەسادەترین خوێندنەوەدا، مادەی شازدەیەم(+)ی ئەو یاسایە بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیدا پێشاندەدات، چونکە

---

(١) د. سنان سعيد: دراسات في الصحافة العراقية– حرية الصحافة في العراق حتى عام ١٩١٧، (مديرية الإعلام العامة: دار الحرية للطباعة، ١٩٧٢)، ص١٠.

* بەپشتبەستن بەحوکمەکانی مادەی ٥٠ لەدەستوری کاتی، لەسەر ئەو داوایەی کە وەزیری ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن لەحکومەتەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بوە، ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق ڕەزامەندی لەسەر پێشانداوەو ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشیش بڕیاری لەسەرداوە، ئەو یاسایە پەسەندکراوە.

+ "نابێت لەچاپکراوی خولەکیدا ئەمانە بڵاوبکرێنەوە:

١– ئەوەی توخنی تێوەگلانی سەرۆك کۆمارو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشو سەرۆك وەزیرانو ئەوانەی ئەوانەی لەو ئاستەدان، دەکەوێت.

٢– ئەوەی زیان بەپەیوەندیەکانی عیراقو وڵاتە عەرەبیو وڵاتە دۆستەکانی دەگەیەنێت.

٣– بەخراپە ناوهێنانی شۆڕشو چەمکەکانیو دەوڵەتی کۆماریو دامەزراوەکانیو پاهەڵدانی بیری ئیمپریالیزمیو جیاخوازیو کۆنەپەرستیو هەرێمچێتیو زایۆنیزمو ڕەگەزپەرستو هەرچییەك ببێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ناوخۆو دەرەوە.

٤– هەرچییەك هانی تاوانو گوێڕایەڵنەبوون بۆ یاساو سوکایەتیکردن بەهەیبەتی دەوڵەت بدات.

٥– هەرچییەك قینو دوبەرەکیو بڵاوکردنەوەی لێکترازانی ئەندامانی گەلو نەتەوەکانیو تیرە ئایینیە جۆراوجۆرەکان بێت یان ببێتە هۆی درزتێکردنی یەکێتیی ناوخۆ.

٦– ئەوەی تانە بێت بۆ سەر ئەو ئایینانەی لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە ئیعترافیان پێکراوە.

٧– ئەوەی پێشێلکردن بێت بۆ پیرۆزیی ڕەفتارو ڕەوشتەکانی گشت کۆمەڵ.

٨– ئەوەی کار لەدادوەران بکات سەبارەت بەو داوایانەی لەبەردەستیاندایە.

٩– ڕای جیاوازی ئەندامانی دەستەی پێکهێنەری دادگا.

کۆمـەڵێك قەدەغـەکراو ریزکـراوە، کـە خـۆی لـە١٢ خاڵـدا دەبینێتـەوەو نابێـت لەچاپکراوی خولەکی* دا بڵاوبکرێنەوە، وێـڕای ئەمـەیش، لەهەریـەك لـەو خاڵانـەدا جۆرێـك لـەنادیاری‌و شـاراوەیی هەیـەو چـەمکەکان شـێوەیەکی لاسـتیکییان وەرگرتوە.

بۆ نمونە رونینەکردۆتەوە مانای: "زیانگەیاندن بەپەیوەندییـەکانی عـێراق‌و...، بەخراپـە بـەکارهێنانی چـەمکەکانی شـۆڕش‌و دەوڵـەت‌و...، تانـەدان لـەئایین، پێشێلکردنی پیرۆزیی رەفتـارو رەوشـتی کۆمـەڵ، ناوزڕانـدن‌و جنێـودان،... تـاد" بەرونی مانای چی دەگەیەنن؟

لەو حاڵەتەیشدا، دەستی دەسەڵات‌و سیستمی سیاسی بـۆ بەرتەسـککردنەوەی مەوداکانی ئـازادیی رادەربـڕینی رۆژنامـەنووس دەکاتـەوەو بـۆ سـنور بـۆ کێـشانی بەیاسا، ئازادی دەکات.

### ٣. ٢. ٢. ٣: یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣

رۆژنامەنووسـیی کـوردیی پـاش راپـەڕین، کـەوا یـەکێك لەسەرچـاوەکانی هاتنەکایەو سەرپێکەوتن‌و گەشەکردنی، ئەو مۆدێلەی رۆژنامەنووسیی ژێـر سـایەی حکومەتی عێراق‌و ئەو بارە میدیاییە بوە، هەربۆیە ئەو یاسایەی لەسەردەمی دوای ئـازادکردنی بەشـێك لـەخاکی کوردسـتانی بندەسـتی عـێراق، لەلایـەن یەکـەمین پارلـەمانی هەڵبـژێردراوی کوردییـەوە، بـۆ رێکخـستنی کـاری رۆژنامەنووسـی

---

١٠- ئەوەی کار لـەداواکاری گـشتی‌و پـارێزەران‌و لێکۆڵـەرەوان‌و شـاهیدو رایگـشتی بکـات لەداوایـەکی بەردەم دادگا.
١١- توخن کەوتنی کەسانی تر کە بەناوزڕاندن‌و جنێودان بشکێتەوە بۆ کەسایەتییان.
١٢- ئەو هەوڵانەی دەبنە روخانی پارەی نیشتمانی یان سەنەداتی قەرزی حکومی‌و لاوازکردنی متمانـە پێیان لەناوەوەو دەرەوەدا".

* چاپکراوی خولەکی (دەوری): هەر چـاپکراوێك بەشـێوەی زنجیرەیـی‌و لـەکاتێکی داریکـراودا دەربچێ، وەك رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەو هەرچییەکی لەم بابەتانە بێت.
چاپکراوی ناخولـەکی (نـادەوری): هـەر چـاپکراوێك کـە بـۆ یـەکجار دەربـچێ، یـان بەشبەشـی دیاریکراو بێت، بەبێ گوێدانە چاپکردنەوە (إعـادة الطبـع) وەك ئەنـسیکلۆپیدیاو فەرهـەنگ‌و کتێب‌و نامیلکەو نەخشەو وێنەو هەرچییەکی لەم بابەتانە بێت.

پەســـەنددەکرێت (یاســـای چـــاپەمەنیی ژمـــارە ١٠ی ســـاڵی ١٩٩٣ی هـــەرێمی کوردستانی عێراق)[*] هەر لەبەر رۆشنایی (یاسای چاپەمەنیی عیراق ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨) گەڵاڵەکراوە، چونکە سیستمی دادگاو یاسایی هـەرێمی کوردسـتان، لەزۆر رووەوە درێژکراوەی هەمان ئەو سیستمی دادە بوو کە بـەعس زیـاد لـەماوەی سی ساڵدا لەکوردستاندا مرۆڤی کوردی پێ زەلیلکردبوو[(١)]، ئەمـەیش یەکێکـە لـەو راستیە تاڵانەی ناکرێ خۆمانی لێ بێ ئاگا بکەین‌و باسی نەکەین.

مـــادەی دووەم[(+)]ی یاســـای چـــاپەمەنیی ژمـــارە ١٠ی ســـاڵی ١٩٩٣ی هـــەرێمی کوردستان تایبەتە بەسانسۆرو، تێیدا ئاماژە بەدانەنانی سانسۆرو سەربەستکردنی هاووڵاتیـان دەکـات لەدەرچـواندنی هـەر چـاپەمەنییەکدا، بـەڵام لەبڕگـەی کۆتـایی مادەکـەدا رێگرییـەکی دانـاوەو نووسـیویە: "بـەپێی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە"، ئەمـەیش دەمانباتەسـەر لێشاوێك حـەرامو قەدەغـەکراو کـە لـەمادەی نۆیـەم[(×)]دا ریزیکـردون، کەواتــە ئــەو سانــسۆرەی کــە لــەمادەی دووەمــدا باســی دەکــاتو رایدەگەیەنێت کە نیە، دەبینین ئامادەگییەکی بەرچاویشی هەیە.

ئەمــە جگــە لــەوەی لــەم یاسایەیــشدا، رووبــەڕووی پێناســەنەکردنی چــەمکەکان دەبینــەوە، ئەمـــەیش جۆرێــك لــەنادیاریی دروســتکردوەو دەســەڵاتی دادیــشی سەرپــشککردوە هــەر بابــەتو نووســینێکی رۆژنامەنووســی لەگــەڵ سیاســەتی حکومەتەکەیدا یەکانگیرنەبێت، بەیەکێك لەو ئاستەنگانە تۆمەتباری بکـات، وەکـو:

---

[*] بەپێی بڕگەی ١ لەمادەی ٥٦ی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر پێشنیاری وەزیری رۆشنبیریو بڕیارلەسەردانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی رۆژی ١٨/٤/١٩٩٣ دا بڕیاری دەرکردنیداوەو پارلەمانی کوردستان بەکۆی دەنگ پەسەندیکردوەو پاش بڵاوکردنەوەیشی لەرۆژنامەکاندا لە٢٥/٤/١٩٩٣و بەبڕیاری ژمارە ٢٤و بەئیمزای جەوهەر نامق سالم (سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی) دەرچوە.

(١) مەریوان وریا قانیع: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١.

[+] "سانسۆر (رقابە) ناخرێتە سەر چاپەمەنیو، هەر هاووڵاتییەك سەربەستە لەدەرکردنی هەر چاپەمەنییەکدا بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە".

[×] "بڵاوکردنەوە (النشر) لەو بابەتانە قەدەغەیە کە هانی کردنی تاوانو کاری تێرۆریستی (الإرهاب) دەدەنو رێوشوێنی بۆ خۆشدەکەنو تینو توانای بۆ دابیندەکەن، یان جنێو و تانوت لێدانو ناوزڕاندنی کەسانیان تێدابێ، یان دەستدرێژی بۆ سەر حورمەتی ئایینو مەزهەبەکانو دابونەریتو سیستمی گشتی تێدابێ".

"کاری تێرۆریستی، جنێو، تانوت لێدان، ناوزڕاندن، دەستدرێژی بۆ سەر حورمەتی ئایینو ئایینزاکان، دابونەریت، سیستمی گشتی".

ئـەو تەوەرانـەی لـەم مادەیـەدا دیـاریکراونو بوونەتـە هێڵـی سـورو نابێـت رۆژنامەنووس لەچاپکراوەکاندا بیانبـەزێنێت، دەشـێت ئەگـەر بەدیوێکدا قسەیان لەسـەر بکـەین لایـەنی پۆزەتیڤیـان تێـدابێت، بـەڵام ئەگـەر بەدیوەکـەی دیکـەدا لەبارەیانەوە بدوێین، هەستدەکەین ئەم مادەیەو تابۆکراوەکانی ناوی، لاستیکینو هێنـدە گـشتگیرن، تەنانـەت تاوانبـارترین کـەس دەتوانێـت لەسـایەیاندا داکـۆکی لـەخۆی بکـاتو هاوکـات دەتوانرێـت بێتـاوانترین کەسیـشی پـێ تاوانبـار بکرێـت. دەشـێت بەشـێکی زۆری چـاپکراوەکان، ئەگـەر رەخنـەی زانـستیو تەندروسـتیش بگرن، بەسوکایەتیکردن بەدابونـەریت، سیـستمی گـشتی تاوانبـار بکـرێن، چـونکە لەخۆیدا دابونەریت بـەرەنجامی پەیوەندییـە گـشتییەکانەو لەهـەناوی کۆمەڵگـەوە دێتە بوون، ئەم دوو لایەنە، زۆر گشتگیرنو ئەم حاڵەتـەیش وایکـردوە زۆر کـەسو لایـەن بتـوانن بەپـشت بەسـتن بـەم لایەنـە چـاپکراوەکان تاوانبـار بکـەنو دواجـار سنورەکانی رادەربڕینو کاری رۆژنامەنووسی تەسك بکەنەوە[1].

ئەگـەر سـەرنج لەیاسـای چـاپەمەنیی عوسمـانی سـاڵی ١٨٦١ زایـنی بەرامبـەر ١٢٨١ی کۆچی[2] و یاسای چاپەمەنیی عیراق ژمارە٢٠٦ی سـاڵی ١٩٦٨[3]، بـدەین، دەبینین ئاماژە بەنەبوونی سانسۆر لەسەر چاپکراوەکان نـەدراوە، لەگـەڵ ئـەوەی لەهەردووکیشیاندا، چەندین کۆتوبەندو مەرجو سزایش دانراون.

---

(١) مەم بورهان قانع: ئازادیی رۆژنامەنووسیی لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا – توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە بۆ یاساکانی چاپەمەنیی عوسمانیو عیراقیو گەڕانەوە بۆ نێو دانیشتنەکانی پارلەمان–، چ١ (سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە، ٢٠٠١) ل٩٤.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوەو ئاشنابوون بەیاسای چاپەمەنیی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ١٨٦١ز. ١٢٨١ ك، بڕوانە: (رۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە ٣، کۆتایی کانونی یەکەمی ٢٠٠٠، و. لەفارسییەوە: عەبدوڵڵا نەجمەدین تەها: یاسای چاپەمەنی لەدەوڵەتی عوسمانیدا، ل١٦٣– ١٦٦).

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوەو ئاشنابوون بەیاسای چاپەمەنیی عیراق ژمارە٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨، بڕوانە: (دلیل تشریع القوانین، کلیة الاداب– جامعة بغداد– قسم الإعلام، ب. س، ص ص١– ١٥).

هەروەك ئەو یاسایە (یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان)، بۆ کاتی خۆیو لەچاو یاسای چاپەمەنیی عێراق ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ یاسایەکی خراپ نەبوە، بەتایبەتیش ئەو چەند ساڵەی پاش راپەڕین کە پارلەمانو حکومەت پێکهێنران، ساڵانی وەرچەرخان بوون لەرووی سیاسیو زۆر لەروەکانی تری ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە ناکرێت لەگەڵ یاسا پێشکەوتوەکانی راگەیاندنی وڵاتێکی ئارامی وەکو (سوید) بەراوردی بکەین[1].

ئەم هەنگاوە هەرچۆنێك بوە، لەسەرەتاوە ئومێدێکی زۆری بەپرۆسەی دیموکراسیو فرەکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسیو چاپو رادەربڕین دەدا، بەتایبەت کە هێشتا لایەنە سیاسییەکان گونجاو و تەبا بۆ پێشخستنی وڵات کاریاندەکردو دەیانویست بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێن، هەرچەندە یاساکانی هەرێمی کوردستان درەنگ کەوتنە سەر رێڕەوی کارپێکردن، کە ئەویش چەندین فاکتەری خۆی هەیەو لەهەمووشیان زەقتر پەرەسەندنی شەڕو ناکۆکی ناوخۆو بەکارهێنانی دەسەڵاتی تاکڕەوانەو بەدەسەڵاتو دەستورکردنی حزبو پیرۆزکردنیو پێرەوکردنی سیاسەتی فیفتی بەفیفتی بوو، کە بونە هۆی پاشەکشەپێکردنی خواستە دیموکراسیەکانو بەرەوژێرچوونی مافەکانی ئازادیی ئاخاوتنو رادەربڕینو مافی مرۆڤ. یاسای چاپەمەنیی هەرێم لەگەڵ دەرچوونی یاسای حزبو رێکخراوەکان، ئەگەر بەهەموو رەخنەو کەموکوڕییەکانیان رێگەی کارپێکردنیان پێدرابایە، پێش بەزۆر روداو و پێشێلیو بێ یاسایی دەگیراو ئاکامەکانیش بەشێوەیەکی رونتر دەبوون[2].

وێڕای ئەم لایەنە پۆزەتیڤانەیش، هەندێ کەموکوڕیی دیکە بەدیدەکرێت، گرنگترینیان ئەوەیە کە بەپێی مادەی پێنجەم* ی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، ناتوانرێت رۆژنامە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێشینە دەربکرێت.

---

(١) یاساکانی راگەیاندنی سویدی، لەزیاتر لە١٠ یاسا پێکهاتوون، یاسای ژمارە یەك تایبەتە بەئازادیی چاپەمەنیو بریتیە لەنۆ برگە. بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنیی پارلەمانی سویدی:
http://www.riksdagn.se/massmedia/%7%10/a05.html>(10/4/07)

(٢) غازی حەسەن: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢-٣٣.

* مادەی پێنجەم: "هەر هاووڵاتییەکی عیراقی نیشتەجێی هەرێم کە بیەوێ چاپکراوێکی خولەکی دەربکات، دەبێ داخوازییەك پێشکەشی وەزیری رۆشنبیری بکاو...".

وەکــچۆن دەقێکــی لــەوجۆرە لەبڕگــەی ئــەلیفی بەنــدی چــوارەم* ی یاســای چاپەمەنیی عیراق ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨-یش بەدیدەکەین.

### ٣. ٢. ٢. ٤: ڕێکخستنی یاسایی دەرچواندن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە

مەبەسـت لەدەرچـواندنی ڕۆژنامـە، بڵاوکردنـەوەی ناوەرۆکەکەیـەتی لەهـەواڵ و زانیاری و بۆچوونی جیاوازو ڕێکلام، بـۆ ئـەوەی بەخـەڵکی رابگەیـەنێت. بەمـەیش ئازادیی بڵاوکردنەوە بەکۆڵەکەیەکی بنچینەیی ئـازادیی ڕۆژنامەنووسـی دادەنرێـت، وەکچۆن مافی رادەربڕین لەرۆژنامەکاندا لایەنە ڕۆحیەکەیان دەنوێنێت.

یاســادانەر لەرێکخـستنی ئــەم مافــەدا، پێویـستە هاوســەنگی بکـات لـەنێوان سوربون لەسەر ئەوەی رەهایانە لێی نەگەڕێ، تاوەکو بۆ پوچیی نەگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەی لەکۆتوبەندکردنیدا زیادڕەوی نەکات، تـاوەکو چارەنووسـی بـەرەو نـەبوون نەچێت(١).

دەرچواندنی ڕۆژنامە پێویستی بەجۆرە ڕێکخستنێك هەیـە، ئـەم ڕێکخـستنەیش بەگوێرەی گۆڕان لەسیستمی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئـابوری، لەدەوڵەتێکـەوە بـۆ دەوڵەتێکی دیکە، چەمکی ئازادیی لەو دەوڵەتەدا دەگۆڕێ(٢).

بۆ ڕێکخستنی ڕۆژنامە، دوو شێوازی سەرەکی هەن:

**یەکــەم**: سیـستمی مۆڵــەتوەرگرتن (الإيجـازة): بریتیـە لەپێویـستیی وەرگـرتنی مۆڵـەتی پێـشینە لەلایـەنی ئیـدارە، بەمەبەسـتی ئەنجامـدانی چـالاکیەکی دیـاریکراو(٣). واتــە ڕێگاپێـدانی ئیداریـە بەکەسـێك، یـان چـەند کەسـێکی دیاریکراو بۆ دەرچـواندن و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامـەو چـاپکراوی خولـەکی، ئەگـــەر مەرجـــە یاســـاییەکانی تێـــدابوو، یـــان ڕەتکردنـــەوەی بـــەپێی بەرژەوەندیی خۆی.

---

* "داواکاری مۆڵەت بەم زانیاریانەی خوارەوە پێشکەشی وەزارەت دەکرێت...".

(١) د. سـعدي محمـد الخطيـب: القيـود القانونيـة علـى حريـة الـصحافة، ط١ (بـيروت- لبنـان: منشورات الحلبي الحقوقية، ٢٠٠٦)، ص٨٧.

(٢) د. کەمال سەعدی: چوارچێوەی یاسایی ئازادیی ڕۆژنامەگەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

(٣) د. جابر جاد نصار: حرية الصحافة- دراسة مقارنة في ظل القانون رقم ٩٦ لسنة ١٩٩٦، ط٣ (القاهرة: دار النهضة العربية، ٢٠٠٤)، ص٥٩.

**دووەم**: سیستمی ئاگاکاری (الإخطار): بریتییە لەوەی کەسێك بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکیەکی دیاریکراو، راگەیەنراوێك پێشکەشی ئیدارە دەکات‌و ئیدارەیش ناتوانێت راستەوخۆ ئەو چالاکیە قەدەغە بکات[1]. واتە ئاگادارکردنەوەیەکە بەنووسین، کەسێك پێشکەشی ئەو لایەنە پەیوەندداری دەکات کە یاسا دیاریکردوەو تێیدا ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی، کە ئارەزووی دەرچواندن‌و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی هەیە.

بەمجۆرە تێدەگەین مۆڵەتپێدان، بەشێکی جیانەکراوەو بنچینەیی سیستمی خۆپارێزی (النظام الوقائي) یە، کەوا دەوڵەت بۆ بەرگرتن لەو زیانانەی ئەگەری ئەوەی هەیە لەرێگەی کاری رۆژنامەنووسییەوە لەکۆمەڵگە بکەوێت، پەنای بۆ دەبات. هەروەها وەکو جۆرێکیش لەسانسۆری پێشوەخت دەردەکەوێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئاگاکاری لەگەڵ گیانی سەردەم‌و پێشکەوتنە یەك لەدوا یەکەکان دەگونجێت‌و تاڕادەیەکی بەرچاو ئازادیی رادەربڕین‌و رۆژنامەنووسی تێدا رەچاوکراوە.

کەواتە هەردوو یاسای چاپەمەنیی عیراق‌و هەرێم لەو خاڵەدا سنورەکانی ئازادیی رادەربڕین‌و کاری رۆژنامەنووسی لەرێگەی بەرتەسککردنەوەی روبەڕی ئازادیی دەرچواندن‌و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەو ماف خاوەنداریتیی میدیایی، بچوکدەکەنەوە.

### ٣. ٢. ٢. ٥: یاسای سزادانی عیراق ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩

تەنها یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان کاروباری رۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستاندا رێکناخات، بەڵکو لەو یاسایە زیاتر یاسای سزادانی عیراق ژمارە ١١١ی ساڵ ١٩٦٩یە، لەبەرئەوەی بۆ دەستنیشانکردنی تاوانەکانی

(١) هەمان سەرچاوە، ص٥٨.

بڵاوکردنەوەو رۆژنامەنووسی* و سزای رۆژنامەنووسان، بەپێی ئـەو بنـچینەیەی کـە دەڵێـت: "لاجریمـة ولا عقوبـة إلا بـنص" یـان "لا إجتهـاد في مـورد الـنص" دەبـێ دادوەر بگەڕێتەوە بۆ یاسای سزادانی عێراق‌و یاساکانی تری پەیوەندیدارو بەسـەر ئـەو کێـشەیەی کـەبۆی بەرزدەکرێتـەوە بیـان چەسـپینێت[1]، چـونکە یاسـای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان هیچ سزایەکی بۆ ئەو تاوانانە دانەناوە، دیارە ئەمە یەکێکترە لەکەموکورتییەکانی ئەو یاسایە.

ئەو سزایانەیەی لەچەند مادەیەکی یاسای سزادانی عێراقدا، بـۆ نمونـە هـەردوو مادەی ٤٣٣و ٤٣٤[+] بۆ کاری رۆژنامەنووسی دانراون، زۆر قورس‌و لەگەڵ ئـازادیی رادەربـڕین‌و میـدیاو، کۆمەڵگـەی مـەدەنی‌و دیموکراسـیدا یەکناگرنـەوە، ئەگـەر رۆژنامـەنووس هەڵەیـەك بکـات، کـە رەنگـە ناوزڕانـدنێك ١٠ سـاڵ بەنـدکردن، بـەخۆوەبگرێت، لەکاتێکـدا بەنـدکردنی رۆژنامـەنووس لـەزۆر وڵاتـی دیموکراسـی‌و

---

* یاساناسـی فرەنـسی پرۆفیـسۆر بـۆرکین تاوانـەکانی بڵاوکردنـەوەو رۆژنامەنووسـی پێناسـە دەکات بەوەی "ئەو تاوانانەن کە پەیوەندییان بەخراپبەکارهێنانی کایـەی میدیاوە هەیـە". بڕوانـە (د. لطیفـة حمیـد محمـد: جـرائم النـشر في التـشریع العراقـي، أطروحـة دکتـوراه غـیر منشورة، جامعة بغداد، کلیة القانون، ١٩٩٩، ص٥١).

(١) د. کەمال سەعدی مستەفا: فەلسەفەو یاسا لەچەند وتارێکدا، چ١(هـەولێر: دەزگـای چـاپ‌و بڵاوکردنەوەی O.P.L.C. پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان ژمارە ٢٦، ٢٠٠٥)، ل٢٣.

[+] یاسای سزادانی عێراق ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩:

**تاوانی قەزف:** بڕگـەی یەکـەم لـەمادەی ٤٣٣: القـذف (پلارهاویـشتن): "واقیعێکـی دیـاریکراوە بەیەکێك لەرێگا ئاشکراکان دەدرێتە پاڵ کەسێك، ئەگەر ئەوەی دراوەتە پاڵ کەسەکە راست بێت، ئەوا سزا دەدرێت، یان لەلایەن هاووڵاتییانەوە دەبێزرێت (بەسوکی تەماشا دەکرێت)".

**سزای تاوانەکە:** زیندانیکردن (حبس)و پێبژاردن (غرامـە) یـاخود بەیـەکێك لـەو دوانـە دەبێـت، بەڵام ئەگەر ئەو دانەپاڵـە لەرێگەیـەکی بڵاوکردنـەوە بـوو لەرۆژنامـەو چـاپەمەنییەکان، یـان یەکێك لەهۆکارەکانی تری راگەیاندن، ئـەوا بارتونـدی (ظـرف مـشدد) دەبێـت. (واتـا بـەپێی مادەی ١٣٦ لەهەمان یاسا، دادگا دەتوانێت ئەگـەر حوکمەکـە حـەپس بـوو زۆرتـرین رادەی سزاکە دابنێت، بەمەرجێك لەدوو هێندەی سزاکە تێپەڕنەکات، ئەگەر غەرامەیش بـوو بیکاتـە حەپس، هەروا دەتوانێت ئەمەیش بکاتە دوو هێندە، بەڵام نابێت لە١٠ ساڵ زیاتر بێت).
زیندانیکردن ٣ مانگ بۆ ٥ ساڵ. پێبژاردن ٥٠٠ فلس بۆ ٥٠٠ دینار.

**تاوانی سەب:** مادەی ٤٣٤: الـسب (جنێـودان): "وتـنی قـسەیەك کـە شـەرەف یـان ئیعتیبـاری کەسـێك بڕوشـێنێت، یـاخود هەسـتی برینـدار بکـات، تەنانـەت ئەگـەر خرانـەپاڵی واقیعێکـی دیاریکراو نەگرێتەخۆ".

**سزای تاوانەکە:** زیندانیکردن لەساڵێك زیاتر نەبێت. پێبژاردن لە١٠٠ دینـار زیـاتر نـەبێت، بـەڵام ئەگەر شێوە ئاشکراییەکە (العلانیة) لەرۆژنامە، یان چاپەمەنی، یان هـەر رێگەیـەکی دیکـەی راگەیاندنەوە بوو، سزاکەی دوو هێندە دەبێت.

پێشکەوتوودا نەماوە لەسەر کاری رۆژنامەنووسیو، لەبری ئـەوە بەشـێوازی دیکـە سزای رۆژنامەو رۆژنامـەنووس دەدرێـت، بۆیـە دەکرێـت یاسـاکانی رۆژنامەنووسـی لەجیاتی بەندکردنو گرتن لەزۆربەی حاڵەتەکان جەخت لەسەر حوکمی پێبـژاردنو قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوو بکەنەوە.

### ٣. ٢. ٢. ٦: پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان

پـرۆژە یاسـای کـاری رۆژنامەنووسـی لەکوردسـتان، کـە لەلایـەن سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان بـەهاوکاری کۆمـەڵێك رۆژنامـەنووسو یاساناسـەوە ئامـادەکراوەو، لـەکۆتایی ٢٠٠٦ەوە ئاراسـتەی پارلـەمانی کوردسـتان کـراوە بـۆ پەسەندکردن، لەروی دەرچواندنی رۆژنامەوە بەبـەراورد بەیاسـاکانی تـر هـەنگاوی باشی ناوەو تیایدا لەناو خاڵە پۆزەتیڤەکانیدا سزای زیندانیکردنی رۆژنامەنووسانی دانـەناوەو دەرچـواندنی رۆژنامەیـشی نەبەسـتۆتەوە بەسیـستمی مۆڵـەتوەرگرتن، بەڵکو بەسیستمی تۆمارکردن، یان ئاگاکاریی گرێداوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیـە پرۆژەیەکی شیاو و کامڵ بێت، بەتایبەت لەروی فەراهەمکردنی مافو ئازادییـەکان بـۆ رۆژنامـەنووسو بـەرفراوانکردنی مـەوداکانی ئـازادیی رادەربـڕین لـەکاری رۆژنامەنووسیدا.

لەبڕگەی یەکەم* ی مادەی دوەمی پرۆژە یاساکەدا لەباسی سانسۆرو ئازادیی بڵاوکردنەوەدا، بەشی یەکەمی بڕگەکـە مایـەی گەشـبینیە، بـەڵام کاتێـك دەگەینـە سەر بەشی دوەمی، روبەڕوی چەندین هێڵـی سـور دەبینـەوەو خۆیـان لـە(سـنوری یاسـا، ئازادیـە تایبەتیـەکانی تـاك، داب، سیـستمی گـشتی) دەبینـەوە، ئەمـەیش دیـسان ریزێـك چـەمکی پێناسـەنەکراونو لاسـتیکیەکی زۆریـان پێـوە دەبینرێـتو هەرزوو سیحری ئەو گەشبینیە بەبەشی یەکەمی بڕگەکە، بەتاڵدەکەنەوە.

* "سانسۆر لەسەر رۆژنامەوانی نیەو ئازادیی بڵاوکردنەوە دەستەبەرە بۆ هـەر هاووڵاتییـەك لەسـنوری یاساو لەچوارچێوەی پاراستنی ئازادییە تایبەتیەکانی تاكو دابو سیستەمە گشتییەکاندا".

مادەی دەیەم(*) ی پرۆژەکەیش بەهەمانشێوە کۆمەڵێك لەمپەر دەخاتە بەردەم رۆژنامەنووسو کاری رۆژنامەنووسی، چونکە لەهەشت خاڵدا چەندین رێگری لەبەردەم بەرینکردنی پانتایی ئازادیی رادەربرین دروستدەکات، بەوێنەی چەمکە پێناسەنەکراوەکانی تریش، بەبیانووی جۆراوجۆرەوە دەتوانێت رۆژنامەنووس سزابداتو دوچاری لێپێچینەوەی یاسایی بکات.

دەبینین ئەمەی سەرەوە، وێڕای ئەوەی هەنگاوێك دەبێت بۆ بەرتەسککردنەوەی مەوداکانی ئازادیی رادەربڕین لەکوردستان، دژبەیەکیەکیش لەگەڵ یاسای خودی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨یش دروستدەکات، لەبەرئەوەی وەك لەخاڵی چوارەمو حەوتەمی مادەی چوارەم(+)ی یاساکەدا هاتوە، سەندیکا بەرگری لەئازادییە بنەڕەتیەکانو مافی رۆژنامەنووسان دەکاتو پارێزگاریکردنی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان زامندەکات.

---

* "رۆژنامەنووس بەبڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێتو لە(٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار پتر نەبێت سزا دەدرێت، گەر لەهۆکارەکانی راگەیاندن ئەمانەی خوارەوە بڵاوبکاتەوە:
أ. هەر بابەتێك ببێتە هۆی تێکدانی ئاسایشو بڵاوبوونەوەی ترسو تۆقاندنو زیان گەیاندنی بەخەڵك.
ب. دنەدان بەرێگەیەك لەرێگەکانی بڵاوکردنەوە، بۆ تاوانکردنو جێبەجێنەکردنی یاساکان.
ج. جوێنو تۆمەت هەڵبەستن.
د. هەر بابەتێك پەیوەند بێت بەنهێنیەکانی ژیانی تایبەتی تاك، هەرچەندە راستیش بن، گەر بڵاوکردنەوەکە بوە هۆی لەکەدارکردنی.
هـ. زێدەڕۆیی بەرامبەر باوەڕی یەکێ لەتایفە ئایینییەکان یان بەکەمزانینی دروشمەکانی، یان سوکایەتیکردن بەسومبولەکانی، کە جێگەی رێزلێنانو گەورەییو پیرۆزییە لای ئەو تایفە ئایینییەی کە یاسا دانی پێداناوە.
و. هەر بابەتێك دابی گشتی لەکەدار بکات.
ز. هەر بابەتێك هانی ئەنجامدانی تیرۆرو چاندنی تۆوی رقو کینەو دوبەرەکیو ناحەزی لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا بکات.
ح. هەر بابەتێك زیان لەرێکارەکانی دادگاییکردنو دادگەری بدات، تەنها مەگەر دادگا رێگە بەبڵاوکردنەوەی بدات".

+ "بەرگریکردن لەئازادییە دیموکراتییە بنەڕەتییەکانو ئاشتیو بنەماکانی مافی مرۆڤ – رێزگرتن لەسەربەستیی رۆژنامەنووسیو بەرگریکردن لەمافەکانی رۆژنامەنووسانو زامنکردنی پارێزگاریکردنی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان".

### ٣. ٢. ٢. ٧: پرۆژە یاسای راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان

هەر بۆ جێگرتنـەوەی یاسـای چـاپەمەنیی ژمـارە ١٠ی سـاڵی ١٩٩٣ی هـەرێمی کوردستانو لەپاڵ پرۆژەکـەی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان، (پـرۆژەی یاسای راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان)[1] گەڵاڵـەکراوەو بـۆ گفتوگـۆ لەسـەرکردنی رەوانەی پارلەمانی کوردستان کراوە.

ئەوەی لەپرۆژە یاسـاکەدا دەبینرێـت، جیـاواز لـەوانیتر شـێوەیەکی گـشتگیری بەخۆیەوە بینیوەو بۆسەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندن (نووسراو، بیـستراو، بینـراو، میدیای ئەلیکترۆنی)و دەزگـای رۆشـنبیریو راگەیاندنیـشە، نـەك تـەنها هۆکـارێکی راگەیانـدن، هـەروەك تێیـدا بـاس لەدامەزرانـدنی ئەنجومـەنێکی بـاڵای راگەیانـدن کـراوە، بـەڵام بـەپێی پـرۆژە یاسـاکە کـار بەسیـستمی مۆڵـەتوەرگرتن دەکـرێو بەهەمان شێوەی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ سزا دیارینەکراوە.

سەبارەت بەمافو ئازادییەکانیش لـەم پـرۆژە یاسـایەدا، بەتایبـەت نەهێـشتنی سانسۆرو دەستەبەرکردنی ئازادیی رادەربڕین لەکایەی رۆژنامەنووسییدا، دەتوانین بڵێین ئـەم پـرۆژە یاسـایەیش کەوتۆتـە نـاو هـەمان ئـەو پانتاییـەی کـە لـەوانیتردا کۆمەڵێك ئاستەنگ لەبەردەم کاری رۆژنامەنووسانو ئازادیی رادەربڕینیاندا هەیە.

خاڵێکی پۆزەتیڤە، کاتێك لەمادەی ١٠* ی بەشی چوارەمی پرۆژە یاساکەدا، کە تایبەتکراوە بەمافی چاپەمەنییەکان، ئامـاژە بەنـەبوونی فـشارو سانسۆر دەکـات، بەڵام مایەی نیگەرانیە لەمادەی دوای ئەمەدا، کە مادەی ١٢(+)یە، لەباسی ئـازادیی بڵاوکردنـەوەدا هێڵـی سـوری "بـەپێی یاسـا، رەچـاوکردنی بەرژەوەندییـەکانی

---

(١) لەلایەن سێ مامۆسـتای زانکـۆی سـەڵاحەددین: (د. مەغدیـد سـەپان، د. رەزوان بـادینی، رەحیم سورخی) گەڵاڵەکراوەو بەپێی فەرمانی وەزارەتـی رۆشـنبیریی حکومـەتی هـەرێمیش بـەژمارە (٤- ٣- ٧٠٣)ی رۆژی ٢٠٠٦/٩/٤ لیژنەیـەکی پێداچـوونەوەو دارشـتنەوەی لـە: (جەودەت سەعید میر سادق: نوێنەری وەزارەتی داد- ئەندامی داواکاری گشتی-، مەسـعود مستەفا حەسەن: نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری- مافپەروەر، سکرتێری لیژنە-، د. مەغدید سەپان: بەشی راگەیاندن/ زانکۆی سەڵاحەددین، مامۆستا رەحیم سـورخی: بەشـی کـوردی/ زانکۆی سەڵاحەددین) بۆپێکهێناوە.

* "هیچ کاربەدەستێکی حکومی یان ناحکومی مافی ئەوەی نییە، کـە بـۆ چـاپکردنی بابـەت، یان وتار، فشار بخاتە سەر دەزگاکانی راگەیاندن، یان بیخاتە ژێر سانسۆر".

+ "دەزگاکانی راگەیاندن ئازادن لەبڵاوکردنەوەی بابەت و زانیاریی و هەواڵی ناوخۆ دەرەوە، بەپێی یاسا وە رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی".

کۆمەڵگەی کوردستانی) دێنێتە پێشەوە، لەکاتێکدا لەهیچ دێڕێکی مانای ئەو گوزارشتانەی لێکنەداونەتەوەو روخسارێکی لاستیکییان وەرگرتوە.

لەبڕگەی یەکەمی مادەی ١٥(*)ی پرۆژە یاساکەیشدا کە دەکەوێتە بەشی پێنجەم (قەدەغەکراوەکان)ەوە، ١٣ خاڵی یاساغکراوی ریزکردوەو زۆربەیان چەمکی پێناسەنەکراو و دەربڕینی نادیاریان تێدایە، ئەمەیش بیانوو دەداتە دەسەڵاتی سیاسی زۆرجار بتوانێت رۆژنامەنووسی پێ بخاتە بەردەم دادگاو لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدابکات، بەو واتایەی گوزارشتەکانی نێو دەقەکان، نە

* "راگەیاندن ئازادە جیا لەم بابەتانەی خوارەوە نەبێت:
١– ئەو بابەتانەی هاندانیان تێدابێت بۆ دووبەرەکی نانەوە لەنێوان توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بەتایبەتیش لەرووی نەژادی، نەتەوەیی، ئاینی.
٢– بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتو وێنانەی هانی کرداری تێرۆریستی، تاوان دەدەن، رێوشوێنی بۆ خۆشدەکەنو تینو  توانای بۆ دابیندەکەن، یان جنێو و سوکایەتیی کەسەکان، یان سوکایەتی بەدینو مەزهەبەکانو دابونەریتو پیرۆزو (سیستم) ی گشتیو ئادابی گشتی کۆمەڵگەیان تێدابێت.
٣– دزیکردن لەناوەڕۆکی باسو بڵاوکراوە (بەجۆرێك، کە بەئەنقەستو بەمەبەستی تایبەت بەشێك، یان تەواوی بەرهەمو نووسراوەی کەسانی تر بدرێتە پاڵ خۆ، یان کەسانی تر، تەنانەت ئەگەر بەوەرگێڕانیش بێت، بەبێ ئاماژەکردن بەسەرچاوە رەسەنەکەی).
٤ – رێکلامی بازرگانی، کە رێکلامو پڕوپاگەندە بۆ جۆرەکانی خواردنەوەی ئەلکهول یان توتنو جگەرە دەکات.
٥– بڵاوکردنەوەی وێنەی روتی مرۆڤ بەهەردوو رەگەزەکەیەوە، یان ئەو بابەتانەی کە کاریگەریی خراپی لەسەر پەروەردەکردنی کۆمەڵگە هەیە.
٦– بڵاوکردنەوەو چاپکردنو پەخشی هەر بابەتێك بەبێ رەزامەندیی خاوەن مافی بەرهەم (نووسەر، وێنە، دەنگ، نەخشە، بەرنامەی ئەلیکترۆنی، کۆپیکردنی CD، فیلم، کاسێت...هتد).
٧– بڵاوکردنەوەی بەڵگەو دیکۆمێنتو فەرمانی نهێنی سەربازیو نهێنییەکانی لەشکری، یان نەخشەی قەڵاو پێگە لەشکریەکان لەکاتی شەڕ، یان ئاشتیدا.
٨– بڵاوکردنەوەی دانیشتنەکانی نائاشکرای پەرلەمانو گفتوگۆی نائاشکرای دادگاییکردنی دادگاکان، یان نهێنییەکانی لێکۆڵینەوە لەتاوانەکان، یان توێژینەوەی سەرچاوەی ئاسایش لەهەرێم.
٩– بڵاوکردنەوەی ئەو باسانەی، کە لەکەدارن، یان نهێنیی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی ئاشکرا دەکەن.
١٠– بڵاوکردنەوەی رێکلامو پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان لەکاتی قەدەغەکراویاندا.
١١– بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی سیاسەتی ئابوریی هەرێمو بەرژەوەندییەکانی گشتی دەخەنە مەترسی.
١٢– ئاشکراکردنی نامە، تەلەگرام، یان ئەو جۆرە دەکومێنتانەی لەلایەن ئۆرگانەکانی حکومی بۆ پێداچوونەوەو چاککردنی، یان بۆ خوێندنەوەی نووسینەکە دانراون.
١٣– بڵاوکردنەوەو چاپکردنی چاپەمەنییەکانو دەنگو فیلمو وێنەو نامەی تایبەتی، یان هەر دەکومێنتێکی تر کە کەسێك دەیداتە دەزگایەك وەك ئەرشیڤ بۆ: پاراستن، چاککردن، لێکۆڵینەوەو کارکردنی خوێندکاران لەسەری".

لەپێشەکیو نە لەهیچ شوێنێکی پرۆژەکەدا پێناسەنەکراونو شینەکراونەتەوە، بۆیە دەتوانرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە، لاستیك ئاسا بەگوێرەی بارودۆخو ویستی سیستمی بەڕێوەبردنو بۆ مەرامو ئامانجەکانی خۆیو لەپێناو بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی رادەربڕین لەکایەی میدیاو رۆژنامەنووسییدا، رابکێشرێت.

وەکچۆن بڕگەی دوەم* لەهەمان مادەی پرۆژە یاسا، ماف دەداتە هەرکەسێك کە لەروی مادیو مەعنەویەوە لەئەنجامی پێشێلکردنی خاڵەکانی بڕگەی سەرەوە زەرەمەنددەبن، سکاڵای یاسایی بەرزبکەنەوەو داوای قەرەبووبکەن.

### ٣. ٢. ٢. ٨: یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لەهەرێمی کوردستان، ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦

هەر لەم باسەماندا سەبارەت بەکاریگەریی کایەی یاسایی لەسەر ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی هەرێمی کوردستان، دەکرێت ئاماژە بەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر)(١) لەهەرێمی کوردستان بکەین، کە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ه، چونکە دوو بڕگەی ئەو یاسایە، کاری میدیاو رۆژنامەنووسی دەگرێتەوە.

مادەی چوارەمی یاساکە، کە تایبەتە بەو کارانەی بەتاوانی تیرۆر دادەنرێنو ئەنجامدەرەکەی بەزیندانی لە ١٥ ساڵ تێپەڕنەکات سزادەدرێت، دەبینین هەندێ دەستەواژە لەبڕگەی دوەم(+)یدا هاتون، وەکو: (هاندان، بەچاك زانین، پرۆپاگەندە) پێشتر ماناکانیان روننەکراونەتەوەو لاستیکیەکی زۆریان پێوە دیارە، ئەمەیش یارمەتی دەسەڵاتی سیاسیو دەزگا ئەمنیەکانی دەدات، هەندێ کاری

---

* "هەموو ئەو کەسانەی زەرەرمەندن لەرووی مادی و مەعنەوی لەئەنجامی پێشێلکردنی بڕگەکانی مادەی سەرەوە مافی بەرزکردنەوەی سکاڵایان هەیە لەبەردەم دادگاو داوای قەرەبووکردنەوە بکەن".

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوەو ئاشنابوون بەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) بڕوانە: (وەقایعی کوردستان (رۆژنامە)، ژمارە ٦١، ساڵی شەشەم، ٢٠٠٦/٧/١٦، ل ل٣-٧).

+ "نووسراو، چاپەمەنی، کاسێتی تۆمارکراو، یان هاوشێوەی، وێنەی وای لەلابێت، یان بەدەست بێت، کە هاندان، بەچاك زانین، یان پرۆپاگەندە لەخۆبگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تێرۆرکاری، بەمەبەستی دابەشکردنی، یان بڵاوکردنەوەی".

ڕۆژنامەنووسیو میدیاییش بخەنە ئەو قاڵبەوە، کە لەبنەڕەتدا بەو مەبەستە ئەنجامنەدرابن.

یاخود زۆرجار بڵاوکردنەوەی (نووسراو، کاسێتی تۆمارکراو، وێنە)ی تێرۆریستان، یان کارێکی تێرۆریستی مەبەستی هۆشیارکردنەوەی هاوولاتیانی لەپشتەوەیە لەمەترسیو کارەکانی ئەو گروپانە، یان ئاگادارکردنەوەیانە بۆ خۆتەیارکردن لەپێناو ڕوبەڕوبوونەوەیان، وەکچۆن ڕاگەیاندنیش کە خۆی لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیو بۆ خۆشبەختی کۆمەڵگە کاردەکات، بڵاوکراوەی ئەو مەتریالانەیشی هەر بەو مەرامە دەبێتو لەو حاڵەتەدا بوونی بڕگەیەکی یاسایی لەمجۆرە، بەستنی دەمو دەستی ڕۆژنامەنووسانو دەزگاکانی ڕاگەیاندنەو زیان بەپرۆسەی دیموکراسیی کۆمەڵگەو کرانەوەو شەفافبوونی سیستمی سیاسیی دەگەیەنێت.

هەروەك دەزانرێت، لەحاڵەتی داخستنی دەرگاکانی هەواڵو زانیاریی دامەزراوە حکومییەکان بەسەر هاوولاتییاندا، دۆخێکی نائارام دروستدەبێتو زیانی گەورە دەگەیەنێت، زەرەرمەندی یەکەمیش حکومەت خۆی دەبێت، چونکە هەمیشە لەو دۆخە نائاساییانەدا پڕوپاگەندە(*) و واتەوات(+) دێتەکایەوە، ئەمەیش دواجار بەزیانی هاوولاتیو دەسەڵات دەشکێتەوە.

---

* پڕوپاگەندە: چالاکییەکی میدیاییە، دەوڵەت، یان هەر دەستەو ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی ئەنجامیدەدات بەمەبەستی کارکردنەسەر ئەقڵو هەستی خەڵكو هاندانیان بۆ پاڵپشتیکردنی سیاسەتی ئەو لایەنەی کاری پڕوپاگەندەکە دەکات، لەگەڵ پشتگیریکردنیو بەدەنگەوەچوونی ئەو بۆچوونانەی کە وەك بیرۆکەو هەڵوێست بۆ گۆڕینی ڕێچکەی ڕەفتاریان یان چەسپاندنی، دەیانخاتەڕوو. بڕوانە: (د. هاني الرضا، د. رامز محمد عمار: الرأي العام والإعلام والدعاية، ط١ (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٨) ص١٩٩).

+ واتەوات: هەواڵێکی هەڵبەستراوە کەلەواقیعدا هیچ بنچینەیەکی نیە، پشت بەزیادەڕۆییو قەبەکردنو شێواندن دەبەستێت لەگێڕانەوەی هەواڵێك کە هەندێ لەراستییەوە نزیك بێت، بەئامانجی کاریگەریی سایکۆلۆژی لەسەر ڕایگشتیی لۆکاڵی، یان هەرێمی، یان جیهانی، یان نەوعیە بۆ هێنانەدیی ئامانجی سیاسی، یان ئابوری، یان سەربازی، لەسەر یەك دەوڵەت، یان چەند دەوڵەتێك، یان جیهان هەمووی. بڕوانە: (هەمان سەرچاوە، ص٢١٥).

لەبڕگــەی چــوارەم[*]ی هــەمان مــادەی یاساکەیــشدا، چــەند چــەمکێکی پێناسەنەکراو هاتونو دەکرێت لەهەر کاتو رەوشێکدا میدیایەکی بینراو، بیستراو، خوێنـدراو، ئـەلیکترۆنیی بـەترس بـۆ نـاو هاوولاتیـانو هەڕەشـە بۆسـەر قـەوارەی سیاسـیی هـەرێمی پـیێ تاوانبـار بکـرێ، وەکـو گوزارشـتەکانی: (پڕوپاگەنـدەی تۆقێنەر، هاندان بۆ تاوانی تیرۆرکاری، ئاسایشی گشتی)، کـەوا دەکرا لەپێشەکی یاساکەدا، یان لەپاشکۆیەکی تایبەتدا ئەم دەربڕینانـە رونبکرانایـەوەو ئـەو جـۆرە لاستیکیەی هەیانە نەهێڵرابان.

رۆژنامەی (هاولاتی) بەهۆی مانشێتی سـەرەکیو هـەواڵێکی لاپـەڕە ١ی ژمـارە ٣٤٨ی رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٧/٨/٢٢ی کە بریتی بوو لە"کەتیبەکانی کوردستانی قاعیدە گەیشتنە سلێمانی/ لەسەر دیواری شەقامێکی سـلێمانی جنێـو و هەڕەشـە بۆ یەکێتی دەنووسن"، دوچاری کێشە لەگەڵ ئاسایشی گشتی (سلێمانی) بۆوە.

هــەمان رۆژی بڵاوبوونــەوەی ئــەو هەواڵــە، ئاسایــشی گــشتی (ســلێمانی) بەنووســراوی ژمــارە ١٢٧٥١/٩٦٧ داوای لەرۆژنامــەی (هــاولاتی) کــردوە ئــەو بەڵگەنامانەی پێشکەش بکات کـە راسـتیی ئـەو زانیارییانـە دەسـەلمێنن، کـە لـەو هەواڵەدا هاتوون، بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری پێویست وەکو ئاسایش[١].

رۆژی دواتــر، بەڕێوەبــەری ئاسایــشی گــشتی لەلێدوانێکیــدا بــۆ رۆژنامــەی (کوردســتانی نــوێ) رایگەیانـدوە: "ئــەو هەواڵــە جگەلــەوەی پڕوپاگەندەیــەکی ژەهراوییە، هیچ بنەمایەکی راستی تیانیە، هەربۆیە لەچوارچێوەی یاسای ئیرهابـدا مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا دەکەین، کە پڕوپاگەندەکردنە بۆ تیرۆر"[٢]+.

---

* "بەئەنقەست، هەواڵ، رونکردنەوە، یان پڕوپاگەندەیەکی تۆقێنەر بڵاوبکاتەوە، هۆیەکانی راگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو، یان ئەلەکترۆنی بەهەل وەربگرێت، یان بەکاریان بێنێت، لەئینتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بڵاوبکاتەوە کە راستەوخۆ بگاتە رادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاریی وەها کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسییەوەو ترس بخاتە نێو هاوولاتیانو هەڕەشە لەقەوارەی سیاسیی هەرێم بکات".

(١) رۆژنامەی هاولاتی: وەلامێك بۆ ئاسایشی گشتیی سلێمانی، هاولاتی (رۆژنامە)، ژمارە ٣٤٩ یەکشەممە ٢٠٠٧/٨/٢٦، ل١.

(٢) کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە ٣٤٥٤ پێنجشەممە ٢٠٠٧/٨/٢٣، ل١.

+ ئەگەرچی ئاسایش ئەم هەڕەشەی کرد، بەڵام نەیبردە دادگاو نەبوە هۆی بەرزکردنەوەی سکاڵا لەسەر رۆژنامەکە.

رۆژنامەی (هاوڵاتی) یش لەژمارەی دوای ئەو هەواڵە، بەسەردێڕی "وەڵامێك بۆ ئاسایشی گشتیی سلێمانی" وەڵامی نووسراوەکەی ئاسایش و لێدوانی بەڕێوەبەرەکەی داوەتەوە و تێیدا هاتوە: لەژمارەی رابردوویدا هاوڵاتی بەتەنها نەیوتوە "کەتیبەکانی کوردستانی قاعیدە گەیشتنە سلێمانی"، بەڵکو وتووشیەتی " لەسەر دیواری شەقامێکی سلێمانی جنێو و هەڕەشە بۆ یەکێتی دەنووسن"، ئەم دێڕەی دوەم "کەلەرونکردنەوەکەی ئاسایشدا نەهاتوە و مانای رۆژنامەنووسی خۆی تیایە"، دێڕێکی تەواوکارییە بۆ سەلماندنی دێڕی یەکەم، واتە ئەگەر دێڕی یەکەم هەواڵەکە بێت، ئەوا دێڕی دوەم فاکتەکەیەتی، یان بەڵگەکەیەتی و ناکرێت لێکجیابکرێنەوە. ئەگەر هاوڵاتییش سەرباری بڵاوکردنەوەی وێنەی ئەو چالاکییەی قاعیدە "کە ئاسایش نکۆڵی لێنەکردووە" داواکراوە بەسەلماندنی زیاتری بوونی ئەو گروپە لەناو چوارچێوەی پارێزگای سلێمانیدا، ئەوا چاوخشاندنێکی خێرا بەدوو مانگی رابردووی رۆژنامە و سایتە کوردییەکاندا بەوانەی یەکێتی خۆیشیەوە، بەسە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە قاعیدە گەیشتوە و هەڕەشەیەکی بەردەوامیشە لەسەر دەزگاو دامەزراوە و کەسێتیە سیاسییەکان.

هەر لەو رونکردەوەیەدا رۆژنامەی (هاوڵاتی) نووسیویە: ئاسایش بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی دیوارنووسینی قاعیدە بەپۆزەتیڤی سەیرناکات؟ بۆ ناڵێت ئەم بڵاوکردنەوەیە ئاگادارکردنەوەی خەڵکە لەمەترسییەکان؟ بۆ لێدوانی بەرپرسەکانی خۆیان کەباس لە"خانە نوستوەکانی قاعیدە دەکەن لەسلێمانی" بەترساندنی خەڵك تەفسیرناکات؟ بۆ لێدوانەکانی ئەوان ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی جەماوەرە و هی ئێمەیش تۆقاندن؟[1].

هەر سەبارەت بەو هەواڵە و داڕشتنی ئەو زانیارییانەی لەهەواڵەدا هەن وەکو فاکت و بنەمای هەواڵەکە، عەدنان عوسمان سەرنووسەری رۆژنامەکە، لەوتارێکدا لەگۆشەی (هەناسە) لەگەڵ راگەیاندنی دەستکێشانەوەی لەپۆستەکەی، دان بەوەیشدادەنێت "ئەو مانشێتەی هاوڵاتی گەر لەروی رۆژنامەگەرییەوە سەیری

---

(١) رۆژنامەی هاوڵاتی: سەرچاوەی پێشوو.

بکـەین لەوانەیـە خـاوەنی ئیـشکالیەتی خـۆی بێـت، یـان باشـتروایە بڵـێم دەکـرا بەشــێوەی تــر مامەڵــە لەگــەڵ ئــەو هەواڵــەدا بکرێــت، کــە ئەمــەیش لــەعورفی ڕۆژنامەگەریدا وەك ئیجتیهاد سەیردەکرێت"[1].

لەسەروبەندی ئەو کێشەیەدا، دوو ئاراسـتەی جیـاوازی تێڕوانینمـان بـەدیکرد، یـەکێکیان ئاسـایشو ئـەو نووسـەرو ڕۆژنامەنووسـانەن کـە پێیانوایـە، مانـشێتو هەواڵەکەی ئەو ڕۆژنامەیە کارێکی نایاساییو ناپیشەییەو ناچـێتە خانـەی ئـازادیی ڕادەربڕینەوە، چونکە لەفەوزانانەوە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر هیچی دیکە نیـە، هــەروا، بــەردەوام ڕۆشــنبیرانو ڕۆژنامــە ئەهلیــەکان باســی ســەروەریی یاســاو جێبـەجێکردنی دەکـەن، کەچـی کـە دەسـەڵات ڕێگـەی یاسـا دەگرێتەبـەر هـەموو کارتەکان تێکەڵو پێکەڵ دەکەنو دەیخەنەوە قاڵبی ئازادیی ڕادەربڕین[2].

ئەویتریان ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)و ئەو نووسەرو ڕۆژنامەنووسانەن کە وایدەبینن، لـەو مانـشێتەدا هـیچ هانـدانێك بۆکـاری تێـرۆر نـەك هـەر نیـە، بـەڵکو ڕاگەیانـدنی هەواڵێکی زۆر سادەیە، گەر هاوڵاتیش نەینووسیایە، کەم کەسـی ئـەم وڵاتـە هەیـە نـەزانێت تێرۆریـستان لـەوڵاتو شـاردا هـەن، کـێ لـەو مانـشێتە تۆقیـوە؟ بـەچ ڕاپرســییەك دەرکــەوتوە مانــشێتەکە خــەڵکی کوردســتانی تۆقانــدوە؟ کارێــك هەنگاوێك، ڕوداوێك نیە دەلالەت لـەتۆقینو ترسـانی خـەڵك بکـات بەشـێوەیەك کـە ئاسایـشی گـشتیی وڵاتـی خـستبێتە مەترسییەوە، چـونکە بـەپێی ئـەو بڕگەیـەی مادەکـە، تـەنها ئەوکاتـەی هەواڵەکـە ببێتـە هـۆی تۆقانـدنو تێکـدانی ئاسایـشی هاووڵاتیان، ئەو یاسایە دەیگرێتەوە[3].

لـەم کێـشەیەی نێـوان ڕۆژنامـەی (هـاوڵاتی)و ئاسایـشی گـشتیدا (سـەرباری ڕەچاونەکردنی لایەنی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن ڕۆژنامەکەوە کـە ناونیـشانی

---

(١) عەدنان عوسمان: مـنو هـاوڵاتیو ئاسـایش، هـاوڵاتی (ڕۆژنامـە)، ژمـارە ٣٥٠ چوارشـەممە ٢٠٠٧/٨/٢٩، ل٢٠.

(٢) کاوە محەمەد: کوردستانی نوێو هاوڵاتیو کاك ڕێبین، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامـە)، ژمـارە ٤٣٧١ چوارشەممە ٢٠٠٧/٩/١٢، ل٢.

(٣) ڕێـبین هــەردی: هــاوڵاتیو ئاســایشو کوردســتانی نــوێ، (گۆشــەی لەنزیکــەوە)، ئاوێنــە (ڕۆژنامە)، ژمارە ٨٦ سێشەممە ٢٠٠٧/٩/١١، ل١٣.

هەواڵەکەو ناوەرۆکەکەی یەکانگیرنین [*] ) پرسیارێك دێتەپێشەوە، ئـەویش پرسـیارە لەپەراوێزخستنی یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردسـتان کـە تـاوەکو ئـەم سـاتەوەختەیش کـاری پێـدەکرێت، هەرچـەند وەکـو لەپێـشەوە کەموکوڕیەکانمان بەتایبەت لەروی بەرتەسککردنەوەی پانتایی ئـازادیی رادەربـڕین لـەکاری رۆژنامەنووسـیدا، خـستەڕوو، بـەڵام لـەبوونی یاسـایەکی لـەوجۆرە بۆچـی دەبێ پەنا بۆ یاسای بەرەنگاربوونەوەی تێرۆر ببردرێت؟!.

### ٣. ٢. ٣: سەروەریی یاسا لەهەرێمی کوردستاندا

لەم باسەدا، پێویستە هەڵوەستەیەك لەسـەر سـەروەریی یاسـا بکـەین، چـونکە بەردەوام لەوتووێژکردن دەربارەی پراکتیککردنـی ئـەوجۆرە یاسـایانەدا لـەواقیعی هەرێمی کوردستاندا، ئەو چەمکە دێتەگۆڕێو باسی لێدەکرێت.

ئەوانەی بیرۆکەی سەروەریی یاسایان دارِشـت ئـەو بیریـارە لیبراڵانـە بـوون کـە دەیانویـست ئـەم بیرۆکەیـە وەك قـەڵغانێك بـۆ بـەرگریکردن لـەئازادیی تاکەکـەس لەبەرامبەر دەسەڵاتی بێ سنوری دەوڵەتدا دابنێن، نەك بیکەنـە بیـانووی دەوڵـەت بۆ زیـاتر ئـازاردانو کـۆنترۆڵکردنی تاکەکـەس، لەبەرئـەوە سـەروەریی یاسـا ئـەوە ناگەیەنێت سەرۆكو وەزیرو بەرپرسو دەزگاکانی دەوڵـەت لەرێگـەی دادگـاوە ئـەم نووسەرو ئەو رۆژنامەنووس رەوانەی هۆڵەکانی دادگا بکەن، بـەڵکو مانـای ئەوەیـە قەڵەمی ئەو نووسەرو رۆژنامەنووسانە توانای ئەوەی هەبێت ئەو سـەرۆكو وەزیـرو بەرپرسانە بخاتە بەردەم لێپێچینەوەی یاسـایی، بۆیـە ناکرێـت لـەوڵاتی ئێمەیـشدا کاتێك شکاتکار بەرپرسان بن، یاسا زیاد لەسنوری خۆی سەروەر بکرێت، بەڵام کە بەپێـچەوانەوە شـکاتلێکراو بەرپرسـان بـن سـەروەریی یاسـا فـەرامۆش بکرێـت، وەکچۆن دەبینین رۆژنامەی (هاوڵاتی)و هەندێ لەرۆژنامەکانی تریش لەو ماوەیـەدا چـەندین کەمتەرخـەمیو کـەموکوڕیو گەنـدەڵی ئیـداریو ئـابوریو سیاسـیو

---

[*] لەپاشکۆی (٥) تایبەت بە(چەند نمونەیەك لەرەچاونەکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشە لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا) تیشکی خراوەتەسەر.

کۆمەڵایـەتییان ئاشـکراکردوە، بـەڵام لـەو نێوانەیـشدا کـەمترینجار بینـراوە ئـەم بیرۆکەی سەروەریی یاسایە ببێتە شـتێکی راسـتەقینەو بەرپرسـێکی گـەورە، یـان بچوك رەوانەی دادگا بکات[1].

### ٣. ٢. ٤: ئازادیی رادەربڕین لەدەستورەکاندا

هەر لێرەدا پێویـستە کـەمێك لەسـەر دەسـتور بوەسـتین، بـەو پێیـەی یاسـای بنچینەیی دەوڵەتەو شکۆدارە، واتە لەسەروو هەموو یاساکانی ترە، کەواتە بریتیـە لەبەڵگەنامـەی بـاڵاو بنـچینەیی هـەر وڵاتێـك لەجیهانـدا، سەرچـاوەی یاسـایی‌و ئێتیکی‌و مەعنەوییە، بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە پەیوەندییەکانی تاك بەکۆمـەڵ‌و، بەدەسەڵاتەوە دیاریدەکرێت.

یەکێکـە لەپرەنـسیپە گرنگـەکانی دنیـای رۆژنامەنووسـی، کـە هـەلی تـەواو بـۆ ئازادیی رادەربڕین دەڕەخسێنێ، هەروا، هەرگیز رۆژنامەنووسیی ئازاد نابێت، گـەر دەستورێك نەبێت لەسەر بنەمای ئازادیی رادەربڕین دامەزرابێت.

گـەر لەدەسـتوری وڵاتێکـدا شـتێك بـەناوی ئـازادیی رۆژنامەنووسـی هـەبێت، سەرەتایەکی باشە بۆ ئەوەی لـەو وڵاتـەدا بـاس لـەئازادیی رادەربـڕین بکرێـت، بـۆ نمونـە لەسـاڵی ١٩٣٣ بـەهۆی فـشاری رۆشـنبیرو رۆژنامەنووسـانەوە کۆنگرێـسی ئەمەریکی بەکۆی دەنگ ئازادیی رۆژنامەنووسی لەدەستوری ئەو وڵاتەدا چەسپاند، ئیدی لەو چرکەساتەوە، رۆژنامەنووسان لەئەمەریکا بەئازادی کاری خۆیان دەکرد، چونکە دەستورێك بۆ پارێزگاریکردنیان هەبوو[2].

---

(١) رێبین هەردی: چەند سەرنجێك لەسەر رەخنەکانی کاکـە کـاوە محەمـەد، کوردسـتانی نـوێ (رۆژنامە)، ژمارە ٤٣٧٣ هەینی ٢٠٠٧/٩/١٤، ل٧.

(2) Wayne Overbeck: Major principles of Media Law, Harcourt Brace cillege publishers, 1997 – 1998 Editon, p. 11.

### ٣. ٢. ٤. ١: ئازادیی ڕادەربڕین لەدەستوری عیراق بۆساڵی ١٩٧٠دا

تەنها دەقنووسکردنی ئازادیی ڕادەربڕین لەدەستوردا نابێتە تاکە زامنی ئەو ئازادییە، ئەگەر سیستەمەکە خۆی سیستمێکی لیبراڵو کراوە نەبێتو دان بەمافەکانی مرۆڤدا نەنێتو بڕوای بەئازادییەکان نەبێت، ئەوەتا لەبەشی سێیەمی دەستوری عیراق بۆ ساڵی ١٩٧٠دا لەژێر ناونیشانی (مافو ئازادییەکان)و لەمادەی ٢٦دا هاتوە: "دەستور کەفالەتی ئازادیی بیروڕاو بڵاوکردنەوە دەکات.."[(١)]، کەچی لەواقیعدا حکومەتو حزبی بەعس ڕێگایان بەئازادیی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەنووسی نەدەداو دەستیان بەسەر گشت کەناڵەکانی نووسراو، بیستراو و بینراودا گرتبوو و بواری بیروبۆچوونی جیاوازیان نەدەدا، هەروەك بەپێی ڕاپۆرتێکی (Freedom House)* ، ساڵی ٢٠٠١ لەعیراقدا دەستبەسەر ٩٨٪ی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیدا گیراوە.[(٢)]

---

(١) کەمال سەعدی: ڕۆژنامەگەریو یاسا، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە ٦–٧، ساڵی دوەم، پایز– زستانی ٢٠٠١–٢٠٠٢، ل٥.

* ڕێکخراوێکی ئەمەریکیە، داکۆکی لەدیموکراسیو ئازادی دەکات لەتەواوی جیهاندا، ساڵی ١٩٤١ ئەلینور ڕۆزڤەڵت–ی هاوسەری فرانکلین ڕۆزڤەڵت–ی ٣٢ هەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دایمەزراندوە. بڕوانە:
(http://www.freedomhouse.org/template.cfm?page=2)<(2/3/08)>

(2) http://www.ajeeb.com/article/huraia/%30%30%30.html>(26/2/01)

### ٣. ٢. ٤. ٢: ئازادیی رادەربڕین لەدەستوری عیراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥و ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا

ئەگەر باسی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسی لەدەستوری عیراقی فیدراڵ (کە لە١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ لەراپرسییەکدا لەناو گەلانی عیراقدا پەسەندکرا)[*] و رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستانی عیراق[+] بکەین، دەبینین لەهەردووکیاندا بەدەق هاتوون، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەین کە جۆرێك لەلاستیکیو نارۆشنی چەمکەکان هەیە، هەروەك نووسراوە: "پێچەوانەی سیستمو ئادابی گشتی نەبێت"، یان دەستەواژەی "بەپێی یاسا رێکدەخرێت" هاتوە، بەڵام پێناسەی هەریەك لەو چەمکانەی نەکردوە، بۆیە دەکرێت کاتێك هەڵوێست، یان مەتریاڵێکی رۆژنامەنووسی کە پێشاندەری ئەو ئازادییانە بێت، بەدڵی سیستمی سیاسی نەبێت، یان لەگەڵ ستراتیژو بەرژەوەندیەکانی یەکنەگرێتەوە، بەیەکێك لەو چەمکانە رێگری بکات.

---

* بەندی دوەم: ئازادییەکان:
مادەی (٣٨): "دەوڵەت ئەوانەی خوارەوە دەستەبەر دەکات بەشێوەیەك کە پێچەوانەی سیستمو ئادابی گشتی نەبێت:
یەکەم: ئازادیی رادەربڕین بەهەموو شێوەو شێوازێك.
دوەم: ئازادیی رۆژنامەنووسیو چاپکردنو ئاگادارکردنەوە بۆ راگەیاندنو بڵاوکردنەوە.
سێیەم: ئازادیی کۆبوونەوەو خۆپێشاندانی ئاشتیانە بەپێی یاسا رێکدەخرێت".

+ بەشی سێیەم: ئازادییەکان:
مادەی ٥٩: "هەموو کەسێك مافی لەئازادیی راو رادەربڕین هەیە".
مادەی ٦٠: "حکومەتی هەرێم ئازادیی بڵاوکردنەوەو چاپو رۆژنامەنووسیو مافی کۆبوونەوەو خۆپێشاندانو مانگرتنی ئاشتیانە دەستەبەر دەکات، ئەمەیش بەیاسا رێکدەخرێت".

### ٣. ٢. ٥: کۆتایی

لەکۆتایی ئەم باسەدا سەبارەت بەکاریگەریی کایەی یاسایی لەسەر ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا، دەتوانین بڵێین، بەهۆی ژێردەستەیی کوردو داگیرو دابەشی خاکەکەیو قۆرخکردنی هەموو کایە جیاوازەکان بۆ بەرژەوەندیی سیستمی سیاسی لەباشوری کوردستان کە رژێمی بەعس دەسەڵاتیکردوە، هەمیشە دەستورو یاساکان لەخزمەت ئایدۆلۆژیای سیتسمەکەو بۆ بچوککردنەوەی مەودای ئازادییەکانی گەلانی عیراقو کوردستان بوە، لەبەرئەوە ئازادیی رادەربڕین ئەگەر وەك هەر مافێکی دیکەی سروشتیی تاکەکانی کۆمەڵ، لەدەستوری وڵاتدا نەهاتبێو ئەو مافە نەچەسپابێت، یان هاتبێو کاری پێنەکرێت، بەدڵنیاییەوە تادێت روبەرەکانی ئازادیی رادەربڕینو میدیا بەرتەسککتردەبنەوە. ئەمە بۆ یاسای راگەیاندنو رۆژنامەنوسیو یاساکانی پەیوەست بەرادەربڕینیشەوە بەهەمان شێوە.

پاش راپەرینی خەڵکی باشوری کوردستان لەئازاری ١٩٩١و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لەئایاری ١٩٩٢و پێکهێنانی حکومەتو پارلەمان، کە دۆخێکی نوێ هاتەکایەوە، نەتوانرا یاسایەکی شیاوی کاری راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان گەڵالەبکرێت، بۆیە نەبوونی یاسایەك کە زامنی ئازادیی رادەربڕین لەکاری رۆژنامەنووسی بکات لەهەرێمی کوردستاندا، هۆکارێکە کە رۆژنامەنووسانو رۆژنامەکان پەیڕەوی لەجۆرێك سانسۆری خودی* بکەن، هەرئەمەیش هۆکارێك

* سانسۆری خودی: بریتیە لەو جۆرەی سانسۆر کە ناوەندەکانی میدیا لەکارەکەیاندا ئازادیی تەواویان هەیە، بەڵام مەسەلەی سنوربەزاندنەکە بۆ خودی رۆژنامەنووسان جێدەمێنێتو دەبێ لەچوارچێوەی بەرپرسیارێتیی خودەوە پابەندی ویژدانی خۆیانو پرەنسیپەکانی ئێتیکیی پیشەکەی خۆیان بنو لەهەموو کەسێکیش زیاتر بەرامبەر کۆمەڵو نیشتمانەکەیان هەست بەلێپرسینەوە بکەن. ئەمجۆرەی سانسۆر لەگەڵ (سانسۆری بەرەنگاری) دا دەگونجێت. برایەتی (رۆژنامە)، ژمارە ٣٧٠٧ یەکشەممە ٢٠٠٢/٦/٩.

بوە بۆ ئەوەی میدیاو رۆژنامـەکان نـەتوانن وەك پێویـست ئـەرکی خۆیـان ببیـنن‌و رایگشتی(*) دروستبکەن.

نـەبوونی یاسـایەکی شـیاو گونجـاو لەگـەڵ گیـانی سـەردەم‌و گۆڕانکارییـەکان‌و ژیانی دیموکراسی، کە تایبـەت بێـت بـەکاری میـدیاو رۆژنامەنووسـی‌و پەیوەنـدیی نێوان میدیاو دەسـەڵات رێکبخـات‌و هەریەکـەو ئـەرك‌و مافـەکانی خـۆی بەرامبـەر ئەویدیکە بزانێت‌و پەیوەندییەکی هاوبەرپرسیارێتیان بۆ دروسـتبکات، بۆشـاییەکی گەورەی خستۆتە نێو رێکخستنی کاری راگەیاندن‌و پاراستنی مـاف‌و ئازادییـەکانی رۆژنامەنووس‌و فەراهەمبوونی ئازادیی رادەربڕین.

وەکچۆن پێویستە ئەو راستیەیش بزانین، یاسای رێکخستنی کـاری راگەیانـدن‌و رۆژنامەنووسـیی بەشـێوەیەکی گـشتی‌و لەهـەر سیـستەم‌و کۆمەڵگەیەکـدا بەتـەنهاو بەبێ هێزێك کە لەپـشتیەوە بێـت‌و کـاری پێبکـات، ناتوانێـت مـاف‌و ئازادییـەکانی رۆژنامەنووس دەسـتەبەربکات‌و بـوونی ئـازادیی رادەربـڕین‌و رۆژنامەنووسـی لـەناو بۆتەی ئەو دەقە یاساییانە گرەنتی فەراهەمکردنی ئەو ئازادییانـە نابێـت لـەواقیعی کـاری رۆژنامەنووسـیدا. **بڕوانــە پاشــکۆی (٤) تایبــەت بــە(چــەند نموونەیــەك لەپێشێلکاریی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا، بەکاریگەریی فاکتەری یاسایی).**

---

(*) رایگشتی: بریتیە لەبۆچوونی زۆرینە سەبارەت بەکێشەیەکی دیاریکراو و گشتی، لەکاتێکی دیاریکراودا، کە جێی بایەخی جەماوەر بێت‌و بۆ گفتوگۆو مشتومڕو گەڕان بەدوای چارەسەرێك کە بەرژەوەندیی گشتی بەدیبێنێ، دەخرێتەروو. بڕوانە: (د.هاني الرضا، د.رامز محمد عمار: سەرچاوەی پێشوو، ص٢١).

## باسی سێیەم
## فاکتەرەکانی ئێتیکی پیشە

### ٣. ٣. ١: دەسپێك

رەگی ئازادیی رادەربڕین بۆ هزری ئێتیکیی درێژدەبێتەوەو ئێتیك (أخلاقیات–Ethic*)یش سیستمی پرەنسیپەکانە، هەروەك ئێتیك بەهاو رێسای ژیانە کە تاك، یان گروپ یان کلتور لەرێی گەڕانیدا لەبارەی رێنماییە نمونەییە مرۆییەکان پەی پێدەبات، چی باشەو چی خراپە، چی راستەو چی هەڵەیە؟ لەماوەی نزیکەی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ تۆمارکراوی ئێتیکی هزری مرۆیی بۆ گەڕان لەبارەی بەهاو رێسای ژیانی رۆژانە. هەرچەندە رۆشنبیریی کۆمەڵگەکان گەشەی سەندبێ، ئێتیکیش لەگەڵیدا گەشەیکردوە، پەیماننامەی ئێتیکیی هەمەجۆریش لەکۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەرکەوتونو بەپێی تێپەڕبوونی کاتو لەناو تەنها کۆمەڵگەیەکیشدا هەمان شت رویداوە[1].

* لەکۆی ئەم توێژینەوەیەداو لەبەرامبەر بەکارهێنانی زاراوەی (Ethic)ی زمانی ئینگلیزیو (أخلاقیات)ی زمانی عەرەبی، توێژەر (ئێتیك)ی بەگونجاوتر زانی، وەك لە(رەوشت، رەوشتکار، ئاکار، ئەخلاق) کەهەندێجار بەو مانایە بەکاردێن، لەسۆنگەی ئەوەی، هەریەك لەو چەمکانە لەزمانی کوردیدا واتای دیکە دەگەیەنن و ئێتیك–ی ناو زمانی ئینگلیزیو بەرەچەڵەك لاتینی، لەو مەبەستە نزیکترو شیاوترە، وەکچۆن هەر لێرەدا بەرامبەر (Professional Ethics) ی ئینگلیزی، (ئێتیکی پیشە) بەکارهاتوە. (توێژەر).

(١) د. حسن عماد مکاوی: سەرچاوەی پێشوو، ص٣٢. وەریگرتوە لە:
Fink, Conral C. Media Ethics in the Newsroom and Beyond (N.Y.: McGraw – Hill, Inc., 1988) p. 5

### ٣. ٣. ٢: ئێتیك و ڕێسای ئێتیکی

ئێتیك زاراوەیەکە لەبنەڕەتدا لەوشەیetos ی یۆنانییەوە هاتوە، واتە نەریت یان ئاداب، زانستێکە لایەنی گەڵاڵەبوونی تیۆریی داوای پراکتیکی مۆراڵ (Moral)ە، کە لەmoresی لاتینییەوە هاتوە، وەك بوارێکی هۆش کە گوزارشت لەڕێکخستنی ڕەوشت دەکاتو لەهەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان دەکۆڵێتەوە[1].

ئاداب–یش، بەگوێرەی رای زۆربەی شارەزایان، شێوەی بنچینەیی ئێتیکە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، کۆمەڵێك بنچینەی پێویستی ئێتیکیە بۆ مانەوەی کۆمەڵگەو دورکەوتنەوەی لە لەبەریەکهەڵوەشان؛ ئەمەیش هەر ڕێککەوتنێکی تر پێچەوانەی ئەوە بێت بەتاڵدەکاتەوە[2].

زانای فرەنسی (ئاندرا لالاندن) لەبەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆیدا بەناوی (فەرهەنگی هونەریو ڕەخنەگرانەی فەلسەفە)دا کە بایەخێکی گەورەی زانستی هەیە، لەلایەکەوە چەمکی (ڕێسای ئێتیکی) "بەو زانستەی کە بابەتەکەی، داوەریکردنی بایەخێکەو بۆ جیاکردنەوەی باش لەخراپ بەکاردەهێنرێت"، ناساندوەو، لەلایەکیتریشەوە چەمکی (ئێتیك) بەبڕوای ئەو، "کۆمەڵێك ڕەفتاری دیاریکراو و پەسەندکراوە لەقۆناغێکی تایبەتو کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا یەکدێتەوەو هەوڵو کۆششی کەسانێك بۆ هەموارکردنو ڕێکخستنی ئەم پەسەندکراوانەو پەیڕەوی لێیان، لەخۆدەگرێت"[3].

---

(١) د. موەفەق دەرگەڵەیی: ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی، محازەرەکانی قۆناغی دوەمی بەشی ڕاگەیاندن لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، ساڵی ٢٠٠١– ٢٠٠٢، چاپنەکراوە، ل١.

(٢) سامان فوزي عمر: المسؤولية المدنية للصحفي– دراسة مقارنة، ط١ (عمان: دار وائل للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧)، ص٤٩.

(٣) د. كاظم معتمد نژاد: أصول أخلاقی حرفەء روزنامەنگاری– زمینەهای تاریخی– مقررات گذاری های ملی وپژوهشمای جیهانی، فصلنامه مطالعاتی وتحقیقاتی وسایل إرتباط جمعی، سال هفدهم، شماره ٣، ١٣٨٥، ص ص٤٠– ٤١.

### ٣. ٣. ٣: جیاوازیی نێوان رێسای ئێتیکیو رێسای یاسایی

لێرەوە، دەتوانرێت تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی رێساکانی ئێتیک بخرێنەڕو، لەهەمانکاتیشدا باری جیاکردنەوەیان لەرێساکانی یاسا رونبکرێتەوە، (سامان فەوزی عومەر) لەماستەرنامەکەیدا (مسؤولية االصحفي المدنية الناتجة عن أخطائه المهنية)، بەسودوەرگرتن لەچەند سەرچاوەیەکی زانستی، ئەم تایبەتمەندییانەی لەشەش خاڵدا کورتکردۆتەوە[1]:

١- رێساکانی ئێتیک لەنێو خۆیدا گرنگی بەبەها ئێتیکیەکان دەداتو لەبەر رۆشنایی بارودۆخی دەرونی، رێز لەکارەکانی مرۆڤ دەگرێت، یان گرنگی بەنیازو نیەتەکان دەدات، کە لەخودی مرۆڤدا هەنو وەکو بنەچە لەهەڵسوکەوتی دەرەکیدا سەربەخۆن، لەکاتێکدا یاسا گرنگی بەهەڵسوکەتی دەرەکیی تاکەکان دەداتو گرنگی بەخواستەکانی نادات، تەنها بەپەیوەستبوونی بەهەڵسوکەوتی دەرەوە نەبێت.

٢- وادادەنرێت رێساکانی ئێتیك رێسای رێژەیینو لەبەر ئەوەی پشت بەو شتانە دەبەستن کە لەبیری خەڵکدا بەبیری باشو چاکە سەقامگیربوون، هەر بۆیە ئەم رێسایانە رێژەیینو بەجیاوازیی کاتو شوێن دەگۆڕدرێن، گەر لەناو یەك دەوڵەتیشدا بن، ئەوەی کە بەئێتیك لەشوێنێك دادەنرێت رەنگە لەشوێنێکی تر وادانەنرێت، رەنگیشە لەکاتێکیتردا لەهەمان شوێنیش بەئێتیك دانەنرێت، لەکاتێکدا رێسا یاساییەکان رێسای گشتینو بەسەر هەموو کەسەکاندا لەهەرێمو دەوڵەتێکی دیاریکراودا پراکتیزە دەبن، بێ بەستنەوەی پراکتیزەکردنی بەشوێنێکی ترەوە.

٣- هەردوو رێسای ئێتیكو یاسا یەك فرمان لەخۆدەگرن، ئەو فرمانە لەرێساکانی ئێتیکدا سەرچاوەکەی ویژدانی تاك خۆیەتی، بەڵام سەرچاوەی فرمان لەرێساکانی یاسادا دەسەڵاتە، کە دورە لەویژدانی تاکەوە. رێساکانی ئێتیك

---

(١) سامان فوزي عمر: المسؤولية المدنية، سەرچاوەی پێشوو، ص ص٤٥-٤٧.

هەرچەندە كۆمەڵێ بیرو بەهای باون لەنێو چوارچێوەی كۆمەڵایەتی، كە زۆر لەتاك ناكات ئینتما بۆ ئەو چوارچێوە كۆمەڵایەتیە بكەن، بەڵام یاسا بەشێوەیەكی رەها بەسەر ئیرادەی كەسەكان یاسا دەسەپێنێت، هەروەها دەسەڵاتی گشتی دەتوانێت ئیرادەی خۆی بەسەر هەموو كەسەكان بسەپێنێت.

٤- رێساكانی ئێتیك بەرەو بەرزبوونەوەی خودی مرۆڤایەتیو كاملبوونو نمونەی باڵا دەڕوات، بەواتای بەدەستهێنانی باشەو سەقامگیریی ناوەكی بۆ مرۆڤ. هەروەها پەیوەستیشە بەدیاریكردنی بەهای هەڵسوكەوتی كەسێتی لەناو خودی خۆیدا، بەڵام رێساكانی یاسا پابەندە بەدەستنیشانكردنی رێساكان لەسەر بنەمای بەهای هەڵسوكەوتی كەسەكە، بەلەبەرچاوگرتنی كۆمەڵگە، بەواتای بەلەبەرچاوگرتنی شوێنكار (اثار)ی ئەو هەڵسوكەوتە لەسەر كۆمەڵگەو رادەی بەشداربونی لەبەدەستهێنانی سودی كۆمەڵگەو سەقامگیریی ئاڵوگۆڕەكان تێیدا، لێرەوە ئەوە روندەبێتەوە، ئامانجی رێساكانی ئێتیك لەبەدەستهێنانی كاملبوونی خودی مرۆڤایەتی جیاوازە لەگەڵ ئامانجی رێساكانی یاسا، كە هەوڵدەدات بۆ پاراستنی كۆمەڵگەو دەسكەوتەكانی.

٥- جیاوازیی ئامانج لەنێوان رێساكانی یاساو رێساكانی ئێتیك لەسەر یەك لایەنی ئێتیك دەردەكەوێت، بەواتای لەسەر دیاریكردنی ئەركەكان بەدەر لەبڕیاردەرە یاساییەكان، بەڵام رێساكانی یاسا لەپاڵ دیاریكردنی ئەركەكان، مافەكانیش دەستنیشاندەكات، بۆ نمونە گەر رێساكانی ئێتیك لەسەر خەڵك وا دابنێت كە لەكاتی هەبوونیدا یارمەتی ئەوانە بدەن كەپێویستیانە (هەژاران)، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی دروستبوونی ئەوەی هەژارەكان مافیان هەبێ یارمەتی لەخەڵكان وەربگرن، بەڵام لەهەمانكاتدا لەرێساكانی یاسادا پێویستە هەبوەكان یارمەتی هەژار بدەن. هەروەك لەیاسای سزادانی عیراقی هاتوە پێویستە لەسەر كەسی هەبوو لەكاتی كارەساتدا، یارمەتی خەڵكان بدات، گەر نا سزادەدرێت.

٦- وەك لەپێناسەی ڕێساكانی ئێتیكدا هاتوە، سزای ئـەوەی سەرپێـچی دەكـات، خۆی لەسەرزەنشتكردنی ویژدانو قینی كۆمەڵگـەدا دەبینێتـەوە، بەمـشێوەیە سـزاكە لـەروی سروشـتیەوە سـزایەكی ئەدەبییـەو لـەروی مادیـەوە جێبەجێناكرێت، لەكاتێكدا سروشتی سزادان لەكاتی لادان لەرێسا یاساییەكاندا سروشـتێكی بەرجەسـتەیە، جـا مـەدەنی بێـت یـان سـزایی، یـان ئیـداری، دەسـەڵاتی گـشتیو دامودەزگاكـانی جێبـەجێی دەكـەن، بەپێـچەوانەی سـزای رێـسا ئێتیكیـەكان، كـە ویـژدانی تـاكی گوناهبـار لەوێنـەی سـزادانی خـۆیو سەرزەنشتكردنی ویژدانی كۆمەڵێك، لەوێنەی تانەدان لێی، جێبەجێی دەكات.

بـەپێی ئـەوەی سـزا لەرێـسای ئێتیكیـدا سـزایەكی مەعنەوییـە، خـۆی لەرەتكردنەوەی كۆمەڵگەو بەدزێوزانینی ئەوكارە دەبینێتەوە، بەڵام سزا لەرێسای یاساییدا سزایەكی مادییە، ئامانجی رێسای یاسایی واقیعیبوونو سودمەندییە، كـە خۆی لەسیستمی سەقامگیرو ئارامدا دەبینێتەوە، هەروا رێسایەكی دانراوی مـادیی ئاراستەكراوە بۆ تاكەكان بەمەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی كۆمەڵگە لەكاتێكدا رێـسای ئێتیكـی خـۆی لەبـەرزیو بڵنـدی مـرۆڤو سـەركەوتنو پەیرەوكردنـەكانی لەژیاندا دەبینێتەوە، ئەم رێسایە لەویژداندا دەژێتەوەو بەمەبەستی پاككردنـەوەی دەرونی مرۆڤایەتی لەتاوان، روبەڕوی تاك دەبێتەوە[1].

## ٣. ٣. ٤: ئێتیكی پیشە

هـەموو پیـشەیەك دەسـتوری ئێتیكیـی خـۆی هەیـەو كاركـەرانی پێیـەوە پابەنددەبن، زۆربەی یاساو سیستمە میدیاییەكانیش پیَ لەسەر دانانی نمونەی ئەو دسپلینە ئێتیكیە دادەگرن[2].

زاراوەی ئێتیكـی پیـشە (أخلاقيـات المهنـە- Professional Ethics)یـش، مانای رەفتاری خاوەن پیشەو هەڵسوكەوتەكانی لەمیانی پیادەكردنی پیشەكەیدا،

---

(١) فتحي حسين أحمد عامر: سەرچاوەی پێشوو، ص٤٤. وەریگرتوە لە: محمد كمال القاضـي: التشريعات الإعلامية (القاهرة: المركز الإعلامي للشرق الأوسط، ١٩٩٨)، ص ص١٤، ١٥.
(٢) د. كرم شلبي: سەرچاوەی پێشوو، ص٣٣٩.

دەگەیەنێت، جا ئەگەر ئەو پیشەیە نووسین، یان خوێندن، یان راوێژپێکردن، یان هەر پیشەیەکی تر بێت. بنەمای رەفتار، یان پیادەکردنێکی بڵاو، بەزۆری لەدەستەی پیشەیی تایبەتمەند بۆ رێکخستنی کاری ئەندامەکانی، پێکدێت، بۆیە دەکرێ وادابنێین، رێسای رەفتار، کۆمەڵێك رێسایە بۆ رێکخستنی پیادەکردنی کار لەچوارچێوەی رەسمیدا، کە کۆمەڵگە دەیگرێتەخۆی، لەبەرئەوەی ئەندامەکانی، بەرێکخستنەکەو مەرجەکانی، پابەنددەبن[1].

هەموو پیشەکان بەگوێرەی چەند پرەنسیپێکی ئێتیکی رێکدەخرێن، دکتۆر کەمال سەعدی پسپۆڕ لەیاسای راگەیاندن هەروەك لەناميلکەی (ئازادیی رۆژنامەگەریو ئەخلاقی پیشە) دا پێیوایە، ئەم رێکخستنە بەشێك نیە لەرێکخستنی یاسایی، بەڵام سیفەتی سەپاوە (إلزام)ی هەیە بۆ ئەو کەسانەی لەو پیشەیەدا کاردەکەنو لەکاتی لادان لەو پرەنسیپانە روبەڕوی سزایەکی سەندیکایی دەبنەوە کە سەندیکاکانیان ئەنجامیدەدات، قورسیو سوکی ئەو سزایانەیش بەپێی گەورەییو بچوکی ئەو سەرپێچیە دەگۆڕێت، کە ئەندامی ئەو سەندیکایە لەمیانی کارەکەیدا دەیکات[2].

ئەگەر ئەو بۆچوونەی سەرەوە ورد بکەینەوە، روبەڕوی پرسیارێك دەبینەوە: ئەی ئەو کەسانەی لەهیچ سەندیکایەکی تایبەت بەپیشەکەی خۆیان ئەندام نین، دەکەونە کوێی هاوکێشەکەوە؟. لەبەر ئەوە روانین بۆ مانای چەمکی ئێتیکی پیشە بەمجۆرەو بەستنەوەی بەسزاوە جۆرێك لەتێکەڵیمان لەگەڵ چەمکی یاسا بۆ دروستدەکات، چونکە ئەو سزایە بەرامبەر لادانە لەو پەیڕەو و پرۆگرامەی ئەو سەندیکایە داناوەو ئەندامەکانی دەنگیان بۆ داوەو پێی رازینو لەسەر خۆیان سەپاندویانە، ئەمەیش جیاوازە لەپرەنسیپە گشتیەکانی ئێتیکی هەر پیشەیەك کە بێ خۆبەستنەوە بەهەر رێکخراوبوونێك پەیوەستبوونێکی ویژدانیە، بەڵام

---

(1) What is Professional Ethics?,
http://www.cityu.edu.hk/is/ethics/ethis.htm>(21/06/07)<

(٢) د. کەمال سەعدی: ئازادیی رۆژنامەگەریو ئەخلاقی پیشە، چ١ (هەولێر: دەزگای O.P.L.C. بۆ چاپو بڵاوکردنەوە پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان ژمارە ٩، ٢٠٠٤)،ل٣.

سەپاندنی سزا لەحاڵەتێکدا دەبێت کە رۆژنامەنووسێك لەدەزگایەکدا، سەرپێچی لەپرەنسیپەکانی پەیماننامەی شەرەفی ئەو دەزگایە بکات، ئەگەر دەزگاکە پەیماننامەی شەرەفی هەبوو و سزای ئێتیکیی تێدا دەستنیشانکردبوو، بەڵام ئەمەیش لەگرنگی پابەندبوونی رۆژنامەنووس بەئێتیکی پیشەکەیەوە کەمناکاتەوە، چونکە "لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی پەیرەویکردنی پیشەییش پابەندبوونە بەو سیستمی ئێتیکیو دەستورییەی پیشەوە کە هەموان راشکاوانە لەسەری رێککەوتون"[1].

نابێت ئەوەیشمان بیربچێت، سوربوون لەسەر ئێتیکی رۆژنامەنووسی، هەمیشە جیاوازیدەکات لەنێوان پابەندبوونی سەپێنراو لەسەر رۆژنامەنووس لەو دامەزراوەیەی کاری تێدادەکاتو، ئەو پابەندبونەی لەناخیەوە سەرچاوەدەگرێت، بەڵام ئەو رۆژنامەنووسەی پابەندبوونە ئێتیکیەکەی لەناخیەوە سەرچاوە دەگرێت، شەرەفی پیشەکە وەك رێگرێك لەلایەن ویژدانیەوە لەبەرچاوەدەگرێت، نەك ترس لەهەر چاودێرێکی دەرەکی[2].

## ٣ . ٣ . ٥: ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسی

بەر لەهەر شتێك، پێویستە ئاماژە بەمەرجو پرەنسیپەکانی پیشەی رۆژنامەنووسی بدەین، کە بەشێوەیەکی گشتی، خۆیان لە سێ خاڵی سەرەکیدا دەبیننەوە[3]:

یەکەم: **ئینتیما** بۆ نیشتمانو نەبوونی کاریگەری لەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی، لەرێگەی وەرگرتنی ئەو بابەتانەی رۆژنامەنووسەکان دەیاننووسن.

دووەم: **بابەتیبوونو راستگۆیی** لەوەرگرتن، یان گواستنەوەی روداو و هەواڵدا.

سێیەم: **بێلایەنیو پشتبەستن** بەزانیاریی لێکۆڵراوە.

---

(١) محمد سيد فهمي: الإعلام من النظور الإجتماعي، ط١ (الأسكندرية: دار المعارف، ١٩٨٤)، ص٨٢.

(٢) د. نبيل راغب: الصحافة الصفراء– الجذور والفروع، (القاهرة: دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٤)، ص٣٩٢.

(٣) أحمد موسى قريعي: ضمير الصحافة –دليل الصحفي والطالب إلى فن النشر والتحرير الصحفي–، ط١ (القاهرة: مكتبة مدبولي، ٢٠٠٨)، ص١٤.

سـەبارەت بـەئێتیکی پیـشەی رۆژنامەنووسـییش، یـان بـەهای پـەیڕەوکردن لەمیدیادا دەتوانین بڵێین زاراوەیەکە ئاماژە بەو ڕێسا ونو ئاشکرایانەی رەفتـاری پیشەیی لەناوەنـدەکانی کەمیونیکەیـشن دەکـات، لەگـەڵ ئـەو ئاراسـتە کاریگـەرو سکالایانەیـشی کـە پەیوەندیـدارن بەهــەموو ئـەو شـێوازانەی کـارکردنو ئــەو دەستکەوتانەی گونجاون[1].

لـەناو هەنـدێك وڵاتـدا، رۆژنامەنووسـان خودسانـسۆرییان بـۆ خۆیـان دانـاوەو کۆدێکسەك هەیە، کە کاری لەسەر دەکەنو سـنورەکانی نابـەزێنن، رایانوایـە تاکـە سانسۆرێك هەبێت، دەبێت سانسۆری ئێتیکی خودی رۆژنامەنووسـیی خـۆی بێـت، نەك هی دەوڵەتو حزب[2].

بنــەما ئێتیکیــەکان بـۆ پیـشەی رۆژنامەنووسـی، بـریتین لەکۆمـەڵێك بنـەمای رێنــوێنیو ئاراســتەکاریی رۆژنامەنووســی، لەکاتێکـدا یاسـا ئـەوە دیاریـدەکات، لەرەوشــێکی دیــاریکراودا دەتوانیــت چــی بکــەیتو چــی نەکــەیت. هــەموو رۆژنامەنووسـێك لەهەواڵـسازەوە بگـرە تادەگاتـە سەرنووسـەر، دەبـێ پابەنـدی سیستمێکی ئێتیکیو بەڵێنێکی خودی بێتو جـۆرە سیـستمێکی ئێتیکـی هـەبێت. یەکێکیتر لەئەرکەکانی رۆژنامەنووسان ئەوەیە کە بەدەنگی بەرز بـەڵێنی ئێتیکیـی خۆیان رابگەیەننو داوا لەهاوپیشەکانی خۆیان بکەن، تاوەکو ئەوانیش وا بکەن[3].

پرەنسیپە ئێتیکیەکان، لەسـەر بنـچینەی کۆمـەڵێك بـەهای کەسـی، پیـشەیی، کۆمەلایەتیو ئێتیکی پێشانت دەدەن پێویستە چی بکەیت، کە لەبیرکردنەوەیەکی دروستەوە سەرچـاوەدەگرن، بڕیـاردانی ئێتکیـیش، واتـە پاراسـتنی ئـەو بەهایانـە لەکاری رۆژانەدا[4].

---

(١) د. سامية محمد جـابر: الإتـصال الجمـاهيري والمجتمـع الحـديث، (الأسـكندرية: دار المعرفـة الجماهيرية، ١٩٨٤)، ص٢٧٥.

(٢) هێرش رەسوڵ: میدیاو دەسەلات، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٣) بيل كـوواچ و تـام روزنـستيل: عناصـر روزنامـەنگاری، ت. داوود حيـدری، چ١ (ب.م: دفـتر مطالعات وتوسعه رسانەها، ١٣٨٥) ص ص٢٧٠– ٢٧١.

(٤) دیبۆرا پۆتەر: رێنوێنی رۆژنامەوانیی بێلایەن، و. عەبدولرەزاق عەلی، چ ١ (هەولێر: دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧)، ل١٠٠.

رۆژنامەنووسی، پیشەیەکی ئابڕوومەندانەیە، بەهەموو پرسەکانی کۆمەڵگەوە بەندەو دەربڕی راستەقینەی واقیعەکەیە، وەکچۆن بەپەنجەرەیەکی بەردەوام کراوە بەسەر ئەقڵو ویژدانی خەڵك دەچوێنرێت، لەبەر ئەوە بۆ کارکەرانی ئەو پیشەیە پێویستبوو پشت بەکۆمەڵێك بەهاو نەریت ببەستن، کە رێسایەکی بنچینەیی پێکدەهێنێت بۆ پارێزگاریکردن لەکۆمەڵێك پرەنسیپ، پێیدەوترێت (ئێتیکی پیشە)و دڵنیاییو پابەندبوونی فیکریو پیشەیی بەرامبەر پرسە جیاوازەکان دروستدەکات بۆ پاراستنی شەرەفی وشەو شەرەفی پیشە لەگەڵیدا، هەروەها پابەندبوونی پیشەیی بەئێتیکی پەیڕەوکردن پێویستیەکی باشە بۆ پێکهێنانی واقیعی رۆژنامەنووسیی خاوەن کەسێتیو دۆزینەوەی هۆکاری پێشکەوتنی[1] لەلایەکو بەرەوپێشبردنی دۆخی ئەو ئازادییەی دەرفەت لەبەردەم دەربڕینی بیروراکان لەرێگەی کایەی رۆژنامەنووسییەوە، دروستدەکات، لەلایەکیترەوە.

### ٣. ٣. ٥. ١: مێژووی ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسی

مێژووی ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی، وەکچۆن یەکەمین لیژنەی بەدواداچوونی پاشایەتی (١٩٤٧ – ١٩٤٩) لەبریتانیا بۆ گەمارۆدانی چاپەمەنییەکان پێکهێنراو کەسانی وەك لۆرد (**رۆتەر مێر**)ی خاوەنی رۆژنامەی (**دەیلی میل**)و لۆرد (**بیڤەر برۆك**)ی خاوەنی رۆژنامەی (**دەیلی ئێکسپرێس**)و... تاد خرانە ژێر لێکۆڵینەوەوە[2].

---

(١) د. وائل عزت البكري: تطور النظام الصحفي في العراق ١٩٥٨– ١٩٨٠ (دراسة التحليلية)، (بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٤)، ص ص١٧٣–١٧٤.

(٢) ریچارد کیبل: راهنمای روزنامەنگاری، ت. مریم تاج فر، چ١ (ب.م: إنتشارات همشهری، ١٣٧٩) ص٧٠.

### ٣. ٣. ٥. ٢: پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسی

پێوەرو پرەنسیپەکانی ئێتیکی کاری میدیاییش بەشێوەیەکی گشتیو، لەناو رۆژنامەنووسانی زۆربەی وڵاتاندا خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، ئەمە وێڕای هەندێ تایبەتمەندێتیی کۆمەڵگەو ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتیی هەریەك لەو وڵاتانە، گرنگترین ئەو پێوەرانەیش بریتین لە: بەرپرسیارێتی، راستگۆیی، وردبینی، سەربەخۆیی، ئازایی، ئازادی، بێلایەنی، جیاکارینەکردن، دەستپاکی، بابەتیبوون، رەچاوکردنی تایبەتیبوونی ژیانی کەسەکان، دادوەری، خراپبەکارنەهێنان، نهێنیپارێزی، خۆناساندن، دەمپاکی، رێزگرتنی بەهاکان، هاوکارینەکردن...[1].

بۆ نمونە ئێتیکی رۆژنامەنووسی، هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، لەهەواڵو راپۆرتدا، جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان (رادەربڕین)، (گومان)، (راستی)دا هەیەو دەشبێت هەبێت[2].

### ٣. ٣. ٥. ٣: ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسیو ئازادیی رادەربڕین

ئێتیکی رۆژنامەنووسیو رادەی پیادەکردنو پیادەنەکردنی، فاکتەرێکی کاریگەرە لەسەر ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیدا، هەروەك دەبینین (کۆمەڵەی سەرنووسەرانی رۆژنامەکانی ئەمەریکا) لەراگەیاندنەکەیاندا سەبارەت بەپرەنسیپەکانی ئێتیکی کاری رۆژنامەنووسیو وەك نمونەیەك لەشەش بەنددا پێوەرەکانی (بەرپرسیارێتی، ئازادیی رۆژنامەنووسی، سەربەخۆیی رۆژنامەنووس، راستگۆییو وردبینی، بێلایەنی رۆژنامەنووس، رەچاوکردنی دادوەریی

(١) بڕوانە: (د. موەفەق دەرگەڵەیی: ئێتیکی رۆژنامەنووسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤–١٢؛ جون ل. هاتلنج: أخلاقيات الصحافة (مناقشة علمية للقواعد الأخلاقية للصحافة كما حددتها جمعية رؤساء تحرير الصحف الأمريكية)، ت. كمال عبدالرؤف، ط١ (القاهرة: الدار العربية للنشر والتوزيع)، ص ص١٩–١٠٣؛ ئەنستیتۆی رۆژنامەوانیی جەنگو ئاشتی: بنەڕەتەکانی رۆژنامەنووسیی نێودەوڵەتی، ل ل٤–٦.

(٢) جفری هریس، دیوید اسپارك: خبرنگاری کاربردی، محمد تقی روغنی ها، چ١ (تهران: مؤسسەی فرهنگیو مطبوعاتی ایران، ١٣٨١)، ص٢٣٨.

لەنووسینەوەی چیرۆکە هەواڵدا) دەخاتەڕو، لەسەرەتای راگەیاندنەکەشیدا دەنووسێت: "یەکەمین هەموارکردن لەدەستوری ئەمەریکیدا کە ئازادیی رادەربڕین لەهەر هەرەشەیەك لەرێگای هەر یاسایەکەوە بکرێتەسەری، دەپارێزێت، گەل لەرێگای رۆژنامەنووسیەوە مافێکی دەستوری بۆ فەراهەمدەکرێت، بەوجۆرە بەرپرسیارێتیەکی دیاریکراو دەخرێتەسەر رۆژنامەنووسانو رۆژنامەنووسییش داوا لەوانە دەکات کاری رۆژنامەنووسی دەکەن، بەتەنها هەوڵدەرو خاوەن مەعریفە نەبن، بەڵکو پێویستە هەوڵی گەیشتنە ئاستێك بدەن لەسەرڕاستیو ئابڕو کە لەگەڵ پابەندبوونە دانسقەکەی رۆژنامەنووسدا بگونجێت"[1]. هەروا یەکێتیی رۆژنامەنووسانی جیهانی پەیماننامەیەکی گەڵاڵەکردوە کە بە(سوێندی رۆژنامەنووس) ناسراوە، تێیدا هاتوە: "رۆژنامەنووس بەردەوام داوای ئازادیی بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیارییەکان دەکات". جگە لەمانەیش پاش چەندین کۆبوونەوەو راگۆڕینەوە، لەساڵانی (١٩٧٨ – ١٩٨٣) لەرێگەی ژمارەیەك لەرێکخراوە لۆکاڵیو نێودەوڵەتییەکانی رۆژنامەنووسانەوە، پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی ئێتیکی پیشەیی لەرۆژنامەنووسییدا ئامادەکراو بڕیاری لەسەردرا، کە لە١٠ پرەنسیپ پێکهاتوەو لەپرەنسیپی یەکەمدا جەخت لەسەر ئازادیی رادەربڕین دەکاتەوە[2].

هەر لەپەیوەندیی نێوان ئێتیکی رۆژنامەنووسیو ئازادیی رادەربڕیندا، دەبێت ئەوە بخەینەڕوو، ئەزمونی رۆژنامەنووسی لەگەڵ ئازادیی رەهادا زۆر هەڵەی ئاشکراکردوە، دەبینین هەندێ رۆژنامە خویان بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانو بێکەڵكو ئابڕوبەری گرتوە لەسەر حسابی هەواڵە جیددیەکان، لەپێشکەشکردنی هەواڵدا وازیان لەپرەنسیپەکانی وردبینیو راستگۆیی هێناوە، هەندێ رۆژنامەنووس بۆ خزمەتی مەرامە تایبەتیەکانیان یاری بەهەواڵ دەکەن، هەندێ رۆژنامەیش لەسەر بنچینەی سۆزداری لەزۆربەی پرسە گرنگەکاندا رایگشتی دەخەنەگەڕ،

---

(١) جون ل. هاتلنج: سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٧.
(٢) د. یونس شکرخواه: خبر، چ٩، (تهران: مرکز مطالعات وتحقیقات رسانه ها، ١٣٨٤)، ص١٣٧.

وەکچۆن رۆژنامەکان بۆ ناوزڕاندنی تاکو لێپرسراوان دور لەلایەنی بەرپرسیارێتیان، بەکارهێنراونو تایبەتمەندیی تاکەکان پێشاندەدەن[1].

لەکورتترین ئاماژەدا، "گرنگیو بایەخی (ئێتیکی کاری میدیایی) لەگرنگیو بایەخی (ئازادیی رادەربڕین) سەرچاوە دەگرێت، چ لەسەر ئاستی تاك بێ یاخود ئاستی کۆ، بەمشێوەیە[2]:

١- ئازادیی رادەربڕین مافێکی سروشتیی مرۆڤەو، هەموو شەریعەتە ئاسمانیو زەمینیەکان دانیان پێداناوە.

٢- بەگوێرەی قۆناغە مێژووییەکان، کۆتوبەندی دەسەڵاتو کۆمەڵگە (کە بەرەنجامی دواکەوتوویی خودی کۆمەڵگەکان خۆیان بوون) خراوەتە مەچەکی ئەو مافەی مرۆڤ، چ تاك، یان گروپو کۆمەڵ بن.

٣- پێویستیی تێگەیشتن لەو مافەو دانپێدانانی لەلایەن دەستورو یاسا لۆکاڵیەکانەوە، ئەمەیش لەسۆنگەی تێگەیشتن لەپەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، لەگەڵ پێویستیی رەچاوکردنی لێکدانەوەی سیستمە جۆراوجۆرەکانو رەنگدانەوەی لەپەیماننامەی شەرەف میدیاییدا.

٤- جەختکردن لەسەر ئەوەی، ئازادیی رۆژنامەنووسیو دەزگاکانی راگەیاندن، بەرجەستەکردنی زیندووی ئازادیی رادەربڕینە، وەکچۆن هۆکاریشە بۆ پاراستنی ئازادییە گشتیەکانی کۆمەڵگە.

٥- پەیوەستیی مانای ئازادیی رۆژنامەنووسی بەمانای شەفافیەت-ەوە، بەو پێیەی مافی خەڵکییە لەرێی ناوەندەکانی میدیاوە هەر زانیارییەکیان بوێت، دەستیان بکەوێت.

---

(١) د. محمود علم الدين: أساسيات الصحافة في القرن الحادي والعشرين، ط٢ (القاهرة: المكتبة العصرية، ٢٠٠٩)، ص٢٦٦.

(٢) د. هاشم حسن جاسم: أخلاقيات العمل الإعلامي، مجموعة من المحاضرات التي القيت على الطلبة المرحلة الماجستير لقسم الإعلام في كلية العلوم الإنسانية بجامعة السليمانية عام ٢٠٠٥- ٢٠٠٦، غير منشورة، ص ص١- ٢.

٦- دەرکەوتنی گرفتی نابەرپرسیارێتی لەکارەکانی میدیادا، بەتایبەت لەسەرەتای سەدەی بیستو یەکدا، ئەویش لەئەنجامی ئەو گەشەکردنە بێشومارەی لەئامرازە میدیاییو تەکنیکیەکاندا بینراوە، ئەمەیش لەدوو شێوەدا:

أ. خراپبەکارهێنانی ئازادی لەئامرازەکانی راگەیاندندا، بەهۆی نەبوونی سانسۆری حکومیو بەهای ئێتیکیی لای رۆژنامەنووسانو ئەوانەی لەبوارەکەدا کاریاندەکرد، ئەمەیش بوە مایەی زیانگەیاندن بەبەرژەوەندیی گشتیو لەکەدارکردنی ئەو پیشەیە، بەهۆی راکردن بەدوای قازانجو بەرژەوەندیی تەسکی کەسیدا.

ب. ملکەچیی ناوەندەکانی میدیا لەبەردەم سانسۆری توندوتیژی حکومەتدا، کەوا ئەو ئامرازانەیان کردە سەکۆی بانگەشەی سیاسی بۆ خۆیانو، دەنگی ئازادیی رادەربڕین کپکراو ئاستەنگ خرایە بەردەم گەیشتنی هەواڵو زانیاری بەخەڵک.

٧- مافی حکومەتەکان بوو، رێکخستن لەکاری هۆکارەکانی راگەیاندن بکەن، ئەمەیش بۆ پاراستنی نهێنییە سەربازیو ئابوریو ئەمنییەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگە، بێ ئەوەی بەلای پرەنسیپی شەفافیەتدا بچن.

٨- مافی هاوولاتی بوو، پارێزگاری لەتایبەتمەندێتیی ژیانیو نهێنییەکانی بکرێتو ناو و ناوبانگی نەخرێتە ژێر مەترسیی زڕاندنو قسەپێوتنەوە.

٩- مافی کۆمەڵگە بوو، پارێزگاری لەدابونەریتە باوەکانی بکرێو زانیاریی لەمیدیای بێلایەنو دادپەروەرەوە پێبگات".

### ٣. ٣. ٦: پرۆفێشناڵی لەکاری رۆژنامەنووسیدا

لەبارەی گرنگیی پیشەییبوون (Professionally) لەکاری رۆژنامەنووسیدا ولیام ف. وو* لەوتارێکدا بەناونیشانی (رۆژنامەنووسیو بەرژەوەندیی گشتی)

---

* مامۆستای وانەبێژ لەزانستی رۆژنامەی پرۆفیشناڵ لەزانکۆی ستانفۆرد لە١٩٩٦، پێش ئەوەیش بۆ ماوەی ٣٩ ساڵ پەیامنێرو پەیامساز بوە، ١٠ ساڵیش سەرنووسەری رۆژنامەی سانت لویس پۆست دیسبانش بوە. بڕوانە: (ولیام ف. وو: رۆژنامەنووسیو بەرژەوەندیی گشتی، و. سیروان محەمەد، رۆژنامەنووس (گۆڤار)، ژمارە ١، ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل٢٠). وەریگرتوە لە: پێگەی ئینتەرنێتی www.alsuhuf.org

نووسـیویە: ڕۆژنامـە ئامـانج نیـە، بـەڵکو ئـامرازێکی پیـشەییە، ڕۆژنامەنووسـان دەتوانن لێیەوە خزمەت بەبەرژەوەندیی گشتی بکەن، ئەمـەیش بەبەدەستخستنی هەواڵو زانیاری، کە خەڵکی لەبڕیاردانی مەسەلە سیاسـیو ئـابوریو کۆمەلایـەتیو کەسیەکان پێویستیان پێی دەبێت، بەرجەستە دەبێت[1].

ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی، بەشـێکی دانـەبڕاوە لەپیـشەکەی، هەڵبژاردەیـەك نیـە بۆئـەوەی گفتوگـۆی لەسـەر بکرێت، ئـەم ئێتیکـەیش بـۆ ڕاسـتگۆیی سەرچـاوەی هـــەواڵو شـــێوازی ئاراســـتەکردنی پرســـیارەکانو شـــێوازی نووســـینو.. تـــاد شۆڕدەبێتەوە[2].

لـەبواری ڕۆژنامەنووسـیدا، ئێتیـك دەبێتـە پێـوەرێکی پیـشەیی هەڵـسوکەوتی ئێتیکـی، گـشت ئەرکـەکانی کۆمیونیکەیـشن پـەراوێز دەکـات، ئەمـەیش دەبێتـە جیاکردنەوەی پروپاگەندەو بێئاگاییو هەڵەی زانیاری[3].

ئەدائی ڕۆژنامەنووس، پەیوەستە بەپاراستنی ئێتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی، یـان بـەزمانێکی ئاسـانتر، ئێتیکـی ڕۆژنامەنووسـیو ئـەو پێـوەرە پیـشەییانەی لەسەری کۆکن[4].

لاوازی پیـشەییو ناپرۆفیـشناڵیو ئەکادیمینـەبوون لـەکاری ڕۆژنامەنووسـیدا، چـــەند ڕەنگدانەوەیـــەکی نێگـــەتیڤی لەســـەر ئـــازادیی رادەربـــڕین لـــەکاری ڕۆژنامەنووسیدا دەبێت، لەو سۆنگەیەوە، د. تەیسیر ئەحمەد ئـەبو عەرجـە*، ئـەو ڕەنگدانەوانەی لەچەند خاڵێکدا دەستنیشانکردوە[5]:

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٠.

(٢) هەمان سەرچاوە، ژمارە ٩، ٢٠٠٦، ل٩٠. وەریگرتوە لە: تواصل (گۆڤار)، ژمـارە ٣، سـاڵی یەکەم، نیسانی ٢٠٠٦.

(3) Thomaβ, Barbara: Journalistische Ethik: ein Vergleich der Diskurse in Frankreich, Groβbritannien und Deutschland / Barbara Thomaβ. – Opladen: Westdt. Verl., 1998 S. 9-10.

(٤) د. محمود علم الدين: الفن الصحفي، (القاهرة: مطبوعات أخبار اليوم، ٢٠٠٤)، ص٢٥٢.

*پسپۆڕێکی عەرەبە لـەبواری ڕاگەیانـدنو ڕۆژنامەنووسـیدا، سـاڵی ١٩٨٠ بڕوانامـەی دکتـۆرای لەکۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی قاهیرە وەرگرتوە، لـەزانکۆکانی جـەزائیر، ئیمـاراتی عـەرەبیو ئەلبـەتر لەعـەممان وانـەی وتۆتـەوە، خـاوەنی چـەندین کتێـبو توێژینەوەیـە لـەبواری کەمیونیکەیشنو میدیاو ڕۆژنامەنووسیدا.

(٥) د. تيـسير أبـو عرجـة: قـضايا ودراسـات إعلاميـة، ط١ (عمـان: دار جريـر للنـشر والتوزيـع، ٢٠٠٦)، ص ص٣٠-٣٢.

١- پەینەبردن بەئـەرکی بنـەڕەتیی ڕۆژنامـە، چـونکە ئـامێرێکی چـاودێری گەلـەو، ئامرازێکی گرنگە بۆ خزمەتی کۆمەڵگەو ناسـاندنی خـەمو بەرژەوەندییـەکانیو گواستنەوەی ترپەکانی بۆ لایەنانی بڕیاردەر.

٢- نەزانینی سروشتی کاری ڕۆژنامەنووسـی، کـە هـەموو ئـەو کێـشانەی کۆمەڵگـە دەپشکنێت کە بەلایەوە جەوهەریین، لەگەڵ وەرگرتنی هەواڵو گـەڕان بـەدوای باکگراوندەکەیـداو پێـشکەشکردنو لێکدانـەوەی ئاشـکرای هەواڵەکـە، چـونکە تـــەنها دەرخـــستنی دیاردەکـــە بـــەس نیـــە، بـــەڵکو قوڵبونـــەوەو گەیـــشتن بەچارەسەری بەکەڵکیشی دەوێ.

٣- نـــەزانینی سروشـــتی ئـــەو هەواڵانـــەی شـــایانی بڵاوکردنـــەوەن، هـــەروا مـــاوەی زۆربوونی ڕەگەزە گرنگەکانی ڕۆژنامەنووسی کە ئامادەدەکرێن، چونکە هـەواڵ پەیوەندیی بەخـەڵکو ژیـانو بەرژەوەندییانـەوە هەیـە، بـەڵام هـەموو ڕوداوێـك بابەتی هەواڵ، یان ڕاپۆرتە هەواڵ نیە، کە وەرگر سودی لێوەربگرێت.

٤- نـەزانینی سروشـتی پەیوەنـدیی لەگـەڵ سەرچـاوەکان، وادادەنرێـت بـەحوکمی ئـــەوەی یاســـا بەرپرســـکراوە بەپێـــشکەشکردنی زانیـــاریی پەیوەنـــددار بەفەرمانگەکانی، بەنێردراوی ڕۆژنامەنووسی کە لەگـەڵ مـافی خـەڵك لەگەیـشتن بەزانیارییەکانـدا بگونجێـت، ئـەو سەرچـاوانە لەسـەر پێـدانی ئـەو مافانـە سەرڕاسـتن. پەیوەنـددار نیـە بەشـاردنەوەی ئـەوەی ڕودەدا، بـەڵکو هـەلێك بەجـەماوەر دەدات، بـۆ ئاشـنابوون بەلایـەنێکی دۆخەکـە، ئەمـەیش خزمەتـە بەخەڵكو نیشتمان.

٥- نەزانینی سنور، کە ڕێگا بەرۆژنامەنووس دەدات لەچوارچێوەکەیدا بجولێتەوە، پابەند بێت بەرۆشنبیریی یاساییو توێژینەوە بۆ بەندە هاتوەکان لەیاسـاکاندا، کـــە کـــاری ڕۆژنامەنووســـی ڕێکـــدەخات، ئـــەوەی پەیوەنـــدیی بـــەکاری ڕۆژنامەنووســـەوە هـــەبێت، بـــۆ ئـــەوەی لەزەوییـــەکی ئارامـــدا بجولێـــت، لەهەنگاوەکانی دڵنیابێت، زانیاریی ئەوەی هەبێت شایانی ئەوە بێت گفتوگـۆی پێبکات، یەکێك نزیکبوونەوەی یاساغ بێت.

٦- لاوازیی ڕۆشنبیریی نووسین، کە پێویستە زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی سنوری داتـا بزانرێت کە لەچوارچێوەی هەواڵێکی ڕۆژنامەنووسی بڵاودەبێتەوە، لەنووسـینی

هەواڵدا لەنێوان داتاو بۆچوون، یان هەڵوێستدا تێکەڵنەبێت. هەواڵ هەگبەی داتا، یان فاکتە، لەکاتێکدا وتار هەگبەی رایە، لەبەر ئەوە ئەمە گرەنتیی باشیو بابەتیبوونی هەواڵە، بۆ ئەوەی رۆژنامە سەرنجی رێزگرتنی خوێنەر بدات، ئەرکە پیشەییەکانی بەرێگای پتەو و ئامانجدار جێبەجێ بکات.

٧- لاوازیی موچەو دەرماڵەی مادی، نەبوونی سەقامگیریی وەزیفی بۆ پەیامسازەکان، وادەکات بەشڵەژانو شپرزەیی کاربکەن، رەنگدانەوەی نێگەتیڤی لەسەر ئەدائی پیشەیی دەبێت، کە داوای بوێریو راستگۆییو نەبوونی ترس لەسەر بژێویان دەکەنو ماف ئەوەیان هەیە باشتر بژین.

٨- دەزگا رۆژنامەنووسییەکان مەشقی بەردەوام زیادناکەن بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە تێیدا کاردەکەن، ئەمەیش وایانلێدەکات لەو گۆڕانە نوێیانەی دێنە پیشەکەیانەوە لەرووی تەکنیکی، یان زانیاری، یان شێوازی نووسین، بێئاگابن.

٩- لاوازیی ئامێری نووسین لەرۆژنامەو خراپی مەتریاڵی رۆژنامەنووسی، کە پێشکەشی خوێنەر دەکرێت، پشتبەستن بەهەواڵی رۆژنامەی تر، نووسینی لێکدانەوەی گەورە لەماوەی دانیشتن لەنووسینگەکان، لەگەڵ جەوهەری پیشەی رۆژنامەنووسیی ناکۆکە کە داوای جوڵەی مەیدانی دەکات بۆ گەیشتن بەهەواڵو چاودێریکردنی کێشە راستەقینەکانی خەڵك.

١٠- نەبوونی سەقامگیریی وەزیفی رۆژنامەنووسان، لەوانەیە هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسی بەپیشەیەکی کاتی لەهەندێ لایەنەوە وەربگیرێو بازبدات بۆ پیشەیەکی تر، یان پەرتبوونی هەوڵی رۆژنامەنووسان لەگەڕان بۆ کاری دیکە، توانای داهێنانو کۆششیان بۆ پێشکەوتنی پیشەیی داواکراو لاوازدەکات.

١١- جاری وا هەیە گەورەیی بازاڕی رێکلام بەشێوەیەکی نێگەتیڤ کاردەکاتە سەر ئازادیی رۆژنامەنووسی، ئەمەیش کاتێك رودەدات رەخنە دەگرێت، یان هێرشدەکاتە سەر دامەزراوە ئابوریەکان، کە خاوەنی بودجەیەکی گرنگن بۆ رێکلامو، رۆژنامە سودمەند دەبێ لێیان، ئەم بازاڕە رێکلامە بچکۆلەیە دیسان

هەرِەشە لـەئازادیی رۆژنامەنووسـی دەکـات، چـونکە کێبـەرکێ لەسـەر رێکـلام لـەبازاڕە بـچوکەکەدا، لەوانەیـە راسـتیە بابەتیـەکان بکاتـە قوربـانی لـەپێناو بەدەستهێنانی پشکێکی پارەی ئەو رێکلامە.

١٢- لەگەڵ ئەوەی هەندێ دەزگای رۆژنامەنووسی قازانج دەکەن، کەچی تا ئێستا دوودڵو راران لەپـەرەدان بـەپرۆژە رۆژنامەنووسـیو میدیاییەکـەیان، زۆربـەی کات پرۆژەکـەیان کورتدەکەنـەوە بـۆ چـاپکراوێك، یـان زیـاتر، لەکاتێکـدا ئـەم پەرەسـەندنە لـەو جـۆرە دامەزراوانـە ئاسـاییە، ئەگـەر ئـەم فراوانبـوونو پەرەسەندنە رویدا، ئەوا پیشەکە بەهێزترو رەگداکوتاوترو بوارەکانی فراوانترو باری ئابوریی ئەو کرێکارانەی کـاری تێـدا دەکـەن باشـتردەبێتو خـوێنی نـوێ لەنەوەی نوێ پەلکێشدەکات بۆ نێو دنیای رۆژنامەنووسییەوە.

١٣- لەگـەڵ هـەموو ئەوانـەی کـە دەوترێـت لەسـەر دەرچـوانی رۆژنامەنووسـیو راگەیاندن لەزانکۆکاندا لەبارەی لاوازییانەوە، بـەڵام رێژەیـەکی زۆریـان خۆیـان دەسەلمێننو سەرکەوتوو دەبنو لەرۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاندندا کاردەکەن، بۆیە بەردەوام پێویستە هەلی کار بـۆ دەرچـوە بـەتواناکان برەخسێنرێت، بـۆ ئەوەی ببنە کۆڵەکەیـەکی گـرنگ لەرۆژنامەنووسـیدا، ئەمـە لەگـەڵ پێویـستیی بــەردەوامی کردنــەوەی خــولی راهێنــانی زیــاتر لــەنێو بارەگــای رۆژنامــەو ناوەندەکانی تایبەت بەم بوارە.

## ٣. ٣. ٧: پەیماننامەی شەرەفی پیشەی رۆژنامەنووسی Press Code of Ethics

پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووس، یان پەیماننامەی شەرەفی پیشەی رۆژنامەنووسی، کۆمەڵێك پرەنسیپی ئێتیکیە، وەکو دەستورێك بۆ جوڵانەوەو کاری پیشەیی رۆژنامەنووسیو رۆژنامەنووسان لەنێوان خۆیاندا لەسەری رێکدەکەون، یان لەلایەن ئەنجومەنی باڵای رۆژنامەنووسییەوە لەو وڵاتەدا دادەرێژرێت(١).

لەساڵی ١٩٣٩ کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان بنەمایەکی ئێتیکی بۆ رۆژنامەنووسان دانا، لەهەشتاکانی سەدەی رابردوویش، ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان پرەنسیپە ئێتیکیەکانی لەژێر ناوی: پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانی ئێتیکی پیشە لەرۆژنامەنووسییدا International Principle of Professional Ethics in Journalism سەرلەنوێ دارشتەوە(٢).

وەکو لەباسی پەیوەندیی یاساو ئێتیکیشدا ئاماژەی بۆکرا، هەندێکجار، سنوری ئەو پەیماننامەیە تێکەڵ بەسنوری یاسا دەبێتو هەردووکیان لەسەر یەك بابەت دەوەستن، وەك: باسنەکردنی ژیانی تایبەتی کەسەکان، کە لەهەردوو گەڵاڵەنامەدا یاساغکراوە، بەڵام یاسا زیاتر لەقەدەغەکردنیش، سزا دەستنیشاندەکات بۆ ئەو کەسەی سنور دەبەزێنێتو نهێنیی ژیانی تایبەتی کەسەکان باسدەکات، هەندێك بابەتیش هەیە تەنها لایەکیان باسیدەکات، بۆ نمونە: بەکارنەهێنانی پیشەی رۆژنامەنووسی بۆ بەتاڵکردنەوەی رق بەرامبەر کەسانی ترو چاونەپۆشین لەو هەڵەو کەموکوڕیانەی کەسە بەرپرسەکانی نزیکی رۆژنامەنووسەکە هەیانە.

هەموو کۆمەڵگەیەك، ئێتیكو ئادابو بەهای تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەیش بەو کۆڵەکانە دادەنرێن کە لەسەری دەوەستێت، بەپێشێلکردنیشیان دۆخەکە

---

(١) د. کەمال سەعدی: ئازادیی رۆژنامەگەریو ئەخلاقی پیشە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.
(٢) د. مەغدید سەپان: ژانرەکانی رۆژنامەوانیو مێژووی چاپخانە ١٤٥٠–١٥٠٠، چ١ (هەولێر: کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٥)، ل ل١٢٠–١٢١. وەریگیرتوە لە:
Stig Hadenius, Lennart Weibull, Massmedier. Falun, 2003. p. 27.

تێکدەچێت، بۆیە ڕێگە بەهیچ بڵاوکردنەوەیەك نادرێت لایەنی ئێتیکی کۆمەڵگە بگرێتەوە، یان سوکایەتی پێبکات، لەوانە: بانگەشەکردن بۆ کاری خراپەو لادانو ناکۆکیی دروستکردن لەنێوان تاکەکاندا بۆ مەرامی شەخسی بەهیچ پاساوێکی بابەتییانەو وروژاندنی رقوکینە لەنێوانیاندا، هەروەها بڵاوکردنەوەی نهێنیە تایبەتیو خێزانیەکانی خەڵك، لەئامرازەکانی راگەیاندندا[1].

پابەندبون بەپرەنسیپەکانی کۆمەڵگەو پاراستنی بەهاو کۆڵەکەکانی، بەگرنگترین بەرپرسیارێتیەکان دادەنرێت کە رۆژنامەنووس وەکو گوێڕایەڵییەك قبوڵیدەکات –بەبێ ناچارکردن–، پابەندبوون پێی لەهەستکردنیەتی بەبەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژێت.

بیل کۆڤاریك*، پێیوایە: "رۆژنامەنووس بەرپرسیارێتیەکی ئێتیکی لەسەر شانە بۆ وتنی راستیەکانو راپەڕاندنی ئەرکەکانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ، بۆ خزمەتکردنی بەرژوەندیی گشتی"[2].

بەو پێیەی هەر کۆمەڵگەیەك کۆڵەکەی بنەڕەتی خۆی هەیە، کە سورە لەسەر پابەندکردنی رۆژنامە پێیانەوە. هەروەها لەهەندێ دەوڵەتدا ئەو کارە فەرامۆشکراوە، بەهەستکردنی هەر رۆژنامەنووسێك بەبەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتییەکەی، هەروا پێزانینی خۆی بۆ بارودۆخی کۆمەڵگەو مەترسی تاوانو کاریگەریی لەسەر تاك. لەکاتێکدا هەندێ دەوڵەت پێویستیی لەخۆگرتنی تەشریعاتو یاسا میدیاییەکانیان بەپاراستنی کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەو سەپاندنی سزا لەسەر سەرپێچیکاری پرەنسیپەکانی، دەبینن[3].

---

(١) د. ماجد راغب الحلو: سەرچاوەی پێشوو، ص١١٢.

* پرۆفیسۆرو مامۆستای زانستی کەمیونیکەیشنە لەزانکۆی رادفۆرد لەڤێرجینیاو وانەی (نووسینی هەواڵی رۆژنامەنووسی) دەڵێتەوە. یەکێکیشە لەرۆژنامەنووسە پرۆفێشناڵە بەئەزمونەکان، کاری ریپۆرتەری بۆ ئاژانسی ئەسۆشێتد پرێسو رۆژنامەی بەلتیمۆر سەند کردوە. چەندین کتێبی لەبواری رۆژنامەنووسیدا هەیە، لەوانە: (توخمەکانی رۆژنامەنووسی).

(٢) گوڵان (سازکردن): چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەنووسو پرۆفیسۆر بیل کۆڤاریك، گوڵان (گۆڤار)، ژمارە ٦٨٠، ساڵی چواردەیەم، ٢١ی نیسانی ٢٠٠٨، ل٢٣.

(٣) فتحي حسين احمد عامر: سەرچاوەی پێشوو، ص٦١. وەریگرتوە لە: ليلى عبدالمجيد: تشريعات الصحافة في الوطن العربي: الواقع وافاق المستقبل، ط٢ (القاهرة: دار العربي للنشر، ٢٠٠١)، ص١٨٨.

بەمشێوەیە، گرنگی پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسی دێتە ئاراوە، چونکە لەدەرگای هەندێك بابەت دەدات کە یاسا توخنیان ناکەوێت، وێرای ئەوەی وەك سانسۆرێکی خودیی رۆژنامەنووسانیشە، بۆ ئەوەی پیشەکەیان لەکەدار نەکەنو هەمیشە بەرژەوەندیی گشتیو ئەو پەیامە رەچاو بکەن کە دەبێ لەمیانی پیشەکەیاندا بیگەیەنن. بۆیە یەکەمین خاڵی دێباجەی پەیماننامەی شەرەف بریتیە لەدابینکردنی ئازادیی رادەربڕین بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن، لەبەرئەوەی ئەوە مافێکی رەسەن دەبێت بۆ پاراستنی کارکردن بەو ئازادییەو، لەهەمانکاتیشدا لەباشکردنی هەڵسوکەوتدا، پاکو بێگەرد دەبێت[1].

## ٣. ٣. ٧. ١: پرەنسیپە سەرەکییەکانی پەیماننامەکانی شەرەفی رۆژنامەنووسی

دەستور سورە لەسەر دەستەبەرکردنی ئازادیی کەسییو پاراستنی ئابڕووی هاووڵاتییانو نهێنیی ژیانیان، لەهەمانکاتدا مافی بڵاوکردنەوە بەرامبەرە بەپێویستیی پاراستنی ئازادیی هاووڵاتیو مافی لەژیانو نەزڕاندنی ناوبانگو وێنەی، چونکە بەدەرچون لەئادابو ئێتیکی رۆژنامەنووسی دادەنرێت کە پەیماننامەی ئێتیکی رێکیخستوە. هاوشانی ئەوەی رۆژنامەنووسان سودمەندبن بەمافو ئیمتیازو گرەنتییەکان، لەبەرامبەردا لەسەریانە پابەندی کۆمەڵێك بەرپرسیارێتیو پابەندی بن، ئەو پابەندییانەیش یاسا دەیسەپێنێ لەسەریانو لەکاتی سەرپێچیکردندا تاوانکاریانە سزایان دەدات، ئەویش بریتیە لەکۆمەڵێك دسپلین کە لەرێگەیەوە بەسەر رادەی پابەندیی رۆژنامە بەئێتیکی پەیڕەوکردنی گشتیی رۆژنامەنووسیەوە حوکمیدەکات، بڵاوکردنەوەی تاوان بەسیفەتی تایبەت، جەخت لەسەر کۆمەڵێك خاڵ دەکاتەوە، زۆربەی پەیماننامەکانی شەرەفی رۆژنامەنووسیو پێوەرەکانی ئەدائی پیشەیی لەسەری رێککەوتون، دامەزراوە رۆژنامەنووسییەکان دایاننــاوە، وەکو ئەنجومەنەکانی رۆژنامەنووسیو سەندیکاو یەکێتیو کۆمەڵەو هاوبەندییە رۆژنامەنووسییەکان لەجیهانو پسپۆڕو مامۆستایانی رۆژنامەنووسیو میدیا. لەگرنگترین ئەو دسپلینانەیش[2]:

(١) د. هاشم حسن جاسم: سەرچاوەی پێشوو، ص٣٧.

(٢) فتحي حسين احمد عامر: سەرچاوەی پێشوو، ص ص٤٣– ٤٤.

١. ڕەچاوكردنی مافی تایبەتمەندێتی.
٢. كاریگەرینەكردن لەسەر ڕێڕەوی دادپەروەریو لێكۆڵینەوە.
٣. پابەندبوون بەبڵاوكردنەوەی تاوان لەسنوری بەهاكانی كۆمەڵگەو ئادابی گشتی.
٤. پابەندبوون بەوردبینیو بابەتیبون.
٥. پابەندبوون بەدوركەوتنەوە لەلایەنی جنێودانو پلارهاویشتنو ناوزڕاندن.
٦. پابەندبوون بەمافی وەڵامدانەوەو راستكردنەوەو رونكردنەوە.
٧. پابەندبوون بەچەواشەنەكردنی هەواڵ.

چەند پرەنسیپێكی سەرەكی هەن، پەیماننامەكانی ئێتیك لەخۆیدەگرن، یان وەكو پێوانەكانی رەفتاری پیشەیی لەكاری میدیاییدا تەماشادەكرێن[1]:

١- راگەیاندن پرسێكی پیرۆزە، وردیی دەوێت، بەبێ فێڵو چەپاندن.
٢- پێویستیی جیاكردنەوەی زانیاریو ئەركی هەواڵو لێكدانەوەو راوەرگرتن.
٣- رەخنەو توانج لەخزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدابن، ئامانجیان بوختان پێكردنو ئابرووبردن نەبێت.
٤- پاراستنی نهێنیی پیشەیی.

## ٣. ٣. ٧. ٢: ئازادیی رادەربڕین لە پەیماننامەكانی شەرەفی رۆژنامەنووسییدا

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە، ئامادەیی بەردەوامی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسییە لەنێو دەقی پەیماننامەكانی شەرەفو پرەنسیپە دیارەكانی ئێتیكی رۆژنامەنووسیدا، ئەوەتا لەدەستپێكی بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیی شەرەفی رۆژنامەنووسی* دا هاتوە: "ئازادیی رۆژنامەنووسیو راگەیاندن مافێكی بنچینەییە لەمافەكانی مرۆڤو سەنگی مەحەكە بۆ گشت ئەو ئازادییانەی پەیماننامەی

(١) د. ليلى عبدالمجيد: التشريعات الإعلامية، (ب. م: ب. د، ٢٠٠٠)، ص٢٣٣.

* بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیی شەرەفی رۆژنامەنووسی لەلایەن لیژنەی ئازادیی راگەیاندنی سەر بەرێكخراوی پەروەردەو فێركردنی نەتەوە یەكگرتوەكان (یونسكۆ) دانراوەو لەساڵی ١٩٥٢ لەخولی یازدەمینی ئەو رێكخراوەدا دانی پێدانراوەو حوكمەكانی بەبەشێك لەیاسای گشتیی نێودەوڵەتی دادەنرێنو دەبێ رۆژنامەنووسو میدیاكان پابەندی بن، لەپێنج مادە پێكهاتوەو پێوەرەكانی لەجاڕنامەی جیهانیی مافەكانی مرۆڤ وەرگیراون. بڕوانە: (د. كەمال سەعدی: ئازادیی رۆژنامەگەریو ئەخلاقی پیشە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢١-٢٢و٢٥).

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەیاندرکێنیٚو جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەقنووسیان دەکاتو هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی. لەهەموو ئەمانە گرنگتر بۆ کەفالەتی ئەم ئازادییە، دەبیٚ کارمەندانی ڕۆژنامەنووسیو راگەیاندن لەکاتی گوزارشتکردن لەبیروڕاکانیان هەموو توانایەکیان بۆ خۆدورخستنەوە لەسوکایەتی پێکردنی کەسانو شتە پیرۆزەکان، کە خۆیان تەحەمولی ئەنجامەکانی دەکەن، بخەنەگەڕو دەبیٚ هەمیشە لەسەر بەرپرسیارێتیی ئەدەبی سوربن کە وایانلێدەخوازێت لەدەقنووسو راڤەو لێکدانەوەی روداوەکاندا دەستپاکو راستگۆبن"[1].

هەروا خاڵی دوەم لەنۆ خاڵەکەی پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان IFJ[*] دەڵێت: "ڕۆژنامەنووسان لەمیانی بەجێگەیاندنی کارەکەیاندا، هەموو کات داکۆکی لەئازادی دەکەن، ئەویش بەگواستنەوەی راستو دروستیی هەواڵەکانو بڵاوکردنەوەیان، هەروەها مافی رادەربڕینو رەخنەگرتنیان هەیە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە"[2].

### ٣. ٣. ٨: ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسی

سوربوونی زیاتری رایگشتی لەسەر دەرچواندنی گەڵاڵەنامەی ڕێکخستنی پیشە، وەك سنوردانان بۆ پێشێلکاریی ڕۆژنامەنووسی لەدەوڵەتە دیموکراسییەکاندا، بەهۆی گەشەی بەرچاوی ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسییەوە بوو.

دروستبوونی ئەم ئەنجومەنەیش، لەدەوڵەتانی سکەندەنافی دەستیپێکردو یەکەمین ئەنجومەن لەسوید لەساڵی ١٩١٦ دامەزرا، لەفینلەندا ١٩٢٧، نەرویج ١٩٢٨، بریتانیا ١٩٥٠، هۆڵەندا ١٩٦٠، دانیمارك ١٩٦٤، هندستان ١٩٦٥، بەڵام لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەکۆتایی شەستەکان، تەنها ئەنجومەنێکی

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

* ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیە بۆ داکۆکیکردن لەمافی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان لەسەرانسەری دنیادا، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش لە٢٠٠٦/٥/٢٨ لەئەندامی بەشدارەوە بوە ئەندامی کارا لەو ڕێکخراوە، بەمەیش بوە یەکەمین سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی گەلێکی بیٚ دەوڵەت کە ئەندامی کارای فیدراسیۆن بێت. پەیماننامەکەیشی لەلایەن ئەنجومەنی جیهانیی فیدراسیۆنەوە راگەیەنراوەو دواتر لەساڵی ١٩٨٦ لەلایەن هەمان ئەنجومەنەوە هەمواركراوە.

(٢) بڕوانە: (پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، خاڵی ٢).

لۆكاڵی رۆژنامەنووسی سەریهەڵداو لە١٩٧٣ ئەنجومەنی هەواڵی نیشتمانی دامەزرا، كە سەنتەرەكەی لەنیویۆرك بوو، ئەمەیش یارمەتیدەری بنچینەیی بوو بۆ لەسەر پێ وەستانی[(١)].

ئێستایش تەنها كەمتر لە٥٠ دەوڵەت لە٢٠٠ دەوڵەتی دنیا كە سیستمێكی پێشكەوتووی ماس كەمیونیكەیشن* (الاتصال الجماهیری) یان هەیە، خاوەنی پەیماننامەی ئێتیكی پیشەن، بەشێوەیەكی كارا كاریگەرییان لەسەر رۆژنامەنووسان هەیەو لێشاوی بێقەیدو مەرجی میدیا دەپارێزن[(٢)].

تێبینی دەكرێ ئەو ئەنجومەنە، ئەنجومەنێكی رۆژنامەنووسیی ناحكومییە، بەڵكو بەنوێنەرایەتیی رایگشتی، پەیڕەوی جۆرێ لەچاودێریی پیشەییو ئێتیكی دەكات، پێبژاردن بەسەر سەرپێچیكاران دەسەپێنێت، هاوسەنگی لەنێوان ئازادیی رۆژنامەنووسیو مافی تاكەكان رادەگرێت[(٣)].

### ٣. ٣. ٩: رۆژنامەنووسانی هەرێمی كوردستانو پەیماننامەی شەرەف

سەبارەت بەبوونی پەیماننامەیەكی شەرەف بۆ رۆژنامەنووسانی كوردستان، رێژەیەكی زۆری رۆژنامەنووسان لەسەری رێككەوتبێتنو پابەندی بن، تاوەكو ساتەوەختی نووسینی ئەم توێژینەوەیەیش بوونی نیە، تەنانەت دەتوانین بڵێین، بەشێوەیەكی دیارو ئاشكرا لەهەرێمی كوردستانو لەماوەی ١٧ ساڵی رابردوودا (١٩٩١– ٢٠٠٨) شتێك بە رونی لای رۆژنامەنووسان بەناوی پەیڕەوكردنی پێوەرو پرەنسیپەكانی ئێتیكی كاری رۆژنامەنووسی نەبوەو نیە. هاتنە ئاراو كەوتنە بەر باسی خودی چەمكو زاراوەی ئێتیكی كاری میدیایی–یش لەهەرێمی كوردستاندا پتر دەگەڕێتەوە بۆ كردنەوەی بەشی راگەیاندن لەزانكۆی سلێمانیو بوونی وانەیەك بەو ناونیشانەو دواتر پەرەسەندنی لەبەشەكانی تری تایبەت بەراگەیاندنو

---

(١) د. محمد سعد إبراهیم: سەرچاوەی پێشوو، ص٣١٥.

* ماس كەمیونیكەیشن: كەمیونیكەیشنی ئاشكراو رێكخراوە، لەهۆكاری كەمیونیكەیشنی زانراوی جەماوەرییەوە بۆ بەرفراوانی جەماوەری، دەردەكەوێت. بڕوانە: (د. فضیل دلیو: الإتصال مفاهیمە ونظریاتە ووسائلە (القاهرة: الفجر للنشر والتوزیع، ٢٠٠٣)، ص٢١).

(٢) د. امال سعد المتولي: مدخل إلي الصحافة، (ب. م: ب. د، ب. س)، ص١٨٥.

(٣) د. محمد سعد إبراهیم: سەرچاوەی پێشوو، ص٣١٥.

ڕۆژنامەنووسی لەزانکۆو پەیمانگاکاندا[*]، هەرچەندە ئەکادیمیای کوردی لەو بوارەدا لەسەرەتادایەو هەنگاوەکان لەو ڕووەوە بەرایین، وەك پێویستیش نەیتوانیوە خانەی کتێبخانەکان پڕبکاتەوەو، کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر واقیعی میدیاکە هەبێت، بۆیە هەژاریو کەموکوڕیی بەرچاو لەبوونی توێژینەوەی زانستیو ئەکادیمیی بەزمانی کوردی لەسەر ئەو لایەنە، وەك زۆربەی لایەنەکانی دیکەی زانستی ڕاگەیاندن، بەدیدەدەکرێت.

هەروەك بارودۆخی ئابووریو سیاسیو بەتایبەت شەڕی ناوخۆ فاکتەرێکی کاریگەر بوو بۆ دروستنەبوونی ڕێکخراو و سەندیکایەکی یەکگرتوو بۆ ڕۆژنامەنووسان، وێڕای بوونی چەندین هەوڵ لەبەرگی دەستەو سەندیکاو یەکێتیو ئەنیستیتۆو کۆمەڵەو کۆمیتەو گروپو... تاد بۆ کۆکردنەوەی ڕۆژنامەنووسانو داکۆکیکردن لەمافەکانیان، یان بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەییان[+]، هەروەها نەبوونی ئەنجومەنێکی باڵای ڕۆژنامەنووسی، یان ڕاگەیاندن لەهەرێمی

---

* هەریەك لەبەشی ڕۆژنامەنووسی لەپەیمانگای تەکنیکیی سلێمانیو بەشی ڕاگەیاندن لەپەیمانگای تەکنیکیی هەولێر لەساڵی خوێندنی (١٩٩٩–٢٠٠٠)و بەشی ڕاگەیاندن لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٠–٢٠٠١)و بەشی ڕاگەیاندن لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٦–٢٠٠٧) کراونەتەوە.

+ لە٢٨/١٠/١٩٩٥ لەشاری هەولێر (دەستەی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد) دروستبوو، پاشان بەکاریگەریی شەڕی ناوخۆو دوو هەرێمیو دوو ئیدارەیی، دوچاری لاوازبوون، ئینجا هەڵوەشان هات. لە١٧–١٨/٢/١٩٩٦ لەوڵاتی ئەڵمانیا بۆ پێکهێنانی (یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) کۆبوونەوە کرا. لە٢٧–٢٨–٢٩/١٢/١٩٩٨ لەشاری هەولێر (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) دروستبوو. لە٢٢/٤/٢٠٠٠ لەشاری سلێمانی (یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) دروستبوو. لە١٤/١٢/٢٠٠٣ لەشاری هەولێر یەکێتیو سەندیکای ڕۆژنامەنووسان یەکیانگرتو (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) یان دامەزراند. لەحوزەیرانی ٢٠٠٣ (ئەنیستیتۆی ڕۆژنامەوانی جەنگو ئاشتی IWPR) کە ڕێکخراوێکی خێرخوازی سەربەخۆی قازانج نەویستەو بارەگاکەی لەلەندەنە، هاتە عیراقو هەرێمی کوردستان. لەمانگی نیسانی ٢٠٠٦ هەوڵێك بۆدروستکردنی یەکێتیەکی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد درا، بەڵام تەنها لەقاڵبی ئیمزا کۆکردنەوەدا مایەوەو سەرینەگرت. لە٩/٩/٢٠٠٥و لەژوری ئەلیکترۆنیی پاڵتاك کۆنفرانسێك بۆ دامەزراندنی (یەکێتیی کوردستانی ڕۆژنامەنووسیی ئەلیکترۆنی) بەسترا. لە١٩/٦/٢٠٠٦ (کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمیی کوردستان) ڕاگەیەنرا، بەڵام دوایی هیچ چالاکییەکی نەبوو و دەنگی نەما. لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٦ (کۆمیتەی بەرگری لەڕۆژنامەوانانی کوردستان) دامەزراو دوای پێشکەشکردنی داوای مۆڵەت لەوەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمو ١٠ مانگ چاوەڕوانیو نەبوونی وەڵام، لە٧/١١/٢٠٠٧ لەوڵاتی سوید مۆڵەتی بۆ کارکردن لەئەوروپا، وەرگرت. لەنیسانی ٢٠٠٧ (گروپی ڕاچەنین) دروستبوو. لە٣/١١/٢٠٠٧ (دەستەی بەرگری لەئازادیی ڕادەربڕین) لەشاری سلێمانی دروستبوو.

کوردستاندا* بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کاری میدیا بکاتو پەیماننامەی شەرەف گەڵاڵەبکاتو بەمەبەستی زامنکردنی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیدا، دیسانەوە بۆشاییەکی تری ناوەندی میدیایە لەهەرێمەکەدا. بەڵام ئەگەر بەوردی لەمادەی بیستەمی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان- هەموارکراو ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨(+) بڕوانین، کە دەکاتە برگەی دوەم (پابەندیەکان)(×) لەفەسڵی چوارەمدا، وێڕای پێشاننەدانی وەکو پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسی، ١٠ خاڵ دەبینین، کەوا لەدوای برگەی (مافەکان) هاتونو،

---

* لەناو پرۆژە یاسای راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان، کە پێشکەشی پارلەمانی کوردستان کراوە بۆ گفتوگۆ لەسەرکردنی، باس لەدامەزراندنی ئەنجومەنێکی باڵای راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان کراوە. بڕوانە: (پرۆژە یاسای راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان، بەشی دوەم: مادەکانی ٢، ٣، ٤، ٥، ٦).

+ بەبڕیاری ژمارە ١١و مێژووی ١٩٩٨/٤/٢٢، پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی برگە ٣ی مادە ٢ لەیاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٧ بەئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی لەدانیشتنی ژمارە ١٠ی رۆژی ١٩٩٨/٤/٢٠ یاساکاری کردوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی داوە.

× دوەم: پابەندیەکان:

نابێ رۆژنامەنووس ئەمکارانە بکات:

١- ئەوەی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە، یان دادگاکان گرتوویانەتە ئەستۆ، کە کاردەکاتە سەر رێڕەوی لێکۆڵینەوە، یان دادگاییکردن.

٢- ئەنجامدانی ئەو پیشەیە بەبێ تازەکردنەوەی بەشداربوون لەسەندیکادا بەپێی ئەم یاسایە.

٣- بەکارهێنانی هەر هۆیەك، یان رێگەیەك بەمەبەستی قازانجی ناڕەوا.

٤- وەرگرتنی پیتاك بەبێ رەزامەندیی ئەنجومەن.

٥- ناوبانگ زڕاندنی پیشەکەو ئاشکراکردنی نهێنیەکانی، یان هەڕەشەکردن لەهاونیشتمانیان بەهەر رێگاو شێوەیەك بێ لەشێوازەکانی رۆژنامەنووسی.

٦- شلۆقکردنی متمانە بەرژێمی فیدراڵی لەکوردستانی عیراقداو شێواندنی ئاسایشی هاووڵاتیان بەرێگای راستەوخۆ بێ، یان ناڕاستەوخۆ، هەروەها وروژاندنی غەریزەکانی جەماوەر بەهەر رێگایەك بێ.

٧- قۆزتنەوەی وشەی نووسراو، یان نێردراو، قۆزتنەوەیەکی (تایبەتی) بۆ سودی تایبەتیو زیانبەخش بێ بەخەڵکی تر، یان خۆ لەخەڵك گۆڕین (انتحال صفە)، یان هەڵگرتنی فیکرەیەكو زەرەرگەیاندن بەرەوشتو نیزامی گشتی.

٨- بەهەڵەبردنی جەماوەر بەزانیاریی نادروستو لێکدانەوەی رووداوەکان، بەجۆرێك دووربێت لەدەستپاکی، یان بڵاوکردنەوەی نادڵنیایی لێیان.

٩- وەرگرتنو هەڵێنجان (إقتباس) لەبەرهەمی کەسانی تر بەبێ ئاماژەکردن بەخاوەنەکەی، یان سەرچاوەکەی.

١٠- قۆزتنەوەی رۆژنامەنووسی بۆ تانەلێدانو سوکایەتێکردن بەپیرۆزییو رێوڕەسمە ئاینیو نیشتمانیەکان. بڕوانە: (یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان- هەموارکراو، هەولێر: بڵاوکراوەکانی سەندیکا زنجیرە ٢، ٢٠٠٥، ل ل١٩-٢٠).

گوزارشت لەپابەندبوونەکانی ئەندامی ئەو سەندیکایە دەکەن‌و دەکرێ وەك جۆرێك لەپەیماننامەی شەرەف ئەندامانی سەندیکای رۆژنامەنووسان سەیربکرێت، نەك (پەیماننامەی شەرەف رۆژنامەگەریی کوردستانی)، وەکو دکتۆر کەمال سەعدی لە(ئازادیی رۆژنامەگەریی‌و ئەخلاقی پیشە)دا نووسیویە[1]، چونکە وەکو لەپێشتردا رونمانکردۆتەوە، ئەو پابەندییانەی نێو یاساکە، تەنها بۆ ئەندامانی سەندیکایە، نەوەك بۆ گشت رۆژنامەنووسان، بۆیە ناکرێت ئەمە بەپەیماننامەیەکی رەسمیی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بژمێردرێت.

### ٣. ٣. ٩. ١: (بڕوانامەی شەرەفی کاری رۆژنامەوانیی "گۆڤاری لڤین")

لەزۆربەی وڵاتاندا، بەتایبەت وڵاتانی پێشکەوتوو، زۆر لەرۆژنامە، گۆڤار، یان دەزگا میدیاییەکان خاوەنی پەیماننامەی شەرەفی تایبەت بەخۆیان‌و رۆژنامەنووس‌و کارمەندانی لەسەر رێککەوتون، واتە کردویانەتە دەستورێکی ئێتیکیی کارکردنیان‌و لەسەری دەڕۆن، بەڵام هێشتا ئەمە لەهەرێمی کوردستاندا نەبوەتە نەریت، ئەوەی هەیە تەنها گۆڤاری (لڤین) ە کە لە٢٠٠٦/١١/٢١ پەیماننامەیەکی شەرەفی گەڵاڵەکردوە، پێکهاتوە لەپێشەکیەك‌و راگەیاندنی پابەندیی گۆڤارەکە بە١٧ بنەما، هەروا داڕشتنی ٢٣ پێوەری ئێتیکی بۆ رۆژنامەنووسانی خۆی.

لەپێشەکی پەیماننامەکەدا هاتوە: "ئەم بڕوانامەیە لەهەر کەسێکی کارکردو لە(لڤین)دا دەخوازێت، کە پابەند بێت بەبڕگەکانیەوەو لادان لێیان پێشێلکردنی ئەم بڕوانامەیە دەبێت، کە تەنها بەکارکردنمان لە(لڤین)دا، دەبێتە پەیماننامەیەکی پیشەیی وەها کە ئەگەری پاشگەزبوونەوە ناخوازێت"[2]، بەمەیش گۆڤارەکە بوە خاوەنی یەکەمین پەیماننامەی شەرەفی کاری رۆژنامەنووسی لەمیدیای کوردیدا.

---

(١) بڕوانە: (د. کەمال سەعدی: ئازادیی رۆژنامەگەری‌و ئەخلاقی پیشە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٠–٢١).

(٢) بڕوانە: (بڕوانامەی شەرەفیی کاری رۆژنامەوانیی (گۆڤاری لڤین)، چاپنەکراوە، ل٢).

**٣. ٣. ٩. ٢: پـــرۆژەی ( ئـــازادیی رادەربـــڕین و بەرپرســـیارێتی لەنووســـینی کوردیدا )**

رۆژی ٢٠٠٧/٤/٥ لـــەهۆڵی هۆتێـــل هـــەورامان لەشـــاری هـــەولێر، ژمارەیـــەك لەرۆژنامـــەنووس و رۆشـــنبیر، مامۆســـتایانی زانکـــۆو نوێنـــەری دەزگاکـــانی میـــدیای کـــوردیی هـــەرێمی کوردســـتان بـــۆ وتووێـــژ لەســـەر پـــرۆژەی (ئـــازادیی رادەربـــڕین و بەرپرســـیارێتی لەنووســـینی کوردیـــدا) کۆبوونـــەوە، وەك لەراگەیـــەنراوی کۆتـــایی کۆبوونەوەکەدا هاتوە: "دوای هەڵسەنگاندنی بـاری رۆژنامەگـەریی کـوردیی ئـەمڕۆ لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم، لەروی زمانی دەربـڕین، دیـاردەی توندوتیـژیو زبـری لەنووسیندا، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، کە هەموولایـەك، بەبەنـدەکانی ئێتیکـی رۆژنامەنووســی، رێــزی بەرابــەری، پاراســتنی تایبەتمەنــدیی ژیــانی کەســایەتی، هاننەدانی توندوتیژی پابەندبن و داکۆکی لەئازادیی رۆژنامەنووسیو بەیاساییکردنی پرۆسەی رۆژنامەنووسی لە(کوردستان)دا بکەن"[1]. وەکـچۆن کۆبوونەوەکـە چـەند راسپاردەیەکی دەرکـردو خـاڵی یەکـەم باسـی پێکهێنـانی کۆمیتەیـەك دەکـات بـۆ داڕشتنی پەیماننامـەی تایبـەت بـەکاری رۆژنامەنووسـی لەکوردسـتان[2]، بـەڵام تـا ساتەوەختی نووسینی ئەم توێژینەوەیەیش پەیماننامەی لەوجۆرە گەڵاڵەنەکرا.

**٣. ٣. ٩. ٣: ( بەیاننامەی کاری رۆژنامەنووسی )**

رۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٣ بـــەئامادەبوونی ١٠٠ رۆژنامـــەنووس و رۆشـــنبیر، (گروپـــی راچەنین) بەهاوکاری بەشی میدیای ئازاد لـەوەزارەتی دەرەوەی ئەمـەریکا ICSP لـــەهۆڵی هۆتێـــل چوارچـــرا لەشـــاری هـــەولێر، کۆنفرانـــسێکی ســـازکردو تێیـــدا پەیماننامەیەکی شەرەفی بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان بەناوی (بەیاننامـەی کـاری رۆژنامەنووسی) کـە لـەنۆ پێـوەر پێکهـاتوە، گەڵاڵـەکرد[3]. **بڕوانـە پاشـکۆی (١٢) تایبەت بە(بەیاننامەی کاری رۆژنامەنووسی).**

---

(١) کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە ٤٢٣٥، هەینی ٢٠٠٧/٤/٦، ل٢.
(٢) هەمان سەرچاوە.
(٣) رێبازی ئازادی (رۆژنامە)، ژمارە ٤٧٢، سێشەممە ٢٠٠٧/٥/٦، ل٢.

### ٣. ٣. ٩. ٤: پرۆژەی ( پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسانی کوردستان )

لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٧یش رۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ (هێرش رەسوڵ) بەسودوەرگرتن لە(جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤو پێوەرە گشتیەکانی ئێتیکی کاری رۆژنامەنووسی لەدنیاو، خاڵە بنەڕەتیەکانی: پەیماننامەی نێودەوڵەتیی شەرەفی رۆژنامەنووسی کە یونسکۆ گەڵاڵەیکردوە، پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان، پەیماننامەی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی جیهانی "سوێندی رۆژنامەنووس"، پەیماننامەی شەرەفی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسە پرۆفێشناڵەکان، بنەماکانی ئێتیکی رۆژنامەنووسیی کۆمەڵەی سەرنووسەرانی رۆژنامەکانی ئەمەریکا، پەیماننامەی شەرەفی یەکێتیی نەتەوەیی رۆژنامەنووسانی ئێزگە/ ئەزەرتکا، پەیماننامەی ئێتیکی هەواڵی ئێزگەیی رێکخراوی دەرهێنەرانی هەواڵی ئێزگەو تەلەفزیۆن، رێساکانی کاری ئێتیکی رۆژنامەنووسیی بەڕێوەبەرانی نووسین لەئاژانسی ئاسۆشێتدپرێس، پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسانی چەند وڵاتێکی دەوروبەر) پرۆژەیەکی بۆ گەڵاڵەکردنی (پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسانی کوردستان) پێشنیارکردوە، کە لە١٨ خاڵ پێکدێتو داوای لەرۆژنامەنووس و رۆشنبیرو ئەکادیمییان کردوە گفتوگۆی جیددی لەسەر بکەنو دواجار پەسەندی بکەن[1]. **بڕوانە پاشکۆی (١٣) تایبەت بە(پرۆژەی پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسانی کوردستان).**

### ٣. ٣. ٩. ٥: بوونی پەیماننامەی شەرەفو رۆڵی لەچەسپاندنی ئێتیک لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا

ئەوەی لێرەدا پرسیارە ئەوەیە، ئایا بوونی پەیمانی شەرەفی بۆ کاری رۆژنامەنووسانی کوردستان، دەبێتە تاکە پێوەر بۆ چەسپاندنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی رۆژنامەنووسی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا؟ لەوەڵامدا دەتوانین بڵێین: نەخێر، وەکو لەباسەکانی تریشدا ئاماژەمان پێداوە، لەبەرئەوەی تاکو ئێستا راگەیاندنی کوردی نەبوەتە ئەو هێزە کاریگەرو دەسەڵاتە چاودێرەی بۆ سەر سێ

---

(١) هێرش رەسوڵ: پرۆژەیەک بۆ گەڵاڵەکردنی پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسانی کوردستان، هاوڵاتی (رۆژنامە)، ژمارە ٣٨٢، چوارشەممە ٢٠٠٧/١٢/٢٦، ل١٨.

دەسـەڵاتەکەی تـر پێویستەو زۆربـەی کـات بەرژەوەندییـەکان، جـا بەهـەر نـاو و بەرگێکەوە دەرکەون، بەڕێوەیدەبەن، لەو بارەیشدا لەکاری پیـشەو پـەیڕەوکردنی پیشەییشدا شتێك بەناوی پەیماننامەی شەرەفی کاری ڕۆژنامەنووسی نامێنێتەوە.

وەکچۆن لەبەرچاوگرتنی پرەنـسیپەکانی ئێتیکـی پیـشەو بـوونی پەیماننامـەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی، پتر مەسەلەیەکی ئێتیکیو بڕوابوونێکی ویژدانیی خـودی ڕۆژنامەنووس خۆیەتی، وەك لەگەڵاڵەنامەیەکی پابەنـدیو سـزادار، لەکاتێکـدا ئـەم ویژدانە تائەندازەیەکی بەرچاو لای ڕۆژنامەنووسی کورد ونە، یاخود جێگەی بایـەخ نیە.

## ٣. ٣. ١٠: هۆکارەکانی ڕەچاونەکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیك لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا

لەبەرچـاو نـەگرتنی پرەنـسیپەکانی ئێتیـك لەڕۆژنامەنووسـیی کوردیـدا، یـان پێشێلکردنی مافـو ناوبانگی ئـەوانیتر لەلایـەن ڕۆژنامەنووسـانەوە، (کـە هەنـدێجار ئـەو ڕۆژنامەنووسـیە لەسـنورەکانی "ڕۆژنامەنووسـیی زەرد"* نزیکدەکاتـەوە)، پەیوەندیی بەچەند هۆکارێکی گەوهەرییەوە هەیە[1]:

* ڕۆژنامەنووسیی زەرد (الصحافة الصفراء–Yellow Journalism) زاراوەیەکە بۆ ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بەکاردێت کە تایبەتمەندێتیان لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی وروژێنەر بەهۆی بەهایان لای مرۆڤ، وەرگرتوە، کەوا ئەو هەواڵانە حەزەکانی مرۆڤ دەدوێنن. واتە ئەوجۆرە میدیایانە، تەنها بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی ئابڕووبەری، سێکسی، تاوانکاریو ژیانی تایبەتی، ناوبانگی باش پەیدادەکەن. مێژووی ئەم ناونانەیش بۆ ساڵی ١٨٩٣ دەگەڕێتەوە، کاتێك (جۆزیف پۆلیتزەر) ڕۆژنامەی (New York World)ی دەرکرد، کە تایبەتمەندێتی لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی ئابڕووبردنو نهێنیی ژیانی تایبەتیو تاوانو سێکس وەرگرتبوو، ڕەنگی لەچاپکردنی ژمارەی ڕۆژی یەکشەممەدا بەکاردەهێنا، ڕەنگی زەردیشی تایبەت کردبوو بەوجۆرە هەواڵانە، لەهەمانسەردەمدا (ویلیام ڕاندۆڵف هیرستا) ڕۆژنامەی (New York Journal)ی بڵاوکردەوەو لەگەڵ ڕۆژنامەکەی پۆلیتزەردا لەسەر زیادکردی تیراژ کەوتە ململانێ، ئینجا پۆلیتزەر لەڕۆژنامەکەی خۆیدا کەسێتیەکی کارتۆنی دروستکرد، پێیاندەوت: منداڵی زەرد The Yellow kid، دوای ئەمەیش کاریکاتێریستێك هەردوو کەسێتیە هاوشێوەکەی پێسپێردرا. ئینجا ڕۆژنامەی دیکەیش بۆ بۆ ڕەواجپەیداکردنیان پەیڕەوی ئەوەیانکردو برەویان بەڕۆژنامەنووسیی زەردردا. بڕوانە: (ڕۆژنامەوانی زەردو ئەخلاقی میدیایی (گفتوگۆ لەگەڵ د. یونس شوکرخوا)، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، ڕۆژنامەنووس (گۆڤار)، ژمارە ٨، ٢٠٠٦، ل١٣٥؛ د. کرم شلبی: سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٢٧).

(١) هێرش ڕەسوڵ: پرۆژەیەك..، سەرچاوەی پێشوو.

یەکەم: بەدەسەڵاتنەبوونی میدیا لەکوردستانو نەبینی رۆڵی چاودێر بەسەر سێ دەسەڵاتەکەی ترەوە، ئەمەیش بەکاریگەریی هۆکارگەلی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو... تاد.

دووەم: پرۆفێشناڵنەبوونو لاوازیی کاری پیشەییو کەم شارەزایی، چونکە تا ئێستا لای ئێمە رۆژنامەنووسی زیاتر حەزو ئارەزووە، نەك پیشەو خوێندن.

سێیەم: نەبوونی پەیماننامەیەکی شەرەف پیشە، کە رێژەیەکی زۆری رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لەسەری کۆکبوونو پابەندبن پێیەوە.

چوارەم: نەبوونی ئەنجومەنێکی باڵای رۆژنامەنووسی، یان راگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کاری میدیا بکاتو پەیماننامەی شەرەف گەڵاڵە بکاتو، بەمەبەستی زامنکردنی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیدا، دیسانەوە بۆشاییەکی تری ناوەندی میدیایە لەهەرێمەکەدا.

بەهۆی بایەخی پرسی رەچاوکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیکیشە لەپیشەی رۆژنامەنوسیدا، فیلێ برۆکس*، رایوایە: "لەو وڵاتانەی لەسەرەتای گەشەکردنی دیموکراسیدان، دەبێت رۆژنامەنووسان کار بۆ پەرەپێدانی ئێتیكو ستانداردی پیشەکەیان بکەنو خۆیان چوارچێوەی رەفتارو کارکردنیان دابنێن"[1].

---

* پرۆفیسۆرو مامۆستای رۆژنامەنووسیە، لەهەردوو زانکۆی ئیسپانیاو هیندستان وانەی رۆژنامەنووسی وتۆتەوە. بەڕێوەبەری دیراساتی ریپۆرتە لەزانکۆی میسوری بۆ رۆژنامەنووسی. ماوەی ٤٠ ساڵە کاری رۆژنامەنووسی دەکاتو پەیامنێری کەناڵی CBSو NPR بووەو هەواڵەکانی کۆنگرێسی رومالکردوە، لەچەندین وڵاتدا کاری رۆژنامەنووسی کردوە.

(١) گوڵان (سازکردن): گوڵان باری رۆژنامەگەریی ئەمڕۆی جیهان لەگەڵ رۆژنامەنووس برۆکس تاوتوێدەکات، گوڵان (گۆڤار)، ژمارە ٧٢٩، ساڵی پازدەیەم، ٢٠ی نیسانی ٢٠٠٩، ل٤٢.

## ٣. ٣. ١١: كۆتـايى

بـــوونى پەيماننامـــەى شـــەرەفى كـــارى رۆژنامەنووســـيى‌و رەچـــاوكردنى پرەنسيپەكانى ئێتيك، هاوشان لەگەڵ پيـادەكردنى مـافى ئـازاديى رادەربـڕين دێـت بەبەرپرسيارێتيەوە، ئەم پابەندبوونەيش بەكردنەوەى هـەموو دەرگـا داخراوەكـان بـەهێزتردەبێت، هەربۆيـە، ئێتيكـى كـارى رۆژنامەنووسـى، جـەخت لەسـەر ئـەوە دەكاتەوە، لەگەڵ ئـەوەى پرەنـسيپى (مـافى زانـين)* بـۆ هاووڵاتيـان‌و خـستنەڕوى زۆرترين زانيارى بۆيان لەبەرچاوبگيرێت (لەزۆر وڵاتانى پێـشكەوتووى دنيـادا، مـافى زانين لەچوارچێوەى ياساى تايبەتدا داڕێـژراوەو دەقنووسـكراوە، بـەڵام تـا ئێـستا

* مـافى زانـين (الحـق في المعرفـة– The Right to Know) ئـەنجامێكى سروشـتيى مـافى رادەربڕينــە، پرەنــسيپێكە بــۆ يەكــەمينجار لەلايــەن كێنــت كــۆپێر Kent Cooper بەڕێوەبەرى ئاژانسى ئاسۆشێتدپرێسى ئەمەريكيـەوە لـەدواى دوەمـين جـەنگى جيهانييـەوە بەكارهات، كاتێك كۆپێر رەخنەى لەسانسۆرى حكومى گرت، لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەى دەبنە هۆى بەرگرتن لەگەشەسەندنى ئازاديى ئەو زانياريیانەى لـەبارەى جيهانـەوە هـەن، هـەروەك قـسەى سـەبارەت بـە(مـافى خـەڵك لـەزانين) كـرد، بـەوەى يەكـەمين چـاككارى لەدەسـتورى ئەمـەريكى مافـدەدات كـە بـەئازاديى را دەربـبڕدرىۆ بڵاوبكرێتـەوە، لەبەرئـەوە مـافى خـەڵك لەزانيندا ئەركى زانـينى ئەوانـەى لەئۆرگانـە حكوميەكانـدا كاردەكـەن دەداتـە ناوەنـدەكانى ميديا پێشكەشى خەڵكيان بكەن. بڕوانە: (ژان پـۆل مـارتۆز: سەرچـاوەى پێـشوو، ل١٣؛ د. حـسن عمـاد مكـاوي: سەرچـاوەى پێـشوو، ص٢١٥. وەريگرتـوە لـە: Fink, Conrad C. Media Ethics in the Newsoom And Beyond (N. Y.: McGraw- Hill, Inc., 1988) P. 11.)

لەهەرێمی کوردستاندا یاسایەکی لەوجۆرە لەئارادا نیە)* ، کە لەبەرپرسیارێتیە گرنگەکانی رۆژنامەنووسە، رونیدەکاتەوە، رۆژنامەنووس پێویستیی بەرەچاوکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیكو پابەندبوونی ویژدانی ئەو پرەنسیپانە هەیەو لەکارە یەکەمینەکانی پیشەکەیەتی، بەو مانایەی ئێتیکی رۆژنامەنووسی، چوارچێوەیەك بۆ کاری رۆژنامەنووسی دروستدەکاتو وا دەکات لەسایەی ئازادیی رادەربڕینیشدا، لەهەموو دەرگاکان نەدرێتو رۆژنامەنووس بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ پیشەکەیدا بکات. **بڕوانە پاشکۆی (٥) تایبەت بە(چەند نمونەیەك لەرەچاونەکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشە لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا).**

* لەمانگی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ دوو هەوڵ بۆ گەڵاڵەکردنی یاسایەك سەبارەت بەمافی زانین لەهەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی پرۆژە یاسادا هەیە، بەو نیازەی بۆ پەسەندکردن پێشکەشی پارلەمانی کوردستان بکرێن، یەکەمیان لەلایەن پارلەمانتاری کوردستانو پارێزەر (سەردار هەرکی) ئامادەکراوە بەناوی (پرۆژە یاسای کازیوە)، لەپێنج بەشو ٢٢ مادە پێکهاتوە، بڵاونەکراوەتەوە. دوەمیان لەلایەن رۆژنامەنووس (مەجید ساڵح) ئامادەکراوە بەناوی (پرۆژە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری)، لەپێنج بەشو ٣٣ مادە پێکهاتوە، لەرۆژنامە (رۆژنامە)، ژمارە ١١٥، رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٧/١٢/٩، ل١١ بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی چوارەم (مەیدانی):
# ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا

**(سنوری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا، لەگۆشەنیگای رۆژنامەنووسانەوە)**

## باسی یەکەم
## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی فۆرمی را پرسیی توێژینەوەکە

## باسی دووەم
## خستنەڕووی ئەنجامی زانیاریی بەشداربوان

## باسی یەکەم

# هەنگاوەکانی ئامادەکردنی فۆرمی را پرسیی توێژینەوەکە

بەمەبەستی ئامادەکردنی فۆرمی راپرسیەکە بۆ توێژینەوەکە، بەشێوەی کۆتاییو دەستنیشانکردنی سنوری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان، لەگۆشەنیگای رۆژنامەنووسان خۆیانەوە، توێژەر چەند هەنگاوێکی ناوە:

**یەکەم**: دابەشکردنی فۆرمێکی سەرەتایی زانیاریی کۆکردنەوە (إستطلاعي):

وەك سەرەتایەك بۆ ئامادەکردنی فۆرمێکی کۆتایی، توێژەر فۆرمێکی سەرەتایی زانیاریی کۆکردنەوەی ئامادەکرد کە لە ٥ پرسیار پێکهاتبوو، هەر پرسیارێك لەناوەرۆکدا، زیاتر لەپرسیارێکی هەڵگرتبوو، تاکو رۆژنامەنووسەکە والێبکات رای خۆی لەسەر بابەتەکە بنووسێت، ئەمەیش لەپێناو دۆزینەوەی رەهەندی دیکەی بابەتەکەو ئامادەکردنی بڕگەی زیاتر پەیوەست بەبابەتەکە، بەوجۆرە توێژەر فۆرمە سەرەتاییەکەی بەسەر ٣٠ رۆژنامەنووسی ٧ رۆژنامەی جیاوازی رۆژانەو هەفتانەدا دابەشکرد. **بڕوانە پاشکۆی (١) تایبەت بە(فۆرمێکی سەرەتایی زانیاریی کۆکردنەوە).**

**دووەم**: کۆکردنەوەی فۆرمەکانو داڕشتنەوەیان:

توێژەر، ئەو فۆرمە سەرەتاییانەی بەسەر ٣٠رۆژنامەنووسەکە دابەشیکردبوو، کۆیکردنەوەو سەرلەنوێ پرسیارو بڕگەکانی بە سودوەرگرتن لەوەڵامەکانی ئەوان داڕشتەوە.

**سێیەم**: داڕشتنی بڕگەی نوێ لەسەر بنەمای وەڵامی رۆژنامەنوسان:

دوای وەرگرتنەوەی فۆرمە سەرەتاییەکانو خوێندنەوەی وەڵامی رۆژنامەنووسانو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پرسیارو بڕگەکان، توێژەر، جارێکی تر

برگـەی نـوێی لەسـەر بنـەمای وەڵامـەکانی ڕۆژنامەنووسـان دارشـت، سـنوری فۆرمەکەی بەشێوەیەك فراوانکرد، لەرەهەندو تێڕوانینی جیاوازەوە بگاتـەوە سـەر بابەتی سەرەکیی توێژنەوەکە، هەروەها پاشکۆیەکیشی بۆ رونکردنەوەی برگـەکان هاوپێچکرد، کە بریتیبوو لە دەقی ئەو بەندو برگە یاساییانەی لەبرگەکاندا هاتبون، لەگەڵ دەقێکی پێشنیازکراو وەك پەیماننامەی شەرەف رۆژنامەنووسان.

**چـوارەم:** پێـشکەشکردنی فـۆرمی راپرسـیەکە بەچـەند پـسپۆرێك، بەمەبەسـتی دەرهێنانی راستی لەرێگەی راستیی رواڵەتی (صدق الظاهري):

توێـژەر، ئـەو فۆرمـە کۆتاییـەی ئامـادەیکرد کـە پێکهـاتبوو لـە ١٠ پرسـیاری زانیـاریی گـشتیی دەربـارەی ئـەو رۆژنامەنووسـەی وەڵامیدەداتـەوەو ٣٨ برگـەی پەیوەنددار بەبابـەتی توێژینەکـە، بەمەبەسـتی هەڵـسەنگاندنیو پێدانی سـەرنجی پێویـستو دەسـتکاریکردن، یـان گـۆڕین، یـاخود لابـردنو دانـانی برگـەی تـر، پێشکەشی ٧ پسپۆڕی کرد. **بڕوانە خشتەی (٢).**

***خشتەی (٢)***

**ناوی پسپۆڕو پلەی زانستیو شوێنی کاریان**

| **ناوی پسپۆر** | **پلەی زانستی** | **شوێنی کار** |
|---|---|---|
| د. مظفر مندوب العزاوي | پرۆفیسۆر | زانکۆی بەغداد |
| د. علي عبدالجبار الشمري | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی |
| د. وسام فاضل راضي | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی بەغداد |
| د. محمود محمد سليمان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی |
| د. عبدالسلام أحمد السامر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی بەغداد |
| د. رعد جاسم حمزة | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی بەغداد |
| د. طالب عبدالمجيد علاوي | مامۆستا | زانکۆی بەغداد |

**پێنجەم:** دەرهێنانی رێژەی سەدیی سەرنجی پسپۆڕان دەربارەی فۆرمەکان:

دوای پێشکەشکردنی فۆرمە کۆتاییەکە بەپسپۆڕانو گەیشتنەوەیان، توێژەر سەرجەم تێبینیو هەڵسەنگاندنەکانی بەبایەخەوە خوێندنەوەو رێژەی سەدیی بۆ دەرهێنان، کۆی رێژەی سەدی سەرنجی هەموو پسپۆڕەکانیش کردیە ٩٨,٣٪ کەواتە توانرا پەسەند بکرێ.

**شەشەم:** دەرهێنانی راستیی رواڵەتی (صدق الظاهری)و جێگیریی (ثبات) فۆرمەکە:

لەرێگەی ناردنی فۆرمەکە بۆ پسپۆڕان، راستیی رواڵەتیمان دەرکرد، پاشان بۆ دەرهێنانی جێگیریی فۆرمەکە، ١٠ فۆرممان بەسەر ١٠ رۆژنامەنووسی رۆژنامەیەکی هەفتانەدا دابەشکرد، بۆ هەر فۆرمێك کۆدێکمان دانا، ئینجا فۆرمەکانمان وەرگرتنەوەو لەماوەی هەفتەیەکدا ١٠ فۆرمی ترمان بەسەر هەمان ١٠ رۆژنامەنووسدا دابەشکردو ئەنجامەکەی کردیە ٩٦٪، ئەمەیش بەپێ یاسای سپێرمان. **بڕوانە خشتەی (٣).**

یاسای سپێرمان= ر= ١– ٦ کۆ ف$^{2}$ ÷ ن (ن$^{2}$–١ ) = جێگیری (ثبات)

١– ٦ × ٢٤,٥$^{2}$ ÷ ١٠ (١٠$^{2}$–١) = ٠,٩٦

**خشتەی (٣)**

**نمرەی تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم و زنجیرەی ریزبەندی بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم و جیاوازی س١ و جیاوازی س٢**

| ز | نمرەی تاقیکردنەوەی یەکەم | نمرەی تاقیکردنەوەی دووەم | زنجیرەی ریزبەندی بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی یەکەم | زنجیرەی ریزبەندی بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی دووەم | جیاوازی س١ | جیاوازی س٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٢١ | ١١٥ | ٢ | ٤ | ٢- | ٤ |
| ٢ | ١١٥ | ١٢٠ | ٤ | ١,٥ | ٢,٥ | ٦,٢٥ |
| ٣ | ٩٦ | ١٠٢ | ٨ | ٦ | ٢ | ٤ |
| ٤ | ١١٠ | ٩٨ | ٦ | ٧ | ١- | ١ |
| ٥ | ١١٢ | ١١٠ | ٥ | ٥ | ٠ | ٠ |
| ٦ | ٨٨ | ٩٢ | ٩ | ٨ | ١ | ١ |
| ٧ | ١١٨ | ١١٨ | ٣ | ٣ | ٠ | ٠ |
| ٨ | ١٢٦ | ١٢٠ | ١ | ١,٥ | ٠,٥- | ٠,٢٥ |
| ٩ | ٨٢ | ٨٢ | ١٠ | ١٠ | ٠ | ٠ |
| ١٠ | ٩٩ | ٩٠ | ٧ | ٩ | ٢- | ٤ |
| | | | | | کۆ | ٢٠,٢٥ |

**حەوتەم:** دابەشکردنی دوا دارشتنی فۆرمەکە (شێوەی کۆتایی) بەسەر رۆژنامەنوساندا:

توێژەر، دوای گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانەی سەرەوە دوا دارشتنی فۆرمەکەی بەسەر ستاف نووسینی ناو ٢١ رۆژنامە (٥ رۆژانەو ١٦ هەفتانە) کە سەرجەم رۆژنامە رۆژانەو هەفتانەکانی هەرێمی کوردستانن، دابەشکرد. **بڕوانە پاشکۆی (٢) تایبەت بە(فۆرمی کۆتایی راپرسییەکە).**

**هەشتەم:** دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی شیاو (الوسط الحسابي المرجح) بۆ دیاریکردنی رادەی بەهێزیو لاوازی بڕگەکانو ڕێژەی سەدیی هەڵبژاردنەکانی هەر بڕگەیەكو ڕێژەی سەدیی زانیاریی شەخسیی رۆژنامەنووسەکان:

بەمەبەستی زانینی ئاستی بەهێزی هەر بڕگەیەك لەو بڕگانەی کە توێژینەوەکە لەخۆیگرتوە، توێژەر ناوەندی ژمێرەیی شیاوی بۆ هەموو بڕگەیەك بەمشێوەیەی خوارەوە، دەرهێناوە:

ناوەندی ژمێرەیی شیاو = دوبارەی بەدیلی یەکەم × ٥ + دوبارەی بەدیلی دوەم × ٤ + دوبارەی بەدیلی سێیەم × ٣ + دوبارەی بەدیلی چوارەم × ٢ + دوبارەی بەدیلی پێنجەم × ١ ÷ کۆی بەدیلەکان

بۆ دەرهێنانی دوا نمرەی ناوەندی ژمێرەیی شیاو (درجة الحدة لمتوسط الحسابي المرجح)یش، توێژەر، ئەم یاسایەی خوارەوەی بەکارهێناوە[1]:

دوا نمرە بۆ ناوەندی ژمێرەیی = کۆی بەهای بەهێزیی بەدیلەکان ÷ ژمارەی بەدیلەکان

لەبەرئەوەی پێوانەی راپرسیی توێژینەوەکەیش پێنجی (مقیاس خماسي) بوو، بۆیە توێژەر کۆی بەهای بەهێزیی بەدیلەکانی دابەشی ژمارە ٥ کردوە:

٣ = ٥ ÷ ١+٢+٣+٤+٥

لەم هاوکێشەیەی سەرەوەیشەوە بۆمان دەردەکەوێت، ناوەندی ژمێرەیی شیاوی هەر بڕگەیەك ژمارە ٣ و لە٣ زیاتر بوو، ئەو بڕگەیە بەهێزە، گەر لەژمارە ٣ ش کەمتر بوو، بڕگەکە لاوازە.

لەئەنجامی دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی شیاوی بڕگەکانیش دەرکەوتوە: لەکۆی ٣٨ بڕگە، ٢٥ بڕگە بەهێزو ١٣ بڕگەیش لاوازن. **بڕوانە خشتەی (٤).**

---

[1] ودیع یاسین التکریتي و حسن محمد العبیدي: التطبیقات الاحصائیة وإستخدامات الحاسوب في بحوث التربیة الریاضیة، (موصل: دار الکتب للطبع والنشر، ١٩٩٩)، ص ص١٠٩– ١١١.

## خشتەی ( ٤ )

## ناوەندی ژمێرەیی شیاو و ئاستی بڕگەکان

| ز | بڕگە | ناوەڕاستی ژمێرەیی شیاو | ئاست |
|---|---|---|---|
| ١ | یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی گشتی مافو ئازادییەکانی رۆژنامەنووس دەستەبەر ناکات. | ٣,٢٩ | بەهێز |
| ٢ | یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان یاسایەکی شیاوە. | ٢,٦٤ | لاواز |
| ٣ | رەشنوسی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان یاسایەکی شیاوە. | ١,٩٨ | لاواز |
| ٤ | پێویستە یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی پارلەمانی کوردستان دەستکاری نەکرێو وەکو خۆی بمێنێتەوە. | ٢,٨١ | لاواز |
| ٥ | یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان لەرووی فەراهەمکردنی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ یاسای چاپەمەنیی ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ی حکومەتی عیراقی دا نیە. | ٢,٦٩ | لاواز |
| ٦ | بەندەکانی ٤٣٣و ٤٣٤ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩بۆ سزادان بەتاوانی بڵاوکردنەوە بەکادرێن بەهۆی ئەوەی لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا سزا دیارینەکراوە، ئەم سزایانەش قورسنو لەگەڵ ئازادیی رادەربڕینو میدیاو کۆمەڵگەی مەدەنیو دیموکراسیدا یەکناگرنەوە. | ٤,١٢ | بەهێز |
| ٧ | بڕگەی ٢و ٤ لەمادەی چوارەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ رووبەری ئازادیی رادەربڕینو میدیا لەهەرێمی کوردستان بەرتەسککدەکەنەوە. | ٣,٥٩ | بەهێز |
| ٨ | دژبەیەکی لەنێوان مادەو بڕگەکانی پەیوەست بەئازادیی رادەربڕین لەدەستوری هەمیشەیی عیراقو رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هەیە. | ٣,٦٥ | بەهێز |
| ٩ | لەرووی ئازادیی رادەربڕینەوە دەستوری هەمیشەیی عیراق لەرەشنوسی دەستوری هەرێم باشترە. | ٢,٨٧ | لاواز |
| ١٠ | بەدەقکردنی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسی لەیاسای کاری رۆژنامەنووسییدا زامنی فەراهەمکردنی ئەو ئازادییانە نیە لەواقیعی رۆژنامەنوسیی کوردیدا. | ٣,٦٦ | بەهێز |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | پێویستە ڕۆژنامەنووسان لەداڕشتنی ئەو جۆرە یاسایانەدا بەشداربن. | ٣,٤٦ | بەهێز |
| ١٢ | ڕۆڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەداڕشتنی یاسایەکی لەو جۆرە، ڕۆڵێکی ئیجابیە. | ٢,٧١ | لاواز |
| ١٣ | لەدەزگا ئیعلامییەکانی کوردستاندا ڕێنمایی تایبەت بەسنوری ئازادیی ڕادەربڕین هەیە. | ٢,٥ | لاواز |
| ١٤ | ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا هەیە. | ٢,٦٢ | لاواز |
| ١٥ | ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا ڕێژەییە. | ٤,١٢ | بەهێز |
| ١٦ | دەزگاکانی ئاسایش دەستدەخەنە نێو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا. | ٣,٨٦ | بەهێز |
| ١٧ | دەزگاکانی حکومەت دەستدەخەنە نێو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا. | ٣,٧٨ | بەهێز |
| ١٨ | دەزگاکانی حزب دەستدەخەنە نێو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا. | ٤,٠٥ | بەهێز |
| ١٩ | ڕەوتە ئیسلامییەکان کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی ڕووبەری ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | ٣,٤٥ | بەهێز |
| ٢٠ | دابونەریت کاریگەریی لەسەر بەرتەسککردنەوەی ڕوبەری ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | ٤,١١ | بەهێز |
| ٢١ | ئاینو مەزهەبەدینیەکان کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی ڕوبەری ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | ٣,٩٣ | بەهێز |
| ٢٢ | دەوڵەتانی دراوسێ کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی ڕوبەری ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | ٤,٤٥ | بەهێز |
| ٢٣ | لایەنی ئابوری کاریگەریی لەسەر بەرتەسککردنەوەی ڕوبەری ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | ٣,٩٣ | بەهێز |
| ٢٤ | ناپرۆفیشناڵی لەکاری ڕۆژنامەنووسییدا کاریگەریی لەسەر بەرتەسککردنەوەی ڕوبەری ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | ٣,٦٨ | بەهێز |
| ٢٥ | ڕۆژنامەنووسان خۆیان سنوری ئازادیی ڕادەربڕین لەکایەی ڕۆژنامەنووسیی هەرێمی کوردستاندا دەبەزێنن. | ٢,٩١ | لاواز |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەوەی لەلایەن بەرپرسانەوە (شەخس) رووبەرووی مەترسی ببنەوە. | ٤,٠٦ | بەهێز |
| ٢٧ | رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەوەی لەلایەن دەزگای پەیوەندداراوە رووبەرووی مەترسی ببنەوە. | ٤,١٧ | بەهێز |
| ٢٨ | رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەلایەن حزبەوە رووبەرووی مەترسی ببنەوە. | ٤,١٧ | بەهێز |
| ٢٩ | رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەلایەن حکومەتەوە رووبەرووی مەترسی ببنەوە. | ٣,٧٥ | بەهێز |
| ٣٠ | کاردانەوەی دەزگا پەیوەندیدارەکان بەرامبەر ئەو بابەتە رۆژنامەنووسیانەی لەسەریان بڵاودەکرێنەوە، سلبیە. | ٤,٠١ | بەهێز |
| ٣١ | پێویستە رۆژنامەنووس، بەبێ دوو دڵی، قسە لەسەر هەموو لایەنە سلبیەکان بکات. | ٤,١٢ | بەهێز |
| ٣٢ | پێویستە رۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ کاروباری دامەزراوەو دەسەڵاتی یاسادانان (پارلەمان) بکاتو هەڵیبسەنگێنێت. | ٤,٥٦ | بەهێز |
| ٣٣ | پێویستە رۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ کاروباری دامەزراوەو دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) بکاتو هەڵیبسەنگێنێت. | ٤,٥٨ | بەهێز |
| ٣٤ | پێویستە رۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ کاروباری دامەزراوەو دەسەڵاتی دادو دادگاکان بکاتو هەڵیانبسەنگێنێت. | ١,٦١ | لاواز |
| ٣٥ | لەسەر دامەزراوەکانی هەرێم پێویستە رەخنە رۆژنامەنووسییەکان بەهەند وەربگرنو لەکاروبارەکانیاندا سودی لێوەربگرن. | ٤,٦٩ | بەهێز |
| ٣٦ | رۆژنامەنووسان ئاگاداری لایەنی ئێتیک (ئەخلاق)ی رۆژنامەنووسیو پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسانن. | ١,٩٤ | لاواز |
| ٣٧ | (بەیاننامەی کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان) رۆژنامەنووسان ناچاردەکات بەپێی ئەو پەیماننامەیە کاربکەن. | ٢,٧٧ | لاواز |
| ٣٨ | بوونی پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستان کاریگەریی لەسەر مەوداکانی ئازادیی رادەربڕین هەیە. | ٢,٩٣ | لاواز |

## شیکردنەوەی ئەنجامی ڕێژەی سەدیی بڕگەکان:

دوای دەرهێنانی ڕێژەی سەدیی بۆ هەر بەدیلێکی هەر یەك لەبڕگەکان، توێژەر، بەمشێوەیەی خوارەوە ئەنجامەکانی شیکردۆتەوە. **بڕوانە خشتەی (٥).**

**بڕگەی یەکەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٦٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی گشتی ماف و ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووس دەستەبەر ناکات.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، بوونی یاسا بەتەنها نابێتە هۆی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووس، ئەگەر باوەڕێکی پتەو بەپرسەکەو کارکردنی ڕاستەقینە بەو دەقانە لەواقیعەکەدا نەبێت.

**بڕگەی دووەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٦٪) تەواو لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدان کە دەڵێت: (یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان یاسایەکی شیاوە.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو یاسایە ژمارەیەك چەمك و دەستەواژەی لاستیکی و پێناسەنەکراوی تێدایەو ڕووبەری ئازادیی ڕادەربڕین بەرتەسکدەکاتەوە.

**بڕگەی سێیەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە کە دەکاتە (١,٧٪) تەواو لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدان کە دەڵێت: (ڕەشنوسی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان یاسایەکی شیاوە.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو یاسایە ژمارەیەك چەمك و دەستەواژەی لاستیکی و پێناسەنەکراوی تێدایەو ڕووبەری ئازادیی ڕادەربڕین بەرتەسکدەکاتەوە.

**بڕگەی چوارەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (١٤,٧٪) دڵنیانین بەرامبەر ئەو دەستەواژەیەی کە دەڵێت:

(پێویـــسته یاســـای ژمـــاره ١٠ی ســـاڵی ١٩٩٣ی پارلـــەمانی کوردســـتان دەستکاری نەکرێو وەکو خۆی بمێنێتەوە.)، ئەمەیش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، یاساکە لەگەڵ گیانی سەردەمدا ناگونجێتو پێویستی بەگۆڕین یـان لانیکەم هەموارکردنە.

**بڕگەی پێنجەم:** کەمینەی رێژەی رۆژنامەنووسـە بەشـداربوەکانی راپرسـییەکە، کـە دەکاتە (١١,٢٪) تەواو لەگـەڵ ئـەم دەسـتەواژەیەدان کـە دەڵێـت: (یاسـای چـاپەمەنیی ژمـاره ١٠ی ســاڵی ١٩٩٣ی هــەرێمی کوردســتان لــەرووی فەراهەمکردنی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ یاسای چاپەمەنیی ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ی حکومەتی عێراقـی دا نیـە.)، ئەمـەیش رەنگـە بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی، لەگـەڵ ئـەوەی یاسـای چـاپەمەنیی هـەرێم کـەموکورِی زۆری تێدایـە، بـەڵام بەبـەراورد بەیاسـای چـــاپەمەنیی عـــێراق لـــەرووی فەراهـــەمکردنی ئـــازادیی رادەربـــڕینو رۆژنامەنووسییەوە یاسایەکی پێشکەوتوە.

**بڕگەی شەشەم:** کەمینەی رێژەی رۆژنامەنووسە بەشـداربوەکانی راپرسـییەکە، کـە دەکاتە (١,٧٪) هیچ لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (بەنـدەکانی ٤٣٣و ٤٣٤ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمـاره ١١١ی سـاڵی ١٩٦٩بـۆ سـزادان بەتاوانی بڵاوکردنەوە بەکادرێن بەهۆی ئەوەی لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردسـتاندا سـزا دیارینـەکراوە، ئـەم سـزایانەش قورسـنو لەگـەڵ ئـازادیی رادەربـڕینو میـدیاو کۆمەڵگـەی مـەدەنیو دیموکراسـیدا یەکناگرنـەوە.)، ئەمەیش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، سزادانی رۆژنامـەنووس بەماوەیـەکی زۆر زیندانیکردن خزمـەتی بەرژەوەنـدیی گشتیی کۆمەڵگـە ناکـات، چـونکە لـەکاتی روودانـی هـەر هەڵەیـەکیش لای رۆژنامەنووسـەوە، دەکرێـت یاسـا بەســـزایەکی ســـوکتر روبـــەڕوی ببێتـــەوە، ئەمـــەیش هـــەم لـــەپێناو دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکەو هەم پاراستنی ئەو ئەندامە گرنگەی کۆمەڵگـە کە پیشەکەی گەڕانە بەدوای ماندوبونو لەپێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵگەکـەی ژیانی دەخاتە مەترسییەوە.

**برگەی حەوتەم:** کەمینەی رێژەی رۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی راپرسییەکە، کە دەکاتە (٨,٦٪) هیچ لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (برگەی ٢و ٤ لەمادەی چوارەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تێرۆر) ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ روبەری ئازادیی رادەربڕینو میدیا لەهەرێمی کوردستان بەرتەسککدەکەنەوە.)، ئەمەیش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو دوو برگەیە لەیاساکە کە کاری میدیاو رۆژنامەنووسی دەگرێتەوە ژمارەیەك چەمكو دەستەواژەی لاستیکیو پێناسەنەکراویان تێدایە، دەکرێت لێکدانەوەی دیکەیان بۆ بکرێتو رۆژنامەنووسانیان پێ تۆمەتباربکرێن.

**برگەی هەشتەم:** کەمینەی رێژەی رۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی راپرسییەکە، کە دەکاتە (٢,٦٪) هیچ لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (دژبەیەکی لەنێوان مادەو برگەکانی پەیوەست بەئازادیی رادەربڕین لەدەستوری هەمیشەیی عیراقو رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هەیە.)، ئەمەیش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، برگەکانی دەستوری عیراقو رەشنووسی دەستوری هەرێم لەو روەوە تەواو وەکو یەك نینو جیاوازییان هەیە.

**برگەی نۆیەم:** کەمینەی رێژەی رۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی راپرسییەکە، کە دەکاتە (١١,٢٪) تەواو لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەدان کە دەڵێت: (لەرووی ئازادیی رادەربڕینەوە دەستوری هەمیشەیی عیراق لەرەشنوسی دەستوری هەرێم باشترە.)، ئەمەیش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، رۆژنامەنووسان لەوبارەوە زانیاریی پێویستییان نیە.

**برگەی دەیەم:** کەمینەی رێژەی رۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی راپرسییەکە، کە دەکاتە (٤,٣٪) هیچ لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (بەدەقکردنی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسی لەیاسای کاری رۆژنامەنووسییدا زامنی فەراهەمکردنی ئەو ئازادییانە نیە لەواقیعی رۆژنامەنووسیی کوردیدا.)، ئەمەیش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مەرج نیە

بەدەقنووسکردنیان ئەو ئازادییانە لەواقیعدا بێنەدی، ئەمەیش بۆ سیستمی سیاسیو تێڕوانینی بۆ کایەی میدیاو ئازادییەکان دەگەڕێتەوە.

**بڕگەی یانزەیەم:** زۆرینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٦٩,٨٪) لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدان کە دەڵێت: (پێویستە ڕۆژنامەنووسان لەداڕشتنی ئەو جۆرە یاسایانەدا بەشداربن.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، لەداڕشتنی یاسای تایبەت بەکاروباری ڕۆژنامەنووسیو ڕۆژنامەنووساندا، بەشداری ڕۆژنامەنووسانو بەهەندوەرگرتنی راو پێشنیارەکانییان پێویستییەکی گرنگە بۆ کایەکە بەگشتی.

**بڕگەی دوانزەیەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٨,٦٪) هیچ لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (ڕۆڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەداڕشتنی یاسایەکی لەو جۆرە، ڕۆڵێکی ئیجابیە.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، بەبڕوای ڕۆژنامەنووسان سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، وەك سەندیکایەکی پیشەیی توێژەکە، نەیتوانیوە بەو ئەرکە گرنگەی خۆی هەستێت.

**بڕگەی سیانزەیەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٩,٥٪) لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (لەدەزگا ئیعلامییەکانی کوردستاندا ڕێنمایی تایبەت بەسنوری ئازادیی رادەربڕین هەیە.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ڕێنمایی بەشێوەیەکی ڕەسمی لەدەزگا میدیاییەکانی هەرێمی کوردستاندا نیە، بەجۆرێك سنور بۆ ئەو ئازادییە بکێشێتو ڕۆژنامەنووس بتوانێت لەکارەکانیدا بەرچاوڕونتر بێتو دووچاری گرفت زۆر نەبێت لەو ڕووەوە.

**بڕگەی چواردەیەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٥,٢٪) لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا هەیە)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئازادیی رادەربڕین بەو شێوە رەهایە لەرۆژنامەنووسیی کوردیی لەهەرێمی کوردستاندا نیە.

**برگەی پانزەیەم:** زۆرینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٥٧,٨٪) لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدان کە دەڵێت: (ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا ڕێژەییە.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئازادیی ڕادەربڕن لەڕۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا ئازادییەکی ڕێژەییە.

**برگەی شانزەیەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (١,٧٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (دەزگاکانی ئاسایش دەستدەخەنە نێو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو دەزگایانە دەستیان خستۆتە ناو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستانو ئەمەیش کاریگەریی نێگەتیڤی بۆسەر کایەکەو ئازادیی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووس هەبوە.

**برگەی حەڤدەیەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٣,٤٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (دەزگاکانی حکومەت دەستدەخەنە نێو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو دەزگایانە دەستیان خستۆتە ناو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستانو ئەمەیش کاریگەریی نێگەتیڤی بۆسەر کایەکەو ئازادیی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووس هەبوە.

**برگەی هەژدەیەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (١,٧٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (دەزگاکانی حزب دەستدەخەنە نێو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو دەزگایانە دەستیان خستۆتە ناو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستانو ئەمەیش کاریگەریی نێگەتیڤی بۆسەر کایەکەو ئازادیی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووس هەبوە.

**بڕگەی نۆزدەیەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٩,٥٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (ڕەوتە ئیسلامییەکان کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی رووبەری ئازادیی ڕادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕەوتانە کاریگەریی نێگەتیڤیان بۆسەر کایەکەو ئازادیی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووس هەبوە.

**بڕگەی بیستەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٢,٦٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (دابونەریت کاریگەریی لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی ڕادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو پرسە کاریگەریی نێگەتیڤی بۆسەر کایەکەو ئازادیی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووس هەبوە.

**بڕگەی بیستو یەکەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٣,٤٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (ئاینو مەزهەبەدینیەکان کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی ڕادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو پرسانە کاریگەریی نێگەتیڤیان بۆسەر کایەکەو ئازادیی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووس هەبوە.

**بڕگەی بیستو دووەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٤,٣٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (دەوڵەتانی دراوسێ کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی ڕادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو دەوڵەتانە کاریگەریی نێگەتیڤیان بۆسەر کایەکەو ئازادیی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووس هەبوە.

**بڕگەی بیستو سێیەم:** زۆرینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٥٥,٢٪) لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدان کە دەڵێت: (لایەنی ئابوری کاریگەریی لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی ڕادەربڕین

لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە.)، ئەمەیش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو پرسە کاریگەریی نێگەتیڤی بۆسەر کایەکەو ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس هەبوە.

**بڕگەی بیستو چوارەم:** کەمینەی رێژەی رۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی راپرسییەکە، کە دەکاتە (١,٧٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (ناپرۆفیشناڵی لەکاری رۆژنامەنووسییدا کاریگەریی لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە.)، ئەمەیش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو پرسە کاریگەریی نێگەتیڤی بۆسەر کایەکەو ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس هەبوە.

**بڕگەی بیستو پێنجەم:** کەمینەی رێژەی رۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی راپرسییەکە کە دەکاتە (٦٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (رۆژنامەنووسان خۆیان سنوری ئازادیی رادەربڕین لەکایەی رۆژنامەنووسیی هەرێمی کوردستاندا دەبەزێنن.)، ئەمەیش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، زۆرجار ئازادییەکان بەتایبەت ئازادیی رادەربڕین لەلایەن رۆژنامەنووسەوە خراپبەکاردەهێنرێتو بەزیانی کۆمەڵگەو بەرژەوەندیی گشتیی دەکەوێتەوە.

**بڕگەی بیستو شەشەم:** کەمینەی رێژەی رۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی راپرسییەکە، کە دەکاتە (١,٧٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەوەی لەلایەن بەرپرسانەوە (شەخس) رووبەرووی مەترسی ببنەوە)، ئەمەیش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، تا ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا یاسایەکی هاوچەرخو گرەنتیەکی ئاشکرا نیە رۆژنامەنووسان لەو دەستوەردانە نایاساییانە بپارێزێت.

**بڕگەی بیستو حەوتەم:** کەمینەی رێژەی رۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی راپرسییەکە، کە دەکاتە (٠,٩٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن

لەبۆچــوونەکانیان، دەترســن لــەوەی لەلایــەن دەزگــای پەیوەنــددارەوە رووبەڕووی مەترسی ببنەوە.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی، تـا ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا یاسایەکی هاوچەرخو گرەنتیـەکی ئاشـکرا نیـە ڕۆژنامەنووسان لەو دەستوەردانە نایاساییانە بپارێزێت.

**بڕگــەی بیــستو هەشــتەم:** کەمینــەی ڕێــژەی ڕۆژنامەنووســە بەشــداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کـە دەکاتـە (٠,٩٪) هـیچ لەگـەڵ ئـەم دەسـتەواژەیەدانین کـە دەڵێـت: (ڕۆژنامەنووسـان لەهــەرێمی کوردســتاندا لــەکاتی گوزارشــتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەلایەن حزبەوە رووبەڕووی مەترسـی ببنـەوە)، ئەمـەیش ڕەنگـە بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی تـا ئێـستا لەهـەرێمی کوردسـتاندا یاســایەکی هاوچــەرخو گرەنتیــەکی ئاشــکرا نیــە ڕۆژنامەنووســان لــەو دەستوەردانە نایاساییانە بپارێزێت.

**بڕگەی بیستو نۆیەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کــە دەکاتــە (٥,٢٪) هــیچ لەگــەڵ ئــەم دەســتەواژەیەدانین کــە دەڵێــت: (ڕۆژنامەنووســـان لەهـــەرێمی کوردســـتاندا لـــەکاتی گوزارشـــتکردن لەبۆچـوونەکانیان، دەترسـن لەلایـەن حکومەتـەوە رووبـەڕووی مەترسـی ببنـەوە.)، ئەمـەیش ڕەنگـە بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی، تـا ئێـستا لەهـەرێمی کوردستاندا یاسایەکی هاوچەرخو گرەنتیـەکی ئاشـکرا نیـە ڕۆژنامەنووسـان لەو دەستوەردانە نایاساییانە بپارێزێت.

**بڕگەی سیەم:** کەمینـەی ڕێـژەی ڕۆژنامەنووسـە بەشـداربوەکانی ڕاپرسـییەکە، کـە دەکاتە (٠٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەسـتەواژەیەدانین کـە دەڵێـت: (کاردانـەوەی دەزگا پـەیوەنددارەکان بەرامبەر ئـەو بابەتـە ڕۆژنامەنووسـیانەی لەسـەریان بڵاودەکرێنەوە، سلبیە)، ئەمەیش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە سـەرباری ئـەوەی تـا ئێـستا قبـوڵکردنی ڕەخنـە لـەواقیعی کوردیـدا نەبوەتـە کلتـورو ڕۆژنامەنووسی وەکو دەزگایـەکی گرنگـی کۆمەڵگـە تەماشـا ناکرێـت، بـەڵام کاردانەوەکان لەهەموو حاڵەتەکاندا تەواو سلبی نینو زۆرجار ڕێگەی یاسایی دەگیرێتەبەر.

**بڕگەی سیو یەکەم:** زۆرینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٥٩,٥٪) لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدان کە دەڵێت: (پێویستە ڕۆژنامەنووس، بەبێ دوو دڵی، قسە لەسەر هەموو لایەنە سلبیەکان بکات.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان بڕوایانوایە دەبێ ڕای خۆیان بەبێ سانسۆر لەسەر کایە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دەربڕنو بیانخەنە بەر لێکدانەوەکانیان.

**بڕگەی سیو دووەم:** زۆرینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە کە دەکاتە (٦٢,١٪) تەواو لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدان کە دەڵێت: (پێویستە ڕۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ کاروباری دامەزراوەو دەسەڵاتی یاسادانان (پارلەمان) بکاتو هەڵیبسەنگێنێت.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ڕێگرینەکردنی کاری ڕۆژنامەنووسو والاکردنی دەرگاکانی هەواڵو زانیاری لەبەردەمیدا لەخۆیدا چاکسازییە لەکاری پارلەماندا.

**بڕگەی سیو سێیەم:** زۆرینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٦٤,٧٪) تەواو لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدان کە دەڵێت: (پێویستە ڕۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ کاروباری دامەزراوەو دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) بکاتو هەڵیبسەنگێنێت.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ڕێگرینەکردنی کاری ڕۆژنامەنووسو والاکردنی دەرگاکانی هەواڵو زانیاری لەبەردەمیدا لەخۆیدا چاکسازییە لەکاری دامەزراوەکانی حکومەتدا.

**بڕگەی سیو چوارەم:** زۆرینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٥٣,٤٪) هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (پێویستە ڕۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ کاروباری دامەزراوەو دەسەڵاتی دادو دادگاکان بکاتو هەڵیانبسەنگێنێت.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ڕۆژنامەنووسان دۆسیەکانی دادگا بەهەستیار دەزانن و بڵاوکردنەوەی هەندێ هەواڵو زانیاری لەو بارەوە بۆ سەر لێکۆڵینەوەکان بەمەترسی دەزانن بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەو تاکەکانی.

**بڕگەی سی‌و پێنجەم:** زۆرینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٧٤,١٪) تەواو لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدان کە دەڵێت: (لەسەر دامەزراوەکانی هەرێم پێویستە ڕەخنە ڕۆژنامەنووسییەکان بەهەند وەربگرن‌و لەکاروبارەکانیاندا سودی لێوەربگرن)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسیی تەندروست خۆی ئامانجی بەرژەوەندیی گشتییە.

**بڕگەی سی‌و شەشەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٦٪) تەواو لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدان کە دەڵێت: (ڕۆژنامەنووسان ئاگاداری لایەنی ئێتیك (ئەخلاق)ی ڕۆژنامەنووسی‌و پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسانن.)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ڕۆژنامەنووسان زانیاریی ئەوتۆیان سەبارەت بەپرەنسیپەکانی پیشەکەیان نیەو ئاگاداری ئەو لایەنە نین.

**بڕگەی سی‌و حەوتەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٤,٣٪) تەواو لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدان کە دەڵێت: (بەیاننامەی کاری ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان) ڕۆژنامەنووسان ناچاردەکات بەپێی ئەو پەیماننامەیە کاربکەن)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ڕۆژنامەنووسان زانیارییان لەبارەی ئەو پەیماننامەیە نیەو زۆرینەی ئەوانەیشی زانیارییان هەیە، لایان پەسەند نیە.

**بڕگەی سی‌و هەشتەم:** کەمینەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (٦,٩٪) بەهەمان ڕێژە تەواو لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدان‌و هیچ لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدانین کە دەڵێت: (بوونی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستان کاریگەریی لەسەر مەوداکانی ئازادیی ڕادەربڕین هەیە)، ئەمەیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، تائێستا ڕۆژنامەنووسان زانیاریان لەبارەی ئەو بابەتەوە نیە، زۆرینەی ئەوانەیشی زانیارییان هەیە پێیانوایە ئەو پرسە کاریگەریی لەسەر مەوداکانی ئازادیی ڕادەربڕین نیە.

**خشتەی ( ٥ )**

## ڕێژەی سەدیی هەڵبژاردنەکانی بڕگەکان

| ز | بڕگە | ڕێژەی سەدی | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | تەواو لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | دڵنیا نیم | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدا نیم |
| ١ | یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی گشتی ماف و ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووس دەستەبەر ناکات. | ٪١٤,٧ | ٪٣٢,٨ | ٪٢٥,٩ | ٪٢٠,٧ | ٪٦ |
| ٢ | یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان یاسایەکی شیاوە. | ٪٦ | ٪٢١,٦ | ٪٢١,٦ | ٪٣٢,٨ | ٪١٨,١ |
| ٣ | ڕەشنوسی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان یاسایەکی شیاوە. | ٪١,٧ | ٪١٣,٨ | ٪٣٠,٢ | ٪ ٤١,٤ | ٪١٢,٩ |
| ٤ | پێویستە یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی پارلەمانی کوردستان دەستکاری نەکرێ و وەکو خۆی بمێنێتەوە. | ٪١٩,٨ | ٪١٦,٤ | ٪١٤,٧ | ٪٢٣,٣ | ٪٢٥,٩ |
| ٥ | یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان لەڕووی فەراهەمکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ یاسای چاپەمەنیی ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ی حکومەتی عیراقی دا نیە. | ٪١١,٢ | ٪١٩ | ٪٢٠,٧ | ٪٢٦,٧ | ٪٢٢,٤ |
| ٦ | بەندەکانی ٤٣٣و ٤٣٤ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩بۆ سزادان بەتاوانی بڵاوکردنەوە بەکادرێن بەهۆی ئەوەی لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا سزا دیارینەکراوە، ئەم سزایانەش قورسن و لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕین و میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسیدا یەکناگرنەوە. | ٪٤٠,٥ | ٪٤٠,٥ | ٪١١,٢ | ٪٦ | ٪١,٧ |
| ٧ | بڕگەی ٢و ٤ لەمادەی چوارەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تێرۆر) ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ ڕووبەری ئازادیی ڕادەربڕین و میدیا لەهەرێمی کوردستان بەرتەسککدەکەنەوە. | ٪٢٩,٣ | ٪٣٤,٥ | ٪١١,٢ | ٪١٦,٤ | ٪٨,٦ |
| ٨ | دژبەیەکی لەنێوان مادەو بڕگەکانی پەیوەست بەئازادیی ڕادەربڕین لەدەستوری هەمیشەیی عێراق و ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هەیە. | ٪١٨,١ | ٪٤٣,١ | ٪٢٧,٦ | ٪٨,٦ | ٪٢,٦ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | لەرووی ئازادیی رادەربڕینەوە دەستوری هەمیشەیی عێراق لەڕەشنوسی دەستوری هەرێم باشترە. | ٪١١,٢ | ٪٢٤,١ | ٪٢٤,١ | ٪٢١,٦ | ٪١٩ |
| ١٠ | بەدەقکردنی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسی لەیاسای کاری رۆژنامەنووسییدا زامنی فەراهەمکردنی ئەو ئازادییانە نیە لەواقیعی رۆژنامەنووسیی کوردیدا. | ٪٢٥ | ٪٣٩,٧ | ٪١٦,٤ | ٪١٤,٧ | ٪٤,٣ |
| ١١ | پێویستە رۆژنامەنووسان لەداڕشتنی ئەو جۆرە یاسایانەدا بەشداربن. | ٪٢,٦ | ٪٦٩,٨ | ٪٠ | ٪٢٦,٧ | ٪٠,٩ |
| ١٢ | رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسان لەداڕشتنی یاسایەکی لەو جۆرە، رۆڵێکی ئیجابیە. | ٪٨,٦ | ٪١٥,٥ | ٪٢٥,٩ | ٪٣٨,٨ | ٪١١,٢ |
| ١٣ | لەدەزگا ئیعلامییەکانی کوردستاندا رێنمایی تایبەت بەسنوری ئازادیی رادەربڕین هەیە. | ٪٩,٥ | ٪١٣,٨ | ٪١٦,٤ | ٪٣٧,٩ | ٪٢٢,٤ |
| ١٤ | ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا هەیە. | ٪٥,٢ | ٪١٨,١ | ٪٢٣,٣ | ٪٤٠,٥ | ٪١٢,٩ |
| ١٥ | ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا رێژەییە. | ٪٢٩,٣ | ٪٥٧,٨ | ٪٩,٥ | ٪٣,٤ | ٪٠ |
| ١٦ | دەزگاکانی ئاسایش دەستدەخەنە نێو کاروباری رۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا. | ٪٢٩,٣ | ٪٣٩,٧ | ٪٢٠,٧ | ٪٨,٦ | ٪١,٧ |
| ١٧ | دەزگاکانی حکومەت دەستدەخەنە نێو کاروباری رۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا. | ٪٢٥ | ٪٤٤,٨ | ٪١٧,٢ | ٪٩,٥ | ٪٣,٤ |
| ١٨ | دەزگاکانی حزب دەستدەخەنە نێو کاروباری رۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا. | ٪٣٧,١ | ٪٤١,٤ | ٪١٢,٩ | ٪٦,٩ | ٪١,٧ |
| ١٩ | رەوتە ئیسلامییەکان کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی رووبەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | ٪٢٩,٣ | ٪٢٣,٣ | ٪٢٠,٧ | ٪١٧,٢ | ٪٩,٥ |
| ٢٠ | دابونەریت کاریگەریی لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | ٪٣٦,٢ | ٪٤٧,٤ | ٪١٠,٣ | ٪٣,٤ | ٪٢,٦ |
| ٢١ | ئاینو مەزهەبەدینیەکان کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | ٪٣٦,٢ | ٪٣٧,١ | ٪١٣,٨ | ٪٩,٥ | ٪٣,٤ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | دەوڵەتانی دراوسێ کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | ٪٢٥ | ٪٣٧,١ | ٪١٤,٧ | ٪١٩ | ٪٤,٣ |
| ٢٣ | لایەنی ئابوری کاریگەریی لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | ٪٢٦,٧ | ٪٥٥,٢ | ٪٦ | ٪٩,٥ | ٪٢,٦ |
| ٢٤ | ناپرۆفیشناڵی لەکاری رۆژنامەنووسییدا کاریگەریی لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | ٪٢٥ | ٪٤١,٤ | ٪١٢,١ | ٪١٩,٨ | ٪١,٧ |
| ٢٥ | رۆژنامەنووسان خۆیان سنوری ئازادیی رادەربڕین لەکایەی رۆژنامەنووسیی هەرێمی کوردستاندا دەبەزێنن. | ٪١٠,٣ | ٪٢٤,١ | ٪١٨,١ | ٪٤١,٤ | ٪٦ |
| ٢٦ | رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەوەی لەلایەن بەرپرسانەوە (شەخس) روبەڕوی مەترسی ببنەوە. | ٪٣٦,٢ | ٪٤٥,٧ | ٪١٢,١ | ٪٤,٣ | ٪١,٧ |
| ٢٧ | رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەوەی لەلایەن دەزگای پەیوەندیدارەوە روبەڕوی مەترسی ببنەوە. | ٪٣٧,٩ | ٪٤٩,١ | ٪٦ | ٪٦ | ٪٠,٩ |
| ٢٨ | رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەلایەن حزبەوە روبەڕوی مەترسی ببنەوە. | ٪٤٠,٥ | ٪٤٥,٧ | ٪٥,٢ | ٪٧,٨ | ٪٠,٩ |
| ٢٩ | رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەلایەن حکومەتەوە روبەڕوی مەترسی ببنەوە. | ٪٢٦,٧ | ٪٤٢,٢ | ٪١٥,٥ | ٪١٠,٣ | ٪٥,٢ |
| ٣٠ | کاردانەوەی دەزگا پەیوەندیدارەکان بەرامبەر ئەو بابەتە رۆژنامەنووسیانەی لەسەریان بڵاودەکرێنەوە، سلبیە. | ٪٣١ | ٪٤٥,٧ | ٪١٧,٢ | ٪٦ | ٪٠ |
| ٣١ | پێویستە رۆژنامەنووس، بەبێ دوو دڵی، قسە لەسەر هەموو لایەنە سلبیەکان بکات. | ٪٢٩,٣ | ٪٥٩,٥ | ٪٨،٦ | ٪٠ | ٪٢،٦ |
| ٣٢ | پێویستە رۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ کاروباری دامەزراوەو دەسەڵاتی یاسادانان (پارلەمان) بکاتو هەڵیبسەنگێنێت. | ٪٦٢،١ | ٪٣٤،٥ | ٪٢،٦ | ٪٠ | ٪٠،٩ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٣ | پێویستە رۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ کاروباری دامەزراوەو دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) بکاتو هەڵیبسەنگێنێت. | ٪٦٤,٧ | ٪٣١,٩ | ٪١,٧ | ٪٠,٩ | ٪٠,٩ |
| ٣٤ | پێویستە رۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ کاروباری دامەزراوەو دەسەڵاتی دادو دادگاکان بکاتو هەڵیانبسەنگێنێت. | ٪٠,٩ | ٪١,٧ | ٪٨,٦ | ٪٣٥,٣ | ٪٥٣,٤ |
| ٣٥ | لەسەر دامەزراوەکانی هەرێم پێویستە رەخنە رۆژنامەنووسییەکان بەهەند وەربگرنو لەکاروبارەکانیاندا سودی لێوەربگرن. | ٪٧٤,١ | ٪٢٣,٣ | ٪١,٧ | ٪٠,٩ | ٪٠ |
| ٣٦ | رۆژنامەنووسان ئاگاداری لایەنی ئێتیك (ئەخلاق)ی رۆژنامەنووسیو پەیماننامەی شەرەڤی رۆژنامەنووسانن. | ٪٦ | ٪١٢,٩ | ٪٤٨,٣ | ٪٢١,٦ | ٪١١,٢ |
| ٣٧ | (بەیاننامەی کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان) رۆژنامەنووسان ناچاردەکات بەپێی ئەو پەیماننامەیە کاربکەن. | ٪٤,٣ | ٪١٤,٧ | ٪٤٠,٥ | ٪٣٥,٣ | ٪٥,٢ |
| ٣٨ | بوونی پەیماننامەی شەرەڤی رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستان کاریگەریی لەسەر مەوداکانی ئازادیی رادەربڕین هەیە. | ٪٦,٩ | ٪٢٢,٤ | ٪٣٥,٣ | ٪٢٨,٤ | ٪٦,٩ |

## باسی دووەم

# خستنەڕووی ئەنجامی زانیاریی بەشداربوان

لەم باسەدا، وەسفی سەرجەم زانیاریی ڕۆژنامەنووسە بەشداربوەکانی ڕاپرسیەکە دەکرێتو لەچەند خشتەیەکی جیاوازدا دەخرێنەڕو، هەروەها شیکردنەوەیەکی زانستیو ڕۆژنامەنووسییانەیش بۆ ئەنجامەکان دەکرێت.

**یەکەم**: دابەشبونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز:

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاریی فۆرمەکان دەرکەوت، ٨٧,٩٪ ی بەشداربوانی توێژینەوەکە بریتیە لەڕەگەزی نێر، بەڵام ڕەگەزی مێ تەنها ١٢,١ ٪ی دەرخستوە.


بەرزیی ڕێژەی ڕەگەزی نێرو کەمیی ئەو ڕێژەیەی ڕەگەزی مێ لەم ڕاپرسیەدا کە ستاف نووسینی سەرجەم ڕۆژنامە ڕۆژانەو هەفتانەکانی هەرێمی کوردستانە، دەگەڕێتەوە بۆ:

- کاریگەریی بیری خێڵەکیو دواکەوتوییو کلتوری پیاوسالاریی کۆمەڵگەی کوردیو باوەڕنەبوون بەوزەی ڕەگەزی مێو بەشداریکردنی لەکایە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە.
- تازەییو باش بڵاونەبوونەوەی بواری میدیاو ڕۆژنامەنووسیو لاوازی ئەقڵی بەدەزگاییکردن لەهەرێمی کوردستاندا.
- قورسی هەندێ کارو دەوامی زۆرو مانەوەی شەوانە لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا، کەوا ماوەی بەشداریی ڕەگەزی مێ لەو بوارەدا بەرتەسکدەکەنەوە.
- کەمتەرخەمیی ڕەگەزی مێ خۆیان بۆ بەشداریی چالاکانە لەو بوارە گرنگانەدا. بڕوانە خشتەی (٦).

**خشتەی ( ٦ )**

**دابەشبوونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ١٠٢ | ٪٨٧,٩ |
| مێ | ١٤ | ٪١٢,١ |
| کۆی گشتی | ١١٦ | ٪١٠٠ |




**شێوەی ( ١ )**

**دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاکان بۆ ڕەگەزی بەشداربوانی ڕا پرسیەکە**

**دووەم**: دابەشبونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بەپێی تەمەن:


لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاریی فۆرمەکان دەرکەوت، ١١,٢٪ ی بەشداربوانی توێژینەوەکە بریتیە لە٢٠-٢٤ساڵ، ٢٥-٢٩ ساڵ ٣٠,١٪، ٣٠-٣٤ ساڵ ٢٧,٦٪، ٣٥-٣٩ ساڵ ١٢,١٪، ٤٠-٤٤ ساڵ ١٢,٩٪، ٤٥-٥٠ ساڵ ٥,٢٪، ٥١و زیاتر ٠,٩٪ی دەرخستوە.

ئەم ڕێژانەی سەرەوە دەریدەخەن، لەبواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا تاڕادەیەکی بەرچاو دەرفەت لەبەردەم کارکردنی گەنج کراوەتەوە، یان ڕۆژنامەنووسانی گەنج خۆیان بەشدارێکی چالاکی بوارەکەنو نیوەی زیاتری ستافی نووسینی ڕۆژنامە ڕۆژانەو هەفتانەکانی هەرێمی کوردستان خوار تەمەنی ٣٤ ساڵن، کەمترین ڕێژەیش تەمەنی سەروو ٥١ ساڵە. **بڕوانە خشتەی (٧).**

**خشتەی (٧)**

**دابەشبوونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی تەمەن**

| ز | تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠-٢٤ ساڵ | ١٣ | ١١,٢٪ |
| ٢ | ٢٥-٢٩ ساڵ | ٣٥ | ٣٠,١٪ |
| ٣ | ٣٠-٣٤ ساڵ | ٣٢ | ٢٧,٦٪ |
| ٤ | ٣٥-٣٩ ساڵ | ١٤ | ١٢,١٪ |
| ٥ | ٤٠-٤٤ ساڵ | ١٥ | ١٢,٩٪ |
| ٦ | ٤٥-٥٠ ساڵ | ٦ | ٥,٢٪ |
| ٧ | ٥١و زیاتر | ١ | ٠,٩٪ |
| **کۆی گشتی** | | ١١٦ | ١٠٠٪ |




**شێوەی (٢)**

**دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاکان بۆ تەمەنی بەشداربوانی را پرسیەکە**

**سێیەم:** دابەشبونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بەپێی ئاستی خوێندەواری:


لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاریی فۆرمەکان دەرکەوت، ٦,٩٪ی بەشداربوان هەڵگری بڕوانامەی ناوەندیو ١٩,٦٪یان هەڵگری بڕوانامەی ئامادەییو ٢١,٦٪یان هەڵگری بڕوانامەی پەیمانگاو ٤٧,٤٪یان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسو ٤,٣٪یان هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن هیچیشیان هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵاو دکتۆرا نین.

ئەمەیش دەریدەخات، زۆرترین ڕێژەی ئاستی زانستیی ستاف نووسینی ئەو ڕۆژنامانە ٤٧,٤٪ ە هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، ئەمەیش ڕێژەیەکی دڵخۆشکەرە، لەهەمانکاتدا ڕێژەیەکی کەم تیایاندا ئاستی زانستیان نزمە، هەروەك ڕێژەیەکی زۆر کەمیش هەڵگری بڕوانامەی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەرو دکتۆرا)ن، ئەمەیش کەموکوڕییەکی بواری ڕۆژنامەنووسییە لەهەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٨).

**خشتەی ( ٨ )**

**دابەشبوونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی ئاستی خوێندەواری**

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | ئاستی خوێندەواری | ز |
|---|---|---|---|
| ٪٦,٩ | ٨ | ناوەندی | ١ |
| ٪١٩,٦ | ٢٣ | ئامادەیی | ٢ |
| ٪٢١,٦ | ٢٥ | پەیمانگا | ٣ |
| ٪٤٧,٤ | ٥٥ | بەکالۆریۆس | ٤ |
| ٪٠ | ٠ | دبلۆمی باڵا | ٥ |
| ٪٤,٣ | ٥ | ماستەر | ٦ |
| ٪٠ | ٠ | دکتۆرا | ٧ |
| ٪١٠٠ | ١١٦ | **کۆی گشتی** | |




**شێوەی ( ٣ )**

**دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاکان بۆ ئاستی خوێندەواریی بەشداربوانی ڕاپرسیەکە**

**چــوارەم**: دابەشــبونی ڕێــژەیی بەشــداربوانی توێژینەوەکــە بــەپێی ناونیــشانی ڕۆژنامەنووسی:

لەئــەنجامی دەرهێنــانی زانیــاریی فۆرمــەکان دەرکــەوت، ٣,٤٪ی ناونیــشانی ڕۆژنامەنووســە بەشــداربوەکانی ڕاپرســیەکە بەڕێوەبــەری بــەرپرسو ١٤,٧٪یــان سەرنووسەرو ١,٧٪یـان جێگـری سەرنووسـەرو ٨,٦٪یـان بەڕێوەبـەری نووسـینو ٣,٤٪یان سکرتێری نووسینو ٤٢,٢٪یان دەسـتەی نووسـەرانو ١٢,٩٪یـان سـتاف کاراو ٦٪یان لێپرسراوی بەشو ٦,٩٪یان پەیامسازنو هیچیشیان نووسەری گۆشە نین.


ئەگەرچــی تــا ئێــستا لەڕۆژنامەنووســیی کــوردی لەهەرێمــدا بەشــێوەیەکی زانــستیو دروســت ناونیــشانە ڕۆژنامەنووســییەکان وەکــو خۆیــان بەکارنایــەنو هەندێکجار کاری ڕۆژنامەنووسەکە لەگەڵ ناونیشانەکەیدا یەکناگرێتەوە، بەڵام لـەم ئەنجامەوە دەبینین واقیعی ئێستای وەزیفەیی لەو ڕۆژنامەنووسـیەدا بـەو جۆرەیـە کە لەخشتەکەوە دەردەکەوێت. بۆ نمونە، کاری سەرەکیو بڕبڕەی پشتی ڕۆژنامـە پەیامساز، یان هەواڵسازە، کەچی بەرێژەی پێنجەم دێت لەریزبەندیەکەدا.

لەبەرئەوەیش ڕاپرسـیەکە لـەناو ڕۆژنامـەکان خۆیـان ئەنجامـدراوە، نوسـەری گۆشــەکانیش لەڕۆژنامــەکان زیــاتر لــەدەرەوەی ئــەو ڕۆژنامانــەن، بۆیــە لــەنێو بەشدارانی ڕاپرسـیەکەدا هـیچ گۆشـەنووس، یـان نووسـەرێکی گۆشـەی تێـدا نیـە. **بڕوانە خشتەی (٩).**

### خشتەی (٩)

### دابەشبوونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی ناونیشانی رۆژنامەنووسی

| ز | ناونیشانی رۆژنامەنووسی | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەری بەرپرس | ٤ | ٣,٤٪ |
| ٢ | سەرنووسەر | ١٧ | ١٤,٧٪ |
| ٣ | جێگری سەرنووسەر | ٢ | ١,٧٪ |
| ٤ | بەڕێوەبەری نووسین | ١٠ | ٨,٦٪ |
| ٥ | سکرتێری نووسین | ٤ | ٣,٤٪ |
| ٦ | دەستەی نووسەران | ٤٩ | ٤٢,٢٪ |
| ٧ | ستافی کارا | ١٥ | ١٢,٩٪ |
| ٨ | نووسەری گۆشە | ٠ | ٠٪ |
| ٩ | لێپرسراوی بەش | ٧ | ٦٪ |
| ١٠ | پەیامساز | ٨ | ٦,٩٪ |
| | **کۆی گشتی** | ١١٦ | ١٠٠٪ |




### شێوەی (٤)

### دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاکان

### بۆ ناونیشانی رۆژنامەنووسیی بەشداربوانی را پرسیەکە

**پێنجەم**: دابەشبونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بەپێی پسپۆڕی:


لەئـــەنجامی دەرهێنـــانی زانیـــاریی فۆرمـــەکان دەرکـــەوت، ١٩,٨٪ی ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوی ڕاپرسیەکە ئەکادیمیو ٨٠,٢٪شیان نا ئەکادیمیین.

ئـەم ئەنجامـەی سـەرەوە ڕونیدەکاتـەوە، هێـشتا ڕۆژنامەنووسـیی کـوردی لەلایـەن ڕۆژنامەنووسـانی خـاوەن بڕوانامـەی بـواری میـدیاو ڕۆژنامەنووسـیەوە بەڕێوەنابرێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکیترەوە بواری خوێندنی ئەکادیمیی ڕاگەیانـدن لەهەرێمی کوردستاندا مێژویەکی زۆر نوێی هەیەو لەسـەرەتادایە، سـاڵانی پێـشترو لەسەردەمی ڕژێمی بەعسیش کەمتر دەرفەت بەخوێندکاری کورد دراوە لەو جـۆرە بوارانەدا بخوێنێت. هەروەك دەرچوانی بەشەکانی ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەنووسی-یـش زۆرجـار خۆیـان کەمتەرخـەمنو کارناکـەن، یـان هـەوڵی کـارکردن لـەبوارە پـسپۆڕییەکەی خۆیـان نـادەن، یـاخود کارنـەکردنیان دەگێڕنـەوە بـۆ هـەل نەڕەخـساندن لەلایـەن کەسـانی یەکـەمی ئـەو ڕۆژنامـەو دەزگایانـە، وەکـچۆن هەندێکجار هەست بەجۆرێك لەشـەڕی سـارد لـەنێوان ڕۆژنامەنووسـانی ئـەکادیمیو نائەکادیمی لەو دەزگایانەدا دەکرێت. بڕوانە خشتەی (١٠).

**خشتەی (١٠)**

**دابەشبوونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی پسپۆڕی**

| ز | پسپۆڕی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەکادیمی | ٢٣ | ١٩,٨٪ |
| ٢ | نائەکادیمی | ٩٣ | ٨٠,٢٪ |
| کۆی گشتی | | ١١٦ | ١٠٠٪ |




**شێوەی (٥)**

**دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاکان بۆ پسپۆریی بەشداربوانی راپرسیەکە**

**شەشەم:** دابەشبونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بەپێی ماوەی کارکردن لەرۆژنامە:


لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاریی فۆرمەکان دەرکەوت، ٤,٣٪ی رۆژنامەنووسانی بەشداربوی راپرسیەکە ماوەی کەمتر لەساڵێكو ٢٢,٤٪یان ١-٤ ساڵو ٣٨,٨٪یان ٥-٩ ساڵو ١٩,٨٪یان ١٠-١٤ ساڵو ٩,٥٪یان ١٥-١٩ ساڵو ٥,٢٪یان زیاتر لە٢٠ ساڵە کاری رۆژنامەنووسی دەکەن.

بەپێی ئەم ئەنجامەی سەرەوە، لەناو رۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەو رۆژنامەنووسانەی ماوەی کەمتر لە١٠ ساڵە لەبوارەکەدا کاردەکەن، واتە ئەزمونیان کەمە، رێژەیان زیاترە لەو رۆژنامەنووسانەی ماوەی ١٠ ساڵ زیاترە کاری رۆژنامەنووسی دەکەن، واتە بەئەزمونن. **بڕوانە خشتەی (١١).**

## خشتەی ( ١١ )

## دابەشبونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی ماوەی کارکردن لەڕۆژنامەدا

| ز | تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | کەمتر لەساڵێك | ٥ | ٤,٣٪ |
| ٢ | ١-٤ ساڵ | ٢٦ | ٢٢,٤٪ |
| ٣ | ٥-٩ ساڵ | ٤٥ | ٣٨,٨٪ |
| ٤ | ١٠-١٤ ساڵ | ٢٣ | ١٩,٨٪ |
| ٥ | ١٥-١٩ ساڵ | ١١ | ٩,٥٪ |
| ٦ | زیاتر لە٢٠ ساڵ | ٦ | ٥,٢٪ |
| **کۆی گشتی** | | ١١٦ | ١٠٠٪ |




## شێوەی ( ٦ )

## دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاکان بۆ ماوەی کارکردنی بەشداربوانی ڕا پرسیەکە

**حەوتەم**: دابەشبونی ڕێـژەیی بەشـداربوانی توێژینەوەکـە بـەپێی خۆتـەرخانکردنی ڕۆژنامەنووس بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی:


لەئـــــەنجامی دەرهێنــــانی زانیـــاریی فۆرمـــــەکان دەرکـــەوت، ٧,٤٥٪ی ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوی ڕاپرسیەکە، جگەلەکاری ڕۆژنامەنووسـی کـاری تریـان هەیەو ٥٤,٣٪یشیان کاری تریان نیە.

ئـەم ئەنجامـە ئـەوە پێـشاندەدات، تـاکو ئێـستا ڕۆژنامەنووسـی لەهـەرێمی کوردستاندا نەبوەتە پیشە، بەشێوەیەك کارکەرانی بوارەکە، ڕۆژنامەنووسی بکەنە تاکە سەرچاوەی بژێویی ژیانیانو کاری تریان نـەبێت، هەرچـەندە لـەم ئەنجامـەدا ڕێژەی ئەوانەی جگە لەڕۆژنامەنووسی کاری تریان نیە ٨,٦٪ زیاترە لەوانەی کاری تریان هەیە. بڕوانە خشتەی (١٢).

**خشتەی (١٢)**

**دابەشبونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی خۆتەرخانکردنی ڕۆژنامەنووس بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی**

| ز | خۆتەرخانکردن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | کاری تری هەیە | ٥٣ | ٪٤٥,٧ |
| ٢ | کاری تری نیە | ٦٣ | ٪٥٤,٣ |
| **کۆی گشتی** | | ١١٦ | ٪١٠٠ |




**شێوەی (٧)**

**دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاکان بۆ خۆتەرخانکردن بۆ کاری رۆژنامەنووسیی بەشداربوانی راپرسیەکە**

**هەشتەم**: دابەشبونی رێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بەپێی ئەندامبوونو ئەندامنەبوونی لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان:


لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاریی فۆرمەکان دەرکەوت، ٦٦,٤٪ی رۆژنامەنووسانی بەشداربوی راپرسیەکە، ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانن‌و ٣٣,٦٪یشیان ئەندام نین تیایدا.

ئەم ئەنجامەیش ئەوە دەردەخات، رێژەیەکی بەرچاوی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان ئەندامی ئەو سەندیکایەن، هەروەك رێژەیەکیش تا ئێستا نەبوونەتە ئەندام تیایدا. **بڕوانە خشتەی (١٣)**.

**خشتەی (١٣)**

**دابەشبونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی ئەندامبون و ئەندامنەبون لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

| ز | ئەندامبوون لە سەندیکا | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەندامە | ٧٧ | ٪٦٦,٤ |
| ٢ | ئەندام نیە | ٣٩ | ٪٣٣,٦ |
| | **کۆی گشتی** | ١١٦ | ٪١٠٠ |




**شێوەی (٨)**

**دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاکان بۆ ئەندامبونی بەشداربوانی ڕا پرسیەکە لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسان**

**نۆیەم**: دابەشبونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بەپێی پلەی ئەندامێتی لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان:


لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاریی فۆرمەکان دەرکەوت، ٩٠,٩٪ی ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوی ڕاپرسیەکە ئەندامی کاراو ٦,٤٩٪یان ئەندامی بەشدارو ٢,٥٩٪یشیان ئەندامی مەشقکارن.

واتــە، ڕێــژەی ئەنــدامی کــارا، کــە بــەرزترین پلــەی ئەنــدامێتیی نــاو ئــەو سـەندیکایەیە، لەڕێـژەی دوو پلەکـەی دیکـە زیـاترە، پـاش ئـەو بەشـدارو ئینجـا مەشقکار دێت. بڕوانە خشتەی (١٤).

**خشتەی (١٤)**

**دابەشبونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی پلەی ئەندامێتی لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

| ز | پلەی ئەندامێتی لە سەندیکا | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | کارا | ٧٠ | ٪٩٠،٩ |
| ٢ | بەشدار | ٥ | ٪٦،٤٩ |
| ٣ | مەشقکار | ٢ | ٪٢،٥٩ |
| | **کۆی گشتی** | ٧٧ | ٪١٠٠ |




**شێوەی (٩)**

**دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاکان بۆ پلەی ئەندامێتیی بەشداربوانی ڕا پرسیەکە لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسان**

**دەیەم:** دابەشبونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بەپێی ئینتمای حزبی:

لەئـــەنجامی دەرهێنــــانی زانیــــاریی فۆرمــــەکان دەرکــــەوت، ٥٣،٤٪ی ڕۆژنامەنووسانی بەشـداربوی ڕاپرسـیەکە ئینتمـای حزبیـان هەیـەو ٤٦،٦٪یـشیان ئینتمایان نیە.

ئـــەم ئەنجامـــە دەریـــدەخات، ڕێـــژەی ئـــەو ڕۆژنامەنووســـانەی لەهـــەرێمی کوردستاندا ئینتمای حزبیان هەیە زیاترە لەڕێژەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئینتمـای حزبیـان نیـە، ئەمـەیش بـەهۆی زیـادبوونی ڕێـژەی ڕۆژنامـە حزبیـەکان، یـان ئـەو ڕۆژنامانەی نزیك لەحزب، یان بەرپرسو ئۆرگانێکی حزبێکەوە.

هـەروا هەسـتدەکرێت لـەم ڕاپرسـیەدا، جیـاوازیی هـەردوو ڕێژەکـە زۆر نیـە، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ڕێژەیەکی بەرچاوی ڕۆژنامەنووسان کە لەڕۆژنامە حزبیەکان، یان ڕۆژنامەی نزیك لەحزبەکانیش کاردەکـەن، بـەڵام ئینتمـای حزبیـان نیە، واتە ئەندامی ئەو حزبەنین کە لەڕۆژنامەکەیدا کاردەکەن، یان تەنها لایـەنگری حزبەکەن. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٥).

**خشتەی (١٥)**

**دابەشبونی ڕێژەیی بەشداربوانی توێژینەوەکە بە پێی ئینتمای حزبی**

| ز | ئینتیمای حزبی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | هەیەتی | ٦٤ | ٥٣,٤٪ |
| ٢ | نیەتی | ٥٤ | ٤٦,٦٪ |
| | **کۆی گشتی** | ١١٦ | ١٠٠٪ |




**شێوەی (١٠)**

**دابەشبوونی چەندبارەیی ستونی داتاکان بۆ ئینیمای حزبیی بەشداربوانی ڕا پرسیەکە**

# ئەنجامو راسپاردە

## ئە نجام:

توێـژەر لـەم توێژینەوەیـەدا، دوای شـیکردنەوەی رەوشـی ئـازادیی رادەربـڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیو زانینی گۆشەنیگای رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لەوبارەوە، گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- بـوونی ئـازادیی رادەربـڕین لەرۆژنامەنووسـیی کـوردی لەهـەرێمی کوردسـتاندا بـوونێکی رێژەییـە، چـونکە دەزگاکـانی حـزب، ئاسـایش، حکومـەت دەسـتدەخەنە نێـو کاروبـاری رۆژنامەنووسـییەوە، هـەروەها دەوڵـەتانی دراوسێ، دابونەریت، لایەنی ئابوری، ئاینو ئاینزاکان، ناپرۆفێشناڵی، رەوتـە ئیسلامییەکان، کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئەو ئازادییـە هەیـە، هـەروایش رۆژنامەنووسـان لـەو هەرێمـەدا لـەکاتی گوزارشـتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەلایەن دەزگای پەیوەندیدار، حزب، حکومەتەوە روبەڕوی مەترسی ببنەوەو کاردانەوەی دەزگـا پەیوەنددارەکانیش بەرامبـەر ئەو بابەتە رۆژنامەنووسیانەی لەسـەریان بڵاودەکرێنـەوە، سـلبیە، سـەرباری ئەوەی هەندێکجار رۆژنامەنووسانیش سنوری ئەو ئازادییە دەبەزێنن.

٢- نـەبوونی شـەفافیەتو مـافی زانـینو فەراهەمنـەبوونی ئـازادیی بەدەسـتهێنانی زانیـاری لەهـەرێمی کوردسـتاندا، زۆرجـار رۆژنامەنووسـان دوچـاری هەڵـەی پیشەییو ئێتیکی دەکاتو روبەڕوی سزای یاساییان دەکاتەوە.

٣- تـا ئێـستا لەهـەرێمی کوردسـتاندا کـار بەپرەنـسیپی لێکجیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان نـەکراوەو تێکەڵییـەك لـەکاری هەریـەك لەدەسـەڵاتی یەکـەمو دوەمو سـێیەمو سـەربەخۆنەبوونیان هەسـتپێدەکرێت، ئەمـەیش ئاسـتەنگی لەبەردەم رۆڵبینینی میدیا وەك (دەسەڵاتی چوارەم) دروستکردوە.

٤- تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژێکی ڕۆشنی میدیایی نیە، تاکو لەکاتی قەیران و ئەو دۆخە تایبەتیانەی ڕووبەڕووی هەرێم دەبنەوە، نزیکبوونەوەو لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵات و ڕۆژنامەنووساندا دروستبکات.

٥- بوونی یاسا بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی بەس نیە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووس و، دەقنووسکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسیش لەو یاسایەدا، زامنی فەراهەمکردنی ئەو ئازادییانە نیە لەواقیعی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، ئەگەر سیستمی بەڕێوەبردنەکە لەبنەڕەتەوە بڕوای بەئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی نەبێت.

٦- یاسایەکی هاوچەرخ بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی لەکوردستاندا نیە، کە مافی خەڵك لەزانین و ماف و ئازادیی ڕۆژنامەنووس دەستەبەربکات.

٧- یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان ئەگەرچی لەڕووی فەراهەمکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسییەوە جیاوازیی لەگەڵ یاسای چاپەمەنیی ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ی عیراقدا هەیە، بەڵام یاسایەکی شیاو نیەو کۆتوبەندی زۆری تێدایەو چەمکەکان تێیدا لاستیکی و نارۆشن و پێناسەنەکراون.

٨- مادەکانی ٤٣٣و ٤٣٤ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩بۆ سزادان بەتاوانی بڵاوکردنەوە بەکاردێن، بەهۆی ئەوەی لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا سزا دیارینەکراوە، ئەم سزایانەیش قورسن و لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕین و میدیاو کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسیدا یەکناگرنەوە.

٩- بڕگەی ٢و ٤ لەمادەی چوارەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ ڕووبەری ئازادیی ڕادەربڕین و میدیا لەهەرێمی کوردستاندا بەرتەسککدەکەنەوە.

١٠- ڕەشنوسی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لەکوردستاندا پرۆژە یاسایەکی شیاو نیەو کۆتوبەندی زۆری تێدایەو چەمکەکان تێیدا لاستیکی و نارۆشن و پێناسەنەکراون.

١١– سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەدارِشتنی یاسایەکی شیاو کە لەگەڵ گیانی سەردەم بگونجێتو ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس فەراهەم بکات، سەرکەوتوو نەبوە.
١٢– لەدەزگا رۆژنامەنووسییەکانی کوردستاندا رێنمایی تایبەت بەسنوری ئازادیی رادەربڕین بەشێوەیەکی رونو راستەوخۆو رەسمی نیە.
١٣– زۆربەی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان ئاگاداری لایەنی ئێتیکیی رۆژنامەنووسیو پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسان نینو تارِادەیەکی کەم پێوەرە ئێتیکیەکانی پیشەکەیان رەچاوکردوە.
١٤– (بەیاننامەی کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان) رۆژنامەنووسان ناچارناکات بەپێی ئەو پەیماننامەیە کاربکەن.
١٥– بوونی پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا، بەس نیە بۆ بەرفراوانکردنی مەوداکانی ئازادیی رادەربڕین لەو هەرێمەدا.

**راسپاردەکان:**

توێژەر، دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەو گەیشتن بەچەند ئەنجامێك، بەباشیدەزانێت لەپێناو بەرفراوانکردنی روبەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیو دروستکردنی پەیوەندیەکی هاوبەرپرسیارێتی لەنێوان میدیاو دەسەڵاتو بەرەوپێشبردنی بزاڤی رۆژنامەنوسیی کوردی لەروە جیاوازەکانەوە، چەند راسپاردەیەك بخاتەڕوو:

١– لێپرسینەوەی نایاسایی، لەگەڵ رۆژنامەنووس نەکرێتو دەزگای ئاسایش دەستنەخاتە کاروباری رۆژنامەنووسییەوەو لێپرسینەوەکان لەرێگەی پۆلیسو دەزگا مەدەنیەکانەوە بکرێن.
٢– رۆژنامەنووس لەسەر تاوانی رۆژنامەنووسی دەستبەسەر (توقیف) نەکرێتو لەبری ئەوە کار بەسزای پێبژاردنو قەرەبووی زیانلێکەوتوو بکرێت، هەروەها سزاکانی سەر رۆژنامەنووس کەم بکرێنەوە.
٣– ئەنجومەنێکی باڵای راگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا دابمەزرێنرێت، وەکچۆن لەزۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا هەیەو نا حکومییەو بەنوێنەرایەتیی

رایگشتی، پەیرەوی جۆرێك لەچاودێریی پیشەییو ئێتیکی دەکاتو هاوسەنگیی نێوان ئازادیی رۆژنامەنووسیو مافی تاکەکان دەپارێزێت.

٤- سەنتەرێکی توێژینەوەی میدیایی لەهەرێمی کوردستاندا پێکبهێنرێت، تایبەت بەپرسە میدیاییەکانو ئەو پرسانەی بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەستن بەمیدیاوە، تاکو بەردەوام زانستیانە لەمیدیای کوردیو پێویستیە هەنوکەییەکانی بکۆڵرێتەوە.

٥- لەپێناو دەرخستنی سنورەکانی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیو پابەندبوونی ئێتیکی، سەندیکاو لایەنە پەیوەندارەکان، خولی بەردەوام بۆ رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، لەدەرەوەو ناوەوەی هەرێمدا بکەنەوە.

٤- یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی پارلەمانی کوردستان هەمواربکرێت، یان بگۆڕدرێت بەیاسایەکی دیکە، کە لەگەڵ گیانی سەردەمو ئازادیی رادەربڕینو پرەنسیپەکانی دیموکراسییدا بگونجێتو چەمکەکان تێیدا رۆشنو پێناسەکراو بن.

٥- یاسایەکی هاوچەرخ تایبەت بەبەدەستهێنانی هەواڵو زانیاری گەڵاڵەبکرێتو چەمکەکان تێیدا پێناسە بکرێن، یاخود لەیاسایەکی رۆژنامەنووسیدا ئەو مافە بۆ رۆژنامەنووس دەستبەربکرێت.

٦- یاسایەکی تایبەت بە مافە پیشەییەکانی رۆژنامەنووس گەڵاڵەبکرێت، بەمەرجێك هەموو رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، نەك وەکو یاسای سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان- هەموارکراو ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨ کە تەنها ئەندامانی سەندیکاکە دەگرێتەوە، یاخود ئەو یاسایە جارێکی تر هەمواربکرێتەوە.

٧- پەیماننامەیەکی شەرەف بۆ رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان دابڕێژرێت، تاکو ببێتە کارنامەی ئێتیکی پیشەیی بۆیان.

٨- رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لەداڕشتنی ئەو یاسایانەی پەیوەندارن بەپیشەکەیانەوە بەشداریان پێبکرێتو، راو پێشنیارەکانیان بەهەندوەربگیرێن.

# لیستی سەرچاوەکان

# لیستی سەرچاوەکان


١) القــرآن الكريــم.

**<u>یەکەم: کتێبی کوردی:</u>**

**ئیسماعیل تەنیا:**

٢) بیبلۆگرافیــای ڕۆژنامەگــەریی کــوردی ١٩٧٥-١٩٩٣، چ١ (هــەولێر: ڕاگەیانــدنی بزوتنەوەی میللی کوردستان، ١٩٩٨).

**بەختیار عەلی:**

٣) وەڵام لەڕۆژگاری ونبوونی پرسیاردا- سیازدە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەختیار عەلی- ، چ٢، (سلێمانی: خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی قانع، ٢٠٠٤).

**تاتیان ریپکۆڤا:**

٤) نیوتایمز- دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی پیشەوەری لەوڵاتانی بەرەو دیموکراسیدا، و. لەئینگلیزییەوە: محەممەد مستەفا قەرەداغی، (سلێمانی: وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٦).

**حەمە کەریم عارف (بەسەرپەرشتی):**

٥) ڕاگەیاندن لەپەراوێزی دەسەڵاتدا، چ١ (هەولێر: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠١).

**دیبۆرا پۆتەر:**

٦) ڕێنوێنی ڕۆژنامەوانیی بێلایەن، و. عەبدولڕەزاق عەلی، چ ١ (هەولێر: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧).

**ژان پۆل مارتۆز:**

٧) هەقتە بزانی، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن، چ٢ (هەولێر: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧).

**ڕێبوار سیوەیلی:**

٨) نووسینو بەرپرسیاری، چ٢(سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦).

**چەند توێژەرێك:**

٩) ئازادییە گشتیەکانو دیموکراسی، چ١ (ب. ش.: پـەیمانگای نێودەوڵـەتیی یاسـای مافەکانی مرۆڤ سەر بەکۆلێژی یاسای زانکۆی دیپۆڵ، ٢٠٠٥)

**عبدالله زەنگەنە:**

١٠) رۆژنامەنووسی کوردی لەکوردستانی دوای راپەڕین (بەدواداچـوونێکی مەیـدانی یە)، (هەولێر: ب. خ، ١٩٩٨).

**غازی حەسەن:**

١١) سەرکوتی رۆژنامەی کوردی لەسـێبەری یاسـادا، (هـەولێر: وەزارەتـی رۆشـنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٨).

**فەرەیدون سامان:**

١٢) رۆژنامەڤان، (سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە، ٢٠٠٥).

**کاروان عەلی:**

١٣) ئـازادی لەرۆژنامەگـەریی حزبیـدا، (سـلێمانی: بەڕێوەبـەرێتیی گـشتیی چـاپو بڵاوکردنەوە، ٢٠٠٢).

**کەمال پۆلادی (دکتۆر):**

١٤) مێـژووی هـزری سیاسـی لـەرۆژئاوا (لەسـوکراتەوە تاماکیـاڤیللی)، و: ئـازاد وەڵەدبـەگیو سـیروان زەنـدی، ب١، چ١ (هـەولێر: دەزگـای چـاپو بڵاوکردنـەوەی موکریانی).

١٥) مێژووی هزری سیاسی لەرۆژئاوا لەماکیاڤیلی تا مـارکس– چـەرخی نـوێ، و: ئـازاد وەڵەدبـەگیو سـیروان زەنـدی، ب٢، چ١ (هـەولێر: دەزگـای چـاپو بڵاوکردنـەوەی موکریانی، ٢٠٠٥).

**کەمال سەعدی (دکتۆر):**

١٦) ئازادیی رۆژنامەگەریو ئەخلاقی پیشە، چ١ (هەولێر: دەزگای O.P.L.C. بۆ چاپو بڵاوکردنەوە پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان ژمارە ٩، ٢٠٠٤).

١٧) ئازادیی رۆژنامەگەریو دیموکراسییەت، چ١ (هـەولێر: بزاڤـی رۆشـنبیرانی نوێخـواز، ٢٠٠٤).

١٨) فەلـسەفەو یاسـا لەچـەند وتارێکـدا، چ١(هـەولێر: دەزگـای چـاپو بڵاوکردنـەوەی O.P.L.C. پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان ژمارە ٢٦، ٢٠٠٥).

**کەمال فوئاد (دکتۆر) (کۆکردنەوەو پێشەکی):**

١٩) کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨– ١٩٠٢، چ٢ (قاهیرە: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی بەدرخان، ٢٠٠٥).

**کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر):**

٢٠) "تێگەیشتنی راستی"و شوێنی لەرۆژنامەنوسی کوردیدا، (بغداد: کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨).

**م. ر. هاوار:**

٢١) شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، (لەندەن: بلاك رۆز، ١٩٩٠).

**مەریوان وریا قانیع:**

٢٢) شوناسو ئالۆزی– چەند وتارێك دژ بەدۆگماتیزم، (سلێمانی: نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ٢٠٠٤).

**مەگدید سەپان:**

٢٣) بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچەند چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەریدا، (ستۆکهۆڵم: ب. خ، ١٩٩٤).

**مەغدید سەپان (دکتۆر):**

٢٤) ژانرەکانی رۆژنامەوانیو مێژووی چاپخانە ١٤٥٠–١٥٠٠، چ١ (هەولێر: کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٥).

**مەم بورهان قانع:**

٢٥) ئازادیی رۆژنامەنووسیی لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا – توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە بۆ یاساکانی چاپەمەنیی عوسمانیو عێراقیو گەڕانەوە بۆ نێو دانیشتنەکانی پارلەمان–، چ١ (سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە، ٢٠٠١).

**محەمەد فەریق حەسەن:**

٢٦) دەسەڵاتی چوارەمو زمانی تەلەڤزیۆن، چ١ (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧).

**نەوشیروان مستەفا ئەمین:**

٢٧) چەند لاپەڕەیەك لەمێژوی رۆژنامەوانی ی کوردی ١٨٩٨–١٩١٨، چ١، ب١ (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠١).

**هێرش رەسوڵ:**

٢٨) رۆژنامـەی ئـەهلی لەباشـوری کوردسـتان ١٩٩٤– ٢٠٠٢، چ١ (سـلێمانی: دەزگـای چاپو بڵاوکردنەوەی بەدرخان، ٢٠٠٦).

٢٩) میـدیاو دەسـەڵات (کۆدیـدار)، چ١ (سـلێمانی: لەکتێبـە چـاپکراوەکانی رۆژنامـەی "چاودێر"، ٢٠٠٨).

**هیمدادی حوسێن (دکتۆر):**

٣٠) رۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتیی کوردستان ١٩٤٢– ١٩٤٧، (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢)، تێزی دکتۆرایە، چاپکراوە.

**دووەم: کتێبی عەرەبی:**

**إبراهيم الداقوقي (الدكتور):**

٣١) قانون الإعلام — نظرية جديدة في الدراسات الإعلاميـة الحديثـة، (ب. م، وزارة التعلـيم العالي والبحث العلمي— جامعة بغـداد، مطبعـة وزارة الأوقـاف والـشؤون الدينيـة، ب. س).

**إحسان محمد الحسن (الدكتور)، عبدالمنعم الحسني (الدكتور):**

٣٢) طرق البحث الإجتماعي، (بغداد: وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، ١٩٨٢).

**أحمد البريدي (اعداد):**

٣٣) حرية الصحافة– بحث علمي قانوني، (دمشق: ب. د، ٢٠٠٠).

**أحمد موسى قريعى:**

٣٤) ضمير الصحافة —دليل الـصحفي والطالـب إلى فـن النـشر والتحريـر الـصحفي–، ط١ (القاهرة: مكتبة مدبولي، ٢٠٠٨).

**ادوين امري، فيليب هـ. أولت، وارين ك. اجي:**

٣٥) الإتصال الجماهيري، ت: ابـراهيم سـلامة إبـراهيم، (ب. م: المجلـس الأعلـى للثقافـة، ٢٠٠٠).

**امال سعد المتولي (الدكتورة):**

٣٦) مدخل إلي الصحافة، ( ب. م: ب. د.، ب. س.).

**توريل بريكه، بيتر نورمان ووغه، برنت هاغتفيت:**

٣٧) حرية التعبير الخطيرة، ت: عن النروجية: نزار اغري، ط١ (اربيل: دار ئاراس للطباعة والنشر، ٢٠٠٧).

**تيسير أبو عرجة (الدكتور):**

٣٨) قضايا و دراسات اعلامية، ط١ (عمان: دار جرير للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦).

**جابر جاد نصار (الدكتور):**

٣٩) حرية الصحافة– دراسة مقارنة في ظل القانون رقم ٩٦ لسنة ١٩٩٦، ط٣ (القاهرة: دار النهضة العربية، ٢٠٠٤).

**جون ستيوارت مل:**

٤٠) أسس اللبرالية السياسية، ترجمة و تقديم وتعليق: م. د. إمام عبدالفتاح إمام، م. د. ميشيل متياس، (القاهرة: مكتبة مدبولي، ١٩٩٦).

**جون ل. هاتلنج:**

٤١) أخلاقيات الصحافة (مناقشة علمية للقواعد الأخلاقية للصحافة كما حددتها جمعية رؤساء تحرير الصحف الأمريكية)، ت: كمال عبدالرؤف، ط١ (القاهرة: الدار العربية للنشر والتوزيع).

**جون ميرل، رالف لوينشتاين:**

٤٢) الإعلام وسيلةورسالة، ت. د. ساعد خضر العرابي الحارثي، (الرياض: دار المريخ للنشر، ١٩٨٩).

**حسن الحسن (الدكتور):**

٤٣) الدولة الحديثة إعلام وإستعلام، ط١ (بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٨٦).

**حسن شحاتة سعفان:**

٤٤) أساطين الفكر السياسي والمدارس السياسية، (القاهرة: مكتبة النهظة المصرية، ١٩٥٩).

**حنان يوسف (الدكتورة):**

٤٥) الإعلام والسياسة– مقاربة إرتباطية، ط٢ (القاهرة: اطلس للنشر والانتاج الإعلامي ش. م. م، ٢٠٠٦).

**خليل صابات (الدكتور):**

٤٦) الصحافة رسالة وإستعداد وفن وعلم، ط٣ (مصر: دار المعارف بمصر، ١٩٦٧).

**نبيل راغب (الدكتور):**

٤٧) الصحافة الصفراء– الجذور والفروع، (القاهرة: دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٤)، ص٣٩٢.

**ربحي مصطفى عليان (الدكتور):**

٤٨) البحث العلمي أسسه مناهجه وأساليبه إجراته، (عمان: بيت الافار الدولية، ٢٠٠٢).

**رجاء وحيد دويدي (الدكتور):**

٤٩) البحث العلمي اساسياته النظرية وممارسته العلمية، (دمشق: دار الفكر، ٢٠٠٠).

**روجر ويمر و جوزيف دومينك:**

٥٠) مقدمة في أسس البحث العلمي (مناهج البحث الإعلامي)، ت. د. صالح خليل أبو اصبع، ط٢، (عمان: دار ارام للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٨).

**رودني أ. سموللا:**

٥١) حرية التعبير في مجتمع مفتوح، ترجمة: كمال عبدالرؤوف، ط١ (القاهرة: الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، ١٩٩٥).

**سامي رفائيل بطي:**

٥٢) صحافة العراق: نتائج رفائيل بطي، ج١(بغداد: ب. د،١٩٨٥).

**سامية محمد جابر (الدكتور):**

٥٣) الإتصال الجماهيري والمجتمع الحديث، (الاسكندرية: دار المعرفة الجماهيرية، ١٩٨٤).

**سمير محمد حسين (الدكتور):**

٥٤) بحوث الإعلام الاسس والمباديء، (القاهرة: عالم الكتب، ١٩٧٦).

**سعدي محمد الخطيب (الدكتور):**

٥٥) القيود القانونية على حرية الصحافة، ط١ (بيروت– لبنان: منشورات الحلبي الحقوقية، ٢٠٠٦).

**سنان سعيد (الدكتور):**

٥٦) دراسات في الصحافة العراقية– حرية الصحافة في العراق حتى عام ١٩١٧، (مديرية الإعلام العامة: دار الحرية للطباعة، ١٩٧٢).

**صباح صادق جعفر (إعداد):**

٥٧) حقوق الإنسان (وثائق)، ط١ (بغداد: دار الكتب والوثائق، ٢٠٠٣).

**صلاح الدين حافظ:**

٥٨) أحزان حرية الصحافة، ط٢ (القاهرة: مركز أهرام للترجمة والنشر، ١٩٩٧).

**جيهان المكاوي (الدكتور):**

٥٩) حرية الفرد.. حرية الصحافة (دراسة مقارنة)، ط١ (الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨١).

**عامر إبراهيم قنديلجي:**

٦٠) البحث العلمي وإستخدام مصادر المعلومات، (بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٢).

**عبدالحميد الشواربي (الدكتور):**

٦١) جرائم الصحافة والنشر في ضوء القضاء والفقه، ط١ (الاسكندرية: منشأة المعارف بالأسكندرية، ١٩٨٦).

**عبدالفتاح إبراهيم (الاستاذ):**

٦٢) حرية الرأي والفكر، جمع و اعداد: شهاب أحمد الحميد، ط١، (بغداد: مركز الرابطة للدراسات والبحوث والتوثيق، ٢٠٠٤).

**عبداللطيف حمزة (الدكتور):**

٦٣) أزمة الضمير الصحفي، (ب. م: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٢).

٦٤) الإعلام له تأريخه ومذاهبه، ط١ (القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٦٥).

**عبدالله إسماعيل البستاني (الدكتور):**

٦٥) حرية الصحافة– دراسة مقارنة، ط١ (القاهرة: ب. د، ١٩٥٠).

**عبدالله العروي:**

٦٦) مفهوم الحرية، ط٣ (بيروت– لبنان: دار التنوير للطباعة والنشر، ١٩٨٤).

**عبدالرحمن بدوي:**

٦٧) أفلاطون، (بيروت: دار القلم، ١٩٧٩).

**عبدالفتاح بيومي حجازي (الدكتور):**

٦٨) المباديء العامة في جرائم الصحافة والنشر– دراسة متعمقة عن جرائم الرأي في قانون العقوبات وقانون الصحافة، (الاسكندرية: دار الفكر الجامعي، ٢٠٠٦).

**عبدالمجيد نعنعى (الدكتور):**

٦٩) أوروبا في بعض الازمة الحديثة والمعاصرة، (بيروت: ب. د، ١٩٨٣).

**عبدالوهاب ابراهيم ابوسليمان (الدكتور):**

٧٠) كتابة البحث العلمي صياغة جديدة، ط٦(جدة: دار الشروق للنشر والتوزيع، ١٩٩٦).

**عبدالوهاب كحيل (الدكتور):**

٧١) الرأي العام والسياسات الإعلامية، ط٢ (القاهرة: مكتبة المدينة، ١٩٨٧).

**عزيز السيد جاسم:**

٧٢) مباديء الصحافة في العالم المتغيرات، ط١ (بغداد: دار افاق عربية، ١٩٨٥).

**عصام سليمان الموسى (الاستاذ الدكتور):**

٧٣) المدخل في الإتصال الجماهيري، ط٥ (المملكة الاردنية الهاشمية: مكتبة الكتاني للنشر والتوزيع، ٢٠٠٣).

**عقيل حسين عقيل (الدكتور):**

٧٤) فلسفة مناهج البحث العلمي، (ب.م: مكتبة مدبولي، ١٩٩٩).

**عماد عبدالمجيد النجار (الدكتور):**

٧٥) الوسيط في التشريعات الصحافة– حرية الصحافة/ تنظيم مهنة الصحافة/ الجرائم الصحفية، (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٨٥).

**فتحي حسين احمد عامر:**

٧٦) أخلاقيات الصحافة في نشر الجرائم– دراسة تحليلية مقارنة، ط١ (القاهرة: ايتراك للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦).

**فوزي غرايبه (الدكتور) و اخرون:**

٧٧) أساليب البحث العلمي في العلوم الانسانية والإجتماعية، ط٢ (عمان: الجامعة الأردنية، ١٩٨١).

**فضيل دليو (الدكتور):**

٧٨) الإتصال مفاهيمه ونظرياته ووسائله (القاهرة: الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٣).

**كاظم المقدادي (الدكتور):**
٧٩) البحث عن حرية التعبير، ط١ (باريس: العالم العربي، ١٩٨٤).

**ليلى عبدالمجيد (الدكتورة):**
٨٠) التشريعات الإعلامية، (ب. م: ب. د، ٢٠٠٠).

**ليون دجي (العميد):**
٨١) دروس في القانون العام، ت: د. خالد رشدي (بغداد: مركز البحوث القانونية، ١٩٨١).

**ماجد راغب الحلو**
٨٢) حرية الإعلام والقانون، (الاسكندرية: منشأة المعارف، ٢٠٠٦).

**محمد الأمين أبوهجار (الدكتور):**
٨٣) الصحافة بين الحدود والحرية، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٧).

**محمد بن السعود البشر (الدكتور):**
٨٤) مقدمة في الإتصال السياسي، ط١ (الرياض: مكتبة العبيكان، ١٤١٨هـ ١٩٩٧م.

**محمد جودت ناصر (الدكتور):**
٨٥) الدعاية والإعلان والعلاقات العامة، ط١ (عمان: دار مجدلاوي، ١٩٩٨).

**محمد حسام الدين (الدكتور):**
٨٦) المسئولية الإجتماعية للصحافة، ط١ (القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٣).

**محمد حسنين هيكل:**
٨٧) بين الصحافة والسياسة، ط٥ (بيروت– لبنان: شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، ١٩٨٤).

**محمد سيد فهمي:**
٨٨) الإعلام من النظور الاجتماعي، ط١ (الاسكندرية: دار المعارف، ١٩٨٤).

**محمد عبدالقادر حاتم (الدكتور):**
٨٩) ديمقراطية الإعلام والإتصال، (ب. م: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٦).

**محمد محمود دهيبة:**
٩٠) الإعلام المعاصر، ط١ (عمان: مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع– دار أجنادين للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧).

**محمود علم الدين (الدكتور):**

٩١) أساسيات الصحافة في القرن الحادي والعشرين، ط٢ (القاهرة: المكتبة العصرية، ٢٠٠٩).

٩٢) الفن الصحفي، (القاهرة: مطبوعات أخبار اليوم، ٢٠٠٤).

**مي العبدالله (الدكتور):**

٩٣) الإتصال والديمقراطية الفضائيات والحرب الإعلامية، ط١ (بيروت: دار النهضة العربية، ٢٠٠٥).

**نائل عبدالحافظ العواملة(الدكتور):**

٩٤) أساليب البحث العلمي، ط١ (الاردن: الشارقة العالمية للإستشارات الأكاديمية، ١٩٩٧).

**هاني سليمان الطعيات (الكتور):**

٩٥) حقوق الانسان وحرياته الأساسية، ط١ (عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦).

**هاني الرضا (الدكتور)، رامز محمد عمار (الدكتور):**

٩٦) الرأي العام والإعلام والدعاية، ط١ (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٨).

**وائل عزت البكري (الدكتور):**

٩٧) تطور النظام الصحفي في العراق ١٩٥٨– ١٩٨٠ (دراسة التحليلية)، (بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٤).

**وديع ياسين التكريتي وحسن محمد العبيدي:**

٩٨) التطبيقات الاحصائية وإستخدامات الحاسوب في بحوث التربية الرياضية، (موصل: دار الكتب للطبع والنشر، ١٩٩٩).

**يوسف المرعشلي (الدكتور) (اعداد):**

٩٩) اصول كتابة البحث العلمي وتحقيق المخطوطات، ط٢ (لبنان: دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٦).

**سێیەم: کتێبی فارسی:**

**بیل کوواچ و تام روزنستیل:**

١٠٠) عناصـر روزنامـەنگاری، ت. داوود حیـدری، چ١ (ب. م: دفـتر مطـالعـاتو توسـعه رسانەها، ١٣٨٥).

**جفری هریس، دیوید اسپارك:**

١٠١) خبرنگاری کـاربردی، محمـد تقـی روغنـی هـا، چ١ (تهـران: مـؤسـسەی فرهنگـیو مطبوعاتی ایران، ١٣٨١)، ص٢٣٨.

**دیوید رندال:**

١٠٢) روزنامەنگاری حرفه ای، ت: علی اکبر قاچی زاده، چ١ (ب. م: موسسه إنتشاراتی روزنامه ایران، ١٣٨٢).

**ریچارد کیبل:**

١٠٣) راهنمـای روزنامــەنگاری، ت. مـریم تـاج فـر، چ١ (ب. م: إنتــشارات همــشهری، ١٣٧٩).

**یونس شکرخواه (دکتر):**

١٠٤) خبر، چ٩، (تهران: مرکز مطالعات وتحقیقات رسانه ها، ١٣٨٤).

**یونس شکر خواه (دکتر):**

١٠٥) روزنامەنگاری سـایبر– جامعـه اطلاعـاتي وازادي بیـان، ض١ (تهـران: چـاپخانەو لیتوگرافی کانون، ١٣٣٦).

**چوارەم: کتێبی ئینگلیزی:**

**Eric Barendt:**

106) Freedom of speech, (Oxfordshire, 1987).

**RUSSELL, B:**

107) The Autobiography of Bertrand Russell: 1914-1944 (New York: 1969, Bantam).

**Wayne Overbeck:**

108) Major principles of Media Law, Harcourt Brace cillege publishers, 1997 – 1998 Editon.

**پێنجەم: کتێبی ئەڵمانی:**

**Hartung Fritz:**

109) Die Entwicklung der Menschen- und Burgerrechte von 1776 bis zur Gegenwart, Gottingen/ Berlin/ Frankfurt 1972.

**Huttinger Alexader:**

110) Meinungsfreiheit, Salzburg, 1989..

**Johannes Schwartlander:**

111) Eibe Riedel (Hrsg.) Neue Medien und Meinungsfreiheit im nationalen und internationalen Kontext. Engel Verlag, Kehl am Rhein, Straβburg, Arlington, 1990.

**Thomaβ, Barbara:**

112) Journalistische Ethik: ein Vergleich der Diskurse in Frankreich, Groβbritannien und Deutschland / Barbara Thomaβ. – Opladen: Westdt. Verl., 1998.

**شەشەم: فەرهەنگ و ئەنسیکلۆپێدیا:**

**Oxford. Wopapower.**

113) Oxford University Press. 1999. p 651.

**الان بالمر:**

١١٤) موسوعة التأريخ الحديث ١٧٨٩ – ١٩٤٥، ت: سوسن فيصل السامر ويوسف محمدأمين، ط١، (بغداد: دار المأون، ب. س.).

**احسان محمد الحسن (الاستاذ الدكتور):**

١١٥) موسوعة العلم الاجتماع، ط١، (بيروت: دار العربية للموسوعات، ١٩٩٩)

**بەدران ئەحمەد حەبیب:**

١١٦) فەرهەنگی زاراوەگەلی راگەیاندن (ئینگلیزی – کوردی – عەرەبی)، چ١ (هەولێر: کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٥).

**جەمال عەبدول:**

١١٧) فەرهەنگی راگەیاندن (ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی)، چ١ (کوردستان – سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦).

**الجوهري:**
١١٨) الصحاح في اللغة والعلوم، ط١ (بيروت: دار الحضارة العربية، ١٩٧٥)، مادة الصحف.

**داريوش اشورى:**
١١٩) فرهنگ سياسى، (تهران: ب. م، ١٣٦٨).

**عبدالرحمن بدوي (الدكتور):**
١٢٠) الموسوعة الفلسفية، ج٢، ط١ (بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٤)

**عبدالمنعم الحفني (الدكتور):**
١٢١) موسوعة الفلسفة والفلاسفة، ج١ (ب. م: مكتبة مدبولي، ١٩٩٩).
١٢٢) موسوعة الفلسفة والفلاسفة، ج٢ (ب. م: مكتبة مدبولي، ١٩٩٩).

**عبدالوهاب الكيالي (أسسها) (الدكتور):**
١٢٣) موسوعة السياسة، ج٥، ط١، (بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٧.

**عبدالوهاب الكيالي (الدكتور)، كامل زهيري (تحرير و اشراف):**
١٢٤) الموسوعة السياسية، (بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٧٤).

**كرم شلبي (الدكتور):**
١٢٥) معجم المصطلحات الإعلامية (انجليزي/ عربي)، ط ٢ ( بيروت: دار الجيل، ١٤١٥هـ – ١٩٩٤م).

**لويس معلوف:**
١٢٦) المنجد في اللغة، ط٣٥ (بيروت: ب. د، ١٩٩٨)، مادة الصحف.

**د. محمد فريد عزت:**
١٢٧) القاموس الموسوعي للمصطلحات الإعلامية (إنجليزي – عربي)، ط ١ (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢).

**محمد رضا محمدى فر:**
١٢٨) فرهنگ روزنامه نگارى – مجموعهء اطلاع رسانى، چ١ (تهران وارشاد اسلامى – سازمان چاپ وانتشارات، ١٣٧٨).

**محمد منير حجاب (الدكتور):**

١٢٩) الموسوعة الإعلامية، المجلد الثالث (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٣).

**محمد محمود ربيع، اسماعيل صبري مقلد:**

١٣٠) موسوعة العلوم السياسية، (دولةالكويت: ب. د، ١٩٩٣/١٩٩٤).

**المنظمة العربية للتربية و الثقافة و العلوم:**

١٣١) المعجم العربي الاساسي، احمد مختار عمر (محرر)، (اليكسو: ب. د، ١٩٨٨).--:

١٣٢) موسوعة السياسية، ط٣ (عمان: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، دار الفارس للنشر والتوزيع، ١٩٩٧).

**حەوتەم: بەڵگەنامەکان:**

١٣٣) ئەنستیتۆی ڕۆژنامەوانیی جەنگو ئاشتی: بنەڕەتەکانی ڕۆژنامەنووسیی نێودەوڵەتی.

١٣٤) بەڵگەنامەی عەرەبیی مافەکانی مرۆڤ ٢٠٠٤.

١٣٥) بەیاننامەی کاری ڕۆژنامەنووسی.

١٣٦) بڕوانامەی شەرەفیی کاری ڕۆژنامەوانیی (گۆڤاری لڤین)، چاپنەکراوە.

١٣٧) پەیماننامەی ئەفریقیی مافەکانی مرۆڤو گەلان ١٩٨١.

١٣٨) پرۆژەی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

١٣٩) پرۆژەی جاڕنامەی عیراقیی مافەکانی مرۆڤ ٢٠٠٣

١٤٠) پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان.

١٤١) پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەکان ١٩٦٦.

١٤٢) پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی ئێتیکی کاری ڕۆژنامەنووسی.

١٤٣) جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ١٩٤٨.

١٤٤) الحق في حرية الرأي والتعبير، حقوق الانسان في مجال إقامة العدل، دليل بشأن حقوق الانسان خاص بالقضاة والمدعين العامين والمحامين.

١٤٥) دليل تشريع القوانين، كلية الاداب– جامعة بغداد– قسم الإعلام، ب. س.

١٤٦) ڕاپۆرتی ASK بۆ مافەکانی مرۆڤ لەکوردستان، ساڵی ٢٠٠٠.

١٤٧) ڕاپۆرتی گشتیی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ کۆنگرەی دوەمی سەندیکا، بڵاونەکراوەتەوە.

١٤٨) ڕاپۆرتێک لەبارەی کاروباری دەستەی باوەڕمەندانی پشتگیری لەمیدیای سەربەخۆ بۆ ساڵی ٢٠٠٢، بڵاونەکراوەتەوە.

١٤٩) رێککەوتننامەی ئەمەریکیی مافەکانی مرۆڤ ١٩٦٩.
١٥٠) رێککەوتننامەی ئەوروپیی مافەکانی مرۆڤ ١٩٥٠.
١٥١) الشرعة الدولية لحقوق الانسان، ط٢ (أربيل: ASK، 2001).
١٥٢) نووسراوی وەزارەتی دارایی‌و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ٦٧٩٥ی ١٠/٨/١٩٩٨ کە ئاراستەی وەزارەتی رۆشنبیری کراوە.
١٥٣) نووسراوی رەسمیی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی بەژمارە (١\٥٢\٩٥٢٢)ی رۆژی ١٣/٧/٢٠٠٦، سەبارەت بەئازادیی کارکردنی رۆژنامەنووس، کە ئاراستەی بەڕێوەبەرێتیی کارگێڕو بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی ناوشارو بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی قەزاکان کراوە.


**هەشتەم: دەستورو یاساو پرۆژە یاساکان:**


١٥٤) الدستور المصرى لسنه ١٩٧١ المعدل
١٥٥) الدستور العراقى لسنه ١٩٧٠ المعدل
١٥٦) دەستوری عیراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥
١٥٧) قانون العقوبات العراقى المرقم (١١١) لعام ١٩٦٩ المعدل
١٥٨) قانون المطبوعات العراقى رقم (٢٠٦) لسنه ١٩٦٨ المعدل
١٥٩) یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣
١٦٠) رەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستانی عیراق
١٦١) یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لەهەرێمی کوردستان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦
١٦٢) یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە ٤ ی ساڵی ١٩٩٨– هەموارکراو
١٦٣) یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی کوردستان– عیراق ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠١
١٦٤) یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣
١٦٥) یاسای کۆمەڵەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٣
١٦٦) پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان
١٦٧) پرۆژە یاسای راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان
١٦٨) یاسای راگەیاندنی سوید
١٦٩) یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧
١٧٠) یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٣ی هەرێمی کوردستان– عیراق
١٧١) پرۆژە یاسای کازیوە

١٧٢) پرۆژە یاسای ماف بەدەستهێنانی زانیاری
١٧٣) یاسای چاپەمەنیی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ١٨٦١زایینی بەرامبەر ١٢٨١ی کۆچی.

**نۆیەم: رۆژنامەکان:**


١٧٤) ئاسۆ (رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیی رۆژانەی سەربەخۆیە، خەندان بۆ پەخش و وەشاندن دەریدەکات)، ژمارە ٥٠١، ساڵی چوارەم، شەممە ٢٠٠٧/٨/١١.
١٧٥) ئاڵای ئازادی (رۆژنامەیەکی سیاسیی هەفتانەیە، مەکتەبی راگەیاندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات)، ژمارە ٨٤ یەکشەممە ١٩٩٣/٨/٨.
١٧٦) ئاوێنە (رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیە، کۆمپانیای ئاوێنە دەریدەکات)، ژمارە ٢٢، سێشەممە ٢٠٠٦/٦/٦.
١٧٧) ئاوێنە (رۆژنامەیەکی رۆشنبیریی سیاسیی ئازادە)، ژمارە ٨٦ سێشەممە ٢٠٠٧/٩/١١.
١٧٨) ئەمرۆ، ژمارە ٢١، رۆژی ١٩٩٧/١٠/٨.
١٧٩) ئەمرۆ، ژمارە ٤٢، ١٤ی ئایاری ٢٠٠٤.
١٨٠) برایەتی (رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە، پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات)، ژمارە ٣٥٠٤، پێنجشەممە ٢٠٠١/١٠/٤.
١٨١) برایەتی، ژمارە ٣٧٠٧ یەکشەممە ٢٠٠٢/٦/٩.
١٨٢) رۆژنامە (رۆژنامەیەکی رۆژانەیە، کۆمپانیای وشە دەریدەکات)، ژمارە ١١٥، رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٧/١٢/٩.
١٨٣) رۆژنامە، ژمارە ٨٠، یەکشەممە ٢٠٠٧/١٠/٢١.
١٨٤) رۆژنامەنووس (بڵاوکراوەی دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازادە، مانگی دوو جار دەردەچێت)، ژمارە ٢٤، ساڵی دووەم، ١٥ی نیسانی ٢٠٠٠.
١٨٥) روژ کوردستان (سیاسی، أدبی، إجتماعی، غزتەیکی رسمی یە هفتە جاریك دردچی)، ژمارە (٥)، چوارشەممە ١٩٢٢/١٢/٢٠.
١٨٦) رێبازی ئازادی (هەفتەنامەیەکی سیاسییە، حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەریدەکات)، ژمارە ٤٧٢، سێشەممە ٢٠٠٧/٥/٦.
١٨٧) چاودێر (رۆژنامەیەکی سیاسیی روناکبیریی کۆمەڵایەتیی هەفتانەیە)، ژمارە ١٢١، دووشەممە ٢٠٠٧/٤/٩.
١٨٨) چاودێر، ژمارە ١٢٢، رۆژی دووشەممە ٢٠٠٧/٤/١٦.
١٨٩) چاودێر، ژمارە ١٤٦، دووشەممە ٢٠٠٧/١٠/١.
١٩٠) چاودێر، ژمارە ١٥٣، دووشەممە ٢٠٠٧/١١/٢٦.

١٩١) چاودێر، ژمارە ١٦٠، دووشەممە ٢٠٠٨/١/٢١.
١٩٢) چاودێر، ژمارە ٨٥، دووشەممە ٢٠٠٦/٧/١٠.
١٩٣) کوردستان راپۆرت (رۆژنامەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتیی رۆژانەیە)، ژمارە ٣٢٦، ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦.
١٩٤) کوردستان راپۆرت، ژمارە ٥٣، یەکشەممە ٦ی ئابی ٢٠٠٦.
١٩٥) کوردستانی نوێ (رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات)، ژمارە ٤٠٢٣، رۆژی ٢٠٠٦/٧/١٨.
١٩٦) کوردستانی نوێ ، ژمارە ٤٢٣٥، هەینی ٢٠٠٧/٤/٦.
١٩٧) کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٤٤١، پێنجشەممە ٢٠٠٧/١٢/٦.
١٩٨) کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٤٥٤ پێنجشەممە ٢٠٠٧/٨/٢٣.
١٩٩) کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٣٧٣ هەینی ٢٠٠٧/٩/١٤.
٢٠٠) کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٣٧١ چوارشەممە ٢٠٠٧/٩/١٢.
٢٠١) میدیا (رۆژنامەیەکی سیاسیی هەفتانەیە، یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK دەریدەکات)، ژمارە ٣١٧، ٢٠٠٧/١٢/٤، ١٣ی سەرماوەز ٢٧٠٧.
٢٠٢) هاوڵاتی (رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیی ئەهلییە، چاپخانەی رەنج دەریدەکات)، ژمارە ١٢، پێنجشەممە ٢٠٠١/٢/١٥.
٢٠٣) هاوڵاتی، ژمارە ٢٥٥، چوارشەممە ٢٠٠٥/١٢/٢٨.
٢٠٤) هاوڵاتی، ژمارە ٢٦٦، چوارشەممە ٢٠٠٦/٣/٢٢.
٢٠٥) هاوڵاتی، ژمارە ٣٣١، چوارشەممە ٢٠٠٧/٦/٢٠.
٢٠٦) هاوڵاتی، ژمارە ٣٤٧، یەکشەممە ٢٠٠٧/٨/١٩.
٢٠٧) هاوڵاتی: ژمارە ٣٤٨، چوارشەممە ٢٠٠٧/٨/٢٢.
٢٠٨) هاوڵاتی، ژمارە ٣٤٩ یەکشەممە ٢٠٠٧/٨/٢٦.
٢٠٩) هاوڵاتی، ژمارە ٣٥٠ چوارشەممە ٢٠٠٧/٨/٢٩.
٢١٠) هاوڵاتی، ژمارە ٣٨٢، چوارشەممە ٢٠٠٧/١٢/٢٦.
٢١١) هاوڵاتی، ژمارە ٣٨٨، چوارشەممە، ٢٠٠٨/١/١٦.
٢١٢) هاوڵاتی، ژمارە ٥٧، دووشەممە ٢٠٠٢/١/٢١.
٢١٣) هاوڵاتی، ژمارە ٨٧، دووشەممە ٢٠٠٢/٨/٢٦.
٢١٤) هەواڵ (هەواڵنامەیەکی گشتیی هەفتانەیە، دەزگای هەواڵ بۆ راگەیاندن و رۆژنامەوانی دەریدەکات)، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، ١ی تەمموزی ٢٠٠١.

٢١٥) وەقايعی كوردستان (ڕۆژنامەی فەرميی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، وەزارەتی داد دەریدەكات)، ژمارە ٦١، ساڵی شەشەم، ٢٠٠٦/٧/١٦.
٢١٦) وەقايعی كوردستان، ژمارە ٤٥، ساڵی چوارەم، ٢٠٠٣/١٠/٢٨.

**دەیەم: گۆڤارەكان:**

**أ- كوردی:**

Encarta Encyclopedia:

٢١٧) پاراستنی ئازادیی ئاخاوتن، و. لەئینگلیزیەوە: ئاوات ئەحمەد، مەدەنیەت (تایبەت بەكلتوری مەدەنی)، ژمارە ١٥، ساڵی چوارەم، ئاب- ئەیلولی ٢٠٠٣.

**بەرزان فەرەج (ئامادەكردن):**

٢١٨) چەند لاپەڕەیەكی ڕەش لەوەهمی دیموكراسیەتدا، ڕەهەند (گۆڤارێكی زانستی سەربەخۆی تایبەتە بە تیۆر، كولتور و ڕاڤەكردن، لەلایەن نێوەندی ڕەهەند بۆ لێكۆڵینەوەی كوردی بڵاودەكرێتەوە)، ژمارە ٢، ١٩٩٧.

**دلێر ئەحمەد (دكتۆر):**

٢١٩) پێناسەو چەمكی تۆتالیتاریزم، نوڤین (وەرزانەیەكی فیكریی روناكبیرییە، مەكتەبی بیروهۆشیاریی (ی. ن. ك.) دەریدەكات)، ژمارە ٩، تشرینی یەكەمی ٢٠٠٦.

**سەنتەری برایەتی:**

٢٢٠) ڕۆژنامەگەریی كوردیو ڕۆڵی لەدروستكردنی ڕای گشتی دا (مێزگردی ژمارە)، سەنتەری برایەتی (گۆڤاریكی وەرزیی فیكری- سیاسییە، ڕۆژنامەی برایەتی دەریدەكات)، ژمارە ٥، ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨.

**عەبدوڵڵا نەجمەدین تەها (و.):**

٢٢١) یاسای چاپەمەنی لەدەوڵەتی عوسمانیدا، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤارێكی وەرزییە تایبەتە بەكلتوری ڕۆژنامەنووسی، سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان دەریدەكات)، ژمارە ٣، كۆتایی كانونی یەكەمی ٢٠٠٠.

**عوسمان یاسین:**

٢٢٢) بەرەو خوێندنەوەیەكی سۆسیۆ- ڕۆشنبیری لەیەكەمین ڕۆژنامەی كوردی دا، سەنتەری برایەتی، ژمارە ٥، ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨.

**کارزان محەمەد (و.):**

٢٢٣) رۆژنامەوانی زەردو ئەخلاقی میدیایی (گفتوگۆ لەگەڵ د. یونس شوکرخوا)، رۆژنامەنووس (گۆڤارێکی وەرزییە تایبەتە بەکلتوری رۆژنامەنووسی، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکات)، ژمارە ٨، ٢٠٠٦.

**کەمال سەعدی:**

٢٢٤) رۆژنامەگەریو یاسا، رۆژنامەڤانی، ژمارە ٦-٧، ساڵی دوەم، پایز- زستانی ٢٠٠١-٢٠٠٢، ل٥.

**ماگی زانگەر:**

٢٢٥) لەکلاشینکۆفەوە بۆ کیبۆرد: رۆژنامەگەریی کوردی لەعیراق، لەچیاوە دادەبەزێ، بەڵام بەرەو کوێ دەچێت؟، و: حسێن عەلی وەلی، رۆژنامەڤانی، ژمارە ٦-٧، ساڵی دوەم، پایز- زستانی ٢٠٠١- ٢٠٠٢.

**گوڵان (سازکردن):**

٢٢٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەنووس پرۆفیسۆر بیل کۆڤاریك، گوڵان (گۆڤار)، ژمارە ٦٨٠، ساڵی چواردەیەم، ٢١ی نیسانی ٢٠٠٨.

٢٢٧) گوڵان باری رۆژنامەگەریی ئەمڕۆی جیهان لەگەڵ رۆژنامەنووس برۆکس تاووتوێدەکات، گوڵان (گۆڤار)، ژمارە ٧٢٩، ساڵی پازدەیەم، ٢٠ی نیسانی ٢٠٠٩.

**محەمەد دلێر ئەمین محەمەد (دکتۆر):**

٢٢٨) سانسۆری رۆژنامەنووسی شێوازو جۆرو ئاراستەکانی، زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) (گۆڤارێکی زانستیە، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دەریدەکات)، ژمارە ١٠، ساڵی ٢٠٠٣

**محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق (و.):**

٢٢٩) بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەکان، رێبازی نوێ (گۆڤارێکی فیکری- سیاسیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات)، ژمارە ٦، ١٩٩٥.

**ولیام ف. وو:**

٢٣٠) رۆژنامەنووسیو بەرژەوەندی گشتی، و. سیروان محەمەد، رۆژنامەنووس، ژمارە ١، ٢٠٠٤/٤/٢٢.

**ب. عەرەبی:**

**احمد عبدالمجيد (الدكتور):**

٢٣١) أخلاقيات المهنة الصحفية في العراق بعد نيسان ٢٠٠٣، جريدة الزمان– طبعة بغداد نموذجا، الباحث الإعلامي (مجلة فصلية علمية محكمة، تصدر عن كلية الإعلام– جامعة بغداد)، عدد ٢، جمادي الاولى ١٤٢٧هـ– حزيران ٢٠٠٦ م.

**هادي نعمان الهيتي (الاستاذ الدكتور):**

٢٣٢) تعددية وسائل الإعلام و حرية الرأي و التعبير، تواصل (مجلة شهرية تعني بشؤون الإعلام والإتصالات، تصدر عن هيئة الإعلام والإتصالات)، عدد ١٥، سنة ٢، تموز ٢٠٠٧، ص١٧.

**ج. فارسی:**

**كاظم معتمد نذاد (دكتر):**

٢٣٣) اصول اخلاقى حرفەء روزنامەنگارى– زمينەهاى تاريخى– مقررات گذارى هاى ملى و پژوهشماى جيهانى، فصلنامه مطالعاتى وتحقيقاتى وسايل إرتباط جمعى، سال هفدهم، شماره ٣، ١٣٨٥.

**محسن اسماعيلى (دكتر):**

٢٣٤) تعامل حقوق وأخلاق در رسانەها، مطالعاتى وتحقيقاتى وسايل ارتباط جمعى (فصلنامه)، سال هفدهم، شماره ٣، ١٣٨٥.

**پانزەیەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

235)http://www.cdfj.org/look/PDFs/Media%20Freedom%20Status%20in%20Jordan%202005.pdf<(3/5/07)>

236)What is Professional Ethics?, www.cityu.edu.hk/is/ethics/ethis.htm<(21/06/07)>

237) http://www.cpj.org/development/about_cpj.html>(31/11/07)

٢٣٨) أصوات مخنوقة– دراسة في التشريعات الإعلامية العربية– المغرب. الجزائر. تونس. لبنان. البحرين، (عمان: مركز حماية وحرية الصحفيين، ٢٠٠٥)، http://www.cdfj.org/look/PDFs/ASWAT.pdf <(10/11/06)>

٢٣٩) الإعلان العالمي لحقوق الانسان.
/www.un.orgArabic/aboutun/humanr.htm<(11/11/06)>

٢٤٠) حرية الرأي والتعبير، من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة،
http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AD%D8%<(3/12/06)>

٢٤١) خەتاب سابیر: کەیۆسی ئازادیی لەکوردستاندا، <www.dengekan.com (22/5/07)).

٢٤٢) الديمقراطية.. حرية وتسامح (مأخوذ من كتب بعنوان "ماهي الديمقراطية" الصادر عن وكالة الإعلام الامريكية – ونشر بتصرف).
<(www.kwtanweer.com/articles/readarticle<(7/9/07

٢٤٣) مالك مسلماني: الاسلام و التسامح الديني.
http://www.muhammadainism.org/Arabic/islam/Islam_and _Religious_Tolerance.pdf <(12/2/06)>

٢٤٤) مركز حماية و حرية الصحفيين: حالةالحريات الإعلامية في الاردن ٢٠٠٥ (لكي تكون السماء حدودا الحرية الصحافة)،
http://www.cdfj.org/look/PDFs/Media%20Freedom%20Status%20in%20Jordan%202005.pdf

245) http://sbeiy.com/ku/print/report_interview.aspx?id=29<(20/11/0> /article/ huria/%30 %30 %30.htm/

246)http://www.ajeeb.com<(26/2/01)>

247)http://www.moheet.com/show_news.aspx?nid=15966&pg=12<(17/2/06)>

248) http://www.maaber.com/M%10topic.aspx?id<(03/07/07)>

249) www.komall.info/arshive/hawal-kurdistan5.htm<(07/11/07)>

٢٥٠) حرية التعبير في العراق: التطورات الأخيرة، اب ٢٠٠٧.
www.article19.org/pdfs/publications/iraq-free-speech-arabic.pdf<(27/9/07)>

251)http://www1.umn.edu/humanrts/arab/a005.html<(15/2/08>

252)http://www.rsf.org/imprimer_ar.php3?id_article=19127<(16/2/08)>

253)http://www.riksdagn.se/massmedia/%7%10/a05.html<(10/4/07)>

254) http://www.uniraq.org/FileLib/misc/HR%20Report%20Apr%20Jun%202007%20AR.pdf, p 15<(20/6/07)>

255) http://www.albayan.ae/servlet/satellite?c=Article&cid=1143341365497&pagename=...<(8/10/07)>.

256) http://www.alwarsha.com/modules.php?name=News&file=print&sid=3112<(1/5/07)>
257) http://www.ebaa.net/wjhat-nadar/14/914.htm<(2/1/2008)>
258) http://en.wikipedia.org/wiki/Thucydides<(1/5/07)>
259) http://www.freedomhouse.org/template.cfm?page=2<(2/3/08)>
260) http://library.thinkquest.org/3337/tmarshal.html<(4/2/08>
261) http://en.wikipedia.org/wiki/John_Erskine_(educator)<(20/12/07)>
262) http://www.article19.org/work/regions/middle-east/arabic.html<(1/2/07)>
263) http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AC%D9%88%D9%86<(3/2/08)>
264) http://www.habtoor.com/thinnkingclearly_arabic/html/28TH_1999.htm<(20/12/07)>
265) (http://en.wikipedia.org/wiki/Johannes_Hutenberg<(2/3/07)>
266) http://books.naseej.com/detail.asp?InNewsItemID=188685&InTemplateKey=print<(9/12/07)>

**دوانزەیەم: تێزى دكتۆراو نامەى ماستەر:**

**ئاكۆ عەبدولكەریم شوانى:**

٢٦٧) شــارى ســلێمانى ١٩١٨ – ١٩٣٢ لێكۆڵینەوەیــەكى مێــژوویى/ سیاســى یــە، چ١(سلێمانى: ب. خ، ٢٠٠٢)، نامەى ماستەرە، چاپكراوە.

**سامان فوزي عمر:**

٢٦٨) إساءة استعمال حق النقد– دراسة التحليلية مقارنة في القانون المدني، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة سليمانية، كلية القانون، ٢٠٠٧.

٢٦٩) مسؤولية االصحفي المدنية الناتجة عن اخطائه المهنية – دراسة المقارنة، رسالةماجستير، جامعة سليمانية، كلية القانون، ٢٠٠٣.

**رعد جاسم حمزة الكعبي:**

٢٧٠) حرية الصحافة في العراق "١٤ تموز ١٩٥٨ – ٨ شباط ١٩٦٣"، رسالةماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الاداب، ١٩٩٦.

**لطيفة حميد محمد (الدكتور):**

٢٧١) جرائم النشر في التشريع العراقي، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، كلية القانون، ١٩٩٩.

**محمد سعد ابراهيم (الدكتور):**

٢٧٢) حرية الصحافة– دراسة في السياسة التشريعية وعلاقتها بالتطور الديموقراطي، ط٣ (القاهرة: دار الكتب العلمية للنشر والتوزيع: ٢٠٠٤)، أطروحة دكتوراه منشورة.

**محەمەد دلێر ئەمین میسری (دکتۆر):**

٢٧٣) ڕۆژنامەنووسیی کوردیو بزوتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسیی کورددا لەمێژووی هاوچەرخدا (١٩٢٢–١٩٢٤)، (سلێمانی: شارەوانی سلێمانی، ٢٠٠٤)، تێزی دکتۆرایە، چاپکراوە.

**کەمال سەعدی (دکتۆر):**

٢٧٤) چوارچێوەی یاسایی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لەکوردستانی عێراقدا – توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە–، چ١ (هەولێر: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٦)، تێزی دکتۆرایە، چاپکراوە.

**حسن عماد مكاوي (الدكتور):**

٢٧٥) أخلاقيات العمل الإعلامي– دراسة مقارنة، ط٣ (القاهرة: الدار المصرية البنانية، ٢٠٠٣)، أطروحة دكتوراه منشورة.

**سامان فوزي عمر:**

٢٧٦) المسؤولية المدنية للصحفي– دراسة مقارنة، ط١ (عمان: دار وائل للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧)، أطروحة دكتوراه منشورة.

**هیمدادی حوسێن (دکتۆر):**

٢٧٧) ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتیی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧، (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢)، تێزی دکتۆرایە، چاپکراوە.

**عبدالحليم موسى يعقوب (الدكتور):**

٢٧٨) حرية التعبير الصحفي في ظل الانظمة السياسية العربية- دراسة تحليلية مقارنة للصحف والقوانين السودانية والاردنية في الفترة من ١٩٨٩م - ١٩٩٩م، ط١ (عمان: دار مجدلاوي، ٢٠٠٣)، أطروحة دكتوراه منشورة.

## سیانزەیەم: محازەرە:

**موەفەق دەرگەڵەیی (دکتۆر):**

٢٧٩) ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی، محازەرەکانی قۆناغی دوەمی بەشی ڕاگەیاندن لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، ساڵی ٢٠٠١- ٢٠٠٢، چاپنەکراوە.

٢٨٠) تیۆری ڕاگەیاندن، محازەرەکانی قۆناغی یەکەمی بەشی ڕاگەیاندن لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠١، چاپنەکراوە.

**هاشم حسن جاسم (الدكتور):**

٢٨١) أخلاقيات العمل الإعلامي، مجموعة من المحاضرات التي القيت على الطلبة المرحلة الماجستير لقسم الإعلام في كلية العلوم الانسانية بجامعة السليمانية عام ٢٠٠٥-٢٠٠٦، غير منشورة.

**سامان فوزي عمر:**

٢٨٢) قانون الإعلام، مجموعة من المحاضرات التي القيت على الطلبة المرحلة الثانية لقسم الإعلام في كلية العلوم الانسانية بجامعة السليمانية عام ٢٠٠١- ٢٠٠٢، الكورس الثاني، غير منشور.

**چواردەیەم: بەرنامەی تەلەفزیۆنی:**

٢٨٣) دیداری تایبەت (بەرنامە)، ئومێد قـەرەداغی (ئامـادەو پێـشکەشکار)، کوردسـات (کەناڵی ئاسمانی)، شەوی ١٣\١٤/١٢/٢٠٠٧، راستەوخۆ.

**پانزەیەم: مێزگردو کۆبوونەوە:**

**مێزگرد:**

٢٨٤) مێزگردێك لەساڵیادی رۆژنامەی (چاودێر)دا، رۆژی چوارشەممە ٤/١٠/٢٠٠٦، هۆڵی دیالۆگ–ی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یـەکێتیی نیـشتمانی کوردسـتان لەسلێمانی.

**کۆبوونەوە:**

٢٨٥) کۆبوونـــەوەی فراوانـــی رۆژنامەنووســـان لـــەژێر ناونیـــشانی (بـــا ســـاتێك وەك رۆژنامەنووس لەسـەر هەلومـەرجی ژیانمـان گفتوگـۆ بکـەین)، رۆژی پێنجـشەممە ٨/٦/٢٠٠٦ هۆڵی سلێمانیی تەنیشت سەنتەری گەنجان– شاری سلێمانی.

# پاشکۆ

## پاشكۆی (١)

## فۆرمێكی سەرەتایی زانیاریی كۆكردنەوە (إستطلاعي)

**ناونیشانی توێژینەوە:**

## ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی كوردیدا (١٩٩٣ - ٢٠٠٧)

**رۆژنامەنووسی بەڕێز**

دوای رێزو سلاو..

ئەم فۆرمەی بەردەستت، وەكو فـۆرمێكی سـەرەتایی زانیـاریی كۆكردنەوەیـە، كە چەند پرسیارێكی لـەخۆگرتووە، توێـژەر دەیـەوێت لەمیانەیانـەوە بـەتێڕوانینی رۆژنامەنووسـانی كـورد لەهـەرێمی كوردسـتان ئاشـنا بێـت، لەئـەنجامی وەڵامەكانیـشەوە فـۆرمێكی فـراوانتر لـەبارەی بابەتەكـەوە ئامادەبكـات. ئـەو زانیارییانـەی بەئێمـەی دەبەخـشن بـۆ مەبەسـتی توێژینەوەیـەكی زانـستییە لەچوارچـێوەی نامەیـەكی ماسـتەردا كـە پێـشكەشی بەشـی راگەیانـدنی كۆلێـژی زانـستە مرۆڤایەتییـەكانی زانكـۆی سـلێمانی دەكرێـت، بۆیـە دیققـەتو راسـتگۆیی لەوەڵامدانەوەی پرسیارەكاندا، یەكەمین هۆی سەركەوتنی توێژینەوەكەیە.

**سەرنج:**

- پێویست بەناونووسین ناكات.
- لەدرێژیو كورتی وەڵامەكاندا ئازادیت.

**سوپاس بۆ هاوكاریكردنت**

| سەرپەرشتیار | توێژەر |
|---|---|
| پ. ی. د. دلێر ئەحمەد حەمەد | هێرش رەسوڵ مراد |

# پرسیارەکان

**پرسیاری یەکەم:** وەك رۆژنامەنووسێك لەهەرێمی کوردستاندا، چۆن دەڕوانیتە ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس لەهەرێمدا، پێتوایە تاچەندە ئەو ئازادییە بۆ رۆژنامەنووسان فەراهەمکراوە، تاچەندە دەسەڵاتی سیاسی وەك پرەنسیپ بڕوای بەو ئازادییە هەیەو لەپراکتیکدا کاری بۆ کردوە؟

**پرسیاری دووەم:** بەبڕوای تۆ تاچەندە یاسا لەهەرێمی کوردستاندا بەرقەرارە، ئەو یاسایانەی کاروباری بڵاوکردنەوەو رۆژنامەنووسی لەهەرێمدا رێکدەخەن، یان سزای رۆژنامەنووسان دەدەن تاچەندە یاسایەکی شیاونو لەگەڵ گیانی سەردەمو سەرتاکانی دیموکراسیدا دەگونجێن؟

**پرسیاری سێیەم:** گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان بۆ سەر ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە چین، دەکرێ فاکتەری سیاسی بەگرنگترینیان ئەژماربکرێت؟

**پرسیاری چوارەم:** ئازادیی رادەربڕین لەهەرێمی کوردستاندا مانای تەواوەتی خۆی وەرگرتوەو رۆژنامەنووسان ئەرکی راستەقینەی خۆی پێدەبینن، یان داوای زیاتر دەکەنو سنورەکانی ئەو ئازادییە دەبەزێنن، یاخود دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە بەچاوی نەیار تەماشای دەنگە جیاوازەکان دەکات؟

**پرسیاری پێنجەم:** تاچەندە رۆژنامەنووسانی کورد لەهەرێمی کوردستاندا ئێتیکی پیشەکەیان رەچاوکردوە، رەچاوکردنی ئێتیکی پیشە تاکە هۆکارە بۆ لەبەرچاوگرتنی بەرپرسیارێتی لەئازادیی رادەربڕیندا؟

**پاشکۆی (٢)**

# فۆرمی راپرسی

**ناونیشانی توێژینەوە:**

## ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٩٩٣ - ٢٠٠٧)

**رۆژنامەنووسی بەڕێز**

دوای رێزو سڵاو..

ئـەم فۆرمــەی بەردەسـتت، کـە چـەند برگەیـەکی لـەخۆگرتوە، توێـژەر دەیـەوێت لەمیانەیانـەوە بەگۆشـەنیگای رۆژنامەنووسـانی کـورد لەهــەرێمی کوردسـتان ئاشـنا بێـت، لەوێـشەوە سـنوری ئـازادیی رادەربـڕین لەکایـەی رۆژنامەنووسیی کوردی بەدیاربخات. ئەو زانیارییانەی بەئێمەی دەبەخشن بۆ مەبەستی توێژینەوەیەکی زانستییە لەچوارچێوەی نامەیـەکی ماسـتەردا کـە پێـشکەشی بەشـی راگەیانـدنی کۆلێـژی زانـستە مرۆڤایەتییـەکانی زانکـۆی سـلێمانی دەکرێـت، بۆیــە دیققــەتو راسـتگۆیی لەهەڵبــژاردنی برگەکانـدا، یەکەمین هۆی سەرکەوتنی توێژینەوەکەو دەرکەوتنی ئەنجامێکی دروستە.

**سەرنج:**

- پێویست بەناونووسین ناکات.
- بۆ تێگەیشتن لەبەندو برگە یاساییەکانو پەیماننامـەی شـەرەف، تکایـە بڕوانـە پاشکۆی هاوپێچ.

**سوپاس بۆ هاوکاریکردنت**

| سەرپەرشتیار | توێژەر |
|---|---|
| پ. ی. د. دلێر ئەحمەد حەمەد | هێرش رەسوڵ مراد |

## یەکەم: زانیاریی گشتی

**١/١- رەگەز:** نێر ☐ مێ ☐

**٢/١- تەمەن:** ٢٠- ٢٤ساڵ ☐ ٢٥-٢٩ساڵ ☐ ٣٠-٣٤ساڵ ☐
٣٥- ٣٩ ساڵ ☐ ٤٠ - ٤٤ ساڵ ☐ ٤٥- ٥٠ ساڵ ☐ ٥١ و زیاتر ☐

**٣/١- ئاستی خوێندەواری:** ناوەندی ☐ ئامادەیی ☐ پەیمانگا ☐ بەکالۆریۆس ☐
دبلۆمی باڵا ☐ ماستەر ☐ دکتۆرا ☐

**٤/١- ناونیشانی رۆژنامەنووسی:** بەڕێوەبری بەرپرس ☐ سەرنووسەر ☐ جێگری سەرنووسەر ☐
بەڕێوەبەری نووسین ☐ سکرتێری نووسین ☐ دەستەی نووسەران ☐
ستاف کارا ☐ نووسەری گۆشە ☐ لێپرسراوی بەش ☐ پەیامساز ☐

**٥/١- ئایا هیچ پەیمانگا یان کۆلێژێکی بواری راگەیاندن و رۆژنامەنووسییت تەواوکردوە؟**
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

**٦/١ ماوەی کارکردن لەرۆژنامە :** کەمتر لەساڵێك ☐ ١- ٤ ساڵ ☐ ٥- ٩ ساڵ ☐
١٠- ١٤ ساڵ ☐ ١٥- ١٩ ساڵ ☐ زیاتر لە٢٠ ساڵ ☐

**٧/١ جگە لەرۆژنامەنووسی کاری ترت هەیە؟** بەڵێ ☐ نەخێر ☐

**٨/١ ئایا تۆ ئەندامیت لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان؟** بەڵێ ☐ نەخێر ☐
**ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە، پلەی ئەندامێتیت چییە؟**
ئەندامی کارا ☐ ئەندامی بەشدار ☐ ئەندامی مەشقکار ☐

**٩/١ ئایا لەهیچ حزبێکی سیاسیدا ئەندامیت؟** بەڵێ ☐ نەخێر ☐

## دووەم: بڕگەکان

| ز | بڕگە | تەواو لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | دڵنیانیم | لەگەڵیدا نیم | تەواو لەگەڵیدانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی گشتی ماف و ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووس دەستەبەر ناکات. | | | | | |
| ٢ | یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان یاسایەکی شیاوە. | | | | | |
| ٣ | ڕەشنوسی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان یاسایەکی شیاوە. | | | | | |
| ٤ | پێویستە یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی پەرلەمانی کوردستان دەستکاری نەکرێ و وەکو خۆی بمێنێتەوە. | | | | | |
| ٥ | یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان لەرووی فەراهەمکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ یاسای چاپەمەنیی ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ی حکومەتی عیراقی ا نیە. | | | | | |
| ٦ | بەندەکانی ٤٣٣و ٤٣٤ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩بۆ سزادان بەتاوانی بڵاوکردنەوە بەکاردێن بەهۆی ئەوەی لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا سزا دیارینەکراوە، ئەم سزایانەش قورسن و لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕین و میدیا و کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسیدا یەکناگرنەوە. | | | | | |
| ٧ | بڕگەی ٢ و ٤ لەمادەی چوارەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ رووبەری ئازادیی ڕادەربڕین و میدیا لەهەرێمی کوردستان بەرتەسکدەکەنەوە. | | | | | |
| ٨ | دژبەیەکی لەنێوان مادەو بڕگەکانی پەیوەست بەئازادیی ڕادەربڕین لەدەستوری هەمیشەیی عیراق و ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هەیە. | | | | | |
| ٩ | لەرووی ئازادیی ڕادەربڕینەوە دەستوری هەمیشەیی عیراق لەڕەشنوسی دەستوری هەرێم باشترە. | | | | | |
| ١٠ | بەدەقکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی لەیاسای کاری ڕۆژنامەنووسییدا زامنی فەراهەمکردنی ئەو ئازادییانە نیە لەواقیعی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا. | | | | | |
| ١١ | پێویستە ڕۆژنامەنووسان لەداڕشتنی ئەو جۆرە یاسایانەدا بەشداربن. | | | | | |
| ١٢ | ڕۆڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەداڕشتنی یاسایەکی لەو جۆرە، ڕۆڵێکی ئیجابییە. | | | | | |
| ١٣ | لەدەزگا ئیعلامییەکانی کوردستاندا ڕێنمایی تایبەت بەسنوری ئازادیی ڕادەربڕین هەیە. | | | | | |
| ١٤ | ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا هەیە. | | | | | |
| ١٥ | ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا ڕێژەییە. | | | | | |
| ١٦ | دەزگاکانی ئاسایش دەستدەخەنە نێو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا. | | | | | |
| ١٧ | دەزگاکانی حکومەت دەستدەخەنە نێو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا. | | | | | |
| ١٨ | دەزگاکانی حزب دەستدەخەنە نێو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە لەهەرێمی کوردستاندا. | | | | | |
| ١٩ | ڕەوتە ئیسلامییەکان کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی رووبەری ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | | | | | |
| ٢٠ | دابونەریت کاریگەریی لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | | | | | |
| ٢١ | ئاین و مەزهەبەدینیەکان کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | | | | | |
| ٢٢ | دەوڵەتانی دراوسێ کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | | | | | |
| ٢٣ | لایەنی ئابوری کاریگەریی لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | | | | | |
| ٢٤ | ناپرۆفیشناڵی لەکاری رۆژنامەنووسییدا کاریگەریی لەسەر بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان هەیە. | | | | | |
| ٢٥ | رۆژنامەنووسان خۆیان سنوری ئازادیی رادەربڕین لەکایەی رۆژنامەنووسیی هەرێمی کوردستاندا دەبەزێنن. | | | | | |
| ٢٦ | رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەوەی لەلایەن بەرپرسانەوە (شەخس) روبەڕوی مەترسی ببنەوە. | | | | | |
| ٢٧ | رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەوەی لەلایەن دەزگای پەیوەنددارەوە روبەڕوی مەترسی ببنەوە. | | | | | |
| ٢٨ | رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەلایەن حزبەوە روبەڕوی مەترسی ببنەوە. | | | | | |
| ٢٩ | رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا لەکاتی گوزارشتکردن لەبۆچوونەکانیان، دەترسن لەلایەن حکومەتەوە روبەڕوی مەترسی ببنەوە. | | | | | |
| ٣٠ | کاردانەوەی دەزگا پەیوەندارەکان بەرامبەر ئەو بابەتە رۆژنامەنووسیانەی لەسەریان بڵاودەکرێنەوە، سلبیە. | | | | | |
| ٣١ | پێویستە رۆژنامەنووس، بەبێ دوودڵی، قسە لەسەر هەموو لایەنە سلبیەکان بکات. | | | | | |
| ٣٢ | پێویستە رۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ کاروباری دامەزراوەو دەسەڵاتی یاسادانان (پارلەمان) بکات و هەڵیبسەنگێنێت. | | | | | |
| ٣٣ | پێویستە رۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ کاروباری دامەزراوەو دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) بکات و هەڵیبسەنگێنێت. | | | | | |
| ٣٤ | پێویستە رۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ کاروباری دامەزراوەو دەسەڵاتی دادو دادگاکان بکات و هەڵیانبسەنگێنێت. | | | | | |
| ٣٥ | لەسەر دامەزراوەکانی هەرێم پێویستە رەخنە رۆژنامەنووسییەکان بەهەند وەربگرن و لەکاروبارەکانیاندا سودی لێوەربگرن. | | | | | |
| ٣٦ | رۆژنامەنووسان ئاگاداری لایەنی ئێتیک (ئەخلاق)ی رۆژنامەنووسی و پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسانن. | | | | | |
| ٣٧ | (بەیاننامەی کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان) رۆژنامەنووسان ناچاردەکات بەپێی ئەو پەیماننامەیە کاربکەن. | | | | | |
| ٣٨ | بوونی پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستان کاریگەریی لەسەر مەوداکانی ئازادیی رادەربڕین هەیە. | | | | | |

## رونکردنەوەی برگە یاساییەکان و پەیماننامەی شەرەف:

### یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستانی عیراق:

**مادەی دووەم:** چاودێری (رقابە) ناخرێتە سەر چاپەمەنی و، هەر هاووڵاتییەك سەربەستە لەدەرکردنی هەر چاپەمەنییەکدا بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە.

**مادەی نۆیەم:** بڵاوکردنەوە (النشر) لەو بابەتانە قەدەغەیە کە هانی کردنی تاوان و کاری تێرۆریستی (الارهاب) دەدەن و رێوشوێنی بۆ خۆش دەکەن و تین و توانای بۆ دابین دەکەن، یا جنێو و تانوت لێدان و ناوزڕاندنی کەسانیان تێدابێ، یا دەستدرێژی بۆ سەر حورمەتی ئایین و مەزهەبەکان و دابونەریت و سیستمی گشتی تێدابێ.

### رەشنووسی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان (لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان-ەوە بەبەشداری رۆژنامەنووسان و یاساناسان گەڵاڵەکراوە و ئێستا لەپەرلەمانی کوردستانە بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن):

**مادەی دووەم:**

١- سانسۆر لەسەر رۆژنامەوانی نیە و ئازادیی بڵاوکردنەوە دەستەبەرە بۆ هەر هاووڵاتییەك لەسنوری یاسا و لەچوارچێوەی پاراستنی ئازادییە تایبەتیەکانی تاك و داب و سیستەمە گشتییەکاندا.

مادەی دەیەم/ رۆژنامەنووس بەبڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە(٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار پتر نەبێت سزا دەدرێت، گەر لەهۆکارەکانی راگەیاندن ئەمانەی خوارەوە بڵاوبکاتەوە:

أ. هەر بابەتێك ببێتە هۆی تێکدانی ئاسایش و بڵاوبوونەوەی ترس و تۆقاندن و زیان گەیاندنی بەخەڵك.

ب. دنەدان بەرێگەیەك لەرێگەکانی بڵاوکردنەوە، بۆ تاوانکردن و جێبەجێنەکردنی یاساکان.

ج. جوێن و تۆمەت هەڵبەستن.

د. هەر بابەتێك پەیوەند بێت بەنهێنیەکانی ژیانی تایبەتی تاك، هەرچەندە راستیش بن، گەر بڵاوکردنەوەکە بوە هۆی لەکەدارکردنی.

هـ. زێدەڕۆیی بەرامبەر باوەڕی یەکێ لەتایفە ئایینییەکان یان بەکەمزانینی دروشمەکانی یان سوکایەتێکردن بەسومبولەکانی، کە جێگەی ڕێزلێنانو گەورەیی‌و پیرۆزییە لای ئەو تایفە ئایینییەی کە یاسا دانی پێداناوە.

و. هەر بابەتێك دابی گشتی لەکەدار بکات.

ز. هەر بابەتێك هانی ئەنجامدانی تێرۆرو چاندنی تۆوی رقو کینەو دوبەرەکی‌و ناحەزی لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا بکات.

ح. هەر بابەتێك زیان لەرێکارەکانی دادگاییکردنو داگەری بدات، تەنها مەگەر دادگا رێگە بەبڵاوکردنەوەی بدات.

## یاسای چاپەمەنیی عیراقیی ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨:

**بەندی شانزەیەم**: نابێت لەچاپکراوی خولەکیدا ئەمانە بڵاوبکرێنەوە:

١- ئەوەی توخنی تێوەگلانی سەرۆك کۆمارو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش‌و سەرۆك وەزیرانو ئەوانەی ئەوانەی لەو ئاستەدان، دەکەوێت.

٢- ئەوەی زیان بەپەیوەندیەکانی عیراقو وڵاتە عەرەبی‌و وڵاتە دۆستەکانی دەگەیەنێت.

٣- بەخراپە هێنانی شۆڕشو چەمکەکانی‌و دەوڵەتی کۆماری‌و دامەزراوەکانی‌و پاهەڵدانی بیری ئیمپریالیزمی‌و جیاخوازی‌و کۆنەپەرستی‌و هەرێمچێتی‌و زایۆنێزمو رەگەزپەرتو هەرچییەك ببێتە هۆی ێکدانی ئاسایشی ناوخۆو دەرەوە.

٤- هەرچییەك هانی تاوانو گوێڕایەڵنەبوون بۆ یاساو سوکایەتیکردن بەهەیبەتی دەوڵەت بدات.

٥- هەرچییەك قینو دوبەرەکی‌و بڵاوکردنەوەی لێکترازانی ئەندامانی گەلو نەتەوەکانی‌و تیرە ئایینیە جۆراوجۆرەکان بێت یان ببێتە هۆی دزەتێکردنی یەکێتیی ناوخۆ.

٦- ئەوەی تانە بێت بۆ سەر ئەو ئایینانەی لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە ئیعترافیان پێکراوە.

٧- ئەوەی پێشێلکردن بێت بۆ پیرۆزیی رەفتارو رەوشتەکانی گشت کۆمەڵ.

٨- ئەوەی کار لەدادوەران بکات سەبارەت بەو داوایانەی لەبەردەستیاندایە.

٩- رای جیاوازی ئەندامانی دەستەی پێکهێنەری دادگا.

١٠- ئەوەی کار لەداواکاری گشتی‌و پارێزەرانو لێکۆڵەرەوانو شاهیدو رایگشتی بکات لەداوایەکی بەردەم دادگا.

١١- توخن کەوتنی کەسانی تر کە بەناوزڕاندنو جنێودان بشکێتەوە بۆ کەسایەتییان.

١٢- ئەو هەواڵانەی دەبنە روخانی پارەی نیشتمانی یان سەنەداتی قەرزی حکومی‌و لاوازکردنی متمانە پێیان لەناوەوەو دەرەوەدا.

## یاسای سزادانی عیراق ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩:

**تاوانی قەزف:**

**بڕگەی یەکەم لەمادەی ٤٣٣:** القذف (پـلار– هاویـشتن): واقیعێکـی دیـاریکراوە بەیـەکێك لەرێگا ئاشکراکان دەدرێتە پاڵ کەسێك، ئەگەر ئەوەی دراوەتە پاڵ کەسەکە راست بێـت، ئـەوا سزا دەدرێت یان لەلایەن هاووڵاتییانەوە دەبێزرێت (بەسوکی تەماشا دەکرێت).

سزای تاوانەکە: زیندانیکردن (حبس)و پێبژاردن (غرامە) یاخود بەیەکێك لەو دوانـە دەبێـت، بەڵام ئەگەر ئـەو دانەپالەلەرێگەیـەکی بڵاوکردنـەوە بـوو وەکـو رۆژنامـەو چـاپەمەنییەکان یـان یەکێك لەهۆکارەکانی تری راگەیاندن، ئەوا بارتوندی (ظرف مشدد) دەبێت. (واتا بەپێی مادەی ١٣٦ لەهـەمان یاسـا، دادگـا دەتوانێـت ئەگـەر حوکمەکـە حـەبس بـوو زۆرتـرین رادەی سـزاکە دابنێت، بەمەرجێك لەدوو هێندەی سزاکە تێپەڕنەکات، ئەگـەر غەرامـەش بـوو بیکاتـە حـەبس، هەروا دەتوانێت ئەمەیش بکاتە دوو هێندە، بەڵام نابێ لەدوو ساڵ زیاتر بێت).

زیندانیکردن ٣ مانگ بۆ ٥ ساڵ. پێبژاردن ٥٠٠ فلس بۆ ٥٠٠ دینار.

**تاوانی سەب:**

**مادەی ٤٣٤:** السب (جنێودان): هاویشتنێکە کە شـەرەف یـان ئیعتیبـاری کەسـێك بڕوشـێنێت، یاخود هەستی بریندار بکات، هەروەها خرانەپاڵی واقیعێکی دیاریکراو ناگرێتەخۆ.

**سزای تاوانەکە:** زیندانیکردن لەساڵێك زیاتر نەبێت. پێبژاردن لـە١٠٠ دینـار زیـاتر نـەبێت، بـەڵام ئەگەر بەشێوەی ئاشکرایی (العلانیة) نەبوو سزاکەی نیو ئەوەندە دەبێت.

## یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تێرۆر) ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦:

**مـادەی چـوارەم:** ئـەم کارانـەی خـوارەوە بـەتاوانی تۆقانـدن (تێـرۆر) دادەنـرێنو سـزادەدرێت بەزیندانی، لە(١٥) ساڵ تێپەڕنەکات، هەر کەسێك:

٢– نووسراو، چاپەمەنی، کاسێتی تۆمارکراو، یان هاوشێوەی، وێنەی وای لەلابێت یان بەدەست بێـت، کـە هانـدان، بەچـاك زانـین، یـان پڕوپاگەنـدە لـەخۆبگرێت بـۆ ئەنجامـدانی تـاوانی تێرۆرکاری، بەمەبەستی دابەشکردنی، یان بڵاوکردنەوەی.

٤– بەئەنقەست، هەواڵ، رونکردنەوە، یـان پڕوپاگەندەیـەکی تۆقێنـەر بڵاوبکاتـەوە، هۆیـەکانی راگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو، یان ئەلەکترۆنی بەهـەل وەربگرێـت، یـان بـەکاریان بێنێت، لەئینتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بڵاوبکاتـەوە کـە راسـتەوخۆ بگاتـە رادەی هانـدان بـۆ ئەنجامدانی تاوانی تێرۆرکاری وەها کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسـییەوەو تـرس بخاتـە نێو هاووڵاتیانو هەڕەشە لەقەوارەی سیاسیی هەرێم بکات.

**ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستانی عیراق:**

**بەشی سێیەم: ئازادییەکان**

**مادەی ٥٩**: هەموو کەسێك مافی لەئازادیی ڕاو ڕادەربڕین هەیە.

**مادەی ٦٠**: حکومەتی هەرێم ئازادیی بڵاوکردنەوەو چاپو ڕۆژنامەنووسیو مافی کۆبوونەوەو خۆپێشاندانو مانگرتنی ئاشتیانە دەستەبەر دەکات، ئەمەیش بەیاسا ڕێکدەخرێت.

**دەستوری هەمیشەیی عیراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥:**

**مادەی (٣٨)**: دەوڵەت ئەوانەی خوارەوە دەستەبەر دەکات بەشێوەیەك کە پێچەوانەی سیستەمو ئادابی گشتی نەبێت:

**یەکەم**– ئازادیی ڕادەربڕین بەهەموو شێوەو شێوازێك.

**دووەم**– ئازادیی ڕۆژنامەنووسیو چاپکردنو ئاگادارکردنەوە بۆ ڕاگەیاندنو بڵاوکردنەوە.

**سێیەم**– ئازادیی کۆبوونەوەو خۆپێشاندانی ئاشتیانە بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت.

**بەیاننامەی کاری ڕۆژنامەنووسی:** لە٢٠٠٧/٥/٢٣ لەهەولێر لەلایەن ١٠٠ ڕۆژنامەنووسو ڕۆشنبیرەوە گەڵاڵەکرا، تاوەکو ڕۆژنامەنووسان وەك ئیلتزامێکی ئەخلاقی لەئەداکردنی کاری ڕۆژنامەنووسیاندا پێییەوە پابەند بن:

١– پابەندبوون بەبەها ڕۆژنامەوانیەکان، بوێری، ڕاستگۆیی، بێلایەنی.

٢– ڕەچاوکردنی باری دەرونیی جەماوەر لەبڵاوکردنەوەدا.

٣– ڕێزگرتن لەبیروباوەڕە جیاوازەکانو ژیانی تایبەتی تاك.

٤– ڕۆژنامەنووس هەواڵ وەك پڕوپاگەندەی بازرگانی یان سیاسی یان ئایدۆلۆژی بەکارنەهێنێت.

٥– بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانیی بۆ بەرژەوەندیی تایبەت.

٦– هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر هەر پێشێلکردنێکی مافو ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووسان.

٧– ڕۆژنامەنووس ڕۆڵی دەبێت لەقوڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیانو لێبوردەیی.

٨– پارستنی سەرچاوەکانی هەواڵو زانیاریو شەفافبوون لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سەرچاوانەدا.

٩– پابەندبوون بەمافەکانی مرۆڤ بەپێی جاڕنامە جیهانییەکان.

## پاشکۆی (٣)

### چەند نمونەیەك لەپێشێلکاریی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا، بەکاریگەریی فاکتەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری

لێرەدا چەند نمونەیەکی رۆژنامەنووسیی کوردیی دوای راپەڕین (١٩٩٣ – ٢٠٠٧) لەسەر لێپرسینەوە نا یاساییەکان، یان لەبارەی ئەو پێشێلکارییانەی بەکاریگەریی فاکتەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری کراونەتە سەر ئازادیی رادەربڕین لەو رۆژنامەنووسیەدا، دەهێنینەوە، لەگەڵ شیکردنەوەی هەندێ حاڵەت:

١. سەرەتای مانگی ئابی ١٩٩٣ لەگەڵ ئەوەی یاسایەکی تایبەت بەچاپەمەنیو کاری رۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستاندا (یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان) هەبوو و وەزارەتێکیش پەیوەست بەجێبەجێکردنی یاساکەو تایبەت بەکاروباری میدیاو روناکبیری (وەزارەتی رۆشنبیری) لەیەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمدا هەبوو، کەچی بەبڕیارێکی سیاسیو بێ گەڕانەوە بۆ ئەو یاسایەو بێ ئاگاداری ئەو وەزارەتەو لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە رۆژنامەی (وڵات)* داخراو دەستبەسەر بارەگاکەی لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستاندا گیرا(١).

ئەمەیش یەکێك بوو لەهۆکارەکانی دەستلەکارکێشانەوەی شێرکۆ بێکەس لەپۆستی یەکەمین وەزیری رۆشنبیریی حکومەتەکە، وەك لەدیدارێکدا دەڵێت: "یاسای ژمارە ١٠ی چاپەمەنیمان هەیەو مەسەلەی دەرکردنی رۆژنامە پەیوەندیی بەوەزارەتی رۆشنبیرییەوە

---

* شوناسی "رۆژنامەیەکی سیاسیی سەربەخۆ"ی هەڵگرتبوو، بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەپشت دەرکردنیەوە بوو، پتر ستراتیژێکی نەتەوەیی هەبوو و بارەگای سەرەکی لەهەولێر بوو.

(١) ئاڵای ئازادی (رۆژنامە)، ژمارە ٨٤ یەکشەممە ١٩٩٣/٨/٨، ل١.

هەیە، بۆیە هەر پێشێلکردنێك وەك داخستنی رۆژنامەیەك بەزۆر، دەکاتە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی من، کە رۆژنامەی وڵات بەمجۆرە داخرا"[١].

٢. رۆژی ١٦ی گوڵانی ١٩٩٧ لەلایەن هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هێرشکرایە سەر بارەگای هەمان رۆژنامە لەشاری هەولێرو دەستەی نووسەرانو کارمەندانی کۆمەڵکوژکران، لە١/١٩٩٩-یش بۆ رازیکردنی تورکیاو وەکو مەرجێکی رێککەوتننامەی واشنتۆنی نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان، لەشاری سلێمانیو لەلایەن یەکێتییەوە لەگەڵ رۆژنامەی (ژیانی ئازاد)[*] داخران.
٣. هەر لەباسی داخستنی رۆژنامەو گۆڤاردا وەك نیشانەیەکی بەرتەسککردنەوەی مەودای ئازادیی رادەربڕین لەکایەی رۆژنامەنووسییدا، دەکرێ ئاماژە بەداخستنی هەردوو رۆژنامەی (بۆپێشەوە، یەکسانی)[+] یش بکەین، کەلەسەر بڵاوکردنەوەی بابەت لەسەر ئایین بەبڕیاری سیاسی، نەك یاسایی داخران.

بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتارێك لەژمارە ١١١ی ٢٤/١٢/١٩٩٥ی رۆژنامەی (بۆپێشەوە)، نووسراوی ژمارە ١٨٧ی ١٣/١/١٩٩٦ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ رۆژنامەکە نێردراوەو تێیدا هاتوە: "رۆژنامەکەتان بەراستی لایداوە لەنەریتو عاداتو تەقالیدی رۆژنامەگەری جیهانی ئاساییو مرۆڤایەتی رەسەن، جا بۆیە لەمەودوا بەهیچ شێوەیەك داوای کردنەوەی ئەم جۆرە رۆژنامەمان لێ مەکەن"و لەخوارەوەش نووسراوە: "وێنەیەك بۆ وەزارەتی رۆشنبیری بەهیچ شێوەیەك رێگا نەدرێ بەدەرکردنی ئەم جۆرە رۆژنامانە"[٢].

---

(١) مەگدید سەپان: بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچەند چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەریدا، (ستۆکهۆڵم: ب. خ، ١٩٩٤) ل٤١.
[*] ئۆرگانی ئافرەتانی سەر بەپارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بوو.
[+] حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق دەریدەکردن، هەڵگری ئایدیای چەپ بوون، شوێنی سەرەکیی دەرچوونیان هەولێر بوو.
(٢) غازی حەسەن: سەرکوتی رۆژنامەی کوردی لەسێبەری یاسادا، .(هەولێر: وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٨)، ل٣٥.

دەربـــارەی داخـــستنی رۆژنامـــەی (بۆپێـــشەوە)، رۆژی ١٩٩٦/٢/٦ دەســـتەی رۆژنامەنووسانی ئازاد* بیرخەرەوەیەکی پێشکەشی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هەرێمی کوردستان کردوە[(١)] [(+)].

٤. گۆڤـاری (نڤـار)[(×)] یـش دوای بڵاوکردنـەوەی وتارێـك لـەژمارە ٨ یـدا بەناونیـشانی (ریـشەی دەسـەڵات لەقورئانـدا) داخـرا، ئەمـەیش بـەهۆی یاداشـتێك کـە رۆژی ٢٠٠٠/٣/١١ مەکتـەبی سیاسـیی یـەکگرتووی ئیـسلامیی کوردسـتان پێـشکەشی سـەرۆکی هـەرێمو سـەرۆکی حکومـەتو یـەکێتیی زانایـانی ئـاییینی ئیـسلامو وەزارەتـەکانی ئـەوقافو رۆشـنبیریی کـردوەو تێیـدا وتارەکـە بـەکوفری صـەریحو سـوکایەتیکردن بەپیرۆزییـەکانی ئیـسلام لەقەڵەمـدادەداتو داوای لێپێـچینەوە لەنووسەری وتارەکەو گۆڤارەکە دەکات، رۆژی پـاش ئەمـەیش ئاسایـشی سـلێمانی ئەو ژمارەی گۆڤارەکەی لەبازاڕ کۆکردەوە، رۆژی ٢٠٠٠/٣/٢٥ یش سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئاینیی کوردستان لەکەرتی پۆلیسی رزگاری لەسلێمانی، سکاڵایەکی یاسایی لەسەر خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرو نووسەری بابەتەکە تۆمارکرد، هەروا بەرامبـەر کێشەکەو سزادانان بۆی، هەوڵدرا لەبری کارکردن بـەمادەکانی ٤٣٣و ٤٣٤ی یاسـای

---

* له٢٨/١٠/١٩٩٥ لەشاری هەولێر لەلایەن چەند رۆژنامەنووسێکەوە بۆداکۆکیکردن لەمافو ئازادییەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستان دامەزرا، بەڵام لەدوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بوە بەشێك لەشەڕی ناوخۆو بەشی زۆری ئەندامانی هاتنە سلێمانیو رۆژنامەی (رۆژنامەنووس)، پاشان (هەواڵ) یان دەرکرد، دواتریش دەنگی نەما.

(١) غازی حەسەن: سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٥–٣٦.

+ لەبەشێکیدا جەخت لەسەر ئەم خاڵانە کراوەتەوە:

"– لەنووسراوی بەڕێزتاندا هاتوە "داوای کردنەوەی مەکەن" لەکاتێکدا بەنووسراوێك رۆژنامەکە دانەخراوە تا داوای کردنەوەی رەت بکرێتەوە.

– بەپێی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ کەلەلایەن پارلەمانی کوردستانەوە بڕیاری لەسەردراوەو کاری پێدەکرێ، ئەگەر رۆژنامەی ناوبراو کارێکی نایاسایی کردوە، نەدراوەتە دادگا تا بڕیاری لەم شێوەیەی لەسەر بدرێت.

– لەهەمان یاساو بەندی ١٠دا هاتوە: "هەر خاوەن ئیمتیاز، سەرنووسەر، نووسەرێك رووبەڕووی لێپرسنەوەی یاسایی دەبێتەوە لەکاتی سەرپێچیکردنی بەندەکانی ئەم یاسایەدا"، بەڵام هیچ کەسو لایەنێك داوایەکی رەسمیان نەداوە بەدادگا لەسەر سەرپێچیکردن...".

× گۆڤارێکی رووناکبیریی وەرزی بوو، بایەخی بەچەمکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو بەجیهانیکردن دەدا، لەشاری سلێمانی دەردەچوو.

سزادانی عیراقی، کە یاسای چاپەمەنیی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆیان، مادەی ٢٠٢* ی یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ پەیڕەوبکرێت، ئەگەرچی هیچیان پەیڕەونەکرانو داخستنی گۆڤارەکە بەبڕیارێکی سیاسی بوو[1].

ئەمانە لەکاتێکدان، کە یاسا ڕێگە بەداخستنی ڕۆژنامە نادات‌و داخستنی ڕۆژنامە خۆی کارێکی نا یاساییە، تەنانەت لەمادەی ٨٤ی یاسای سزادانی عیراقی()+ شدا دادوەر تەنها دەتوانێت بۆ ماوەی سێ مانگ ڕۆژنامەیەك دابخات، ئەمەیش لەکاتێکدا ڕۆژنامەکە بەئەنجامدانی تاوانێك (الجناية) حوکمدرابێت.

٥. هەر بەکاریگەریی ئایین لەسەر کەمکردنەوەی ڕوبەری ئازادیی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووس، (داهێن هاشم) سەرنووسەری ڕۆژنامەی (گۆڕان)[×] لەسەر بڵاوکردنەوەی شیعرێکی (عارف قوربانی) لە ١٤/٤/٢٠٠١ لەپاشکۆی (ئەنفال)ی ڕۆژنامەکە لەسەرکارلابرا، چونکە حزبەئیسلامییەکان ئەو شیعریەیان بەهێرشکردنە سەر ئایینی ئیسلام وەسفکردو لای جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و سەرۆکی ئەوکاتەی هەرێمی کوردستان شکاتیانکرد.

٦. لە٣٠/٩/٢٠٠٠ لەکاتی شەڕی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەبەرامبەر هەڵوێستوەرگرتنی دژی پەکەکە، داوای داخستنی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامەنووس)ی لەیەکێتی کرد، ئیتر بەبڕیارێکی سیاسی‌و بێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی داد، ڕۆژنامەکە داخرا[2].

---

* "هەرکەسێك بەهەر ڕێگایەکی ئاشکرا، سوکایەتی بەنەتەوەی عەرەب، یان گەلی عیراق، یان بەشێك لەدانیشتوانی عیراق، یان ئالای نیشتمانی، یان دروشمی دەوڵەت بکات، بەزیندانیکردن لە١٠ ساڵ زیاتر نەبێت، سزادەدرێت".

(١) ڕۆژنامەنووس (ڕۆژنامە)، ژمارە ٢٤، ساڵی دوەم، ١٥ی نیسانی ٢٠٠٠، ل٢.

+ لەکۆتایی دەقی مادەکەدا هاتوە: "ئەگەر تاوانێك بەڕێگەی بڵاوکردنەوە لەیەکێك لەڕۆژنامەکاندا ڕوویدا، دەکرێ لەسەر داوای داواکاری گشتی یان تاوان بەرامبەرکراو، حوکمەکە یان پوختەی حوکمەکە لەماوەی دیاریکراو بڵاوبکرێتەوە، ئەگەر ئەوە نەکرا سزای پێبژاردنی سەرنووسەر یان لێپرسراوی بڵاوکردنەوە (ئەگەر سەرنووسەر نەبوو) بە١٠٠ دینار زیاتر نەبێت‌و، ئەگەریش حوکم دەرچوو بەتۆمەتبارکردن بەتاوانێك کە لەڕێگەی یەکێك لەڕۆژنامەکان کراوە، بۆ دادگا هەیە فەرمان بەراگرتنی ڕۆژنامەکە بدات بۆ ماوەیەك کە لە٣ مانگ زیاتر نەبێت".

× ڕۆژنامەیەکی خوێندکارییە، ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەریدەکات.

(٢) سەرنووسەر: لە(ڕۆژنامەنووس)ەوە بۆ (هەواڵ)، هەواڵ (ڕۆژنامە)، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، ١ی تەمموزی ٢٠٠١، ل١.

٧. بەهۆی بڵاوکردنەوەی راپۆرتێکی شیکاری لەسەر جەلال تاڵەبانی سەرۆکی کۆماری عیراق لەژمارە ٢٥ یداو ناڕەزایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبارەی میتۆدی کارکردنی گۆڤارەکە بەگشتیو گەیاندنی ئەو ناڕەزایەتییە بەپارتی دیموکراتی کوردستان، گۆڤاری بزاو* داخرا[(١)]، چونکە بەپێی رێککەوتننامەی ستراتیژی[(+)] نێوان هەردوو حیزبەکە نابێت هیچ لایەك لەمیدیایەکی خۆی یان نزیك لەخۆی هێرش بکاتە سەر ئەویتر[(٢)].

٨. بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی نووسینی رەخنەئامێز لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستان (هەولێر)، رۆژی ٢٠٠٢/٨/١٩ هەرسێ رۆژنامەنووس (رێبوار کەریم وەلی، نورەدین سەعید وەیسیو گۆران محەمەد) بانگکرانە ئاسایشی گشتیی هەولێرو رێبوار کەریم وەلی بۆ ماوەی ٣ رۆژ دەستگیرکرا، لەسەر ئەم بانگکردنەش نورەدین سەعید وەیسی کە کارمەندی رۆژنامەی برایەتی بوو، وازی لەکارەکەی هێنا[(٣)].

٩. لەسەر بڵاوکردنەوەی ریپۆرتاژێك لەژمارە ٣٨ی رۆژنامەی (ئەمرۆ) دەربارەی کێشەی خێزانێك لەدەربەندیخان کە هەریەك لەقائیمقام، بەڕێوەبەری ئاسایش، بەڕێوەبەری پۆلیسو سەرۆکی شارەوانی بەگوشار خستنە سەر ئەم خێزانەو ناچارکردنیان بەرۆیشتنیان بۆ شاری بەغدا، تۆمەتبارکرابوون، سەرنووسەری رۆژنامەکە (فەرهاد مەلا حەسەن) رۆژی ٢٠٠٤/٥/٣ لەلایەن ئاسایشی گشتیی سلێمانییەوە تەوقیفدەکرێو دواتر بەفشاری رۆشنبیرو رۆژنامەنووسان ئازاد دەکرێ[(٤)].

١٠. لەرۆژی ٢٠٠٦/٣/١٦ لەیادی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن رژێمی بەعسەوە، کۆمەڵێك لەهاووڵاتیانی ئەو شارۆچکەیە وەك دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر نەبوونی

---

* گۆڤارێکی سیاسیی هەفتانەبوو، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس دەریدەکرد.
(١) میدیا (رۆژنامە)، ژمارە ٣١٧، ٢٠٠٧/١٢/٤، ١٣ی سەرماوەز ٢٧٠٧، ل١.
+ ئەگەرچی هەردوو حزب، بەرەسمی ناوەرۆکی ئەو بەشەی رێککەوتننامەکەیان کە تایبەتە بەکاری میدیاو رۆژنامەنووسی بڵاونەکردۆتەوە، بەڵام ئەوەی دەزانرێت تەنها لەرێگەی نارەسمیو هەندێ لێدوانی تایبەت بوە بۆ میدیاکان. هەر بەپێی ئەو رێککەتننامەیە، پێگەی ئەلیکترۆنیی (رۆشنایی) کە نزیکبوو لەپارتی دیموکراتی کوردستان، داخرا.
(٢) وەڵامێك بۆ ناماقوڵیەکانی بەدران ئەحمەد حەبیب، کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە ٤٤٤١، پێنجشەممە ٢٠٠٧/١٢/٦، ل١.
(٣) هاوڵاتی (رۆژنامە)، ژمارە ٨٧، دووشەممە ٢٠٠٢/٨/٢٦، ل١.
(٤) ئەمرۆ (رۆژنامە)، ژمارە ٤٢، ١٤ی ئایاری ٢٠٠٤، ل١.

خزمەتگوزاریو کەمتەرخەمی بەرامبەر شارۆچکەکە مۆنیۆمێنتی شەهیدانیان لەو شارۆچکەیەدا سوتاند، لەو روداوەشدا رۆژنامەنووسان کە سەرقاڵی روماڵکردنو گواستنەوەی هەواڵەکەبوون، وێڕای برینداربوونی ژمارەیەکیان، روبەڕوی پەلاماردانو گرتنو ئازاردانو سەندنو شکاندنی مایکرۆفۆنو ریکۆردەرو کامێراکانیان بوونەوە، ئاسایش لەبری پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان، بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵکردن[1]، بەمەش سەرەتاییترین مافی رۆژنامەنووسو هاووڵاتیانیش پێشێلکراو ئاستەنگیش خرایە بەردەم ئازادیی رادەربڕینەوە.

١١. هەر لەبارەی دەستنەخستنە ناو کاری رۆژنامەنووسی لەلایەن ئاسایشو گرتنی رۆژنامەنووسو پێشێلکاری بەرامبەری لەلایەکو پێدانی زانیاری بەرۆژنامەنووسانو کردنەوەی دەرگای هەواڵو زانیارییەکان بۆیان، هۆبەی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی، رۆژی ٢٠٠٦/٧/١٣ بەنووسراوی ژمارە (١\٥٢\٩٥٢٢) دا کە ئاراستەی بەڕێوەبەرێتیی کارگێڕو بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی ناوشارو بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی قەزاکان کراوە، رایگەیاند، "بەهۆی باوەڕبوونمان بەئازادیی رۆژنامەوانیو ئازادیی رادەربڕینو هەستان بەئەرکە تایبەتیەکانی ئاسایش، بەپێویستی دەزانین رەچاوی ئەم خاڵانە بکەنو پابەندبن پێیەوە، لەگەڵ رێزماندا...

١- بەهیچ شێوەیەك لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش سکاڵا لەسەر رۆژنامەنووسان لەسەر بابەتی بڵاوکراوە تۆمارناکرێت، واتە ئاسایش سکاڵا وەرناگرێت.

٢- لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش، رۆژنامەنووس رانەگیرێتو زیندانینەکرێت لەسەر کاری رۆژنامەنووسی، ئەگەر رۆژنامەنووس (تاوان، کەتن، سەرپێچی) نەکردبێت، کە بەپێی یاسای سزادانی عیراقی سزای بۆ دانراوە، وەك هەر کەسێکی ئاسایی.

٣- لەکاتی راگرتنی رۆژنامەنووسدا کە تاوانێکی ئەنجامدابێت بەدەر لەکاری رۆژنامەنووسی، شوێنی کاکردنی ئەو رۆژنامەنووسەو سەندیکای رۆژنامەنووسان ئاگاداربکرێتەوە لەهۆی گرتنو جۆری ئەو گومانەی لەسەری راگیراوە، وەرگرتنی رەزامەندی بۆ درانی بەداگا.

---

(١) ئامانج خەلیل (ئامادەکردن): دەستدرێژییەکانی کارمەندانی ئاسایش بۆ سەر رۆژنامەنووسان لەهەڵەبجە، هاوڵاتی (رۆژنامە)، ٢٦٦، چوارشەممە ٢٠٠٦/٣/٢٢، ل٣.

٤- لەکاتی نووسینی هەر بابەتێك لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، ئەگەر تەشهیر بوو بەپێی یاسا دەکرێت سکاڵا تۆماربکەن، بەڵام زۆرینەی هەوڵەکان بەئاقاری زمانی قەڵەمو ڕۆژنامەنووسی وەڵامیان بدەنەوە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا لەلایەن هۆبەکانی ڕاگەیاندنی ئاسایشەوە.

٥- هۆشداری بدرێتە سەرجەم ئەفسەرانو کارمەندانی ئاسایش کە مامەڵەیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا باش بێتو ڕێزیان لێبگیرێت.

٦- لەکاتی دروستبوونی هەر کێشەیەك لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا لێپێچینەوە بکرێت، سزای یاسایی سەرپێچیکار بدرێت.

٧- لەلایەن ئاسایشەوە ئاسانکاری بکرێت بۆ ڕۆژنامەنووسان، وەك پێدانی زانیاریو دەرگا کراوە بێت بۆ هەموو کارێکی ڕۆژنامەنووسی ئەوەندەی کار لەرەوتی لێکۆڵینەوە ناکاتو زیانی بۆ باری ئاسایش نەبێت.

٨- کاتێك ڕۆژنامەنووسێك یان هونەرمەندێك دەستگیردەکرێت، دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەو دڵنیابوون لەوەی کە تاوانبارە بەپێی بڕیاری دادوەر، ئەوکاتە ناوی ئاشکرا کرێتو بدرێتە ڕاگەیاندنەکان." [(1)].

ئەمەی سەرەوە، لەگەڵ ئەوەی دانپێدانانێکی ڕاستگۆیانەی دەزگایەکی هەستیاری حکومەتی هەرێم بوو سەبارەت بەرەوشی ڕۆژنامەنووسان لەو هەرێمەداو دەستخستنە ناو کاری ڕۆژنامەنووسی لەلایەن ئاسایشو داخستنی دەرگای زانیارییەکان بەروویاندا، هەنگاوێکی ئیجابیش بوو بەئاقاری سەروەریی یاساو بەرەو دەسەڵات ڕۆیشتنی میدیا لەهەرێمی کوردستاندا، بەڵام هەلومەرجەکەو ڕوداوەکان، ئەم ڕاگەیەنراوەیشی تەنها وەکو نووسراوێكو بەڵگەیەکی ڕەسمی نێو مەلەفەکان هێشتەوەو نەیخستە نێو واقیعەکەوە، چونکە وەك لەسەرەوەش ئاماژەمان پێدا پێشێلکارییەکانی سەر ڕۆژنامەنووسان بەردەوامبوون.

.١٢ ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/١٧ ئاسایشی گشتی لەسلێمانی بۆ ماوەی ١٣ سەعات ئەحمەد میرەی سەرنووسەری گۆڤاری (لڤین)* ی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێکی شیکاری

---

(١) بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی: نابێت ڕۆژنامەنووس لەسەر پیشەکەی زیندانی بکرێت، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە ٤٠٢٣، ڕۆژی ٢٠٠٦/٧/١٨، ل٢٠.

* گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی ڕەخنەیی ئازادە، یەکەمین ژمارەی لە٢٠٠٢/١١/٢٠ لەشاری سلێمانی بڵاوبوەتەوە.

لەسەر ئایندەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدوای جەلال تاڵەبانی، دەستگیرکرد. ئەم روداوەو چەند روداوێکی تر لەراپۆرتێکی تایبەت بەرەوشی مافی مرۆڤ لەماوەی نێوان ٤/١ تا ٢٠٠٧/٦/٣٠ی نووسینگەی مافی مرۆڤی سەر بەنێردەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ یارمەتیدانی عیراق (UNAMI)، لەبەشی پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا، لەخاڵی ٢٧و ٢٨ دا کە ئاماژە بەپێشێلکارییەکانی ئازادیی رادەربڕین لەهەرێمی کوردستان کراوە، هاتوە.

١٣. لەراپۆرتەکەدا کە لەرۆژی ٢٠٠٧/١٠/١١ دا بڵاوکراوە، وێرای ئەوەی (یونامی) پێشوازی لەو سیاسەتە دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری فرەیی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە گرتوویەتیە بەر، سەبارەت بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤو بەرگرتن لەئازادیی رادەربڕینو بەرزبوونەوەی رێژەی کوشتنی ژنانو دەستگیرکردنی خەڵکی بەتۆمەتی کاری توندڕەویو بەندکردنیان بەبێ دادگاییکردن لەبەندیخانەکانی هەرێمیش، رەخنەی گرتوە.

هەروەها ئاماژەی کردوە بۆ داخستنی کەناڵێکی لۆکاڵی سەر بەیەکگرتووی ئیسلامی لەشارۆچکەی ئاکرێ، دەستگیرکردنی محەمەد سیاسیی ئەشکەنەییو دواتر لە٢٠٠٧/٧/١٩ سەلماندنی بێتاوانیی لەلایەن دادگا، رفاندنو ئازاردانی نەبەز گۆران لەشاری هەولێر(+) و دەستگیرکردنی سرود موکەرەم فاتح محەمەد کارمەندی کەناڵی سۆمەرییە لەرۆژی ٢٠٠٧/٤/١٧و لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی گشتی لەهەولێر(١).

---

+ شەوی ٣\٢٠٠٧/٤/٤ لەنزیك ئاسایشی بەلدە لەسەر رێگای ٣٠ مەتری شاری هەولێر پێنج چەکدار بەجلی سەربازی، پاش لێدانو تفەنگ لەسەر دانانو قۆڵبەستکردنو چاوبەستنی، رۆژنامەنووس نەبەز گۆران–یان بەپیکابێکی دەبڵی نیسانی بێژمارەوە رفاندو لەدەشتی کەسنەزان بەقۆنداغە تفەنگو شیشی ئاسنو دار، تەعزیبی دەدەنو دوای ئەوەی بێهۆشی دەکەن جێیدەهێڵن. رۆژنامەنووسی ناوبراو لەبارەی رفاندنەکەیەوە لەراپۆرتێکی رۆژنامەنووسییدا دەڵێت: "کە رفاندیانم پێیان وتم: نابێ جارێکی تر لەسەر یەك مەسئول بنووسیتو دەبێ واز لەنووسین بێنیت، چونکە زمانت زۆر درێژە". بڕوانە: (هێرش (ئامادەکردن): نەبەز گۆران: ئاسایشەکان دەڵێن رفاندنەکەت کاری بەرپرسێکە لەناو حزب یان حکومەتدا، چاودێر (رۆژنامە)، ژمارە ١٢١، دووشەممە ٢٠٠٧/٤/٩، ل٤)، بەر لەو روداوەیش، رۆژی ٢٠٠٦/٨/٥، دوای بڵاوکردنەوەی بەشی یەکەم لە(فایلی قەڵەمەکانی بەعس) لەرۆژنامەی (هاوڵاتی)دا، ناوبراو لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە لەرێگەی تەلەفۆنەوە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێتو پێیدەوترێت: "تۆ بوویت بەکەسێکی شۆڕشگێڕو قەڵەمەکانی بەعس بڵاودەکەیتەوە؟ من کادری پارتیمو هەر دەتکوژمو ئەوەیش ژمارە تەلەفۆنەکەمە". بڕوانە: (کوردستان راپۆرت (رۆژنامە)، ژمارە ٥٣، یەکشەممە ٦ی ئابی ٢٠٠٦، ل١).

(1) www.uniraq.org, سەرچاوەی پێشوو, p p 15-16.

١٤. (جۆیل کامپاگناو رۆبێرت ماهۆن) بەڕێوەبەرو جێگری بەڕێوەبەری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەکۆمیتەی پارێزگاریکردن لەرۆژنامەنووسان CPJ* وێڕای پێشاندانی نیگەرانی خۆیان بۆ بوونی پێشێلکاریی بۆ سەر مافو ئازادیی رۆژنامەنووسانو قەدەغەکراوەکانی ناو مادەی ١٠ لەرەشنووسی یاسای کاری رۆژنامەنووسی، راشیانگەیاند: "مانگی ١ی ساڵی ٢٠٠٨ راپۆرتێك بڵاودەکەنەوەو بەوردیی باس لەئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستانو پێشێلکارییەکان دەکەن"[1].

١٥. دوای ئەوەی لەژمارە ٥٠٠ی رۆژنامەی (ئاسۆ)دا، نووسەرێك بەناوی داود عەلی وتارێکی شیکاری بەناونیشانی (کێ جێگای مەسعود بارزانی دەگرێتەوە، نێچیرڤان یان مەسرور؟) بڵاوکرایەوەو ٣ رۆژ دوای ئەمە لەرۆژنامەی (خەبات) دا بەناوی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە وەڵامێك بڵاوکراوەیەوەو ناوەرۆکی وتارەکەی رۆژنامەی (ئاسۆ)ی رەتکردەتەوە، رۆژنامەی (ئاسۆ)ش لەلاپەڕە ١ی ژمارە ٥٠١ی رۆژی شەممە ٢٠٠٧/٨/١١ یدا لەبۆکسێکدا بەقەڵەمی رۆژنامەکە رەخنە لەو نووسینانە دەگرێت کە بەناوی شرۆڤەکاری سیاسی یان شیکاری رۆژەوە بڵاودەبنەوەو بەنەریتێکی خراپیان ناودەباتو پێیوایە کەشی پەیوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسیەکان بەگومانو سڵ لێکردنەوە ئاڵودە دەکەن، بۆیە دەنووسێت: "بەداخو لێبوردنەوە لەژمارەی پێشووی رۆژنامەکەماندا بابەتێکی لەم جۆرە بڵاوبۆوە کە بیروڕای ئاسۆ نیەو لەگەڵ رەوتی کارکردنی چوار ساڵیدا ناگونجێت"[2]. هەر لەو ژمارەیەی رۆژنامەکەشەوە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك

---

* رێکخراوێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە، ساڵی ١٩٨١ دامەزراوەو بارەگای سەرەکی لەنیویۆرکە، کار بۆ پاراستنی ئازادیی رۆژنامەنووسی لەسەرانسەری دنیادا دەکات. بڕوانە: (//:httpwww.cpj.org/development/about_cpj.html>(31/11/07)). رۆژی ٢٠٠٧/١١/٥ لەهۆڵی هۆتێل چوارچرای شاری هەولێر، دوای دوو هەفتە مانەوەیان لەهەرێمی کوردستان بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێك سەبارەت بەپێشێلکاریی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسی لەهەرێمدا، ئەمەیان رایانگەیاند.

(١) دیار عەزیز مستەفا (ئامادەکردن): لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەنووسان راپۆرتێك لەسەر ئازادیی رۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستان بڵاودەکاتەوە، کوردستان راپۆرت (رۆژنامە)، ژمارە ٣٢٦، ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦، ل٢.

(٢) ئاسۆ: بەداوای لێبوردنەوە، ئاسۆ (رۆژنامە)، ژمارە ٥٠١، ساڵی چوارەم، شەممە ٢٠٠٧/٨/١١، ل١.

پێشان بدرێت، ناوی (ستران عەبدوڵڵا) وەکو سەرنووسەر بەسەر رۆژنامەکەوە نەما، ئەمەیش لەناوەندی رۆژنامەنووسیی کوردیدا دوو لێکدانەوەی بۆ کرا، یان وتارەکە بێ مەبەست بەسەر سەرنووسەردا تێپەڕیوەو ئەمەیش ناچاریکردوە دەست لەپۆستەکەی بکێشێتەوە، یاخود پارتی دیموکراتی کوردستان نارەزایی خۆی لەسەر بڵاوبوونەوەی وتارەکە دەربڕیوەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان–یش کە پشتیوانی رۆژنامەکەیە، بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکەو پاراستنی بەندەکانی رێککەوتنامەی ستراتیژیی نێوان یەکێتیو پارتی، ئەو گۆڕانکارییەی کردوە[1]. بەڵام لەهەردوو بارەکەدا، مادام وتارەکە ناوزڕاندنی تێدا نەبوەو زیانی بۆ ئاسایشی نەتەوەییو سیستمی گشتیو ئادابی گشتی نەبوە، دەستکێشانەوە، یان دەستپێکێشانەوەی رۆژنامەنووسێك لەپۆستەکەی، لەسەر دەربڕینی رایەك، یان شیکردنەوەیەك ئاماژەی نێگەتیڤە بۆ رەوشی ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس لەهەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر ئەو وتارەکە هەڵەی پیشەییشی تێدابێت، دەکرێت بەوەڵامدانەوە، راستکردنەوەو رونکردنەوە چارەسەربکرێت.

١٦. لەمانگی ٩ی ٢٠٠٧دا هەرەشە لەشوان داودی بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای هەواڵ دەکرێتو بەشێوەی نارەسمی فشاری دەخرێتە سەر، لەبەرامبەریشدا دەزگاکە نووسینگەی هەولێری رۆژنامەی (هەواڵ) دادەخاتو سیاسەتی رۆژنامەکەیش دەگۆڕێت، بەجۆرێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ ناوەرۆکی رێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بڕیاردەدات لەمەودوا زیاتر بایەخ بەهەواڵی جیهانی بداتو گۆڕانکاریی لەزمانی نووسینی نێو وتارو بابەتەکاندا بکات[2].

١٧. هەر لەرووی مەسەلەی سیاسییو کاریگەریی بۆسەر ئازادیی رادەربڕین، دەتوانین لێرەدا چەند نمونەیەك لەبارەی دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان بهێنینەوە، کەوا لەبەرتەسککردنەوەی رووبەڕی ئەو ئازادییەدا رۆڵیان بینیوە.

---

(١) ئاوات عەلی: پارتیو ئاسۆو بڤە، هاوڵاتی (رۆژنامە)، گۆشەی (هەناسە)، ژمارە ٣٤٧، یەکشەممە ٢٠٠٧/٨/١٩، ل٢٠.
(٢) چاودێر (رۆژنامە)، ژمارە ١٤٦، دووشەممە ٢٠٠٧/١٠/١، ل ل١–٢.

- ئـازاد جنـديانی لێپرسـراوی دەزگـای ناوەنـدیی راگەیانـدنی یـەکێتیی نیـشتمانیی کوردستان لەمەراسیمێکدا بەئاشکرا رایگەیاند: کاتێك رۆژنامـە ئـەهلیو سـەربەخۆکان بابەتێك لەسـەر دەوڵـەتێکی دراوسـێ بڵاودەکەنـەوە، راسـتەوخۆ ئێمـە وەکـو حـزبو حکومـەت باجەکـەی دەدەیـنو کـار لـەرێڕەوی پەیوەندییـە سیاسـیو دیپلۆماسـیو ئابورییەکانمان دەکاتو زیان بەهاوولاتیانی هەرێمەکـەشمان دەگەیـەنێت، بۆیـە ئێمـە وەکو رۆژنامەو راگەیاندنی حزبی لەبابەتەکانماندا ئەوە رەچاو دەکەین[1].
- پێشنیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٧/٤/١٤، ئیتلاعاتی مەهابادی سەر بـەپارێزگای ئازەربایجـانی کۆمـاری ئیـسلامیی ئێـران پەیوەنـدییان بـەژمارە تۆرمـاڵی رۆژنامـەی (چـاودێر)ەوە لەشاری سلێمانی کردو بەئامادەبوونی ستافی کـارای رۆژنامەکـە، هەڕەشـەیان لەناهیـد حـسێنی ئەنـدامی سـتافی کـاراو لێپرسـراوی دوو لاپـەڕەی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان لەرۆژنامـەی (چـاودێر) کـرد، لەپەیوەندییـە تەلەفۆنیەکـەوە داوا لـەناوبراو کـراوە واز لەکاری سیاسەت لەرۆژنامـەدا بهێنێـتو تـەنها کـاری ئـەدەبی بکـات، هـەروەك چـەند هەفتەیـەك پـێش ئـەو رووداوەش کەسـوکاری نـاوبراو لەشـاری سـەقزی رۆژهـەڵاتی کوردستان بانگکراونو وردەکـاریی لەسـەر کارەکـانو شـوێنی نیـشتەجێبوونی ناهیـد حسێنی لەسلێمانی کۆکراوەتەوە[2].
- لەکۆتایی مانگی ئـابی ٢٠٠٧و هاوکـات لەگـەڵ تۆپبـارانی ناوچـە سـنوریەکان لەلایـەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، جـەلال تاڵـەبانی سـکرتێری گـشتیی یـەکێتیی نیـشتمانیی کوردسـتانو سـەرۆك کۆمـاری عـیراق لەکۆنگرەیـەکی رۆژنامەنووسـییدا، نیگـەرانی دەوڵـەتی ئێرانـی بەرامبـەر میـدیای کـوردی باسـکرد، کـە لەکۆبوونـەوە رەسمییەکانـەوە راگەیـەنراوە چـەند نمونەیەکیـشی لەسـەر پێگـەی ئـەلیکترۆنیی www.pukmedia.com (سایتی رەسمیی دەزگای ناوەندیی راگەیانـدنی یـەکێتی نیشتمانیی کوردستان) هێنایەوە کە لەو ماوەیەدا ١٦٧ جار هێرشی کردۆتە سەر ئـەو

(١) مێزگردێـك لەسـاڵیادی رۆژنامـەی (چـاودێر) دا، رۆژی چوارشـەممە ٢٠٠٦/١٠/٤، هـۆڵی دیـالۆگ-ی مەکتـەبی رێکخـراوە دیموکراتییـەکانی یـەکێتیی نیـشتمانیی کوردسـتان لەسلێمانی.
(٢) چاودێر (رۆژنامە)، ژمارە ١٢٢، رۆژی دووشەممە ٢٠٠٧/٤/١٦، ل١.

دەوڵەتـە، بۆیـە لەبـەر نـاڕەزایی ئێـران لەلایـەکو تورکیـا لەلایـەکیترەوە[1] سـەبارەت بەهەواڵـەکانی سـایتەکە، ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٣١ هـەردوو بەشـی زمـانی فارسـیو زمـانی تورکی ئەو سایتە داخران.

- هەر لەچوارچێوەی ئەو کاریگەرییە سیاسـیو ئابوورییـەی دەوڵـەتانی دراوسـێ لەسـەر ئـازادیی ڕادەربـڕین لەڕۆژنامەنووسـیی کـوردی هەیانـە، دەتـوانرێ ڕێگـەگرتنی ڕۆژنامەنووسان لەسـەردانیکردنی هێزەکـانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان (پەکەکـە) لەناوچـەی قەنـدیل لـەمانگی تـشرینی یەکـەمو دوەمـی ٢٠٠٧و لـەکاتی هەڕەشـەکانی تورکیا بۆ لەشکرکێشیکردنە سەر خاکی هەرێمی کوردستان، بەنمونە بهێنرێتەوە[2].

ئەمانەو چەندین نمونەی تریش، بەڵگەی ئەوەن دەوڵەتانی دراوسێی هەرێم زۆرجـار فاکتەرێکی نێگەتیڤی کاریگەرن بۆ سـەر ئـازادیی ڕادەربـڕین لەڕۆژنامەنووسـیی کـوردیی هەرێمی کوردستاندا.

١٨. ڕۆژنامەنووسـێکیش بـەناوی ئـەژین عەبـدولخالق کەخوێنـدکاری قۆنـاغی دوەمـی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بوو، بەهۆی کاریگەریی کۆمەڵایەتیو کلتوری داخراوەوە، لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕیپۆرتاژێکو وەرگرتنی ڕای خوێندکارێکی کچ لەبارەی (کـچان چ جـۆرە هاوسـەرێکیان دەوێـت) لـەگۆڤاری (بـی سـات) لـە١ی ٢٠٠٢، لەلایـەن ڕاگـری پەیمانگاو لیژنەی ئینزیباتی پەیمانگاکەیەوە بۆ ماوەی ساڵێك فەسڵدەکرێت، ئەمەیش دوای فشاری خێزانی ئەو کچە دێـت کـە نـاوی لەڕیپۆرتاژەکـەدا هـاتوە لەسـەر کـچەو دواتر گەیشتنی بەپەیمانگا[3].

١٩. لەرووی کاریگەریی فاکتەری ئـابوریی بەسـەر ئـازادیی ڕادەربـڕین لەڕۆژنامەنووسـیی کـوردیی هــەرێمی کوردســتاندا، دەتــوانین ڕاگــرتنی ئــەو ڕۆژنامــە ئــەهلیو ئــازادو

(١) دیداری تایبەت (بەرنامە)، ئومێـد قـەرەداغی (ئامـادەو پێـشکەشکار)، کوردسـات (کـەناڵی ئاسمـانی)، شـەوی ١٣\٢٠٠٧/١٢/١٤، ڕاسـتەوخۆ (لـەوەڵامی پرسـیاری بینەرێکـدا، میـوانی بەرنامەکە ئازاد جندیانی –ل. مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی– ئەم زانیارییەیدا).
(٢) چەند ڕۆژنامەنووسێك (ئامادەکردن): ڕێگـە لەڕۆژنامەنووسـان دەگیرێـت سـەردانی قەنـدیل بکــەن– ئــەمریکا دژی لەشکرکێـشیەو مــالیکی پەکەکــە بەتێرۆریــست دادەنێـت، ئاســۆ (ڕۆژنامە)، ژمارە ٥٦٧، یەکشەممە ٢٠٠٧/١١/٤، ل٢.
(٣) هاوڵاتی (ڕۆژنامە)، ژمارە ٥٧، دووشەممە ٢٠٠٢/١/٢١، ل١.

سەربەخۆیانە بەنمونــە بهێنینــەوە کــە بەفاکتــەری ئــابوری یــان نــەبوونی سەرچــاوەی دارایی وەستێنران، لەوانە: بەیانی، ئەویتر، رایەڵ، خوێندنی لیـبراڵ... تـاد. هــەروەك نــابێ ئەوەیــشمان بیربــچێت، حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان– ئیــدارەی ســلێمانی لەرێگەی پەسەندکردنی نیزامی پشتگیری لەمیدیای ســەربەخۆ بەنووســراوی ســەرۆکی حکومــەت ژمــارە ١٨١ لــە٢٠٠٢/١/٢٠ (دەســتەی باوەڕمەنــدانی پــشتگیری لەمیــدیای سەربەخۆ) ی بەفەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران ژمـارە ٢٤٤ لـە٢٠٠٢/١/٢٩ پێکهێناو خستیە سـەر وەزارەتـی رۆشـنبیری، هــەروەك تـوانی تـەنها لەسـاڵی ٢٠٠٢دا هاوکاری ٢٣ رۆژنامەو گۆڤاری سەربەخۆ بکاتو تاکو ٢٠٠٤ بەردەوامبوو، کە ئەمــەیش بەیەکــەمینجاربوو لەمێــژووی حکومــەتی عــێراقو حکومــەتی هــەرێمی کوردســتاندا، دەسەڵاتی سیاسی یارمەتی دارایـی ئاشـکرای میـدیای سـەربەخۆ بکـات[1]. بۆیـە ئـەم هەنگاوە بەپۆزەتیڤ هەڵسەنگێنراو لـەزۆر ناوەنـدی رۆشـنبیریو رۆژنامەنووسـییەوە دەستخۆشی لێکرا، وەکچۆن رای پێچەوانەی ئەمـەیش پێیوابـوو، میـدیای سـەربەخۆ نابێت یارمەتی دارایی ئەگەر مەرجداریش نەبێت، لـەهیچ سەرچـاوەیەکی دەسـەڵاتەوە وەربگرێت، چـونکە دەبێتـە جڵـەوگرتنی پێـشوەختی ئـەو رۆژنامانـەو بەرزکردنـەوەی تــێراژو دۆزینـــەوەی بـــازاڕو رێکلامکـــردنو خۆبـــەڕێوەبردن بـــەداهاتی خۆیـــان، فەرامۆشـدەکات، هــەروەك ســەربەخۆیی ئــابوری یەکــەمین مــەرجی ســەربەخۆبوونی رۆژنامەیەو لەپێناو ئەوەی رۆژنامەکان سەربەخۆ بنو بـۆ خۆیـان بـژین، پێویـستە واز لەپشتبەستن بەگشت جۆرەکانی یارمـەتیی دارایـی بهێـنن[2]، لـەو سەربەخۆییەشـەوە دەتوانێت پتر روبـەری ئـازادیی قسەکردنو رادەربـڕین لـەنێو رۆژنامەنووسـیو میـدیا خۆیـدا فــراوان بکــاتو لایــەنی ئــابوری گرەنتــی دروســتکردنی فــەزای جیــاوازیو هەمەڕەنگیو فرەدەنگی بێت.

---

(١) راپۆرتێك لەبارەی کاروباری دەستەی باوەڕمەندانی پشتگیری لەمیدیای سەربەخۆ بۆ ساڵی ٢٠٠٢، بڵاونەکراوەتەوە، ل١.

(٢) تاتیــان ریپکۆڤــا: نیوتــایمز– دەرکردنــی رۆژنامەیــەکی پیــشەوەری لــەوڵاتانی بــەرەو دیموکراسـیدا، و. لەئینگلیزییـەوە: محەممـەد مـستەفا قـەرەداغی، (سـلێمانی: وەزارەتـی رۆشنبیری– بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٦) ل٣٠.

٢٠. لەگەڵ ئەوەیشدا، لەئیدارەی هەولێری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەنووسراوێکی رەسمیــی وەزارەتــی دارایــیو ئــابوری *، میرانــە (رســومات) یــك بــۆ دەرهێنــانو نوێکردنەوەی مۆڵەتی رۆژنامەو چاپکراوی خولەکی دانرا، کە بوە کۆسـپێك لەبـەردەم کەســانی کەمدەرامــەت بــۆ دەرکردنــی رۆژنامــە، واتــە بــوە فاکتــەرێکی کاریگــەر بەئاراستەی نێگەتیڤانە لەسەر ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی هەرێمدا.

٢١. لەبڕگەی تایبەت بەرەوشی ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکوردسـتان لـەراپۆرتی گشتیی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ دوەمین کۆنگرەی سـەندیکا کـە لـە٢٧–٢٨–٢٠٠٧/١٢/٢٩ لەشـاری هـەولێر بەسـترا، وێـڕای ئـەوەی هـاتوە: زۆرجـار بڕگـەی ٥ی مـادەی ١٩[+] لەیاسـای سـەندیکا– هـەموارکراو ژمـارە ٤ی سـاڵی ١٩٩٨ لەلایـەن هەنـدێ لـەدامودەزگاکانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە پێـشێلکراوە، بەمشێوەیەی خوارەوەش ئەو پێشێلکارییانەی ئەنجومەنی سەندیکا لێـی ئاگـاداربوە، یـان لەلایـەن رۆژنامەنووسـانەوە ئاگادارکراوەتـەوە، یـاخود بەشـێوەیەك لەشـێوەکان زانیاریی دەستکەوتوە، لەیەکەمین کۆنگرەوە ١٣–١٤–٢٠٠٣/١٥ تۆمارکراون[٢]:

---

* نووسـراوی وەزارەتــی دارایــیو ئــابوری حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان ژمــارە ٦٧٩٥ی ١٩٩٨/٨/١٠ کە ئاراستەی وەزارەتی رۆشنبیری کراوە، تێیـدا هـاتوە: "پێتـان رادەگەیـەنین لەکاتی تاوتۆکردنی بودجەی وەزارەتتان بۆ سـاڵی ١٩٩٩ وا دیارکـەوت رسـومی دەرهێنـانو نوێکردنەوەی گۆڤارو رۆژنامەکان نـاگونجێ لەگـەڵ نرخـەکانی ئێسـتاو هـەردوولامان بەیـەك گەیـشتین لەســەر گــۆڕینی ئــەو رســوماتانە بــەگوێرەی خــشتەی خــوارەوە، بەمــەرجێ لە١/١٠/١٩٩٨ جێبەجێ بکرێو پارەی داهات بـەگوێرەی پـسوولەی پـارە وەرگـرتنی ژمـارە (٣٧/أ) وەربگیرێو لەبانق دابنرێ وەکو داهاتێکی کۆتایی.. لەگەڵ رێزماندا.
مۆڵەتی دەرهێنانی گۆڤارو رۆژنامە ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار
نوێکردنەوەی مۆڵەتی گۆڤارو رۆژنامە ٣٠٠٠ سـێ هـەزار دینـار سـاڵانە". بڕوانـە: (د. کـەمال سەعدی: چوارچێوەی یاسایی ئازادیی رۆژنامەگەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٩٨– ٩٩.

\+ "پێویستە خەبەری سەندیکا بدرێت، لەکاتی شکایەتکردن، کە لەدژی رۆژنامەنووس پێشکەشدەکرێ، لەکاتی تاوانی بینراودا نەبێت، نابێت رۆژنامەنووس پرسیارو وەڵامو توێژینەوەی لەگەڵ بکرێت، بەتاوانێك کە دراوەتە پاڵیو پەیوەندیدارە بەئەنجامدانی کارەکەیەوە تا سەندیکا ئاگادارنەبێت".

(٢) راپۆرتی گشتیی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ کۆنگرەی دوەمی سەندیکا، بڵاونەکراوەتەوە، ل ل٤٩و ٥١.

| ژمارە | پێشێلکاری |
| --- | --- |
| ٣٤ | تەوقیفکردنی رۆژنامەنووس |
| ١٢ | لێدانی رۆژنامەنووس لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە |
| ٥ | لێسەندنی کەلوپەلی رۆژنامەنووسی |
| ٣ | بریندارکردنی رۆژنامەنووسان لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە |
| ١ | رفاندنی رۆژنامەنووسان |
| ٦ | داخستنی دەزگای رۆژنامەنووسی |
| ٣ | حوکمدان بە٦ مانگ زیندانی لەگەڵ وەستاندنی جێبەجێکردنەکە |
| **٦٤** | **کۆ** |

هەروەها برگەی ٦(*)ی هەمان مادەی هەمان یاساش سزای بۆ دەستدرێژیکارانی سەر رۆژنامەنووس داناوە، سزاکەش وەکو سزای ئەو کەسەیە کە دەستدرێژی دەکاتە سەر کارمەندی گشتی، بەڵام ئەمەیش لەکەمترین حاڵەتدا کاری پێکراوە.

* "ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر رۆژنامەنووس لەکاتی ئەنجامدان، یان بەهۆی کارەکەیەوە ئەو سزایە دەدرێ کە بۆ ئەو کەسە دانراوە کە دەست درێژی دەکاتە سەر کارمەندی گشتی لەکاتی ئەنجامدانی فەرمان، یان بەهۆی فەرمانەوە".

## پاشکۆی (٤)

### چەند نمونەیەك لەپێشێلكاریی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی كوردی لەهەرێمی كوردستاندا، بەكاریگەریی فاكتەری یاسایی

لێرەیشدا، چەند نمونەیەكی تری رۆژنامەنووسیی كوردیی دوای راپەڕین (١٩٩١ – ٢٠٠٨) لەسەر لێپرسینەوە یاساییەكان دەهێنینەوە، لەگەڵ شیكردنەوەی هەندێ حاڵەت، كە دەقە یاساییەكان خۆیان ئاستەنگ بوون لەبەردەم ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس:

١. بەنووسراوی ژمارە ٣١٣ی رۆژی ١٩٩٧/٩/٢٣ بەئیمزای جەمال عەبدول وەزیری رۆشنبیریی حكومەتی هەرێمی كوردستان– سلێمانیو بەپشت بەستن بەمادەی ٩ی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ بڕیاردرا بەراگرتنی دەرچوونی رۆژنامەی (ئەمڕۆ) *، هۆكارەكەیشی گەڕێنراوەیەوە بۆ ئەوەی لەژمارە ١٣ی رۆژی ١٩٩٧/٤/٢٤و بۆ جاری دووەم لەژمارە ٢٠ی رۆژی ١٩٩٧/٩/٢٣دا، هێرشی راستەوخۆ كراوەتە سەر بیروباوەڕو نیشتمانپەروەرێتیی خودی وەزیری رۆشنبیریو بەناڕەواو دوور لەدابونەریتی رۆژنامەنووسی هەوڵی تانوتلێدانو ناوزڕاندنی دراوە، هەروەك پێشنیوەڕۆی رۆژی ١٩٩٧/٩/٢٤ سێ پۆلیس بەفەرمانی وەزیری رۆشنبیری دەچنە سەر بارەگای رۆژنامەكە لەتەلاری ئالان لەشەقامی سالمی شاری سلێمانیو فریاد هیرانیی سەرنووسەری رۆژنامەكە دەستگیردەكەنو تا ئێوارەی ئەو رۆژە لەزینداندا دەیهێڵنەوەو دواتر بەكەفالەت ئازاد دەكرێ، رۆژی دواتریش ٩/٢٥ پاسەوانەكانی وەزیری رۆشنبیری دەچنە سەر نووسینگەی رۆژنامەكەو سەرنووسەركەی دەخەنە زیندان، فریاد هیرانییش لەپاشنیوەڕۆی ئەو رۆژەوە بڕیاری مانگرتنیدا، پاش ٧٢ سەعات لەمانگرتن ئازادكراو بەبڕیاری وەزارەتی رۆشنبیری فەرمانی دەركردنەوەی رۆژنامەكە دەرچووەوەو نووسینگەی رۆژنامەكەش وەرگیراوەتەوە[1].

---

* رۆژنامەیەكی رۆشنبیریی سیاسیی ئازادە، یەكەمین ژمارەی لە١٩٩٤/٨/١٥ لەهەولێر دەرچووەو دواتر بوە بەشێك لەشەڕی ناوخۆو دابەشبوونی حكومەتو لەسلێمانی درێژەی بەدەرچوون داوەتەوە.

(١) ئەمڕۆ (رۆژنامە)، ژمارە ٢١، رۆژی ١٩٩٧/١٠/٨، ل١و ٣.

لــەبارەی ئــەو رووداوەوە، دوو جــۆر کاردانــەوە هــەبوو، یــەکێکیان بەئاراســتەی پــشتگیریکردن لەرۆژنامەکــەو سەرنووســەرەکەی، ئــەویتر پــشتگیریگردن لەبڕیارەکــەی وەزیــر. دەســتەی رۆژنامەنووســانی ئــازاد دوو راگەیانــدنی لــەدوو رێکــەوتی جیــاوازدا بڵاوکردەوە: ٥٩ نووسەرو رۆژنامەنووس‌و هونەرمەندو ئەدیب ناڕەزایی دەردەبڕن‌و ئیمزا دژی راگرتنی رۆژنامەکەو ئازادکردنی سەرنووسەرەکەی کۆدەکەنەوە.

٢. پــاش بڵاوبوونــەوەی بابــەتێك لەســەر گونــدی تــەناهیی ناوچــەی بادینــان کــە گوایــە بازرگــانی بــەمادە بێهۆشــکەراکانی تێــدا دەکرێــت لەلاپــەڕە ٢ی ژمــارە ٧ی رۆژی پێنجشەممە ٢٠٠١/١/١١، نووســەری بابەتەکــە (هاشــم زێبــاری) پــەیامنێری رۆژنامــەی هــاوڵاتی، رۆژی ٢٠٠١/١/٢٩ لەلایــەن بەرپرســانی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان‌و حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان (هــەولێر)ەوە ســکاڵایەکی یاســایی لەســەر تۆماردەکرێــت[(١)] و بــۆ مــاوەی چــەند مانگێــك زیندانیــدەکرێت، لەگــەڵ ئــەوەی لەخوێندنەکەیدا (ماستەر لەکارگێڕی‌و ئابوری لەزانکۆی دهۆك) فەسڵدەکرێت.

٣. دوای بڵاوبوونــەوەی هــەواڵێك لەلاپــەڕە ١ی ژمــارە ٥ی رۆژی ٢٠٠٢/٥/٥ رۆژنامــەی (رایگشتی)*، بەوەی "لێپرسراوێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان (لەهەواڵەکەدا ناوی تەواوی لێپرسراوەکە هاتوە)، بــڕی ٢١٥ ملیــۆن دۆلاری بردوەتــە تورکیــاو لــەوێ لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە دەستبەسەر پارەکەدا گیراوە"، ئەو ژمارەیەو ژمارەکانی دواتری رۆژنامەکە لەشاری هەولێر کۆدەکرانەوەو رێگەی بڵاوبوونەوەی لێدەگیرا، هەروەك (مەم بورهان قانع)ی سەرنووسەریشی بانگکرایە هەولێر بۆبەردەم دادگاو بــەمادەی ٤٣٣ی یاســای ســزادانی عیراقــی لەگرتووخانــەی ئاسایــشی هــەولێر دەستبەســەرکراو تەنانــەت تــا ١٧ رۆژ رێگــەی بینــینی نــەدراو دادوەر بــەردەوام دەستبەســەرکردنەکەی درێــژدەکردەوە تــا ٣٤ رۆژ، ئینجــا لــەژێر فــشاری زۆری میدیاکان‌و ئیمزای رۆژنامەنووس‌و رۆشنبیران ئازادکرا[(٢)].

---

(١) هاوڵاتی (رۆژنامە)، ژمارە ١٢، پێنجشەممە ٢٠٠١/٢/١٥، ل١.

* هەفتەنامەیەکی ئەهلیی ئازاد بوو، لەسلێمانی دەردەچوو.

(٢) کۆبوونەوەی فراوانی رۆژنامەنووسان لەژێر ناونیشانی (با ساتێك وەك رۆژنامەنووس لەسەر هەلومەرجی ژیانمان گفتوگۆ بکەین)، رۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٦/٦/٨ هۆڵی سلێمانیی تەنیشت سەنتەری گەنجان– شاری سلێمانی.

٤. نووسـینگەی مـافی مرۆڤـی سـەر بـەنێردەی رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتوەکان بـۆ یارمەتیـدانی عـیراق (UNAMI)، کـە هـەر چـەند مـانگ جارێـك راپۆرتێـك سـەبارەت بەرەوشی مافەکانی مرۆڤ لەعیراق، بڵاودەکاتەوە، لـەراپۆرتی مـانگی ئـازارو نیـسانی ساڵی ٢٠٠٦دا نیگەرانی خـۆی لـەبارەی ئـەو کۆتوبەندانـە دەربـڕی کەلەسـەر ئـازادیی رادەربڕین لەهەرێمی کوردستان هەن.

لەو راپۆرتەی یونامی دا ئامـاژە بەهـەردوو رووداوی دەسـتگیرکردنی دکتـۆر کـەمال سەید قـادر کـە مامۆسـتای وانەبێـژە لـەزانکۆکانی نەمـساو حـەوێز حـەوێزی پـەیامنێری رۆژنامـەی (هـاوڵاتی) دراوە[1] کـە رۆژی ١٧ بـۆ ٢٠٠٦/٣/١٩ لەلایـەن ئاسایـشی کۆیـەوە دەسـتگیرکرابوو. دکتـۆر کـەمال سـەید قـادر–یـش لـەکۆتایی مـانگی ١١ی سـاڵی ٢٠٠٥ لەلایەن ئاسایشی هەولێرو بەتۆمەتی ناوزڕاندنی سەرۆکی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتانو تۆمەتبارکردنی ئەو حزبەبەدەستتێکەڵکردن لەگەڵ دەزگای موسادی ئیسرائیلی لەچـەند نووسـینێکدا لەسـایتو رۆژنامـە ئەلیکترۆنیـە کوردییـەکان، لەلایـەن دادگـای تـاوانی ٢ لەهەولێرو بـەمادەی ٤٣٣ی یاسـای سـزادانی عیراقـی کـە تایبەتـە بەناوزڕانـدنو یاسـای ژمـارە ٢١ی سـاڵی ٢٠٠٣ کـە لەلایـەن پارلـەمانی کوردسـتانەوە هـەموارکراوە* تایبەتـە بەئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، بە٣٠ سـاڵ زینـدانیکردن حوکمـدرا[2]، پاشـان دوای مانگرتنی ناوبراوو نارەزایی رۆژنامەنووسو رۆشنبیرانو لەژێر فشاری نێودەوڵەتیو داوای حکومەتی نەمسا ئازادکرا.

ئەگەرچی زمانو شێوازی نووسـینەکانی دکتـۆر کـەمال سـەید قـادر جێـی سـەرجی زۆربەی نووسەرو رۆژنامەنووسو رۆشنبیرو تەنانەت ئەکادیمیو یاساییەکانیشە، چـونکە تێیانـدا پرەنـسیپەکانی ئێتیکـی نووسـینو کـاری رۆژنامەنووسـی رەچـاونەکراون، بـەڵام

---

(١) بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق: تقرير حقوق الانسان ١ أدار/مـارس – ٣٠ نيـسان/أبريـل ٢٠٠٦، ص١٨. www.uniraq.org سەرچاوەی پێشوو.

* مادەی یەکەم لەیاسـای ژمـارە ٢١ی سـاڵی ٢٠٠٣: مـادەی ١٥٦ لەیاسـای سـزادانی عیراقیـی ژمارە ١١١ی ١٩٦٩ی هەموارکراو لەکار دەخرێو، ئەمەی خـوارەوە، لەهـەرێمی کوردسـتانی عیراقدا جێگای دەگرێتەوە: "هەر کەسێ بەدەستی ئەنقەستو بەهەر شێوەیەك دەبـێ، بـێ لەکارێکدا تێوەگلێ بەمەبەستی زیاندان لەئاسایشو سەقامگیریو سەروەریی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانی عیراقو ببێتە هۆی کەوتنەوەی ئەو زیانە، بەبەندکردنی هەتا هەتا، یـان بەبەندکردنی کاتی سزادەدرێت". بڕوانە: (وەقایعی کوردستان (رۆژنامە)، ژمـارە ٤٥، سـاڵی چوارەم، ٢٠٠٣/١٠/٢٨، ل١).

(٢) هاوڵاتی (رۆژنامە)، ژمارە ٢٥٥، چوارشەممە ٢٠٠٥/١٢/٢٨، ل١.

بڕیاری حوکمەکەشی بەو قورسیە مایەی نیگەرانی بوو، ئەمەیش لەبەرئەوەی نـاوەرۆکی یاسای ٢١ کەسێك دەگرێتەوە زیان بەئاسایشو سەقامگیریو سەروەریی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بگەیەنێت، نووسـینەکانیش هیـچکام لەمانـە نیـەو زیـاتر ناوزڕاندنـە، هەروەك بەپێی یاسای سزادانی عێراقی هەموارکراو زۆرترین رادەی بەندکردن لە٢٥ سـاڵ تێناپەڕێت[١].

٥. بۆلێکدانەوەی هەلومەرجی ژیانی رۆژنامەنووسـانو مامەڵـەی دەسـەڵات لەتـەك کـاری رۆژنامەنووسـیو نەشـیاوی ئـەو یاسـایانەی رۆژنامەنووسـانی پـێ سـزادەدرێت، رۆژی پێنجــشەممە ٢٠٠٦/٥/٤ لەســەر بانگهێــشتی رۆژنامــەی (ئاوێنــە)و لەنووســینگەی رۆژنامەکــەیان ژمارەیــەك رۆژنامــەنووس بەنوێنەرایــەتیی چــەند دەزگایــەکی رۆژنامەنووسی ئامـادەبوون، ئەمـەیش سـەرەتایەك بـوو بـۆ کۆبوونەوەیـەکی فراوانـی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لەژێر ناونیـشانی (بـا سـاتێك وەك رۆژنامـەنووس لەسەر هەلومەرجی ژیانمان گفتوگۆ بکەین)، لەرۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٦/٦/٨ لـەهۆڵی سلێمانیی تەنیشت سەنتەری گەنجان لەشاری سلێمانی، بـەئامادەبوونی نزیکـەی ٣٥٠ رۆژنامەنووسو ٢١ کەناڵی راگەیاندن، تیایدا باس لەو ئاستەنگو گیروگرفتانە کـرا کـە دێنەرێی کاری رۆژنامەنووس لەهەرێمی کوردستان، لەوانـە: گـرتنو سـزادانیان، چـەند رۆژنامەنووسێکیش وەکو شایەتحاڵێك باسی گیرانو ئەو رەفتارانـەیان کـرد کەلەلایـەن هێزەکانی ئاسایشەوە روبەڕویان بۆتەوە، لەوانە: مەم بورهان قانع، ئەحمـەد زاویـتی، رەحمان غەریب... تاد. لەکۆتاییشدا بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەك درا بۆ پێداچـوونەوە بەو رەشنووسـەی پـرۆژەی راگەیانـدنی کۆبوونەوەکـە کـە پێـشتر ئامـادەکرابوو تـاکو بخرێتە بـەردەم هەرسـێ سـەرۆکایەتیی هـەرێمو ئەنجومـەنی نیـشتمانیو ئەنجومـەنی وەزیرانی کوردستان.

رەحمان غەریب وەکو پەیامنێری رۆژنامەی (رێگای کوردستان) لەدەستخستنە نـاو کاری رۆژنامەنووسان لەلایـەن ئاسایـشەوە دواو ئـازاردانی خـۆی وەکـو رۆژنامەنووسـێك لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە بەنمونە هێنایەوە[٢].

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل١.

(٢) کۆبوونەوەی فراوانی رۆژنامەنووسان لەژێر ناونیشانی (با ساتێك وەك رۆژنامەنووس لەسەر هەلومـەرجی ژیانمـان گفتوگـۆ بکـەین)، رۆژی پێنجـشەممە ٢٠٠٦/٦/٨ هـۆڵی سـلێمانیی تەنیشت سەنتەری گەنجان– شاری سلێمانی.

لەپێشەکیی رەشنووسی پرۆژەی راگەیاندنی کۆبوونەوەکە هاتوە: "رەنگە پەیوەندیی نێوان رۆژنامەنووسانو دەسەلاتی سیاسی لەکوردستاندا هەرگیز هێندەی ئەمرۆ بەبارودۆخێکی ناتەندروستو پڕ ئاستەنگ گیروگرفتئامێزدا تێنەپەڕیبێت. ئەگەر تەماشایەکی خێرای رووداوەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی کوردستان بکەین، دەبینین مانگ نیە چەندان حاڵەتی تەجاوزکردن لەسەر رۆنامەنووسان لەلایەن دەزگا ناوخۆییەکانی حومەتی هەرێمو بەتایبەتیش لەلایەن ئاسایشەوە تۆمارنەکرابێت، ئەم دەزگایانە لەزۆر جێگاو شوێن گیروگرفتی جۆراوجۆریان بۆ رۆژنامەنووس دروستکردوە، هەر لەگوشار دروستکردنو ئازاردانو دەستبەسەرکردن تا دەگاتە حوکمدان، ئەمە لەکاتێکدا رۆژنامەنووسان وەك کارێکی پیشەیی خۆیان هەوڵیانداوە لەرێگای گەیاندنی زانیاریو هەواڵەوە خزمەتی هاووڵاتیان بکەنو ئاگاداریان بکەنەوە کە چی لەوڵاتەکەیان رودەدات".

٦. دوای ئەو کۆبوونەوە فراوانەیش، بەمەبەستی گەیاندنی داواکاریی رۆژنامەنووسانی بەشداربووی کۆبوونەوەکە، رۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٦/٦/٢٢ لیژنەی بەدواداچوونی کۆبوونەوەی فراوانی رۆژنامەنووسانی کوردستان*، سەردانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانیان کردو یاداشتێکیان پێشکەشکردن کە داواکاریی رۆژنامەنووسانی لەحەوت خاڵدا تێداکۆکرابۆوە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری تەواوی خۆی بۆ داواکارییەکانو بەڵێنی خۆی بۆ هاوکاریکردنی رۆژنامەنووسان دەربڕی لەوەی میدیا رۆڵی راستەقینەی خۆی لەچاودێرییکردنو نەهێشتنی کەموکوڕییەکاندا بێنێتو بەراستی ببێتە دەسەلاتی چوارەم لەکوردستانداو وتەبێژە رەسمیەکەشی لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن ئەمەی راگەیاند. ئێوارەی هەمان رۆژیش لیژنەکە چاویان بەعەدنان موفتی سەرۆکی پارلەمان کەوت، لەبەرامبەریشدا ناوبراو بەڵێنی هاوکاریو پشتگیری پێدان. داواکاریەکانیش ئەمانەی خوارەوە بوون:

**یەکەم:** داواکارین دەزگای ئاسایش هیچ پەیوەندییەکی بەرۆژنامەنووسانەوە نەبێت، چونکە ئەو پێشێلکارییانەی بەرانبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراون، زۆربەیان لەلایەن کارمەندانی ئەو دەزگایەوە بوون. هەروەها لەروی یاساییشەوە کێشەی رۆژنامەنووس لای دەزگای پۆلیسە، نەك ئاسایش.

---

* پێکهاتبوون لە: سامان فەوزی، شوان محەمەد، هاوژین عومەر، سەمیرە محەمەد، فاروق غەفورو هۆشیار عەزیز.

**دووەم:** داوا دەکەین دەرکردنی یاسایەك بۆ بواری رۆژنامەوانیی لەکوردستاندا ببێتە یەکێك لەئەولەویاتەکانی کاری پارلەمان، هیوادارم بەڕێزیشتان لەم بوارەدا رۆڵی خۆتان ببینن.

**سێیەم:** داوادەکەین تا دەرچوونی یاسایەکی هاوچەرخ بۆ بواری رۆژنامەوانی، دەستبەجێ هەردوو مادەی ٤٣٣و ٤٣٤ لەیاسای سزادانی عیراقی هەمواربکرێن، بەجۆرێك سزای بەندکردن بۆ رۆژنامەنووسان لەتاوانی رۆژنامەگەرییدا نەمێنیتو بکرێت بەسزای پێبژاردن (غەرامە).

**چوارەم:** داوادەکەین تەوقیفکردنی رۆژنامەنووسان نەمێنێتو رۆژنامەنووس یەکسەر بەکەفالەت ئازادبکرێت تا رۆژی دادگاییکردنەکەی، چونکە تەوقیف بۆ ئەوەیە تاکو تاوانبار (وەك دزو پیاوکوژ) رانەکات، یان شوێنی تاوانەکەی وننەکات، ئەمەیش لەرۆژنامەنووسدا بەدیناکرێت، کەچی بەدرێژایی سالآنی رابردوو چەندان رۆژنامەنووسان تەوقیفکراون.

**پێنجەم:** هەردوو برگەی ٢و ٤ی یاسای بەرەنگاروونەوەی تێرۆر لەهەرێمی کودستان، رۆژنامەنووسو کاری رۆژنامەوانی نەگرێتەوەو ئازادیی تەواویان بۆ دابین بکرێت، لەم بوارەشدا وەك هەر بوارێکی تری ژیان، کاری رۆژنامەوانیی خۆیانی تێدا ئەنجام بدەن.

**شەشەم:** داوا دەکەین حەسانە بۆ رۆژنامەنووسان دابین بکرێتو ئەوەی دەستدرێژی دەکاتە سەریان، روبەڕوی سزای یاسایی ببێتەوە.

**حەوتەم**: ئازادکردنی سەرچاوەکانی هەواڵو زانیاریو والآکردنی دەرگای دامودەزگا رەسمیەکان لەبەردەم رۆژنامەنووسان بەبێ جیاوازی.(١)

ئەوەی دوای ئەو کۆبوونەوە فراوانەی رۆژنامەنووسانو پێشکەشکردنی ئەو داواکارییانەی سەرەوە بەسەرۆکی حکومەتو سەرۆکی پارلەمانو بەڵێنی ئەوانیش، لەواقیعەکە دەردەکەوێت، هەمان رەوشی پێش کۆبوونەوەکەو پێدانی بەڵێنەکانە، چونکە وەکو سامان فەوزی پسپۆڕ لەیاسای راگەیاندنو ئەندامێکی لیژنەی بەدواداچوونی کۆبوونەوەی رۆژنامەنووسان، لەدیدارێکی رۆژنامەنووسیدا پاش ئەو کۆبوونەوەیە رایگەیاند: سەرۆکی حکومەت پشتگیری تەواوی داواکارییەکانی

[1] www.komall.info/arshive/hawal-kurdistan5.htm>(07/11/07)>

رۆژنامەنووسانی کرد، بڕیاریدا، بەڵام تەنها بڕیاری زارەکی بەس نیە ئەگەر نەخرێتە قاڵبی یاساوە، بۆیە تائێستا گرەنتیەکی یاسایی ئەوتۆ نیە[1].

نەبوونی ئەو گرەنتیە یاساییەش وایکرد دواتر هەمان دۆخی نالەبار کە رۆژنامەنووسان پێیدا تێدەپەڕین دووبارە ببێتەوە*، هەروەك لەم باسەو لەباسەکانی تریشدا بەبەڵگەو نمونە دەیهێنینەوە:

- دەزگاکانی ئاسایش جارێکی تر دەستیان خستەوە نێو کاروباری رۆژنامەنووسانو پێشێلکاریی یاسایان کرد کە لەروی یاساییەوە کێشەی رۆژنامەنووس لای دەزگای پۆلیس دەبێت، نەك ئەوان.
- دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵو نیوێك (تاکو نووسینی ئەم توێژینەوەیە) یاسایەکی هاوچەرخ بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لەپارلەمانەوە پەسەندنەکراوە، چونکە

---

(١) هێرش رەسوڵ (دیدار): سەرۆکی حکومەت پشتگیری تەواوی داواکارییەکانی رۆژنامەنووسانی کرد، بەڵام تەنها ئەوە بەس نیە ئەگەر نەخرێتە قاڵبی یاساوە– سامان فەوزی (پسپۆڕ لەیاسای راگەیاندن) بۆ "چاودێر"، چاودێر (رۆژنامە)، ژمارە ٨٥، دووشەممە ٢٠٠٦/٧/١٠، ل١٠.

* لەکۆبوونەوەیەکی تایبەتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەسی یەکەم، یان نوێنەری سەرجەم دەزگا راگەیاندنەکانی هەرێمدا لە٢٠٠٧/١١/٢١ لەئەنجومەنی وەزیران لەشاری هەولێر، لەموداخەلەیەکدا هێرش رەسوڵ ئەندامی ستافی کارای رۆژنامەی "چاودێر"، هەموو ئەو بەڵێنانەی بەبیر سەرۆکی حکومەت هێنایەوەو پێشی راگەیاند کە هیچیانی جێبەجێنەکردون، هەر لەسەر داواو پێشنیاری ناوبراویش سەرۆکی حکومەت بڕیاریدا گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای رۆژنامەنووسی لەپارلەمان رابگرێت. بڕوانە: (لەسەر داواو پێشنیازێکی "چاودێر" بڕیارەکە دەدرێت– سەرۆکی حکومەت پرۆژە یاسای رۆژنامەنووسی لەکورستان، رادەگرێت، چاودێر (رۆژنامە)، ژمارە ١٥٣، دووشەممە ٢٠٠٧/١١/٢٦، ل٤). دوای ئەمەیش بەپشتبەستن بەحوکمی بڕگە ١ی مادە ٥٦ لەیاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان– عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عیراق، لەدانیشتنی ژمارە ٣٣ی رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١١ دا بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری دانانی یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ (یاسای کاری رۆژنامەگەریی لەکوردستان)ی داو رۆژی ٢٠٠٧/١٢/٣١ رەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کرا، بەڵام بەپێی نووسراوی رەسمیی ژمارە ١ی ٢٠٠٨/١/٩ و بەبڕیاری سەرۆکی هەرێم رەوانەی پارلەمان کراوەیەوەو تێیدا هاتوە: "بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگەی ١ی مادەی ١٠ی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ پێماندراوە، لەبەر ئەو ناڕەزاییو ناکۆکییەی هەندێك لەرۆژنامەنووسان دەربارەی یاسای کاری رۆژنامەنووسانی کوردستان، لەپێناو دارشتنەوەی یاساکە بەشێوەی دەوڵەمەندتر، تاکو لەگەڵ ستانداردی کاری رۆژنامەوانیی نێودەوڵەتی بگونجێ، بڕیارماندا کۆی یاسای کاری رۆژنامەگەری لەکوردستان رەوانە بکەینەوە تاوەکو بخرێتە بەر لێکۆڵینەوەی ترو بەشێوەیەکی وەها دابڕێژرێت تا دەقاودەق بێت لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی گەلی کوردستان". هاوڵاتی (رۆژنامە)، ژمارە ٣٨٨، چوارشەممە، ٢٠٠٨/١/١٦، ل٢.

ئـەو پرۆژانـەی کـە بـۆ گفتوگـۆ نێردراونەتـە پارلـەمان سـەرنجی زۆریـان لەسـەرەو لەشوێنی تری ناو ئەم توێژینەوەیە باسیان لێکراوە.

- هەردوو مادەی ٤٣٣و ٤٣٤ی یاسـای سـزادانی عیراقـی هـەموار نـەکراون‌و تائێـستاش کاریان پێدەکرێ‌و رۆژنامەنووسانی پێ سزادەدرێت.
- لەهەنـدێ حاڵـەت‌و شـوێندا تـەوقیفکردنی رۆژنامـەنووس کـاری پێکـراوەو رەچـاوی رۆژنامەنووس‌و پیشەکەی نەکراوەو لەتۆمەتباری دیکە جیانەکراوەتەوە.
- برگــەی ٢و ٤ لــەمادەی چــوارەمی یاســای بەرەنگاربوونــەوەی تێــرۆر لەهــەرێمی کوردستان رۆژنامەنووس‌و کاری رۆژنامەنووسیی گرتەوە *.
- حەسانە بۆ رۆژنامەنووسان دابیننەکراو لەهەندێ حاڵەتیشدا ئەوانـەی دەستدرێژیـشی دەکەنە سەر روبەڕوی سزای یاسایی نابنەوە.
- نەك هەر سەرچاوەکانی هەواڵ‌و زانیاری ئازادنەکران‌و دەرگای دامودەزگا رەسمیەکان لەبەردەم رۆژنامەنووسان والا نەکرا، بەڵکو بـەگوێرەی نووسـراوی تایبـەتی نـاوخۆی زۆر لــەوەزارەت‌و فەرمانگــە رەسمیــەکان بــێ پرســی بەڕێوەبــەری گــشتی، هــیچ بەڕێوەبەر یان لێپرساو بەش یان کارمەندێك مافی لێدوانی رۆژنامەنووسی نیە.

هەموو ئەوانەی سەرەوە بێئومێدی گەورەی رۆژنامەنووسـانی هـەرێمی کوردسـتانی لەبەرامبــەر دەســەڵاتەکەی دروســتکرد، بێئومێدیــەك لەبەرتەســککردنەوەی رۆژانــەی مەوداکانی ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس هاتۆتەکایـەوە، لەبەرئـەوە کایـەی سیاسـی لەهەرێمی کوردستان کاریگەری راسـتەوخۆی لەسـەر ئـەو مەسـەلەیە هەیـەو رەگـەزێکی گرنگـی پەیوەندییەکەیـە، کـە رۆژنامەنووسـان لەلایـەك‌و هاووڵاتیـانی هـەرێم لەلایـەکی دیکەیەوە، دوو رەگەزەکەی تری پێکدەهێنن.

لـەو هاوکێـشەیەوە بۆمـان دەردەکـەوێت فراوانبـوونی مـەودای نێـوان هاووڵاتیـان‌و دەســەڵات، یەکــسانە بەکەمبوونــەوەی رایەڵــەکانی پەیوەنــدیی‌و لێکترگەیــشتن‌و لێکترنزیککەوتنـەوە، دەسـتەبەرنەکردنی مـافی زانـین، نـەبوونی شـەفافیەت، لەوێـشەوە دەکاتە کەمبوونەوەی پانتایی ئازادیی رادەربڕین لەبواری کاری رۆژنامەنووسییدا.

---

* لەشوێنی خۆی‌و لەم توێژینەوەیەدا بەوردی تیشکی خراوەتە سەر.

## پاشکۆی (٥)

# چەند نمونەیەك لەرەچاونەکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشە، لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا

بۆ لەبەرچاونەگرتنی پرەنسیپەکانی ئێتیکیش لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، دەتوانرێت چەندین نمونەی زیندوو بهێنرێتەوە، لێرەدا تەنها ئاماژە بەچەند حاڵەتێك دەکەین:

١. رۆژی ٣٠/٥/٢٠٠٦ کاتێك ئاسایشی سلێمانی چەند کەسێکی بەتۆمەتی کێشانو بازرگانیکردن بەتلیاکەوە دەستگیرکرد، لەناویاندا سێ گۆرانیبێژیشی تێدابوو، رۆژنامەکانی (ئاوێنە)و (هاوڵاتی)و چەند تەلەفزیۆنێك بێ رەچاوکردنی لایەنی ئێتیکیو بێ ئەوەی هێشتا کێشەکەیان لەدادگا یەکلاییکرابێتەوە، ناوی سێ گرانیبێژەکەیان بڵاوکردەوە، لەکاتێکدا لەرووی یاساییەوە "تۆمەتبار بێ تاوانە، تا ئەو کاتەی تۆمەتبارکردنی لەدادگادا دەسەلمێنرێ"، لەرووی ئێتیکی رۆژنامەنووسیشەوە، چەندین بەندو برگە هەن رۆژنامەنووس بەنەهێنانی ناوی تۆمەتبارەکان پابەند دەکەن، تاکو ئەوکاتەی تۆمەتەکەیان لەرێگەی دادگاوە لەسەر ساغدەبێتەوە(١). کەواتە بۆچی دەبێ ئەو سێ گۆرانیبێژە باجی ناوزڕاندنیان بدەن، یاخود ببنە قوربانیی هەڵەی ئێتیکیی پیشەیی میدیاکان، لەکاتێکدا هێشتا تۆمەتەکان یەکلایینەکرانەوە.

ئەگەر ئازادیی رۆژنامەنووسی واتای بڵاوکردنەوەی هەواڵو روداوەکان بێت، هەموو کەسێك مافی دەربڕینی راکانی هەیە بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگە، ئەمەیش لەهەمانکاتدا وادەکات ئەو هەواڵانە هەڵەنەبن یان لەرووی وردییەوە کەموکورتی تیانەبێت(٢).

هەروەك لەئێتیکی پیشەیی رۆژنامەنووسییدا هاتوە، دەبێ رۆژنامەنووسان ویژدانو بڕوای مرۆڤدۆستیو ئێتیکیی خۆیان نەکەنە قوربانیی سەبقێکی رۆژنامەنووسی، یان

(١) مەم بورهان قانع: ئەخلاقی رۆژنامەنووسی (بڵاوکردنەوەی ناوی سێ گۆرانیبێژی تۆمەتبارکراو بەتلیاك، بەنمونە)، ئاوێنە (رۆژنامە)، ژمارە ٢٢، سێشەممە ٦/٦/٢٠٠٦، ل١٢.
(٢) فتحي حسين احمد عامر: سەرچاوەی پێشوو، ص٧١.

وروژاندنی شەقام‌و زیادکردنی تیراژی رۆژنامەکەیان‌و هەرچی زۆرتر پەیداکردنی بازاڕ بۆ رۆژنامەکەیان، وەکو ئەوەی زیاتر لە"رۆژنامەنووسیی زەرد" دا رەنگدەداتەوەو ئەوجۆرە رۆژنامەنووسییە پێوەرو پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشە رەچاوناکات‌و گوێی پێنادات، بۆیە یەکێکە لەبنەڕەتیترین تەوەرەکانی باسوخواسی ئێتیکی رۆژنامەنووسی[1]، هەروەها ناکرێ بەپراکتیزەکردنی ئازادیی رادەربڕین لەکایەی رۆژنامەنووسی بژمێردرێت، وەکو هەندێك لەپەیڕەوکارانی میدیای زەرد وایدەبینن، چونکە ئازادیی رادەربڕین پێش هەموو شتێك بەرپرسیارێتییەو بەرپرسیارێتیی رۆژنامەنووسیشی دەوێت، وەکچۆن بەرپرسیارێتی یەکێکە لەپێوەرەکانی ئێتیکی کاری رۆژنامەنووسی‌و د. ولبر شرـیش لەو بارەوە دەنووسێت: "گەر بێتوو کۆمەڵگە مەرجی ئامادەسازی بۆ ئەوانەی لەکایەی تەندروستی‌و هەروەها کایەی مافەکاندا دابنێت کە تیایاندا ئیشوکارەکانیان رادەپەڕێنن‌و لەو چوارچێوەیەشدا پابەندی رێساکانی پیشەییان بکەن، ئەوکات لێبوردەیی بەرامبەر کەسانێ بەبڵاوکردنەوەی زانیاری کە بەرپرسیاریی ئەنجامەکەی بن لەبارەی زانین‌و راوبۆچونەکانیشی، بەگەورەترین ئەو دەبەنگیانە دادەنرێت کە سەدەی بیستەم بەمەترسیەکان جیادەکاتەوە"[2].

ئازادیی رادەربڕین بەپلەی یەکەم بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی‌و کۆمەڵگەو بەهاو نەریتەکانی دێت، نەك خراپەکاری بەرامبەر کەسانی ترو تۆڵەسەندنەوە لێیان‌و شێواندنی ناوبانگییان، پێشێلکردنی تایبەتمەندیی‌و سەروەری‌و بنەچەکانییان لەرێگەی دەربڕینی نەشیاو و گوزارشتی قێزەون‌و زبرو وشەی نەگونجاو، لەبەرئەوە بەرپرسیارێتی لەپیادەکردندا، پێش هەر شتێکی تر، واتا لەبەرچاوگرتنی ئێتیکی پیشە[3].

٢. یەکێك لەپێوەرە سەرەکیەکانی ئێتیکی کاری رۆژنامەنووسی بریتییە لەئیستغلالنەکردن‌و بەکارنەهێنانی پیشەکە بۆ کاری شەخسی‌و بەرژەوەندیی تایبەتی، بەڵام بەپێی بەڵگەنامەیەك "بەڕێوەبەرێکی گشتیی وەزارەتێکی حکومەتی

---

(١) رۆژنامەوانی زەردو ئەخلاقی میدیایی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.

(٢) د. احمد عبدالمجید: أخلاقيات المهنة الصحفية في العراق بعد نيسان ٢٠٠٣، جريدة الزمان— طبعة بغداد نموذجا، الباحث الاعلامي (المجلة)، العدد ٢، جمادي الاولى ١٤٢٧هـ— حزيران ٢٠٠٦ م، ص٧١. وەرگیراوە لە: جون هونبرغ: الصحفي المحترف، (بيروت: المؤسسة الاهلية، ب. س)، ص١٤.

(٣) فتحي حسين احمد عامر: سەرچاوەی پێشوو، ص٦٢.

هەرێمی کوردستان، لەماوەی کەمتر لەچوار مانگدا، نزیکەی ١٠ ملیۆن دینار وەك پاداشت بۆ ١٢٢ کارمەندو رۆژنامەنووسی دەرەوەی سنوری بەرێوەبەرایەتیەکەی بەنایاسایی خەرجدەکات"(١)، ئەمەیش پێچەوانەی هەموو پەیماننامەو راگەیەنراوەکانی تایبەت بەئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسیە، وەکچۆن بەندی دوەمی راگەیاندنی کۆمەڵەی سەرنووسەرانی رۆژنامەکانی ئەمەریکا سەبارەت بەئێتیکی رۆژنامەنووسی، داوا لەرۆژنامەنووسان دەکات "بەئاگا بن لەهەر کەس یان لایەنێك کە هەوڵی خراپ بەکارهێنانی رۆژنامەنووسی بدات بۆ مەرامی شەخسی"(٢).

لەگەڵ ئەوەی کاری لەمجۆرە گومان بۆ ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس دروستدەکات، هەروەك سەندیکای رۆژنامەنووسانی سوید، کۆمەڵەی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکانو کۆمپانیای رادیۆو تەلەفزیۆن یەکێك لەو خاڵانەی بۆ رۆژنامەنووسیان دیاریکردوە تاکو پەیڕەوی بکات بریتیە لە: "لەلایەن خەڵکی دەرەوەی رۆژنامەکە نابێ بەهیچ شێوەیەك دیاری، بانگکردن بۆ شوێنی تایبەتی یان بەرتیل وەربگیرێ، ئەو خاڵانەی سەرەوە گومان دەخەنە سەر ئازادیی رۆژنامەنووسی"(٣).

٣. رۆژنامەی (هاوڵاتی)، لەژمارە ٣٣ی رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٧/٦/١٣ یدا، هەواڵی دەستگیرکردنی بەرێوەبەری رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانی بڵاوکردەوە، کە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە لەسەر "خواردنەوەی شروبی بێهۆشکەر" دەستگیرکرابوو و لەهەواڵەکەدا ناوی تەواوی بەرێوەبەری رادیۆکە هاتبوو، ئەمەیش لەرووی ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسییەوە، رۆژنامەکەی رووبەرووی رەخنەیەکی زۆر کردەوە، لەبەرئەوەی رۆژنامەنووس لەساتەوەختی بەهەواڵکردنی هەر روداوێکو دواتر بڵاوکردنەوەیدا، دەبێ رەچاوی سەرجەمی ئەو پێوەرانە بکات کە چانسی بڵاوکردنەوە بەهەواڵەکە دەدەن، ئەوانیش لەبەرچاوگرتنی رەگەزو بەهاکانی هەواڵن، بەڵام جگە لەم لایەنانە ئێتیكو یاسای رۆژنامەنووسی دەبێ پێشوەخت بەهەند وەربگرێت، تاکو نەکەوێتە نێو بازنەی پێشێلی ئێتیکیو یاساییەوە، بەتایبەت کە هێشتا دادگا کێشەکەی یەکلانەکردۆتەوەو ئەو کەسەی ناوەکەی هێناوەو،

(١) بڕوانە: (رۆژنامە (رۆژنامە)، ژمارە ٨٠، یەکشەممە ٢٠٠٧/١٠/٢١، ل ل١-٢).
(٢) بڕوانە: (جون ل. هاتلنج: سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٨).
(٣) د. مەغدید سەپان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.

بەهۆیەوە بەجۆرێك لەجۆرەكان ناوی زڕاندوە، لەرووی یاساییەوە هەر بەتۆمەتبار حسێب دەكرێتو ناكرێت رەگەزی (كێ)ی هەواڵەكە بەو شێوە ئاشكرایە باس بكرێت[1].

٤. پێشێلكارییەكی بەرچاوی پرەنسیپەكانی ئێتیك لەرۆژنامەنووسیی كوردی یەكانگیرنەبوونی ناونیشانە لەگەڵ ناوەرۆكی ژانرە رۆژنامەنووسییەكان*، بەتایبەت (هەواڵ)، كە مانشێتی هەواڵەكە بەجۆرێ دادەڕێژرێت مانایەكی دیكە دەبەخشێتو دەربڕی ناوەرۆكی هەواڵەكە نیە (لەكاتێكدا یەكێك لەمەرجو تایبەتمەندییەكانی مانشێت دەبێت مەفهومو دەربڕی ناوەرۆك بێت)، بەڵكو جۆرێ لەچەواشەكاریی تێدایەو لەگەڵ ناواخنەكەیدا یەكناگرێتەوە، لەوانە: تایتڵی ئەو هەواڵەی لاپەڕەی ١ی ژمارە ٣٤٨ی رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٧/٨/٢٢ی رۆژنامەی (هاوڵاتی)، كە هاوكات مانشێتی سەرەكیی رۆژنامەكەیشە، نووسراوە: "كەتیبەكانی كوردستانی قاعیدە گەیشتنە سلێمانی/ لەسەر دیواری شەقامێكی سلێمانی جنێو و هەڕەشە بۆ یەكێتی دەنووسن"[2]، لەكاتێكدا لەناوەرۆكی هەواڵەكەدا تەنها فاكتی ئەوەی تێدایە كە لەدیواری شەقامێكی سلێمانیدا چەند دێڕێك نووسراوە (كە رۆژنامەكە نەشیبینیوەو فۆتۆیشی نەگرتوە)و ئاسایش زوو سڕیویەتیەوە.

٥. راگەیاندنی كوردی تا ئێستا جێگەیەكی ئەوتۆی بۆ پرسەكانی ئێتیكو پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسی دانەناوە، تەنانەت مێژوویەكی نێگەتیڤی لەپێشێلكردنی پرەنسیپەكانی ئێتیكی رۆژنامەنووسییدا هەیە، هەروەك لەماوەی شەڕی ناوخۆی هێزە سیاسیەكانی باشوری كوردستان لەنەوەدەكانی سەدەی رابردوودا میدیای حزبی دوچاری ببوو، لەكاتێكدا لەئێتیكی پیشەدا پێوستبوو میدیاكان خۆیان لەهەندێك دەربڕینی هەستبریندارکەرو لایەنگیریانە ببوێرنو لەنووسینو داڕشتنەوەی

---

(١) مەم بورهان قانع: میدیای كوردیو ئەخلاقی رۆژنامەنووسیی (رۆژنامەی "هاوڵاتی" بەنمونە)، هاوڵاتی (رۆژنامە)، ژمارە ٣٣١، چوارشەممە ٢٠٠٧/٦/٢٠، ل١٨.

* لێرەدا مەبەستمان هەندێ مانشێت نیە، كە ئامانج لێیان چڕكردنەوەو راكێشانی هەرچی زۆرترو زووتری وەرگرە بۆ ناوەرۆكەكەیو جۆرێ لەفەنتازیاو رەوانبێژیو هونەری زمانەوانییان تێدایەو كاردانەوەی خراپ لەسەر كەسو لایەنو گروپو شوێنو بیروباوەڕە جیاوازەكان جێناهێڵن، لەوانە: "سلێمانی دەفڕێت، هونەرمەند "......." سەفەردەكات، هەولێر دەسوتێت...تاد".

(٢) رۆژنامەی هاوڵاتی: ژمارە ٣٤٨، چوارشەممە ٢٠٠٧/٨/٢٢، ل١.

پەیامو هەواڵەکاندا، گوزارشتی وەك: "جاش، چڵکاوخۆر، جاش قەڵەم، تێرۆریست، بکوژ، پیاوکوژ...تاد" بەکاردەهێنن، ئەمەیش بۆ ئەوەی بابەتیی بنو لەئێتیك لانەدەن، بەڵام تێبینی دەکرێت لەنێو رۆژنامەو دەزگاکانی ئەو راگەیاندنەدا، بەبەردەوامی ئەو دەربڕینانە دەنووسرێنو دەبیسترێنو دەبینرێن. ئەمەیش مانای ئەوەیە هۆکاری ململانیێ هۆکارێکی گرنگە لەکاری رۆژنامەنووسییداو فشاری ئەو ململانێیە بۆ بەدەستهێنانی وەرگرێکی زۆرتر وا لەسەرنووسەرەکان دەکات تا رۆژنامەنووسان بخەنە ژێر فشارەوە، بەمەش بونیادە ئێتیکییەکان سستدەبن[1].

(١) دیوید رندال: روزنامەنگاری حرفە ای، ت: علی اکبر قاچی زادە، چ١ (ب.م: موسسە إنتشاراتی روزنامە ایران، ١٣٨٢)، ص٢١٠.

## پاشكۆی ( ٦ )

## یاسای چاپەمەنیی عیراق

## ژمارە ( ٢٠٦ )ی ساڵی ١٩٦٨

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆكایەتیی كۆمار**

بەپشتبەستن بەحوكمی مادە (٥٠) لەدەستوری كاتی، لەسەر ئەو داوایەی وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندن خستیەڕوو، ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی نیشانداو ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش بڕیاری لەسەردا، ئەم یاسایەی خوارەوە پەسەندكرا:

### مادەی یەكەم:

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە مەبەستەكانیان بەرانبەریان رونكراونەتەوە:

١– وەزیر: وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندن.

٢– وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن.

٣– چاپكراوی خولەكی: هەر چاپكراوێك بەبەردەوامی دەربچێت؛ بەژمارەی یەك لەدوای یەكو لەكاتی دیاریكراودا.

٤– چاپكراوی خولەكیی ناسیاسی: هەر چاپكراوێكی ئایینی، یان ئەدەبی، یان رۆشنبیری، یان كۆمەڵایەتی، یان پیشەیی... تاد.

٥– چاپكراوی ناخولەكی: هەر چاپكراوێك یەكجار دەربچێت، یان بەبەشی دیاریكراو دەربچێت، وەك كتێبو وێنەكانو بڵاوكراوەكان... تاد. جا ئەگەر بێتو چاپكراوبێت یان بەدەست نووسرابێت، یان بەهەر ئامێرێك لەچاپدرابێت لەژمارەیەك زیاتر بەمەبەستی بڵاوكردنەوە.

### مادەی دووەم:

پێویستە هەر چاپكراوێكی خولەكی خاوەنو سەرنووسەری بەرپرسی هەبێت.

**مادەی سێیەم:**

أ- مەرجە خاوەنی چاپکراوی خولەکیی سیاسی:

١- بەلەدایکبوون عیراقی بێتو تەمەنی ٢٥ ساڵی تێپەڕاندبێت.

٢- بەتاوانێکی ناسیاسی، یان تۆمەتێکی ئابڕووبەر حوکمنەدرابێت.

٣- لەشوێنی دەرچوونی چاپکراوەکە نیشتەجێ بێت.

٤- فەرمانبەر نەبێت؛ یان دەستبەکار نەبێت لەفەرمانگەیەکی رەسمی یان نیمچە رەسمیدا.

٥- خاوەنی بڕوانامەی لێهاتوویی بێت لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقو لەلایەن وەزارەتەوە پەسەندکرابێت، بەوەی خاوەن بەهرەیەو توانای رۆژنامەنووسی هەیە. ئەم مەرجە ئەوانە ناگرێتەوە کە خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی باوەڕپێکراون لەبواری راگەیاندنو رۆژنامەنووسیدا.

٦- لانیکەم خاوەنی بڕوانامەی ئامادەیی بێت؛ یان بڕوانامەیەك لەو ئاستەدا.

ب- مەرجە سەرنووسەری چاپکراوی خولەکیی ناسیاسی جگە لەو مەرجانەی لەبڕگەی (أ)ی ئەم مادەیەدا هاتوون، خاوەنی بڕوانامەیەکی بەرزبێت.

ج- ئەگەرهاتوو خاوەنی چاپکراوی خولەکیی سیاسی کۆمپانیایەك بوو، مەرجە ئەو کۆمپانیایە لەناو عیراقدا دامەزرابێت؛و پێشکەشکاری ئەو داوایە وێنەیەکی تەسدیقکراو لەبڕوانامەی تۆمارکردنی ئەو کۆمپانیایەو پەیڕەوی ناوخۆیی - ئەگەر هەبوو- هاوپێچ بکات؛ لەگەڵ ناوبردنی بەڕێوەبەرو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرو شوێنی نیشتەجێیانو رەگەزیانو رەچاوکردنی حوکمەکانی بڕگەی (ب) لەم مادەیەدا، ئەوەی پەیوەندیدارە بەسەرنووسەری چاپکراوی تایبەت بەکۆمپانیاکەوە.

د. ئەگەرهاتوو خاوەنی چاپکراوی خولەکی "کۆمەڵە" یەك بوو، مەرجە لەناو عیراقدا دامەزرابێتو وێنەیەکی باوەڕپێکراوی مۆڵەتەکەی پێشکەش بکات، لەگەڵ ناوی دەستەی بەڕێوەبەرو شوێنی نیشتەجێیانو رەگەزنامەیان، ئینجا پەیڕەوی بڕگەی (ب) لەمادەی تایبەت بەسەرنووسەر بکات.

هـ- نابێت سەرنووسەر لێپرسراوی زیاتر لەیەك چاپەمەنیی خولەکی بێت لەیەککاتدا.

و- دەشێت خاوەنی چاپکراوی خولەکیی سیاسی سەرنووسەر بێت، گەر مەرجەکانی پێشەوەی تێدابوو؛ کە لەبڕگەی (ب)دا هاتون، لەم مادەیەداو خاوەنی بڕوانامەی باوەڕپێکراوی زانکۆبێت لەبواری ڕاگەیاندن‌و ڕۆژنامەنوسیدا.

**مادەی چوارەم:**

أ- داواکاری مۆڵەت بەم زانیاریانە پێشکەشدەکرێت:

١) ناوی خاوەن داواکەو ناوبانگی‌و تەمەنی‌و شوێنی نیشتەجێبونی‌و ڕەگەزنامەو پیشەکەی.

٢) ناوی سەرنوسەرو ناوبانگی‌و تەمەنی‌و شوێنی نیشتەجێبوون‌و ڕەگەزنامەو پیشەکەی‌و دەستنوسی قایلبونی بەوەی کە ببێتە سەرنوسەری ئەو چاپکراوە خولەکییەی کە داوای مۆڵەتنامەی بۆ دەکات.

٣) ناوی چاپکراوە خولەکییەکەو ئەو زمانەی پێی دەردەچێت، مەرجە ئەو ناوە پێشتر لەچاپکراوێکی خولەکیی مۆڵەتدراو نەنرابێت.

٤) شوێنی دەرچونی، کە مەرجە لەشوێنی چاپکردنیدا بێت، گەر وانەبێت مەرجە وەزیر ڕەزامەندیی خۆی لەسەر بدات.

٥) ناونیشانی نوسینگەی بەڕێوەبردنی، کە مەرجە لەشوێنی دەرچونیدا بێت.

٦) کاتی دەرچونی.

ب- لەگەڵ داواکەدا هەموو بەڵگەنامە ڕەسمییەکان هاوپێچدەکرێن تا بسەلمێنرێت مەرجە یاساییەکانی مادەی سێیەم هەیە.

**مادەی پێنجەم:**

أ- مەرجە خاوەنی چاپکراوی خولەکیی ناسیاسی هەموو مەرجەکانی بڕگەی (أ)ی مادەی سێیەمی تێدابێت، جگە لەدوو مەرجی (٤و ٦).

ب- مەرجە سەرنووسەری لێپرسراوی چاپکراوی خولەکیی ناسیاسی مەرجەکانی (١، ٢، ٣، ٥)ی مادەی سێیەمی ئەم یاسایەی تێدابێت.. سەرباری ئەمانەیش خاوەن بڕوانامەیەکی بالآبێت، یان رێپێدراوبێت لەپەیمانگەیەکی ئاینیی باوەڕپێکراودا، ئەگەر هاتوو چاپکراوەکە ئاینی بوو، یاخود ئەدەبی.

ج- دەکرێت خاوەنی چاپکراوی خولەکیی ناسیاسی ببێتە سەرنوسەری، ئەگەر مەرجەکانی بڕگەی (ب)ی ئەم مادەیەی تێدابو، خاوەن بڕوانامەیەکی زانکۆی باوەڕپێکراو بێت لەکاروباری راگەیاندن و رۆژنامەنوسیدا.

**مادەی شەشەم:**

دەکرێت سەندیکاکان و یانەکان و دەزگا هاریکاریی و گەشتوگوزاریی و بازرگانییەکان چاپکراوی خولەکیی ناسیاسی دەربکەن، بەمەرجێك رەچاوی مەرجەکانی ئەم یاسایە بکەن.

**مادەی حەوتەم:**

أ- وەزیر بۆی هەیە مۆڵەتی چاپکراوەکە بدات، یان داواکارییەکە رەتبکاتەوە لەماوەی یەك مانگدا لەرۆژی تۆمارکردنەوە؛ گەر هۆکارێکی تێدابینی لەبەرژەوەندیی گشتی، یان رێکخستنی رۆژنامەنوسی بوو، گەر ئەم کاتەیش تێپەڕی و وەزیر لەداواکەی نەکۆڵییەوە، ئەو چاپکراوە بەڕێگاپێدراو دادەنرێت.

ب- لەحوکمی بڕگەی (أ)ی ئەم مادەیەدا، چاپکراوی خولەکیی سیاسیی رۆژانە جیادەکرێتەوە، یان ئەو چاپکراوەی زیاتر لەجارێك لەهەفتەیەکدا دەردەچێت، خاوەنێتی بەپێی پێشنیازی وەزیرو بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەبەخشرێت، پاشان ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش رازیبوونی خۆی پیشاندەدات.

ج- دەکرێت هەر کەسێك کە داواکارییەکەی پەسەندنەکرا، بەپێی بڕگەی (أ)ی ئەم مادەیە، تانوت لەبڕیاری وەزیر بگرێت لەرێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەماوەی پانزە رۆژدا لەرۆژی راگەیاندنی بڕیارەکەوە، پاشان بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران یەکلاییکەرەوە دەبێت.

**مادەی هەشتەم:**

دەکرێ خەڵکی ناعیراقی لەناو عیراقدا چاپکراوی خولەکی دەربکەن؛ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایەو بەرەزامەندیی وەزارەتی دەرەوە؛ بەپێی مەرجی بەرانبەر، واتا بوونی پشتگیریی لەلایەن باڵیۆزی وڵاتەکەیەوە، یان نوێنەری سیاسی؛ بونی ئەو مەرجانەی لەوڵاتەکەی خۆیدا ڕێگای پێدەدات.

**مادەی نۆیەم**

نابێ هیچ کەسێکی ناعیراقی بڵاوکراوەیەکی خولەکی چاپ بکات، یان بیهێنێتە ناو عیراقەوە ئەگەر هاتوو:

١) دەستێوەردانێکی تێدابوو بۆ کاروباری ناوخۆی عیراق.

٢) توخنی سیاسەتی دەرەوەی عیراق بکەوێت، یان نەگونجێت لەگەڵیدا.

**مادەی دەیەم:**

گەر کەسە عیراقییەکە سەرپێچیی برگەکانی مادەی "١٠"ی کرد، بۆ وەزیر هەیە دوای گفتوگۆ لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا، مۆڵەتی چاپکراوە خولەکییەکەی هەڵوەشێنێت.

**مادەی یازدەیەم:**

ا- نابێت پەیامنێری رۆژنامەو گۆڤارەکانو ئاژانسە بیانییەکان بەکاری خۆیان هەستن؛ گەر مۆڵەتی وەزارەتیان نەبێت.

ب- ئەو پەیامنێرەی کە لەبڕگەی (ا)ی ئەم مادەیەدا هاتوە، ئاگاداردەکرێتەوە ئەگەر هاتو ئەو هەواڵانەی بڵاویکردەوە لەسەر عیراق، زیادەڕۆیی یان دروستکراو یان تەومژاوی یان راست نەبو، ئەگەر بەردەوامیش بو لەسەر ئەو کارەی، ئەوا مۆڵەتی ڕێگاپێدانی لێدەکێشرێتەوە.

ج- ئەگەر هاتو پەیامنێری رۆژنامەو گۆڤارو ئاژانسە بیانییەکان عیراقی بو، مەرجە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆی باوەڕپێکراوبێت لەبواری ڕاگەیاندنو رۆژنامەنوسیدا، یان خاوەنی بڕوانامەی بەتوانایی بێت لەسەندیکای رۆژنامەنوسانو وەزارەت پشتگیری کردبێت.

**مادەی دوازدەیەم:**

ناکرێ سەرنوسەر یان ناوی چاپکراوی خولەکی یان شوێنی چاپکردنو جۆرەکەی یان کاتی دەرچونی بگۆڕرێت بەرەزامەندی وەزیر نەبێتو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**مادەی سیازدەیەم:**

أ‌- دەکرێت پاشکۆیەك بۆ چاپکراوی خولەکی دەربکرێت بەرەزامەندی وەزیر، بەمەرجێك هەلگری ناوی بڵاوکراوەکە بێتو لەلاپەڕەی یەکەمیدا ئاماژە بەوە بکرێت کەپاشکۆیە.

ب‌- دەبێت چاپکراوی خولەکی لەشوێنێکی ئاشکرادا ناوو ناونیشانی نوسینگەی بەڕێوەبردنیو ناوی خاوەنەکەیو سەرنوسەرو چاپخانەو ژمارەو رۆژی تێدا بنوسرێت.

ج‌- دەبێت خاوەنی چاپکراوەکە (٢٠) دانە لەهەر ژمارەیەك بەخۆڕایی بنێرێتە وەزارەتو (٢) دانەش بۆ داواکاری گشتی.

**مادەی چواردەیەم:**

أ‌- دەبێت خاوەنی چاپکراوەکە، چاپکراوە خولەکییەکەی رابگرێت؛ ئەگەر خۆی یان سەرنوسەر یەکێك لەمەرجەکانی ئەم یاسایەیان لەدەستدا، یان گەر سەرنوسەر وازیهێنا. دەشێت دەست بەدەرچون بکاتەوە گەر مەرجە یاساییەکانی بۆ گەڕایەوە.

ب‌- ئەگەر خاوەنی چاپکراوی خولەکی، عیراقی بۆ کاتێك بەجێهێشتو سەرنوسەری هەبو، دەشێت چاپکراوەکە بەردەوام بێت، بەلام گەر خۆی سەرنوسەریش بو، مەرجە چاپکراوەکە رابگرێت تا دەگەڕێتەوە یان سەرنوسەرێك بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێنێ.

ج- مەرجە خاوەنی چاپکراوەکە لەناوو پێناسی هەمو کارمەندانی چاپکراوەکەی وەزارەت ئاگاداربکاتەوە لەگەڵ ناونیشانو جۆری پیشەو موچەو هەر گۆڕانێك کەبەسەر کارەکانیدا دێت.

د- ئەوەی حوکمی برگەی (ج)ی ئەم مادەیە دەیگرێتەوە، مەرجە خاوەنی بڕوانامەیەکی لێوەشاوەیی بێت لەسەندیکای رۆژنامەنوسیدا، بەڵام گەر خاوەنی بڕوانامەیەکی زانکۆیی تایبەت بوو بەئیشو کاری راگەیاندنو رۆژنامەنوسیی، ئەوا ئەو مەرجە نایگرێتەوە، هەروەها کرێکارانو کارگێڕیەکانیش ناگرێتەوە.

هـ- دەبێت خاوەنی چاپکراوی خولەکی تۆماری ژمێریاری یاسایی هەبێتو لەلایەن دادنوسەوە رێکخراوبێت، هەمو پارەو خەرجیی چاپکراوەکەی تێدا تۆمارکرابێتو ئامادەبێت بۆ پشکنین لەهەر کاتێکدا.

**مادەی پازدەیەم:**

أ- خاوەنی چاپکراوی خولەکی دەبێت بەبێ بەرانبەر وەڵامی ئەوانە بڵاوبکاتەوە کە تۆمەتو ناوزڕاندنیان پێکراوە، گەر ناوزڕاندنەکەیش کەسێکی مردوی گرتەوە، تا پلە چواری کەسوکاری مردوەکە ماف وەڵامدانەوەیان هەیە.

ب- خاوەنی چاپکراوی خولەکی دەبێت بەبێ بەرانبەر وەڵامەکانی حکومەت، کە لەسەر مادە بڵاوبوەکانی ناو چاپکراوەکەی دێن، بڵاوبکاتەوە.

ج- ئەو وەڵامانەی ئاماژەیان بۆکرا، لەهەمان جێگاو لەیەکەم ژمارەدا پاش گەیشتنیان بڵاودەبنەوە. گەر لەو ژمارەیەدا نەتوانرا ئەوا ژمارەی دوای ئەوەدا، بەمەرجێك وەڵامەکە دوو هێندەی بابەتی ناوزڕاندنەکە نەبێت.

**مادەی شازدەیەم:**

نابێت لەچاپکراوی خولەکیدا ئەمانە بڵاوبکرێنەوە:

١- ئەوەی تـوخنی تێوەگلانی سەرۆك کۆمارو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشو سەرۆك وەزیرانو ئەوانەی ئەوانەی لەو ئاستەدان، دەکەوێت.

٢- ئـەوەی زیـان بەپەیوەندیـەکانی عـێراقو وڵاتـە عـەرەبیو وڵاتـە دۆسـتەکانی دەگەیەنێت.

٣- بەخراپە ناوهێنانی شۆڕشو چەمکەکانیو دەوڵەتی کۆماریو دامـەزراوەکانیو پاهەڵـدانی بـیری ئیمپریـالیزمیو جیـاخوازیو کۆنەپەرسـتیو هەرێمـچێتیو زایـۆنێزمو رەگەزپـەرتو هەرچـییەك ببێتـە هـۆی تێکـدانی ئاسایـشی نـاوخۆو دەرەوە.

٤- هەرچییەك هانی تاوانو گوێڕایەڵنەبوون بۆ یاسـاو سـوکایەتیکردن بەهەیبـەتی دەوڵەت بدات.

٥- هەرچـییەك قـینو دوبـەرەکیو بڵاوکردنـەوەی لێکترازانـی ئەنـدامانی گـەلو نەتەوەکانیو تیرە ئایینیە جۆراوجۆرەکـان بێـت یـان ببێتـە هـۆی دزەتێکردنـی یەکێتیی ناوخۆ.

٦- ئەوەی تانە بێت بۆ سەر ئەو ئایینانەی لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە ئیعترافیـان پێکراوە.

٧- ئەوەی پێشێلکردن بێت بۆ پیرۆزیی رەفتارو رەوشتەکانی گشت کۆمەڵ.

٨- ئەوەی کار لەدادوەران بکات سەبارەت بەو داوایانەی لەبەردەستیاندایە.

٩- رای جیاوازی ئەندامانی دەستەی پێکهێنەری دادگا.

١٠- ئەوەی کار لەداواکاری گشتیو پارێزەرانو لێکۆڵـەرەوانو شـاهیدو رایگـشتی بکات لەداوایەکی بەردەم دادگا.

١١- تـوخن کـەوتنی کەسـانی تـر کـە بەناوزڕانـدنو جنێـودان بـشکێتەوە بـۆ کەسایەتییان.

١٢- ئـەو هەوڵانـەی دەبنـە روخـانی پـارەی نیـشتمانی یـان سـەنەداتی قـەرزی حکومیو لاوازکردنی متمانە پێیان لەناوەوەو دەرەوەدا.

**مادەی حەڤدەیەم:**

نابێت لەچاپکراوەکاندا بەبێ مۆڵەتی شوێنە رەسمییەکان ئەمانە بڵاوبکرێنەوە:

١) هـیچ بەیاننامـەو وتەیـەك بـەناوی سـەرەك کۆمـار یـان ئەندامـە ئەنجومـەنی سەرکردایەتیی شۆڕش یان وەزیرانو هەرکەسێکی دی لەو ئاستەدا.

٢) كۆنوسی کۆبونەوە نهێنیەکانی دادگاو ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و نوسراوە نهێنییە رەسمییەکان.
٣) تاوتوێکارییەکانی ئەنجومەنی وەزیران‌و بڕیارەکانی‌و بڕیارە رەسمییەکانی تر.
٤) ئەو رێککەوتننامەو پەیماننامانەی حکومەتی عیراقی دەیانبەستێ، هەروەها ئەو یاساو سیستم‌و رێنماییانەی بەر لەبڵاوکردنەوەیان لە رۆژنامەی رەسمیدا دەردەچن.
٥) رێچکەی لێکۆڵینەوە لەتاوانەکان.
٦) فەرمانەکانی بزوتنەوەی هێزە چەکدارەکانی سوپاو پۆلیس، یان هێزێکی تری نیشتیمانیی، یان هەرشتێك کەپەیوەندیداربێت بە ریزەکانی‌و رێکخستنەکانی‌و جبەخانەو تەقەمەنییەکانیەوە.
٧) بڕیارە پەیوەندیدارەکان بەنرخاندن‌و هاوردەو گومرگ‌و ئاڵوویۆی دراو.

**مادەی هەژدەیەم:**

بۆ ئەوانەی چاپکراوەکان لەدەرەوەی سنوری وڵاتەوە دەهێنن، پێویستە لەسەریان:
١) پێشکەشکردنی دوو دانە بۆ وەزارەت بەر لەفرۆشتنی یان دابەشکردنی لەناو عیراقدا؛ بۆ ئەوەی رێگای فرۆشتنیان پێبدرێت.
٢) دانانی نرخی ئەو چاپەمەنییانە لەسەر بەرگەکەی‌و بەشێوەیەکی دیارو بەپارەی عیراقی.

**مادەی نۆزدەیەم:**

رێگا لەدابەشکردنی ئەو چاپکراوانە دەگیرێت، کە لەدەرەوەی عیراقەوە دێن، ئەگەرهاتوو:
١- لەگەڵ سیاسەتی کۆماری عیراقدا نەگونجا.
٢- بانگەشەکردن بۆ بیری ئیمپریالیزم بەهەردوو شێوەی کۆن‌و نوێ‌و شێواندنی بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی دنیا.

٣- بانگەشەکردن بۆ بزوتنەوە رەگەزپەرستەکانی وەك زایـۆنیزمو ئـەوانیتری لـەو بابەتە.

٤- شێواندنی هێزی چەکداری، یان بڵاوکردنەوەی نهێنیو جوڵەو بزاوتەکانی.

٥- وروژاندنی قینو دووبەرەکی لـەنێوان ئەنـدامانی کۆمەڵـدا، یـان نەتـەوەو تـیرە ئاینیەکاندا.

٦- ئەوەی لەگەڵ ئادابو ئێتیکی گشتیدا نەگونجێت.

٧- پلاردان لەوڵاتە عەرەبیو وڵاتە دۆستەکان بەنیەتێکی خراپ.

٨- هەر مادەیەکی تر کـە بـەپێی حوکمـەکانی تـری ئـەم یاسـایە بڵاوکردنـەوەیان قەدەغەکرابێت.

**مادەی بیستەم:**

أ- ئەگــەر بڵاوکراوەکــە هــیچ بابــەتێکی قەدەغــەکراوی لەوانــەی مــادەی ١٩ لەخۆنـەگرتبوو، یـەك لـەو دوو دانـە بـۆ هاوردەکـەی دەگەڕێتـەوەو ڕێگـادانی دابەشکردنی لەگەڵ هاوپێچ دەکرێت.

ب- ئەگەر ئەو چاپکراوە یەکێك لەو قەدەغەکراوانـەی لـەخۆگرتبوو کـە لـەمادەی ١٩دا هاتوون، دابەشەکردنی لەناو عیراقدا قەدەغەدەکرێتو بـەبڕیارێکی وەزیـر دەستبەسەر هەموو ژمارەکانیدا دەگیرێـتو سـەرجەم دەزگـا تایبەتیەکانیـشی لێئاگاداردەکرێتەوەو، دەبێت لەو بارەیەوە بەیاننامەیـەك لەرۆژنامـە رەسمـیو ناوخۆییەکاندا بڵاوبکاتەوە.

ج- ئەگەر گەڕاندنەوەی ئەو چاپکراوە قەدەغـەکراوە بـۆ دەرەوەی عـیراق زیـانی نەبوو، بۆ وەزیر هەیە داوایـەکی نووسـراو بـۆ هاوردەکـەی بنووسـێتو ڕێگـەی گەڕاندنەوەی پێبدات، لەو حاڵەتەیشدا دەکرێـت چـەند دانەیـەکی لەوەزراەتـدا گل بداتەوە.

د- ئەگەر بڕیار لەسەر قەدەغەکردنو دەستبەسەراگرتنی ئەو چـاپکراوە درا، بـۆ هاوردەکەی نیە داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی بکات.

**مادەی بیست و یەکەم:**

ناکرێت نوسخەی ئەسڵی، یان وەرگێڕدراوی بڵاوکراوە قەدەغەکراوەکان، بەشێکی یان هەموی لەچاپەمەنییە عێراقییەکاندا بڵاوبکرێنەوە، تەنها لەحاڵەتی وەڵامدانەوەدا یان بەدرۆخستنەوەدا نەبێت، یان توێژنەوەی زانستیی، پێویست بەبڵاوکردنەوەی بکات.

**مادەی بیست و دوەم:**

ا- بۆ وەزیر هەیە ئاگادارکردنەوە بداتە سەرنوسەر گەر هاتو لە بڵاوکراوەکەیدا بابەتێکی بڵاوکردبوەوە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجا، مەرجە سەرنوسەریش دوای پێگەیشتنی ئەو نوسراوە رەسمییە، دەقی ئەو ئاگادارنامەیە لەیەکەم ژمارەدا بڵاوبکاتەوە.

ب- ئاگادارنامە رێگا لەبەدواداچونی یاسایی ناگرێت سەبارەت بە ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتون؛ لەساتێکدا کە ئاگادارنامەی بۆ دەرکرابێت.

**مادەی بیست و سێیەم:**

بۆ وەزیر هەیە چاپکراوی خولەکی رابگرێت بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ زیاتر نەبێت، ئەگەر هاتو بابەتێکی تێدا بڵاوکرایەوە سەرپێچی مادەکانی ١٦و ١٧ی ئەم یاسایەی کردبو.

**مادەی بیست و چوارەم:**

دەبێت لەسەر چاپکراوی ناخولەکی ناوی دانەرو وەرگێڕو بڵاوکەرەوە (الناشر) رۆژی چاپ (مانگو ساڵ)و چاپخانەکەی بنوسێت.

**مادەی بیست و پێنجەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو چاپکراوانە ناگرێتەوە کە فەرمانگە رەسمیی و نیمچە رەسمییەکان دەریدەکەن.

**مادەی بیست و شەشەم:**

دەشـێت هەواڵنامـە (المخـابرات) ڕەسمییـەکان بگەیەنرێنـە دەسـتی خـاوەنی چاپکراوی خولەکی یان سەرنوسەر، یان لەدەرگای نوسینگەی بەڕێوەبردن بدرێت، بـەڵام چـاپکراوی ناخولــەکی دانــەرو وەرگێــڕو بڵاوکەرەوەکــەی لەهەواڵنامــەی ڕەسمیداو بەو شێوازانەی کە لەدادگادا پەیڕەودەکرێن، ئاگاداردەکرێن.

**مادەی بیست و حەوتەم:**

مۆڵەتی چاپکراوی خولەکی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا هەڵدەوەشێتەوە:

١) ئەگەر خاوەنەکەی داوای هەڵوەشاندنەوەی بکات.

٢) ئەگەر خاوەنەکەی کەسێتیەکی مەعنەوی بوو، ئەو کەسێتیەی لەدەستدا.

٣) ئەگـەر چـاپکراوی خولـەکی ناسیاسـی بـوو، سـەرباری ئاگادارکردنەوەیـشی سنوری مۆڵەتەکەی خۆی بەزاند.

٤) ئەگـەر لەچـاپکراوی خولەکیـدا بابـەت بڵاوکرایـەوە کـە ببێتـە هـۆی مەترسـی لەسەر شۆڕش و ئاسایشی ناوخۆ یان دەرەوە.

٥) ئەگەر خاوەنی چاپکراوە خولەکیەکە پاش مۆڵەتپێدانی، بەبێ هۆیـەکی شـیاو لەدەرچواندنی چاپکراوەکەیدا دواکەوت، وەزارەت بڕیاردەدات ماوەی دوو:

أ- ٣٠ ڕۆژ بـۆ چـاپکراوی ڕۆژانــە، یـان ئـەوەی زیـاتر لـەجارێك لەهەفتەیەکـدا دەردەچێت.

ب- ٦٠ ڕۆژ بۆ چاپکراوی هەفتانە.

ج- ٩٠ ڕۆژ بۆ چاپکراوی نیومانگی.

د- ١٢٠ ڕۆژ بۆ چاپکراوی مانگانە.

هـ- شەش مانگ بۆ چاپکراوی وەرزی.

و- دوو ساڵ بۆ چاپکراوی ساڵانە.

٦) ئەگـەر چـاپکراوی خولـەکی هۆکـارێکی بـۆ خەڵەتانـدن و دەستبەسـەراگرتنی نەشیاو گرتەبەر:

أ- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی چاپکراوی خولـەکیی سیاسـیی ڕۆژانـە، یـان ئـەوەی زیـاتر لـەجارێك لەهەفتەیەکـدا دەردەچـێت، بەپێـشنیاری وەزیـرو بڕیارێـك

لەئەنجومــــەنی وەزیرانــــەوە هەڵدەوەشــێتەوە کــە دەبێــت ئەنجومــــەنی سەرکردایەتیی شـۆڕش پەسـەندی بکـات، بـەڵام هەڵوەشـاندنەوەی چـاپکراوە خولەکیەکانی تر تەنها بەبڕیاری وەزیر دەبێت.

ب– خاوەنی چاپکراوی خولەکی مافی تانوتلێدانی هەیـە لـەبڕیار، وەزیـر لەرێگـەی ئەنجومـــەنی وەزیرانـــەوە لـــەماوەی ١٥ ڕۆژدا لـــەرۆژی ئاگادارکردنـــەوەی لەبڕیارەکە ئەوسا بڕیاری ئەنجومەنی یەکلاکەرەوە دەبێت.

**مادەی بیست و هەشتەم:**

أ– هەرکەسـێك سەرپێـچیی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە بکـات، سـزا دەدرێـت بەبەندکردن بۆ ماوەیەك لە ٣٠ رۆژ زیاتر نەبێت، یان بەلێسەندنی بڕێك پـارە، کە لە ٥٠ دینار دینار زیاتر نەبێت، یان بەهەردوو سزاکە پێکەوە.

ب– ئەگـەر هـەر سـزایەکی تونـدتر بەسـەر سـزادراوداو بـەپێی هـەر یاسـایەکیتر سەپێنرابوو، ئەوا حکومەکانی یاسای ناوبراو جێبەجێدەکرێن.

**مادەی بیست و نۆیەم:**

أ– خاوەنی چاپکراوی خولەکیو سەرنووسەرو نووسـەری وتارەکـە لێپرسـراودەبن لەو وتارانەی لەم یاسـایەدا هـاتوون، دەبێـت پێکـەوە ئـەو قەرەبووکردنەوەیـە بدەن، کە داگا بەسەریاندا دەسەپێنێت.

ب– دانـــەری چـــاپکراوی ناخولـــەکی، یـــان وەرگێـــڕ یـــاخود بڵاوکـــەرەوە کـــە لێپرسـراودەبن لـەو وتارانـەی لـەم یاسـایەدا هـاتوون، دەبێـت پێکـەوە ئـەو قەرەبووکردنەوەیە بدەن کە داگا بەسەریاندا دەسەپێنێت.

**مادەی سییەم:**

أ– نابێت سکاڵا لەسەر بابەتێکی تاوان بەرزبکرێتەوە، یان داوای قەرەبووکردنـەوە لەسەر هەر تاوانێکی ئاماژەبۆکراوی ئـەم یاسـایە بکرێـت، لـەپاش تێپـەڕبوونی سێ مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەیەوە.

ب- بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سکاڵاکانی تایبەت بەرێوشوێن و سزا کارگێڕییەکان لەبەردەم دادگادا نابینرێن.

**مادەی سی و یەکەم:**

داواکاری گشتی کاتێك ئەم داوایانە تاوتوێدەکات کە لەئەنجامی سەرپێچیی حوکمەکانی ئەم یاسایە دروستبووبن، کە وەزیر داوای لێبکات و ڕەزامەندیی وەزیری دادی لەسەر بێت، بەڵام داواکارییە تایبەتەکان بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان و لەلایەن زیانلێکەوتوانەوە بەرزدەکرێنەوە.

**مادەی سی و دووەم:**

أ- یاسای چاپەمەنیی ژمارە ٥٣ی ساڵی ١٩٦٤ هەڵوەشێتەوەو لەگەڵیدا مۆڵەتی هەموو چاپکراوە خولەکیەکانیش کە بەپێی ئەو یاسایە بەخشراون هەڵوەشێنەوە.

ب- مۆڵەتی هەموو چاپکراوە خولەکیەکان کە بەپێی یاسای دامەزراوەی گشتیی ڕۆژنامەنووسیی ژمارە ١٥٥ی ساڵی ١٩٦١ بەخشراون، هەڵدەوەشێنرێنەوە، جگە لەرۆژنامەکانی دامەزراوەی گشتیی ڕۆژنامەنووسی.

ج- هەموو ئەو مۆڵەتانەی بەر لەدەرچوونی ئەم یاسایە بەخشراون بەپەیامنێری ڕۆژنامەو گۆڤارو ئاژانسە بیانیەکانی هەواڵ هەڵدەوەشێنەوەو مۆڵەتی نوێیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێدەبەخشرێت.

**مادەی سی و سێیەم:**

وەزیر بۆی هەیە بەرنامەو ڕێنمایی بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**مادەی سی و چوارەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێدەکرێت.

**مادەی سی و پێنجەم:**

لەسەر وەزیرەکانە ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

لەبەغدا نوسرا لەرۆژی حەوتی مانگی شەوال ی ساڵی ١٣٨٨ ی کۆچی، بەرامبەر بەرۆژی ٢٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

**ئەحمەد حەسەن بەکر**
**سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیران**

- ئەمین عەبدولکەریم– وەزیری دارایی
- عەبدولکەریم عەبدولستار شێخلی– وەزیری دەرەوە
- ساڵح مەهدی عماش– جێگری سەرۆك وەزیرانو وەزیری ناوخۆ
- حردان عەبدولغەفار تکریتی– جێگری سەرۆك وەزیرانو وەزیری بەرگری
- د. عززەت مستەفا– وەزیری تەندروستی
- ئەنوەر عەبدولقادر ئەلحەدیسی– وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتیو بریکاری وەزارەتی پیشەسازی
- د. عەبدولستار ئەلجەواری– وەزیری پەروەردە
- مەهدی ئەلدولعی– وەزیری داد
- د. رەشید ئەلریفاعی– وەزیری نەوتو کانزاکان
- د. فەخری یاسین قەددوری– وەزیری ئابوری
- جاسم کازم ئەلعەززاوی– وەزیری چاککردنی کشتوکاڵی
- د. عەبدولحسێن ودای ئەلعەتیە– وەزیری کشتوکاڵ
- عەدنان ئەیوب سەبری ئەلعەززی– وەزیری دەوڵەتو بریکاری وەزارەتی گەیاندن
- د. عەبدوڵڵا ئەلخزەیر– وەزیری یەکێتیو بریکاری وەزارەتی کاروباری باکور
- شەفیق ئەلکەمالی– وەزیری سەرپەرشتیی لاوانو بریکاری وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن
- د. غائیب مەولود موخلێس– وەزیری کاروباری شارەوانیو گوندەکان
- د. حمد دلی ئەلکەربولی– وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئەوقاف
- تەها محێدین– وەزیری دەوڵەتو بریکاری وەزارەتی ئیشغالو نیشتەجێکردن
- حامد ئەلجەبوری– وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سەرۆکایەتیی کۆمار

## پاشکۆی ( ٧ )
## یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عیراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٤**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٣/٤/٢٥**

## "بڕیار"

بەپێی حوکمی بڕگەی (١) لەمادەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر پێشنیازی وەزیری رۆشنبیریو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لەدانیشتنی رۆژی ١٩٩٣/٤/١٨ دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاساییدا:

## یاسای ژمارە ( ١٠ )ی ساڵی ١٩٩٣
## یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عیراق

**مادەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عیراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری رۆشنبیریی هەرێم.

٤- چاپکراوی خولەکی (دەوری): هەر چاپکراوێك کە بەردەوام بەژمارەی زنجیرەییو لەکاتێکی دیاریکراودا دەربچێت، وەك رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەو هەرچییەکی لەم بابەتە بێت.

٥- چاپکراوی ناخولەکی (نادەوری): هەر چاپکراوێك کە بۆ یەکجار دەربچێت یان بەشبەشی دیاریکراو بێت، بەبێ گوێدانە چاپکردنەوە (إعادة الطبع) وەك مەوسوعەو قاموسو نامیلکەو نەخشە (خريطة)و رەسمو هەرچییەکی لەم بابەتە بێت.

**مادەی دووەم:**

چـاودێری (رقابـة) لەهەرێمـدا ناخرێتـە سـەر چـاپەمەنیو هـەر هاووڵاتییـەك سەربەستە لەدەرکردنی هەر چاپەمەنییەکدا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**مادەی سێیەم:**

مەرجە چاپەمەنیی خولەکی خاوەن (إمتیـان)و سـەرۆکی نووسـینی هـەبێت کـە دەبێـت خوێندنـەوەو نووسـین بـەزمانی چـاپکراوەکە بـزانن‌و ئەهلییـەتی یاسـایی تـەواویان هـەبێتو لەسـەر تاوانێـك (جنایـة) یـان کـەتنێکی (جنحـة) ناسیاسـیی لەکەدارکەری شەرەف حوکم نەدرابن.

**مادەی چوارەم:**

خاوەنی (إمتیان)و سەرۆکی نووسینی چاپکراوی خولەکی بەهاوبەشی لەبەردەم یاساو دادوەریدا لێی بەرپرسیارن.

**مادەی پێنجەم:**

١- هەر هاووڵاتییەکی عیراقی نیشتەجێی هەرێم کە بیـەوێ چـاپکراوێکی خولـەکی دەربکات، دەبێت داخوازییەك پێـشکەش بـەوەزیری رۆشـنبیری بکـاتو تیایـدا ناوی خۆیو نـاوی سـەرۆکی نووسـین‌و نـاوی چـاپکراوەکەو زمانەکـەی دیـاری بکات.

٢- وەزیر دەبێت لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەرۆژی تۆمارکردنی داخوازییەکەوە لـەلاەی وەزارەت بڕیاری خۆی لەبارەیەوە بدات.

٣- ئەگـەر وەزیـر لەماوەیـەی لەبڕگـەی (٢)دا بڕیـاری خـۆی نـەدا، چـاپکراوە خولەکیەکە لەرووی یاساییەوە بەرێپێدراو دادەنرێت.

٤- لەحاڵەتی رەتکردنەوەی داخوازییەکەدا، خاوەنی داخوازییە رەتکراوەکـە بـۆی هەیـە لـەماوەی دە رۆژدا لـەو رۆژەی پێـی رادەگەیـەنرێت لـەلاەی دادگـای پێداچوونەوە (تمیین)ی هەرێم تانوت لەبڕیاری وەزیر بـداتو بڕیـاری دادگـایش بنبڕ (قطعي) دەبێت.

**مادەی شەشەم:**

١- چاپکراوێکی خولەکی لەکاتی دەرچوونی یەکەم ژمارەیەوە دەبێتە خاوەنی بوون (وجود)ی یاسایی خۆیو ئەگەر خاوەنەکەی ویستی ئەو بوونەی نەهێڵێت، دەبێت بەنووسین وەزارەتی لێ ئاگاداربکاتو ئەوسا رۆژی تۆمارکردنی ئاگادارکردنەوە لەلای وەزارەت بوونە یاساییەکەی نامێنێت.

٢- دەشێ خاوەنی (إمتیاز) یان سەرۆکی نووسین یان هەردووکیان بگۆڕدرێن بەمەرجێك وەزارەتی لێ ئاگاداربکرێت.

**مادەی حەوتەم:**

دەبێ خاوەن (إمتیاز)ی چاپکراوی خولەکی بەپێی حاڵی چاپکراوەکە دەفتەری تۆماری یاسایی ئوسوڵی (السجلات القانونیة الاصولیة)ی سەلمێنراو لەلایەن دادنووسەوە رێکبخات.

**مادەی هەشتەم:**

١- ئەوەی دەیەوێت چاپکراوی ناخولەکی چاپ بکات دەبێت پێشەکی لەلای کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم تۆماری بکاتو دانەیەکی وەکخۆی (طبق الاصل) بەوێ بسپێرێت.

٢- ئەوەی چاپکراوی ناخولەکی دەدا بەچاپکردن دەبێت دوای چاپکردنی چەند دانەیەکی لێ بسپێرێت بەکتێبخانەی گشتیی هەرێم.

٣- دەبێ چاپکراوی ناخولەکی کە چاپ دەکرێت ناوی دانەر، یان دانەرو وەرگێڕو پێشکەشکەری بۆ چاپو بڵاوکەرەوەی (ناشر)و ساڵی چاپکردنیو ئەو چاپخانەی لێ چاپکراوەو ژمارەو رۆژی سپاردنی بەکتێبخانەی نیشتمانیو ژمارەی دانەکانی تێدابێت.

**مادەی نۆیەم**

بڵاوکردنەوە (النـشر) لـەو بابەتانـە قەدەغـەن کـە هـانی کردنـی تـاوانو کـاری تێرۆریستی (الارهاب) دەدەنو ڕێوشوێنی بۆ خۆش دەکەنو تینو توانای بۆ دابـین دەکــەن، یــان جنێــو و تــانوت لێــدانو ناوزڕانــدنی کەســانیان تێــدابێت، یــان دەســتدرێژیان بــۆ ســەر حورمــەتی ئــایینو مەزهەبــەکانو دابونــەریتو سیــستمی گشتی.

**مادەی دەیەم:**

خــاوەنی (إمتیــاز) یــان ســەرۆکی نووســینو نووســەری وتــار لەچــاپکراوی خولەکیـداو پێـشکەشکەری چـاپکراوی ناخولـەکی، لەحاڵـەتی سەرپێـچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا، بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان دەکەونەبەر لێپرسـینەوەی یاساییەوە.

**مادەی یازدەیەم:**

١- ئــەو داوا (دعــوی) گــشتیانەی لەسەرپێــچیکردنی حوکمــەکانی ئــەم یاســایە دەوەشێنەوە، لەلایەن داواکاری گشتی (الإدعاء العام)و پەسـەندکردن لەلایـەن وەزیری دادەوە دەکرێن، بەڵام ئەو داوا تایبەتییانەی لێیدەوەشێنەوە لەلایـەن زەرەرمەندەوە دەکرێن.

٢- ئەو داوایانە لەبڕگەی سەرەوەدا باسکراون نـابێ دوای تێپـەڕبونی سـێ مـانگ لــەڕۆژی بڵاوبونــەوەوە بــۆ چــاپکراوی خولــەکیو لــەکاتی دەســتکردنەوە بەدابەشکردن لەچاپکراوی ناخولەکیدا لەلایەن دادگاکانەوە ببینرێن.

**مادەی دوازدەیەم:**

١- حوکمی دادوەری بەگوناهبارکردنی خاوەنی (إمتیاز)و سەرۆکی نووسین بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەچاپکراوی خولەکیدا خودی چاپکراوەکە ناگرێتەوەو بوونی (وجود)ی بەردەوام دەبێت، مەگەر خاوەنی (إمتیاز) خۆی وەهـای حـەز لێنــەبێت کــە ئەوســا حــوکمی مــادەی شەشــەمی ئــەم یاســایەی بەســەردا جێبەجێدەکرێت.

٢- حوکمی دادوەری بـەگوناهبارکردنی پێـشکەشکەری چـاپکراوی ناخولـەکی بـۆ چاپ خودی چاپکراوەکە دەگرێتەوەو تا کـاتی لادانـی هـۆی گوناهبارکردنەکـە چاپکراوەکە دەستی بەسەردا دەگیرێتو بڵاوکردنەوەی قەدەغەدەکرێت.

**مادەی سیازدەیەم:**

هیچ کۆتێك لەسەر هاتنی چاپکراو بۆ ناو هەرێمو بردنی بۆ دەرەوەی نیە تـەنیا ئەوانــە نــەبێت کــە پێــچەوانەی حوکمــەکانی مــادەی نۆیــەمی ئــەم یاســایەن‌و سەرپێچیکەر دەکەوێتەبەر لێپرسینەوەی یاساییەوە.

**مادەی چواردەیەم:**

سەربەســتیی کــاری راگەیانــدن بــۆ پــەیامنێران‌و نوێنــەرانی دامودەزگاکــانی راگەیانــدنی بیــانی لەهەرێمــدا مــسۆگەرەو مــەرج‌و بنــچینەکانی کارکردنیــان بەرێنماییەك دیاریدەکرێن کە وەزیر دەریدەکات.

**مادەی پازدەیەم:**

دەبێ خاوەنانی ئەو چاپکراوە خولەکیانەی تا کاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە هەن، لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەرۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا حـوکمی مادەی پێنجەمی جێبەجێ بکەن.

**مادەی شازدەیەم:**

وەزیـر بـۆی هەیـە رێنمـایی پێویـست بـۆ ئاسـانی جێبـەجێکردنی ئـەم یاسـایە دەربکات.

**مادەی حەڤدەیەم:**

کار بەهیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**مادەی هەژدەیەم:**

دەبێت ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**مادەی نۆزدەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێت.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**

## پاشکۆی (٨)

## پڕۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان
## ڕەشنووسی هەموارکراو

بەمەبەستی گەیشتن بەرەشنووسێکی چاکتر بۆ پڕۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لەکوردستانو، پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە لەم بوارەدا هەیەو، هەروەها دۆزینەوەی جێگرەوەی (البدیل) گەنجاو بۆ تێکڕای ئەو گیروگرفتانە کە ڕووبەڕووی کاری ڕۆژنامەنووسی دەبێتەوە لەکوردستانداو، لەپێناو زیاتر کاراکردنی ڕۆڵی توێژی ڕۆژنامەنووسان لەجێبەجێکردنی ئەرکی مێژوویی و پەیامی شارستانییانو، پتەوکردنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیو دابینکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان لەوڵاتەکەماندا، لیژنەی ڕاسپێردراو بەئامادەکردنی پڕۆژەی ناوبراو لەهەفتەکانی پێشوودا، چەندین کۆبوونەوەی یەك لەدوای یەکی ئەنجامدا، بۆ تاووتوێکردنی هەموو ئەو پێشنیازانەی کە ڕۆژنامەنووسان پێشکەشیانکردووەو، بەرەنجامی ئەو گفتوگۆیانەیش کە لە٢٢ی نیسانی ڕابردوو ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەسەر پڕۆژەی یاساکە کران بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی.. ئەوەبوو پاش ڕەچاوکردنی ئەو پێشنیازو ڕاسپاردانە بەشێکی تێهەڵکێشی نێو پڕۆژەکە کراو لێرەدا بەم دارشتنە نوێیەوە دەیخەینە بەردەستی هاوکارانمان ڕۆژنامەنووسانی کوردستانو، جەختیشدەدەکەینەوە کە پڕۆژەکە هێشتا قابیلی گفتوگۆیە، بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردنو پەرەپێدانی بەرەو چاکتر، هەروەها بەڕۆژنامەنووسان ڕادەگەیەنین کە ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەمەبەستی گەیشتن بەرەشنووسی کۆتایی پڕۆژەکە، بڕیاریدا لەم مانگەدا چەندین کۆڕی فراوان لەتێکڕای لقەکانی سەندیکا بۆ ڕۆژنامەنووسانو پەیوەندیداران سازبکرێت، بۆ وەرگرتنی بیروڕاو پێشنیازو تێبینیە تازەکانیان لەسەر پڕۆژەکەو، لەدوا هەنگاویشدا سیمینارێکی گشتی لەهەولێر بۆ هەمان مەبەست سازبکات، کە کۆمەڵێك لەڕۆژنامەنووسانو ڕاگەیاندکارانی هەرێم

بەشداری تێدا دەکەن... بێگومـان پـاش ئـەم هەنگاوانـە کاتێـك پرۆژەکـە دەبێتـە پەسەندکراوی زۆرینەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، دەدرێتە پارلەمانی کوردستان بۆ پەسەندکردنو بڕیارلەسەردانی..

جێـی ئامـاژە پێکردنـە ئـەم پرۆژەیـە لـەقۆناغی یەکەمیـدا بەهـەردوو زمـانی کوردیو عەرەبی لەرۆژنامـەی (الـصحفی)و گۆڤـاری (ڕۆژنامـەنووس) بڵاوکرایـەوە، سـەرەڕای بڵاوکردنـەوەی لـەزۆرێك لەرۆژنامـەو گۆڤارەکـانی هـەرێمو تـۆڕی ئینتـەرنێتو، بەشـێوەیەکی فـراونیش لـە(٢٢)ی نیـسانی رابـردوو بڵاوکرایـەوەو لەدانیـشتنێکی چـڕوپڕو تایبەتـدا گفتوگۆیـەکی تێروتەسـەلی لەسـەرکرا، ئەمـەی خوارەوەیش دەقی رەشنووسەکەیە پاش هەموارکردنی.

***لیژنەی راسپێردراوی***
***ئامادەکردنی پرۆژەی***
***کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان***

**بەشی یەکەم**:

**بەندی یەکەم:**

## پێناسەکان

مەبەسـت لـەم دەسـتەواژانەی خـوارەوە بـۆ مەبەسـتی ئـەم یاسـایە ماناکـانی بەرامبەریانە:

هەرێم: هەرێمی کوردستان– عیراق.

سەندیکا: سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

نەقیب: نەقیبـی رۆژنامەنووسانی کوردستان.

رۆژنامەنووسی: ئەنجامدانی کاری رۆژنامەوانی بەکەناڵەجیاجیاکانییەوە.

رۆژنامەنووس: هەرکەسێك کاری رۆژنامەنووسی بکات.

رۆژنامە: هەر چاپکراوێك کـە بـەدەوریو بـەناوێکی دیـاریکراوو ژمـارە لـەدوای ژمارە بەرێکوپێکی دەربچێتو دابەش بکرێت.

**بەندی دووەم:**

یەکەم: رۆژنامەوانی ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەرنییەو ئازادیی بڵاوکردنەوە دەستەبەرە بۆ هەر هاووڵاتییەك لەسنوری یاساو لەچوارچێوەی پاراستنی ئازادییە تایبەتیەکانی تاكو دابو رێسا گشتییەکان.

دووەم: ئازادیی رۆژنامەنووسی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- بواردان بەرۆژنامەنووس بۆ ئاگاداربوون لەسەر بابەتێك کە گرنگ بێت بۆ کۆمەڵ لەسەر ئاستی ناوخۆو هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیدا.

٢- بواردان بۆ بڵاوکردنەوەی راوبۆچوون.

٣- وەدەستهێنانی ئەو زانیاریو هەواڵو ئامارانەی کە لای هاووڵاتییان گرنگن، لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکانو شیکردنەوەو دەستاودەستکردنیانو بڵاوکردنەوەو را لەسەر دەربڕینیان، هەروەها پێویستە هەر فەرمانبەرێك، یان ئەو کەسەی بەخزمەتی گشتی راسپێردراوەو بەحوکمی کارەکەی زانیاریی گشتی سەبارەت بەهەرێمو کۆمەڵگا لایە، بوار بڕەخسێنێت بۆ رۆژنامەنووسان، تا لێی ئاگادار بن، تەنیا مەگەر نهێنی بێت، یان زیانی بۆ ئاسایشی هەرێم هەبێت.

٤- بەنهێنی هێشتنەوەی سەرچاوەی زانیاریو هەواڵی بەدەستکەوتوو، مەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری پێچەوانەی ئەوە بدات لەکاتی دیتنی داواکاندا.

٥- رۆژنامە بۆی هەیە هەندێ وتار بێ دیاریکردنی ناوی نووسەرانی بڵاوبکاتەوە، نابێت زۆر لەسەرنووسەر یان کەسی دیکە بکرێت بۆ ئاشکراکردنی ناوی نووسەری ئەو وتارانە، یان هەوڵبدرێت بۆ زانینی ئەو ناوانە، یان گرتنەبەری هەر رێوشوێنێك بەمەبەستی زانینی ئەو ناوانە، بەڵام دەبێت رۆژنامە بەرپرسیارێتی نایاساییبوونی ئەو وتارانە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

٦- هەر کەسێکی سروشتی، یان مەعنەوی، بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە، مافی خاوەندارێتیی رۆژنامەدەرکردنی هەیە.

٧- نابێ بەهیچ شێوەیەك رۆژنامە رابگیرێتو رێگە لەدەرچوونی بگیرێت، یاخود دەستی بەسەردا بەسەردا بگیرێت، تەنها بەبڕیاری دادوەر نەبێت.

**بەشی دووەم:**

## مەرجەکانی دەرکردنی ڕۆژنامە

**بەندی سێیەم:**

بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە، دەبێت ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە بگیرێتەبەر:

١- دەبێت خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەر، راگەیاندنێك لەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەرێم بڵاوبکاتەوە، کە ناو نازناو ڕەگەزنامەو شوێنی نیشتەجێی خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەری ڕۆژنامەکەو ئەو زمانەی کە پێی بڵاودەکرێتەوەو ناوی سەرنووسەرو ماوەی دەرکردنی تێدابێت، ئەو راگەیاندنە بەبەیانی دەرکردنی ڕۆژنامە دادەنرێت.

٢- دەشێ نارەزایی لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەکە، لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنەکە لەدادگای پێداچوونەوەی هەرێم تۆماربکرێت، بەپێچەوانەوە ئەوا ڕۆژنامەکە یاسایی دەبێت.

٣- دەبێت خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەر، بەیاننامەی دامەزراندنی ڕۆژنامەکە بداتە سەندیکاو تۆماری بکات.

٤- پێویستە ئەو کەسەی کە دەیەوێت ڕۆژنامە دەربکات، لێهاتوویی تەواوی هەبێت.

٥- نابێ دوو ڕۆژنامە بەیەك ناو لەهەرێم دەربکرێت.

٦- دەبێت خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەر لەشوێنێکی دیار لەڕۆژنامەکەو بەشێوەیەکی ڕون ناوی خۆیو سەرنووسەرو شوێنو ڕێککەوتی دەرکردنو ناوی ئەو چاپخانەیەی کە تیایدا چاپدەکرێت بڵاوبکاتەوەو، دەبێت هەر گۆڕانکارییەك، یان هەموارکردنێك لەسەر ناوەڕۆکی بەیانی دامەزراندن ڕوودەدات لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لەو گۆڕانو هەموارکردنەکە بڵاوبکاتەوە.

**بەندی چوارەم:**

هەموو ڕۆژنامەیەك دەبێت سەرنووسەرێکی بەرپرسی هەبێت کە سەرپەرشتیی دەرکردنی ئەو بابەتانەی کە بڵاودەکرێنەوە بکاتو ئەو مەرجانەی تێدابێت:

١- زمانی رۆژنامەکە بەخوێندنو نووسین بزانێت.
٢- دەبێت هاووڵاتی هەرێم، یان نیشتەجێی ئەوێ بێت.
٣- سەرنووسەرو نووسەر، بەرپرسیارێتیی شارستانیو سزایی (المدنیةو الجزائیة) ئەوەی بڵاودەکرێتەوە دەگرنە ئەستۆ، بەڵام خاوەن ئیمتیاز چ کەسێکی سروشتی، یان مەعنەوی بێت، تەنیا بەرپرسیارێتیی شارستانی لەئەستۆدایە، خۆ ئەگەر سەلمێنرا بەکردەوە لەدەرکردنی رۆژنامەکەدا بەشداریکردوە، ئەوا هەمان بەرپرسیارێتیی سەرنووسەری دەکەوێتە ئەستۆ.

## هەڵوەشاندنەوەو دەستهەڵگرتن لەرۆژنامە

**بەندی پێنجەم:**

لەیەکێ لەم حاڵەتانەی خوارەوە رۆژنامە بەهەڵوەشاوە دادەنرێت:

**یەکەم:** ئەگەر لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی تۆمارکردنی بەبێ بیانوو دەرنەچوو.

**دووەم:** ئەگەر بەبڕیارێکی بنبڕی دادوەری دەرنەچوو.

**سێیەم:** ئەگەر رۆژنامە لەو ماوە دیاریکراوانەی خوارەوە دەرنەچوو:

١- رۆژنامەی رۆژانە بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژی بەردەوام.
٢- هەفتەنامە ئەگەر (هەشت) ژمارەی یەك لەدوای یەکی لێدەرنەچوو.
٣- نیومانگیو مانگانە کە بەرێکوپێکی چوار ژمارەی یەك لەدوای یەکی لێدەرنەچوو.
٤- گۆڤاری وەرزی بۆ (سێ) ژمارەی یەك لەدوای یەك.

**بەندی شەشەم:**

**یەکەم:** بەلەبەرچاوگرتنی ئەو مەرجانەی کە لەو یاسایەدا هاتوە، خاوەنی ئیمتیاز بۆی هەیە واز لەهەموو، یان هەندێ خاوەنداریێتیی رۆژنامەکە بهێنێت بۆ کەسێکی دیکە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١- وازهێنەر بەر لە(٣٠) رۆژ لەرێکەوتی وازهێنانەکە لەرۆژنامە، ئاگادارییەك بەئارەزووی وازهێنان لەرۆژنامەیەکی رۆژانە بڵاوبکاتەوە.

٢- دەبێت هەمان مەرجەکانی بەخاوەنبوونی ڕۆژنامە لەوازبۆهێنراو هەبێت کە لەو یاسایەدا هاتوە.

**دووەم:** هەرکەسێك بۆی هەیە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕێکەوتی ڕاگەیاندنی ئارەزووەکە ناڕەزایی لەسەر ئەو وازهێنانە بداتە دادگای پێداچوونەوە.

## وەڵامدانەوەو ڕاستکردنەوە لەڕۆژنامەکاندا

**بەندی حەوتەم:**

**یەکەم:** ئەگەر ڕۆژنامە بابەتێکی بڵاوکردەوەو زانیاریی نا دروستی تێدابوو، ئەوا ئەو کەسەی پەیوەندی بابەتەکەوە هەیە یان یەکێك لەمیراتگرانی یان نوێنەرێکی یاسایی ئەو، بۆی هەیە ئەو بابەتە وەڵام بداتەوە چ وەکو هەواڵ یان وتار یان داوای ڕاستکردنەوەی بکاتو سەرنووسەری بەرپرسیش دەبێت ئەو وەڵامدانەوەیە یان ڕاستکردنەوەیە بەخۆڕایی لەیەکەم دوو ژمارەی داهاتوو لەڕۆژی وەرگرتنی وەڵامەکە، لەهەمان شوێنو بەهەمان پیت بڵاوبکاتەوە، کە بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

**دووەم:** دەبێت ڕۆژنامەکە وەڵامەکە یان ڕاستکردنەوەکە بڵاوبکاتەوە، بەپێچەوانەشەوە سزای بژاردن بەلایەنی کەم (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار تا (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دیناری وەك سزا بۆ ببژێردرێت.

**سێیەم:** سەرنووسەر بۆی هەیە وەڵامدانەوە یان ئەو ڕاستکردنەوەیەی کە بۆی دێت، بەپێی برگەی یەکەمو دوەمی سەرەوە، لەم حاڵەتانەی خوارەوە بڵاونەکاتەوە:

١- ئەگەر ڕۆژنامەکە بەر لەگەیشتنی وەڵامەکە یان ڕاستکردنەوەکەی، بابەتە بڵاوکراوەکەی بەشێوەیەکی وردو تێکڕا ڕاستکردبوەوە.

٢- ئەگەر وەڵامەکە یان ڕاستکردنەوەکە بەناوی خوازراو واژۆ کرابوو یان بەزمانێکی جیا لەزمانی بابەتە بڵاوکراوەکە نووسرابوو.

٣- ئەگەر ناوەڕۆکی وەڵامدانەوەکە یان ڕاستکردنەوەکە پێچەوانەی یاسا یان دابو ڕێسای گشتی بوو.

٤- ئەگەر وەڵامەکە دوای (٩٠) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی هەواڵ، یان بابەتەکە گەیشتە ڕۆژنامەکە.

**بەندی هەشتەم:**

## قەدەغەکراوەکان لەڕۆژنامەدا

نابێ بۆ ڕۆژنامە ئەمانە بڵاوبکاتەوە:

١- هەر نووسینو وێنەو ڕاگەیاندنو هەواڵێك کە بەدەستدرێژیکردن دادەنرێن بۆ سەر یەکێ لەئاینەکان، یان تایفە ئاینییەکان، یان بەکەمزانینی دروشمەکانیان.

٢- هەر نووسینو ڕەسمو ڕاگەیاندنو هەواڵێك، کە هانی تاوانکاریو توندوتیژیو تێرۆرو چاندنی ڕقو کینە یان یەکترنەویستن یان دووبەرەکی یان لێکترازانی پێکهاتەکانی کۆمەڵ بدات.

٣- دانیشتنە نهێنییەکانی پەیوەست بەبەرگریو ئاسایشی هەرێم.

٤- بڵاوکردنەوەی کۆنووسی دانیشتنی داگاکان بەر لەدەرچوونی بڕیاری بنبڕ، مەگەر دادگا ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بدات.

**بەندی نۆیەم:**

حوکمەکانی بەندی (٨)ی سەرەوە ئەو هاوردانە ناگرێتەوە کە دەزگاکانی میریو زانکۆکانو مەڵبەندەکانی تۆژینەوەی زانستی لەڕۆژنامەو چاپکراو دەیهێنن، بەمەرجێك ڕازیبوونی پێشوەختە لەسەر هێنانی ئەو هاوردانە وەرگیرابێت.

**بەندی دەیەم:**

هەر بابەتێك لەسەرچاوەکانی دەرەوەی هەرێم وەرگیراو یان وەرگێردراوبێت لەبەرپرسێتیی سزای تاوانەکانی بڵاوکردنەوە نابەخشرێت.

بەشی سێیەم:

## مافەکانی رۆژنامەنووس

**بەندی یازدەیەم:**

١- رۆژنامەنووسان لەکاتی ئەنجامدانی پیشەییدا سەربەخۆن‌و، هیچ کەس‌و لایەنێك جگە لەیاسا دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە.

٢- نابێت ئەو راوبۆچوونە یان ئەو زانیارییانەی کە رۆژنامەنووس بڵاویان دەکاتەوە، ببێتە هۆکار بۆ تێکدانی باری ئاسایشی..

٣- رۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا نەکات، تەنها بەبریاری دادوەری نەبێ.

٤- رۆژنامەنووس مافی ئامادەبوونی لەکۆنگرەو چالاکییە گشتییەکاندا هەیە.

٥- هەر کەسێك بەهۆی کارەکەیەوە سوکایەتی بەرۆژنامەنووس بکات، یان دەستدرێژیی بکاتە سەر، ئەوا هەمان ئەو سزایە دەیگرێتەوە کە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەرێك لەکاتی یان بەهۆی بەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە.

٦- ئەگەر گۆرانکارییەکی بنەرەتی لەسیاسەتی ئەو رۆژنامەیە روویدا کە رۆژنامەنووسەکە کاری تێدا دەکات، یان بارودۆخی گرێبەستییەکەی گۆرا، رۆژنامەنووس بۆی هەیە ئەو گرێبەستە یەکلایەنە هەڵبوەشێنێتەوە، بەمەرجێك (٣٠) سی رۆژ پێش ئەو هەڵوەشاندنەوەیە ئاگاداری رۆژنامەکە بکاتەوە، بێ ئەوەی مافی رۆژنامەنووسەکە لەقەرەبووکردنەوەدا بفەوتێ.

٧- پێویستە دەزگاکانی رۆژنامەگەری‌و بەرێوەبەرایەتیی رۆژنامەکان پابەندی هەموو ئەو مافانە بن کە لەیاسا بەرکارەکان‌و گرێبەستی پەسندکراو لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسان بۆ رۆژنامەنووسان دیاریکراون.

٨- لەبارێکدا ئەگەر رۆژنامەنووس هەموو مۆڵەتە ئاساییەکانی، یان هەندێکیانی دوای کۆتاییساڵی دارایی وەرنەگرتبوو، ئەوا ئەو پارەیەی پێدەدرێ کە دەیکەوێ بەمەرجێك لەموچەی مانگێکی پتر نەبێت.

٩- لەکاتی تووشبوونی رۆژنامەنووس بەنەخۆشی‌و پێکان لەکاتی راپەراندنی ئەرکەکەی، یان لەپێناویدا ئەو دەزگا راگەیاندنەی کە کاری تێدا دەکات، خەرجی چارەسەرکردنی دەکەوێتە ئەستۆ.

١٠- ئەگەر رۆژنامەنووس لەرۆژانی پشووی فەرمیدا کاری کرد، پێویستە ئەو دەزگا رۆژنامەگەرییەی کاری تێدا دەکات قەرەبووی ماددی ئەو رۆژانەی بۆ بکاتەوە بەبڕی کرێی دوو رۆژ بۆ هەر رۆژێك.

## رێوشوێنە یاساییەکان بەرانبەر رۆژنامەنووس

**بەندی دوازدەیەم:**

أ- نابێت رێوشوێنی یاسایی لەبەرانبەر رۆژنامەنووسدا ئەنجام بدرێت ئەگەر تۆمەتبار کرابوو بەکارێك کە پەیوەندیی بەپیشەکەیەوە هەبوو، پێش ئاگادارکردنی سەندیکاو، ناشبێت دەستگیربکرێت، مەگەر لەکاتی تاوانێکی بەرچاودا نەبێت.

ب- نابێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ رۆژنامەنووسدا بکرێت، یان شوێنی کارو ماڵەکەی بپشکنرێت، لەبەر ئەو هۆیەی کە لەبڕگەی (أ)ی ئەو بەندەدا هاتوە، تەنها لەرێگەی یەکێك لەلێکۆڵەرەوانی دادەوە نەبێتو پێویستە نەقیب، یان نوێنەرێکی ئەو، لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئامادەبێت.

**بەندی سێزدەیەم:**

نابێت دێکۆمێنتو زانیاریو بەیانو کاغەزە نووسراوەکانی بندەستی رۆژنامەنووس بەبەڵگەی تۆمەتبارکردن بژمێردرێت، لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی سزایی، مەگەر ئەو شتانە پەیوەندییان بەخودی تۆمەتەکەوە هەبێت.

**بەندی چواردەیەم:**

نووسین لەسەر فەرمانبەرێك، یان کەسێکی راسپێردراو بۆ خزمەتی گشتی، یان کەسێك پەیوەندیی بەکۆمەڵەیەکی نوێنەرایەتی هەبێت بەتاوان دانانرێت، ئەگەر ئەو بڵاوکردنەوەیە نیازپاکی تیابوو و بەدەر نەبوو لەکاری فەرمانبەرێتیو خزمەتی گشتیو نوێنەرایەتی، بەمەرجێك بەڵگەی ئەو کارانەی کە دراوەتە پاڵی لەبەردەست بن.

**بەشی چوارەم**:

**بەندی پازدەیەم:**

## حوکمە یاساییەکان

ڕۆژنامەنووس بەبڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار سزا دەدرێت گەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئەمانە بڵاوبکاتەوە:

أ- هەواڵ، یان بەیاننامە، یان گۆتەگۆتی (إشاعات) درۆو بەکینە، یان بانگەشەی وروژێنەر، یان نووسراوی دەستکرد، یان قەڵپ، یان بوختاندانەپاڵ کەسی دیکەو، ئەوانەیش ببنە هۆکار بۆ تێکدانی ئاسایشو ترس لەنێو خەڵکیو گەیاندنی زیان بەخەڵکی.

ب- هاندان بەرێگەیەك لەرێگەکانی بڵاوکردنەوە بۆ جێبەجێنەکردنی یاسا.

ج- جوێنو تۆمەتهەڵبەستن بۆ خەڵك.

د. هەواڵێك، یان وێنە، یان نووسین کە پەیوەست بن بەنهێنییەکانی ژیانی تایبەت یان خێزانیی خەڵکەوە، هەرچەندە راستیش بن، ئەگەر بڵاوکردنەوەکە بوە هۆی زیانگەیاندنو خراپکاری بۆی.

ه. خراپکاری بەرانبەر باوەڕی ئایینی یەکێ لەتایفە ئاینییەکان، یان بەکەمزانینی دروشمەکانی، یان سوکایەتیکردن بەسومبولەکانی، یان کەسێك کە جێگەی رێزلێنانو گەورەو پیرۆزە لای ئەو تایفە ئایینیەی کە یاسا دانی پێداناوە.

## حوکمە کۆتاییەکان

**بەندی شازدەیەم:**

کاربەهیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەندی حەڤدەیەم**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت.

## هۆكاری پێویست

ڕۆژنامەنووسی بایەخێكی زۆی هەیە لەكۆمەڵگای كوردستانو ئاسۆیەكی بەرینی لەئازادی لەبەردەمدایە، لەسایەی ئەزمونی دیموكراسی لەهەرێمی كوردستاندا، ڕۆژنامەنووسی هەنگاوی چاكی ناوە، بۆیە پێویستی بەیاسایەكی تایبەت هەیە كە كاری ڕۆژنامەنووسیی ڕێكبخات، بەشێوەیەك كە لەگەڵ ژیانی سەردەمدا بگونجێت، بایەخی ڕۆژنامەنووسیی لەوەدایە كە هاوڵاتییان توانادار بكات بۆ ئەوەی ئاگاداری ڕاستیی بۆچوونو ڕوداوەكان بن كە كاریگەریی كاراو ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر پەرەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەییو نیشتمانیو بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریو توانای هزری بۆ گوزارشتكردن بەشێوەیەكی كاریگەر لەڕای گشتیدا. لەپێناو ئەمانەدا دەبێت ڕێكخستنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بەشێوەیەك بێت كە ڕێز لەمافی هەموان لەچوارچێوەی یاسادا بگیرێت، لەو سۆنگەیەوە پاراستنی مافەكانی ڕۆژنامەنووسو پابەندبوونی بەئەركە پیشەییەكانی دەستەبەرن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی كە لەبەرژەوەندیی كۆمەڵدان، لەبەرئەوەی ئێمە بەرەو كۆمەڵگای شارستانیی كوردستانی هەنگاو دەنێین، دەبێت ئەو یاسایە دەربكرێت.

## پاشكۆی ( ٩ )
## یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن ( تیرۆر )
## لەهەرێمی كوردستان- عیراقدا

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان- عیراق**

پشت بەحوكمی برگـە (١) لـەمادە (٥٦) لەیاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی (١٩٩٢) هــەموارکراو و، لەســەر خــستنەرووی ژمــارەی یاســایی لەئەنــدامانی ئەنجومــەنی نیشتمانیی كوردستان– عیراق، ئەنجومەن لەدانیشتنی رۆژی (٢٠٠٦/٤/٣) بریاریـدا ئەم یاسایەی خوارەوە دابنێت:

## یاسای ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠٠٦
## یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن ( تیرۆر )
## لەهەرێمی كوردستان- عیراقدا

**مادەی یەكەم:**

كـردەوەی تیـرۆر بـەكارهێنانی توندوتیـژی ســازدراوە، هەرەشــەپێكردنیەتی، هاندانـە بـۆی، یـان پێهەڵدانیـەتی كـە تاوانبـار پـەنای بـۆ دەبـات بـۆ ئەنجامـدانی پرۆژەیەكی تاوانكاری، كەسێك، یان كەسانێك پێی هەڵدەستن‌و تاكێك یان كۆمەڵـە كەسانێك دەكەنە ئامانج، یان هەر بەرەمـەكی ئـەنجامی دەدەن بـەنیازی نانـەوەی تۆقاندن‌و ترس‌و شڵەژان‌و ئاژاوە لەنێو جـەماوەردا بـۆ ئـەوەی زیـان بەسیـستەمی گشتی بگات، ئارامی‌و ئاسایش‌و سەلامەتیی كۆمەڵگەو هەرێم، ژیـانی تاكەكەسـان، ســەربەخۆییان، پیرۆزییــان، ئاسایــشیان، بخرێتــە مەترســیەوە، یــان بــۆ زیــان پێگەیاندن بەژینگە، بەیەكێك لەسەرچاوە گشتیەكان، بەدەسـگا، سـامانە گـشتی،

یـان تایبەتیـەکان، بـۆ بـەدیهێنانی هەنـدێ مەبەسـتی سیاسـی، هـزری، ئـاینی، تایفەگەری، یان رەگەزی.

**مادەی دووەم:**

ئەم کردەوانەی خـوارەوە بـەتاوانی تێرۆرکـاری (تۆقانـدن) دادەنـرێنو سـزایان لەناوبردنە (إعدام):

١– دامەزراندن، رێکخستن، یـان بـەرێوەبردنی رێکخـراو، کۆمەڵـە، دەسـتە، بانـد، بنکە، یان کۆمەڵێك، بەئامانجی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لـەم یاسایەدا هاتوون.

٢– تێرۆرکردن بۆ مەبەستێکی سیاسی، ئایدۆلۆجی، یان بەکافردانان.

٣– بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە، سوتێنەر، گڕگـر، ئـامێری دروسـتکراو بـۆ تێکدانو روخانـدن لەرێگـەی تەقاندنـەوەی راسـتەوخۆ، یـان بـەئامێری لـەدور ئاراسـتەکراو، مینرێـژکردنی ماشـێن، هـەر ئـامێرێکی دیکـە، چـاندنی بـۆمبی خاپورکـار، بـەکارهێنانی چـەکە جەنگیـەکان بەگشت جـۆرە جیاجیاکانیـەوە، پشتێنەی خاپورکار، نامەی مینرێژکراو، مادە، گازی ژەهراوی، میکرۆبی، یـان تیشکدەر، بەمەبەستی تێرۆرکاری، ئەگەر کارەکە مردنـی کەسـێك، یـان پـتری لێکەوتەوە.

٤– بەبارمتەگرتنی کەسێك، یان کەسانێك بۆ کارتێکردن لـەدامودەزگاکانی هـەرێم، لەو دەستەو رێکخراوە نیشتمانی یـان نێودەوڵەتییانـەی لەهەرێمدا کاردەکـەن بـۆ بەدەسـتهێنانی هـەر جـۆرە سـودێك یـان کـەڵکێك، بەناچـارکردنیان بـۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو، یان نەکردنی، یان دروستکردنی بارێك لـەترسو تۆقاندن.

٥– کوشتنی ئەو کەسـانەی پاراسـتنی نێودەوڵـەتی دەیانگرێتـەوە، یـان کوشـتنی کارمەنـــدانی فەرمانگـــەو دەســـتە دبلۆماســـیو کونـــسولگەریو دامـــەزراوەو کۆمپانیـای بیـانیو رێکخـراوە نێودەوڵەتیـە حکـومیو ناحکومیـەکانو، ئـەو کەسانەی لەگەڵیاندا کاردەکـەنو، تاوانەکـەیش بەمەبەسـتی تۆقانـدن (تێـرۆر) بێت. سزاکەیـشی دەبێتـە زینـدانی هەتاهـەتایی، ئەگـەر هێرشـبردنەکە مردنـی لێنەکەوتەوە.

٦- چوونە ناو هەر ڕێکخراو، کۆمەڵە، دەستە، باند (عصابة)، بنکە، یان کۆمـەڵێك کاری تۆقاندن ئەنجام بدات، ئەگەر ئەنجامدەر کارمەند بـێ لـەهێزی ئاسایـشی ناوخۆ، یان (پێشمەرگە)ی زێرەڤانی هەرێم بوو، یـان ئەگـەر تاوانکـار مەشـقی سەربازی، یان هەواڵگری لەیەکێك لەم لایەنانە پێکرابوو.

٧- هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتێکی بیانی، هەر ڕێکخراو، کۆمەڵـە، بانـد، بنکـە، یـان کۆمەڵێکی دەرەوەی وڵات، یان کار بۆ بەرژەوەندیی هـەر یـەکێکیان بکـات بـۆ ئەوەی تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقنووسکراون ئەنجام بدات.

٨- ئاســانکاری هاتنـــە ژورەوەو چـــوونەدەرەوەی هـــەرێم بـــۆ تێرۆریـــستان، دابینکردنی شوێنی حەوانەوەیان، شاردنەوەیان، حەشـاردانیان، بـەخۆی، یـان بەکەسێکی دی، یارمەتیدانیان بەهەواڵپێدانو پێشکەشکردنی ئەو زانیارییانەی بـــەکاردێن بـــۆ پلانـــدانان، یـــان بـــۆ دەســـتپێکردنی جێبـــەجێکردنی تـــاوانی تێرۆرکاری، بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت.

**مادەی سێیەم:**

ئەم کارانەی خوارەوە بەتاوانی تۆقاندن (تێرۆر) دادەنرێنو سـزاکەیان زینـدانی هەتاهەتاییە:

١- تێکدان، روخاندن، لەکەڵکخستن، یان زیانپێگەیاندن، بەتەواوی، یان بەبەشـێك لەتـەلارو دامـەزراوو سـامانی گـشتی، یـان ئـەو تایبەتیانـەی تـەرخانکراون بـۆ فەرمانگـەو بەرژەوەندیـە حکومیـەکان، بـۆ دەزگـا گـشتیەکان، بارەگـای ئـەو حیزب، یان ئەو کۆمەڵانەی بەیاسـا ناسـراون، یـەکێك لەدامـەزراوەکانی نـەوت، هـەر دامـەزراوێکی هـەرێم، ئێـستگەی وزەی کارەبـاییو ئـاوی، پـرد، بەنـداو، ئـــاوەڕۆی گـــشتی، هۆیـــەکانی گەیانـــدنو دامـــەزراوەکانی، ئـــەو شـــوێنانەی ئامادەکراون بۆ کۆبونەوە گـشتیەکانو شـوێنەکانی خواپەرسـتی، شـوێنەکانی ئامادەکراو بۆ هاموشۆی جەماوەر، یان هەر سامانێك گرنگی هەبێت لـەئابوریی نیشتمانی، بەمەبەستی تێرۆرکاری، بۆ شێواندنی ئاسایشو ئارامی لەهەرێمدا.

٢- دەستبەسەرداگرتنی فڕۆکەی مەدەنیو رفاندنی، سزاکەیشی دەبێتە لەناوبردن (اعدام) ئەگەر کردەوەکە مردنی کەسێك، یان پتری لێکەوتەوە.

٣- رفانــدن، دەســتگیرکردن، دەستبەســەرکردن، یــان بێبەشــکردنی کەســێك لــەئازادی، بەهــەر شــێوازێك بێــت، بــۆ قاچــاندنەوە (ابتــزاز)ی دارایــی، یــان بەمەبەستی سیاسی، بەپاڵنەرێکی تیرۆرکاری.

٤- پەکخــستنی هۆیــەکانی پەیوەنــدی پێــوەکردنو سیــستمەکانی کۆمپیوتــەر، چــــوونەناو تۆڕەکانیانـــــەوە، ژاوەژاودانـــــان لەســـــەریان، زانیــــاریو داتــــا خــــستنەناوەوەیان، بەمەبەســـــتی ئاســــانکاری بــــۆ ئەنجامــــدانی تاوانــــە تیرۆرکارییەکان.

٥- پێــشکەشکردن، کۆکردنــەوە، گوێزانــەوە، یــان نــاردنی کۆمــەکی دارایــی، راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ لـەناوەوە، یـان لـەدەرەوەی هـەرێم، بەمەبەسـتی بەکارهێنانی، یان بزانێت بەکاردێت بۆ داراکردنی هەر تاوانێکی تیرۆرکاری.

٦- مەشـقپێکردنی کەسـێك، یـان کەسـانێك لەسـەر بـەکارهێنانی چـەك، لەسـەر هۆیــەکانی پەیوەنــدی پێــوەکردن، فێرکردنــی هونــەرە جەنگیــەکان، یــان شێوازەکانی شەڕکردن، بەمەبەستی ئامادەکردنیـان بـۆ ئەنجامـدانی تـاوانێکی تیرۆرکاری.

٧- چوونەناو یەکێك لەو لایەنانەی لەبڕگـەی (١)ی مـادەی دوەمـی ئـەم یاسـایەدا هاتوونو بەئەندامبوون تیایدا.

٨- دروسـتکردن، هـاوردن، یـان لـەلابوونی تەقەمـەنی، ئاگرەتریـشقە، ئـامێری دروستکراو بۆ تێکدان، روخاندن، یان هەر مادەیەك لەپێکهاتەی ئەوانەوە بێت، هــەروەها ئــەو دەزگــاو ئــامێرو کەرەســتانەی لەدروســتکردنیان، یــان تەقاندنەوەیان بـەکاردێن، ئەگـەر بەکارهێنانەکـەیان بـۆ ئەنجامـدانی تـاوانێکی تیرۆرکاری بێت.

**مادەی چوارەم:**

ئـەم کارانـەی خـوارەوە بـەتاوانی تۆقانـدن (تیـرۆر) دادەنـرێنو سـزادەدرێت بەزیندانی، لە(١٥) ساڵ تێپەڕناکات، هەر کەسێك:

١- دەستەڵاتی فەرمانپێکردنی هەبێت لەسەر هێزی ئاسایشی ناوخۆو زێرەڤانیی هەرێمو داوایلێکردن یان رایسپاردن، بەپاڵنەرێکی تێرۆرکاری کار لەسەر تەگەرەتێخستنی فەرمانەکانی میری بکەن.

٢- نووسراو، چاپەمەنی، کاسێتی تۆمارکراو، یان هاوشێوەی، وێنەی وای لەلابێت یان بەدەستبێنێت، کە هاندان، بەچاکزانین، یان پڕوپاگەندە لەخۆبگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تێرۆرکاری، بەمەبەستی دابەشکردنی، یان بڵاوکردنەوەی.

٣- بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئاگاداربێتو دەزگا گشتیەکانی پێ ئاگادارنەکاتەوە کەسیش لەفەرمانی ئەم برگەیە بەدەرناکرێت.

٤- بەئەنقەست، هەواڵ، رونکردنەوە، یان پڕوپاگەندەیەکی تۆقێنەر بڵاوبکاتەوە، هۆیەکانی راگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێنراو، یان ئەلکترۆنی بەهەل وەربگرێت، یان بەکاریان بێنێت، لەئینتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بڵاوبکاتەوە راستەوخۆ بگاتە رادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تێرۆرکاریی وەها کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسیەوەو ترس بخاتە نێو هاووڵاتیانو هەڕەشە لەقەوارەی سیاسیی هەرێم بکات.

٥- نەفامیو کەمزانیی کەسێك بقۆزێتەوەو لەکاری تۆقاندن بەکاری بێنێتو بەهۆیەوە ئەو کارانە ئەنجام بدات.

٦- گزی لەنووسراوێکی فەرمی بکات، یان بەساختە نووسراوێك بۆ ئەنجامدەری ئەو تاوانانە دروست بکات، بۆ ئەوەی کەسێتی بشارێتەوە، یان بەئەنقەست بیگۆڕێت، ئاسانکاری بۆ هاتوچۆی بکات، یان یارمەتی بدات لەکارەکانی، بەمەرجێك بزانێت مەبەست لەگزیەکە چیە.

**مادەی پێنجەم:**

أ- هەرکەسێك دەستبکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەمادەی دوەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، سزادەدرێت بەزیندانی هەتاهەتایی.

ب- هەرکەسێك دەستبکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەمادەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، سزا دەدرێت بەزیندانی کاتی.

ج- هەرکەسێك دەستبکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەمادەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، بەبەندکردنی توند سزادەدرێت.

### مادەی شەشەم:

نابێ ئەو کەسەی بەتاوانی تۆقێنەر تاوانبار دەکرێت، بەدەستەبەر بەربدرێت لەقۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا تاوەکو حوکمێك، یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەداواکەی دەرنەچێت.

### مادەی حەفتەم:

فەرمانەکانی مادەی (٤٧)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراوی کارا، بەسەر ئەو کەسە پیادەدەکرێت کە هەواڵی ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتوە دەدات سەبارەت بەئاشکراکردنی ناسنامەکەی، کاتێ هەواڵی روودانی ئەو تاوانانەی دەگەیەنێتو ناکرێتە شایەد.

### مادەی هەشتەم:

أ- ئەو کەسەی، پێش رودانی تاوانی تێرۆرکاری، پێش ئاشکرابوونی، یان لەکاتی پلان بۆدانانی، دەزگا تایبەتمەندەکانی پێ ئاگاداربکاتەوەو هەواڵ گەیاندنەکە ببێتە یاریدەر بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران، یان نەیهێڵا کارەکە ئەنجام بدرێت، لەسزادان دەبوردرێت.

ب- دادگا بۆی هەیە خۆبەدەستەوەدانی تاوانبارو پێشکەشکردنی زانیاریی وا، کە تاوانەکە دوای رودانی ئاشکرا بکات، بەپاساوی یاسایی سزاسووککەر بژمێرێت.

### مادەی نۆیەم

لایەنی پەیوەندیدار بۆی هەیە پاداشتێکی چاك جارِ بدات بۆ هەر کەسێك زانیاریی راستو دروست پێشکەش بەلایەنی تایبەتمەند بکاتو ئاشکراکردنی تاوانی تێرۆرکاریو ئەوانەی دەستیان تێدا بوە لێدەکەوێتەوە.

**مادەی دەیەم:**

هەرکەسێك هاوکاری بکات وەك بکەر، بەشدار، یان هاندەر بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە تێرۆرکارییانەی لەم یاسایەدا هاتوون، بەهەمان سزا، کە بۆ تاوانەکە دیاریکراوە، سزادەدرێت.

**مادەی یازدەیەم:**

دەست بەسەر سامانی گوێزراوەو نەگوێزراوەی ئەو رێکخراو، پارت، دەستە، کۆمەڵ، یان ئەو کەسانەدا دەگیرێت کە بەبڕیارێکی دادگا بەتاوانکاریی تێرۆر دەردەچن.

**مادەی دوازدەیەم:**

تاوانی تێرۆر لەتاوانە ئابڕووبەرەکاندا دەژمێردێتو دەبێت دادگا ئەم فەرمانە لەدەقی بڕیارەکەیدا بنووسێت.

**مادەی سیازدەیەم:**

ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە تاوانبارە، مافی خۆیەتی رەفتارێکی یاساییو دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت لەگشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا، بەدابینکردنی پارێزەریشەوە بۆ داکۆکیلێکردنیو، نابێت شێوازی ئازاردانی دەرونیو جەستەیی، یان رەفتاری نامرۆڤانەی لەگەڵدا بکرێتو، پشتنابەسترێت بەدانپێدانانی بەزۆر لێوەرگیراو، بەهەڕەشە، بەئازاردان، یان بەبەڵێنو گەفوگوڕ، ئەگەر بڕگەکە پشتڕاستنەکرا بەبەڵگەی دیکە، ئەگەر لەئەنجامی بەکارهێنانی یەکێك لەو شێوازانەی باسیان لێوەکرا، زیانێکی بەرجەستەیی قەبەی لێکەوت، تاوانبار بۆی هەیە سکاڵا لەدژی لێکۆڵەرانی تۆماربکات وەك کەسانی ئاسایی.

**مادەی چواردەیەم:**

ئەگەر ئەو کەسەی بەتاوانی تێرۆرکاری تاوانبارە بێتاوان دەرچوو، بۆی هەیە، داوای قەرەبوی ئەو زیانە جەستەییو ناجەستەییانە بکاتەوە کە لێیکەوتوە لەئەنجامی پێشێلکردنی ئەو مافە مرۆییانەی لەدەستورو یاسادا هاتوون.

**مادەی پازدەیەم:**

حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان– عـێراق دەسـتەبەری چـاودێریی خانـەوادەی قوربانیانی كردەوە تێرۆركارییەكان دەكاتو قەرەبوی زیانەكانیان دەكاتەوە.

**مادەی شازدەیەم:**

أ– بۆ هەر شتێكی لەم یاسایەدا نەهاتبێت، فەرمانەكانی یاسـای سـزادانی عێراقـی ژمارە(١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)و یاسای بنـەماكانی دادگـاییكردنی سـزایی ژمـارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) پیادەدەكرێن.

ب– كار بەهیچ دەقێكی یاسایی، یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگـەڵ فەرمانـەكانی ئـەم یاسایەدا ناكۆك بێت.

**مادەی حەڤدەیەم:**

كار بەم یاسایە دەكرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ لەرۆژی بڵاوكردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمییەوە.

**مادەی هەژدەیەم:**

ئـەم یاسـایە لـەرۆژی بڵاوكردنـەوەی لەرۆژنامـەی فەرمییـەوە (وەقـایعی كوردستان) جێبەجێدەكرێت.

**عەدنان موفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان- عێراق**

## هۆكاره خوازرياريەكانی ئەم ياسايە

تێرۆر بۆته دياردەيەكی ترسناكی جيهانیو ئامانجی ترس خستنە ناو دڵی جەماوەرو تۆقاندنيەتیو تێكدانی باری گشتیو ئارامیی كۆمەڵگەو ئازاردانی خەڵكە بۆ ئەوەی ژيانو ئازادييان بخاتە مەترسیو زيان بەژينگەو سامانی گشتیو تايبەتی بگەيەنێت. بۆيە، كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵيداوەو هەوڵدەدات چەند ياسايەك دابنێت بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم دياردە ترسناكەو داوا لەئەندامانی دەكات بەدڵ هاوكاربن، بۆ ئەوەی سنورداری بكەنو چارەسەری هۆكارەكانی بكەنو لەبەرئەوەی هەرێمی كوردستانيش تووشی مەترسيی گشت جۆرەكانی ئەم تێرۆره بۆتەوەو تووشی دەبێتو دەرەنجام زيانێكی زۆرو گەورەی لەگيانی هاوولاتيانی هەرێمو سامانيانو دەسەڵاتە رەواكانی كەوتوە. بۆيە بەپێويست زانرا كە ياسايەكی تايبەت بەبەرەنگاربوونەوەی ئەم دياردە ترسناكە دابنرێت، لەگەڵ رەچاوكردنی ئەو پێوەرە نێودەوڵەتييانەی مافو ئازادييەكانی تاكو كۆمەڵ دەستەبەردەكات. بۆيە ئەم ياسايە دانرا.

### پاشكۆی (١٠)

### ياسای رۆژنامەگەری لەكوردستان

**بەناوی خوای بەخشندەو ميهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستان- عيراق**

پشت بەستن بەحوكمی برگە (١)ی مادە (٥٦) لەياسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراوو لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزيرانی هەرێمی كوردستان- عيراق، ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستان- عيراق لەدانيشتنی ژمارە (٣٣)ی رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١١ بەهۆی ئيمزانەكردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان- عيراق، بەپێی بريياری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستان- عيراق، لەدانيشتنی ژمارە (٤)يدا كە لە٢٠٠٨/٩/٢٢ گرێدرا، بريياری دانانی ئەم ياسايەی خوارەوەيدا:

## یاسای ژماره (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای ڕۆژنامەگەری لەکوردستان

### بەشی یەکەم
### پێناسەو پرەنسیپەکان

**مادەی یەکەم:**

بۆ مەبەستی ئەم یاسایە زاراوەکانی خوارەوە ماناکانیان لەبەرامبەردا هاتوە:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان– عیراق.

**دووەم:** سەندیکا: سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

**سێیەم:** نەقیب: نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

**چوارەم:** ڕۆژنامەگەری: پیشەی ڕۆژنامەگەرییە لەکەناڵەجیاوازەکانی ڕاگەیاندندا.

**پێنجەم:** ڕۆژنامەنووس: هەرکەسێك کە لەبواری ڕۆژنامەگەرییدا لەهەر کەناڵێکی ڕاگەیاندندا کاردەکات.

**شەشەم:** ڕۆژنامە: هەر چاپکراوێك کە بەشێوەیەکی خولیو بەناوێکی دیاریکراوو بەژمارەی ریزبەندو بەرێکوپێکی دەربچێو دابەش بکرێ.

**مادەی دووەم:**

**یەکەم:** ڕۆژنامەگەری ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەرنییەو ئازادیی دەربڕینو بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتیان دەستەبەرە، لەچوارچێوەی ڕێزگرتنی مافو ئازادییە تایبەتیەکانی تاکەکانو تایبەتمەندیی ژیانیان بەپێی یاساو پابەندبوون بەئێتیکی ڕۆژنامەگەری بەپێی بەڵێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان (ساڵی ١٩٥٤ هەموارکراو).

**دووەم:** ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە لەسەرچاوە جیاوازەکانەوە هەر زانیارییەك کە بایەخی بۆ هاووڵاتیان هەبێو پەیوەندییان بەبەرژەوەندیی گشتیەوە بێ وەدەست بێنێ بەپێی یاسا.

**سێیەم:** سەبارەت بەو داواکارییانەی دەخرێنە بەردەم دادگا، ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە سەرچاوەی ئەو زانیاری، یان ئەو هەواڵانەی کە بەدەستیان دێنێ نهێنیان بپارێزێ، مەگەر دادگای تایبەتمەند بەپێچەوانە بڕیار بدا.
**چوارەم:** هەر کەسێکی سروشتی، یان مەعنەوی مافی خاوەنداریێتیی ڕۆژنامەی هەیەو دەتوانێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەری بکات.
**پێنجەم:** ڕۆژنامە قەدەغە ناکرێو دەستی بەسەردا ناگیرێ.

## بەشی دووەم

## مەرجەکانی دەرکردن و دەستبەرداربوون لەڕۆژنامە

### مادەی سێیەم:

دەرکردنی ڕۆژنامە پێویستی بەم مەرجو ڕێکارانەی خوارەوە هەیە:
**یەکەم:** خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەرەکەی ڕاگەیاندنێك لەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەرێم بڵاوبکاتەوە، کە ناوو نازناوو ڕەگەزنامەو شوێنی نیشتەجێبوونی خاوەن ئیمتیاز، یاخود دامەزرێنەرو ناوی ڕۆژنامەکەو ئەو زمانەی کە پێی بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵ ناوی سەرنووسەرو ماوەی دەرچوونی تێدا بنووسرێ. ڕاگەیاندنەکەیش بەبەیانی دەرکردنی ڕۆژنامە دادەنرێت.
**دووەم:** دەشێ خاوەن هەر بەرژەوەندییەك لەدەرکردنی ڕۆژنامەکە ناڕازی بێو بۆی هەیە لەماوەی ٣٠ ڕۆژ لەمێژووی بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندنەکەوە لەلای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە لەهەرێم بەسیفەتی پێداچوونەوە ناڕەزایی تۆمار بکاتو بەپێچەوانەوەیش دەرکردنی ڕۆژنامەکە بەپەسندکراو دادەنرێت.
**سێیەم:** پێویستە خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەرەکەی، بەیاننامەی دامەزراندن پێشکەشو لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش تۆماری بکات، لەگەڵ بەدەرخستنی سەرچاوەی ئەو لایەنەی داراییەکەی لێ دابین دەکات سەندیکایش وەزارەتی ڕۆشنبیریی لێ ئاگادار بکاتەوە.

**چوارەم:** ئەو کەسەی نیازی دەرکردنی رۆژنامەی هەیە، دەبێ لەڕووی یاساییەوە شایستەیی (ئەهلیەت)ی تەواوی هەبێ.

**پێنجەم:** نابێ لەهەرێمدا دوو رۆژنامە بەیەك ناو دەربچن.

**شەشەم:** پێویستە خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەرەکە لەشوێنێکی دیاری رۆژنامەکە بەشێوەیەکی رون ناوی خۆی‌و سەرنووسەرو شوێن‌و مێژووی دەرچوونی رۆژنامەکەو ناوی ئەو چاپخانەیەی کە لێی چاپ دەکرێ بڵاوبکاتەوەو راگەیاندنێك بەهەر گۆڕانکارییەك، یان هەموارکردنێك لەسەر ناوەرۆکی بەیانی دامەزراندن روبدات لەماوەی (٣٠) سی رۆژ لەرێکەوتی گۆڕانکارییەکە، یان هەموارکردنەکەدا بڵاوبکاتەوە.

### مادەی چوارەم:

بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەر رۆژنامەیەك سەرنووسەرێکی دەبێ‌و سەرپەرشتیی ئەو بابەتانە دەکات کە تیایدا بڵاودەکرێنەوە:

**یەکەم:** دەبێ رۆژنامەنووس بێ‌و زمانی رۆژنامەکە بەخوێندنەوەو نووسین بزانێت.

**دووەم:** سەرنووسەرو نووسەر بەرپرسیارێتیی مەدەنی‌و سزایی ئەو بابەتانەیان لەئەستۆدایە کە بڵاودەکرێنەوە، هەرچی خاوەنی ئیمتیازە بەرپرسیارێتیی مەدەنی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر بەشداریی لەنووسینی رۆژنامەکەدا کرد، ئەوا هەمان بەرپرسیارێتیی سەرنووسەر هەڵدەگرێت.

### مادەی پێنجەم:

لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو رێکارانەی کە دەقەکەیان لەم یاسایەدا هاتوە، خاوەن ئیمتیاز مافی ئەوەی هەیە بۆ کەسێکی دیکە واز لەهەموو، یان هەندێك خاوەندارێتیی خۆی بۆ کەسێکی دیکە بێنێ، بەمەرجێك وازهێنەر پێش (٣٠) سی رۆژ لەمێژووی دیاریکراو لەوازهێنانەکەی ئاگادارییەك لەرۆژنامەیەکی رۆژانە بڵاوبکاتەوە.

## بەشی سێیەم

## وەڵامدانەوەو راستکردنەوە

**مادەی شەشەم:**

**یەکەم:** ئەگەر رۆژنامە زانیاریی نا دروستی بڵاوکردەوە، ئەوا ئەو کەسەی کە بابەتە بڵاوکراوەکەی پێ پەیوەستە، یاخود یەکێك لەمیراتگرانی، یان ئەوەی لەرووی یاساییەوە جێگریەتی بۆی هەیە داوای راستکردنەوەی بکاو وەڵامی هەواڵ، یان وتارەکە بداتەوە. پێویستە سەرنووسەریش راستکردنەوە، یاخود، وەڵامدانەوەکە لەیەکێك لەدوو ژمارەی دوای مێژووی گەیشتنی وەڵامەکە لەهەمان جێو بەهەمان پیتو هەمان ئەو قەبارەیەی کە پێی بڵاوکراوەتەوە، بڵاوبکاتەوە.

**دووەم:** پێویستە رۆژنامە، وەڵامدانەوە، یان راستکردنەوە بڵاوبکاتەوە، بەپێچەوانەوە بەبڕێك پارە کە لە(١،٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمترو لە(٢،٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دیناریش پتر نەبێ غەرامە دەکرێت.

**سێیەم:** سەرنووسەر بۆی هەیە وەڵامدانەوەکە، یان ئەو راستکردنەوەیەی بەپێی بڕگەی یەکەمو دووەمی سەرەوە بۆی دێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە بڵاونەکاتەوە:

١- ئەگەر رۆژنامەکە بەر لەگەیشتنی وەڵام، یان ئەو راستکردنەوەکە، بابەتە بڵاوکراوەکەی بەشێوەیەکی وردو تەواو راستکردبوەوە.

٢- ئەگەر وەڵامدانەوە، یان راستکردنەوەکە بەناوێکی خوازراوەوە بێت، یان بەزمانێکی جیا لەزمانی بابەتە بڵاوکراوەکە نووسرابوو.

٣- ئەگەر ناوەرۆکی وەڵامدانەوەو راستکردنەوە پێچەوانەی یاسا بێ.

٤- ئەگەر وەڵامدانەوە، یان راستکردنەوە دوای (٩٠) نەوەد رۆژ لەبڵاوکردنەوەی هەواڵ، یان وتارە وەڵامدراوەکە گەیشت.

## بەشی چوارەم
## ماف و ئیمتیازەکانی رۆژنامەنووس

**مادەی حەوتەم:**

**یەکـــەم:** رۆژنامـــەنووس ســـەربەخۆیەو لـــەکاتی ئەنجامـــدانی پیـــشەکەی هـــیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نیە، جگە لەدەسەڵاتی یاسا.

**دووەم:** نـابێ ئـەو راوبۆچـوونەی کـە لای رۆژنامـەنووس دەردەچـێت، یـان ئـەو زانیارییانەی کە بڵاویان دەکاتەوە ببنە هۆی تێکدانی باری ژیانی، یان زیان بەخۆیو مافەکانی بگەیەنێت.

**سێیەم:** رۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا نەکات، تەنها بەبڕیاری دادوەری نەبێ.

**چوارەم:** رۆژنامەنووس مافی ئامادەبوونی لەکۆنگرەو چالاکییە گشتییەکاندا هەیە.

**پێنجەم:** هەر کەسێك بەهۆی کارەکەیـەوە سـوکایەتی بەرۆژنامـەنووس بکـات، یـان دەسـتدرێژیی بکاتـە سـەر، ئـەوا هـەمان ئـەو سـزایە دەیگرێتـەوە کـە بـۆ دەسـتدرێژیکردنە سـەر فەرمانبـەرێك لـەکاتی یـان بـەهۆی بـەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە.

**شەشەم:** ئەگـەر گۆڕانکارییـەکی بنـەڕەتی لەسیاسـەتی ئـەو رۆژنامەیـە روویـدا کـە رۆژنامەنووسەکە کاری تێدا دەکات، یـان بـارودۆخی گرێبەسـتیەکەی گـۆڕا، رۆژنامـەنووس بـۆی هەیـە ئـەو گرێبەسـتە یەکلایەنـە هەڵبوەشـێنێتەوە، بەمـەرجێك ٣٠ رۆژ پـێش ئـەو هەڵوەشـاندنەوەیە ئاگـاداری رۆژنامەکـە بکاتەوە، بێ ئەوەی مافی رۆژنامەنووسەکە لەقەرەبووکردنەوەدا بفەوتێ.

**حەوتەم:** پێویستە دەزگاکانی رۆژنامەگەریو بەڕێوەبەرایەتیی رۆژنامەکان پابەندی هەموو ئەو مافانە بن کە لەیاسا بەرکارەکانو گرێبەستی پەسندکراو لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسان بۆ رۆژنامەنووسان دیاریکراون.

**هەشـــتەم:** لەبارێکـدا ئەگـەر رۆژنامـەنووس هـەموو مۆڵەتـە ئاسـاییەکانی، یـان هەندێکیانی دوای کۆتـایی سـاڵی دارایـی وەرنـەگرتبوو، ئـەوا ئـەو پارەیـەی پێدەدرێ کە دەیکەوێ، بەمەرجێك لەموچەی مانگێکی پتر نەبێت.

**نۆیەم:** لەکاتی تووشبوونی رۆژنامەنووس بەنەخۆشیو پێکان لەکاتی راپەڕاندنی ئەرکەکەی، یان لەپێناویدا، ئەو دەزگا راگەیاندنەی کاری تێدا دەکات، خەرجی چارەسەرکردنی دەکەوێتە ئەستۆ.

**دەیەم:** ئەگەر رۆژنامەنووس لەرۆژانی پشووی فەرمیدا کاریکرد، پێویستە ئەو دەزگا رۆژنامەگەرییەی کاری تێدا دەکات قەرەبووی ماددی ئەو رۆژانەی بۆ بکاتەوە، بەبڕی کرێی دوو رۆژ بۆ هەر رۆژێك.

## بەشی پێنجەم
## پشتئەستوری (الحصانة)

**مادەی هەشتەم:**

**یەکەم:** لەکاتی گرتنەبەری رێکاری یاسایی بەرامبەر بەرۆژنامەنووس، لەو کاتەی کە بەکارێك تۆمەتبار دەکرێت پەیوەندیی بەپیشەکەیەوە هەیە، سەندیکای لێ ئاگاداردەکرێتەوە.

**دووەم:** نابێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ رۆژنامەنووس بکرێ، یان شوێنی کاروماڵەکەی بپشکنرێت، لەبەر ئەو هۆیەی لەبڕگەی (یەکەم)ی ئەم مادەیەدا هاتوە، مەگەر بەبڕیارێکی دادوەریی نەبێتو نەقیب، یان ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی جێی دەگرێتەوە، بۆی هەیە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئامادەبێت.

**سێیەم:** لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی سزاییدا، نابێت دێکۆمێنتو زانیاریو بەیاننامەو پەڕاوگەکانی رۆژنامەنووس بەبەڵگەی تۆمەتبارکردن لەدژی بەکاربهێنرێ، تەنیا مەگەر پەیوەندییان بەبابەتی سکاڵای تۆمارکراو لەدژی رۆژنامەنووسەوە هەبێت.

**چوارەم:** نووسینو بڵاوکردنەوە لەسەر کارەکانی فەرمانبەر، یان کەسێکی راسپێردراو بۆ خزمەتگوزاریی گشتی، یان سیفەتی نوێنەرایەتیی گشتی هەبێ، تاوان نیە، ئەگەر هاتو بڵاوکردنەوەکە لەچوارچێوەی کاری فەرمانبەریو خزمەتی گشتیو نوێنەرایەتی دەرنەچێت، بەو مەرجەی بەڵگەی سەلمێنەری دانەپاڵییان لەسەر هەبێت.

**پێنجەم:** نابێت دوای تێپەڕبوونی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لەمێژووی بڵاوکردنەوە هیچ جۆرە ڕێکارێکی یاسایی لەبەرامبەر ڕۆژنامەنووس بگیرێتەبەر.

**مادەی نۆیەم:**

**یەکەم:** ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر، بەبڕێك پارە سزا دەدرێن کە لە(١,٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمترو لە(٥,٠٠٠٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار پتر نەبێت، کاتێك یەکێك لەم خاڵانەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

١- چاندنی تۆی ڕق و کینەو لێکترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵ.

٢- سوکایەتیکردن بەبیروباوەڕو ڕێورەسمە ئاینیەکان.

٣- سوکایەتیکردن بەسیمبول و پیرۆزییەکانی هەر ئاین و ئایینزایەك و لەکەدارکردنیان.

٤- هەربابەتێك پەیوەندیی بەنهێنیەکانی ژیانی تایبەتی تاکەوە هەبێ، هەرچەندە ڕاستیش بێت، بەڵام بڵاوکردنەوەی ببێتە هۆی لەکەداربوونی.

٥- جنێودان و توانجی ناڕەواو ناوزڕاندن.

٦- هەر بابەتێك زیان بەڕێکاری لێکۆڵینەوەو دادوەری بگەیەنێت، تەنیا مەگەر دادگا ڕێگای بەبڵاوکردنەوەی دابێت.

٧- پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی بەڵێننامەی (میثاق شرف)ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٥٤)ی هەموارکراو کە پاشکۆی ئەم یاسایەیە.

**دووەم:** ڕۆژنامەی بڵاوکەرەوە بەبڕێك پارە غەرامە دەکرێت کە لە(٥,٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمترو لە(٢٠,٠٠٠٠٠٠ ) بیست ملیۆن دینار پتر نەبێت، ئەگەر یەکێك لەوانەی لەبڕگەی (یەکەم)دا هاتوە بڵاوکردەوە.

**سێیەم:** لەکاتی دووبارەکردنەوەدا، دادگا بۆی هەیە سزا داراییەکەی زیاد بکات، بەمەرجێك لەدوو هێندەی پارەی سزاکە کە لەبڕگەکانی (یەکەم)و (دوەم)ی سەرەوەدا هاتوون پتر نەبێت.

**چوارەم:** داواکاری گشتی و زیان پێ گەیشتوو بۆیان هەیە بەپێی یاسا داوا تۆماربکەن.

**مادەی دەیەم:**

حوکمەکانی مادەی (نۆیەم) ئـەو رۆژنامـەو چـاپکراوانە ناگرێتـەوە، کـە بەمەبەسـتی زانـستیی تـەواو لەلایـەن دەزگـا حکـومیو زانکۆکـانو سەنتەرەکانی تۆژینەوەی زانستی دەهێنرێن.

**مادەی یازدەم:**

هـەر بابـەتێك لەسەرچـاوەکانی دەرەوەی هـەرێم وەرگیرابێـت، یـاخود وەرگێڕدرابێت، لەبەرپرسیارێتیی تاوانەکانی بڵاوکردنەوە نابوردرێت.

**مادەی دوازدەم:**

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**(حوکمە کۆتاییەکان)**

**مادەی سیازدەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانو لایەنـە پەیوەندیـدارەکان پێویـستە، حوکمـەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**مادەی چواردەم:**

ئــەم یاســایە، لــەرۆژی بڵاوکردنــەوەی لەرۆژنامــەی فــەرمی (وەقــائیعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێ.

**عەدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

## هۆیە پێویستەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

ئەمڕۆ ڕۆژنامەگەری، لەکۆمەڵگای کوردستانیو نێودەوڵەتیدا گرنگیەکی زۆری هەیەو، ئاسۆیەکی فراوانی لەئازادی لەبەردەمدایەو، ئەمەیش وای خواستوە یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربچێت، تاکو کاری ڕۆژنامەگەری بەجۆرێکی وا ڕێك بخات کە لەگەڵ گیانی سەردەمو گەشەسەندنەکانیدا بگونجێو وابکات هاووڵاتی ئاگاداری ڕاستیی ڕوداوەکان بێتو لەپێناو دابینکردنی پێداویستیەکانی ئازادیی ڕۆژنامەگەری بەرونیو پیشەییو دەربڕینی بیروبۆچوونەکان بۆ بەشداریکردنێکی کاریگەر لەدامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنیو رەخساندنی پرەنسیپەکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ، ئەم یاسایە دانرا.

## پاشكۆی (١١)
## پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان

پشت بەم راگەیەنراوە جیهانییە دەبەستریت وەك پێوەرێك بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی پیشەیی رۆژنامەنووسان کە بریتییە لەکۆکردنەوەو گواستنەوەو دابەشکردنی زانیارییەکان، سەرەرای ئەوانەی کە لێدوان‌و بەدواداچوونیان لەسەر هەواڵەکان هەیە، لەکاتی باسکردنی روداوەکاندا:

١. یەکەمین ئەرکی رۆژنامەنووس بریتیە لەرێزگرتن لەراستی‌و مافی جەماوەر بۆ گەیشتن بەراستییەکان.
٢. رۆژنامەنووسان لەمیانەی بەجێگەیاندنی کارەکەیاندا هەمووکات داکۆکی لەئازادی دەکەن، ئەویش بەگواستنەوەی راست‌و دروستیی هەواڵەکان‌و بڵاوکردنەوەیان، هەروەها مافی رادەربڕین‌و رەخنەگرتنیان هەیە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە.
٣. رۆژنامەنووس ئەو هەواڵانە تەنها بەپێی دڵنیابوونی لەسەرچاوەکان بڵاودەکاتەوەو بۆی نیە زانیاریی گرنگ بشارێتەوە، یاخود بەڵگەنامەکان بشێوێنێت.
٤. پێویستە رۆژنامەنووس بۆ دەستخستنی هەواڵ‌و وێنەو بەڵگەنامە، رێگای دروست‌و رەوا بگرێتەبەر.
٥. دەبێ رۆژنامەنووس ئەوپەری توانا‌و وزەی خۆی بەکاربهێنێت، لەپێناو راستکردنەوەو هەموارکردنی ئەو زانیارییانەی کە بەشێوەیەکی ناڕاست‌و نادروست بڵاوکراونەتەوەو خراپ‌و زیانبەخشن.
٦. پێویستە رۆژنامەنووس رەچاوی پاراستنی نهێنییەکانی پیشەکەی بکات‌و سەرچاوەی ئەو زانیارییانە بپارێزێ کە داوای لێکراوە نەیاندرکێنێ.
٧. دەبێ رۆژنامەنووس هۆشداربێت لەو مەترسییانەی رەنگە لەئاکامی ئەو جیاکاری‌و ناکۆییانە بێتە ئاراوە کە لەوانەیە بەهۆی راگەیاندنەوە رووبدات.. هەروەها هەموو تواناکانی بخاتەگەڕ، بۆ رێگرتن لەو بانگەشانەی کە لەوانەیە

بنەمایـەکی ڕەگەزپەرسـتی، زمـان، ئـایین، یـاخود بـیروڕای سیاسـیو هـەر بیروباوەڕێکی دیکە، یان جیاوازیی ناسنامەو بنەچەی کۆمەڵایەتی هەبێت.

٨. دەبێ ڕۆژنامەنووس ئەوە باش بزانـێ کـە هەنـدێ کـارو ڕەفتـار سـنوربەزاندنی ترسـناکی پیـشەکەیەتی، لەوانـە: سـاختەکاری (إنتحـال)، لێکدانـەوە بـەنیازی خـراپ، بوختـان، تانـەو تەشـەر، تۆمـەتی بـێ بنـەما، بـەرتیلوەگرتن بـۆ بڵاوکردنەوە، یان شاردنەوەی زانیارییەکان.

٩. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە شایستەی ئـەو پیـشەیەن، پێویـستە بڕوایـان هـەبێ، ئەرکی ئەوانە ڕەچاوی پاراستنی ئەو پرەنسیپانە بکەن کـە باسـکران، ئـەویش لەچوارچێوەی یاسای گشتیی هەر وڵاتێکدا..

سـەبارەت بەمەسـەلە پیـشەییەکانیش، پێویـستە ڕۆژنامـەنووس ڕەچـاوی سەربەخۆیی هاوکارانی بکات، بەبێ دەستێوەردانی حکومەتو لایەنەکانی تر..

**ئـەم پەیماننامەیـە لەسـاڵی ١٩٥٤ لەلایـەن ئەنجومـەنی جیهـانیی فیدراسـیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسانەوە ڕاگەیەنرا، دواتـر لەسـاڵی ١٩٨٦ لەلایـەن هـەمان ئەنجومەنەوە هەموارکراوە.**

## پاشكۆی (١٢)

## بەياننامەی كاری رۆژنامەنووسی

١- پابەندبوون بەبەها رۆژنامەوانیەكان، بوێری، راستگۆیی، بێلايەنی.

٢- رەچاوكردنی باری دەرونيی جەماوەر لەبڵاوكردنەوەدا.

٣- رێزگرتن لەبیروباوەڕە جیاوازەكانو ژيانی تايبەتی تاك.

٤- رۆژنامەنووس هەواڵ وەك پڕوپاگەندەی بازرگانی، يان سياسی، يان ئايدۆلۆژی بەكارنەهێنێت.

٥- بەكارنەهێنانی رۆژنامەوانیی بۆ بەرژەوەنديی تايبەت.

٦- هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر هەر پێشێلكردنێكی مافو ئازادييەكانی رۆژنامەنووسان.

٧- رۆژنامەنووس رۆڵی دەبێت لەقوڵكردنەوەی گيانی پێكەوەژيانو لێبوردەيی.

٨- پاراستنی سەرچاوەكانی هەواڵو زانياریو شەفافبوون لەمامەڵەكردن لەگەڵ ئەو سەرچاوانەدا.

٩- پابەندبوون بەمافەكانی مرۆڤ، بەپێی جاڕنامە جيهانييەكان.

## پاشکۆی (١٣)

# پرۆژەی پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسانی کوردستان

١- رۆژنامەنووس لەمیانی پەیڕەوکردنی کارەکەیدا رەچاوی بەرپرسیارێتی دەکات، ئەو بەرپرسیارێتیەی، کە پەیامەکەی بەرامبەر کۆمەڵگە خستوویەتە ئەستۆ.

٢- رۆژنامەنووس لەگەیاندنی هەواڵو زانیارییدا راستگۆ دەبێتو وردبینی زۆر بەکاردەهێنێت، لەپێناو سەبقی رۆژنامەنووسیو وروژاندنی شەقامو زیادکردنی تیراژو فرۆشو بازاڕپەیداکردن متمانەی خۆی بەرامبەر وەرگر لەدەستنادات.

٣- رۆژنامەنووس لەداڕشتنی هەواڵو پێشکەشکردنی زانیاریدا، سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت.

٤- رۆژنامەنووس داکۆکی لەئازادی دەکاتو لەبەدەستهێنانی داتاو زانیارییدا ئازا دەبێتو ئەو ئازایەتییەش لەرادەربڕیندا، دواجار بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی رادەربڕین بەکاردێنێت.

٥- رۆژنامەنووس بۆ مەرامی درێو و بەرژەوەندیی تایبەتی سود لەئازادیی رادەربڕینو مافی رەخنەگرتن وەرناگرێت.

٦- رۆژنامەنووس لەداڕشتنو بڵاوکردنەوەدا بێلایەنی پیشەیی دەپارێزێتو جیاکاری لەنێوان بابەتو روداوەکاندا ناکات.

٧- رۆژنامەنووس سەرچاوەکانی هەواڵو زانیاریی ئاشکرا ناکاتو نهێنیپارێز دەبێت.

٨- رۆژنامەنووس لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجی گەورەی ئێتیکیدا، هەوڵی بەدەستهێنانی هەواڵو زانیاریو وێنەو بەڵگەنامە دەدات.

٩- رۆژنامەنووس لەرومالّکردنی روداو و گواستنەوەی زانیارییەکاندا دەستپاکو سەرراست دەبێتو دڵنیاییو بابەتیبوون لەبەرچاو دەگرێتو زانیاریی گرنگ ناشارێتەوەو بەڵگەنامەکان ناشێوێنێتو بابەتی رۆژنامەنووسی دیکە ناکات بەهی خۆیو لەکاتو شوێنی پێویستدا ئاماژە بەناوی سەرچاوە دەکات.

١٠- رۆژنامەنووس هەوڵی جیددی دەدات بۆ راستکردنەوەی ئەو زانیاریانەی بەشێوەیەکی نادروست بڵاوکراونەتەوەو زیان بەبەرژەوەندیی گشتی دەگەیەنن،

هەروەك مافی راستکردنەوەو رونکردنەوەو وەڵامدانەوەیش بۆ ئەو کەسو گروپو لایەنو دەزگایانەش دەستەبەردەکات کە پێیانوایە لەمیانی بابەتێکەوە زیان بەناو و ناوبانگیان گەیشتوە، یان زانیاریی ناو بابەتێك لەبارەیانەوە هەڵەی تێدابوە.

١١- رۆژنامەنووس تایبەتیبوونی ژیانی کەسەکان رەچاو دەکات.

١٢- رۆژنامەنووس دادوەرانە مامەڵە لەگەڵ مەتریاڵە رۆژنامەنووسییەکان دەکاتو هەوڵنادات حەزی ئەنجامدان یان دووبارەکردنەوەی تاوانو توندوتیژیو کاری دزێو لای وەرگر دروستو گەورە بکات.

١٣- رۆژنامەنووس پیشەو ناسنامەکەی لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتیدا بەکارناهێنێتو ساختەکاری ناکات، وەکچۆن هەموو بەرتیل، دیاری، بانگهێشتێك کە نێگەتیڤانە کاربکاتە سەر کارەکەی، قبوڵناکاتو لەرێگەی پیشەکەیەوە هاوکاریی دەزگایەکی سیخوڕی، یان لایەنێك ناکات دژی لایەنێکی دیکە، بەجۆرێ کاربکاتە سەر بەرژەوەندیی گشتی.

١٤- رۆژنامەنووس رێز لەراستیو پرەنسیپی مافی زانینو مافی خەڵك لەگەیشتن بەزانیاریەکانو هەموو دیدو ئاراستە جیاوازەکانی کارکردنو بیرکردنەوە دەگرێتو مافی رادەربڕینیشیان بەبێ جیاوازی بۆ فەراهەمدەکات.

١٥- رۆژنامەنووس مافەکانی مرۆڤو بەها مرۆییەکان دەپارێزێتو هەوڵی قوڵکردنەوەی گیانی دیموکراسی، سەروەریی یاسا، لێبوردەیی، تەبایی، پێکەوەژیان، پێشکەوتنو بەرژەوەندیی گشتی دەدات.

١٦- رۆژنامەنووس هەرگیز بیر لەوەرگرتنی پۆستی هاوکارێکی ناکاتەوە، یان ئەو جێگەیە بەمەرجێکی کەمتر وەرناگرێتو رێگا بۆ دەرکردنی هاوپیشەکەی خۆشناکات.

١٧- رۆژنامەنووس رەچاوی ئەو پرەنسیپە یاساییە دەکات کە دەڵێت: "تۆمەتبار بێ تاوانە، تا ئەو کاتەی تۆمەتبارکردنی لەداگا دەسەلمێنرێ".

١٨- رۆژنامەنووس کار لەسەر بزواندنی هەستو سۆزی وەرگر ناکاتو لەروداو و بابەتە جیاوازەکاندا چەواشەیان ناکات.

**پاشکۆی ژ (١٤)**

**لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامە رۆژانەو هەفتانەکانی هەرێمی کوردستان**


هەواڵ
Hewal
256
7th Year 24 November 2007
(٧٥٠) دینار
www.hewalnews.net
www.hewalnews.org
ساڵی حەوتەم ٢٤ ی ت٢ ٢٠٠٧

ئەمریکیەکان ئامادەن بودجەی بۆ دابین بکەن

# حکومەتی ئەلمالکی ڕێگرە لەکردنەوەی فرۆکەخانەی مەدەنی لەکەرکوک

## جموجۆڵی ئیسلامیەکان لە زانکۆی سلێمانی تەشەنەدەکات

## بارەگای سەرەکیی لەفەرەنسایە تەلەفزیۆنی ئاسمانی کورد تیڤی دادەمەزرێت

## وەزارەتی پەروەردەی هەرێم ١٣٧ بڕوانامەی تەزویری مامۆستایان ئاشکرا دەکات

## مووچەی ٢٩٠٠ کەس لە کەس و کاری شەهیدان دەبڕدرێت

## ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی پێنجەمیان دەکەن دوای دەستگیرکردنی (منشد العاصی) عەرەبەکانی کەرکوک یەکدەگرنەوە

## قەرەبووی زیندانیانی سیاسیی دەکرێتەوە

## قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی هەولێر خۆپیشاندانیان کرد



جەماوەر

ژمارە (247) - دووشەممە 5 / 11 / 2007

نرخی (500) دینارە

رۆژنامەیەکی ... زادە

رۆژانە نزیکەی 270 کەسی بیانی لە سلێمانی ئیقامە وەردەگرن

200 ملیۆن دانە لە ئەلبومەکەی سیلن دیۆن فرۆشراوە

# پێشنیار دەکرێت
# تیرۆریستە دەستگیرکراوەکان بدرێنە دەزگا ئەمنیەکانی کوردستان

## وەزیرێک بۆ مانگێک زیاتر لە 4 ملیۆن دینار بۆ بەنزین و کارتی مۆبایل خەرج دەکات

## 77کەس بریاری لە سێدارەدانیان هەیە
## 6مانگە لە چاوەڕوانی سوککردنی حوکمەکەیانن

## لە روونکردنەوەیەکدا داواکاری گشتی
## هەندێ دادوەر بە یاوەری ستەم وەسف دەکات

لەبەرامبەر ئازادکردنی 8 دیلی تورک

## پەکەکە داوای خۆشکردنی شوێنی ئۆجەلان دەکات

جەماوەر ئۆنلاین

www.jamawar.net



بڵاوکراوەی پێشەیی و سەربەخۆیی کوردستان

# میدیا

خاوەنی ئیمتیاز: غەفوور مەخمووری

سەرنووسەر: ئاکۆ محەممەد

دوو پرۆژە بۆ قەدەخەکردنی خەتەنەکردنی کچانی کوردستان دەدرێتە پەرلەمان ل١٣

شاهیدێکی دیکە، لاپەڕە نهێنییەکانی ماڵی خانزاد هەڵدەداتەوە ل٩


ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەریدەکات

ژمارە (٣٩٦) ٢٠٠٧/٧/٣ ٥ی پوشپەڕی ٢٧٠٧ (٧٥٠) دینار


# ناکۆکی دەکەوێتەوە نێوان کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی

## مەلا ئیحسان: عەلی باپیر بۆی نییە بگەڕێتەوە ناو بزووتنەوەی ئیسلامی

## بەرپرسێکی کۆمەڵ: بزووتنەوەی ئیسلامی ساڵی ٢٠٠١ کەمینی بۆ عەلی باپیر دانایەوە

مەلا ئیحسان

حەسەن بابەکر

بڕوانە لاپەڕە (١١) و (١٨).

# بڕیاری یەکخستنەوەی ئاسایش دەدرێ

فەرهاد سەنگاوی بێژەری پێشووی ڕادیۆی گەلی کوردستان سیدیەک بڵاودەکاتەوە

# "یەکێتی پاداشتی جاش و جاسوسەکانی کردووە، نەک من"

دەقی هەڤپەیڤینەکەی لەلاپەڕە (٩)دا بخوێنەوە

# موستەشارێک دەکرێتە بەڕێوەبەری ئاسایشی خانەقین

# پەرلەمانتاران بە شوقەکانی زەکەریا ڕازی نین

وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە (١٠) دا بخوێنەوە

# حکومەتی کوردستان باجی داهات لە فەرمانبەران وەردەگرێت

# هەولێر

ڕۆژنامەیەکی گشتییە

ڕۆژنامەیەک بۆ هەموو تەمەنێک

ژمارە (٢٧٠) یەکشەممە ٢٧ی ئەپریلی ٢٠٠٨ "٢٤" لاپەڕە نرخ (٥٠٠) دینار



ئاڕاستەکانی ئەندێشەی لیبڕالیزم کولتوور 22

بۆرسە چییە؟ ئابووری 16

دهۆک نازناوی تۆپی باسکەی بەدەستهێنا وەرزش 12


بەپێی ڕاپۆرتێکی WHCR دەربارەی ڕەوشی پەنابەران لە تورکیا

## لە ئەنجامی سنوورداشکردنەوەی زۆرەملێ ٦ کەس خنکان




لە ١٨ سنووورداشکراوەکەی چوارشەممەی ڕابردوو کە ناچار بە پەڕینەوەی ئاوی خابوور کران چواریان خنکاون.

4

ئەمڕۆ ڕاهێنەرێکی نوێ دەگاتە هەولێر

## (ئەکرەم سەلمان) دەستی لە کاری مەشقی یانەی هەولێر کێشایەوە

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، دوێنێ ئێوارە، ڕاهێنەری تۆپی پێی یانەی هەولێر (ئەکرەم ئەحمەد سەلمان)، دەستی لە کار کێشایەوە و ڕایگەیاند کە داوای لێبوردن لە جەماوەری یانەکە و کوردستان و عێراق دەکات، هاوکات ئیدارەی یانەی هەولێر دەستلەکارکێشانەوەکەی قبووڵ کرد و، هاوکات بڕیاری سزادانی کۆمەڵێک لە یاریزانان و یاریدەدەرانی ڕاهێنەری یانەکەی دا، ئەمەش کاردانەوەی شکستی هەفتەی ڕابردووی یانەکە لە خولی پاڵەوانانی ئاسیا بەرانبەر یانەی پاختاکۆر بوو.

هەروەها ئیدارەی یانەکە ڕایگەیاند ڕاهێنەر (ساڵح ڕازی) شوێنی سەلمان دەگرێتەوە و ئەمڕۆ یەکشەممە بۆ گفتوگۆ کردن دەگاتە هەولێر.

**لە ژمارەی سبەیدا دەقی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە و بڕیارەکانی یانەی هەولێر بڵاودەکەینەوە.... چاوەڕوان بن.**




دۆڕانەکەی باختاکۆر بە گران لەسەر (سەلمان) وەستا

9

## لەبەر ئەوەی کچێکیان پێنەدا، ١١ کەسی کردە قوربانی

## مەترسیی سەرهەڵدانەوەی نەخۆشیی کۆلێرا لە ئارادایە

مەترسیی سەرهەڵدانەوەی نەخۆشیی کۆلێرا لە سلێمانی لە ئارادایە و بەپێی ئامارێکی یەکەی سکچوون و ڕشانەوەی نەخۆشخانەی گشتیی سلێمانی، ڕۆژانە زیاتر لە ٥٠ حاڵەت لەو نەخۆشییە تۆمار دەکرێن.

سەرچاوەیەک لە یەکەی سکچوون و ڕشانەوە، بە ڕۆژنامەی "هەولێر"ی ڕاگەیاند: "ساڵی ڕابردوو، پەتای کۆلێرا و سکچوون و ڕشانەوە، مەترسییەکی زۆری لە دڵی هاووڵاتییاندا دروست کرد و بەو هۆیەوە هەزاران حاڵەت لە نەخۆشخانەکاندا تۆمار کران، ئەمساڵیش جارێکی دیکە ئەو مەترسییە سەری هەڵداوەتەوە".

5

## نووسینگەیەکی نوێنەرایەتیی ئەڵمانیا لە هەولێر کرایەوە

لە بەیاننامەیەکدا باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە بەغدا، ڕایگەیاند کە نووسینگەیەکی نوێنەرایەتیی ئەڵمانیای لە شاری هەولێر کردووەتەوە،

سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە بەغدا، (کۆرنیلیۆس هۆبێرتس) وەک بەڕێوەبەری کاتیی ئەو نووسینگەیە دانراوە و، یەکێک لە پرۆژەکانی ئەو نوێنەرایەتییەش نووسینگەیەکی کۆنسوڵگەریی بەردەوام لە پایتەختی هەرێمی کوردستاندەبێت، کە بەو مەبەستەوە دەکردرێتەوە، پێوەندییەکانی نێوان هەردوو لا قووڵتر بکرێن.

5

## فڕۆکەکانی تورکیا پێنج جار سنووری هەرێمیان بەزاند


3

## لیستی هاوپەیمانی پشتیوانیی پێشنیازەکەی (دی میستوورا) دەکات

3

## (گرووپی مووزیکی ژێداری کوردستان)، مانگی حەوت بۆ ئەمسا دەچن

4




# رەسان RASAN

www.kurdrasan.com

هەژمار ٣٥٤

ئایەتێت قورئانێ یێت د ڤێ حەفتینامێدا هەین هیڤیە بێتە پاراستن

Email: kurdrasan@yahoo.com

Iraqi Kurdistan Duhok Twelve Year

چارشەمبی ١٦ شعبان ١٤٢٨ مش ٢٠٠٧/٨/٢٩ سالا دوازدێ

## مامۆستا ( دیندار دۆسکی ) پێشوازیێ ل سەرۆکێ رابیتا ئیسلامی یا کوردی دکەت



شڤان تەلوەیی ـ دهۆك

رۆژا پێنج شەمبی (٢٠٠٧/٨/٢٣) بەرێز (دیندار نجمان دۆسکی) ئەندامێ مەکتەبا سیاسی یا یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و (عمر بادی) ئەندامێ پەرلەمانێ عیراقێ پێشوازی ل بەرێز پرۆفیسۆر (د. علی القرداغی) سەرۆکێ رابیتا ئیسلامیی یا کوردی کر ل ئاڤاهیێ دەستەیا سەرۆکاتیا رابیتا ئیسلامی یا کوردی ل دهۆکێ.

## ل مەلبەندێ سێ یێ یەکگرتوو: پێشوازی ل سەرۆکێ رابیتا ئیسلامی یا کوردی هاتەکرن

شڤان تەلوەیی ـ دهۆك

رۆژا ئێك شەمبی (٢٠٠٧/٨/٢٦) و ل بارەگایێ مەلبەندێ سێ یێ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، پشێوازی ل پرۆفیسۆر (د. علی القرداغی) سەرۆکێ رابیتا ئیسلامی یا کوردی ژ لایێ رێزداران (دیندار نجمان دۆسکی) ئەندامێ مەکتەبا سیاسی یا یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و (عمر بادی) ئەندامێ پەرلەمانێ عیراقێ هاتەکرن.

د هەڤدیتنەکێدا بەحسێ سەروبەرێ دەڤەرێ هاتەکرن.

## ئەیاد عەلاوی: ئەزێ کاردکەم بۆ گوهورینا سیستەمێ تائیفی و قورتالکرنا عیراقێ

سەروك وەزیرێ عیراقێ یێ بەرێ (ئەیاد عەلاوی) د چاڤپێکەفتنەکێدا لگەل تێلەفزیونا (CNN) یا ئەمریکی دوپاتکر کو وی رێکەوفتنەکا ل گەل کومپانیەکا ئەمریکی یا پەیوەندییێت گشتی مورکری ب ٣٠٠ هزار دولارا بۆ دەمێ (٦) هەیڤا دا پروپاگندەیان بۆ نشتیمانپەروەرێت عیراقی یێت نە تائیفی بکەت. و عەلاوی گوت: من باوەری ب مالکی نەمایە و پروژێ وی یێ تائیفی مللەتێ عیراقێ وێران کر و میلیشیات ب سەر دەولەتێ ئێخستن. هەژیە بێژین سەرۆك وەزیرێ عیراقی رەخنەیێت دژوار ئاراستەی وەزیرێ دەرڤە یێ فرەنسی و هیلاری کلێنتون و چەند ئەندامێت دی یێت کونگرێسی ئەمریکی کربوون کو داخاز کربوون حوکمەتا مالکی بێتە گوهورین.

## یونان یا دسوژیت و هەوار دکەت

ئاگرێ دژوار و بەلاڤ ئەوێ ئەڤە ل دەسپێکا ڤێ حەفتیێ بەربوویە دەڤەرێت دارستانا ل ژێری و روژئاڤا یونان کو پتر ژ (٧٠) کەسا گیانێت خۆ ژ دەست داین و سوتین و (٥٥٠) خانی و دورێت هزار هکتارێت عەردی ژ دارستانا یێت سوتین و لەشکەرێ یونانی ب فروکەڤە پشکداریێ د ڤەمراندنێدا دکەن،.

سەرۆك وەیزرێن یونانی سێ رۆژا بەهیا رەسمی راگەهاند و سەروبەرێ تەنگاڤیان ا بارا پتر دەڤەرێت یونانی راگەهاند و داخازا هاریکاریێ ژ ئێکەتیا ئەوروپی کر بۆ قورتالکرنا خەلکێ وان گوندێت ئاگر بەرەف وان دچیت و هاتینە دورپێچ کرن و گەلەك گوندێت هاتینە ڤالاکرن ژ خەلکێ وان.

دەستهەلاتێت یونانی دبێژن هندەك کەسێت تاونبار ئەڤ ئاگرە یێ هەلکری وملیون دولار یێت ترخان کرین بۆ هەر کەسێ پێزیانیا بدەت ببنە ئەگەرێ گرتنا تاوانباران.

## شاندەکێ کوردی بەری را پورتا کرۆکەر دێ گەهیتە واشنتن

شیرەتکارێ راگەهاندنێ د پەرلەمانێ هەرێما کوردستانیدا بۆ ئاژانسا (اصوات العراق) راگەهاند: بەری راپورتا (کرۆکەر ـ پاتریۆس) بێتە پێشکێشکرن بۆ رێڤەبەریا ئەمریکی ل دور ئستراتیجیا ئەمریکی یا نوی د عیراقێدا، دێ شاندەکێ کوردی ژ پارتی و یەکێتی سەرا واشنتن دەت دا را و بوچونێت کوردا و کا چ ژ عیراقێ دڤێت کەهینیتە رێڤەبەریا ئەمریکی، ئەندامێ هەڤپەیمانیا کوردستانی (د.مەحمود عوسمان) گوت: نیشان یێت هەین ئەو راپورت د بەرژەوەندیا کوردادا نابیت، نە ل دور مادێ (١٤٠) و نە یاسایا نەفتێ، ژ بەر هندێ دڤێت کورد بۆچیینێت خۆ بگەهیننە کونگرێسی بەری راپورتا (کرۆکەر پاتریوس) ل (١٥)ی ئیلۆنا بێت بێتە پێشکێشکرن.. و گوت: (پاتریوس) بەری نوکە ل میسل بوو و هەلویستێت وی لگەل کوردا دباش نەبوون.

## کوردێت باکوری ژی دێ ب زمانێ خۆ خوینن

ل دویڤ رەشنڤیسێ دستورێ مەدەنی یێ نوی ئەوێ پارتا داد و گەشەپێدان بەرهەڤکری ، دێ ب شێوەیەکێ رەسمی رێ بۆ کوردان ژی ڤەبیت ب زمانێ خۆ بخوینن و راگەهاندنا خۆ بەلاڤ کەن. دستورێ نوی دبێژیت: (ژێك جوداهیا رەوشەنبیریان، زەنگینەکا رەوشەنبیریە).. هەروەسا بوچوونا وەلاتینیێ یا کەڤن و گەلەك گەنگەشە ل سەرهەی، دێ هێتە گوهورین کو مادێ (٦٦)ێ ژ دستورێ بەرێ دگوت: (هەرکەسێ ددەولەتا تورکیادا، تورکە).. و د دستورێ نویدا ئیعتیراف ب هەمی نەتەوەیان دهێتە کرن و ب زمانێ خۆ بخوینن و تورکی دێ مینیت زمانێ فەرمی یێ دەولەتێ، و ئەگەر ئەڤ دستورە هاتە پەسەندکرن د پەرلەمانیدا، دێ ل کوردستانێ ب کوردی ڤەبن. هەژیە بێژین نەتەوە پەرێسێت تورك ب وی دستوری درازی نینن.

## پەرلەمانێ کوردستانێ کومبوونەکا نە ئاسایی گرێدا



پشتی بومبەبارانکرنا گوند و دەڤەرێت سەر توخیبێ هەرێما کوردستانێ زێدە بووی و ڤەکێشایی ژلایێ هێزێت ئیرانی و تورکی، پەرلەمانێ کوردستانێ بێنڤەدانا خۆ یا هاڤینێ راوستاند و رۆژا سێ شەمبی (٨/٢٨) کومبوونەکا نە ئاسایی گرێدا بۆ بەحسکرن و دەستنیشانکرنا پێنگاڤ و پێرابونێت پێدڤی بۆ چارەسەرکرنا کێشەیا زێدەگاڤیا ژلایێ لەشکەرێ تورکیا و ئیرانێ ب هەجەتا لێدانا چەکدار و بارەگەهێت پارتا کارکەرێت کوردستانێ یا کوردێت تورکی و پارتا ژیانا ئازادا کوردستانێ یا کوردێت ئیرانێ د ئاخا هەرێما کوردستانێدا.

## ( کتائب ثورة العشرين ) دوژمنێت دوهی دوستێت ئەڤرونە

سەرکردێ هێزێت هەڤپەیمانان ل پارێزگەها دیالا (دیڤید سادەرلاند) گوت: مە باوەری یا ب وەلاتپەروەری و دلسوزیا چەکدار و سەرکرداتیا (کتائب پورە العشرین) هەی، ئەوێت پشکداریەکا باش لگەل هێزێت عیراقی و ئەمریکی کری د چەسپاندنا ئێمناهییێدا ل پارێزگەها دیالا.. سەرکردێ لەشکەرێ عیراقی ل دیالا (لیواء عەبدلکەریم ئەلروبەیعی) گوت: ل نێزیك دێ سەرکرداتیا سیاسی یا عیراقی بریارەکێ دەت ب وەرگرتنا چەکدارێت شورەشا ٢٠ێ ناڤ پولیس و لەشکەرێ عیراقیدا و ئەڤ رێکخستیا عیراقی بەری نوکە شەرێ هێزێت ئەمریکی ب تنێ دکر و شیعە و سوننا ب خوڤە دگریت.


نوێ
NIWÊ
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی سیاسی گشتییە
تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراق
بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستان دەریدەکات

ئەمڕۆ پلانی ئەمنی شاری بەغدا جێبەجێ دەکرێ

حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری کێشەی پەنابەرە فەلەستینییەکان دەکات

کورد لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا

## مستخلص البحث

يعد تحديد حدود حرية التعبير في الصحافة الكوردية من المسائل المهمة والضرورية، كون الصحافة قد ترتبط بالمجتمع بصورة حساسة ووطيدة، كما ترتبط ارتباطاً مباشراً بالمواطنين والانظمة السائدة، خصوصاً وأن الدول التي تتمتع بأنظمة ذات سلطات متعددة وقوانين ثابتة تتناسب مع روح العصر والمصالح العامة تصبح الصحافة فيها (السلطة الرابعة).

ان تقويم الصحافة الكوردية يمكن تأطيره في اطار اختيار حرية التعبير في الصحافة الكوردية، كون هذا المجال قد مر بمرحلة تأريخية تمتد لأكثر من قرن و هي تجربة تخللتها قيود سياسية و قانونية و ادارية كثيرة حدت من حريتها في كثير من الفترات، ولم تتنفس الصحافة الكوردية الصعداء الا بعد قيام تجربة إقليم كوردستان العراق منذ إنتفاضة اذار ١٩٩١، و منذ ذلك الوقت وبعد أن انبثق عدد كبير من القنوات الإعلامية برؤى مختلفة فان النظومة الإعلامية في إقليم كوردستان بشكل عام أصبحت خليطة بين نظريات السلطة والحرية والمسؤولية الاجتماعية، بمعنى أنها لا تتمتع بوضح مستقر وهي لا زالت في المرحلة الانتقالية، وهو ما دفع بالباحث الى محاولة التعمق في هذا الموضوع من خلال هذا البحث.

وتكمن مشكلة البحث من خلال الإجابة على هذا التساؤل: هل لحرية التعبير وجود في صحافة إقليم كوردستان؟ وإذا وجدت هل يمكن وصف مثل هذه الحريات بانها حريات مطلقة أم نسبية؟

ويهدف البحث الى تحديد حدود حرية التعبير في الصحافة الكوردية في إقليم كوردستان.

أما عن النمط البحثي الذي اعتمده الباحث فإنه يتأطر في النوع الوصفي، والمنهج المعتمد في البحث يتخلص في المنهج المسحي، وبهدف الوصول الى تحديد حرية التعبير في الصحافة الكوردية بعد إنتفاضة إقليم كوردستان حاول الباحث تقويم العوامل السياسية والإجتماعية والإقتصادية والتأثيرات التي تتركها على حرية

التعبير وقراءة الدستور والقانون وأخلاقيات العمل الصحفي من جهة وآراء هيئات التحرير للصحف اليومية والاسبوعية من جهة أخرى، وذلك من خلال تفريغ إجاباتهم للإستمارة الاستبيانية التي وزعت عليهم.

إن أهم المصادر التي إعتمدت في هذا البحث يتم تقسيمها الى مجموعة: الاطاريح والرسائل الجامعية، الكتب باللغات الكوردية، العربية، الانجليزية، الفارسية والالمانية، والمواقع الالكترونية، اللوائح الدولية والاقليمية، الدساتير والقوانين المتعلقة بالصحافة والإعلام في الدول المختلفة، والصحف والمجلات التي تناولت هذا الموضوع مع الأخذ بنظر الإعتبار طرح الابعاد المختلفة لحرية التعبير.

وتناول هذا البحث مواضيع عدة، تم تأطيرها في إطار اربعة فصول، تناول الفصل الأول الإطار المنهجي للبحث مستعرضاً عنوان البحث، دواعي تناول البحث، مشكلة وتساؤلات وفرضيات البحث، أهداف البحث، نوع البحث ومنهجه، طرق البحث وأدواته، مجالات البحث وحدوده، مجتمع البحث وعينته، الدراسات السابقة، صعوبات البحث وتحديد المفاهيم والمصطلحات.

أما الفصل الثاني فقد عني بتطور مفهوم حرية التعبير وعناصرها ووظائفها، من خلال تسليط الضوء على الجذور التأريخية لحرية التعبير في العصور المختلفة (القديمة، المتوسطة، الحديثة)، وإستعراض حرية التعبير في النظم السياسية المختلفة.

وقد تم تخصيص المبحث الثالث لإستعراض العوامل المؤثرة في حرية التعبير للصحافة الكوردية للمدة من عام ١٩٩٣-٢٠٠٧، وذلك من خلال إبراز العوامل السياسية، الإجتماعية، والإقتصادية وكذلك العوامل القانونية والاخلاقية والمهنية.

أما الفصل الرابع فتناول الجانب الميداني لمسألة حدود حرية التعبير للصحافة الكوردية في إقليم كوردستان من منظور الصحفيين أنفسهم وذلك عن طريق نتائج الإستمارة الاستبيانية التي وزعت عليهم.

وقد توصل الباحث الى مجموعة من النتائج، من أهمها: إن حرية التعبير للصحافة الكوردية في إقليم كوردستان هي حرية نسبية، لأن المؤسسات الامنية

والحزبية والحكومية تتدخل في شؤون الصحفيين وتحد مـن حـريتهم، كمـا وأن هنـاك عوامل كثيرة أخرى تؤثر سلباً على حرية التعبير منهـا علـى سـبيل المثـال تـأثيرات الدول المجاورة، العادات والتقاليد، الظروف الاقتصادية، الـدين، اللامهنيـة، الحركـات الاسلامية الاصولية، كما يتخوف الصحفيون في إقليم كوردستان عند إبداء آرائهم من الاجهزة المعنية للحكومة والاحزاب، ناهيك عن أن الصحفيين أنفسهم قد يتخطـون في بعض الاوقات حدود الحرية المسموحة أمامهم. وقدم الباحث مجموعة من التوصيات بهدف توسـيع رقعـة حريـة التعـبير في الـصحافة الكورديـة مـع الاخـذ بنظـر الإعتبـار الجوانب والمفاهيم الضرورية للحرية.

// Abstract

This study attempts to analyze and identify the limit of freedom of expression in journalism since it's a very important subject due to the fact that journalism is a sensitive aspect in every society and directly relates to citizens on the one hand, and to the executive system on the other. Like a country having its own separate independent system, compatible laws that suits with age, changes and interests, likewise something under the title of (the fourth estate) will emerge and familiarize itself, journalism can play the role of expressing free speech via journalists, like freedom of expression in itself is considered to be press freedom, and it is digression from entirety to the parts, development of the concept of freedom of expression has seen as a start to the history of fee media.

Moreover, selecting freedom of expression in Kurdish press in this respect has a history which denotes historically Kurdish press has been experiencing a century in freedom of expression but as estimating their duty, there is a long way to go, and apart from this, Kurds had lived under occupation, nevertheless due to the uprising in the south of Kurdistan that generated a sort of freedom in the press by establishing free media institutions that had diverse perspectives. The system of Media in Kurdistan region is generally a mixture of the theories of power, freedom, and social accountabilities which is characterized by instability and is still experiencing the transitional period. This fact, derived the researcher to conduct a research in this regard and about freedom of expression in Kurdish press: this research asks whether Kurdistan region is prepared? Is the preparation absolute, or relative?

Identifying the limits of freedom of expression has practiced its significance in the Kurdish press.

The research is conducted in four parts, through espousing descriptive and surveying method to reach the ultimate objective that is identifying the limits of freedom of expression in the Kurdish press. It's, furthermore,

summarized to analyzing the situation as far as freedom of expression in the Kurdish press is concerned after the Kurds' uprising under the influence of political, social, economical, and constitutional reasons, as well as journalism ethics on the one hand, and reading, evaluating, analyzing and finally filling the articles of the questionnaire survey by experts, and staff in daily, and weekly newspapers in Kurdistan region, on the other hand.

As the Researcher through practical and theoretical theories presenting the concept of freedom of expression and the development of the stages, place and its position amidst the diverse political system, analyzing the influencing factors and interpreting the result of the parts it has reached to important conclusions and have a group of views with the aim of expanding the freedom of expression in the Kurdish press in one hand and into considering necessary concepts in freedom has been presented on the other hand.

The important sources that have been consulted generally divided in to Kurdish and Arabic ones, scientific researches like doctorate thesis and many dissertation books in languages like: English, Persian, Germen, e-sources, regional and international documents, constitutional and legal system of some countries as far as journalism and media are concerned; further into newspapers, magazines in which they publish information in this regard, in each of those dissimilarities viewpoints about freedom of expression are taken into consideration. There are a lot of effects to observe important points and some of unimportant sources in the first chapter are analyzed (in the framework of the method of in research).

The content of this study a part from the introduction consist of four chapters.

The first chapter of the study specializes in the title of the study the reason of selecting the topic, the difficulty, questions and assumptions of the study, the significance of the study, its objectives, types and methods of the study, the ways and tads of the study, the scope and its limits, the study of the community and its simple, previous studies, the hindrances, and identifying the concept and terminology of the study afterwards.

In three topics (the development of freedom of expression concept) is the second part of the study by concentrating on the definition of freedom of expression concept, the elements of freedom of expression after referring back to the root of freedom of expression in era. The duty of this freedom and talks about freedom of expression in old medieval and contemporary diverse political systems like two philosophies, different strategies, in opposite, it receives legal, democratic systems and dictatorial, totalitarian systems (1993-2007) (the influencing factors of freedom of expression in Kurdish journalism). Chapter three primarily talks about political, economical, social factors first topic topics consists of three topics, the factors , each topic sheds light on legal on factors, the third topic sheds light on freedom of expression by the journalist in this specified time Kurdistan region, and we try to bring enough paper, necessary samples and documents about the factors.

The fourth chapter adapts limits of freedom of expression in which in it (Kurdish journalist in Kurdistan region through their perspective the result of each segment and analysis has been presented, general information about participant journalist has been presented and then elucidated.

The most important is the conclusion of the study as far as having freedom of expression in Kurdistan region is reactive because the party's organs like security forces are interfering in journalistic affairs, also neighboring countries, names, economical aspect, religion and religious people, non-professionalism, Islamic attitudes are having profound influence on narrowing the scope of this freedom.

In this region when journalists try to express their attitudes, they are very much scared of those in power and they do not want to face the dangers or the consequences. In articulating their ideas through the content of freedom of expression they are afraid of publishing negative reports about those responsible people in power, however, on the other hand some times journalists are trespassing the limits of freedom of expression

# چکیده‌ی بحث


آزادی  به گونه های مختلفی تقسیم بندی شده است، که شایعترین آنها عبارتند از تقسیم آزادی به آزادیهای فردی، آزادیهای عمومی. آزادیهای فردی عبارتند از آزادی سکونت، عقیده، امنیت فیزیکی و روانی، اقامت، حرکت و بیان؛ آزادیهای عمومی نیز شامل مقولات زیراند: آزادی بیان، تحقیق علمی، روزنامه نگاری، تجمع، تشکیل احزاب، سندیکا و جمعیتها.

تا قبل از صدور بیانیۀ جهانی حقوق بشر و اختصاص مادۀ ۱۹ این بیانیه به آزادی بیان و تاکید معاهدۀ بین المللی بر آزادیهای مدنی و سیاسی وتعریف این حقوق، اتفاق نظری کامل دربارۀ این آزادیها وجود نداشت.

همزمان با اشاره ای اسناد قانونی به آزادیهای عمومی و حقوق طبیعی، مجادله بر سر آزادی بیان نیز موجود بوده است.

نخستین بحث و جدل بر سر آزادی بیان نزد طرفداران قانون و حقوق طبیعی بوده، اما بعد از ثبت این حقوق در اسناد رسمی مابعد انقلاب کبیر فرانسه و انقلاب آمریکا، حقوق طبیعی به گونه ای مشخص به اسناد قانونی راه یافتند.

آزادی بیان از مبانی اصولی دموکراسی بوده و  در معاهدات بین المللی و اسناد قانونی و حقوق نیز بر حفظ و رعایت این حق تاکید شده است.

روزنامه نگاری یکی از حوزه های مهم و حساس جامعه بوده و ارتباطی مستقیم با شهرواندان از یکسو، و نظام مدیریت از سوی دیگر دارد، در کشوری نظام مند و دارای قوای تفکیک شده و قوانین مترقی، روزنامه نگاری خواهد توانست نقش قدرت چهارم را ایفا نماید نقشی که ایفای آن مستلزم وجود آزادی بیان میباشد، آزادی روزنامه نگاری نیز از مقدمات ضروری و ماهوی حضور و اجرای آزادی بیان به بیان کلی است؛ حسب این اهمیت این تحقیق کاری خواهد بود دربارۀ آزادی روزنامه نگاری.

تاکید میدان تحقیق ذیل نیز بر آزادی روزنامه نگاری در حوزۀ کردستان، به دلیل حوزۀ جدیدی است که از خلال تاریخ صد سالۀ روزنامه نگاری در کردستان و بویژه بعد از قیام مردم کردستان در ۱۹۹۱ بوجود آمده است، میباشد؛ حوزه ای که اکنون شاهد نگرشها و کارکردهای اجتماعی و سیاسی متفاوت درآن میباشیم که همین تنوع لزوم نگرشی علمی به این حوزه را ضروری می نماید.

این تحقیق شامل چهار بخش است و در آن از روش توصیفی جهت تعین حدود آزادی بیان در روزنامه نگاری کردی استفاده شده است. برای این کار نیز پس از تحلیل وضعیت آزادی روزنامه نگاری ما بعد قیام کردستان بر زمینۀ عوامل سیاسی، اجتماعی و سیاسی و با نگاهی به قوانین روزنامه نگاری و اخلاقی خاص این حرفه، از فرم نظرسنجی که توسط عوامل دست اندکار روزنامه های کردستان و تحریریه آنها پر شده است، استفاده شده است.

محقق در این رساله از هر دو وجه عملی و نظری، و پس از تعریف مفهوم آزادی بیان و اهمیت و نظریه های آن در نظامهای سیاسی جداگانه و بررسی عوامل متداخل و موثر بر آن به قصد توسعه حوزۀ آزادی بیان در روزنامه نگاری کردی سعی در ارائۀ چند پیشنهاد نیز نموده است.

بخش اول تحقیق که به چهارچوب متودیک تحقیق اختصاص یافته، شامل دوازده محور است: عنوان تحقیق، تبیین موضوع، فرضیه اهمیت تحقیق، اهداف تحقیق، نوع تحقیق، روش و ابزار تحقیق، جامعۀ تحقیق، پیشینۀ تحقیق، محدودیت های تحقیق ,تعریف اصطلاحات و مفاهیم.

بخش دوم به پیشرفت و رشد مفهوم آزادی بیان میپردازد و این فرایند در سه مرحله تبیین میشود: تعاریف، عناصر و کارکردهای این آزادی. دیرینۀ این مفهوم نیز در اعصار باستان، مقایسه ای میان آزادی بیان در نظامهای دمکراسی و دیکتاتوری و توتالیتر در سويي دیگر انجام شده است.

فصل سوم عبارت است از عوامل موثر بر آزادی بیان در روزنامه نگاری کردی (۱۹۹۳-۲۰۰۷) که خود از سه بخش تشکیل میشود: عوامل سیاسی، اجتماعی و اقتصادی. برای هر مبحث نیز اسناد و مثال ارائه شده است.

فصل چهارم نیز سویه ای میدانی دارد و به "محدودیت آزادی بیان در روزنامه نگاری کردی به روایت روزنامه نگاران" اختصاص دارد، این فصل همراه با تعیین نتایج، گزارشی از موضوعات نظر سنجی نیز آمده است.

## دوو سەرنج

- ئەم كتێبە لەبنەڕەتدا نامەیەكەو توێژەر پێشكەشی بەشی راگەیاندنی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی كردوە، وەك بەشێك لەپێداویستیەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لەراگەیاندن- رۆژنامەنووسیدا. رۆژی ٢٠٠٨/٤/٩یش لەهۆڵی (روناكی)ی زانكۆی سلێمانی، دوای نزیكەی پێنج سەعات گفتوگۆكردن بەپلەی (**زۆرباشەی باڵا**) پەسەندكرا. ئەندامانی لیژنە پێكهاتبوون لە: پ. ی. د.دلێرحەمەئەمین- سەرۆكی لیژنە، م. د. سابیر بەكر- ئەندام، م. د. سامان فەوزی- ئەندام، پ. ی. د. دلێر ئەحمەد- ئەندامو سەرپەشتیار.

- دوای گفتوگۆكردنی توێژینەوەكەو پەسەندكردنی، چەند سەرچاوەیەكی لێكەمكراوەتەوەو هەندێكیشی بۆ زیادكراوە، لەگەڵ چەند دەستكارییەكی بچوك كە بۆ چاپكردنی لەفۆرمی كتێبدا بگونجێت.

## نووسەر لەچەند دێڕێكدا

* لەدایكبووی ١٩٨٢ رانیە

* بەكالۆریۆس‌و ماستەر لەراگەیاندن، خوێندكاری دكتۆرا

* لە١٩٩٤ەوە لەبواری راگەیاندندا كاردەكات

* وانەكانی: (ئێتیكی راگەیاندن)و (پراكتیكی رۆژنامە) لەبەشی راگەیاندنی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی دەڵێتەوە

* ئەندامی ستافی كارای رۆژنامەی (چاودێر) و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (رۆژنامەنووس)ە.

* دوو كتێبی چاپكراوی هەیە:

- رۆژنامەی ئەهلی لەباشوری كوردستان– توێژینەوە ٢٠٠٦

- میدیاو دەسەڵات– كۆدیدار ٢٠٠٨

* چوار كتێبی ئامادەی چاپن:

- میدیای كوردی لەنێوان ئێتیك‌و یاسادا– وتارو توێژینەوە

- ئاستەنگەكانی دروستبوونی "دەسەڵاتی چوارەم" لەهەرێمی كوردستاندا– توێژینەوە

- میدیاو ئێتیكی پیشە– نووسین‌و ئامادەكردن

- میتۆدی توێژینەوەی میدیایی– ئامادەكردن